# کورد دوژمنی خۆت بناسه

## بەشی پێنجەم

رەفیق پشدەری

# بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

# پێڕست

بابـــــــەت	لاپـــــــەڕە


ڕونکردنەوەی دەربارەی کتێبی کورد دوژمنی خۆت بناسە... ٨
بۆ هەردوو سەرکردەی کاربەدەست:.......... ٩
پێشدەستی.......................................... ١٧
مەکتەبی سیاسی کۆدەبێتەوە........................ ٣٣
کتێبەکەی مەسعود بارزانی......................... ٥٦
بەشی سێیەم : ١٩٦١ ـ ١٩٧٥........................ ٥٩
کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی...................... ٨٤
بارودۆخی هۆزەکان.................................. ٩٣
مانگرتنی شەشی ئەیلول............................ ١٠٦
ڕۆڵی پۆلیسی کورد.................................. ١٠٩
هەڵایسانی شۆڕش ( ١١ ئەیلولی ١٩٦١)............... ١١٦
کارەساتە مەزنەکەی بارزان......................... ١١٩
جموجووڵ بەرەو بارزان ............................. ١٢٠
وەستانی شەڕ ـ ئامادابوونی شێخ ئەحمەد ............ ١٢٢
پلانی بەدرەدین ـ لێبوردنێك لەعەبدولکەریم قاسمەوە.. ١٢٧
کۆبوونەوەی سیدان ـ جموجووڵ بەرەو هۆزی بەرواری بالا. ١٣٢
بەشی دووەم : زستانی ١٩٦١ ـ ١٩٦٢................. ١٣٩
هەڵوێستی هۆزەکانی دیکە ـ شەڕی زاویتە........... ١٤٠
بەشی سێیەم: سەرەتای دانوستان و پیلانگێڕان.......... ١٤٩

رۆیشتن بەرەو ناوچەکانی بەرواری ژێری, مزوری ژێری, ئاکرێ.. ١٥٣
ڕێکخستنی ئیدارەو سەرپەرشتی سەربازیو حزبی لەبادینان.... ١٥٥
پەیوەندی کردنم بەشۆڕشەوە........................ ١٥٩
هاتنی مەحمود کاوانی بۆ لای بارزانی.............. ١٦٣
بەشی چوارەم: سۆران لە پاش بادینان.............. ١٧٩
بەرەو ناوچەی باڵەك ـ ئابلۆقەی رایات ـ چەند پێکدادانێك .. ١٨١
بەرەو خۆشناوەتی ـ هەڵوێستی پارت ـ هەوڵێکی نوێ.......... ١٩٣
چەند روونکردنەوەیەکی پێویست........................ ٢٠١
گرتنی عولەما ـ بۆ بەڕێز عەلی کەریمی ـ ئەوقاف ـ ڕێزگرتن.. ٢٠٢
بەشی پێنجەم: ١٩٦٢ ساڵی سەرکەوتنە گرنگەکان........ ٢٢٧
هەوڵی دەسەڵات بۆ گرتنەوەی چەند شوێنێك.............. ٢٣٦
عێن زالە ـ ١٩٦١ ـ ١٩٦٢ ـ قەڵادزێ.............. ٢٤٠
بەشی شەشەم: کودەتای ٨ی شوبات.................. ٢٥٠
پارتیو رژێمی نوێ ـ بەیاننامەی ژمارە (١٣)............. ٢٥١
گرووپەکانی گاردی کۆماری ـ هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی...... ٢٥٥
بەشی حەوتەم: رژێمی نوێ داوای گفتوگۆ دەکات........... ٢٥٩
گەیشتنی شاندەکە بۆ رانیە ـ سەردانی حکومی بۆ لای بارزانی....٢٦٠
بەشی هەشتەم: دووبەرەکی ١٩٦٤.......................٢٦٢
کۆنفرانسی ماوەت ـ ناوبژیوانی ـ کۆنگرەـ ڕێکخستن ـ دەست لەکارکێشانەوە..٢٦٧
ڕێککەوتننامەی عەدولسەلام عارفو بارزانی...............٢٨٢
بەشی نۆهەم: رووداوەکانی ساڵی ١٩٦٥..................٣٥٧
گەڕانەوەی ئیبراهیم ئەحمەدو مەکتەبی سیاسی بۆ کوردستان......٣٥٧
بەشی دەهەم: پەیوەندی م.س بەڕژێمەوە.................. ٣٦٦

رۆڵی جاشی ٦٦ ـ بەیاننامەی ٢٩ .................... ٣٦٧

پاراستن ـ سەردانی مسعود ـ چەند هەنگاوێك .......... ٣٧٠

بەشی یانزەهەم: شەڕی ١٩٦٧.............. ٣٩١

بارزانی بەرەو سلێمانی .................... ٣٩١

بەشی دوانزەهەم: کودەتای ١٧و ٣٠ تەموز.......... ٣٩٨

شەڕێکی دیکە ـ شێخ فەرەج ـ کامل زەنگنە ـ علی عباس ئاغا ...... ٤٠٢

بەشی سیانزەهەم: دەست پێکردنی شەڕ............ ٤١١

هەوڵی کودەتایەکی سەربازی.................... ٤٢١

بەشی چواردەهەم: دەست پێکردنی گفتوگۆ............ ٤٢٣

شاندی شۆڕش بەرەو بەغدا دەچێت ـ پەیوەندی دووقۆڵی .. ٤٢٥

بەشی پانزەهەم: رێککەوتننامەی ١١ی ئازار.......... ٤٤٠

پاشکۆی (٤٠) نامەی جەلال تالەبانی.................... ٤٤٩

سەبارەت بەڕووداوی نارنجۆکەکەی قوتابخانەی کچان.... ٤٥٥

بەشی شانزەهەم: کۆنگرەی دووەمی حزب.......... ٤٥٦

بارزانی بڕیاری لێبوردن بۆ جاشی ٦٦ دەردەکات.......... ٤٦٥

پاشکۆی (٣٤) بەیاننامەی هەڵوەشاندنەوەی حزبی ....... ٤٦٨

لەکۆچی دوایی جەمال عەبدولناسردا ................ ٤٧٤

بەشی حەڤدەهەم: هەوڵی خرا پەکاری ـ کڕینی خەڵك.... ٤٩٣

فاخر ـ عوبێدوڵلا ـ شێخ عوسمان شێخ ئەحمەد بارزانی........ ٥٠٠

بەشی هەژدەهەم: ئەو خاڵانەی لەبەیاننامەی ١١ی ئازار.. ٥٠٧

بەشی نۆزدەهەم: دەست پێکردنی شەڕی ١٩٧٤.......... ٥١٠

موشەکی دژەهەوایی و تۆپەکانی ئێران ـ شەڕی وشکانی......... ٥١٠

بەشی بیستەم: پیلانی جەزائیر.................... ٥١٦

بەشی بیست و یەکەم: پەیوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلول....... ٥٤٩

پەیوەندییە کوردستانییەکان ـ چەند نامەیەك .................. ٥٤٩
بەشی بیست و دووەم ـ شۆڕش و دەرەبەگ ........................ ٦٢٦
بەشی بیست و سێیەم: دوارۆژەکانی بارزانی.................... ٦٤٣
ڕۆیشتنی بارزانی بۆ شنۆ دەقی ڕێککەوتننامەی جەزائیر...... ٦٤٥
سەبارەت بەسەرژمێری گشتی لەعیراقدا.......................... ٦٥٣
ڕوونکردنەوەیەك.................................................. ٦٥٩
بۆ بەڕێز بەڕێوەبەری CIA ................................. ٦٧٩

**روونكردنەوەيەك دەربارەی كتێبی (كورد دوژمنی خۆت بناسە)**

بەندەی خزمەتكاری كوردو كوردستان هەتاكو ئێستا چوار كتێبو ناميلكەيەكم بەناونيشانی (كورد دوژمنی خۆت بناسە) بەهەردوو زمانی كوردیو عەرەبی بڵاوكردۆتەوە, وەناوەڕۆكی كتێبەكان گەورەترين بەڵگەن بۆ ئەو ئازادييەی كە لەهەرێمی كوردستاندا بەرقەرارە.

خوێنەری ئازيز: بەشی پێنجەم ئامادەيە بۆ چاپكردن بەهەردوو زمان, بەڵام لەم رۆژەدا بڕيارمدا كەبڵاوی نەكەمەوە لەبەر بارودۆخی ئێستا بۆ ئەوەی هيچ كێشەيەك دروست نەبێت كەدوژمنانی كوردو كوردستان بەهيچ شێوەيەك كەڵكی لێوەرنەگرن.

ئومێدەوارم ئەمەوەڵامێكی گونجاو بێت بۆ سەدان پرسيار كەڕووبەڕووم دەبێتەوە دەربارەی دەرنەچوونی بەشی پێنجەمی كتێبی ناوبراو.

**رەفيق پشدەری**

**نوسەری زنجيرە كتێبی (كورد دوژمنی خۆت بناسە)**

**سلێمانی ١٨/ ١٢/ ٢٠٠٤**

**تێبينی**

رۆژنامەی ئاسۆ, ژمارە (٢٦) سێشەممە ٢١/ ١٢/ ٢٠٠٤, لـ ٤.

رۆژنامەی هاوڵاتی, ژمارە (٢٠٤) چوارشەممە ٢٢/ ١٢/ ٢٠٠٤,لـ ١٨.

## بۆ هەردوو سەرکردەی کاربەدەست:
## مامۆستا جەلال تاڵەبانیو رێزدار مەسعوود بارزانی

سلاّوێکی شۆڕشگێرانه

پیرۆزبایی لەخۆتانو هەردوو ئیدارەی کوردی دەکەم بۆ ئەو سەرکەوتنەی بەدرێژایی ماوەی رابردوو بوو بەمایەی بەرزیی پلەی کورد بەو شێوەیەی کەوای لەئەمەریکای خاوەن گەورەترین دەسەلاّتو هێز لەجیهاندا کرد کەبایەخ بەکوردستان بدات بێئەوەی بایەخ بەدەستکەوتە خۆییەکانی بدات.

کاتێك هەواڵی بانگێشتکردنتانم بۆولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بیست لەپێناو وتوێژکردن دەربارەی نزیکبوونەوەی لێدانی عێراقو رووخاندنی سەدام حسەین سەرکۆماری عێراق، ئەوپەڕی خۆشی دایگرتم بۆ ئەم بایەخ پێدانە. ئەوسا هەمیشە چاومان لەوەبوو ئێزگەیەکی جیهانی، ناوی کوردستان بێنێت، یان بۆ چەند چرکەیەك باسی گەلی کورد بکات.. جا لەمیانەی ئەم پێشکەوتنەی ئەمڕۆ دەیبینین جیاوازییەکی گەورە بەدیدەکەین لەنێوان بارودۆخی ئەوسامان بەبەراورد لەگەڵ ئێستا کەکێشەکەمان بۆتە وێردی سەرزاران لەکۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکاندا.

بێگومانم لەوەی کەزانیارییەکانم، بەبەراورد لەگەڵ ئەو زانیارییانەی لای ئێوەیە دەربارەی بارودۆخی ئێستاو هەڵوێستی

دەوڵەتانی دراوسێو پێگەی سیاسیمان لەجیهاندا، کورت دێنن، بەڵام لەبەرامبەر گرنگیی ئەو هەڵوێستەی ئەزموونی کوردی پێیدا تێدەپەڕێت هەست بەبەرپرسیاریەتی دەکەم کەئەمەش هانیدام ئەم نامە کراوەیەتان بۆ بنووسم.

**سەرۆکە بەرێزەکان**

گەورەیی بەرپرسیاریەتیتانو گرنگیی بارەکە ناچارتان دەکات لەبەرامبەر خوای گەورەو ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەڵێن بدەن کەهەموو توانایەکی لێهاتوویی سیاسی بخەنەگەڕ، لەو رووەوە لەئینگلیزو عەجەمان بلیمەتترین بۆ رزگارکردنی گەلی کورد. گومان لەوەدا نییە کەسیاسەتی دەرەوەتان سەرکەوتوو بووەو پێویست بەبەڵگە هێنانەوە ناکات هەرچەند نووسینەکانی دووتوێی کتێبەکانی منتان بەدڵ نییە، بەڵام تەواو لەوباوەڕەدام کەسەرکەوتنتان لەم ئەزموونەداوا لەخەڵکی کوردستان دەکات لەهەردوو بەشەکەدا، کتێبەکانم بسووتێنن، بەڵام خوانەخواستە، ئەگەر شکستتان خوارد ئەوە هەردوو دنیاتان لەدەستداوەو ئەوسا ئەوخاکەی بەسەریشیدا دەڕۆن نەفرەتتان لێدەکات، خێزانی شەهیدەکانو پیرو جوانی گەل، سەرزەنشتتان دەکەنو لەئەنجامدا هەموو حزبە عەلمانییەکانو ئیسلامییەکانی کوردستان کەدەستیان لەم مەسەلەیەدا هەیە، لەگەڵ خۆتاندا نغرۆ دەکەن، چونکە ئەوەی بەسەر شای ئێراندا هات، بەسەر ئێوەشدا دێت. چونکە کاتێك خاك تووڕە دەبێتو خەشمو قینی هەڵدەستێت

کەس رزگارتان ناکات لەدەستی، نە سوپا نە دۆستی نزیك بەفریاتان ناکەوێت.

جا بەرێزان:دیمەنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتێکشکاوی‌و دۆڕاوی بێننە بەرچاوتان کە (لەسایەی ئێوەدا) دووبارە دەکەونەوە بەردەستی دوژمنە شۆڤێنیستەکان لەعەرەب‌و عەجەم‌و تورك..........بەرێزان

لەوانەیە ئاگاداری بارودۆخی خەڵکی نەبن، ئەمرۆ خەڵك زۆر بەترسەوە ڕووداوەکانی جیهان‌و ئەوانەی پەیوەندران بەکوردستانەوە، هەڵدەسەنگێنن‌و گرەو لەسەر تێکشکان دەکەن، ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆر گرنگ ئەویش ڕێکنەکەوتنی ئێوەیە هەرچەندە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەردوولاتان هەمیشە بەباشە باسی ئەو دیدارانەی گەورە ئەندامانی حزبەکانتان دەکەن کەژمارەی دیدارەکان لەهەشتا جار تێپەڕیوە، ئەمە لەکاتێکدا واقیع، پێچەوانەی ئەم گەشبینییە دەسەلمێنێت.

پێ‌بەپێی بلاوبوونەوەی هەواڵی هێرشی ئەمریکی بۆ سەر عێراق لەدەزگاکانی ڕاگەیاندندا، دەبینین حزبە کوردستانییەکان هێشتا سەرگەرمی دیدارو چاوپێکەوتنن، تەنانەت ڕێککەوتنی پارتی لەگەڵ هەندێك حزبی سیاسیدا هێشتا قسەی سەرکاغەزەو لەچەند بانگێشتێکی نانخواردن‌و چەند دانیشتنێکی زارەکی تێنەپەڕیوە چونکە بەدەنگەوەچوون بۆ ڕێککەوتن، یەکلایەنەیە.

دوو کێشەی سەرەکی لەبەردەم بەرێزتاندایە، یەکەمیان: گەیشتن بەرێککەوتنێکی هەمیشەیی کەمەبەستی یەکگرتنە لەنزیکترین هەلدا، دووەمیان: رازیکردنی گەل‌و دروستکردنی پردی لێك گەیشتن لەگەڵیدا. جا بەربەستێکی گەورە هەیە لەنێوان بەرێزتان‌و خەڵکی کوردستاندا،وابزانم ئەوەش لەرێککەوتنی ناو خۆتان ئەستەمترە، ئەوەی ئەم بەربەستانەشی دروستکردوە نەمانی بڕوایە لەنێوان سێ لایەندا: ئێوەو ئەندامانی هەردوو حزبتان، لەگەڵ لایەنی سێیەم کەئەویش گەلە. پێغەمبەری خوا (د.خ) کاتێك لەرێککەوتنامەی حودەیبییەدا تەنازولی بۆ سەرانی قورەیش کرد، یاوەرەکانی سەرزەنشتیان کرد، بەڵام ئەو هەنگاوە دەروازەی سەرکەوتنی موسڵمانەکان بوو بۆ داگیرکردنی مەککە.

**بەرێز مام جەلال:**

بێگومان بەرێزتان بەهۆی سەردانیکردنت بۆ لای بەڕێز مەسعوود بارزانی، گلەیی زۆرت لەلایەن ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و دۆستانتەوە هاتەسەر، ئەی بۆچی بەسەر ئەو هەستەدا زاڵ نابیت‌و سەردانەکت دووبارە ناکەیتەوە؟!

دەربارەی تۆش بەڕێز مەسعوود بارزانی:خەڵك باسی لەخۆبایی بوون‌و خۆبەزلزانینتان‌و بەبچووك سەیرکردنی هەموو خەڵك دەکەن لەلایەن بەڕێزتانەوە، خوای گەورەش نەهی لەم سیفەتانە کردووە، جا ئەگەروا نەبێت ئەوە وا قیع وا ناڵێت. ئێوە لەپێناو بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی‌و بەهێزکردنی لایەنەکەتان‌و

بێهێزکردنی لایەنی بەرامبەر، هەمیشە ئامادەبوون سەد جار لەگەڵ دوژمنانی کورد دانیشن، باشە بۆچی ئەو رق‌و کینەیەی ناو دەروونتان بەرامبەر بەگەل ناسڕنەوە تا ئاشتی‌و تەبایی بێتەدی‌و لەئەنجامدا یەکگرتنی لێبکەوێتەوە...بێگومان ئێوە، دوای رزگارکردنی کوردستان کەگەڕانەوە بۆ کوردستان ئەو هەموو خەڵکەتان لەگەڵدا نەبوو کەئێستا گوێ لەمشتانن، سامانێکی‌واشتان پێنەبوو، بەڵام ئەوەی ئێستا لەبەردەستاندایە، هیچ نییە لەچاو ئەوەی لەبەردەستی میرەکانی کەنداودایەو بایی ئەوەش نییە هێرشێك بۆ سەر کوردستان بشکێنێت بەڵام بۆ کورد زۆرە، کەواتە لاف بەچییەوە لێدەدەن.

کەواتە بەڕێزان: ئەگەر هەستی نیشتمانی‌و بەزەیی هاتنەوە بەخەڵکدا کاریگەری نەبێت بۆ پەلەکردن لەیەکگرتن‌و رێککەوتن، دەبا یەکەم بۆ خوا بێت ئنجا بۆپارێزگاریکردنی دەورەکەتان.

تۆبڵێی ئەگەر ئەمڕۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد لەکوردستاندا ئەنجام بدرێت، ئایا ئێوە زۆرینەی دەنگەکان بەدەستدێنن؟ بڕواناکەم.. کەواتە بەچەپڵەی جەماوەر لەبۆنەکاندا هەڵمەخەڵەتێن، ئەوە پڕوپاگەندەیە کەخەڵکی چەواشەکار، بۆ رازیکردنی ئێوە دەیسازێنن‌و لەواقیعەوە دوورە...لایەنگری بەزەبری هێزو هەڕەشە تا سەر نییە، بڕواش ناکەم هەست بە چەرمەسەری گەلی کورد بکەن لەئەنجامی ئەم ناتەبایی‌و نائارامییە..کەواتە بۆچی بیر لەوە ناکەنەوە گەل لەهەنگاوەکانتاندا بەشداربکەن، چونکە تەنها گەل

پاڵپشتتانە بۆ پتەوکردنی دەسەڵات، بۆ نموونە لەدوای ڕاگەیاندنی جەنگ دژی ئەڵمانیا، ئەندامانی حکومەتی بەریتانیا، داوایان لەونستۆن چەرچڵ کرد وەزارەتێکی نوێ پێکبێنن، چەرچڵ ئەمەی ڕەتکردەوە بەڵام یەك مەرجی بۆ جێبەجێکردنی داواکە دانا ئەویش ئەوەیە کەهەموو ئەندامانی حکومەتو لایەنە حزبەییەکانو جەماوەر بەشداربن، ئنجا بەکردەوە سەرۆك وەزیرانی پێشوو وەك وەزیر لەوەزارەتی نوێدا دامەزراند ئیتر جەماوەر بەکوتەكو دارەوە ڕژانە شەقامەکان بۆ پشتگیرکردنی چەرچڵ.. کەواتە بەڕێزان، هەتا کار لەکارنەترازاوە بیر بکەنەوە.

**بەڕێز مەسعوود بارزانی:**

لە ١٣/ ٣/ ١٩٩١ کاتێك لەماڵی عزەت بەگ چاوم پێت کەوت نزیکەی ٣هەزار کەس لەبەر باران بەپەرۆشەوە چاوەڕێی دەرکەوتنتان بوون تا بۆ چەند ساتێك بتانبینن.. باشە تۆبڵێی ئێستا هەمان جەماوەرو هەمان پشتگیریتان هەبێت ؟! کەواتە بۆچی بەخۆتاندا ناچنەوەو بەخۆتان لەو ڕاستییە ناکۆڵنەوە تا بزانن خەڵك هەست بەچی دەکەنو داوای چی دەکەن! تکام وایە وەکو ئەوسا دڵی خەڵك نەك جەستەیان، بەلای خۆتاندا ڕابکێشنەوە!

**بەڕێزان هەردوو سەرکردەی کورد**

ڕۆژگارو تاقیکردنەوەکان ئێوەی قاڵکردووەو پێویستیتان بەئامۆژگاری نەماوە، بەڵام خوای گەورە فەرمانی پێمان کردووە

راویژ بکەین منیش ئەگەر لەو بڕوایەدا نەبم کەدەستوپێوەندو پاسەوانەکانتان دیوارێکیان بەبیانووی پاراستنتان دروستکردووەو تەنها هەواڵەکان لەم‌و لەو دەبیستن، ئەوە بەم نامەیە قسەم لەگەڵتاندا نەدەکرد.

تێکشکاندنی ئاواتی دەوڵەتانی دراوسێ‌و بەزینی حزب‌و لایەنە نەیارەکانی ئیدارەی کوردی تەنهاوتەنها لەڕێی یەکخستنی ریزەکان دەبێت، ئەوەش لەڕێی نیازپاکی‌و راستگۆیی‌و رێگەنەدان بەئیدارەی ئەمریکی کەقسەی خۆی بەسەرتاندا زاڵ بکات‌و ناچارتان بکات لەبەرچاوی جیهان وەك برای تەبا دەرکەون.

با دیدارەکانتان راستگۆبێت نەك مادەیەکی ئیعلامی، بریا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و لیژنەی مەرکەزیتان پێکەوە بەهەموو کۆمیتەو بارەگا حزبەییەکاندا دەگێڕا بەتایبەتی بۆ بارەگای حزبە نەیارەکانی وەکو پارتی پارێزگاران‌و بنەماڵەی خدر ئاغای سورچی کە لەئەنجامی شەڕی ناوخۆ چەرمەسەرییان بەسەرهات.

تکام ئەوەیە هەرچی زووترە تەنسیق بکەن بۆ یەکگرتن بۆ پێکهێنانی پتەوترین هێز لەکوردستاندا کەهەموان سڵی لێدەکەن، ئنجا دوژمن لەپێش دۆست ناچاربکەن حساب بۆ ئیدارەی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان بکات‌و ستافی ئەو ئیدارەیە، مێژوو لەتۆماری قارەمان‌و مەزناندا رێزیان بکات.

لەکۆتاییشدا، ئەگەر رێگەم بدەن رووداوێك بەنموونە دێنمەوە کە لەمێژوودا روویداوە هیوادارم ئێوە بگرێتەوە:

لەسەردەمی پاشایەتیدا، بەڕێوەبەری ناحیەی دەربەندیخان دەرەبەگێکی بانگ کردبوو تا چیتر خۆی بەسەر خەڵکدا نەسەپێنێت‌و دەست بەسەر زەوی‌وزارەکانیاندا نەگرێت. دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ بەرێوەبەری ناحیە فەرمانیدا کەدەرەبەگەکە زیندانی بکرێت، ئەویش بەو هێزو دەسەڵاتەی کەهەیبوو ویستبووی بەرامبەری بوەستێت‌و زیاد لەوەش رێگە نەدرێت فەرمانەکە جێبەجێبکرێت، بەڕێوەبەری ناحیە گوتبووی: دەی من چ زەرەرێك دەکەم کەتۆ فەرمان جێبەجێ ناکەیت‌و ناچیتە زیندانەوە،وا دەزانیت بۆ من دەچیتە زیندانەوە! من هەموو مەبەستێکم بەدیهێنانی دادپەروەرییە!

بەجێبەجێکردنی ئەوەی دەیخوازم‌و گەلی کوردستان بەهیوایەتی، پێش هەموو شتێك خزمەتکردنە بەبەرژەوەندیی خۆتان، کەواتە بەڕێزان، هەتا کار لەکار نەترازاوە باش بیر لەمەسەلەکە بکەنەوەو رەنجەکەمان بەفیڕۆ مەدەن.

خوایە ئەتۆ شایەدی حاڵیت .. ئەوە من ئاگادارم کردن

بژی کورد.. بژی کوردستان

رەفیق پشدەری

خزمەتکاری کوردو کوردستان

مانگی ئابی / ٢٠٠٢

## پێشدەستی

خۆشی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا کاتێك لەڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە, هەواڵی گەشتەکەی مام جەلال بۆ تورکیاو ئەوروپاو ئەمریکا بڵاوکرایەوە, گوایە ئاواتی کوردان لەڕێی ڕێککەوتنی ستراتیجیی نێوان مام جەلالو مەسعوود بارزانی هاتۆتەدیو, ڕێککەوتنەکە لەئەنجامی گوشاری ئەمریکابوو, ئینجا خۆشییەکە بەم نێوانە بەهێزە گەورەتربوو کە بەهۆیەوە کورد بەئاواتی خۆی بگات. بەتەماشبووم دڵی ئەوانە بدەمەوە کە لەبەشەکانی تری کتێبەکەمدا بەخراپ باسم کردبوونو چیتر لەسەریان نەنووسمو لەریزی ئەوانەیان دانێم کە بەدڵ هەوڵ بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد دەدەن وەك ویژدانیان زیندوو بووبێتەوە, ئینجا نیازپاکی خۆم ڕاگەیەنم کەهەموو مەبەستێکم دەرخستنی ڕاستییە بۆ هەموو خەڵك.

لەبەشەکانی کتێبەکەمدا بەدوورودرێژی باسی ماندووبوونی خۆمم بەدرێژایی ژیانم کردووە کەهەر هەلێکم بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی لەکوردستاندا بۆ هەڵکەوتبێ لەڕێی ئاشتکردنەوەی هەردوو حزبی گەورەی کوردستان لەدەستم نەداوە. هەرچەندە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کۆچی دوایی کردووە بەڵام بەڕێزان مام جەلالو مەسعوود بارزانی ناتوانن نکووڵی لەرۆڵی من بکەن لەهەموو هەنگاوەکانی ئاشتکردنەوە کەناومن هەرچەندە ئەوان ناوی منیان لەو رووەوە نەهێناوە بەتایبەتی لەئاشتکردنەوەی

دوایـــی (١٩٨٦) کەســـکرتێری پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان“ مامۆســـتا عـــەلی عەبـــدوڵڵا لەبارەیـــەوە گوتبـــووی کـــەدەزگاکانی راگەیانـدن وایـان بڵاوکـردەوە گوایـە ئـەو ئاشـتکردنەوەیە بـەهۆی بـەڕێز عـەلی خامەنەئییـەوە جێبـەجێکرا بـەڵام لەڕاسـتیدا رەفیـق پـــشدەری بەهـــەوڵی بـــەردەوامو تێکۆشـــانی، لەپـــشت ئـــەو ئاشتکردنەوەیەوە بوو.

دوای جەولەیـــەکی دیپلۆماســـیی مێـــژوویی و ســـەرکەوتوو کەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەوروپاو تورکیای گرتـەوە، سعات نـۆی سـەرلەبەیانی ٧/ ٩/ ٢٠٠٢ بـەڕێز مـام جـەلال لـەڕێی شاری زاخـۆوە گەڕایـەوە بـۆ کوردسـتان. لەسـەر سـنوور، وەفدێکی هاوبـەش لەهـەردوو مەکتـەبی سیاسـیی یـەکێتیی نیـشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانو ژمارەیـەك لەبەرپرسـی حزبـی و ئیـداریو سـەربازی لەهـەردوو حزبـدا پێشوازییان لێکـرد کـەپێکهاتبوون لەبـەڕێزان: عومـەری سـەید عـەلی، ئەرسـەلان بـایز، عمـــاد ئەحمـــەد، ســـەعدی ئەحمـــەد پـــیرەو ئاراســـی شـــێخ جـەنگی. وەفـدی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانیش پێکهـاتبوو لەبـەڕێزان: فـازل میرانـی، هۆشـیار زێبـاری، برووسـك نـووری شـاوەیس، سـەرۆکی زانکـۆی دهـۆكو لێپرسـراوانی هـەردوو لقـی پـارتی لـەدهۆكو زاخـۆ، بابـەك زێبـاری، دکتـۆر شـەوکەت، عـزەدین بەرواریو قائمقامی زاخۆ.

سعات دووی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، مام جەلال لەنزیك شارۆچکەی شەقلاوە، بەگەرمی لەلایەن بەڕێز مەسعوود بارزانی ـ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و وەفدێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی کەپێکهاتبوون لەبەڕێزان: جەوهەر نامیق سالم، دکتۆر ڕۆژ نووری شاوەیس، مەسرور بارزانی، ئازاد بەرواری، فەلەکەدین کاکەیی، ڕەمزی شەعبان، مەسعود سالەیی‌و ژمارەیەك بەرپرسی حزبی‌و سەربازی، پێشوازی لێکرا.

پاشان بەڕێزیان، زۆر بەگەرمی لەلایەن بەڕێز نێچیر بارزانییەوە لەبارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی لەهاوینەهەواری سەلاحەدین پێشوازی لێکرا. دوای نانی نیوەڕۆش، بەڕێزان مام جەلال‌و مەسعوود بارزانی کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی جەولە سەرکەتووە دیبلۆماسییەکەی مام جەلال بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەورووپاو تورکیا. لەو کۆبوونەوەیەدا، جگە لەپەیوەندییەکانی نێوان هەردوولاو هاوکاریی هاوبەشی نێوان هەردوولا لەپێناو چەسپاندنی پرۆسەی ئاشتی لەکوردستاندا، باسی عێراق‌و بارودۆخی کوردستانیشیان کرد.

**لەکۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی مێژووییدا کە لەهاوینەهەواری سەلاحەدین بەسترا.**

***مام جەلال: بەسەر هەموو کۆسپ‌و تەگەرەکانی بەر ڕێگەی چەسپاندنی ئاشتی زاڵبووین.***

مەسعوود بارزانی: ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژووییەو مام جەلال بەسەردانەکەی خۆشحاڵی کردین.

بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی جەختدەکەن لەسەر یەکخستنی نێوماڵی کوردو گوتاری سیاسیی کوردی.

مام جەلال: زۆر هەوڵدەدەین شانبەشانی حزب و ڕێکخراوەکانی تر لە پێناو گەیاندنی گەلەکەمان بەئاواتە گەورەکانی.

مەسعوود بارزانی: هیوادارین لەماوەی مانگێکدا ئەم هەنگاوانە بێنینەدی و ئە نجامەکانی دەرکەوێت.

دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکەو دەرکردنی ڕاگەیاندێکی هاوبەشی ڕۆژنامەوانیی، بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعوود لەکۆنگرەیەکی هاوبەشی ڕۆژنامەوانیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دوان.

سەرەتا بەڕێز مەسعوود بارزانی ووتی: (هەنگاوی چاك و کردارەکیمان بۆ چەسپاندنی ئاشتیی سەرتاسەری ناوە، هەموو ئەو کۆسپ وتەگەرانەی تا ئێستا هەبوون بنەبڕکراون، هیواداریشین گەلی کورد بەو زوانە ئە نجامەکان ببینێ، ئیمڕۆ ڕۆژێکی مێژووییەو من بەش بەحاڵی خۆم زۆر خۆشحاڵم بەئە نجامەکانی دانیشتنەکانمان و زۆر بەگەرمیش بەخێرهاتنی مام جەلال دەکەین و زۆر سوپاسیشی دەکەین).

پاشان بەڕێز مام جەلال ووتی: (منیش بەش بەحاڵی خۆم ئەو سەردانەی کەبۆ برای بەڕێزو خۆشەویستمان جەنابی کاك مەسعود بارزانی و هەڤاڵەکانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کردمان، بەسەردانێکی مێژوویی گرنگی دەزانم و پێم وایە یەکێکە لەکارە هەرە باشەکانمان، وەکو کاك مەسعودیش فەرمووی منیش هاوبیرو هاوڕەئی ئەوم کەلەم کۆبوونەوانەدا بەئە نجامی زۆر باش گەیشتین و پێم وایە هەموو

ئـەو گیروگرفتانـەی لەڕێگـەی پێکاهتنـەوەو چەسـپاندنـی ئاشـتی بـوون, وە پێکهاتنێکی گرنگ لەبەینماندا بێت, لامان بـردن وە توانیمـان لەسـەر هـەموو گیروگرفتـەکان, لەهـەموو شـتەکانی نـاوخۆیی و دەرەوەو نـاوەوە یـەك هەڵوێستین, هەروەکو ئەویش فەرمووی هیوادارم لەوەختێکی نزیکدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەموو حزب و ڕێکخراوو جەماوەری کوردستان ئە نجامی ئەم کۆبوونەوە مێژووییە ببینن و بزانن کەدڵنیا بن کە ئینشائەڵلا کوردماڵی خۆی یەکخستووەتەوە, هـاودەنگ و هـاوبیر پێکـەوە خـەبات دەکـەین و هەوڵـدەدەین شانبەشـانی ڕێکخـراوو حزبـەکانی تـر گەلەکـەمان بـەرەو ئاما نجـە سەرەکییەکانی بەرین.

لەمیانەی پرسیار دەربارەی وردەکارییەکانی وتووێژەکان و میکـانیزمی چارەسـەرکردنی کێشەکان, بـەڕێز مـام جـەلال ووتـی: ( میکانیزممـان دانـاوەو کۆمیتەی جیاجیامان دروستکردووە, ئێستا خۆتـان بەلاغی موشتەرەك دەبینن, کۆمیتـەی جیاجیامـان دروسـتکردووە بـۆ چارەسـەرکردنی هـەموو ئـەو شـتانەی کەماوە, بەڵام بەگشتی کە قسەمان لێکردووە دەتـوانم بڵـێم ختـوتی عامیمـان داناوە, ئەم کۆمیتانەش ئیشی ئـەوە دەبێت وردەکارییەکـە جێبـەجێ بکـات و سیاغەی ئەو شتانە بکات و ماوەشمـان بـۆ دانـاوە بـۆ ئـەوەی ئەوانـە جێبـەجێ بکرێن).

ئینجا لەمیانەی وەڵامدانەوەی پرسیارێك دەربارەی ئامادەکارییـەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستـان و پارتـی دیموکراتـی کوردستان بۆ کۆبوونـەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی, مام جەلال ووتـی: ( پارتـی و یەکێتیی دوو هێزی سەرەکی ئۆپۆسـیۆنی عێـراقین, وە بەراسـتی بـەبێ خـۆ هەڵکێشـان دوو هێـزی نیمـچە ڕێنوێن و نیمچە ڕێبەری ئەو کۆبوونەوانەن, وە لەو کۆبوونەوانەدا هـەردووکیان

*هەڵوێستیان یەکە , دەنگیان یەکەو دەوری کاریگەیان هەیە لەبەڕێوەبەردن و داڕشتنی بڕیارەکاندا ).*

*ئینجا مەسعود بارزانی لەکۆتاییدا ووتی: ( پشتگیری لەقسەکانی مام جەلال دەکەم, لەڕاستیدا لیژنەی باڵای ئاشتی ڕۆڵی زۆر کاریگەری بینەوەو سوپاسی دەکەین, ئەم سەرکەوتنەش کەهاتۆتەدی بەری رەنجی ئەو لیژنەیە , لەوانەیە زۆر کەس وابزانن کەزۆر لەکۆبوونەوەکانی ئەنجامیان نەبووە بەڵام ئەم سەرکەوتنەی ئێستا بەری کۆبوونەوەکانە .*

**********

بەڵام بەلای منەوە, وا دەزانم چەند پرسیارێك بەمێشکی مرۆڤدا دێت لەوانە: چی پاڵی بەبنەماڵەی بارزانییەوە نا بەم شێوەیە پێشوازی لەمام جەلال بکەن کەلەوەوپێش روویندادوە, کاك مەسعود بارزانی بەخۆی چوو بۆ شەقلاوە بۆ بەرەوپیری مام جەلال, ئینجا بەفەرمانی کاك مەسعود بارزانی زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی زۆر بەگەرمی پێشوازییان لەمام جەلال کرد, تەنانەت کاك نێچیرڤان بارزانی بەخۆی لەپێشەوەی پێشوازیکەران بوو, ئەمەش شتێکە هەرگیز بەبیری کەسدا نەهاتووە, تەنانەت کاك مەسعود لەبەردەم ئاپۆرەی پێشوازیکەراندا ووتی: (ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژوییەو مام جەلال بەم سەردانەی زۆر خۆشحاڵی کردین).

کاك مەسعود لەبارودۆخێکی سیاسیی شڕدابوو, سەردانەکەی مام جەلالیش بۆ ئەمریکا ترسێکی گەورەی خستە دڵیەوە کەبەڕەکەی لەژێر پێ دەربکرێت و مام جەلال و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەست بەسەر هەموو کوردستاندا بگرن.

ئەمریكاش خۆی لەهەموو كەس باشتر ئاگاداری هەڵوێستەكانی بارزانییە كەدواینەكەیان رووداوی (٣١/ ئاب/ ١٩٩٦)ـە كاتێك هێزەكانی بارزانی پێش سوپای عێراق كەوتبوون بۆ شاری هەولێری پایتەختی كوردستان بەفەرمانـدەیی قوصەی صدام حسەین و حورمەتی بارەگای پەرلەمانی كوردستانیان گلاوكرد كەقیبلەی هەموو مرۆڤێكی بەشەرەف و ئازادیخواز بووە كەپەند لەدەرسەكانی مێژوو وەردەگرێت. جا ئەم خیانەتە بەسوێیە, ورەی گەلی كوردستانی رووخاند.. ئەدی, چونكە باوك خیانەتی لەمنداڵەكانی كرد.

لەهەمانكاتدا پەیوندییەكانی بنەماڵەی بارزانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ وەكو ئێران و توركیاو سووریا, بێ عەیب بوو, چونكە بەناو خەباتی ئەم بنەماڵەیە بەهیچ شێوەیەك زیان لەبەرژەوەندیی وڵاتانی دراوسێ نادات. ئەو سیاسەتەی كەتەنها سوودی بەبەرژەوەندیی كەسێتی ئەوانی دەگەیاند كەئەویش مانەوەیە لەسەر كورسی دەسەڵات و دەستگرتن بەسەر هەرچی بەنرخە, ئەمەریكاش لەو رووەوە شانی لەشانیان نەدەدا هەر بۆیە ئەمریكا دەبوایە سنوور بۆ دەسەڵاتیان دانێت و لەبەر رێگەكەدا لایانبات. جا لەپێناو ئەمەدا سەیریانكرد هاوكاریكردن لەگەڵ جەلال تاڵەبانی چاكترین رێگەی پاراستنی بەرژەوەندیی ئەمریكایە, واتە پەیوەندییان لەگەڵ مام جەلالدا هەر بۆ ئەوە بووە تا خۆیان لەتووڕەیی وڵاتانی ناوچەكە بپارێزن و سنوورەكانی كوردستان

وەكـو پەنجەرەيـەك بـۆ سـەر جيهـانى دەرەوە بـەكاربێنن لـەپێناو گەياندنى دەنگى گەلى كوردستان بەهەموو لايەكدا.

لەسەر ئەم بنەمايە ئەمريكا بڕياريدا بوو مامەڵەى لەگەڵ گەلى كوردسـتاندا لـەڕێى مـام جەلالـەوە بێـت لـەپێناو رووخانـدنى رژێمەكەى صدام حسەين‌و حزبە فاشييەكەى كەحزبى بەعس بوو.

ئەمە لەكاتێكدا دواى راپەرينى مەزنى گەلى كوردستان لەبەهارى سـاڵى ١٩٩١و دواى رووداوەكـانى سـاڵى ١٩٩٦، لەئـەنجامى پـشتگيريى سـەربازى لەلايـەن حكومـەتى عێراقـى‌و جەنەڕاڵـەكانى توركياوە، بارودۆخى مەيدانى لەبەرژەوەنديى بنەماڵەى بارزانيدا شكايەوەو لەئەنجامدا بنەماڵـەى بـارزانى بـووە خـاوەن دەسـەڵاتى بـالاّ بەسـەر زۆربـەى خـاكى كوردسـتاندا هـەروەها بـووە خـاوەنى پشتيوانييەكى بەهێزى دارايى.

لەبەر رۆشنايى ئەو راستييانەى سەرەوە، دادپەروەريى خوايى، لەقاوغـدانى دەسـەڵاتى بنەماڵـەى بـارزانى دەسـەپێنێت، زيـاتر لەمەش كۆتايى هێنان بەم دەسەڵاتە دەسەپێنێت ئەوەش لـەپێناو چـيتر بەداروبـەرد نـەدانى چارەنووسـى گـەلى كـورد كـەزياتر لەسـەدەيەكە لـەپێناو بەدەستهێنانى ئازادى خەبات دەكات. بەڵام سـووربوونى مـام جـەلال زۆر گـەورەبوو بـۆ گـۆڕينى راى ئەمريكييـەكان سـەبارەت بەدوورخـستنەوەى بنەماڵـەى بـارزانى لەگۆڕەپانى سياسى. كەواتە نەخشەدانان بۆ لـەناوبردنى حوكمى زۆردارى صدام حسەين، لەگەڵ كۆتاييهێنانى دەسەڵاتى بنەماڵەى

بـارزانی ڕێکنایەتـەوە, بـەڵکو لەوانەیـە گێروگرفتـی زۆر بـۆ گـەلی کوردسـتان دروسـت بکـات. ئینجـا مـام جـەلال بـەقایلیی تـەواوەوە هەوڵیـدا جـەخت لەسـەر هەڵوێـستی ئیجـابیی بنەماڵـەی بـارزانی بکـات لــەدواڕۆژدا کــەڕۆڵی بنــەڕەتییان دەبێــت لــەڕزگارکردنی عێراقـدا. لەهــەموو ئەمانــەش گــرنگتر, مــام جــەلال بەتــەواوی کەفالـەتیکردن و داوایکـرد چاوپۆشـی لـەکردەوەکانی رابردوویـان بکرێـت یـان لـەو هەواڵـە خراپانـەی کـەدەربارەیان بـاس دەکرێـت و داواشیکرد جارێکی تر بواریان بدرێتـێ تا جیهان بۆی دەربکەوێت زۆر بـەرەو باشـتر گـۆڕاون, یەکـەم بـۆ خزمـەتی گـەلی کوردسـتان, دووەمـیش بـۆ بەرژەوەنـدی دەوڵـەتانی هاوپـەیمان کەپـشتگیریی کێشەی گەلەکەمان دەکەن و, سێیەمیش بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا.

کەواتـە هـۆی سـەرەکی کـەوایکرد ئـەمریکا سیاسـەتی خـۆی بەرامبەر بنەماڵەی بارزانی بگۆڕێت ئەوەبوو کە بەدرێـژایی سالانی رابـردوو" مـام جـەلال کـەدوژمنی خوێنـەخۆریان بـووەو ئـەوانیش دووبەرامبـەر دوژمنایـەتییان دەکـرد, کەچـی دەبیـنن ئـا لـەم هەلـە زێڕینـەی کـەبۆی هەڵکـەوتووە بەهـەموو توانایەکیـەوە هەوڵـدەدات لەدەوری مێـزی دیاریکردنی چارەنووسـی گـەلی کوردسـتان جێیـان بکاتەوە. ئەمە هۆی سـەرەکی بـوو کـەوای لەبنەماڵـەی بـارزانی کـرد بـڕوای تـەواو بـەمام جـەلال بکـەن لـەبارەی هەوڵـدانی بۆچاککردنی بنەماڵەکــەیان و رایانکێــشێتەوە نــاو کەناڵــەکانی سیاســەتی پاشەڕۆژی عێراقەوە.

## توركیا

سەبارەت بەهەڵوێستی حکومەتی تورکیا دەربارەی بنەماڵەی بارزانی, ئەوە هەڵوێستی دۆستو هاوپەیمانی هەمیشەیی بووە, چونکە دوای ئەو هەموو یارمەتییانەی کەجەنەراڵەکانی تورکیا پێشکەشی بنەماڵەی بارزانییان کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کەئەگەر هاوکاریی سوپای تورك بەتانكو زرێپۆشو هێزی ئاسمانییەوە نەبوایە ئەوە پارتی کرێکارانی کوردستان زۆربەی ناوچەکانی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانیی کۆنترۆڵ دەکرد. ئینجا جارێکی تریش هێزی سەربازیی تورکیا پشتگیریی بنەماڵەی کرد لەشەڕی دژی هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەئەگەر دەستێوەردانی تورکیا نەبوایە ئەوە هێزەکانی بنەماڵەی بارزانی, بەدەست هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە شپرزە دەبوون. بەڵام ئێمە دەزانین کە لەکۆتاییدا مام جەلال چوو بۆ تورکیا بۆ دیدەنیی سەرکردە تورکەکانو بەپێچەوانەی ئەوەی لەسەری رێککەوتبوون پاساوی بۆ هەڵوێستی دوژمنکارانەی بنەماڵەی بارزانی لەدژی تورك هێنایەوە کەئەمەش بوو بەمایەی ئەوەی تورکەکان لەئەمریکییەکان زیاتر رق بەرامبەر بنەماڵەی بارزانی خۆشبکەنو دەستیانکرد بەتاوتوێکردنی چۆنێتی کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتیانو دوورخستنەوەیان بەیەکجاری لەگۆڕەپانی سیاسی.

مام جەلال پەیمانی بەتورکەکان دا بۆ گۆڕانی ریشەیی بنەماڵەی بـارزانی و کەفالـەتی ئەوەیـشی کـردن کەپـشتگیری سیاسـەتی ئەمریکان بۆ رووخاندنی رژێمی عێراقی و رێککەوتنی مەبدەئییان لەگـەڵ هێـزە کوردسـتانییەکانی عێـراق کەئاشـتی بـۆ ناوچـەکە بگەڕێتەوە بێئەوەی زیان بەتورکیا بگات.

ئـەم هەڵوێـستە سـەیرەی مـام جـەلال، جەنەراڵـەکانی تورکیـای حەپەسـاندو سـەریان لـەداکۆکیکردنی مـام جـەلال سـووڕما لەبنەماڵەی بارزانی دوای ئەو هەموو رووداوانە، کەئەمەش پاڵی بەحکومـەتی تورکیـاوە نـا کەهەڵوێـستی خـۆی بگۆڕێـت و بەپەیمانـدانی مـام جـەلال قایـل بێـت دەربـارەی هەڵدانـەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی و بڕواپێکردنیان.

خوێنـەری خۆشەویـست: مێـژوو شـایەدی ئـەم گوتانەمـە، جـا هەڵوێستی بنەماڵەی بارزانی لەگەل دۆست و دوژمنـدا مەسـەلەیەکە شایەنی هەڵسەنگاندنە چونکە لۆجیکی نییە، دەبینن جموجووڵیان ئەوسـاو ئێـستاش هـەر لـەپێناو بەرژەوەنـدیی کەسـیەتیدا بـووە بەپلەی یەکەم. بۆ نموونە ساڵی ١٩٦٣، مستەفا بارزانی پێشوازیی لەمـەحموود عەبـدولڕەزاق کـرد کەئـەو کاتـە پارێزگـاری شـاری سلێمانی بوو، ئەوەبوو بارزانی رەخنەی زۆر توندی لێگیرا بەهۆی ئەم گەورەکردنە نابەجێیە بۆ ناوبراو کەرەخنەکە لەو رووەوەبوو کەسـەرکردەی گـەلی کـورد" نابێـت ئەوەنـدە خـۆی بەکـەم بگرێـت و رێگایـەکی زۆر دوور ببڕێـت بـۆ پێـشوازیکردنی پارێزگـاری

سلێمانی, بەڵکو دەبوایە ڕێزی پلەوپایەی بەرزی خۆی بگرتایە کەنوێنەرایەتیی گەلی کورد دەکات. بەڵام نەگبەتییەکە لەوەڵامەکەی بارزانیدابوو بەرامبەر ئەو ڕەخنەیە کەگوتبووی ئەگەر پۆلیسێکی عەرەبیش بوایە ئەوە بەهەمان ڕێزلێنان پێشوازیم دەکرد چونکە ئەمە نەریتمانە.. ئێمەش دەڵێین نەریت ناگۆڕێت.

ئینجا دەگەڕێینەوە بۆ باسەکەمان و دەڵێین کە لەناو ناوەندە کوردییەکان و ساسییەکانی ناوچەکەدا پرسیارێك سەری سیاسەتمەدارانی ئاوساند ئەویش دەربارەی ئەو هۆکارانەیە کەپاڵیان بەمەسعوود بارزانییەوە نا دوور لەبارەگەکەی خۆی بچێت بۆ شەقلاوە بەبەرەوپیری مام جەلالی دوژمنی خوێنەخۆری, بەگەرمییەکی چاوەڕوان نەکراوو بێوێنەو تەنانەت لەدیداری پێشوازیکردنەکەدا مەسعوود بارزانی بڵێت: (برای بەڕێزمان مام جەلال بەم سەردانەی دڵخۆشی کردین)!

**ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەی هاوبەشی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان**

((بەئامادەبوونی بەڕێزان مەسعوود بارزانی و مام جەلال لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتیی هەردوو حزبی هاوپەیماندا, ڕۆژانی ٧و٨/ ٩/ ٢٠٠٢ کۆبوونەوەیەکی مێژوویی لەهاوینەهەواری سەلاحەدیندا کرا کەهیواو براویەکی نوی بەجەماوەری کوردستان و عێراق دەبەخشێت و دەرگایەکی نوێ لەبەردەم

دواڕۆژێکی پرشنگدار دەکاتەوە. کۆبوونەوەکە بەگیانی لێبوردن‌و ئـــازادی‌و دیموکراســـی‌و هەســـتی بەرپرســـیاریەتی بەرامبـــەر داهاتووی عێراقی دیموکراتی‌و فرە حزبی‌و فیدراڵی یەکگرتووو مەســـەلەی کـــوردو ئاشـــتی‌و ئاسایـــشی ناوچـــەی رۆژهـــەڵاتی ناوەڕاست بەسترا.

هەڵوێستی هەردوولا کۆك بوو دەربارەی پێویستی لێکۆڵنەوەو بڕیاردان بەپێی ئاستی گۆڕانکارییە دیموکراتییەکانی سیاسەتی نێو دەوڵەتی‌و بەرەنگاریکردنی تیرۆرو توندوتیژی‌و دیکتاتۆریەت، هـەروەها ســوودوەرگرتن لەگۆڕانکارییـەکان بەشـێوەیەکی‌وا کـە لەخزمەتی گەلی عێراق‌و جەماوەری کوردستاندا بێت.

لەکۆبوونەوەکـــەدا چـــوار لیژنـــە پێکهێنـــرا بـــۆ گەڵاڵـــەکردنی پرۆژەیـەکی هاوبـەش بـۆ فیـدڕاڵی‌و سـەقامگیرکردنی بـارودۆخی نـــاوخۆی هـــەرێمی کوردســـتان‌و یەکلاخـــستنی گیروگرفتـــە ئەمنییـەکان‌و پێڕەوکردنـی سیاسـەتێکی هاوبـەش لەسـەر هـەردوو ئاسـتی ئقلـیم‌و نێودەوڵـەتی‌و مەسـەلە هەنووکەییـەکان، هـەروەها بڕیاردرا ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان بەبەشداریی هـەردوو لیـست‌و لیـستی مـۆر لـەڕۆژی ٤/ ١٠/ ٢٠٠٢ لـەهۆڵی پەرلـەمان لەهـەولێر کۆبێتـەوە، هـەروەها میکـانیزمی بـەڕێوەبردنی کاروباری ئەنجومەن دیاریکرا. ئینجا چەند بڕیارێك درا سەبارەت بەشـــداریکردنی حـــزب‌و هێـــزە کوردســـتانییەکان لەچـــالاکییە نیـشتمانی‌و دیموکراتییەکانـداو پتـەوکردنی پەیوەنـدی‌و خـەباتی

هاوبەشـــی نێـــوان بزووتنـــەوەی رزگـــاریخوازی کوردســـتانی و ئۆپۆزسیۆنی عێراقیـدا, بەشـێوەیەکی وا کەخزمـەتی گـەلی عێـراق و ئـازادیی و ئـارامی و مـافی رەوای کـوردو تورکمـان و کلدۆئاشـوری بکات. هەروەها لەکۆبوونەوە هاوبەشەکەدا بڕیاردرا پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ لەسەر بناغەی رێزلێنـان و دۆسـتایەتی و دەستوەرنەدان لەکاروباری یەکترو هاوکاریی و چەسپاندنی برایـەتی پتەو بکرێت.

پاشـان بـەڕێزان مـام جـەلال و مەسـعوود بـارزانی کۆنگرەیـەکی هاوبەشـــی رۆژنامـــەوانییان بەســـت تێیـــدا بـــۆ دامودەزگاکـــانی راگەیاندن دوان و لەسەرەتای کۆنگرەکەدا هەردووکیان خۆشحاڵیی خۆیـان بـۆ ئـەنجامی کۆبوونـەوەکان دەربـڕیی و جـەختیان لەسـەر گەیـشتن بەئـەنجامی زۆر بـەهێزو بـەپێزکرد هـەروەها نەهێـشتنی گیروگرفتـــەکانی بـــەر رێگـــەی ئاشـــتی و ئاســـاییکردنەوەی پەیوەندییەکان و یەکخستنی دیـدو بۆچوونەکان بەرامبـەر مەسـەلە هەڵواسراوەکان.

لەکۆتایی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا, مام جەلال بەناوی خۆیی و ناوی بەڕێز مەسعوود بارزانییەوە سوپاسی لیژنـەی باڵای ئاشـتی (HCC) کـرد کـەزۆر خـەباتیکرد لـەپێناو جێبـەجێکردنی زۆربـەی بەندەکانی رێککەوتننامەی واشنتۆن و زەمینەی بۆ جێبـەجێکردنی بەندەکانی تـر لـەدواڕۆژێکی نزیکدا خۆشکرد. شـایەنی باسـە مـام جەلال و وەفدی هاوڕێی, لەهەمان رۆژدا لەدەرەوەی شاری شـەقڵاوە

زۆر بەگەرمی لەلایەن بەڕێز مەسعوود بارزانییەوە بەڕێکرا, پاشان بەڕێزان جەوهەر نامق و هۆشیار زێباری و برووسك نوری شاوەیس, بەڕێز مام جەلال ووەفدە هاوڕێیەکەیی تا خالّی پشکنینی هیران بەڕێکرد)).

**دەربارەی مام جەلال**

لەپێناوی خزمەت گەیاندن بەبەرژەوەندیی گەلی کوردستان و پێشخستنی کێشەکەی, هەرچی لەتوانایدا بوو لەشارەزایی و لێهاتوویی و سیاسەت خستیەکار بۆ لەدەستنەدانی ئەم هەلە زێرینە کەڕووداوەکان بۆ گەلی کوردیان رەخساند, لەپێناوی زایەنەکردنی ئەم دەستکەوتانەش هەولّیدا لەڕێی دەزگاکانی راگەیاندن خۆی تەیار بکات. هەر بۆیە سەر لەبەیانی رۆژی چوارشەمە رێککەوتی ١١/ ٢٠٠٢/٩ مام جەلال لەبارەگای تایبەتی خۆی لەشاری سلێمانی پێشوازیکرد لەبەڕێزان قادر عزیز (سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) و محەمەدی حاجی مەحمود (سکرتێری پارتی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان)و عومەر ئاغای سورچی (سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان). لەو دیدارەدا کەنزیکەی یەك سەعاتی خایاند, سەرکردەی حزبە هاوپەیمانەکان زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنەوەیان لەمام جەلال کرد بۆ گەڕانەوەی بۆ کوردستان و دلّخۆشیی خۆیان بۆ سەرکەوتنی جەولە مێژوییەکەی مام جەلال نیشاندا بۆ ئەمریکاو ئەوروپاو

توركیــا و ســەلاحەدین و بەبۆنــەی ئیمزاکردنــی ڕێککەوتننامــەش لەگــەڵ کــاك مەســعوود بارزانیــدا پیرۆزبایییــان لێکــرد, کەئــەو ڕێککەوتننامەیــە پرۆســەی ئاشــتیی خــستە ســەر راســتەڕێی ئاشتەوایی و جەختیشیان لەسەر پشتگیریکردنی ڕێککەوتننامەکە کــرد. پاشــان مــام جــەلال بەدووررودرێــژی باســی بایــەخی دیــدارو کۆبوونەوەکانی خۆی کرد لەگەڵ ناوەندەکانی بڕیاردان لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو تورکیا, ئەنجامی ئەو کۆبوونەوانەیشی بــەئیجایی و بــەرز نرخانــد. هــەروەها باســی دیــدارەکانی کــرد لەلەنــدەنی پایتــەختی بریتانیــا لەگــەل لایــەن و کەســێتییە عێراقییــەکان و بــەگرنگ و بەرهەمــداری نــاوبردن بــۆ ئــەم قۆناغــە, هەروەها باسی زنجیرە کۆبوونەوە یەك لەدوای یەکەکانی خۆی کرد کــە لەســەلاحەدین ئەنجامیــدان و باســی ڕێککەوتننامــەی نێــوان یــەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان کرد و جەختی لەسەر ئەوە کرد کەئەو قۆناغەی ئێستا گەلەکەمان و عێراق بەگشتی پێدا تێدەپەڕێت زۆر پێویستی بەوەیە پرۆسەی ئاشتی و ئاشتبوونەوە بەرەو پێشەوە ببرێت و کۆسپ وتەگەرەکانی بــەردەمیان نــەهێڵرێن, ئامارەشــی بــۆ ئــەوە کــرد کــەکارکردن بــۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە بەو گیانەوە بەڕێوەچوو. پاشان سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان و سکرتێری حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی پارتی پارێزگارانی کوردستان سەرنج و تێبینی خۆیان دەربارەی مەسەلە هەنووکەییەکان دەربڕی

که لەگەڵ سەرنج و بیروڕای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کۆك بوون.

**مەکتەبی سیاسی کۆدەبێتەوە بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی ئێستاو دۆزینەوەی میکانیزمێك**

**بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ٨ی ئەیلوول**

دوای گەڕانەوەی مام جەلال لەجەولە دیپلۆماسییەکەی ئەم دواییەو ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ٨ی ئەیلوول لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان, مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەردەوامە لەسەر کۆبوونەوە چڕوپڕەکانی بۆ تاوتوێکردنی هەڵوێستەکەو بارودۆخی ئێستا لەگەل گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان لەعێراقداو دەستەبەرکردنی پێداویستییەکان بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ٨ی ئەیلوول و بەرقەرارکردنی ئاشتییەکی سەرتاسەری لەهەرێمی کوردستان لەپێناو گەلی کوردو کێشە ڕەواکەی. لەم میانەیەدا ڕۆژی ٨/ ٩/ ٢٠٠٢ مەکتەبی سیاسیی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەسەرۆکایەتیی مام جەلال و ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی بەست و لەو کۆبوونەوەیەدا ئەنجامەکانی سەردانەکەی مام جەلال بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەورووپاو تورکیاو سەردانەکەی لەگەڵ وەفدی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ هاوینەهەواری سەلاحەدین تاوتوێکران لەگەڵ کۆبوونەوەکانی کە لەگەڵ وەفدی مەکتەبی سیاسیی پارتی

ديموكراتى كوردستان لەوێ ئەنجامدراو كۆبوونەوەكەی بەئيجابيى لەقەڵەمەدا.

**********

**خوێنەری هێـژا:** ڕووداوەكانی كوردستان هەنـدێكيان پێچەوانەی چـاوەڕوانكراو هـاتن, چـونكە دوای ڕووداوەكـەی ٣١/ ئـاب/ ١٩٩٦,وا چـاوەڕوان دەكـرا كەبنەماڵـەی بـارزانی داوای لێبـوردن لەگەڵی كورد بكەن ئەمەش ئەگەر توانييـان بمێننـەوە, لەبـەر ئـەوەی خـەڵك بەتـەمابوون ئەمانـە وڵات بـەجێبێڵن و دەسـت لەدەسـەڵات هـەڵگرن, بـەڵام ئـەوەی هاتـە گۆڕێ پێـچەوانەی ئەمـەبوو, جا گـەلی كورد بەم شێوەيەی خوارەوە بنەماڵەی بارزانييان هەڵسەنگاندبوو:

١ـ پەيوەنـديی تونـدوتۆڵيان لەگـەڵ وڵاتانی ناوچـەكە بەتايبـەتی ڕژێمـی صـدام حسـەين دوای ڕووداوی ٣١/ ئاب, دەركـەوت ١٠٠٪ تەواوە.

٢ـــ خۆســـەپاندنی ڕەهايـــان بەســـەر ڕێكخـــستنی پـــارتیو دامودەزگاكـــانی ڕاگەيانـــدنو ڕۆژنامەوانيـــدا لـــەڕێی دەزگـــای (پاراستن)ی موخابەراتييەوە.

٣. فەرماندەی پێشمەرگەكان زۆربـەيان موستەشـارو ئامر فـەوجو ئامر مـەفرەزە بوون لەوانـەی سـەر بـەڕژێمی عێراقـی بوونو لەگـەڵ هێـزە سـەربازييەكانی عێراقـدا لەپرۆسـەكانی ئـەنفالو تەعريبـدا بەشدارييان كردووە.

٤ـ لـه هـەر چـوار پارچـەكەی كوردسـتاندا دەسـتیان بـەخوێنی شۆڕشگێڕانی كورد سوور بووە.
٥. دەستیان بەسەر سەمانی كورستاندا گرتووە.
٦ـــ پـــاوانكردنی بازرگـــانی لـــەبازاڕە ناوخۆییـــەكانی شـــارو شارۆچكەكان.
٧ـــ جێبـــەجێكردنی ســـەركوتكردن‌و تـــیرۆر لەلایـــەن دەزگـــای پاراسـتنی تیرۆریـستییەوە بـۆ كـۆنترۆڵكردنی ئـیرادەی كۆمـەڵانی خـەڵكی كوردسـتان لـەپێناو خزمـەتكردنی بەرژەوەنـدیی بنەماڵـەی بارزانی.

**بۆیە دەڵێین:**

جەماوەری كوردستان دوای ئەوەی تەواو لەپەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان بنەماڵەی بارزانی‌و رژێمی صەدام حسین دڵنیابوون, بۆیان دەركەوت هێزی هاوپەیمانان كۆتایی بەحوكمی بەعس هەر دێنن‌و ئەمە تیاچوونی بنەماڵەی بارزانی‌و رزگاریی گەلی كوردی بەدەمەوەیە لەدەسەلاتی ناڕەوایان. دەزگای پاراستنی سەر بەپارتی ئەوساو ئێستاش ٨٠٪ لەخزمەتی بنەماڵەی دەسەلاتداردا بووەو رۆژ دوای رۆژ رق‌و تووڕەویی جەماوەر زیادیدەكرد بەهۆی رەفتاری نابەجێیان‌و هەڵسوكەوتی فەرماندەكانیان كەهەڵبژاردەو دەستنێژی خودی بنەماڵەبوون‌و پێڕەوو ئایدیۆلۆجیایان بەرێژەی ٩٥٪ خزمەتی بنەماڵەی دەكرد. بەلام هێزی پێشمەرگە بەرێژەی ١٢٪ لایەنگری بنەماڵەی بارزانی

بوون. دەربارەی هێزی تایبەتیش ئەوە ڕێژەی ٨٥٪ لایەنگری بنەماڵەبوون, ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو لیژنەی مەرکەزی بەڕێژەی ١٠٪ لایەنگری دەسەڵاتی بنەماڵە بوون, هەرچی لایەنگرو ڕێکخراوەکانی ڕێکخستنەکانی ناو پارتییە ئەوە ڕێژەی ٥٪یان لایەنگری بنەماڵە بوونو باقی گەلیش ڕێژەی ٢٪ هەوڵیان دەدا دەسەلآت بەدەستی بنەماڵەوە بمێنێتەوە.

جا ئەگەر ڕووداوەکان لەگەڵ سەرەتای چارەسەرکردنی کێشەکانی عیراق بۆ دوای روخاندنی رژێمی صدام حسەین لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بهاتنایە ئەوە بنەماڵەی بارزانی بۆ یەکجاری دەستیان لەبنی هەمبانەکەوە دەردەچوو, بەڵام.. جا ئەگەرواباویە ئەوسا بنەماڵەی بارزانی بەهۆی ئەوەی هەرگیز ددان بەتێکشکاندا نانێنو لەپێناو پارێزگاری کردنی مانەوەیان ئەوە لەگەڵ پێنج هەزار خێزانی کورددا پەنایان بۆ یەکێك لەوڵاتانی دراوسێ دەبردو بەتەواوی تێوەگلابوون لەچەندین کردەوەی ئابڕووبەرانە دژی گەلی کوردستان, لەوانە کە لەبیر ناچێتەوە پێشکەوتنی هێزەکانی تورکیاو عێراق تا خاکی کوردستانی ئازاد گلاوبکەن, ئەو ڕووداوەی کە لەهۆشی هیچ کوردێکی بەشەرەف دەرناچێت کەبڕوای بەکێشەی ڕەوای گەلی کورد هەیە چونکە دوای ئەوەی خاکی کوردستان لەدەسەڵاتی بنەماڵە ڕزگاری دەبوو ئەندامو کادێرەکانی پارتی کۆدەبوونەوە بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنی پارتی دوای بەستنی کۆنگرەیەکی نوی کە بەهیچ شێوەیەك ئاسەواری

خیانەتی پێوە نیە ئەوسا دەبوو بەحزبێكی پێشەنگ كەهەموو گەلی كوردستان لەدەوری كۆدەبوونەوە.

## رووداوەكان و ئاواتی مرۆڤی كورد پێش دەست پێكردنی جەنگی ئازادكردنی عێراق

## لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە

پێش دەست پێكردنی جەنگ, پەیوەندییەكی توندوتۆڵ لەنێوان هێزەكانی صدام و بنەماڵەی بارزانیدا هەبوو كەهەردوولایان لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجیایەكی پتەو یەكیان گرتبوو كەخزمەتی بەرژەوەندیی هەردوو بنەماڵەی بارزانی و صدامی دەكرد, هەروەها بەئەندازەیەك لەخۆیان بایی ببوون گوێیان بەهەڕەشەی ئەمریكاو بریتانیا و ئەوروپا نەدەداو تەنانەت گوێیان بەحزبە كوردستانییەكان و گەلی كوردیش نەدەدا, چونكە هەردووكیان (صدام و مەسعوود بارزانی) تەواو لەو بڕوایەدابوون كەئەمریكا پەلاماری عێراق نادات.

ئەمە لەلایەك, لەلایەكی ترەوە سیاسەتمەدارو سەركردە مەیدانییەكانی ئەمریكا و بریتانیا هەمیشە هەوڵیاندەدا تیشك ئاراستەی مەسەلەی رووخاندنی رژێمی عێراق بكەن كەخۆی لەكەسی صدام حسەیندا دەبینێتەوە, ئینجا بەردەوام پلانیان بۆ ئەوە دادەڕشت و ئامادەبون جێبەجێی بكەن.

رۆژنامەكانی جیهان باسی هەواڵەكانی سووربوونی هێزی هاوپەیمانانی دەكرد بۆ پەلاماردانی عێراق و رووخاندنی

رژێمەکەی, ئینجا هەموو لایەنێکی سیاسی پێشبینی تایبەت بەخۆی هەبوو دەربارەی بۆچوون و دەرئەنجامەکانی پاش پەلاماری ئەمریکاو بریتانیا بۆ عێراق, بەڵام بۆچوونی کوردی جیاوازی هەبوو لەو رووەوە. چونکە ئەو کوردانەی مووچەیان لەخەزنەی بەعسیدا بوو, لەلایەن هیچ لایەکەوە حسابیان بۆ نەدەکراو هیچ جۆرە مەترسییەکیان پێکنەدەهێنا بۆ سەر هیچ کەسێك ئەمەش دوراندن بوو, هەروەها پلەوپایەکی وایان نەبووە کە بەهەند وەربگیرێن.

٣/٥ی خاکی کورد لەژێر دەسەڵاتی دکتاتۆر صدام حسەیندا بوو کەپێکدێت لە: خانەقین, جەلەولا, مەندەلی, کەرکوك, دوبز, مەخموور, ژەنگارو تەلەعفەر. ئینجا زیاتر لەچارەکە سەدەیەك بوو صدام حسەین خەڵکی کوردی بەعەرەب دەکردو دەیگواستنەوەو دەیگرتن و دەیکوشتن بێئەوەی کەس بەرگیری لێبکات. جا ٩٩٪ی خەڵکی کوردی ئەو شارانەی ناومان بردن ژیانی کولەمەرگی دەژیان دور لەئاشتی و دیموکراسی, ئەوانەشی لەپێشەنگی ئەوانەدابوون کەداوایانکرد پەلە بکرێت لەدەستپێکردنی پەلاماری ئەمریکی – بریتانی بۆ سەر رژێمی عێراقی و هەرچی زووترە لەدەردو مەینەت رزگاریان بێت.

دانانی هێڵی (٣٦) یەکەم ئەزموون بوو بۆ کورد لەو رۆژەوە کەکوردستانی باشوور بەدەوڵەتی عێراقەوە لکێنرا, چونکە ئەو کوردانەی لەسنووری ئەو هێڵەدا دەژیان ژیانێکی ئارامیان

بردەسەر کەخەونیان پێوە نەدیبوو, ئینجا ئیدارەی کوردی دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن (١٩/ ٥/ ١٩٩٢)و دابەشکردنی ئیدارەکە لەنێوان هەردوو زلهێزی گۆڕەپانەکە (پارتی و یەکێتی) بەڕێکخستنی کاروباری کوردستان, پێموایە ژمارەی پێوانەیی بەزاند بەبەروارد لەگەڵ ئیدارەی عێراقی لەڕووی هەلی کارو ئاوەدانکردنەوەو بەرقەراربوونی ئاشتی و بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە, ئینجا سیاسەتمەداران لەخاوەن ویژدانەکان کەوتنە باسکردنی, چونکە دکتۆر فوئاد مەعصوم سەرۆك‌وەزیران بوو, دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس جێگری سەرۆك وەزیران بووو مامۆستا جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی پەرلەمان بوو.

بەڵام هەموو ئەو پێشێلکارییانەی پارتی و ئەندامەکانی کە لەبەشەکانی کتێبەکەمدا (کورد دوژمنی خۆت بناسە) باسمکردووە دەستکردی بنەماڵەی بارزانی و بەفەرمانی ئەوان بوو, کاتێکیش چاوم بەچەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی و ژمارەیەکی تر لەئەندامانی رێکخستنەکانی کەوت ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر هەموو ئەو پێشێلکارییانە نیشانداو هەموو هیوایەکیان (بەڵکو هیوای هەموو کوردێکی بەشەرەف لەکورستاندا) توانەوەی بنەماڵەی بارزانی بوو لەباوەشی دەسەڵاتی بەعسدا کەپەیوەندیی توندوتۆڵی پێیانەوە هەبوو, ئەمە دەبووە پاڵنەرو هاندەری رووخاندنی دەسەڵاتی بارزانی و رزگاربوونی کورد لەزاڵدەستییان بەسەر دەسەڵاتی سیاسیی کوردیدا بەتایبەتی دوای رووداوە

دژوارەکانی خیانەتی ٣١/ ئاب/ ١٩٩٦ کە نەعقڵ قبووڵی دەکات نەویژدان پێی رازییە.

مام جەلال بەهۆی هەڵوێستە مەردانەکانیەتی کەسیاسەتمەدارو داواکارانی مافی گەلی کورد بڕوای تەواوی خۆیان پێبەخشیوەو مافی چارەی خۆنوسینی بۆ گەلی کورد بڕیار بدات. مام جەلال هەموو ئەرك‌و بایەخدانێکی خۆی بۆ ئەمە تەرخانکردو هەوڵی زۆریدا بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی چارەسەرکردنی کێشەی نێوان دەوڵەتە پەیوەندارو حزبە سیاسییەکان بۆ رووخاندنی رژێمی عێراقی بەسەرۆکایەتی صدام حسین‌و دروستکردنی شوێن پێ بۆ کورد بۆ قۆناغی دوای رووخانی رژێمی بەعس. هەر بۆیە مام جەلال دیداری سازدا لەگەڵ سیاسەتمەدارو لێپرسراوەکان لەئەمریکاو بریتانیاو ئەوروپا هەروەها هەموو حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان بەکوردی‌و عەرەبییەوەو سەرۆك عەشیرەتەکان ئینجا رێککەوتن بۆ گەلاڵەکردنی پلانێکی کار بۆ رووخاندنی رژێم‌و رزگارکردنی عێراق لەدارودەستەکەی بۆ هەتاهەتایە. ئینجا بەهۆی کەسێتی‌و گرنگی مام جەلال بوو ئەمریکاو بریتانیا تیشکیان ئاراستەکردو لەگەڵیدا رێککەوتن چونکە نوێنەرایەتیی زۆربەی کورد دەکات‌و شایەنی ئەم پلەوپایەیە بوو.

یەك پرسیار ماوە کەسیاسەتمەدارەکانی لەهەموو شوێنێك حەپەساندووە ئەویش دەربارەی تەنازولە گەورەکانی مام جەلالە بۆ بنەماڵەی بارزانی دوای ئەو هەموو زوڵم‌و زۆرەی لەساڵی

١٩٦٣وه تــا ئــەمرۆ لەســەر دەســتی بــارزانیو بنەماڵەکــەی بینیویەتی. سەرباری هەموویشی, مام جەلال بوو بەپاککەرەوەی لاپــەڕە رەشــەکانی بنەماڵــەی بــارزانی, ئەمــەش ســەری ســەرکردە ئــەمریکیو بریتانییــەکانی ســوڕهێناووای لێکــردن بــچنە ســەر رایەکەی ئەوو بنەماڵەی بارزانی بخەنە لیستی دۆسیەی سیاسیی کــوردی لەعێراقــدا. لەمــەوە بۆمــان دەردەکــەوێت مــام جــەلال چ خزمــەتێکی گــەورەی بنەماڵــەی بــارزانی کــردووە هــەر بۆیــە بــەڕێز مەســعوود بــارزانی لــەو بەڵێنــەی پەشــیمان بــۆوە کــەگوتبووی خوازیارە ئەو دەستەی ببڕێتەوە ئەگەر نیازی بێت تەوقە لەگەڵ مام جەلالــدا بکــات.. نــەك هــەر ئەمــە بــەڵکو, چــوو بــۆ شــەقلاوە بــۆ بــەرەوپیریو بەگــەرمیش پێــشوازی لێکــرد! بــەڵام مخــابن.. بــزانن بــەڕێز مەسعوود لــە چ کــاتێکی ناسکدا ژاراوی خــۆی دەڕێــژێتو دەیسەلمێنێت کەهیچی لەبەرچاو نیە!

لــەمانگی ئــەیلوولی ســاڵی ٢٠٠٢دا کتێبــی (البــارزانی والحرکــة التحرریــة الکردیــة) لەنووســینی بــەرێز مەســعود بــارزانی کەوتــە بازاڕەوە. دوای ئەوەی بەوردی خوێندمەوە سەیرمکرد کتێبێکی مێژوویيــــە باســــی مێــــژووی شۆڕشــــی کــــوردو پێــــشینەی ســەرکردەکانیو سیاســەتی پێڕەوکراویــان دەکاتو تــەنها بــارزانی وەکو سەرکردەو بڕیاردەرو داهێنەری شۆڕشی کوردی ژماردووەو زۆربــەی ســـەرکردەکانی تـــری بـــەر تانەوتەشـــەرو تـــوانج داوە بەتایبەتی گرووپی مەکتەبی سیاسی (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو

مام جەلال‌و بنەماڵەکەی‌و زۆربەی لایەنگرانی) بێئەوەی بترسێت لەئاژاوەنانەوەو دروستکردنی گیروگرفت‌و دووبەرەکی لە نێوان هەردوو حزب, یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان‌و پارتی, ناسکترین بارودۆخی بەهەل زانی بەتایبەتی رۆژێکی وەك ئەمرۆ کەپێویست بەپشتگوێ خستنی رابردووو هەڵدانەوەی لاپەڕەی نوێ دەکات جگەلەوەی بنەماڵەی بارزانی دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا گرتووەو دەسەڵاتیان لەوڵاتەکەدا لەئەمسەریەوە تا ئەوسەری بۆ خۆیان پاوانکردووەو کەئەمە چەند گیروگرفت دروست دەکات‌و کۆمەڵانی خەڵك لە کێشە سەرەکییەکان دووردەخاتەوە..

شتێکی گرنگیش هەیە کەنابێت خوێنەر لەبیر خۆی بەرێتەوە ئەویش‌وەڵام نەدانەوەی کتێبەکەی بارزانی لەلایەن مام جەلالەوە بانگەشەکانی بارزانی قایمتر دەکات‌و پشتگیری لەڕاستییان دەکات, چونکە ئەوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بارزانی‌و بنەماڵەکەیدا کردبێت دەزانێت کەئەوان سەرچاوەی ئاژاوەو گیروگرفتن لەکوردستانداو لەدروستکردنی کۆسپ‌وتەگەرەو چەواشەکردنی راستییەکاندا دەستێکی بالآیان هەیە.

هەموان دەزانن کەمام جەلال شتی هەیە بلآوی بکاتەوە بەڵام لەپێناو وریاییکردنی هەستی هاووڵاتییان‌و بۆ خۆلادان لەئاژاوەنانەوە, دەبینین مام جەلال خۆی لەقەرەی شەڕی راگەیاندن نەداوە نەکا گەلی کوردستان ئەم هەلەی لەدەست بچێت کەپەروەردگار لەسەر دەستی ئەمریکییەکان‌و هاوپەیمانەکانیان

بۆمانی رەخساند, ئینجا شەڕی داکۆکیکردنی مام جەلال لەگەڵ دادپەروەری و ئارامی و مەدەنیەتدا دەبێت کە بەهۆیەوە بنەماڵەی بارزانی دەڕووخێت. چونکە گومان لەوەدا نییە شەمشەمەکوێرە دەجەنگێت بۆ ئەوەی رانەکێشرێتە بەر رووناکی کەتیاچوونی بەدواوەیە, لەرووناکیشدا دەستەکەی بارزانی ئاشکرا دەبێت و ئەوەی دروستیکردووەو پلانی بۆ کێشاوە دەڕووخێت, تاقە بانگەشەی بارزانیش سەبارەت بەوەڵام نەدانەوەی مام جەلال ئەوەیە کەهەموو جیهان دەزانن گوایە (٨٥٪)ی خەڵکی کوردستان لایەنگری ئەوانن, ئەمە قسەی ئەوانەو بەلاشیەوە ئەمریکاو بریتانیاو ئەوروپاش لەو بڕوایەدان.. بەڵام ئەمە هیچ راست نییە.

***خۆێنەری خۆشەویست***

لەسەردانێکمدا بۆ شاری کۆیە, شاری شاعیرو ئەدەیبی ناسراوی کورد حاجی قادری کۆیی, کتێبەکەی (البارزاني والحركة التحررية الكردية)م لە کتێبخانەی (هەژار) بینی و بەپەنجا دیناری سویسری کڕیم. ماوەی مانگێک یان زیاتر کتێبەکەم بەوردی خۆێندەوەو شتی وام تێدا بەدیکرد لەخۆێندەواری تر شاراوەبووە. پێم وایە لەم کتێبەو کتێبەکانی ترمدا بەپێی توانای خۆم ئەوەی پێویستە جێبەجێم کردووە لەبارەی باسی خەباتی گەلی کوردستان لەماوەی سێ چارەکە سەدەدا, هیوادارم کەلێنێکم لەئەرشیفی کوردی بۆ نەوەی داهاتوو پڕکردبێتەوە.

ئینجا لەبەر ئەوەی سەر بەهیچ حزبو لایەنێکی سیاسی نیم, شتێکی بەڵگەنەویستە بۆ یەکێکی وەکو من کە لەگەڵ بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بەتایبەتی عێراق ژیاوم, دەڵێم لەبەر بێلایەن بوونم بارەکەم ئاڵۆز بێت, بۆیە سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کەئامۆژگارییان کردم نەنووسمو باسی سیاسەتمەدارو سەرکردە نزیکەکان نەکەم مەبەستیشیان هەر چییەك بووبێت, خۆشەویستیو خەمخواردنیان بووبێت بۆ سەلامەتی خۆمو خێزانەکەم یان شتێکی تر, من سوپاسیان دەکەم, لەهەمانکاتدا سوپاسی هەموو ئەو دۆستو برادەرە خۆێنەرانە بکەم کەهەستیان بەڕاستگۆیی وتەکانم کردووەو درکیان بەو مەترسییانەش کردووە کەخۆمو خێزانەکەم بەهۆی ئاشکراکردنی ڕاستیو هەڵدانەوەی پەردە لەڕووی مەسەلە شاراوەکان بەرەوڕوومان بۆتەوە, ئەمانە هەمیشە دەستی یارمەتییان بۆ درێژ کردووم وەکو هاندانو پشتگیریکردنم لەو دژوارییانەی بەدرێژایی دە ساڵی بڵاوکردنەوەی بەشەکانی کتێبەکەم, بەڵام من پەشیمان نیم لەوەی بڵاوم کردۆتەوەو لەخوا دەپاڕێمەوە لەبەر دوو شت تەمەنم درێژ بکات:

١. کوردستان بگات بەئاواتی خۆی لەئازادیو ئاشتیو ئارامیو بەدەستهێنانی هەموو مافە ڕەواکانی.

٢. ئەو قەرزەی لەسەرمە بەرامبەر خێزانەکەمو دۆستانمو هەموو ئەوانەی پشتگیرییان کردمو پشتیان گرتم بیدەمەوە بەتایبەتی

هەندێك لەوانەی درێغییان نەكرد لەبەختكردن بۆ پشتگیریكردنم تا راستیی مەسەلەی گەلی كوردستان بەهەموو لایەك بگەیەنم.

لەسایەی خواو دوعای خەڵكانی چاكو دڵسۆز تا ئێستا لەدوو پیلانی بنەماڵەی بارزانی رزگارم بووە كەهەوڵیانداوە لەنووسینم بخەن. شوكور بۆ خوا چەند رۆژنامەنووسێكی بیانی لەبارەی كتێبەكەمەوە دیداریان لەگەڵمدا سازداو ناوەڕۆكی پرسیاریشیان ئەو هۆیەبوو كەپاڵی پێوەنام كتێبەكەم ناو بنێم (كورد دوژمنی خۆت بناسە)! لەو رۆژنامەنووسانەش بەڕێزان: ریچاردولیەم ئیگڵتن، هەروەها پەیامنێری رۆژنامەی وۆل ستریت جۆرنەڵ، لەگەڵ خاتوو (بات) پەیامنێری رۆژنامەی نیومەكسیكۆ.

## ریچارد ئیگڵتن

باوكی یەكێكە لەدۆستەكانی گەلی كورد، ماوەیەك لەگەڵ شۆڕشی كورددا بووەو كتێبێكی لەسەر داناوە. چاوم بەریچارد كەوتو چەند پرسیارێكی جیاجیای لێكردم ئینجا داوای لێكردم دیدارێكم لەگەڵدا سازبدات بۆ ماوەی دە دەقە لەتەلەفزیۆن، بەلام كاتێك دیدارەكە سازبوو زیاتر لەسعاتو نیوێكی خایاند، هەموو پرسیارەكانیشی دەربارەی كێشەی گەلی كوردستانو چۆنێتی چارەسەركردنی لەگەڵ ولاتانی دراوسێو رۆڵی دەوڵەتە زلهێزەكان.

**پەیامنێری رۆژنامەی وۆل ستریت جورنالْ**

رۆژی ٥/ ٤/ ٢٠٠٣ لەگەڵ پیاوێکی رێزداری بەهدینی لەماڵی خۆمدا سەردانیکردمو چەند پرسیارێکی دەربارەی کێشەی کوردیو بنەماڵەی بارزانی لێکردم, لەبیروڕادا لێکجیاواز بووین, عەرەبیەکی چاکی دەزانی.

**خاتوو (بات) پەیامنێری رۆژنامەی نیو مەکسیکۆ**

بۆ ماوەی دوو سعات چاوم پێکەوتو داوای دیدارێکی تری لێکردمو چەند پرسیارێکی لێکردم کە لەماوەی چوار سعاتو نیودا هیچ نەما نەیپرسێت, لەگەڵ ئەم خانمەدا بەزۆری بیروڕامان یەك بووو هەندێکیان دەربارەی بنەماڵەی بارزانی ١٠٠٪ رێکبوون. پێش رۆیشتنی ووتی: هەست بەخەمو پەژارە دەکەم بۆ ئەو دەردەسەرییانەی تووشت بوون بەدرێژایی ئەم سالانە لەنووسینتدا دەربارەی دوژمنانی گەلی کوردستان بەتایبەتی لەلایەن صدام حسەینی زۆردارو بنەماڵەی بارزانی.. ئەوا ئێمە لەدەستی یەکەمیان رزگارمان کردیتو دوای ئەویش نۆرەی دووەم (بنەماڵەی بارزانی) دێت.

دوژمنی کورد سیانن کەزۆرینەن, ئەوانیش تورکو فارسو زۆربەی عەرەبە, ئەمەش لەبەر ئەوەی خراپ لەمەسەلەی کورد گەیشتوونو زۆر بێویژدانانە هەڵیدەسەنگێنن. بەداخیشەوە دەڵێم سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردی کەخۆی لەبنەماڵەی بارزانیدا

دەبینێتەوەوە نزیکەی نیو سەدە کۆسپی بەر ڕێگەی گەلی کورد بوون بۆ بەدەستهێنانی ئازادی.

مێژوو شایەدە لەسەر ڕەسەنایەتیی گەلی کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەران، ئێمەی کورد ئەوانەین کە لەڕووی ئەسکەندەری مەکدۆنی و هێرشی سوپای تەتەر بەسەرۆکایەتیی هۆلاکۆ وەستاین، تەنانەت لەڕووی سوپای موسڵمانانیش وەستاین تا ئەو کاتەی بەقایلییەوە نەك بەزۆر بڕوامان بەئیسلام هێناو سەرانەشمان نەدا.

لەوانەیە هەندێك کەس لەهۆکاری تێکشکانی کورد بپرسێت لەشەڕیدا دژی صدام حسین ی زۆردار بۆ ماوەی زیاتر لەچارەکە سەدەیەك، ڕاستییەکەیشی ئەوەیە کەئەوە تێکشکان نەبوو بەڵکو خەنجەربوو لەپشتمان درا. لەبەشەکانی کتێبەکەمدا بەدوورودرێژی باسی هەڵوێستی بنەماڵەی بارزانیم کردووە لەسەرەتای دەسەلاتیانەوە تا ئەو ڕۆژەی بەهێرشی سوپای عێراق کۆتاییان پێهێنا بەڵکو جەختیان لەسەر کرد کاتێك قوصەی صدام حسەین سەرکردایەتیی ئەو هێزانەی کرد بۆ داگیرکردنی پایتەختی کوردستان هەولێری ئازیز لە ٣١/ ئاب/ ١٩٩٦دا. جا ئەمە یەکەمین جارە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەبینین میللەتێك وەکو چۆن کورد پێشوازیی لەهێزە داگیرکەرەکانی ئەمریکایان کرد ئاوا پێشوازی لەداگیرکەر بکات بۆ داگیرکردنی خاکەکەی. چونکە ئەو هێزانە بۆ زرگارکردنی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی هاتن

لەزوڵم و زۆرداریی صدام حسین و حزبە فاشییەکەی. بەڕاستی قەڵەمەکەم هەر دوعای کورد بۆ بەڕێزان بۆش و تۆنی بلێر دادەڕێژێت لەلای خۆشمەوە رایەکی ترم هەیە ئەویش ئەوەیە کەپەروەردگار هێزێکی گەورەی بەئەمریکا بەخشیووە بەڵام لەهۆشمەندی بێبەشە چونکە هەروەکو سەرۆك وەزیرانی بریتانیا ساڵی ١٩٤١ ووتی: ئەمریکا هەموو جارێ کەهەنگاو دەنێت یەکەم هەنگاوی هەڵەیە. جا ئەگەر لەڕووخاندنی رژێمی ئێراندا زەحمەتییان دیبێت ئەوە دەبوایە دەسەڵاتی ئێرانیان بەسەر عێراقەوە کەم بکردایەتەوە, هەروەها عێراقیان بکردایە بەسێ حکومەت" حکومەتێکی کوردی و یەکێکی سوننەو یەکێکی شیعە, لەگەڵ کارکردن بۆ هەرچی زووترە یەکخستنەوەی چوار بەشەکەی کوردستان لەیەك دەوڵەتی سەربەخۆدا بۆ ئەوەی جیهان شایەدییان بۆ بدات لەسەر ئاشتی و دیموکراسی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا, کەڕۆژگاریش ئەمە دەسەلمێنێت.

هەرچەندە بارزانی لەگەڵ مندا چاك بوو بەشێوەیەك کەمنی بەئەندامێکی بنەماڵەکەی دەژمارد, بەڵام سێ هۆی سەرەکی پاڵیان پێوەنام هەموو شتێك ئاشکرا بکەم ئەوەش ئەمانەیە:

١ ـ من ساڵی ١٩٦٢ لەناوچەی بەمۆ چوومە ریزی شۆڕشەوە, ساڵی ١٩٦٤ ـ ١٩٦٥ بووم بەفەرماندەی بەتالیۆنی (٩)ی هێزی قەرەداخ, پاشان مەلا مستەفا ووتی: (دەبێ ئەو سەگبابە لەناوبەرین).

٢ـ لەبەشەكانی كتێبەكەمدا بەدووردێژی باسی ئەوەم كردووە كەمن لەگەڵ دامودەزگاكانی ئەمندا كارم دەكرد ئێستاش شانازی بەو بەخشندەییەی خواوە دەكەم كەپێی بەخشیم, چونكە هەروەكو لەكتێبەكانمدا باسم كردووە توانیومە خزمەتی كوردستانو خەڵكەكەی بكەم زیاتر وەك لەوەی كە لەشاخ دژی دەسەڵات لەپێناوی ئازادی شەڕم دەكرد. ئەوەی بۆ یارمەتی رووی تێكردبم نكووڵی لەمە ناكات, چونكە هیچ درێغیم نەكردووە بۆ رزگاركردنی هەر كوردێكی نیشتمانپەروەر لەچنگی دەسەڵاتی عێراقیو هاوكات زانیاریی پێویستم دەربارەی دەسەڵات دەگەیاندە شۆڕش تەنانەت كاتێك دەستگیركرام, هەرچەندە زۆر ئازارو ئەشكەنجە درام بەڵام ناوی یەك كەسم نەبرد لەوانەی لەگەڵ شۆڕشدا بوون كەهەندێكیشیان ئێستا ماونو شایەدی لەسەر ئەوە دەدەن. گرنگ ئەوەیە ئەوەی لەتوانامدا بووبێت پێشكەشم كرد لەپێناو گەلی كوردستانو كێشە رەواكەی.

هەروەكو بەدوورودرێژیش لەكتێبەكانمدا باسمكردووە كە لە١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠, دوای ئاشتبوونەوەی باڵی مەكتەبی سیاسی (ئیبراهیم ئەحمەد)و گەڕانەوەی بۆ ریزی پارتی, هەردوولا لەبارەی منەوە وتوویژیان كردو بەفەرمانی بارزانی لەسەر ئەوە رێككەوتن كەمن بەردەوام بم لەسەر كارەكەم لەگەڵ دامودەزگا ئەمنییەكانداو كاركردن بۆ دەستەبەركردنی سەلامەتیم بۆ ئەوەی خزمەتی شۆڕشی كوردستان بكەم, بۆیە پەیوەندیم بەراستەوخۆ

لەگــەڵ بــەڕێز مەســعوود بارزانیــدا بــوو لــەژێر نــاوی (بــەیروت مــارتینن)و ئەڵقــەی پەیوەنــدیی نێوانمــان بــەڕێزان شــەفیقی بــرا گــــەورەم بـــوو کـــەدوای دەرچـــوونی لەبەندیخانـــە لەئـــەنجامی ئەشـکەنجەدانی کۆچـی دوایـی کـرد, لەگـەڵ کاکـەمین" خـوا لێـی خۆشــبێت, هــەروەها قارەمــان (حەمــەیوەلی) کەئێــستا لەقــەزای دەربەندیخان نیشتەجێیە.

هەرچەندە ئەموردەکارییانەم لەبەشەکانی تری کتێبەکەمدا باسکردووە بەڵام لەم بەشەی ئێستادا هەندێکیان بەڕوونکردنەوەی زیاترو توندییەکی رەقتر دووبارە دەکەمەوە ئەمەش بەهۆی زیاتر گونجانی کەشی سەلامەتیو ئازادی دوای رووخانی صدام حسەینی دیکتاتۆر.

کورتــەی کارەکــانم پووچــەڵکردنەوەی پلانــەکانی عوبێــدوڵڵا مــستەفا بــارزانیو شــێخ عوسمــان ئەحمــەد بــارزانی بــوو بــۆ دابڕکردنـــی ناوچـــەی بـــارزان لەدەســـەڵاتی مـــستەفا بـــارزانیو ئاگادارکردنـەوەی خـودی مـستەفا بـارزانی لەپلانـەکانیان. حـەوت رۆژ پێش ئەوەی رژێم شاری قەڵادزە بەفڕۆکە بۆردومان بکات (٢٤/ ٤/ ١٩٧٤), نامەیـــــەکم بـــــەکاك حەمەیوەلیـــــدا رەوانـــــەکرد کەدەمودەست چوو بۆ شاخی بەمۆ کەپێشمەرگەی لێبووو لـەوێوە بەبێتـەل گەیاندیە بەڕێز مەسعوود بارزانی. لەنامەکەمدا ئاگادارم کردنەوە کەڕۆژی ٢٤/ ٤/ ١٩٧٤ هێرشێکی دڕاندانە دەکرێتە سەر شاری قەڵادزە بەڵام بنەماڵەی بارزانی, هەروەکو لەبەشەکانی تری

کتێبەکەمدا روونمکردۆتەوە, لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان گوێیان نەدایە نامەکەمو ئەوە روویدا کەهەمووومان دەیزانین کەقەسابخانەیەك بوو تا ئەمڕۆ سالآنە یادی دەکرێتەوە.

تەنانەت پێش رێککەوتننامەی ناڕەوای جەزائیر لەڕۆژی (٦/ ٣/ ١٩٧٥) لەنێوان صەدام حسین‌و شای ئێراندا ئیمزا کرا, سەرکردایەتی شۆڕشم لێ ئاگادار کردەوەو دوو مانگ پێش روودانی, رەهەندو ناوەڕۆکەکەیم بەخودی بارزانی گەیاند, لەگەل زۆر زانیاری تر کەهەفتانە دەمنارد. ئەوەی تا ئێستا سەری سوڕهێناوم یەك شتە, ئەویش پەیوەندی‌و کارکردنمە لەگەڵ بەڕێز مەسعوود بارزانی کەنهێنییەکەمان (بەیرووت مارتینز) بوو, ئەو نهێنییەی کە لەخۆم‌و خۆی بەولاوە کەسی تر نەیدەزانی, بەلاّم کاتێ دەستگیرکرام لەدەزگای موخابەراتی گشتی بەتۆمەتی پەیوەندیکردنم بەبارزانیەوە بەنهێنی (بەیرووت مارتیینز) تۆمەتبارکرام, ئینجا ئەوەی ئیعتیرافی لەسەرم کرد لەدادگای شۆڕش (محكمة الثورة)و رووبەڕوو بەرامبەرم‌وەستا بەڕێز (حەبیب محەمەد کەریم)ی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کەدوای ئەو دادگاییکردنە تا ئێستا چاوم بەچاوی نەکەوتۆتەوە, بۆیە پێم خۆشە ئەویش‌و مەسعوود بارزانیش وەلاّمی چەند پرسیارێکم بدەنەوە کەئەمانەن:

١. پرسیاری یەکەمم بۆ بەڕێز حەبیبە: تۆ بڵێی چی بڵێیت کاتێك پێی دەڵێم کەبەڕێز مەسعوود بارزانی دەیویست هەردووکمان لەسێدارە بدرێین, بەڵام بۆ؟

٢ـ پرسیاری دووەم بۆ بەڕێز مەسعوود بارزانییە: ئایا بەڕێز مەسعوود بارزانی لەبیری چۆتەوە کە بەڕێز حەبیب محەمەد کەریم ئیعترافی لەسەر منو خەڵکی تریش کردو بوو بەهۆی لەسێدارەدانی چەند کەسێك؟ ئەی کەواتە دامەزراندنی وەك سەرۆکی لیژنەی چاودێریو پشکنین, پاداشتکردنیو ڕێزلێنانی بوو لەسەر خیانەتەکەی یان چی؟

٣ـ پرسیاری سێیەمم: ئایا لای بنەماڵەی بارزانی, پاداشتی چاکەکردنو بەدڵسۆزی حزمەتکردن, کوشتنە؟ دووجار هەواڵم بۆ هاتووە کە لەلایەن بنەماڵەی بارزانییەوە پلانی تیرۆرکردنم داڕێژراوە, ئێستاش لەسەر ئەو پێڕەویان دەڕۆن. ئەمڕۆش بۆ هەموان ئاشکرابووە کە لەئایدۆلۆجیای بنەماڵەی بارزانیدا شتێك نییە ناوی نارەزایی دەربڕینو رەخنەلێگرتنیان بێت, خاك بەدامەنی ئەوەی نارەزایی بەرامبەریان دەردەبڕێت یان رەخنەیان لێدەگرێت یان دەوێرێت رووبەڕوویان بوەستێت, چونکە سەرەنجامی کوشتنە, ئەمانەوەك ڕێکخراوێکی مافیا وابوونو تا ئێستاش هەروان, هەر لەسەرەتای دەست پێکردنیان بەشۆڕش ئەمە پیشەو نەریتیان بووە, چەند نموونەیەك دێنمەوە:

(١) بەڕێز دڵشاد رەسوولی کەکوردی خەڵکی کوردستانی ئێرانە, نووسەرو سیاسیو نیشتمانپەروەرێکی خەباتگێڕی ناوداری کۆماری مەهابادبوو, دوای رووخانی ئەو کۆمارە ساواو نۆبەرەیەی کوردستان, ساڵی ١٩٦٠ لەڕۆژنامەیەکی لوبنانیدا وتارێکی نووسی تێیدا باسی هەندێك لەو هۆکارانەی کردووە کەبوونە مایەی رووخاندنی کۆماری کوردستان, لەوانە هەڵوێستی سلبیی مەلا مستەفا بوو کەوەکو سیاسییەکی دۆڕاو بەهەڵە هاتە ئیدارەی کۆماری کوردستان لەشاری مهاباد. لەسەر ئەمە, بارزانی بڕیاریدا تۆڵەی لێبکاتەوە, بۆیە بەفێڵ داوای لەعەلی عەباس ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی میراودەلی کرد (کەدۆستی نزیکی کاك دڵشاد رەسوولی بوو) بیهێنێت بۆ لای بۆ وتووێژکردن لەسەر هەندێك کاروبارو رێککەوتن لەگەڵیدا لەبارەیانەوە, کاتێکیش کاك دڵشاد رەسوولی هات, بارزانی بەخۆی فەرمانیدا بیکوژنو هەر لەجێدا کوشتیان.

دوای ماوەیەك لەشوێنێکی نزیك گوندی هێرۆ چاوم بەهەردوو بەڕێز عەلی عەباس ئاغاو بابکر محمود ئاغا کەوتو گلەییم لەکاك عەلی عەباس ئاغا کرد کە لەکوشتنی کاك دڵشادی رەسوولیدا یارمەتیی بارزانی داوە, ئەویش سوێندی بۆ خواردم کە لەلایەن بارزانییەوە فێڵی لێکراوەو بەنیازی نەدەزانی دەنا جێگەو پێگەی ئەووەکو سەرۆکی عەشرەتێك, هی ئەوە نین کەکاری ئەوها نابەجێ بکات.. بەڵام چی لەگەڵ بارزانیو پیلانەکانی دەکەیت!

(٢) مامۆستا ئەیووب بارزانی برازای مەلامستەفا بارزانییەو یەکێك لەکچەکانی مەلا مستەفا خێزانیەتی, ئێستا لەسویسرە دەژی, لەکتێبەکەیدا رووداوی نالەباری بەشێوەیەکی وردترو روونتر دەربارەی مەلامستەفا نووسیوە کەمن لێرەوە دوعای تەمەن درێژیو سەرکەوتنی بۆ دەکەمو دەستخۆشی لێدەکەم بۆ نووسینەکانیو بەئاواتی ئەوەم کتێبی تری لەو بارەوە بخوێنمەوە.

لەلای خۆمەوە بەتەما نەبووم خوێنەران بەو شێوە بێوێنەیە دەستخۆشیی کتێبەکەم لێبکەن, ئەمەش یەکەم جارە هەڵوێستی ئەوها جوامێرانەو رێزلێنانو یارمەتیدان لەهەموو لایەکەوە لەخەڵك ببینم, ئینجا هەرچەندە ژیانێکی پڕ مەترسی دەژیم بەڵام دڵم بەوە خۆشەو بەختەوەرم کەڕاستییەکانم گەیاندۆتە هەموو ماڵە کوردێك. هەندێك جاریش لەکۆڕو دیوەخانەکاندا خەڵك پرسیاری ئەوە دەکەن کەنووسینەکانم لەسەر بەڕێز مەسعوود بارزانی زیاترەوەك لەوەی لەسەر مام جەلال دەینووسم, ئەمەش راستە, بەڵام چ بکەم, چونکە یەکەمیان زیادەڕەوی لەدووەمیان زیاترە. یەکێکیش لەپرسیارەکان کەدەربارەی رەخنە نەگرتنە لەبەڕێزان ئیبراهیم ئەحمەدو نەوشیروان مستەفا, ئەمەش راستە, چونکە هیچم نەدۆزیوەتەوە تا بیکەم بەچەکی دەستم بۆ لەسەر نووسینیان. دەربارە کتێبەکەی مەسعوود بارزانیش ئەوە خۆی لەخۆیدا نیشانەی سەوزبوو بۆ دەست پێکردن بەنووسینی ئەو مەسەلانەی کە لەبەشەکانی تری کتێبەکەمدا باسم نەکردوون. بۆ زیاتر

روونکردنەوەش دەڵێم لەو کتێبەدا لە (٤١) شوێندا باسی مام جەلال هاتووەو لە (٤٨) شوێندا باسی مامۆستا ئبراهیم ئەحمەد هاتووە. منیش بەویژدانەوەو لەسەر بناغەی راستییەکان دێمە سەر باسی مام جەلال و ئیبراهیم ئەحمەدو مەلامستەفاو بەپەرۆشەوەم کتێبەکەی مام جەلال خۆی ببینم تا بزانم چی دەربارەی ئەو مێژووە دەڵێت, ئەو کاتەش ئەگەر تەمەن باقی بوو ئەوە پشت بەخواوەلاّم دەدەمەوە, هەمان شتیش لەگەڵ نووسینی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەکەم.

دەربارەی کاک نەوشیروان مستەفاو یادداشتەکانیشی, ئەوە دەڵێم پیاوێکی بێوێنەیە, نیشتمانپەروەرو کۆڵنەدەرە, لەساڵی (١٩٦٤)ـەوە دەیناسم, لەزۆر بواریشدا کارم لەگەڵدا کردووەو لەنزیکەوە تێکەڵاویم کردووە, پیاوێکە خاوەن هەڵوێستی شۆڕشگێر, خەباتگێرو سیاسەتمەدارێکی شارەزایەو شایەنی رێزلێنانە.

لەکۆتاییشدا دەڵێم هەق هەقەو ناهەقیش هەر ناهەقییە, هەمووشمان یەك رێگەمان گرتۆتە بەرو لەکۆتاییشدا مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە.

رەفیق پشدەری

سلێمانی ١١/ ٢/ ٢٠٠٤

**مەسعوود بارزانی**
**بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی**
**چاپی یەکەم/ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ هەولێر ٢٠٠٣**
**پێشەکی کتێب ل١ ـ ١٩**
**بەشی یەکەم ل٢١ ـ ٤٢٣**
**ئەو دۆکیومەنتانەی لەکتێبەکەدا پێکدێن لە (٥٧) پاشبەند ل٤٥٥ ـ ٧٥٩**

**بەشی دووەم نامەو یادداشتی تری بارزانییە پەیوەندییان بەبۆنەی جیاجیاوە هەیەو لەکتێبەکەدا ئاماژەیان بۆ نەکراوە, ل٧٦٢ ـ ٨٩٠.**

**بەڕێز مەسعوود بارزانی لەکتێبەکەیدا دان بەوەدا دەنێت کە (ل١ ــ ٤٢٣)ی کتێبەکە خۆی دایناوە, جا ئەگەر هەرکەسێکی شارەزای زمانی عەرەبی تێی وردبێتەوە دەبینێت پڕە لەهەڵەی زمانەوانی و رێنووس, هەر دەڵێی ئەوەی کتێبەکەی دەرکردووە شارەزایی لەبواری چاپ و بڵاوکردنەوەدا نییە, ئەمەش نیشانەی پەلەکردنی بەڕێز مەسعوود بارزانییە لەدەرکردنی کتێبەکەدا دەنا ناڕەزاییان لەسەر دەرکردنی دەردەبڕی بەهۆی ئەو زیانانەی بەبەرژەوەندیی پارتی دەگەیەنێت چونکە ئەوەندە قسەی نابەجێ و دەستدرێژی و هەڵبەستن و بەشانوباڵدا هەڵدانی تێدایە کە لەکۆتاییدا لەجەوهەری بنەماڵەی بارزانیی کەمکردۆتەوەو پلەیان لای خوێنەران بە ١٨٠ پلە دەگۆڕێت. سەیریش ئەوەیە تا ئێستا**

دەیـــان کتێـــب دژی بنەماڵـــەی بـــارزانی دەرچـــووە بـــەڵام یەکێکیان وەڵامی ئەم کتێبەی بەڕێز مەسعوود بارزانی نەداوەتەوە.

لەلای خۆمەوە دەڵێم ئەگەر دانەری ئەم کتێبە هەر ئەندامێکی پـارتی بوایـە ئـەوە بـیرم لەوەڵامدانـەوەی نـەدەکردەوە, بـەڵام دانەرەکـەی گـەورەترین ئەنـدامی بنەماڵـەی بارزانییـەو یەکـەمین کەســی دەزگــای پاراســتنە لــەڕۆژی دامەزراندنیــەوە کەبــەڕێز مەسعوود بارزانی هەتا رۆژی ئاشتبەتاڵەکەی (١٩٧٥) بەشۆڕش, سەرکردایەتی ئەم دەزگایەی کردووەو لەڕۆژی دامەزراندنی قیادە موەقتەوە سەرۆکی حزبەکەیە.

لەچوار بەشـی کتێبەکەمـدا بەدوورودرێـژی باسـی سـەرەتای پەیوەندیی گەرمم بەبنەماڵەی بارزانیەوە کردووەو بەهۆی پێگەو جێگـەی پێـشەوایەتییان چـۆن دڵـسۆزانە لەخزمـەتی خۆیـان و شۆڕشی گەلی کوردستاندا بووم ئینجا هەڵسەنگاندنم وەکو هەموو خەڵکی کوردستان بووە بەرامبەر خودی بارزانی کەفریاگوزارێکەو خوا بۆ رزگارکردنی گەلی کوردستان ناردووە.. بەڵام!

یـەکێك لـەو هۆیانـەی پـاڵی پێوەنـام وەڵامـی کتێبەکـەی بـەڕێز مەسـعوود بـارزانی بدەمـەوە ئەوەیـە کـەمنی پـشتگوێ خـستووە, چونکە باسی هەموانی کردووە تەنانەت ئەوانەشی کە لەبەرەکانی شـەڕدا لەگەڵمـدابوون کەچـی نـاوی منـی نـەهێناوە, پـێم وایـە ئـەو خاینانەیـشی لەبیرنـەکردووە کەدەسـتیان لەگـەڵ رژێمـدا تێکـەڵ کردبوو هەر لەبەر ئـەوەی رۆژێك لـەڕۆژان یارمـەتی ئـەویان داوە,

لەوانەشە هەندێك بپرسن بۆچی وا سوورم لەسەر نووسین دژی بنەماڵەی بارزانی!

هۆیەکەی ئەوەیە کە لەکاتێکدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ١٠٠٪ لەڕێککەوتنی بەڕێزان مام جەلال و مەسعوود بارزانی دڵنیابوون و گوایە پێش رووخانی رژێمی صدام حسەین زۆر بەخێرایی هەردوو ئیدارەکە یەکدەخەنەوە بۆ ئەوەی مەسەلەی دامەزراندنی قەوارەی کوردی و رازیکردنی رای جەماوەر بەرەو پێشەوە بەرن, بەڵام لەناکاو کتێبەکەی بەڕێز مەسعوود بارزانی بەلێشاو کەوتە بازاڕەوە کەوەکو مستەکۆڵەیەك وابوو بەڕووی خۆشەویستترین کەسدا لەلایەن نزیکترین کەسیەوە. چونکە زۆربەی سیاسەتمەدارو نووسەرو خەڵکی نەخوێندەواریش دەستیان کردبوو بەچرپوهووڕ بۆ پاساو هێنانەوەیەکی بەجێ بۆ بەڕێز مەسعوود بارزانی لەسەر دەرکردنی کتێبەکەی کەناوەڕۆکەکەی پڕە لەهێرشی ناڕەوا بۆ سەر مام جەلال و بنەماڵەکەی و هاوکارەکانی, ئەمە لەکاتێکدا دەبوایە چەپکێك گوڵ و نامەیەکی پڕ خۆشەویستی و ئاشتەوایی راستگۆیی بۆ مام جەلال بناردایە تا گەلی کورد دوای ئەو هەموو دەردەسەرییەی لەماوەی زیاد لەچارەکە سەدەیەك چەشتی, ئاسوودەو ئارام بێت.

## بەشی سێیەم ١٩٦١ ـ ١٩٧٥

## پێشەکی ل٧

تۆمـارکردنی ڕووداوەکـانی شۆڕشـی ئـەیلوول بەلامـەوە زۆر ئاسانتربوو لەوەی لە (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی) نووسیومە, چونکە من لەسەرەتاوە لەناو شۆڕشدابووم و لەناوەندی بڕیار نزیك بووم, پاشان بووم بەبەشێك لەو ناوەندە.

لەلایـەکی تـرەوە بایـەخم دابـوو بەپاراستنی ئەرشیفی گـەورەی بەڵگەنامـەکانی شـۆڕش کـەمادەی بنـەڕەتیی بـوو بـۆ هەرکەسـێك بیـەوێت خـۆی لەقـەرەی ڕووداوێکـی گرنگـی ئاوا مێـژوویی بـدات. بـەهۆی ئەمـەوە سـەیرم کـرد زۆر پێویـستە ئـەو زانیارییانـەی لەیادەوەریمدا هەڵمگرتووەو ئەو تێبینیانەی تۆمارم کردوون و ئـەو بەڵگەنامانـەی پاراسـتوومن بەشـێکی گـرنگن لـەو سەرچـاوانەی دەربارەی شۆڕشی ئەیلول کەناشێت پشتیان پێنەبەستێ.

مێژووی ڕاستەقینەی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئـەیلوول ڕۆژی ٩ی ئـەیلوولی ١٩٦١ـە, ئـەو ڕۆژەیـە کەتێیـدا سـوپای عێـراق لەچـەند ناوچەیەکدا پەلاماری هێزە کوردییەکانی داو هێزە شۆڕشگێڕەکان زاخۆیـان ڕزگـارکرد, بـەلام مـن ڕۆژی ١١ی ئـەیلوول بەمێـژووی ڕەسمی هەڵگیرساندنی دادەنێم چونکە ڕۆژی پەیدابوونی فڕۆکـەی شـەڕکەری عێراقـی بـوو لـەئاسمانی کوردسـتانداو دەسـتیانکرد بەبۆردمانکردنی زۆر شوێن کەچەندین گوندو شارۆچکەی گرتـەوە بەتایبەتی ئەو گوندانەی دەکەونە سەر ڕێگای کـەرکوك و سلێمانی

لەگـەڵ گونـدەکانی نزیـك بەنـداوی دووکـان کەدەکەونـە نـاو دۆڵـی خەلەکان. وەنەبێت نهێنییەکیش ئاشکرابکەم کەبڵێم هەڵگیرسانی شـۆڕش لـەبارودۆخێکی تـەواو نـەگونجاودا بـوو چـونکە هێـشتا توانای ماددیو مەعنەوی بۆ سەرکرداتییەکەی فەراهەم نەبووبوو. جـا هۆشـیاریی نەتـەوەیی سـاوایەك بـوو تـازە لـەدایك بووبـوو پێویستی بەتەواویو پێگەیشتن یان هێز بوو کەیارمەتی دەدات بۆ رزگـاربوون لەکۆتوپێوەنـدی وەلائـی عەشـایەری کەلـەو سـەردەمەدا گۆڕەپانەکــەی داگیرکردبــوو هــەروەها گــەلی کــورد بەگوشــاری حکومەتو جەنگی گەورەو فراوان رانەهاتبوو بەهەموو زەحمـەتیو دەردەسەرییو مەترسییەکیەوە (..).

خـۆ ئەگــەر نوانــدنی کــەمێك هاوسـۆزی لەلایــەن دەوڵــەتێکی ناوچـەکەوە بەرامبــەر بزووتنــەوەی کــوردی هــەبووبێت کەبگاتــە رادەی یارمەتیــدانی ئــەوە بەمەبەســتی لێ نزیکبوونــەوەی بــووەو پاشان لێدانی هەروەکو شای ئێران کردی (..).

ئینجـا دەربـارەی بـەڕێوەبردنی جـەنگ دژی بـەرەی شـۆڕش, ئەوە لەڕاستیدا جـەنگێکی وەحشیگەری بـوو جیـاوازی نـەدەکرد لــەنێوان منــداڵی شـیرەخۆرەو شــەڕکەردا (..) ئــەم حکومەتانــە هەرچـییان دەسـتکەوتبێت لەچـەکی قەدەغـە بـەکاریان هێنـا, هـەر لــەبۆمبی هێـشوولییەوە تــا دەگاتــە بــۆمبی ناپــاڵمی ســووتێنەر. هـەروەها هـەموو دانیـشتوانی ناوچـە رزگارکراوەکانیـان بەشـەڕکەر لەقەڵەمـداو جیاوازییـان نـەکرد لـەنێوان ژنو منـداڵ, یـان لـەنێوان

بـەرەی جـەنگ‌و پەرسـتگاکان, یـان لـەنێوان بنکـەو بارەگـای شۆڕشـگێڕەکان لەسـەر لووتکـەی چـیاکان لەگـەڵ کەنـدە بێدیفاعـەکانی دوور لـەگۆڕەپانی جـەنگ (..) شۆڕشـی ئـەیلوولیش لەسـەرەتاوە تـا کۆتـایی بـەپاکی مایـەوە, بـەهۆی ئەمەشـەوە بـوو کەهـەموو لایـەك رێـزی لێدەگرت. ئـەوەتا ئێمـەش ئـەمڕۆ بـەری ئـەو سیاسەتەو هەڵوێستانە دەچنینەوە (..).

بـەڵێ لـەئازاری ١٩٧٥دا شۆڕشـی ئـەیلوول تووشـی نـسکۆبوو, بـەڵام راسـتییەك هەیـە پەیوەنـدیی بەنـسکۆکەوە هەیـە کـەناتوانم لێرەدا پشتگوێی بخەم. جا ئەگـەر بارزانی بەهـەر سازشـێك لەسـەر کـەرکووك رازیبوایـەو رەزامەنـدی بکردایـە لەسـەر دەرکردنـی لـەو سنوورانەی بۆ ئۆتۆنۆمی دیاریکراون ئەوە رووی نەدەدا (..).

شۆڕشـی ئـەیلوول بـەزەبری هێـزی سـەربازی نەبـەزێنرا, بـەڵکو لەڕاسـتیدا بـەزەبری سیاسـەت بـەزێنرا, لەئـەنجامی ئەوەشـدا پـشتوپەنامان لەدەسـتداو, دۆسـتی دوێنـێ لێمـان بـوو بـەدوژمنی ئەمڕۆ (..).

پرسـیارێکی مەرکـەزی بایەخداریش هەیـە تـا ئێـستا زۆر کـەس دەیکات‌و هێشتا بەخەیاڵی زۆر کەسدا دێت ئەویش ئەمەیـە: باشـە چی وای لەبارزانی کرد لەگەڵ دەرکردنی رێککەوتننامـەی جـەزائیر لە ١٩٧٥دا, بڕیار بدات شەڕ رابگرێت؟

ئـەم بڕیـارە لێکدانـەوەی زۆری لەسـەر دەرچـوو, هـەروەها شیکردنەوەی زۆرتریشی لەسەر کرا, کەهەنـدێکیان لەکەسـانێکی

دڵــسۆزو نزیــك لەبارزانیــشەوە کــرا کــەرازی نییــە لەلایەنــە سـلبییەکانی هــەر کارێــك یــان هــەنگاوێك بکۆڵێتــەوە کەئــەم سەرکردەیە جێبەجێی دەکات. هەندێکیشیان لەلایەن کەسانێکی دوژمنکارو قین لەسك ئەنجام درا کەڕازی نییە لەلایەنە باشەکانی هەر کارێك بکۆڵێتەوە. ئەم کەسانە, سەیریانکرد هەلی ئەوەیان بۆ هەڵکەوتووە لەڕێی نسکۆکەوە کەسی بارزانی بشکێنن و تەمی گومان لەدەوری مێژووی خەباتە بێگەردەکەی دروستبکەن.

ساڵی ١٩٧٥ کاتێك نسکۆمان بەسەر هات سەیرمانکرد بارزانی پیرەمێردێکی تەمەن حەفتاودوو ساڵەیە, ئەمەش تەمەنێکە حەوت ساڵی تێپەڕاندووە لەتەمەنی رەسمی خانەنشینی لەزۆرولاتی دنیادا(..).

بەڕای من, دوایوەلاخستنی سۆز, بڕیاری بارزانی بەڕاگرتنی رەوتی شۆڕش مەزنترین قوربانی بوو لەو قوربانییانەی کەئەم سەرکردەیە پێشکەشی گەلەکەی کردووە, چونکە ناوبانگو مێژووو ئێستاو پاشەڕۆژی خۆیو مێژووی خەباتیشی خستە لاوە لەپێناو ئەوەی گەلەکەی تووشی کارەساتێك نەبێت لەژێری دەرنەچێت (..).

رۆژی شەشی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ کەتێیدا بارزانی لەیەکێتیی سۆڤیەت گەڕایەوە نیشانەی یەکێتیی ریزەکانی نەتەوەبوو, ئینجا لەڕۆژی شەشی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٣ گیانی بارزانی گەڕایەوە بۆ ئەوەی ریزەکانی نەتەوە یەکبخاتەوە.

هەروەکو لەسەرەتای پێشەکی ئەم کتێبەدا ئاماژەم بۆکردووە کەلەم بەشەی زنجیرەی (بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی) هەوڵمداوە رووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوول هەر لەسەرەتاکانیەوە لە ١٩٦١ تا نسکۆی ١٩٧٥ تۆماربکەم ئەوەش بەپشتبەستن بەو تێبینییانەی لەکاتی خۆیدا تۆمارم کردوون هەروەها پشتم بەو بەڵگەنامانە بەستووە کەوریایی کۆکردنەوەو پاراستنیانم کردوەو لەنووسینەکەمدا هەوڵمداوە راشکاوی تەواوو لەزنجیرەی رووداوەکاندا رەوتی مێژوویی بەکاربێنم.

ئینجا دووبارە دەگەڕێمەوەو جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کەمن، ئەم کتێبەم بەمێژوویەکی تەواو دانانێم کەسەرجەمی رووداوەکانی شۆڕشی ئەیلوولی لەخۆی گرتبێت، هەروەها مەبەستیشی کەمکردنەوەی پلەوپایەی کەس نییە یان بەرزکردنەوەی کەسێکی تر، هەروەها توانجدان نییە لەیەکێك و باشان وباڵدا هەڵدانی کەسێکی تر بێت، بەڵکو رووداوو رۆڵەکانم وەکو خۆی کەبینومە ئاوا تۆمارم کردوون.

لەکۆتاییشدا ئەوەندەم لەدەستدێت کەداوای لێبووردن لەو پاڵەوان و تێکۆشەرانە بکەم کەلێرە باسیان نەهاتووە نە بەئەنقەست نە بەشایستەکردن بەڵکو ئەوە تەنها پێویستی رەوت خواستوویەتی هیچی تر.

زۆر سوپاسگوزاریش دەبم ئەگەر لێکۆڵەران و هەڵسەنگێنەران رەخنەم لێبگرن و ئاماژە بەو لایەنانە بکەن کەبیرم چووە، چونکە

ئــەوە بەشــێکە لەخزمــەتکردن بەڕاســتی و پاکــژکردنی مێــژوو لەڕووداوە تێچێنەکان و پێشهاتە هەڵبەستراوەکان. منیش نووسەر نیم و خۆشم ناخەمە ریزی مێژوونووس و لێکۆڵەرەکان, بەڵام ئەو ئمتیازەی هەمە بەحوکمی بوونم لەناوەندی بڕیاردان, هەروەها ببم بەیــەکێك لەدەســتەی ئــەو ناوەنــدە هانیــدام ئــەرکی تۆمــارکردنی ئەوەی پێی گەیشتم و بەشداریم تێداکرد بگرمە ئەستۆ کەبەشێکی ژیانیشمە (..) دەبێ هەمووشمان پەندووانە لەڕابردوو هەڵێنجین بۆ ئــەوەی مەرگەســاتەکە دووبــارە نەبێتــەوەو دواڕۆژێکــی بێــوەی و بەختەوەریش دروست بکەین..

لــە ١١/ ٩/ ١٩٦١دا هێزەکــانی عــیراق بەفــەرمانی عەبدولکــەریم قاســم هێرشــیان هێنایــە ســەر کۆمەڵگــەی عەشــرەتەکان و بەشــێوەیەکی تۆقێنــەر بەســەریاندا ســەرکەوت کــەوای لێکــردن لەشارۆچکەو دێهات و ناو شاخەکاندا بڵاوبنەوە لەوانەش مامۆستا مــام جــەلال کــە لەگــەڵ هەنــدێك هەڤاڵــدا پــەنایان بــردە بــەر (چــەمی رێزان) و لەوێ مانەوە.

دوای ئەوە لەشەوی ٢٤ ـ ٢٥/ ١٢ / ١٩٦١ سەرکردایەتی گشتی یەکــەمین کۆبوونــەوەی خــۆی لــە (عــەودالان) بەســت.. مــام جــەلال بــەخێرهاتنی ئــەو میوانانــەی دەکــرد کــە لەشــارو گوندەکانــەوە هــاتبوون کــەخۆیان تێــدا شــاردبۆوە, لەوانــە بــەڕێزان: ئیــبراهیم ئەحمــەد, عەبــدولڕەحمان زەبیحــی, نــووری ئەحمــەد تــەها و چــەند سەرکردەیەکی تر.. کە لە ٢٤/ ١٢/ ١٩٦١ گەیشتن.

هـەروەها بـەڕێزان: عومـەر دەبابـە, عـەلی عەبـدوڵلا, شەمـسـەدین مفتی لەگەڵ چەند هـەڤاڵێکی تـر کـەپانزه کـەس بـوون, لـه ٢٢/ ١٢/ ١٩٦١ لـە (دۆڵەڕەقـە)وە کەوتنـەڕێو لـە ٢٤/ ١٢/ ١٩٦١ گەیـشتنه عەودالان.

**ماوەی خۆسازدان بۆ هەڵگیرساندنی شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ ـ ل (٢١ ـ ٤٠)**

"رەنگیشه خوێنەر بمبەخشێ لەسەر ئەم بیرکردنەوەیەم ئەگەر دڵنیابوو هەڵقولاوی هەستکردنه بەو چاکه گەورەیەی ئەو کەسایەتییه مێژووییه بەسەرمانەوه هەیەتی, مەبەستیشم گەلی کوردە بەگشتی و هۆزی بارزانیانه بەشێوەیەکی تایبەتی, چونکه ئەو شۆڕشەی لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا سەرکردایەتی کرد هۆیەك بوو بۆ رزگارکردنی شێخ ئەحمەدی رابەرمان لەزیندان دوای ئەوەی ١١ ساڵ تیایدا مایەوە.."

"حوکمی لەسێدارەدانیش بەغیابی درابوو بەسەر مەلامستەفای بارزانی و ژمارەیەك لەهاوەڵانی ئەو دەمەی لەیەکێتی سۆڤیەت بوو, ئـەوەبوو دوا بـەدوای شۆڕشـی ١٤ی تـەمموز ئـەو حوکمـە هەڵوەشـێنرایەوەو رەتکرایـەوە, دواتـر مەلامـستەفاو هاوەڵـەکانی لەخاکی مەنفا گەڕانـەوەو وەکو قارەمانگەلێك پێشوازییان لێکراو لەلایـەن رژێمـی تـازەوە رێزێکـی زۆریـان لێنـرا, هـەروەها بـەهۆی پێداگرتنی (عەبدولکەریم قاسم)ـەوە ماددەی سێهەم لەدەستووری کـاتی داڕێـژرا کـه لـە٢٧ی تـەمموزدا دەرچـوو, لـەو ماددەیەشدا بۆ یەکـەم جـار لەمێـژووی دەوڵـەتی عیراقیـدا, بـەڵکو لەمێـژووی

کوردســـتاندا, دان نـــرا بەشـــەراکەتی کـــوردو عـــەرەب لەیـــەك نیشتماندا".

بـــەڵام پەیوەندییـــەکانی نێـــوان عەبدولکـــەریم قاســـمو پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان لەســـاڵی (١٩٦١)ـــەوە لەخراپـــەوە بـــەرەو خراپتر رۆیشت, بەتایبەتیش پاش گەڕانەوەی بارزانی لەمۆسکۆوە بەرەو بەغدا لەکانوونی دووەمی ١٩٦١دا, بارزانی راستەوخۆ پاش گەڕانـەوەی کەوتـە هەوڵـدان بـۆ دیـداری قاسـمو ئـەمیش بەدەسـتی ئەنقەسـت پـشت گـوێی دەخـستو خـۆی لەدیدارەکـە دەدزییـەوەو وەڵامێکی خێرای نەدەدایەوە, دواتر دیدارەکە لەشوباتدا سازدراو پاش دیدارەکە بارزانی وای بەباش زانی پایتەخت بەجێبهێڵێو بۆ ماوەیەك رووبکاتە بارزان, ئەمەش لەئاداردا روویدا.

لەمیانەی سەردانەکەی مۆسکۆیدا بارزانی بارودۆخی تەنگژاوی عیراقـی بەشـێوەیەکی گـشتی بـۆ سـەرانی کـرملینو بـارودۆخی کوردستانیـشی بەشـێوەیەکی تایبـەتی باسـکرد, داوایـشی کـرد دەسـتی کۆمـەكو هاوکـاری بـۆ گـەلی کـورد درێژبکـەن لەهـەموو روویەکـەوە, هـەر لـەو بارەیـەوە بـەڵێنی وەرگـرتن, نـاردنی چـەكو تەقەمەنی لەرێگای فرۆکەوەو نیشتنەوەی فرۆکەکان لەو جێگایـەی بـارزانی دەستنیـشانی دەکـات بەشـێك بـوو لـەو بەڵێنـە, بـەڵام ئـەو بەڵێنە لەبەر هۆکارگەلێکی سیاسیو تەکنیکی جێبەجێ نەکرا.

دواتـر رێگاچـارەیەکی دیکـە گیرایەبـەر, ئـەویش دیـاریکردنی بڕێك پارە بوو کەبۆ کڕینی چەكو تەقـەمـەنی لەسەرچاوەی دیکـەی

ناو کوردستانەوە بەکار بهێنرێ‌و ئەوسا گواستنەوەی ئەو چەکە کڕدراوانـە لـەرێگای قاچاخـچی نێودەوڵەتییـەوە بـۆ نـاو خـاکی کوردستان.

"باڵیۆزخانـەی سۆڤیەتیش ئەڵقـەی پەیوەنـدی نێـوان بـارزانی‌و مۆسـکۆ بـوو کـە لـەرێگای ئـەو باڵیۆزخانەیـەوە بـڕە پـارە تـەرخانکراوەکان دەهـاتن‌و دەگەیەنرانـە ناوچـەی بـارزان.. لێپرسراوی یەکەمی جێبەجێکردنی ئەم رێکەوتنەش (ناسکۆف)ی سکرتێری یەکـەمی باڵیۆزخانەکـە بـوو, نزیکـەی سێ‌هەزار پارچـە چەك کـڕدران لـەو جۆرە چەکە چیکی‌و ئینگلیزییانـەی لەجـەنگی جیهانی دووەمدا بـەکارهێنرابوون, ئـەوەش لـەماوەی نێـوان ئایارو ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١دا".

دەسەڵاتداران کەوتنە راوەدوونانی ئەندامانی پارتی, دواتـریش لەلایـەن فـەرمانڕەوای سـەربازییەوە بڕیـاری داخـستنی رۆژنامـەی خەبات دەرکرا کەزمانحاڵی پارتی بوو, هەروەها دەست گیرا بەسەر کەلوپەلـەکانی نـاو بارەگـای پـارتی, ئینجـا فـەرمانی گـرتن‌و زیندانیکردنی ئەندامەکانی پارتی دەرچوو, ئیدی هەنـدێکیان بزر بـوون‌و هەنـدێکی دیکـە رزگـاربوون‌و توانییـان خۆیـان بگەیەننـە کوردستان".

**********

**من لێرەدا دەڵێم:**

**شۆرشـــی ١٤ی تـــەمموزی ســـاڵی ١٩٥٨ بەســـەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم بەرپابوو, گەورەترین رووداویش بوو لەمێژووی عیراقدا.**

**لــە٢٧/ ٧/ ١٩٥٨دا کوردەکــانی نیــشتەجێی بەغــداو لەگــەڵ نوێنـــەرانی کـــوردی هـــەموو ناوچـــە کوردنـــشینەکان روویــانکردە وەزارەتی بــەرگری. دوابــەدوای پیرۆزبــایی کــردن لەســـەرکردە بەبۆنـــەی ســـەرکەوتنیەوە, مامۆســـتا ئیبـــبرایم ئەحمەدوتارێکی خوێندەوە کە لەئاستێکی زۆر بەرزدا بوو, تیایدا باسی لەپارچەپارچە کردنی خاکی کوردان کرد لەپاش جەنگی جیهانیی دووەمو دواتر باسی ویلایەتی موسڵو ئەو مەرجانەی کرد کەڕەچاوکردنیان پێویستە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان.**

**ئـــەوەبوو بەدوورودرێـــژی باســـی ئـــەو چەوســـاندنەوەو ستەمکارییانەی کرد کەکوردەکان بەدرێژایی مێژوو دووچاری بـوونو هـەروەها باسـی تێکۆشـانی چـەکدارانەو قوربانیدانـە قارەمانانـەکانی رۆڵـەکانی ئـەم گەلـەی کـرد لـەپێناوی ئـازادیو سـەربەخۆییداو شـێلگیرانە داوای دیموکراسـیو قاڵکردنـەوەی مافەکانی هاولاتی کوردی کرد لەسیاسەتی بەڕێوەبردنی عیراقدا.**

سەرەتا سەرکردە سوپاسی نوێنەرانی گەلی کوردستانی کردو بەڵێنی کاری بەردەوامی دا لەپێناو پاراستنی مافەکانی گەلی عیراق بەگشتیو مافەکانی گەلی کوردستان بەتایبەتی.

رووداوێکی بێوێنەبوو, دەرکەوتنی ناوی کورد لەنێوەندە نێودەوڵەتییەکانداو بۆ یەکەم جار لەپاش کۆماری مەهابادەوەو داننان بەوەی کە: (عەرەبو کورد شەریکن لەم نیشتمانەدا) رووداوێك نەبوو بەهەندوەرنەگیرێ, عەبدولکەریم قاسم بەکردەوە ئەوەی سەلماند کەدۆستی گەلی کوردەو کەکوردەکانی کوردستانی عیراق هەرگیز ئاشنای سەرکردەیەکی لەچەشنی ئەو نەبوون, ئەوەش شادیو هیوای خستە دڵی کوردەوە لەسەرانسەری کوردستاندا, هەموو لایەکیش خۆشحاڵ بوون بەوەی جارێکی دیکە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لەناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا کەوتەوە بەرچاوان.

مەسەلەی گەڕانەوەی بارزانیو یاوەرانی باسی سەردەمەکە بوو, شۆڤینیستە عەرەبو کوردەکان لەناوخۆو لەولاتانی چواردەوریشدا وەکو (ئێرانو تورکیا) هەوڵێکی زۆریان دا کۆسپ بخەنە سەر رێگای گەڕانەوەی بارزانی بەبیانووی ئەوەی گەڕانەوەکەی مەترسی دەبێت بۆسەر ئاسایشی دەوڵەت, بەلام لەسەرەنجامی ئەو تەقەللا نەسرەوتەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دای لەپێناوی پشتگیری کردن لەبیرۆکەی گەڕانەوەی بارزانیو کارکردنی بۆی, توانی رای ئەنجومەنی سەروەریو سەرکردەو

وەزیرەکـان لەسـەر ئـەم بیرۆکەیـە بـاش بکـاتو هـەروەها تـوانی دڵنیایان بکات کەگەڕانەوەی بارزانی خزمەتی شۆڕشی چواردەی تـەمموز بکـات, دواجـار بـارزانی گەڕایـەوە بـۆ عـیراق, سـەرەتاش پەیوەندییـەکی تونـدوتۆڵ لـەنێوان سـەرکردەو مەلامـستەفا دروسـتبوو, چـونکە لەگـەڵ گەیـشتنەوەی بـۆ خـاکی نیـشتمان, بـارزانی لەبـەردەم جـەماوەردا بۆچـوونی خـۆی ئاوەهـا دەربـڕی: لەسـەرکردە عەبدولکـەریم قاسـم بـەولاوە هـیچ سـەرکردەیەك نییـە, گوتیشی کەئەو سەربازێکی سەرکردەیەو ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ قوربانیدان لەپێناوی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی پیرۆزدا.

لەئاهەنگێکـدا کـەبرا فەیلییـەکان بـۆ ڕێزنـان لەمەلامـستەفا و بەبۆنەی گەڕانەوەیەوە سازیان دابووو نزیکەی ٣٠٠٠ کەسایەتی ناسراوو نوێنەرانی زوربەی پارتەکان.. پارتی کۆمۆنیست, پارتی نیـشتمانی دیمـوکراتی, نوێنـەری سـەرکردە, سـەرۆکی دادگـای شۆرش (مەهداوی) ئامادەی بوون, کۆمـەڵێك هوتـافی پشتیوانیو لایـەنگری بـۆ بـەرز ڕاگرتنـی بـارزانی گوترانـەوە کـەدەیانگوت: مەلامستەفا سەرکردەی دەوڵەتە. بارزانیوەڵامی ئەوانـەی دایـەوەو ووتـی: مـن قـەیتانی پێڵاوەکـانی سـەرکردە عەبدولکـەریم قـاسمو سەربازێکی ١٤ تەمموزی پیرۆزم.

لەیەکـــەم دیـــداری نێـــوان ســـەرکردە عەبدولکـــەریم قاســـمو مەلامستەفای بارزانیدا قاسم ئاوەها ئامۆژگاری بارزانی دەکات: "تۆ ئیمڕۆ سەرکردەو گەورەی کوردانی, تکام وایە رابوردوو لەیاد

بكرێ و لاپـەڕە بەسەرچـوەکان دابخـرێن و لاپەڕەیـەکی سپی نـوێ هەڵبدەینـەوە لەگـەڵ گـشت ئـەو سـەرەك هـۆزو کەسـایەتییانەی خراپەیان دەرهەق کردووی، بەچاوی یەکسانییەوە سەیری هەموان بکـەیت و هـەر ئـەوەش خزمـەت بەکۆمارەکـەمان دەکـات، چـونکە دوژمنـان خۆیـان لەمـەلاس داوە بۆمـان و دەبێـت وابکـەین کـە لەبەرێکیان چنگ نەکەوێ لێوەی دزە بکەن".

سـەرەتا بارودۆخەکـە بـەرەو باشـتر دەچـووو کوردەکـانیش بەگشتی خـەریك بـوو لەسـەر پێـی خۆیـان دەوەسـتان، پێـشبینی پاشـەڕۆژێکی گەشـیان دەکـرد سـەرەڕای سـاوایی ئەزموونەکـە، کەسێتی مەلامستەفاش زۆر بـەهێز بـوو چ لەبـەردەم دۆسـتان یـان دوژمنان و پلەپایەیەکی بەرزی لای سەرکردەیش هەبوو.

هـیچ گرژییـەك لـەنێوان عەبدولکـەریم قـاسمی سـەرکردەو مەلامـستەفادا نـەبوو، ٩٠٪ی داخوازییـەکانی مەلامـستەفاش جێبـەجێ کـران، سـەبارەت بەگـەلی کـوردیش هـیچ جیاوازییـەك لەنێوان هاوڵاتی کوردو عەرەبدا نـەبوو، کوردەکـان مـاف کـارکردن و مافی هەڵبژاردنیان هەبوو، بزووتنەوەی کوردیش هـەنگاوی خێـراو پۆزەتیڤانـەی بـەرەو پـێش دەنـا، ئەگـەر سـەرژمێرییەك لـەو سـەردەمەدا بکرایـە دەردەکـەوت کـە (٢٥٪) ی دانیـشتوانی عـیراق کـوردن، زوربـەی ئـەو خێزانانـەی کـە لەکوردسـتانەوە کۆچـیان کردبوو پێش ٣٠٠ ساڵ دەستیانکرد بەئاشکراکردنی ناسنامەی

نەتەوایەتی راستەقینەیان, بەتایبەتیش ئەوانەی نیشتەجێی بەغدا بوون.

پەیوەندی نێوان بارزانی و سەرکردە زۆر ئاسایی و بێ گرژی بوو, هەموو شتێك ئاسایی بەڕێوە دەچوو, لەکاتێکدا مێژوو گەواهی ئەوە بۆ سەرکردە دەدا کەئەوبوو کوردو عەرەبی پێکەوە لەچەوساندنەوەی رژێمی پادشایەتی کۆنەپەرستی بەسەرچوو رزگارکرد, ئێمەی کورد سەرلەبەر قەرزداری ئەو پیاوە نیشتمانپەروەرە مەزنەین.

دوژمنانی کۆماری عیراق, شای ئێران و حکومەتەکانی تورکیاو بەریتانیاوولاتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا لەیەکەم هەنگاویاندا کەوتنە چاندنی ناکۆکی لەنێوان عەبدولکەریم قاسم و مەلامستەفای بارزانی, واتە حکومەتی عیراق و گەلی کورد, ئەوەش لەپێناوی لاوازکردنی حکومەتی قاسم لەسەر ئاستی ناوخۆو کارکردن بۆ روخاندنی بەهۆی دژایەتی لەگەڵیانداو نزیکبوونەوەی لەولاتە سۆسیالیستەکان و بەتایبەت یەکێتی سۆڤیاتی.

لەلایەکی دیکەوەو بۆ هەمان مەبەست, هێزە شۆڤێنیستە عەرەبی و تۆرانییەکان و بەهاوکاری لەگەڵ حزبی بەعس کەوتنە پیلان دارشتن بۆ لاوازکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی کە لەپارتی دیموکراتی کوردستاندا خۆی دەنواند.

دواتر پەیوەندییەکانی نێوان عەبدولکەریم قاسمی سەرکردەو کەسی مەلامستەفا وردەوردە ئالۆزبوو, هەروەها ناکۆکی نێوان

حکومــەت‌و پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان گەیــشتە بنبەســت، داخـوازی‌و دیـدارەکانی بـارزانیش کـە لـەرێی خـودی سـەرکردەوە ئەنجامدەدراوای لێهات لەرێگای عەبدولباقی ئەلکازمی بەڕێوەبەری پۆلیسی بەغداوە رێکدەخرا، وای لێهات بارزانی زۆر بەنارەحەت دەیتوانی سەرکردە ببینێ.

مەلامستەفا تووشـی جۆرێـك لـە لـەخۆبایی بـوون هـات، کەوتـە پــشتگیریکردنی دەرەبــەگ‌و کۆلاکــەکان دوابــەدوای یاســای چاکـسازی کـشتوکاڵی (یاسـای ژمـارە/ ٣٠) لـە٣٠/ ٩/ ١٩٥٨، بەراستی ئەوە بڕیارێکی مێژوویی مەزن بوو لەلایەن عەبدولکەریم قـاسمی سـەرکردەوە بڕیـاری لەسـەردرا، هـیچ گومـانێکیش لای رابـەرانی شۆڕشـەوە نـەما دەربـارەی ئـەوەی کـەجوتیاران دەبـن بەپاڵپشتی ئەزموونەکە.

بەفـەرمانی بـارزانی کۆمـەڵێك کەسـایەتی‌وەك ئەحمـەدئاغای زێبـاری‌و سـدیق مـیران تـیرۆر کـران، ئـەو رووداوانـەش بـەقووڵی کاریان لەکەسی سەرکردە کردو ئەوەش بارەکەی بەرەو گرژی برد.

مەلامـستەفا سـەردانی شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی بـرای کـرد بەمەبەستی راکێشانی بەلای خۆیداو ئاگادارکردنی دەربارەی ئەو گرژییەی کەوتۆتە نێوان خۆی‌و سەرکردە.

لەوماوەیـەدا کـە لەناوچـەی بـارزان بـوو، هەنـدێك پڕوپاگەنـدەی مـەراماوی لـەرێی دۆسـتە نزیکـەکان‌و دوژمنانـەوە بڵاوبوونـەوە کەدەیانگوت مەلامستەفا ناگەڕێتەوە بۆ بەغداو ئیتر هەر لەبارزاندا

دەمێنێتەوە. بەڵام شێخ ئەحمەد ئەو قسانەی مەلامستەفای بەتەواوی رەتکردەوەو ناچاریکرد بگەڕێتەوە بۆ بەغدا, لەم دیدارەدا شێخ ئەحمەد لایەنگری سەرکردە بوو.

دوای گەڕانەوەی بۆ بەغدا, بارزانی دوای گرتنەبەری هەموو رێگایەك دواجار لەرێی (وەسفی تایەر)و (عەبدولباقی ئەلکازم)ەوەویستی سەرکردە ببینێ بۆ ماوەیەکی کەم, دوای هاتنەوەیشی لەبارزان هەمیشە لەبەردەم خەڵکدا دەیگوت: (پێش ١٥ ساڵ بەسەر چیا بەرزەکاندا سەردەکەوتم, ئێستایش قورس نییە جارێکی تر بەسەریاندا سەربکەومەوە), ئەم مەسەلەیە سەرنجی راکێشامو پێم گوت: جەنابی مەلامستەفا, پێدەچێ نیازێکی شاردراوەتان هەبێت.

مەلامستەفا لەسەر داوای خۆیو بەرەزامەندی سەرکردە روویکردە مۆسکۆ بۆ چارەسەری نەخۆشی, هەروەها بۆ پشودانو هەواگۆڕینو مانەوە لەناو کەسوکارو هاوەڵانیدا.

چ لەلایەن لایەنگرانیەوە چ لەلایەن دوژمنانی بزووتنەوەی کوردییەوە وا جاڕدرا کەیەکێتی سۆڤێت پشتگیری ماددیو مەعنەوی گەلی کورد دەکات تا ئەو کاتەی مەلامستەفا سەرکردایەتی بزووتنەوەکەی بکاتو ئەمیش بەسەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە عیراق, هەروەکو چۆن سەرکردە ناچار دەبێتوەڵامی هەموو داخوازییەکانی بداتەوە, بەقۆستنەوەی هەلی گەشتەکەی..

بەڵام واقیع تێشکانێکی قووڵ بووو پێچەوانەی ئەوە روویدا, هیچ کۆمەکێکی نە ماددیو نە مەعنەویشی چنگ نەکەوتو بەڕاشکاوی پێی گوترا کەئەوان دەستبەرداری حکومەتی عەبدولکەریم قاسم نابنو بەهیچ شێوەیەك دانوستان لەگەڵ حکومەتی عیراقیدا ناکەن سەبارەت بەکێشە ناوخۆییەکانی بەتایبەتیش کێشەی گەلی کورد.

مەلامستەفا گەڕایەوە بۆ عیراقو ماوەیەکی زۆر مایەوە ئەوسا سەرکردەی بینیو لەسەر زاری کەمال عوسمان ئاغاوا بڵاوبۆوە کەسەرکردە بەمرومۆچییەوە پێشوازی کردوەو بەکەسێکی فێڵاوی داناوە کەراستگۆ نییە لەقسەکانیداو جێی گومانە لەرەفتارەکانیدا.

**تێبینی**

١- بەپێی ئاگاداریو زانیاری من, لەکاتی گەڕانەوەی بارزانیو هاوەڵەکانی لەمەنفا هەریەکێکیان بڕی ١٠٠ دۆلاریان پێبوە کەیەکێتی سۆڤێتوەکو خەلات پێی دابون, ئەوەش بەرامبەر ٣٣ دینار بوو, بارزانیش ماوەی ٤٢ رۆژ لەئوتێلی (سەمیرئەمیس) مابۆوە بەبێ ئەوەی کرێی ئەو مانەوەیەی پێ بدرێ, هەتا کەسەرکردە فەرمانی پێدا کۆچ بکات. لەوێ من خۆم کرێی ئوتێلەکەیم دا کە (١٤٧٠) دیناربوو, بەهەموویشی (٥٠٠٠) دینارمان پێ بوو, دوای دانی کرێی ئوتێلیش بارزانی فەرمانیدا بەبەجێهێشتنی ئوتێل.

٢ـ ئەگەر ئەو سیاسەتە سۆڤێتییە نەبوایە کەخۆی لەپاڵپشتی کردنـی حکومـەتی عەبدولکـەریم قاسمـدا دەبینییـەوە پـارتی کۆمۆنیست ئێستا لەدەسەڵاتدا دەبوو, لەخۆپیشاندانێکی گەورەدا کەکۆمۆنیستەکان رێکیان خست, بەیەك دەنگ لەبەردەم وەزارەتی بەرگریداو دوای ئەوەی بەشەقامی رەشیددا تێپەڕین دەیانگوت: "پارتی کۆمۆنیست لەدەسەڵاتدا داوایەکی مەزنە".

خەریك بوو دەستیان دەگرت بەسەر کاروباردا چونکە زوربەی زۆری گـەلی عـیراق و هێـزە چـەکدارەکانیان پێکـدەهێنا, بـەڵام بەفەرمانێکی یەکێتی سۆڤێت ناچاربوون دروشمەکەیان کەدەیگوت (پـارتی کۆمۆنیـست لەدەسـەڵاتدا داوایـەکی مەزنـە) بکێـشنەوە دواوە, بـەهۆی نـاڕەزایی سـۆڤێتەوە, کـەوا دیـارە سـەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان بەسەر کورسی دەسەڵاتدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی سۆڤێت نەدەگونجاو دژی سیاسەتەکەیان بوو.

٣ ـــ لەیەکـــەم رۆژی راگەیانـــدنی شۆڕشـــی ئۆکتۆبـــەرەوە بەرابەرایـەتی لینـین و هـەتا رۆژی ئـەمڕۆ لەدۆسـییەکانی یـەکێتی سۆڤێتدا بەهیچ شێوەیەك ناوی کێشەی کوردەکان نەبراوە.

٤ ـ وابـاوبوو کـەبارزانی سـەرکردە, پلـەی ژەنـەڕاڵی لەیـەکێتی سۆڤێتدا بەدەست هێنابێت, ئەوەش هەمووی قسەی پڕوپووچە, راسـتی مەسـەلەکە بـەم چەشـنە بـوو: مامەڵـەی دەسـەڵاتدارانی سۆڤێت لەگەڵ مەلامستەفاو یاریدەدەرەکانی مامەڵەیەکی خراپ بـوو, دابەشـیان کردبـوون بەسـەر شـارو دێهاتـەکانی یـەکێتی

سۆڤێتدا, هەریەکەیان بەجیاو هاوکات لەگەڵ پشتگوێ خستنی باری گوزەرانیان, کەسەرکردەی کورد مەلامستەفای بارزانی هەندێك ئیشی کردوە بۆ ئەو نەشیاون, وەکو قەسابیو کارگوزاری, بەپێی زانیاریو بەدواداچوونی خۆم ئەم راستیانە دەخەمە پێش چاو:

دەزگای هەواڵگری روسی کەبە (KGB) ناسراوە بەرزترین دەسەڵات بوو لەناو یەکێتی سۆڤێتدا, زیاتر بەو هێزو توانایەوە کەهەیبوو لەحکومەتێك دەچوو لەناو حکومەتدا. ئەوان لەوێ گوێیان هەڵدەخست بۆ هەموو روداوێکی جیهانی کە لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانیاندا بوایە, کارەکانی خۆشیان رادەپەڕاند بەبێ پرس وڕاکردن بەحکومەتی مەرکەزی, هەر ئەوانیش توانییان کودەتا بەسەر گۆرباچۆفدا بکەن.

سکرتێری یەکەم لەباڵیۆزخانەی روسیا لەبەغدا, ناسکۆف, توانی خۆبەخۆ کاربکات بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو پلانەی لەئارادا بوو, بڕیاریش لە (KGB)ـەوە دەرچووبوو بەو سیفەتەی ئەو ئەندامی ئەو دەزگایە بوو.

لێرەدا حەز دەکەم زانیارییەك بخەمەڕوو, ئەویش ئەوەیە کەیەکێك لەو بارزانییانەی لەروسیا گەڕابوونەوە, لەساڵی ١٩٦٣ لەناحیەی سەنگەسەربوو, لەبارەگای بارزانیش رۆژانە کاروبارەکانی شۆڕشی بەئاشکرا دەنووسیەوە, دواتر تۆمەتی کارکردنی درایە پاڵ بۆ (KGB), تۆمەتەکەش لەساڵی ١٩٧٤

بەسەریدا ساغ بۆوە کەدەرکەوت لەچوارچێوەی تۆڕێکی سیخوڕیدا کاری دەکرد بۆ خزمەتی یەکێتی سۆڤێتو لەرێی کارمەندێکی باڵیۆزخانەی روسیاوە, ئیدی دەستی کەوتەڕووو تۆمەتەکە بەسەریدا چەسپاو دواتر گوللەباران کرا.

دوای ئاڵۆزتربوونی بارودۆخەکە لەنێوان عەبدولکەریم قاسمی سەرکردەو مەلامستەفا, بارزانی بەشێوەیەکی کتوپڕی بەغدای بەجێهێشت, هەواڵیش وەها بڵاوبۆوە کەبارزانی روویکردۆتە بارزان دوای گرژبوونی بارودۆخەکە لەبەر گەلێك هۆ, لەوانە کوشتنی ئەحمەدئاغای زێباریو سدیق میرانی, ژمارەیەکی زۆریش لەکادرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی ئەو رووداوانەی لەکەرکوكو موسڵ روویاندا پێچرانە زیندانەکانەوە.

لەگەڵ گەیشتنیشی بۆ بارزان, ژمارەیەکی زۆر چەکدارو هەروەها هەندێك لەسەرەك خێڵەکان لەدەوری گردبوونەوە کەهەر ئەمەش تووشی جۆرێك لە لەخۆبایی بوونی کرد, بەهەڵەشوەها بارەکەی لێکدایەوە کەسەرکردە لاوازەو چواردەوری تەنراوە بەدوژمنی ناوخۆییو دەرەکی, ئینجا دەستیکرد بەپلان داڕشتن بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئارەزووە تایبەتییەکانیو بەگوێرەی مەزاجی خۆی, رۆڵی سەرەکیش لەمەدا هی هۆزەکان بوو, بۆ ئەوەش بارزانی بەنهێنی پەیوەندیکرد بەحەوت سەرەك هۆزەوەو داوای لێکردن چەکدارەکانیان کۆبکەنەوەو هەندێك خاڵی پشکنین

دابنـێن, لەوانـەش کەسـایەتی پلـەدارو سـەرەك هـۆزی ئاکۆیـان (هەباسی مەمەندئاغا).

لـەو کاتـەدا حاڵـەتێکی ئامادەباشی وخۆسـازدان سەرانـسەری کوردستانی گرتەوە, بەداخەوەش بارزانی وای بۆ چوو کەسەرکردە پەیوەندی پێوە دەکاتو خۆی داوای ئەوەی لێدەکات کەئەوپەڕی توانـای بخاتەگـەڕ لـەپێناو هێورکردنـەوەی بـارە ئاڵۆزەکـە, هـەموو بۆچـوونەکانی بـارزانیش هەڵـە دەرچـوون, بارەکـەش تـەواو تەنگژاوی بوو.

لێرەدا سێ پرسیار قوت دەبنـەوە: ئایا بارزانی لـەدەرەنجامی خـراپ رەفتارکردنیـەوە تێـوەگلا؟ یـان ئـەوە کـارێکی پـلان بـۆ داڕێـژراوبوو؟ یـان پلانێکـی دەرەکـی پـۆخڵ بـوو؟ لەکاتێکـدا هـیچ پیلانێـك لـەئارادا نـەبوو, یـان هـیچ داوایـەکی سـەختو ئەسـتەم لەلایەن ئەو سەرەك هۆزانەوە کەدژی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ۱۹۵۸/۹/۳۰ دەوەستانەوە لەئارادا نەبوو.

بـارزانی تـەواوی تەقـەلاکانی خـۆی خـستەکارو لەکـەناڵی جیاجیـاوە هەوڵیـدا پەیوەنـدی بەعەبدولکـەریم قاسمـەوە بکـات لەپێناو ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە, بەڵام لـەوەدا سـەرکەوتوو نەبوو ئەگەرچی پەنای بردە بەر پاڕانـەوەش. سـەرەڕای ئاگـاداریی سـەرکردەش لـەبارەی هـەموو پلانـەکانی بـارزانی و ئـەو کارانـەش کـەپێی هەسـتا, بـەڵام بایـەخێکی ئـەوتۆی پێنـەدا, بـەڵکو تـەواو پشتگوێی خست.

لەگــەڵ ئەوەشــدا کــەبارزانی پــاش شکــستهێنانی لەبەئــەنجام گەیانــدنی ئــەو پلانانەیــدا کەدەیویــست لەڕێیانــەوە ســەرنجی سەرکردە بەلای خۆیدا رابکێشێ, لەکەناڵێکی زۆرەوە دەستیکرد بەهــەوڵی نزیکبوونــەوە لەعەبدولکــەریم قاســم, بــەلاّم هــەموو هەوڵەکانی شکستیان هێنا.

ئەمە نموونەیەکە:

لەگەڵ کاك (عوبێدوڵڵا بارزانی)دا بووم کەنامەیەکی بارزانیمان گەیاندە دەستی سەرکردە, ئەوکات ماڵی سەرکردە لە(بەتاوین) بوو, دوای خوێندنەوەی نامەکە تووڕەیی لەڕوخساریدا دەرکەوت‌و بەشێوەیەکی شایستە مامەڵەی لەگەڵ عوبێدوڵڵادا نەکردووتی:

(چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد مەلامستەفا ئەمەم دەرهەق بکات لەگەڵ ئەو هەموو کۆمەکەی من پێشکەشم کردو سەرەڕای ئەو هەموو رەخنانەی بەهۆی ئەوەوە تووشیان بووم چ لەناوخۆو چ لەدەرەوەو وێڕای ئەو پڕوپاگەندە نیازگڵاوانەی لەدژم بڵاوکرانەوە بەهۆی ئەوەوە, شۆڕشی ١٤ی تەممووزیش نەبوایە دەبوو هەموو تەمەنی لەمەنفا لەڕوسیا بەسەر ببردایە, ئیدی چۆن توانی ئەو تاوانە گەورەیە ئەنجام بدات‌و خاڵی پشکنین دابنێت بەڕووی سوپاو جەماوەری عیراقدا؟ چۆن مافی دا بەخۆی هاولاّتیان‌و بەتایبەتیش هەندێك لەسەرەك هۆزەکان بەوە تاوانباربکات کەلایەنگری حکومەتن, ئایا لەبیری چۆوە کەهەموو جارێك لەبەردەمی جەماوەردا دووبارەی دەکردەوە کەیەکێکە

لەسەربازەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموز, ئێستاش خاڵی پشکنین دادەنێت بەڕووی سەربازەکانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزدا؟)

شەڕو کوشتار لەگەلێك میحوەرو بەرەوە بەهێرشێکی بەرفراوانی حکومەت بۆ سەر تێکڕای کوردستان هەڵگیرساو تیایدا حکومەت سەرکەوتنێکی بەرچاوی دەستەبەرکرد, چونکە هێزەکانی هۆزە چەکدارەکان تووشی شکستو کشانەوە هاتن, لە (٣٠٠ ـ ٤٠٠) چەکدار زیاتر کەس لەدەوری بارزانی نەمایەوەو لەئەنجامدا هەموو ئەو هێزانە پەرتەوازەبوونو بارزانی لەناوچەی بەرواری بالا لەنزیکی سنووری تورکیا بەیاوەری (٤٠٠) چەکدار گیرسایەوەو لەوێوە کەوتە نامەناردن بەرەو تورکیاو سوریا بۆ داواکردنی مافی پەناهەندەیی, بەڵام هەردوو دەوڵەت ئەو داوایەیان رەتکردەوە بەپێی گوتەی هەریەك لەبرایان (عەگید سدیق)و (عەلی عەسکەری) کەهەردووکیان زۆر نزیك بوون لەکەسی مەلامستەفاو هەر خۆشیان ئەو نامانەیان نووسیوەتەوە لەسەر داوای بارزانی خۆی بەئاگاداری گەلێك کەس.

چارەنووسی گەلی کورد بەسترایەوە بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوەو هەموو لایەك لەژێر فەرمانی مەلامستەفادا بوونو هەر خۆی خاوەنی بڕیاری کۆتایی بوو لەهەڵبژاردنی یەکێك لەسێ حاڵەت (ئاشتی یان شەڕ یان کۆتایی هێنان بەبزاڤی کوردایەتی), زوربەی هەرەزۆری گەلی کورد دایانە پاڵ مەلامستەفاو لەپشتیەوەوەستان ئەو کاتەی شۆڕشی راگەیاند لە ١١/ ٩/ ١٩٦١

جگـه لەهەنـدێك سـەرەك هـۆز کەچـوونە پـاڵ حکومـەت و نـاونران (جـاش) وەکـو (زێبارییـەکان و هەرکییـەکان و برادۆسـتییەکان و سورچییەکان و دۆڵەمەڕییەکان).

پـارتی کۆمۆنیـست بەیاننامەیـەکی دەرکـرد تیایـدا شۆڕشـی کوردی مەحکوم کردو رایگەیانـد کەئەو شۆڕشە لەلایـەن کۆمـەڵێك دەرەبـەگ و ئاغـا و کۆنەپەرسـتەوە بـەڕێوەدەبرێ لـەدژی شۆڕشـی ١٤ی تەمموز, لەئەنجامیشدا پەیوەندی نێـوان پـارتی و کۆمۆنیـست گـرژو ئـاڵۆز بـوو, بـەڵام دوای پـتر لـە ١٤ سـاڵ راستی ودروسـتی بۆچـوونی کۆمۆنیـستەکان و هـەروەها هەنـدێك لەسـەرەك خێڵـەکان سـەلما کـەدڵنیابوون هــەتا مەلامـستەفا رابـەری شـۆڕش بێـت چارەنووسی شۆڕش داڕمان دەبێت, هـەرواش بـوو, لـەمانگی سێی ١٩٧٥دا بزاڤی کوردایەتی هەرەسی هێنا و هیچ بەرەنگارییەك نـەما هەتا ساڵی ١٩٩٠, ئەگینا هەتا ئێستا دەوڵەتی کوردی دادەمەزرا.

بەپێی ویـستی خوداوەنـد هەمیـشە هەڵـەکانی مەلامـستەفاو مەسعود بارزانی و ئەو تەنگژانەی ئەوان بۆ گەلی کوردیان دروست کردوە کلیلی سەرکەوتن بوە بۆ سەدام حسێن.

خوێنەری بەڕێز, بـۆ زانیاری و ئاگاداریت تکایـە, بەڕێز ئـەیوب بارزانی کـەبرازای مەلامستەفایەو زاواشیەتی, ئێـستا دانیشتووی شــاری (جنــێڤ)ــە لەسویــسرا, کتێبێکــی دانــاوە بــەناوی (بەرهەڵـستکاری کـوردی بـۆ داگیرکـردن لـەنێوان سـاڵانی ١٩١٤ ــ

١٩١٨)، لەلاپەڕەکانی (٢٤٦ ـ ٢٤٧)یداو بەبێ هیچ زیادو کەم ئاوا هاتوە:

مەلامستەفا دەرکی بەگرنگی ئەو پڕوپاگەندەیە کرد کەسەرکردەکانی پارت لەکاتی ئامادەنەبوونی خۆی کردبوویان‌و ئەو کاریگەرییە گەورەیەی ئەو پڕوپاگەندانە لەسەر کۆمەڵگای کوردی هەیانبوو کەتازە ئاشنای هونەری پڕوپاگەندە دەبوو، دەیزانی دەرەنجامی ئەوەیە بەو شێوە چاوەڕوان نەکراوە خاوەنی جەماوەرەو، دەرکی بەوە کرد کەپڕوپاگەندە شتی بڕوا پێنەکراو دەکاتە بڕواپێکراو، بێگومانیش گەمژەییەکی ئاشکرای لەهوشیاری میللیدا بەدیکردو دەیزانی کەهاوڵاتیان ئامادەییان تێدایە بڕوا بەمەحاڵیش بکەن، بیرێکی باش‌و خەیاڵێکی تەڕیشی هەبوو، هەروەها قسەکەرێکی بەتواناش بوو بەڕادەیەك لەتوانایدابوو جۆش‌وخرۆشی گوێگرەکانی بورووژێنێ لەرێگەی گێڕانەوەی رۆڵی خۆی لەم شەڕو ئەو شەڕدا، توانایەکی لەڕادەبەدەریشی هەبوو لەگێڕانەوەی وردەکارییەکانی روداوەکانداو بەپێی زنجیرەبەندی خۆیان‌وەها کەگوێگری‌وا لێدەکردواهەست بکات بەڕاستی لەبەردەم دیمەنێکی سەرنجڕاکێشدایە.

هەمزە عەبدوڵڵای سکرتێری پارت بەجۆرێك لەبێتاقەتییەوەوتی کەمەلامستەفا قسەی بۆ کردوەو گوتوویەتی: هێزەکانمان گەیشتبوونە کەنارەکانی رووباری ئاراس‌و تانکە

ئێرانییەکان بەدوومانەوەبوون, یەك تانکیش لەوانی دیکە جیا بوبووەوە بۆ راونانی خۆم بەتەنها, ئەم تانکە تەواو بێزارو ماندووی کردمو چەند سەعاتێك دەرفەتی ئەوەی لەبەردەمدا نەهێشتم کەخۆم بشارمەوە, ناچاربووم رووم لەبەردێکی زەبەلاح کرد, لەگەڵ ئەوەشدا تانکەکە ئامادە نەبوو وازم لێبهێنێ, ئیدی من بەچواردەوری بەردەکەدا دەسووڕامەوەو تانکەکە بەدوامدا هەتا کاپتنەکەی تووشی بێهیوایی و ماندووبوون هاتو دواجار بەناچاری ملیدا بۆ ئەوەی هەلی دەستگیرکردنی من یان کوشتنم ئەستەمەو بەو شێوەیە کلکی بەدوای خۆیدا بەکێش کردو گەڕایەوە.

**********

### کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی ل٢٣

لەکۆتایی ساڵی ١٩٦١ کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی سازدرا بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی بارودۆخی نوێوەو خۆسازدانو ئامادەکاری پێویست بۆ روبەڕوبوونەوەی‌و بڕیاردرا کەبەر لەهەر شتێك یاداشتنامەیەك پێشکەش بەعەبدولکەریم قاسم بکرێ, ئەوەبوو ئەو یاداشتنامەیە ئامادەکراو لەکۆتایی مانگی تەمموزی هەمان ساڵدا بۆی بەرزکرایەوە, مەبەستیش لەوە نەهێشتنی ئەو تەنگژەو ناکۆکییەبوو کە لەنێوان قاسمو پارتیدا هەبوو, هەروەها بۆ گێڕانەوەی ئارامی‌و هێمنی بۆ ناوچەکەو بەرگرتن لەخراپتربوونی بارودۆخەکە. بەلاّم قاسم هیچ گوێیەکی پێنەداو

بارەکـە خراپتربـوو, نـاکۆکی و کـەلێنی نێـوان پـارتی و بـارزانی لەلایەکەوەو پارتی و قاسم لەلایەکی ترەوە قووڵتر بۆوە.

بڕیـاری دووەمـی کۆبوونەوەکـەش پەیوەسـت بـوو بەهـەنگاوی دوهەمەوە (واتـە هـەنگاوی پاش پشتگوێ خستنی یاداشتنامەکە لەلایەن قاسمەوە), هەموو راکانیش لەسەر ئەوە کۆك بوون کەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕش هێشتا نەهاتوەو دەبێت بەزووترین کات و بێ دواخستن ئامادەباشـی بکـرێ بـۆیو زۆرتـرین بـڕی چـەك کەڵەکـە بکـرێو سـەرلەبەری گـەلی کـورد پڕچـەك بکـرێ ووره‌ی بەبـەردا بکرێتـەوەو دەسـت بکـرێ بەخۆسـازدان بـۆ وەڵامدانـەوەی هـەر هێرشێکی حکومەت بۆ سەر هەر ناوچەیەکی کوردستان, دوای ئەم بڕیـارەش بـەڕێز جـەلال تاڵـەبانی نێردراوێکـی نـارد بـۆ لای بـەڕێز مەلامستەفای بـارزانی لـەپێناو وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی لەسـەر ئـەم بڕیارانـــەووەرگرتنی ڕێنمـــایی پێویـــست لێـــی, نامەیەکیـــشی بـــەنێردراوی تایبـــەتی (ســـاڵح مـــیران)دا نـــاردبوو تیایـــدا رادەی ئامادەباشی هۆزەکانی روونکردبۆوە بۆ بەرزکردنەوەی مەسەلەکەو هاتنە پاڵ بارزانی.

لـە١٢ی تـەمموزی ١٩٦١ تاڵـەبانی گەیـشتە بـارزان (..), لـەوێ هـەموو شـتێکی بـۆ روونکـردەوە سـەبارەت بـەو بڕیارانـەی دراونو ئامـــادەیی مەکتـــەبی سیاســـی بـــۆ هـــەموو پێـــشهاتێك و رای بارزانی وابوو کەبەردەوام بن لەئامادەباشییاندا تا بەدەستهێنانی

ئەوپەڕی توانا بۆ روبەڕوبوونەوەی دەسەڵاتداران, بەڵام رووداوەکان زۆر بەخێرایی بەرەو پێشەوە چوون تا ئەوەی لەکۆنترۆڵدا نەمان.

**پاشکۆی یەکەم**

یاداشتنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی ترسناکی بارودۆخی کوردستان ل (٤٥٥ ـ ٤٦٠) لەبەرواری ٣٠/ ٧/ ١٩٦١, بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرکردەی بالای هێزەچەکدارەکان, لیوا روکن عەبدولکەریم قاسم.. تیایدا هاتوە بۆ رێگرتن لەپیلانەکانی ئیمپریالیزم و کۆمپانیا نەوتییەکان و کلك و گوێیەکانیان و لەپێناو قاڵکردنەوەی یەکپارچەیی راستگۆیانەی عیراق, داوا لەهەموو پارتەکانیش دەکەین پشتگیری لەخەباتمان بکەن کە لەپێناو پاراستنی یەکێتی عیراق و بەهەدەر نەدانی خوێنی رۆڵەکانی گەلی عیراق و رەتدانەوەی ئەو پلانە ئیمپریالیستییانەدایە کەمەبەستیان تەفروتوناکردنی گشت دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی نەمرە بەنیازی گێڕانەوەی قەڵەمڕەوی ئیمپرالیزم و کۆنەپەرستی بۆولاتەکەمان.

**پاشکۆی دووهەم**

نامەیەك بۆ بەڕێز مەلامستەفای بارزانی, لەساڵح میرانەوە, لەبەرواری ٣٠/ ٦/ ١٩٦١, ئەمەی تیادا هاتوە: (بارودۆخی خانەقین هەتا خۆشناوەتی ئەوەندە باشە تائەو رادەیەی خۆشحاڵتان دەکات, هەمووش چەکدارو ئامادەو چاوەڕێی

فەرمانتانن, بەڵام بێزاری دەست پێنەکردنی جموجووڵن, لەبارەی ئەمەشەوە قسە لەگەڵ مام جەلالدا دەکەن.

*********

**لێرەدا دەڵێم:**

لەکۆتایی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦١دا کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی بەسترا دەربارەی بارودۆخی نوێ و هەنگاونانی پێویستو ئەو ڕێوشوێنانەی دەبوو بگیرێنەبەر, دوای هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکەش لەهەموو لایەنەکانیەوە, گرنگی درا بەو تەنگژەیەی نێوان کەسی سەرکردەو بارزانی, ئەو تەنگژەیەی بەبنبەست گەیشتنی بارودۆخەکەی لەخراپەوە بەرەو خراپتر دەبرد, ئەمە جگە لەو ڕووداوانەی لەموسڵ و کەرکووك ڕوویانداو هێندەی دیکە هەلومەرجەکەیان دژوارترکرد پاش دەستگیرکردنی هەندێك ئەندامو کادری دیموکراتی کوردستان بەهۆی هاوکاریو بەشداری ڕاستەوخۆیان لەگەڵ پارتدا.

لەوێدا دوو بۆچوون هەبوون لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشە قووڵەکەوە..

١ . بۆچوونی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بەم شێوەیە بوو:

لەماوەی دووساڵدا پارتی دیموکراتی کوردستان توانی ڕێکخستنەکانی دروست بکاتو ڕیزەکانی تۆکمە بکات, پارتیش بەتەواوەتی کوردستانی کۆنترۆڵ کردوەو لەحاڵێکی ئامادەباشی

تەواودایە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی قاسم بۆ سەر کوردستان.

لەولاشەوە پارتی کۆمۆنیست هەیە بەو جیاوازییە ئایدیۆلۆژیو ناکۆکییەی لەبیری سیاسیدا لەگەڵ پارتدا هەیەتی, بەتایبەتیش دەربارەی حکومەتی قاسم, چونکە کۆمۆنیستەکان بڕیاریان داوە کەپشتی سەرکردە بەرنەدەنو ئەگەری ئەوە هەیە پشتگیریی بکەن لەکاتی دژایەتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا.

هێزێکی دیکەش هەیە کەهێزی هۆزەکانە کەزوربەی هەرەزۆریان لەدەوری کەسی بارزانیدا گردبوونەتەوەو لەژێر فەرمانیدان, ئەوەش وەکو پشتگیرییەك نا بۆ بارزانی, بەڵکو بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای چاکسازی کشتوکاڵ ژمارە (٣٠).

بەشێکیش لەسەرەك هۆزەکان سەر بەپارتینو لایەنگری بارزانین بەو پێیەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە, تەنها کەمێکیشیان لەوانەی ناوچەی بادینان لایەنی سەرکردە دەگرن بەهۆی دوژمنایەتی بارزانی بۆ زێبارییەکانو هۆزی دیکەی لەو چەشنە.

دەریشکەوت کەزۆرێك لەهۆزەکان جێگای متمانەو پشت پێبەستن نین لەتەنگانەدا بەتایبەت لەکاتی هەلایسانی جەنگدا, چونکە ئامادەی قوربانیدان نین لەپێناوی کوردستاندا.

سەرەڕای لاوازی حکومەتی قاسم لەناوخۆو لەدەرەوە, بەلام بەبەراورد لەگەڵ هێزی کوردانو تواناو ئامادەییان دەبینین

جیاوازییەکی گەورە هەیە لەڕووی چەكو داراییەوە, چونکە لەشکری عیراق تەیارکراوە بەتازەترینو چاکترین کەرەستە, لەکاتێکدا چەکدارەکانی هۆزەکان میلیشیاگەلێکن ئەو تفەنگانە بەکاردەهێنن کە لەجەنگی دووەمی جیهانیدا بەکاردەبران.

ئێمە (هێشتا قسەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدە) ئامادە نین شۆڕش رابگەیەنین, رووخاندنی حکومەتی قاسمیش لەبەرژەوەندی گەلی کورددا نییە, سەرەڕای ئالۆزبوونی وەزعی نێوانمان لەئێستاداو بەرەو خراپتر چوونی بەردەوامی رۆژ لەدوای رۆژ, دەستێکی شاراوە لەناو حکومەتی قاسمدا کار بۆ ئەوە دەکاتو پیلان دەگێڕێ تا کوشتار دەست پێبکات, بەهەمان شێوەش دەوڵەتانی ناوچەکەو زۆربەی وڵاتە عەرەبیو بیانییەکان کەحکومەتی قاسمیان بەدڵ نییە, هەموو لایەك کار بۆ ئەوە دەکەن جەنگ لەناوماندا بەرپاببێت, لەبەر ئەوە بەرژەوەندی ئێمەی گەلی کوردو ئەرکی سەرشانمانوا دەخوازێت ئەوپەڕی توانامان بخەینەگەڕ بۆ هێورکردنەوەی هەلومەرجی ئاڵۆزبوو بەهەر شێوەیەك بێتو پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نەرم بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکەو گێڕانەوەی هەلومەرجی ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٠, بەتایبەتیش لەنێوان سەرکردەو بارزانیو رێگەنەدان بەسەرەك هۆزەکانو گرووپە توندڕەوەکان یاسا ببەزێننو بەسەریدا بازبدەن.. دەبا هەوڵ بدەین ئەم دەرفەتەمان لەدەست نەچێ کە لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانماندایەو سەرلەنوێ بارودۆخ

هەڵبسەنگێنین و واز لە لەخۆبایی بوون و بیرۆکەی چەك هەڵگرتن بەڕووی حکومەتی نیشتمانیدا بهێنین چونکە ئەوە زیان بەبەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان دەگەیەنێت.

٢. بەڵام ئەوانەی دوای بۆچوون و ئارەزووەکان و پیلانی بارزانی کەوتبوون, هەڵوێستەکەیان بەم شێوەیە هەڵدەسەنگاند:

گەلی کورد لەسەرانسەری کوردستاندا لەدەوری بارزانی گردن, زوربەی زۆری سەرەك هۆزەکان لایەنگری بارزانی بوون وەك سەرکردەی گەلی کوردو خاوەنی تاکە بڕیار لەبڕیاری (جەنگ و ئاشتی)دا.

لەگەڵ ئەوەشدا کەهەڵوێستی پارتی کۆمۆنیست وەکو لایەنگرو بەرهەڵستکاری حکومەتی قاسم راستییەکەو هەیە, بەڵام ئەو پارتە لەبەردەم هێزو توانای پارتی دیموکراتی کوردستاندا لاوازەو هەرگیز چەك بەڕووی شۆڕشی کوردیدا هەڵناگرێ. سەبارەت بەهێزە چەکدارەکانی حکومەتی قاسمیش ئەوە ئامادەی جەنگ نین لەدژی شۆڕشی کوردان لەبەر گەلێك هۆکار, سوپا لەناوخۆیدا پارچە پارچەیە, ٢٥٪ی کوردەو ناچێتە جەنگەوە, زیاتریش پێدەچێت بێنە ریزی ئێمەوەو بڕواش ناکەین بەشەکەی دیکەش جەنگی پێ پەسەند بێت.

لەم هەلومەرجە ناسك و هەستیارەدا, ئومێدەوارم بارودۆخەکە لەبەرژەوەندی گەلی کورددا بێت, بۆیەو بۆ ملکەچ کردن بەحکومەتی قاسم تا بەدەم داواکارییەکانمانەوە بێت بۆیە

پێویسته یاداشتنامەیەکی توندوتیژ پێشکەش بکەین, هەرواش بوو. لە٣٠/ ٧/ ١٩٦١داو بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە یاداشتنامەیەك پێشکەش کرا بەعەبدولکەریم قاسمی سەرەك وەزیران و سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە دەربارەی ترسناکی بارودۆخی کوردستان, لەرێگای دەزگاکانی ئاسایشیشەوە گەیشتە دەستی عەبدولکەریم قاسم, هەر لەگەڵ وەرگرتنیشی هەستی بەتەپڵی جەنگ کرد تیایداو زانی کەئەوە بەفەرمانی بارزانی نوسراوە ئەگەرچی مەکتەبی سیاسی ئیمزای کردوە.

بۆ بەرژەوەندی بارزانی ئەو یاداشتنامەیە بەدەستی ئەنقەست و بەهەزاران وێنە بەسەر هاولاتیان و دەزگا حکومییەکان و رێکخراوەکانی پارتە عەرەبییەکان و پارتی کۆمۆنیستدا دابەش کرا.

لەکۆبوونەوەیەکی پارێزگاری سلێمانیشدا لەگەڵ چەکدارانی هۆزەکاندا لەحەوزی دوکان کەبۆ گوێگرتن لەداواکارییەکانیان و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بەسترا, کەسایەتییەکی ناسراو دەرکەوت, ئەویش عومەر مستەفای ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بوو کە بە(عومەر دەبابە) ناسراوە, عومەر دەبابە هەوڵیداوێنەیەکی یاداشتنامەکە بدات بەپارێزگار, بەلام ئەم قایل نەبوو لێی وەربگرێ چونکە پێشتر ناوەرۆکەکەی دەزانی و دەیزانی سەرکردە پێی پەست دەبێت, وەلامی دایەوە: نەهاتوومەتە ئێرە بۆ

دیتنـــی تــۆ, بــەڵکو بــۆ تۆمــارکردنی داواکــاری هۆزەکــانو بەرزکردنەوەی بۆ سەرکردەو هیچی دیکە.

ئـەو کوتلەیـەی لایـەنگری بوونوێنەیـەکی یاداشـتنامەیەکیان هــاوپێچ لەگــەڵ راپــۆرتێکی تێروتەســەل لەمــەڕ هەڵوێــستەکە بــەرزکردەوە بــۆ قاســم ســەرەڕای ئــەوەی دەیــانزانی هــەمووی بەفەرمانی بارزانی رێکخراوە, قاسمیش پشتگوێی خست, بەوەش هەلومەرجەکە خراپتر بووو ناکۆکی نێوان قاسمو بارزانی قووڵتر بـۆوەو لـە ١٢/ ٧/ ١٩٦١ مامۆسـتا جـەلال تاڵـەبانی بـۆ هــەمان مەبەست لەگەڵ بارزانیدا کۆبۆوە.

ئەو کاتە لەکۆبوونەوەکەدا کار بۆ هەنگاوی دووهەم کرا, واتـە لــەکاتی وەڵام نەدانــەوەی قاســم بــۆ یاداشــتنامەکەو بــەجێ نەگەیاندنی داواکارییەکانمان بەوردیو نەگێڕانەوەی بارودۆخەکە بۆئەوەی لەسالانی ١٩٥٩ـ١٩٦٠ لەسەری بوو, دەبێت بڕیارێکی تایبەتی بدەین لەبارەیەوە.

لەهەمانکاتـدا بـارزانی, سـاڵح میرانـی نێـردراوی تایبـەتی خـۆی نـاردە لای ســەرەك هۆزەکـان لـەپێناوی کۆکردنـەوەی زۆرتریـنـی چەکدارو ئامادەکردنیان بۆ ملدان بەقاسم تا وەلامی داواکارییـەکان بداتــەوەو دواجـاریش داوا لـەبارزانی بکـات هـەتا خـۆی کێـشەکە چارەسەر بکاتو بارودۆخەکە ئارام بکاتەوەو وەکو دادوەرێك نـەك دژێك بێتە ناو مەسەلەکەوە.

لەلایـــەکی دیکـــەوە بـــارزانی (٣٠٠) پارچـــە چـــەکی کـــۆنی لـەپاشماوەکانی جـەنگی دووەمـی جیهـانی کـڕی بـەنهێنی و بەسـەر لایەنگرەکانیـــدا دابەشـــی کـــرد, بەداخـــەوەش زوربـــەی ســـەرەك هۆزەکان بەفەرمانی بارزانی کۆبوونەوەو بەوردی داواکانیان بەجێ گەیاند.

**********

**بارودۆخی هۆزەکان ـ ل٢٤ ـ ٢٥**

هەڵوێـستێکی یـەکگرتوو لـەئارادا نـەبوو تەنانـەت لـەنێوان ئەندامەکانی یەك هۆزیشدا, بۆچوونێکی زۆرو لێك نەچوو هـەبوو, لەقۆناغـەکانی دەسـتپێکی شـۆڕشـدا بەرژەوەندییـە تایبەتییـەکانی هۆز رۆڵێکی دیارترو بەهێزتریان هەبوو, ئیدی ئەو بەرژەوەندییانە لــەژوور هەســتە نەتەوایەتییــەکان و خواســتە نیــشتمانییەکانەوە بوون, ئەم حاڵەتەش تایبەت نەبوو بەهۆزێکەوە بەجیا لـەوانی دی, بـەڵکو دوژمنایـەتی و رکابـەری خێڵـەکی نێـو خـودی یـەك هـۆز ببوە هــۆی دابەشــبوونێکی توندوتیــژ لــەنێوان لایــەنگرانی شــۆڕش و هــەوادارانی حکومــەت, بــەو شــێوەیەش و وەکــو رووداوەکــانی داهـاتوو سـەلماندیان هۆزەکـانی لایـەنگری حکومـەت بوونـە نـوکی ئـەو رمـەی بـەرەو رووی جـەنگاوەرانی شـۆڕش بـەرزکرابۆوەو ئـەو هۆزانە پێش سوپای عیراق دەکەوتن و رێنوێنییـان دەکرد لـەکاتی رووبەڕووبوونەوەی مەفرەزەکانی پێشمەرگەدا, هەر ئەوانیش بوون دواتر بەناوی جاش ناویان دەرکرد.

(..) هەندێك لەهۆزەكان بەهۆی خراپ جێبەجێكردنی یاسای چاكسازی كشتوكاڵەوە دایانە پاڵ شۆڕش‌و هەندێكی دیكەیان بەهۆی یاسای باجی زەوی‌و هەندێكی دیكەیان چاوەڕوانی ئەوەبوون قاسم‌وەڵامی داواكانیان بداتەوە, (..) ئەوانەی تر راستگۆبوون لەگەڵ بیروباوەڕەكانی خۆیان‌و ئامادەی قوربانیدان بوون, بارزانییەكانیش بەشی زۆری ئەركی خەبات لەپێناوی كوردستاندا كەوتبوە سەرشانیان‌و لەو بارەیەوە ئەركی خۆیان بەزیادەوە بەجێگەیاند.

(..) پارتی نەیتوانی هۆزەكان كۆنترۆڵ بكات, ئەو هۆزانە گردبوونەوەیەك بوون بەهیچ شێوەیەك سەركردایەتییەك یەكی نەدەخستن, هەر سەرۆكەكانی خۆیان رابەرییان دەكردن‌و ئەوەش لەبەر چەند هۆكارێك كەپەیوەندییان بەڕووداوە نەتەوایەتییەكانەوە نەبوو, دەیانگوت كەوا لەژێر فەرمانڕەوایی پارتی‌و بارزانیدان‌و ئەوەش هەرگیز راست نەبوو, رێنماییەكانی بارزانیش بۆ تاڵەبانی رون‌و ئاشكرا بوون (..) كەخۆیان لەپێكدادان لەگەڵ هێزەكانی حكومەت بپارێزن, بەڵكو تەنها خۆیان ئامادەو تەیاربكەن‌و ئەگەر حكومەت هێرشی كردە سەریان داكۆكی لەخۆیان بكەن, لەگەڵ ئەوەشدا كەژمارەی هێزەكانیان چەندین ئەوەندەی هێزەكانی سەر بەپارت بوو.

*********

**بەلاّم من دەلّێم:**

لەسەرەتای دامەزراندنی رژێمی پادشایەتییەوە لەعیراقدا ئەو رژێمە کاری بۆ ئەوە کردوە نەخشە دابنێت بۆچاندنی تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی و ئالوودەکردنی هەموو خانەوادەیەکی کوردو هەموو دێهاتی و خێلّەکییەکانیش بەخەمێکی قوولّ یان کارەساتێکەوە, لەم روەوە سەرکەوتووش بووە لەهەلّگیرساندنی فیتنەو شەڕی ناوخۆیی و هەندێك جار بەسەدان کەس بوونەتە قوربانی بستێك زەوی لەکێشەگەلێکدا کەدروستکرابوون.

گەلی کورد تێکڕا چاوەڕێی ئەوەی دەکرد شۆڕشی ١٤ تەمموز کۆتایی تاهەتایی ئەو کێشەو کارەساتانە بێت, بەلاّم بەداخێکی زۆرەوە ئەو کێشانە نەك هەر نەبڕانەوە, بەلّکو تەشەنەیان کرد لەبەر چەندین هۆکار, لەوانە دەرچوونی کتوپڕی یاسای چاکسازی کشتوکالّ کەئەو کاتە پڕبوو لەناتەواوی و کەموکورتی و حالّی نەبوون و زیانی بەمافەکانی جوتیاران و مولّکدارانیش دەگەیاند.

پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیست, هەر یەك لەلای خۆیەوە و بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی خۆی هەلەکەیان قۆستەوەو کەوتنە گەڕ بۆ قوولّکردنەوەی ناکۆکی و کێشەکان و ئازارەکانی گەلی کورد, بەوەش کارەساتێکی جەرگبڕیان خولّقاند لەناو ریزەکانی گەلداو بەتایبەت لەناو جوتیاراندا, ژمارەیەکی زۆر لەسەرەك هۆزەکان و خاوەن مولّکەکان و کەسایەتییە ناسراوەکان دایانە پالّ پارتی دیموکراتی کوردستان و بەوەش بووە گەورەترین

زلهێــز لەکوردســتاندا, ئەمــەش هــەمووی بــەهۆی گەڕانــەوەی مەلامستەفای بارزانی بۆ عیراق, هەرچەندە لەو کاتەشدا کەبارزانی بێ هـیچ کـارو فـەرمانێك دوورخرابـۆوە بـۆ یـەکێتی سـۆڤێت بـەڵام پـارتی هــەر لایــەنگرێکی زۆری هــەبوو لــەناو ریزەکــانی ســەرەك هۆزەکــان‌و موڵکــداران‌و کەســایەتییە ناســراوەکاندا, وەکــو (کاکــە زیادئاغا, حسێنی سـەید ئەحمـەدی خانـەقا, عەباسـی مامەنـدئاغاو ئەحمــەدی حەمەئــەمین دزەیــی..)و ژمارەیــەکی زۆری دیکــەش لەکوردە نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەکان..

هــەروەها ئــەو مامۆســتا بــەڕێزە خۆبەخــشە خانەدانانــەش کەبــەردەوام دەگــەڕان‌و لەگــەڵ ســەرەك هــۆزو کەســایەتییە ناوبراوەکانــدا بــەنهێنی کۆدەبوونــەوە, وەکــو (هــەمزە عەبــدوڵڵا, ئیبراهیم ئەحمەد, عومەر موستەفا, عەلی عەبدوڵڵا, نوری ئەحمەد تـەها, نـوری شـاوەیس, سـاڵح یوسـفی, جـەلال تاڵـەبانی) کـەڕۆڵی دیـارو کاریگـەریان هـەبوو لەکێشەی گەلەکەیانداو بەدامەزرێنـەری راستەقینەی پارتی دیموکراتی کوردستان دادەنرێن.

بارزانی, لەکاتی گەڕانەوەیدا بەشێوەیەکی کتوپڕی بەسەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا, لەکاتێکدا زۆربـەی زۆری گـەلی کـورد چوبوونە پـاڵ پـارتی لەنێویانـدا سـەرەك هـۆزو موڵکـدارەکان, کەوەسـتانی بارزانی بەڕووی یاسای چاکسازی کشتوکاڵدا پاڵی پێوەنان بچنە ریـزی پارتییـەوە, چـونکە ئـەو یاسـایە لەبەرژەوەنـدی جوتیـاران‌و دژی ئاغاو دەرەبەگ بوو, بەم شێوەیە بارزانی پشتی لـەجوتیاران

کــردو مافــەکانیانی پــشتگوێ خــستو راشــکاوانە دایــە پــاڵ دوژمنـەکانیان, بەبەردەوامی دەیگوت: جوتیار کێیەو کامە هێزو توانایــەتی؟ لــەو کاتــە ناســکەدا کــەئاغاو دەرەبەگــەکان بــەپێی فەرمانەکانی ئەو دەجووڵانەوەو راستەوخۆ بڕیارەکانیان جێبەجێ دەکرد.

لەبەر بەرژەوەندی شێخانی بارزان.. (قسە بۆ بارزانییە) بڕیارێك بەســەر مەکتــەبی سیاســی پارتیــدا دەســەپێنم کەڕێگــە لەهــەر کەسـێکی سـەر بـەهۆزی بارزانیـان بگـرێ بێتـە ریـزی پارتییـەوە, رازیش نیم بەبوونی هیچ بارەگایەکی پارتی لەناو ئەو هۆزەدا لەبەر بەرژەوەندی خودی هۆزەکە, ئاگاداریشتان دەکەم کەئەمە فەرمانی شێخ ئەحمەدە.

لـەکاتی کۆبوونـەوەی مەلامستەفا لەگـەڵ سـەرەك هۆزەکانـدا, چ بـەجیاجیا یـان بەکۆمـەڵ, هەمیـشە هەڵوێـستی خـۆی لەئێـستاو ئایندەدا راشکاوانە بەوردی روون دەکردەوە.

زۆربـەی سـەرەك هـۆزو موڵکـدارو دەستڕۆیـشتووەکان بڕوایـان بەوە هێنا کەبەرژەوەندییان وا دەخوازێ لەو کاتە ناسکەدا لایەنی بــارزانی بگــرن, چــونکە هــەموو هیــواو ئاواتــەکانی خۆیــان لەســەرکەوتنی ئــەودا دەبینییــەوەو بەتایبــەتیش مەســەلەی ئــەو زەوییانـەی پەیوەنـدییان بەجوتیارانـەوە هـەبوو. هـەر بۆیـە سـەرەك هۆزەکــان کەوتنــە بەجێگەیانــدنی فەرمانــەکانی بــارزانی بەپەلــە لەبارەی وەستانەوە بەگژی حکومـەتی قاسمـدا, هـەموو جبەخانـەو

تواناو چەكدارەكانیشیان كۆكردەوە كە لەژمارە نەدەهاتن و لەڕاستیدا زۆر زیاتربوون لەچەكدارو لایەنگرانی پارتی.

سەركردەكانی پارتیش وەكو مامۆستایان جەلال تاڵەبانی و عومەر موستەفا بەناو چەكدارەكاندا دەگەڕان و لەگەڵ سەرۆكەكانیان كۆ دەبوونەوە, سەرەڕای ئەوەی مەكتەبی سیاسی هیچ دەسەڵات و قسەیەكی بەسەر هۆزەكانەوە نەبوو, بەڵام هەموو بڕیارێك بۆ چەكدارەكان تەنها لەلایەن كەسی بارزانییەوە دەردەچووو خەڵكەكە ئەوەیان لەسەربوو هەموو فەرمان و داواكارییەكان بەوردی بەجێ بگەیەنن.

**هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئەو دەمە**

١ـ زۆربەی سەرەك هۆزەكان داوای بارزانییان بەجێگەیاند و چەكیان هەڵگرت لەوەڵامی ئارەزووی تایبەتی ئەودا, واشیان دەزانی ئەو هێزانە بۆ ڤیستڤاڵێك یان بۆ گەشت وگوزار كۆبوونەتەوە, هەروەها وایان دەزانی حكومەتی قاسم ئامادە نییە بۆ شەڕو بەرگریكردن و دواجار مل دەدا بۆ هەموو داواكارییەكانی بارزانی.

٢. هەندێك لەسەرەك هۆزەكان دەرفەتی ئەو دەمەیان قۆستەوە و هێرشیان كردە سەر ئەو هۆزانەی دوژمنایەتی و دووبەرەكی درێژخایەنیان لەگەڵیاندا هەبوو, بەو جۆرەو لەتاوانگەلێكی مەزندا دەرهەق بەكەسانی بێتاوان دەستیان بەخوێن سوور بوو, كۆمەڵێك بێتاوان كوژران و پێكران وماڵیان سووتێنرا, هەتا شیرەخۆرەی ناو

بێشکەش بێوەی دەرنەچوو, پارتی کۆمۆنیستیش ئەو تاوانە دزێوانەی مەحکووم کرد کەدەرهەق بەبێتاوانان ئەنجامدرا.

٣ـ هەندێك سەرەك هۆزو کەسایەتی لەبڕوایەکی تەواوەوەو بۆ خزمەتکردنی گەلەکەیان چەکیان هەلگرتو بەوپەڕی دان بەخۆداگرتنەوە پشتی شۆڕشیان بەرنەداو ئەوانە هەمیشە جێی شانازیو ستایش بوون.

٤ـ هەندێك سەرەك هۆزی ناوچەی بادینانو نزیکی ناوچەی بارزان زیانێکی گەورەیان بەشۆڕشی کوردایەتی گەیاند بەهۆی ئەو ناکۆکیو کوشتارو دوژمنایەتیو دووبەرەکییە درێژخایەنەی لەنێویاندا هەبوو. بۆ کۆتایی هێنانیش بەو دیاردە ئازاربەخشە ژەهراوییەش, چەند کەسایەتییەکی ناسراوی کورد لەتێکڕای توێژە جیاجیاکان هەوڵیاندا ئاشتی بچەسپێننو ئەوەیان روبەڕوو خستە بەردەم بارزانی لەپێناوی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی سپی نوێ لەگەڵ هەموو ئەوانەی گرفتیان خوڵقاندوە, تەنانەت عەبدولکەریم قاسمیش رۆڵی لەو مەسەلەیەدا هەبوو, بەلام بارزانیو خانەوادەکەی بەخۆیان بناغەی کێشەکەبوون لەو بارەیەوە, چونکە هەر لەیەکەم رۆژی هاتنیان بۆ ناوچەی بادینانو نیشتەجێ بوونیان لەسەر زەوی زێبارییەکان, لەهەوڵدابوون بۆ برەودان بەپیلانگێڕیو کێشە خوڵقاندن لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا, ئەوەش بەقۆستنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەکو رێگایەك لەو کاتەدا بۆ بەکۆیلەکردنی هۆزە کوردەکانی

چواردەوریان بەخۆیان‌و موڵك‌و ماڵ‌و دێهاتەكانیانەوە, هەروەها لەهەوڵدابوون بۆ تیرۆركردنی هەموو ئەوانەی مل بۆ ئارەزووەكانیان نادەن لەهۆزەكان‌و سەرۆكەكانیان, بەڵام نەیانتوانی ئاواتەكانیان بپێكن‌و بەتەواوی‌و هەمیشە دەسەڵاتی خۆیان فەرز بكەن, ئەوەبوو زۆر جار لەشەڕدا دۆڕاون‌و هێزەكانیان تێكشكاوەو لەم مەسەلەیەدا سەركەوتوو نەبوون.

دواتر مەلامستەفا بەچەكێكی نوێوە هاتە ئاراوە كەزۆر لەبۆمبی ئەتۆمی كاراتربوو ئەویش پارتێكی سیاسی بوو خۆی بەسەرۆكی هەڵبژێردراو ئەو پلە سیاسییەی قۆستەوە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر خەڵكدا, فەرمانەكانیشی كەسەد دەر سەد یاسا بوون بەئاشكراو بێ پێچ‌وپەنا لەخزمەتی هۆزی بارزانیان بون, فەرمانیدا بەهەموو سەرەك هۆزەكان چەك لەدژی حكومەتی قاسم هەڵگرن‌و رێگای نەدا بەهەندێك هۆزی كورد كەبێنە ریزی پارتەكەیەوە لەبەر دژایەتییان لەگەڵ شێخانی بارزان, ئەوانە جێی متمانە نەبوون‌وەكو: (زێبارییەكان, هەركییەكان, برادۆستییەكان, سورچییەكان‌و دوڵەمەڕییەكان..), هەركەسێكیش فەرمانەكانی جێبەجێ نەكردایەو یاخی بوایە, یەكسەر تاوانبار دەكرا بەسیخوڕی‌و خیانەت‌و دەچوە ریزی جاشەوە.

لەئەنجامی ئەوە هۆزەكان بوون بەدوو بەرەوە, بەرەیەكیان ناچاركران بچنە پاڵ حكومەتی قاسم‌وەكو (كەریم خان, مەحمودی خەلیفە صەمەد ــ سەرۆكی هۆزی برادۆستییەكان) كەپێشتر

لـەریزی شۆڕشـدا بـووو کـارو چـالاکی زۆری بـۆ شـۆڕش ئـەنجام دابووو دواتـر ناچاربوو چەك بـۆ حکومـەت هـەڵبگریٚ تاهۆزەکـەی لەزەبری بارزانی بپاریٚزیٚ.

هـەروەها عومـەری خـدرئاغا, سـەرۆکی هـۆزی سوورچـییەکان کەئـەویش لـەڕیزی شۆڕشـدابووو رۆڵێکـی کاریگـەرو چـالاکییەکی بێوێنەی نواندبوو, بەڵام لەبەر هەمان هۆ شـوێن پێـی کـەریم خـانی هاوڕێی هەڵگرت..

**تێبینی**

سـەرەتا ئارەزووەکـانی مەلامسـتەفا فەرمانگـەلێك بـوون هـەموو ئەوانـەی چـواردەوریوا راهـاتبوون دەبـوو بـەجێی بگـەیـەنن و هـیچ بەرهەڵستییەکی ئـەوتۆ نـەبوو بـۆ ئارەزوەکـانی, گشت ئـەو سـەرەك هۆزانـەی چـەکیان هـەڵگرتبوو زاتـی ئـەوەیان نـەدەکرد پرسـیار لەمەلامـستەفا بکـەن دەربـارەی چارەنووسـیان, چـونکە بڕوایـەکی قووڵیـان هــەبوو بــەوەی کەئــەو خــاوەنی ئــەزموونێکی گــەورەو هزرێکی روون و بیرێکی فراوان و توانایـەکی بێوێنەیـە, جگەلـەوەی هـەموویان وا حـاڵیکرابوون کەحکومـەتی قاسم لاوازو بوودەڵەیـەو هیچ توانایەکی چوونە شەڕو بەرگری لەخۆکردنی نییە, بارزانیش ئـەم هەڵوێـستانەی قۆسـتەوەو بـۆ جۆشـدانی ئـاگری شـەڕ, هـیچ گوێیەکی بەحکومەت نەداو دەسەڵات و قەڵەمڕەوی زیاتربوو.

ترسیش لەدڵی زۆربەی سەرەك هۆزەکاندا نەبوو, چونکە بـڕوای تـەواویان بەگوتـەو کـردەی بـارزانی هـەبوو, لەلایـەکی دیکەشـەوە

دەنگۆی ئەوە بلاوکرابۆوە کەهەموو بارزان ئامادەی قوربانیدان و خۆفیداکردنن.

**هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دەربارەی کەسی بارزانی بەم چەشنە بوو:**

زوربەی هەرە زۆری کادرەکانی پارتی بەگشتی قایل نەبوون بەزوربەی تاکتیك و پلانەکانی بارزانی لەمەڕ هەلومەرجە بارگاوییەکە, بەتایبەتی کەبارزانی داوای چەك هەڵگرتنی لەسەرەك هۆزەکان دەکرد

بەبێ پرس یان گەڕانەوە بۆ مەکتەبی سیاسی.

بڕیاری بارزانیش لەبەرژەوەندی گەلی کورد نییە بەهیچ شێوەیەك, لەکاتێکدا کورد هیچ ئامادەباشی یان خۆسازدانێکی نەبوو بۆ ئەو هەلومەرجە ترسناکەی بارزانی بەبێ ترس یان لێکدانەوەی دەرەنجامەکان خوڵقاندی.

لەلایەکی دیکەوە هەڵوێستی ئەو هۆزە کوردانە پارتیی لەبەرچاوی جەماوەر نابووت کرد, کەئەو هەلومەرجە تەنگژاوییەوای لەگەلی کورد دەخواست ریزەکانی یەك بخات لەیەك قاڵبداو کۆتاییەك دابنرێ بۆحاڵەتی پاشاگەردانی و دووبەرەکی بەتایبەتی لەنێوان هۆزەکاندا, بەڵام بەداخێکی زۆرەوە لەسەر ئارەزووی بارزانی و بەگوێرەی پلانەکانی ئەو هۆزە کوردەکان بوون بەدوو بەشەوە, یەکەمیان ناچارکرا بەچەکەوە بچێتە پاڵ حکومەتی مەرکەزی و دووەمیان هەموو تواناکانی

خستە بەردەستی بارزانی, باشترین نموونەو بەڵگەش وریاکردنەوەی کەریم خانی سەرۆکی هۆزی برادۆستییەکانە لەلایەن مام جەلالەوە کەڕیزەکانی پارتی بەجێبهێڵێتو خۆی قوتار بکات لەزەبری بارزانی, ئەمەش پاڵپشتی ئەو قسەیەم دەکات کەپێشتر کردم.

کاتێك مام جەلالو هاوڕێیانی خەباتی بڕوایان هێنا بەوەی بڕیاری بارزانی لەمەڕ تیرۆرکردنی سەرەك هۆزەکان بڕیاری کۆتاییەو چاوی پێدا ناخشێنێتەوە, پێشبینی ئەوەیان کرد کەزیانێکی گەورە بەر شۆڕش دەکەوێت, هەروەها تووشی رەخنەیەکی زۆر دەبنەوە لەلایەن هەموو ناوەندەکانی کوردستانەوە, لەدۆستو دوژمن, ئەوەش لەبەر پیادەکردنی سیاسەتی تیرۆرکردنی ئەو کەسانەی بەدڵیان نین, ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی نەیانتوانی مەلامستەفا قایل بکەن تابڕیارەکەی بگۆڕێ, ئیدی ملیاندا بۆ ئەو راستییەی کەهەبوو, لەگەڵ تێکڕای گەلی کورد دەبوو رووبەڕووی چارەنووسی رەشیان ببنەوەو ملیان لەبەردەم بارزانیدا کەچ بکەن.

ئەگەر هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆچوونو بیروباوەڕەکانیان لەگەڵ بۆچوونی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد یەك بخستایەو یەك بەرەیان دروست بکردایە دەیانتوانی رووبەڕووی مەلامستەفا ببنەوەو بەرهەڵستییان بکردایە, ئەوکاتە یەکێك دەبوو لەم دوو شتە, یان جەنگ یان ئاشتی, لەو سەردەمەدا زۆربەی

هەرەزۆری گەلی کورد بەفەرمانی مەلامستەفا دەجوولانەوە کەئەویش ئەوەی بۆوەستانەوە بەرووی حکومەتی قاسمدا قۆستبۆوە, بەو چەشنە شەڕ هەڵگیرسا هەرچەندە شەڕێکی دۆڕاوبوو.

هەرچەندە هێزو دەسەلات بەدەست بارزانی بوو, بەلام تێکشکانێکی خراپ تێکشکاو جەنگاوەرەکانی پەرتەوازە بوون لەبەردەم هێزی بکوتی حکومەتی قاسمدا, خۆیشی لەسەر سنووری تورکیا خۆی بینییەوە کەخەریکی خۆئامادەکردن بوو بۆ هەلاتن بۆ هەتاهەتایە لەعیراق, هێزە تایبەتییەکەیشی کە لەبارزانیان پێکهاتبوو پێش خۆی کەوتبوون, دواتر گوناهو سەرزەنشتی خستە سەر شانی رێکخستنەکانی پارتی, واتە (ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی) بەتایبەتیش مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد.

هەموو ئەو تێکشکانو قوربانیدانو هەرەسو ئێشوئازارو ئاوارەییانەی دووچاری گەلی کورد هاتوون هۆکارە سەرەکییەکەیان مەلامستەفا خۆیەتی, ئەویش نەبایە ئێستا گەل سەرکەوتبووو بەئاواتی گەیشتبوو, بەلام..

سەبارەت بەخوازیارانی چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش لەرێگەی ئاشتبوونەوەو ئاشتییەوە, ئەوە لەنێو زۆربەی زۆرینەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی پارتیدا بوون بەسەرکردایەتی هەریەك لەمامۆستایان ئیبراهیم ئەحمەد, عەلی

عەبدوڵڵا، نوری شاوەیس، نوری ئەحمەد تەهاو دکتۆر عەزیز شەمزینیو کەسانی دیکەی لەرۆشنبیران.

ئەگەر پلانی ئەوانەش بەجیا لەبارزانیو هەوادارانی بەئەنجام بگەیشتایە، کارێکی مەزن دەبوو لەبەرژەوەندی گەلی کورد سەرەڕای تاڵیو ترسناکی زۆر، هەروەکو ئەوەی مارشاڵ پیتان ولاوالی فەرەنسایی کردی کاتێك لەگەڵ هیتلەردا ڕێککەوت بۆ ڕزگارکردنی فەرەنسا لەداڕمانو وێران بوون.

شایەدییەکەو لێرەدا دەیدەم، ئەگەر ئەو سیاسەتەیان پەیڕەو بکردایە، ئەوا ئەوانیشو گەلی کوردیش لەگەڵیاندا گرەویان دەبردەوە.

ڕاستییەکی تر هەیە دەبێت بگوترێت، ئەویش ئەوەیە کەکەسانێکی کەم هەن زانیاری تەواویان هەبێت لەبارەی کەسی بارزانیو نیازە گڵاوەکانی لەپیلانەکانیدا، ئەوانەی لەنزیکی ژیاون لەهاوسێ بادینانییە زۆر نزیکەکانی، بەتایبەتیش سەرەك هۆزەکان، لەهەموو کەسێك زیاتر بەنهێنییەکانی خۆیو خانەوادەکەی ئاشنان، بەڵام بەداخێکی زۆرەوە ئەوانە بەچەکەوە چوونە پاڵ حکومەتی مەرکەزی، ئەوەتا من لێرەوە پاش چەند ساڵێك دەمەوێ جارێکی دیکە مێژوو ڕاست بکەمەوە، ئەوانەی ناوی جاشیان پێ بڕدرا تەنها قوربانییەکی بارزانی بوون، ڕەنگیشە پاش ٥١ ساڵی دیکە کەسێکی تری وەکو ڕەفیق پشدەری پەیدا ببێو بوێرێ لەنووسینەکانیدا تەڵخی لەسەر ناوی

ئەو کەسانە هەڵگرێ کەپێیان دەگوترا جاش، بەوەی ئەوانەوەها نـــەبوون، وەکـــو (سورچـــییەکان، هەرکییـــەکان، زێبارییـــەکان و دۆڵەمەڕییەکان..).

**********

## مانگرتنی شەشی ئەیلوول - ل٢٥

پـــارتی بڕیاریـــدا ئـــەم رۆژە رۆژی مـــانگرتنی گـــشتی بێـــت لەسەرانسەری کوردستاندا، سەرجەم گەلی کوردیش وەها بەدەم بانگەوازەکەوە چوو کەمانگرتنێکی سەرتاپاگیری وابوو کوردستان لەوەوپێش شتی وای بەخۆوە نەدیبوو، مەبەستیش لێی ئەوەبوو رێ بەلەشکرکێـشی قاسـم بگـیرێ بـۆ سـەر کوردسـتان، چـونکە دەستڕۆیـشتوویی پـارت دەردەکـەوت لـەناو جـەماوەرداو دەزانـرا کەهـەموو گـەل یـەك ریز لەپـشت پارتـەوە وەسـتاوەو فەرمانـەکانی بەجێ دەگەیەنێت.

**********

**منیش دەڵێم:**

گەلی کورد لەسایەی رژێمی پادشایەتییەوە رۆژگارێکی رەشی بەســەر دەبــرد، بــەڵام پــاش شۆڕشـــی ١٤ی تــەمموزی ١٩٥٨ی پیرۆزەوە بارودۆخی گەلی کورد گۆڕاو بەرەو پێش چوو، لەئازادیی و دیموکراســی و گەشــبینی لەئاســتی بەدەســتهێنانی دەســتکەوتی نەتــەوەیی، گــەلیش گەیــشتە بڕوایــەکی تــەواو کــەدەبێت خزمــەتی

حکومـەتی عەبدولکـەریم قاسـم بکـات بـەپێی توانـا, چـونکە ئـەو حکومەتە لەخزمەتی کوردو کێشەکەیدایە.

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لەیەکـەم رۆژەوە رۆڵـی سـەرەکی بینی لەوریاکردنەوەی گەلی کوردو ئاگادارکردنەوەی بۆ پاراستنی حکومـەتی سـاوای تـازە دامـەزراو, لەهـەمان کاتیـشدا پێـداگربوو لەسـەر مافـەکانی گـەلی کـوردو سـووربوو لەسـەر دەربڕینـی لەکۆبوونـەوەو دایەلۆگـە بنیاتنەرەکانـدا لەگـەڵ کەسـی سـەرکردەو ئەندامـەکانی حکومەتەکەیدا بۆ چارەسـەرکردنی کێشەی کـوردان بەشێوەیەکی ئاشتییانە.

پـارتی لەماوەیـەکی کەمـدا تـوانی جۆرێـك لەسیاسـەت و تاکتیـك لەبەرژەوەنـدی گەلەکەیـدا پـەیڕەو بکـات, لـەرێی دامـەزراوە حزبییەکانیـشیەوە تـوانی بـچێتە قـوولایی دڵـی جـەماوەرەوەو لەکۆمەڵێك رێگاوە, رۆژ بەڕۆژیش پەیوەندییەکان تۆکمەتر دەبوون بـەهۆی مەکتەبـە حزبییەکانـەوە کەبێوچان و بـێ دواخـستن لـەکار راپەڕاندنـدا بوون, ئـەوەش لـەرێی دەرکردنـی بڵاوکـراوەی پارتـەوە لـەکتێب و رۆژنامـەو گۆڤـارو لەسـەروو هەموویانـەوە رۆژنامـەی (خـەبات)ی زمانحـاڵی پـارت کەبـەزمانی کـوردی و بەسەرپەرشـتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەردەچوو, هەروەها لـەڕێی ئـەو گوتـارە گـرنگ و گەرمانـەوە کەمێشکی خـەڵکیان رووناك و وریـا دەکـردەوەو روحـی کوردایـەتی و قوربانیـدان و خۆفیـداکردنیان لـەپێناوی نیشتماندا جـۆش دەداو تیایانـدا پـارت خـەڵکی تـەیار دەکـرد بـۆ

ڕێپێـــوان و کۆبوونـــەوە لـــەوەڵامی بانگـــەوازەکانی پارتـــە پێـــشڕەوەکەیاندا, بـــەو شـــێوەیە گـــەل لەکۆمـــەڵێك ڕێپێـــوانی ئاشتییانەی گەرمدا دابەزییە شەقام و کۆڵانـەکان و هـەموو بەیـەك دەنـگ هوتافیـان دەکێـشا بـۆ ئاشـتی و چارەسـەرکردنی کێـشەی کـوردان لـەڕێگای دایەلۆگـەوە, کەئـەم خەباتـە هـەموو ماناکـانی ئەقڵانییـەت و زیرەکـی و هەسـتکردنی تێـدابوو لەسیاسـەتێکی پـەیڕەوکراوی وەهـا کەدۆسـت و دوژمنـانی سەرسـام کردبـوو. سیاسـەتمەدارانی دەرەوەو نـاوەوەی وڵات وایـانزانی کەسـەرۆکی پارتمـان هاوشـێوەی بـاوکی گـەورە (گانـدی)یـە, ئـەو سـەرکردە مەزنـــەی هینـــد کەکێـــشەی وڵاتەکـــەی لـــەڕێگای ئاشـــتییەوە چارەسـەرکرد, ئیـدی وایانزانی مەلامـستەفاش شـوێن پێـی ئـەو هەڵدەگرێ.

لێـرەدا پرسـیارێك ڕێمـان پێـدەگرێ, ئـەویش ئەوەیـە هۆکـاری سەرەکی پشتگوێ خستنی ئەو هەموو ڕێپێوان و خۆپیشاندانانە لەلایەن قاسمەوە چی بوو؟

عەبدولکەریم قاسم لەهەموو کەسێك زیاتر شارەزای گوێنەدانی بارزانی بوو بەگەلەکەی, لەماوەی ئەو چوار مانگەشدا کەتێپەڕین بـارزانی کـەوتبۆوە هانـدانی هـۆزە لایـەنگرەکانی کـەخۆیان پڕچـەك بکـەن و لـەدەوری کۆببنـەوە و بەگـژ حکومـەتی قاسـمدا بـچنەوە و دەرمـاڵی ئـەم بپـارێزن, لـەو کاتـەدا کـەبارزانی داوای ئاشـتی و مافـەکانی گـەلی کـوردی دەکـرد خـۆی بـۆ جـەنگ سـازدەدا,

راستییەکیش هەیە کەدەبێت بگوترێت, ئەویش ئەوەیە سەرلەبەری جەماوەر بەدەم بانگەوازی سەرکردە پارتییەکانەوە چوون چونکە ئەو بانگەوازە دژی بیرۆکەی شەڕ هەڵایسان بوو کەبارزانی کاری بۆ دەکرد.

**********

## رۆڵی پۆلیسی کورد - ل٢٥

ڕێکخستنی پارتی لەڕیزی پولیسی عیراقیدا گەیشتبۆوە ئەوپەڕی تۆکمەیی و بەهێزی, زوربەی پۆلیسەکانیش لەکوردستاندا لەهاولاتیان بوون کەبەبڕوای تەواوەوە بەبنەما و ئامانجەکانی پارت
چوبوونە ریزییەوە.

هێشتا مانگی ئاب نەهاتبوو کەزوربەی بنکەکانی پۆلیس لەکوردستاندا پەیوەندییان کرد بەپارتییەوەو توخمەکانیان بەخۆیان و چەك و تەقەمەنییانەوە چوونە ریزی شۆڕشەوەو هەر ئەوانیش بوون ناوکی سوپای کوردستانیان پێکهێنا لەدەستپێکی شۆڕشدا, قارەمانێتییەکی گەورەو لەرادەبەدەریشیان نواندو خاوەنی ئەوپەڕی سیفەتی جەنگاوەر بوون کەزۆریانی گەیاندە پلەی سەرکردایەتی (..) بەراستگۆییش دەیڵێم, هەڵوێستی پۆلیسی کورد لەشۆڕشی ئەیلوول زۆر رۆڵێکی زیندوو بووو لەئاستێکی بەرزی گرنگی و خەتەرناکیدابوو, گەلی کوردیش قەرزدارو سوپاسگوزاری ئەو پیاوانەیە.

**بەڵام من دەڵێم**

سەرلەبەری جەماوەری عیراق شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ بەشۆڕشی پۆلیس یان بە (العشرة المبشرة) ناو دەبەن, بەڕاستیش دەیڵێم کەهەڵگرانی یەکەمین بەیداخی شۆڕش شایستەی هەڵگرتنی بەرزترین و پیرۆزترین ناوو نازناون, رۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکانیش هێندەیان لەسەر نووسیون کەبەس بێت بۆ زانینی کارو دەستکردیان, رەنگە برای تێکۆشەر عەریف سلێمانیش بەتواناترین نووسەر بێت لەبواری وەسفکردنی داستانی ئەو قارەمانانەی ئەو شۆڕشەیان بەرپاکرد, ئەوەش لەکتێبێکدا لەژێر ناوی (لەدەنکەوە بۆ گوڵەگەنمەکان), بەراستی مایەی شانازییە بۆ ئەوانە کەمامۆستا مەسعود بارزانی دوای پتر لەچل ساڵ لەکتێبێکیدا کەبەم دواییانە بەچاپی گەیاندوە یادیان بکاتەوەو بەتایبەتی باس لەڕۆڵی قارەمانانەی پیاوانی پۆلیس بکات, بەڵام لەبەر چەند بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆیان, خۆی لەچەند راستییەك دزیوەتەوەو باسی نەکردوە.

من لەلای خۆمەوە هیچ سەرزەنشتی بەڕێز مەسعود بارزانی ناکەم لەوەی بێئاگایە لەڕاستییەکان و وردەکارییەکانی شۆڕشی ئەیلوول, چونکە لە ١٩٤٧ـەوە هەتا ١٩٥٩ هیچ شتێکمان لەبارەی خانەوادەی بارزانییەوە نەبیستوە, لەساڵی ١٩٦٠ بەهۆی خراپ رەفتارکردنی سەرکردە کوردەکانەوە چوونە سەر تەخت, بۆیە

باسـكردنی ئـەو ماوەیـە زیـان بەبەرژەوەندییـە تایبەتییـەکانیان دەگەیـەنێت و لەبەرچـاوی خـەڵکی کوردسـتان لەشـکۆیان کـەم دەکاتەوە, لەبەر ئەوەش کەزوربەی ئەو پۆلیسانە دواتر نەچوونە ریزەکـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانەوە کەبنەماڵـەی بـارزانی دەسـتیان گرتبـوو بەسـەریدا, لەگـەڵ ئەوەشـدا مەسـعود بـارزانی نـەیتوانی خـۆی لابـدا لـەناوهێنانی ئـەو پۆلیـسە قارەمانانـەو ئازاییەکەیان نەگێڕێتەوە.

ئەگەر بەڕاستیش بچینە سەر باسی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردسـتان بـەدوور لەباسـکردنی ترسـناکی کـاری تۆڵـەکاری بنەماڵەی بارزانی, راستی ئەو خاوەن خەباتانـەمان بۆ دەردەکـەوێ کەڕۆڵی سەرەکییان هـەبووە لەپتـەوکردنی پەیوەندییەکانی کـوردو عـەرەب و گەشـەپێدانی هەسـتی نەتەوایـەتی لـەناو جـەماوەرداو بڵاوکردنـەوەی ئایـدیۆلۆژیای پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لەسەرانـسەری وڵاتـدا, لێرەشـدا پـێم خۆشـە نـاوی هەنـدێك لەسـەرکردە لێپرسـراوەکان بهێـنم کـەخاوەنی چـاکەیەکی مـەزنن لەدامەزرانـدنی پارتیـداو هەڵگیرسـانی چـرای شۆڕشـدا, ئـەوانیش بەڕێزان: ئیبراهیم ئەحمەد, هەمزە عەبدوڵڵا, عومەر مستەفا, نوری شـاوەیس, عـەلی عەبـدوڵڵا, نـوری ئەحمـەد تـەها, عەبـدولڕەحمان زەبیحی, مـام جەلال, حیلمی عەلی شـەریف, عـەونی یوسف, مـەلا عەبدوڵڵا, شەمسەدین موفتی. ئەوەتا لەچوارچێوەی سیاسـەتێکی

لێزانانەدا توانیان بچنە ناو قووڵایی هەموو توێـژەکانی کۆمەڵـەوەو بەتایبەتیش ناو هێزی پۆلیس‌و سوپاو دەزگاکانی ئاسایشەوە.

هەر لێرەدا حەز دەکەم هەندێ لەڕووداوەکانی ئەو هەڤاڵانە باس بکەم کە لەڕیزی پۆلیسدا بوون:

لەســـەرەتای ســـاڵی ١٩٥٠ پیـــاوانی پـــۆلیس دەســـتیان کـــرد بەپەیوەنـدیکردن بـەڕیزەکانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانەوە بەشـێوەیەکی بـەردەوام‌و بـەژمارەی گـەورە گـەورە، لێپرسـراوانی پارتیش گرنگییەکی زۆریان پێدەدان چونکە ئەوان نموونەی فیداو قوربانیـدان‌و ناونیـشانی وەفـاداری بـوون بـۆ خـاکی نیـشتمان، لەکاتێکیشدا دەزگاکانی ئاسایشی رژێمی پادشایەتی لەتەقەللای راوەدوونـانی لایـەنگرانی پارتیـدابوون بـەپێی ئـەو فەرمانانـەی لەبەشی تایبەتـەوە (الشعبة الخاصة) بۆیـان دەردەچوو، پیاوانی پـــۆلیس رۆڵێکـــی دیاریـــان هـــەبوە لەسەرشـــێواندن لـــەپیاوانی ئاسایش‌و دوورخستنەوەی مەترسی لەسـەر لایـەنگرانی پـارتی‌و شـــاردنەوەیان‌و ئاگادارکردنـــەوەیان لەکاتـــەکانی مەترســـیدا، بەتایبـەتیش دوابـەدوای دامەزرانـدنی (هێـزی یـەدەگی پـۆلیس)، لێرەشدا ناوی هەندێك لەکادرە بەرپرسەکان دەهێنمەوە یاد:

(عەریف سلێمان محەمـەد، عـەریف سـابیر قـادر، عـەریف سـەمەد قادر، عەریف عـەلی مـەولود، عـەریف عوسمـان). ئەمانـە هـەموویان پەیوەندییان هەبوو بەلێپرسراوەکەیان لەهـەولێر، وەهـاش رێکـەوت بەڕێوەبەرایـەتی پـۆلیس لـەو هەلومەرجـە ناسـکەدا هـەر یـەك لـەو

پیاوانەی گواستەوە بۆ یەکێك لەشارەکانی باشووری عیراق دوای ئەوەی هەستکرا بەجموجووڵێکی گومانلێکراو، ئەوەش لەڕێگای وەزارەتی ناوخۆوە، لەو راگوێزراوانە (عەریف سلێمان و عەبدولڕەحمان مەلا عەبدولقادرو رەشید شێرەو ئەنوەر چۆخێن و تایەری حاجی)و بڕیاری پارتیش لەم بارەیەوە بەم چەشنە بوو: (داواکردن لەوانە کەملکەچی بڕیاری گواستنەوەیان بن کە لە ٥/ ٨/ ١٩٦١ دەرچوە، لەبەرئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەقۆناخێکی فیکری و سیاسیدایەو هەوڵدەدا بۆ هوشیارکردنەوەی جەماوەرو بچڕینی مافە رەواکان، چونکە هێشتا کاتی خەباتی چەکداری نەهاتوەو ئەو تاقمە چەکدارانەی لەچیاکانیش هەن تەنها هۆزگەلێکی نارێکوپێکن کەسەر بەهیچ ئایدیۆلۆژیاو رێسایەك نین.

لەو دەمەدا مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا (ئەندامی مەکتەبی سیاسی) لەهەولێر خۆی حەشاردابوو، لەڕێی رێکخستنەکانی ناوشارەوە هەواڵی ئەوەی پێ گەیەنرا کەئەو چوار عەریفەی پۆلیس وای بەباشتر دەزانین پەیوەندی بکەن بەچیاکانی شۆڕشەوە وەکو یەکەمین دەستەی راکردووی پیاوانی هێزی ئاسایش، ئەمەش لە ٧/ ٨/ ١٩٦١دا.

دواتر لەشەوی ١٨ ـ ١٩/ ٨/ ١٩٦١ پیاوە بەجەرگەکانی پۆلیسی هەولێر دەستیان گرت بەسەر جبەخانەیەکی هەولێرداو گواستیانەوە بۆ چیاکان بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەندامانی

ڕێکخستنی نهێنی پارتی, هەموو پرۆسەکەش بەهێمنی بەڕێوەچوو, ژمارەی پارچەچەکەکانیش بریتی بوو لە (٥٥) پارچە لەگەڵ چەندین سندووقی فیشەك.

ئەو کردەیە یەکەمین کردە بوو کەپیاوە ئازاکانی پۆلیسی کورد لەکوردستاندا پێی هەستان, بەو چەشنەش یەکەمین بارەگای هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەئەنجامی کۆبوونەوەی ئەو پیاوە ئازایانە لەگوندی (کانی شیلان) دروستبوو, داوتریش تاقمێکی چەکدار لەڕێکخستنی نهێنی پارتی پاش تیرۆرکردنی سدیق میران پەیوەندییان پێوەکرد, ژمارەشیان ٢٦ کەس بوو کەهەریەك لە (حەمید کاوانی و مەحمود کاوانی) رابەرییان دەکردن, ئیدی ئەو تاقمە لەگەڵ پیاوەکانی پۆلیسدا یەکیان گرت و یەکەمین هێزو تەشکیلیان پێکەوەنا لەچیاکانی کوردستانداوەکو خاڵێکی سەرەتا بۆ دەستپێکردنی شۆڕشی چەکداری, ئەمەش لە٢٣/ ٨/ ١٩٦١دا.

دواتر زوربەی ئەو پۆلیسانەی کەهێزی یەدەگی پۆلیسیان لەهەولێر پێکدەهێناو بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخستنی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیان کرد بەخۆسازدان بۆ پەیوەندیی بەبارەگای کانی شیلانی پێشمەرگەوە, هەربەو شێوەیە لەشەوێکی تاریکدا پیاوانی پۆلیس بەخۆیان و چەکیانەوە لەشاری شەقلاوەوە ڕێی دەرەوەیان گرتەبەر تا نەخشەی پەیوەندی کردنەکەیان بەدی بهێنن, ئەو کاتەش لەژێر فەرمانی عەبدولوەهاب ئەتروشیدا بوون کەئەفسەرێکی کوردبوو, کاتێکیش پرسیاری

ئـەوەی لێکـردن کەبـەرەو کـوێ ملـی ڕێگـەیان گرتـوە بـەبێ ئاگـای کـەس (نزیکـەی هەشـتا کـەس دەبـوون)، راسـتی ئامانجەکـەیان تێگەیاندو داوایان لێکرد لەگەڵیان بڕوا ئەگەر دەیەوێو ئەگەر نا بگەڕێتـەوە بـەرەو بارەگاکـەی خـۆی دەنـا چارەنووسـێکی رەش چـاوەڕێی دەکـاتووەکو کـاوڕ سـەری دەبـڕن، بـەو چەشـنە عەبدولوەهاب ئەترووشی گەڕانەوەی هەڵبـژاردو دوای ئەوە کوردە شەریفەکان دەستیانکرد بەپەیوەنـدیکردن بەبارەگای پێشمەرگەوە لـەکانی شـیلانو ژمارەیـان دەسـتیکرد بـەزۆربوون تـاوای لێکـردن بارەگـای دیکـە بکەنـەوە، یـەکێك لـەنزیکی چـیای سـەفینو یـەك لەکانی کیژو یەکی دیکە لەدەربەندی گۆمەسپان.

لـە ٢/ ٩/ ١٩٦١یـشدا یەکـەمین کـردەی سـەربازی هێرشـیان سازکرد بەنانـەوەی بۆسـەیەکی سـەربازی لەسـەر ڕێگـای سـەرەکی نێـوان شـەقڵاوەو چـیای سـەفینو هێزەکـانی پێـشمەرگە. لـەو بۆسـەیەدا عەبـدولقادر نـەژدەتی بەڕێوەبـەری گـشتی پۆلیـسی هـەولێریان دەسـتگیرکرد، هـەردوو بـەڕێز مـەلا عەبـدوڵڵای ناسـراو بەمـەلا مـاتۆڕو مامۆسـتا شەمـسەدین مـوفتی یەکـەمین لێپرسراوەکانی هێزەکانی پێشمەرگەبوون لەناوچەکەدا.

دوای ئـەوە فـەرمان لەعەبدولکـەریم قاسمـەوە دەرچـوو بـەدژە هێرشـێك بەیارمـەتی فڕۆکـە جـەنگاوەرەکانو بۆردومـانی هـەموو شوێنەکانی کۆبوونـەوەی هۆزەکـان لەهـەر یـەك لـە (دەربەنـدیخانو دەربەنـدی بازیـانو دۆڵـی خەلـەکانو دەربەنـدی گۆمەسـپان) کـرا،

بۆردومانەکـەش هێنـدە دڕندانـەو خەسـت بـوو کەمەبەسـت لێـی شکـست پێهێنـانی یـەکجارەکی بزووتنـەوەی کوردایـەتی بـوو, رۆژێکـی زۆر سـەخت بـوو, تێکـڕای سـەرکردەو پێـشمەرگەکان کەوتنە گەڕان هەریەکەو بۆ کەلەبەرێك خۆی تێدا حەشار بدات تا لـەئاگری مووشـەکی فڕۆکـەکان بـەدووربێ, تـرس کەوتـە دڵـی خەڵکەکە کەیەکەمین هێرشی فڕۆکەی جەنگاوەربوو کەکورد چاوی پـێ بکـەوێ, کۆمەڵـەکان پەرتـەوازەبوون هـەر یەکـەو بەلایەکـدا, لەشوێنێکی وەکو دەربەندی گۆمەسپان ژمارەی پێشمەرگەکان لە (٤٠٠) کەس بەرەوژوور بوو, بەڵام تـەنها (١٧) کەسیان مانەوە کە (١٠) کەسـیان لەپۆلیـسە تـازە هاتوەکـانی شـاری هـەولێر بـوون, لەبارەگاکەی چیای سەفینیش ژمارەکە لـە (٣٤٠٠) کـەس پتربوون تەنها (٢٠٠) کەسیان مانەوە کە لـەژێر سـەرکردایەتی مەلاعەبدوڵلا ئیـسماعیل ناسـراو بەمـەلاماتۆڕدا بـوون کەبـەڕێز شەمـسەددین مـوفتی یاریـدەدەری بـوو, دواتـریش بـەڕێزان مـەحمود کـاوانی و حەمید کاوانی پەیوەندییان بەم هێزەوە کرد.

**********

### هەڵایسانی شۆڕش (١١ی ئەیلوولی ١٩٦١) - ل٢٦

هـەموو بۆچوونەکان لەسـەر ئـەوە کۆکن کـە ١١ی ئـەیلولی ١٩٦١ سـەرەتای شۆڕشـی مەزنـە, لـەم رۆژەدا حکومـەت دەسـتیکرد بـەبۆمبارانی شۆڕشـگێرە کۆبوەکـان لەئاسمانـەوە (..)و دواتـر ئـەو هێـزە زەمینییانـەی قاسـم ئامـادەی کردبـون دەسـتیانکرد

بەهێرشـێکی قـورس (..)، بـەڵام هێـزە شۆڕشـگێڕەکان هـیچ بەرەنگارییەك یان بەرگرییەکی ئەوتۆیان نەنواند، کۆبوونـەوەکانی هـۆزە چـەکدارەکان هـەر زوو پەرتـەوازەبوونو (..) دوودڵو ڕاڕا مانـەوە لـەنێوان گەڕانـەوەو ملکەچی نوانـدن بۆ قاسم یـان مانـەوە لەئێرانـداو داواکردنـی مـافی پەناهەنـدەیی، لەکاتێکـدا مـام جـەلال پەنای بردە بەر چەمی ڕێزانو بەدزییەوە لـەوێ مایـەوە بـەهاوکاری عـەزیزی شـێخ یوسـف، عومـەر دەبابـەش لەناوچـەی بیتـوێنو پشدەرو ئاکۆ خۆی شاردەوە.

جـەنگاوەرە حزبییـەکان لەناوچـەی هـەولێر، دوای ئـەوەی بیستیان لەناوچەی سلێمانی چی ڕوویـداوە وایـان بـەباش زانـی بـچنە ناوچـەی سـەفین، هەمووشـیان لـەژێر فـەرمانی مـەحمود کـاوانیو حەمیـد کاوانیـدابوون، لێپرسـراوی حزبیـی تاقمەکـەش سپێردرا بەشەمسەدین موفتی پارێزەرو خورشید شێرە یاریدەی دەدا.

لەدهۆکیش هێزەکانی پارتی هێرشیان کردە سەر شاری زاخۆو ئازادیان کرد، بەڵام زۆر لـەژێر ڕکێفی شۆڕشگێڕەکاندا نەمایەوەو پاشەکـشەیان لێکـردو حکومـەت داگـیری کـردەوە(..) ئیـدی هێزەکـانی هۆزەکـان پەرتـەوازە بـوون تـەنها بڕێکـی کـەم لـەهێزە ڕێکخراوەکـان نـەبێت کەپـەنایان بـردە بـەر چیاکان، لـەو دەمـەدا (عـەلی عەسـکەری) لێپرسـراوی لقـی یـەکی پـارتی بـوو، ئـەویش پەنای بردە بەر ئەوان لەچیاکان.

لێرەشدا دەڵێم:

بەڕێز عەباسی مەمەندئاغاش پەنای بردە بەر کەڵوەزی چیاکان لەناوچەکەی خۆیدا تاخۆی لەبۆردومانی فڕۆکەکان بپارێزێو دواتر عومەر مستەفای ناسراو بەعومەر دەبابەش خۆی گەیاندە لای ئەو, سەبارەت بەبەڕێز شێخ حسێنی بۆسکینیش کەکەسایەتییەکی ناسراوە ئەوە تەنها دوو پیاوی لەتەکدا مایەوە ئەوانیش حاجی ئاغای سەرسیانو عەزیز رەحمان بوونو سێقۆڵی رایانکردە کەڵوەزی چیاکانو خۆیان تێدا حەشاردا, مەلامستەفای بارزانیش لەگەڵ ئەو چەند کەسەی لەگەڵیدا مابوون رایانکرد بەرەو سنوورەکانی تورکیاو مام جەلالیش رایکرد بەرەو (چەمی رێزان)و لەوێ بەخۆیو ئەوانەی لەگەڵی مابوون لەمیوانداری شێخ عەزیزدا مانەوە کەئەمیش بەراکردوویی گەڕابۆوە ماڵی خۆی.

لێرەدا بەباشی دەزانم بگەڕێمەوە بۆ سەرەتاکانی شۆڕش کەدوای ئەو بۆمبارانە ئاسمانییە قورسەی خەڵکی کوردستان تووشی هاتنو بوو بەهۆی راکردنو خۆشاردنەوەی زوربەی سەرکردەو لێپرسراوەکان لەئەشکەوتو کەڵوەزی چیاکان, سەرکردە بەرپرسەکانی رێکخستنەکانی پارتی دەستیانکرد بەبەجێهێشتنی شارەکانو گەڕانەوە بۆ چیاکانی کوردستان بەنهێنی.

لەکۆڕەوەکەی گەلی کوردستانی ساڵی ١٩٩١دا کەروداوەکان بوونە هۆی کۆچکردنی دوو ملیۆن کوردو ئاوارەبوونیان لەسەر

سنوورەکانی تورکیاو ئێران, ژمارەیەکی زۆریش لەفیلمو چیرۆك لەبارەی ئەم کارەساتە بەرهەم هاتن, بەڵام من پێم وایە ئەوانەی ئەو بەرهەمانەیان وەبەرهێناوە خۆیان لەو دۆخە بێئاگاکردوە کەبەڕێز مەسعود بارزانی پێدا تێپەڕبوە, چونکە لەکاتێکدا رۆڵەکانی کوردستان لەدەست دڕندەیی سەدامی خوێنڕێژ رایان دەکرد, بەڕێز مەسعود بارزانی لەناو راکردوەکاندا بوو, کاتێکیش گەیشتە گوندی (کورك) تەنها ١٥ کەسی لەدەستو پێوەندەکەی لەدەور مابوو, لەو کاتەدا پەستی دایدەگرێو یەشماغەکەی لەسەری دەکاتەوەو دەیدا بەزەویداو لەبەر خۆیەوە دەڵێت: لۆمەی کەس ناکەم جگە لەجەلال تاڵەبانی کەتووشی ئەم هەموو دەردەسەرییەی کردم, ئەوەتا بۆ خۆم لەئێران بێوەی دانیشتبووم, چیم دابوو لەوەی بگەڕێمەوە عیراقو تووشی ئەم هەموو بەزمە ببم.

**********

## کارەساتە مەزنەکەی بارزان - ل٢٨

لە١٦ی ئەیلوول, دوای هەڵگیرسانی شۆڕش بەپێنج رۆژ, عەبدولکەریم قاسم فڕۆکە بومبهاوێژەکانی نارد تا بۆمبەکانیان داباریێنن بەسەر گوندی بارزاندا بەتایبەتیو هەندێ گوندی نزیکی ناوچەکە وەك (گوندی رێزانو هاوینەهەواری ببانیا لەچیای شیرین)(..), بەبڕوای منیش هیچ گوندێکی ناوچەی بارزان لەم بۆمبارانە کوێرانەیە پارێزراو نەبوو..

**********

**منیش دەڵێم:**

فڕۆکـەکانی عەبدولکـەریم قاسـم بۆمبـارانێکی قورسـی گونـدی بارزانو گوندەکانی چواردەوریان کرد, ئەو هێرشە دڕندانەیە زیاتر لەتێکشکانێك دەچوو بۆ کەسی بارزانی چونکە ترسێکی گەورەی خستە دڵی هەموانەوە.

**********

**جموجووڵ رووەو بارزان - ل٢٨**

بـەو تێکـشکانەوە کەشـۆڕش تووشـی هـات, هێزێـك نـەما بەرەنگاری سوپای عیراق بکاتو رژێم کەوتە کۆکردنەوەی هێزێکی گـەورە لـەجاشو سـەربازی نیزامـیو بـەرێی کـرد بـۆ داگیرکردنـی بـارزان بەهێرشـێکی مـەزن (..) قورسـاییەکی گـەورەیان لەسـەربوو (..) بارزانیش سەرپەرشتی ئەو کردەوانەی دەکرد.

تـەنها بـەرەی بـارزان مـابۆوە وەك گۆڕەپـانی کـاری سـەربازی لەکاتێکـدا کپـی بـاڵی بەسـەر سەرانسـەری کوردسـتاندا کێشابوو, بـەهۆی بەرەنگاریـشەوە وا دیـاربوو کەجـەنگاوەرە بارزانییـەکان نـاتوانن بەتـەنها قورسـایی ئـەو جەنگـە لەئەسـتۆبگرن هـەتا ئـەو کاتەی خوا دەیەوێ, بەو داهاتو ئارزووقە سنووردارەی هەیانـەو بەتوخمـەکانی دیکـەی ئیدامـەدان کـە لەبەردەسـتیاندایە (..) لەبەغداش عەبدولکەریم قاسم لەکۆنگرە رۆژنامەگەرییەکەی خۆیـدا کە لە ٢٣/ ٩/ ١٩٦١ بەستی کۆتایی شۆڕشـەکە یـان خـۆی واتـەنی (یاخی بوون)ـەکەی راگەیاند.

**لێرەدا دەڵێم**

مەلامستەفای بارزانی توانی خۆی تاقمەکەی رزگار بکات دوای داگیرکردنی بارزان لەلایەن سوپاو هۆزە نەیارەکانییەوە.

لەبەغداش عەبدولکەریم قاسم کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری لە٢٣/ ٩/ ١٩٦١دا بەستو کۆتایی یاخیبوونەکەی راگەیاند.

**********

**گەیشتنی عومەر مستەفا (دەبابە)و عەلی عەبدوڵڵا بۆ بارزان - ل٢٩**

لە٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ عومەر مستەفا دەبابەو عەلی عەبدوڵڵا کەدوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارت بوون گەیشتنە بارزانو ئەو کۆبوونەوەیە زۆر گرنگ بوو بارودۆخەکە سەپاندی بەسەریانداو مەبەست لێی دروستکردنی هەماهەنگی بوو لەنێوان هێزی بارزانو هێزەکانی دیکەی پارتی کە بەلایەنگری مابوونەوەو ئەو هۆزانەی دیکە کەگۆڕەپانەکەیان چۆڵ نەکردبووو رایان نەکردبوو بەرەو ئێران.

مەکتەبی سیاسی لەو کاتەدا ئەو دوو کەسایەتییەی ناردە ئەو ناوچەیە لەبەرئەوەی بارودۆخی ناوچەکە تەنگژاوی ببوو, هەروەها پێشمەرگەو هۆزەکان ئەوپەڕی پێویستییان بەکەسێك بوو ورەیان بەرزبکاتەوەو پایەکانی بیری شۆڕشگێڕی لەناو رۆڵەکانی ناوچەکەدا جێگیر بکات, چونکە هەواڵێك لەئارادابوو پێشمەرگە بەکاتێکی دژواردا تێدەپەڕنو هۆزەکان رادەکەنو لەکەلوەزی

چیاكان خۆیان قایم دەكەن, دواجاریش بارزانی چاوی بەو دوو كەسایەتییە كەوتو ئیدی ڕێكەوتن لەسەر دانانی چەند پرەنسیپێكی نوێو بەرنامەیەكی كار كەبتوانێ سنوور بۆ قەیرانەكە دابنێو هەلومەرجەكە بەرەو باشتر ببات.

سوپاسیش بۆ خودا كەمامۆستا عەلی عەبدوڵڵا هێشتا لەژیاندا ماوەو رەنگە رۆژێك بێت هەموو شتە شاردراوەكان ئاشكرابكاتو ڕووداوەكانمان بەوردی بۆ بگێڕێتەوە.

وەستانی شەڕو سەرەتای دایەلۆگ ـ ل٣٠

(..) بەڵام جەنگاوەرەكان بەكاتێكی ناهەمواردا رەت دەبوون كەرۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبوو, لەو دەمەشدا شێخ ئەحمەدی بارزانی دوای راگۆڕینەوەو لێكۆڵینەوەی بارودۆخ لەتەك مەلامستەفای برایدا وای بەچاك زانی شەڕ لەبەرەی بارزاندا رابگیرێ وەكو ئامادەكارییەك بۆ دەست پێكردنی دانوستان لەگەڵ قاسمدا.

شەڕ وەستاو دانوستان دەستی پێكرد, ئەوەش دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا ناوچەی بارزانیان بەتەواوەتی خستە ژێر ركێفی خۆیانەوە, ئیدی بارزانی دەستیكرد بەسازدانی دانوستانو جاڕدانی ئاگربەست لەگەڵ حكومەتی عیراقیدا لەڕێگای شێخ ئەحمەدی برایەوە.

## ئامادەبوونی شێخ ئەحمەدی بارزانی لەبەغدا ـ ل٣٠

دوای بڕیاری شێخ ئەحمەد شەڕ لەگەڵ هێزەکانی حکومەتداوەستاو (..) عەبدولکەریم قاسم داوای لەشێخ ئەحمەد کرد بچێت بۆ بەغدا بۆ دیتنیی و هاوکات هەموو خێزانەکانی گوندەکانی بارزان و مێرگەسوور کۆبکاتەوە, ئەوجا هێزەکانی سوپای عیراق چوونە هەردوو ناوچەی مێرگەسوورو بارزان.

(..) عەبدولکەریم قاسم ئەم نەخشەیەی بەسەرکەوتنێکی گەورە دانا چ لەرووی ورەوەو چ لەرووی ستراتیژەوە, ئەوەش بەوەی ناوچەی بارزانی کردە ناوچەیەکی بێلایەن و ئارام و هێزەکانی بارزانیی لەسەرانسەری ناوچەکە دوورخستەوە, پشتیشی بەبەڵێنی شێخ ئەحمەد بەست کەهێمنی و ئارامی لەناوچەکەدا سەقامگی ردەکات و سوپای لەناوچەکە کێشایەوە, لەلایەکی دیکەوە جۆرێك لەرێکەوتن لەنێوان شێخ ئەحمەدو مەلامستەفای برایدا هاتەئاراوە سەبارەت بەوەی ئەو ناوچەیە بەدوور بێت لەکردە جەنگییەکان و (..) رێکەوتن لەسەر ئەوەی پێشمەرگە لەناوچەکەدا نەبێ و هیچ بارەگایەکیشی تێدا نەکرێتەوە (..), هەرگیز ئەو کارانەی (عەقیدوەهبی)یشم لەیاد ناچێت کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ بنەماکانی شەرەفدا یەکیان نەدەگرتەوە (..) ئەو ئازارانەشم لەیادناچێت کەدووچاری کردین, کە لەنێو کارەکانیدا ئەوەبوو لوقمانی برامی دەستگیرکرد.

**********

**لەم بارەیەشەوە دەڵێم**

هــەر کەهــەواڵی هــاتنی شــێخ ئەحمــەدی بــارزانی بــۆ بەغــداو دابـەزینیم بیـست لـەئوتێل (سـەمیرامیس)، سـەرم لێـداو لـەناکاودا کاتـژمێر چـواری بـەیانی خـۆم کـرد بەژوورەکەیـدا، واش رێگایـان پێدام بچمە ژوورەکەی وایان زانی یەکێکم لەوانـەی لـەژێر فـەرمانی ئـەودا هەڵدەسـوورێن، شـێخ لـەقووڵی خـەودا، لەخـەوم هەسـتاندو بەئامادەبوونی کاك (شێخ محەمەد خالید) کەوتمە دوانـدنی، داوای لێبوردنیــشم لێکــردن لــەوەی لــەو کاتــەداو بەوشــێوەیە ســەرم ئێشاندوون، نزیکەی دوو سەعات منو شێخ ئەحمـەد وتووێـژمان کـردو بەناڕەحـەتیش بـەهۆی جیـاوازی شـێوازی ئاخافتنمانـەوە، بەناچاریش پـەنام بردەبـەر شـێخ محەمـەد خالیـد لەبەرئـەوەی ئـەو سۆرانیشی بەباشی دەزانی.

بەحــــەزرەتی شــــێخم گــــوت کــــەئامانجی حکومــــەتی بەغــــدا لەبانگهێــشکردنتان بــۆ بەغــدا نانــەوەی دووبەرەکییــە لــەڕیزی بارزانییەکانـداو بەتایبـەتیش لـەنێوان هــەردووبرا، مەلامـستەفاو شێخ ئەحمەددا، هاتووم ئەو مەترسییانەتان بۆ روون بکەمەوە کە لەدەستبەرداربوونتان لەمەلامستەفا دەکەوێتەوە، کەئەوەش دەبێتە هــۆی لاوازبــوونی بزووتنــەوەی کوردایــەتیو شکــستهێنانیو توانەوەی یەکجارەکیو لەناوبردنی کەسی بارزانی.

شێخ ئەحمەدووتی:

(لەوباوەڕەدا نەبووم مستەفاوا بەخێراییو خۆبەخۆ هەموو ئەوشتانە دەڕمێنێ کەدروستکرابوونو تووشی ئەو جەنگە ماڵڕمێنەمان دەکات, ئەوەش تەنها بەقسەی چەند سەرەك هۆزێكو بۆبەدیهێنانی ئارەزووە تایبەتییەکانی ئەوانو دەستگرتن بەسەر چەند بستە زەوییەکدا, من دەزانم کەئەحمەد ئاغای زێباری لەسەرسەختترین دوژمنکانمان بوو, بەڵام بۆچی مەلامستەفا فەرمانیدا بەتیرۆرکردنی, هەروەها سدیق میرانیش؟).

شێخ ئەحمەد لەسەری رۆیشتو ووتی: (من هیچ تاوانێك لەسەرکردەدا شك نابەم, پەنا بەخوا, بەڵکو تاوان تاوانی سەرەك هۆزە کوردەکانەو بەتایبەتیش کەسی مەلامستەفا), هەروەها ووتی: (من هەرگیز پشت ناکەمە عەبدولکەریم قاسمی سەرکردەو لەپاڵیدا دەبمو دژی هەموو بارزانییەك دەوەستمەوە کەبداتە پاڵ مەلامستەفا, با ئەوەشت پێ بڵێم کەمستەفا ئێستا لەناوچەی بەرواری باڵایە بەیاوەری (٣٠٠ ـ ٤٠٠) چەکدار کەلەوانە (٤٠ ـ ٥٠) کەسیان بارزانینو بەنیازن رووبکەنە دەرەوەی عیراق), وتیشی: (هەرچی سەرەك هۆزەکوردەکان دەیکەن ساختەکارییە, بڕۆو گوێ بدەرە ئیشوکاری خێزانەکەتو گوێ لەهیچ سەرۆکێك مەگرە, تەنانەت مستەفاش), وتیشی: (کوردەکان بەگشتی قەرزداری کەسی عەبدولکەریم قاسمی سەرکردەنو بەتایبەتیش من کەلەو زیندانە ئازادی کردم کەلەوێ خۆت هاتیتە لام, ئەو

کاتەش بۆم گێڕایتەوە کەچیم بەسەرهاتوەو چۆن رۆژگاری زیندانم بەسەر بردوە، هەروەها گەڕانەوەی مستەفاش بەسەربەرزیو پێشوازیکردنی لەلایەن حکومەتو خەڵکەوە، ئەگەر شۆڕشی سەرکردە نەبوایە دەبوو مستەفا هەر لەمەنفاکەی لەڕوسیا بمابایەو تاهەتایە سەردانی عیراقی لێ یاساغ بکرایە، خوا بەخۆشیو سەرفرازی بەسەری کردووینەوەو ئەوەتا پێکەوە لەنێو کەسوکارو هاوڕێیانماندا دەژین.

سەیرەکە لەوەدایە کەمەلامستەفا، ئەو هەموو مەینەتییانەی کە بەسەر کوردستاندا دەهاتن بەسەرکەوتنێکی مەزن دەژمارد، ئەوەبوو هیچ گوێی نەدەدا بەخاڵیبوونەوەی کوردستان لەپێشمەرگەو راکردنە چاوەڕوان نەکراوەکەی خۆی بۆ ئێرانو ئەو هەموو چۆکدادانەی بەچۆکدادەهات لەپێناو مانەوەی خۆیدا، هەموو ئەوانەش لەبەر ئەوەی هەر شتێك لەبەرژەوەندی خۆیو شێخ ئەحمەددا بوایە لای ئەو سەرکەوتنێکی بێوێنەبوو، ئەو هۆزانەی کۆی کردبوونەوە قوربانییەکی زۆرو برینداریێکی زۆریان لێکەوت، ئەمە جگە لەپتر لە (٥٠٠٠) کورد کەفڕێدرانە زیندانەکانەوە، مەسعود بارزانی لەوتەکانیدا ئاماژەی بەهیچ کام لەوانە نەداوە تەنها لوقمانی برای نەبێت کەزیندانی کراوە، چونکە لای ئەو، ئازارو مەینەتی بنەماڵەی بارزانی لەژوور هەموو شتێکەوەیەو بەپلەی یەکەم دێ.

**********

## پلانی بەدرەددین عەلی بەهاوکاری چەند جاشێك ـ ل٣١ ـ ٣٢

بەدرەددین عەلی کە بەپارێزگاری هەولێر دانرا هیچ بەزەیی و هەستوسۆزێك لەدڵیدا نەبوو, بەڵکو لەهەموو هەستێکی نیشتمانی داچۆڕابوو, با ئەم نموونەیە بخەمە پێش چاو: خێزانەکانی گوندەکانی چواردەوری بارزان و دەوروبەری, لەناوچەی مێرگەسوورو گوندی بارزاندا گردکرانەوە (..), بەدرەددین عەلیش ئیدی تەنها کەوتە جۆشدانی ئاگری تۆڵەو هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی دوژمنایەتییە کۆنەکان.

(..) لەمێرگەسوور تاقمێك لەجاشە سۆفییەکان و هەرکییەکان بەرەوپێش هاتن و ویستیان بەرەزامەندی عەقید وەهبی و بەدرەددین عەلی بێنە ناو گوندەکەوە, ئێستاش دەنگی فیشەکی جاشەکانم لەیادەو لەیادمە چەند ترس دایگرتین لەهێرشیان بۆمان و هەتك کردنمان, لێرەدا بەئەرکی خۆمی دەزانم قارەمانێتییەکی ئەسعەد شیتنەوە یاد بهێنمەوە سەرەڕای ئەوەی لەوە بەدواوەو بەدرێژایی کات هەر سەرەك جاش بوە, ئەسعەد پیاوەکانی خۆی کۆکردەوەو بەربەستێکی قایمی دروست کرد بەڕووی هێرشبەراندا بۆ پارێزگاری لێمان و ووتی: پێشوازی لەمەرگتان بکەن, چونکە ئێمە لەسەرمانە تا دوا دڵۆپی خوێنمان بەرگری لەم خانەوادەیە بکەین, رووبەڕووی عەقید وەهبیش بۆوەو ووتی: ئەگەر جەنگ لەنێوان حکومەت و بارزانییەکاندایە ئەوە من

لەگـــەڵ حكومەتـــدام, بـــەڵام ئەگـــەر جـــەنگ لـــەنێوان هۆزەكـــانو بارزانییەكاندایە ئەوە من لەگەڵ بارزانییەكاندام.

*********

**لێرەدا دەڵێم**

دوای رەوتی ئەو رووداوانە, بارزانی پێشمەرگە پەرتـەوازەكانی كـۆكردەوە كەئـەو كاتـە مابوونـەوە بەمەبەسـتی رووبەڕووبوونـەوەو بـەرگرتن لـەهێزەكانی حكومـەت كـەهۆزە لایـەنگرەكانی پـشتیان دەگرت, بارزانی بـەم جموجووڵـە كتوپڕییـە دەیویـست هێـز نیـشان بداو بوونی خۆی بسەلمێنێ, ئەوسا گورزی حكومـەت بـۆ ناوچـەی بارزان هەنـد كاریگـەربوو كـەبارزانیی ناچاركرد ملیـدا بـۆ ویـستی دەســـەڵاتدارانی عیراقـــی, ئەمـــەش پاڵینـــا بەشـــێخ ئەحمـــەدەوە چۆكدادان نیشان بـداو دانوسـتان لەگـەڵ حكومەتـدا بكـات تـاهێزە چەكدارەكان هێوربكاتەوەو رقیان لەناوچـەی بـارزان دووربخاتـەوە, جەختیـشی لەسـەر ئـەوە دەكـردەوە كەتـەواوی ناوچـەكە لـەهێزی پێـشمەرگە پاكدەكاتـەوەو بـوونی ئیـدارەی عیراقـی لەناوچـەكەدا شـتێكی پێویـستەو لەخزمـەتی بەرژەوەنـدی گـشتیدایە. مەبەسـتم لەگێڕانـەوەی ئـەم رووداوە ئەوەیـە كەبـەڕێز بـەدرەددین عـەلی ئـەو كاتەی لەپۆستی پارێزگاری شاری هـەولێردابوو دەسـتی بـەخوێنی زۆرێـــك لەخـــەڵكی شـــەرەفمەندی شـــاری هـــەولێر ســـووربووو, مەینەتیوەهاشـــی بەســـەر ئـــەو شـــارەدا هێنـــابوو كـــە تائێـــستا دەگێڕدرێتەوە, بەڵام دەبینین هیچ ناچن بەلای دەردیسەرییەكانی

خەڵکی هەولێردا, بەڵکو هەموو مەبەستیان ئەوەیە ئازار لەخەڵکی بارزان دووربخەنەوە, چونکە ئازارەکانی ئەوان لەژوور ئازاری هەموانەوەیە, چونکە ئەوان گەورەی هەموانن, لەبەرئەوەش کەبەدرەددین عەلی لەهێرشەکانیدا تەنها مەبەستی گەورەکانی رێکخستنەکانی پارتی بوو, ئەمە پاڵی بەکۆمەڵێك لەئەندامانی پارتییەوە نا کە لەدەرماڵی خۆیدا تیرۆری بکەن.

خوێنەری بەڕێز: یەکێك لەڕەفتارەکانی بنەماڵەی بارزانی ئەمەی خوارەوەیە: پاش راپەڕینی ١٩٩١ کاتێك بەڕێز مەسعود بارزانی گەڕایەوە بۆ کوردستانی ئازادکراوو لەگەڵ گەیشتنی بەمیوانداری سەعید ئاغای ئەسعەد شیتنە لەگوندی سارداو, بەهەموو چەکدارە سۆرانییەکانی دەڵێت بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان چونکە ئەو لەناوچەیەکی بێوەیدایەو پێویستی پێیان نییە, بەبەرچاوی ئامادەبوانیشەوە کەگەلێك زۆربوون پێی دەڵێت: من زۆر پەشیمانم لەهەموو ئەو هەڵانەی لێمان وەشاوەتەوە کەباوکم دەرهەق بەئەسعد شیتنە کردوویەتی, سەعید ئاغاش پێی دەڵێت: ئێمەش لای خۆمانەوە هەموو شتێکمان لەیادی خۆمان بردۆتەوە. ئیدی زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی دەکاتو دادەنیشێتەوە, مەسعود بارزانیش ماوەی چوار مانگو بیست رۆژ بەمیوانی لای دەمێنێتەوە, لەو میوانداریيەشدا (٥٠٠) کەس یاوەری مەسعود بوونو ڕێرای ئەوانەی رۆژانە سەردانییان دەکرد.

خوێنەری بەڕێز، ئەمە یەکێکە لەو ڕەفتارانەی بنەماڵەی بارزانی دەینوێنن کەبەژمارەی گەورە گەورە بەمیوانی دەدەن بەسەر ماڵی ئەو کەسانەدا کەڕقیان لێیانە تا زیانی ماڵییان پێبگەیەنن. لەدوای ٣١ی ئابیش نێچیرڤان بارزانی نامەیەك دەنێرێ بۆ سەعید ئاغای شیتنە داوای لێدەکات بچێت بۆ قەزای سۆران بۆ دیتنی مەسعود بارزانی، سەعید ئاغاش بەدەم بانگهێشتەکەوە دەچێتو بەیاوەری کوڕەکەی دەچن بۆ دیتنی مەسعود، هەر بەگەیشتنیشیان بۆ قەزای سۆران دەستگیر دەکرێنو تائێستا چارەنووسیانوونە.

**********

## لێبوردنێك لەعەبدولکەریم قاسمەوە ـ ل٣٣

قاسم دوای ئەو بەرەنگارییە کورتخایەنەی بارزان، بۆی ئاشکرابوو کەمەلا مستەفا ئامادەیە بۆ قایلبوون بەهەر بڕیارێکی لێبوردن بەمەرجێك لەسەر کەرامەتی نەکەوێ، بۆیە پەیوەندی کرد بەشێخ ئەحمەدەوەو داوای لێکرد هەواڵ بگەیەنێت بەمەلا مستەفا کەقاسم ئامادەیە بڕیارێکی لێبوردنی بۆ دەربکات بەمەرجێك لەبارزان بمێنێتەوەو خۆیشیوا بەچاکتر دەزانێ لەبەغدای پایتەختدا بمێنێتەوە.

دواتر فەرماندەی لیوای سێی راسپارد کە لەرەواندوزبوو تابچێت بەرەو مێرگەسوور بۆ پێشوازی کردن لەمەل امستەفاو هەتا بەغدا یاوەریی بکات، شێخ ئەحمەدیش عوسمانی کوڕیو

محەمەد ئاغای مێرگەسووریی نارده لای مەلا مستەفا تا نامەکەی عەبدولکەریم قاسمی پێبگەیەنن.

**********

**منیش دەڵێم**

هۆکاری دەرکردنی بڕیاری لێبوردن لەلایەن عەبدولکەریم قاسمەوەو بۆ مەلامستەفای بارزانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێزەکانی حکومەت داڕوخابوون و لەکەمبوونەوەی بەردەوامدابوون و توانای هێرش و پاشەکشەیان نەمابوو, هەروەها بۆ متمانەی تەواوی سەرکردە بەشێخ ئەحمەدی بارزانی و بڕوای بەوەی کەشێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلامستەفا ناکۆکن, هەروەها بۆ ئەوەی کەمەلا نەیدەتوانی بەرپەرچ بداتەوەو لەبەر بەرژەوەندی گشتی مەلا دەبوو شوێنێك بۆخۆی هەڵبژێرێ تا ئەوەولای تەمەنی تێدا بگوزەرێنێ, بەڵام مەرجەکانی سەرکردە زۆر دژواربوون, چونکە مەرجی ئەوەی دانا کەبارزانی لەبەغدای پایتەختدا بمێنێتەوەو بەجێی نەهێڵێ, هەر ئەمەش وای لەبارزانی کرد خاوەخاو بکات لەجێبەجێکردنی مەرجەکانداو خۆیان لێ خافڵ بکات.

**********

## کۆبوونەوەیەك لەگوندی سەیدان ـ ل٣٤

هەواڵ گەیشتە حکومەت کەبارزانی بەسەختی برینداربووەو ژیانی لەمەترسیدایە, پڕوپاگەندەکانیش گەورەتر کرانەوەو زیادڕەوییان تێداکرا تائەو رادەیەی جاڕی کۆچی دوایی لێدرا, رەنگە مەبەستیش لەبڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵە هەڵبەستراوانە دروستکردنی کاریگەری بووبێت لەسەروورەی گەلی کوردو هەر ئەوەش روویدا, (..) لەکاتێکدا لایەنەکانی سەر بەحکومەت برەویان بەم پڕوپاگەندەیە دەدا مەلامستەفا بەدەم رێگاوەبوو بەرەو گوندی سەیدانو لە٢٠ی مانگی یەکەمدا گەیشتێ و فەرمانی دەرکرد بۆ هەموو پەلەکانی پێشمەرگە کەلەو گوندەدا کۆببنەوەو ژمارەیانوەکو پێشتر باسمانکرد نزیکەی هەزار کەسێك دەبوو.

مەلامستەفا کۆبوونەوەکەی بەووتەیەك دەست پێکرد تیایدا ووتی:

برایان, من خۆم نازانم پاشەڕۆژ چیی بۆ حەشارداوم, بەڵام لەسەر بەرگری کردن بەردەوام دەبم بەهەموو توانامەوەو کوردستان بەجێ ناهێڵم, لەحاڵێکیشدا هیچم لەتوانادا نەمێنێ و توانای بەردەوامبوونم نەمێنێ ئەوا بەرەو سوریا دەڕۆمو هەر لەسەر ئەم رێگایە دەمێنمەوەو هیچیشم پێ نییە جگە لەچەكو فیشەکەکانمو چەند درهەمێك نەبێ و ئەوە هەموو سامانمە (..)

ئـەوەش کەچـاوەڕێی هیـچم لێناکـا بـا لەگـەڵم بمێنـێ (..) چـونکە منیش وەکو ئێوە هیچم نییە, نەپارەو نەچەك (..).

ژمارەی پێشمەرگە بارزانییەکانیش لەو دەمەدا نزیکەی شەش سەد کەسێك دەبوون و ئەوانی دیکە کەنزیکی پێنجسەد کەس دەبوون لەهۆزەکانی نێروێ و گۆران و بەرواری ژێری و ئامێدی بوون.

**********

**من دەڵێم**

میـدیاکانی ڕاگەیانـدنی سـەرکردە هـەردەم تیـشکی چـڕیان دەخستە سـەر بـارزانی و وەهایـان بڵاودەکـردەوە کەبرینـدارە یـان کـوژراوە, هەواڵگـەلێکی دیکـەش هـەبوو کـەگوایا لەسـەر سـنوورو لەکـەلوەزی چیاکاندا خـۆی حەشـارداوە. لەڕاستیـشدا ئـەو دەمـە بـارزانی ڕۆژگـارێکی سـەختی دەگوزەرانـدو خـۆی و ئەوانـەی چواردەوری هیچ ئومێدێکیان بەرزگاربوون و سەرکەوتن نەمابوو, بـۆ ئـەوەش کـەبارزانی ئـەو تەنگژەیـە ببـەزێنێ فەرمانیـدا بەکۆبوونەوەی هێزەکانی تاوتارێکیان بۆ بخوێنێتەوە و لەڕێی ئەو گوتـارەوە توانی ورەیـان بەبـەرزی بهێڵێتـەوە و لـەوەفایان بۆبـارزانی دڵنیا ببێ و ژمارەی ئەو پیاوانەش کەلەگەڵی مابوون نزیکی (٣٠٠ ـ ٤٠٠) چەکدار دەبوون.

لەگوتارەکەیـشیدا ئـەوەی وەبیر هێنایـەوە کـە: (نـازانم چیمان بەسـەردێ, چـونکە لەهـەموو لایەکـەوە گـەمارۆ دراویـن و ئازووقـەو

تەقەمەنی پێویستمان پێ نییە بۆ بەرگرتن لەهێزەکانی حکومەت, بەگوێرەی توانا هەوڵدەدەم بۆ خۆڕاگری و دان بەخۆداگرتن تا ئەو کاتەی هەست دەکەم هەموو قۆناغەکانم دۆڕاندوە, ئەوسا دەست دەکەم بەپەڕینەوە بەرەو ناو سنووری سوریا, ئەوەتا لێرەشدا بەئاشکرا رایدەگەیەنم کەمن رێگای مردنم هەڵبژاردوە, هەرکەسێکیش لەئێوە توانای بەردەوامی نییە بەم رێیەدا بڕوا سوپاسی دەکەم بەئاشکرا ئەوە بڵێت هەزار جار خواحافیزی بێت).

لێرەدا هەست و سۆزی چەکدارەکان گڕی سەندو زوربەیان بڕیاریاندا لەخەباتدا بمێنن شان بەشانی بارزانییەکان و بارزانی توانی بەم هێزە بچکۆلەیەوە کەلەگەڵیدا بوو, هەروەها بەپاڵپشتی هەندێك لەهۆزەکان وەکو هۆزەکانی نێروێ و گۆران و بەرواری ژێرێ و ئامێدی خۆی راگرێ, ئەم وتارەش لە٢٠/تشرینی یەکەم/ ١٩٦١دا بوو لەگوندی سەیدان و خاڵی وەرچەرخانێکی گەورەبوو لەڕەوتی شۆڕشدا.

**********

### جموجووڵ بەرەو ناوچەی نێروێ ـ ل٣٥

سەرڕاستی وامان لێدەخوازێ ئەو هەڵوێستە جوامێرانە جوانە باس بکەین کەهۆزی نێروێ نواندیان لەتەك بارزانی و شۆڕشدا لەو رۆژە سەختەدا, لەو رۆژە سەختەدا گەورەو بچووکیان بەپرتاو هاتن تا جاڕی وەفادارییان بدەن و پیاوانیان بەچەك و سامانیانەوە

بێنــه ریــزی پەلــەکانی پێــشمەرگەوەو چارەنووســیان ببەســتنەوە بەچارەنووسی ئەو کەسانەوە کەخـەبات کردنیان لەتـەك بارزانیـدا هەڵبژاردبوو, زۆریشیان لەگۆڕەپاندا گیانیان وەکو شەهیدی نـەمر کردە قوربانی(..).

کەســانێکی دیکــەش لــەهۆزەکانی گــۆران‌و مــزوری ژێــری‌و بەرواری ژێری‌و ئامێدی دوایی لەگوندی بارزان پەیوەندییان کرد بەبارزانییەوە لەگەڵی چوون بۆ ناوچەی نێروە, هەندێکیشیان هەتا کۆتایی لەگەڵی مانەوە, لەکاتێکدا هەندێکیان ریزەکانی شۆڕشیان بەجێهێــشت لــەدوا قۆناغەکانــدا پەیوەنــدییان کــرد بــەهێزەکانی حکومەتەوە.

**********

لێرەدا دەڵێم

لە٢٣/ تشرینی یەکەم/ ١٩٦١دا جەنگی جوجهان لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەو حکومەتی عیراقدا هەڵایسا کەکۆمەکی هۆزی نێرۆییەکان رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەسەرخستنی لایەنی پێشمەرگە تیایدا, دوای ئەوە بارزانی هەستیکرد کەژمارەی پێشمەرگە رووی لەزیادبوون کردو کەهۆزەکانی چواردەوری بارزان بوونەتە مایەی مەترسی بۆسەر دەسەڵات‌و هەژموونی حکومەت, بەڵام بارزانی بەپێی بیرکردنەوەی خۆی دەستی کرد بەدروستکردنی هێزێکی سەربازی کەهاوشانی هێزی هۆزەکان بێت کەسەرەڕای پابەندی تەواویان هەر ترسی لێیان هەبوو, وەکو

هۆزەکانی گۆران‌و مزوری ژێریێو بەرواری ژێریێو نێرۆیی‌و ئامێدی, هەروەها کەوتە راسپاردنی ئەو کەسانەی ١٠٠٪ ئارەزووەکانی ئەویان بەجێدەگەیاند بەوەرگرتنی پۆستەکانی لێپرسراوی لەناو تەشکیلە سەربازییە نوێیەکاندا, ئەگەر هۆزێك یان کەسێکیش بیویستایە بەقەدەر تاڵەموویەك لەبەجێهێنانی ئارەزووەکانی لایبدایە, ئەوە دەبوو لەنێوان مردن یان پەنابردنە بەر حکومەتی عیراقی یەکێکیان هەڵبژێرێ.

لێرەشدا حەزدەکەم ناوی هەندێك لەو سەرکردە بەرپرسانە بخەمەڕوو کە لەڕۆژی دانانیان لەشوێنی لێپرسراویدا هەتا رۆژی شکستهێنانی شۆڕش داردەستێك بوون بەدەست بارزانییەوە هەڕەشەی پێدەکردن لەو هۆزو کەسایەتییە ناسراوانەی کورد کەلێیان دەترسا, ئەوانیش هەریەك لە:

١ـ محەمەد ئەمین میرخان.. بەهێزێکی ٢٥٠ پێشمەرگەییەوە.

٢ـ حاجی بیروخی.. ئەمیش بەهێزێکی ٢٥٠ پێشمەرگەییەوە.

٣ـ حەسۆ میرخان دۆڵەمەڕی.. بەهێزێکی ٢٥٠ پێشمەرگەییەوە.

٤ـ عیسا سوارە.. بەهێزێکی ٢٥٠ پێشمەرگەییەوە.

بۆ هەریەکێك لەوانەش جێگرێکی دانا کەخەڵکی ناوچەیەکی دیکەبوو, لەکاتێکدا ئەسعەد خۆشەوی وەکو جێگرێکی تایبەتی خۆی هێشتەوە, عەزیز محەمەد دۆڵەمەڕیشی کردە سەرکردەی هێزێکی تایبەتی بۆپارێزگاریکردن لەخۆی, پێش ئەوەی بارزانی

ئامێتـەی لایـەنگرانی پـارتی ببێـت پلانـی بـۆ هـەموو شـتێك دانـاو بەتەواوی ئامانجەکانی خۆی پێکا.

**********

## بەرەو هۆزی بەرواری بالا - ل٣٧

لـەرۆژی ٢٤/ تـشرینی یەکـەم/ ١٩٦١دا هێـزی پێـشمەرگە لـەزێی گەورە پەڕییەوەو گەیشتە گوندی ئالۆکە, دواتریش چووە گونـدی تـروانش‌و سـەرزیری, موحـسین بـەگی بـەرواری‌و جاشەکانیـشی لـەکانی ماسـی بـوون‌و بەهەماهـەنگی لەگـەڵ پۆلیـسی عیراقیـدا رێگـەیان بەهێزەکـە گـرت‌و مـاوەی پەڕینـەوەیان نـەدان (..), ئیـدی هیچ گومانێك نەما لـەوەدا کـەرێگا بەچەك دەکرێتـەوەو تـەنها دوای چـرکەیەك مـەفرەزەکانی جـاش‌و پـۆلیس رایـانکرد (..) رێگـای بێتۆڤـاش بەهـەمان شـێوە کـە بەدەسـت چـەند پـەلێکی پێـشمەرگەوەبوو لەغـەیری ئەوانـەی پەیوەنـدییان بەبارزانییـەوە کردبـوو, ئـەوانیش بەگەیـشتنی هێزەکـانی بـارزانی ورەیـان بەرزبۆوە, ئـەو دەمـە عـەلی عەسکەری بەرپرسـی لقـی یـەکی پـارتی بوو.

**********

**لێرەشدا دەڵێم**

لەبەرواری ٢٤/ تشرینی یەکەم/ ١٩٦١دا بارزانی و تەواوی هێزە سەربازییەکەی لەزێی گەورە پەڕینەوە.

لەم کاتەدا بارزانی و پێشمەرگەکانی لەسەر ڕێگای بێتۆڤا بەئەندامو کادرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتن، ڕێگاش تەواو لەژێر کۆنتڕۆڵی پارتیدابوو کەلەوێ مامۆستا عەلی عەسکەری سەرکردایەتیی دەکردن و کۆمەڵێك لەباشترین کادرو ئەندامەکانی پارتی لێبوو.

بۆیە سەرنجی بارزانییان بەلای خۆیاندا راکێشا، چونکە پەیوەندی رۆژانەیان هەبوو بەلایەنگرانی پارتییەوە لەشارو شارۆچکەکانداو جێی رەزامەندی و پشتگیری هەموو خەڵکی ناوچەکەبوون، بارزانیش بەیاخیبوونیان لەحکومەتی عیراقی و ژیان بەسەربردنیان لەکەلوەزی چیاکانداو هەڵسووڕانیان لەهەردوو بواری سیاسەت و جەنگدا سەرسام بوو.

دواتر دەزگاکانی ئاسایش لەناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەدا دامەزراو توانییان سۆزی زوربەی خەڵکی ناوچەکەو هۆزەکان بەلای خۆیاندا رابکێشن و ژمارەیان چوە نزیکەی (٢٠٠٠) پێشمەرگەی جەنگاوەر.

## بەشی دووەم ـ ل ٤١

## زستانی ( ١٩٦١ ـ ١٩٦٢ )

لەکۆتاییەکانی مانگی دەیەمی ساڵی ١٩٦١دا ناوچەی کانی ماسی بەتەواوەتی لەجاش و پۆلیس پاککرایەوەو سوپای شۆڕش تەواوی دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەرواری باڵادا سەپاندو کەسێك نەما لەوێ نوێنەری حکومەت بێت.

دەبێت ئەو هەڵوێستە جوانمەردانەیەی تێکڕای خەڵکی بەرواری باڵا باس بکرێت بەموسڵمان و دیانەوە، بەژن و پیاوەوە، کەبینییان لەوەی بۆ ماوەیەکی باش ناوچەی ئەم هۆزەیان کردە بارەگای گشتی شۆڕش.

خەڵکی ئەم هۆزە هیچ درێغییان نەکرد بەرامبەر بەشۆڕش لەسەرومالْ، قەڵەم ناتوانێ بەهیچ شێوەیەك وەسفی ئەوە بکات کەکردوویانە.

لە١٠/ تشرینی یەکەم/ ١٩٦١داوەکو باسمانکرد ناوچەکە پاککرایەوە، بارەگاکانی پێشمەرگە لەسەرانسەریدا کرانەوە، مارگرێتی کچە ئاشووری چەکی هەڵگرت و پەیوەندیکرد بەشۆڕشەوەو بوو بەپێشەنگی کچانی کوردستان.

**********

**لێرەدا دەڵێم**

راستە کە لەکۆتاییەکانی مانگی دەیەمی ساڵی ١٩٦١دا ناوچەی کانی ماسی بەتەواوەتی لەجاش و پۆلیس پاککرایەوەو سوپای شۆڕش تەواوی دەسەڵاتی خۆی بەسەر بەرواری باڵادا سەپاندو کەسێك نەما لەوێ نوێنەری حکومەت بێت, بەڵام بەداخەوە شتێکی جەرگبڕ روویدا, ئەویش تیرۆرکردنی خوشکی تێکۆشەری شۆڕشگێری قارەمان, مارگرێت جۆرجی کچە ئاشووری بوو, کەیەکەمین ئافرەتی جەنگاوەربوو پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە بکات, تیرۆرکردنیشی لەسەر دەستی ئەسعەد خۆشەوی و بەفەرمانی راستەوخۆی مەلامستەفا خۆی بوو. لەبەشی سێهەمی کتێبی (کورد دوژمنی خۆت بناسە)دا بەدوورودرێژی باسی ئەم رووداوە ناخۆشە جەرگبڕەم کردوە.

**********

**هەڵوێستی هۆزەکانی دیکە ـ ل٤٣**

نۆرە هاتە سەر رامکردنی ناوچەکانی هۆزە هاوسنوورەکانی دیکە دوای دەستگرتنی شۆڕش بەسەریاندا (..), ئەوەش بەبەرنامەیەکی داڕێژراوو بەهاوکاری دڵسۆزان و ئەندامانی پارتی, کۆمەڵێك لەسەرەك تیرەکانی هۆزی سندی هاتنە ریزی پێشمەرگەوەو لەهەموو شەڕەکاندا رۆڵی مەردانەیان بینی, خزمەتگەلێکی گەورەی شۆڕشیان کرد کە لەیاد نەچێت,

بەهاوکاری نێوان حزبییەکان‌و ئەندامە دڵسۆزەکانی ئەو هۆزە بارەگاکانی پێشمەرگەو سەرکردایەتی دامەزران.

**********

## من دەڵێم

مەلامستەفا لەرێگای کادرەکانی پارتەوە توانی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکات‌و هۆزەکان چوونە ژێر رکێفی خۆیەوە بەبێ دەسەڵاتی پارت.

**********

## شەڕی زاویتە ـ ل٤٤

لەگەڵ هاتنی مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦١ شۆڕش قۆناغێکی گرنگی بڕی لەبواری بەهێزکردنی بنکەکان‌و کۆنترۆڵ کردنی تەواویاندا.

سەبارەت بەبەکرێگیراوان‌و توانای جەنگیشیان ئەوە زانراوە کەئەوانە خاوەنی مەسەلەیەك نەبوون, بەڵکو هەموو ئامانجیان تەنها پارە بوەو هیچی تر.

لە١٠/ کانونی یەکەم ناحیەی سەرسەنگ لەهێزەکانی حکومەت ئازادکراو پێشمەرگە دەستی گرت بەسەر دۆڵی زاویتەدا کە لەدەروازەی شاری دهۆکدایە, لە١٢/ کانونی یەکەمدا دوو بەتالیۆنی پۆلیس‌و بەتالیۆنێکی سێهەمی سەر بەلیوای یانزەی سوپا بەسەرکردایەتی سەرهەنگ (عەقید) بەشیر ئیبراهیم پێشڕەوییان کرد, پێشمەرگە بۆیان چوونە مەڵاسەوە هەتا

گەیـشتنە ناوەڕاسـتی دۆڵەکـەو ئەوسـا لەلاتەنیـشتی ڕێگاکـەوە بەشـی پێـشەوەیان دایـە بـەر ئـاگر, جـەنگێك نـەبوو بـەواتای نـویٚ, بـەڵکو قەسـابخانەیەك بـوو بـۆ خـۆی, ئـەو سـیٚ بەتالیۆنـە کەوتنـە بۆسـەیەکی وەهـا توندوتۆڵـەوە کەتـەنها چـەند کەسـێکی کـەمیان رزگاریان بوو لێی.

ڕەنگـە زۆر نـەبیٚ گـەر بڵـێم شـەڕی زاویتـە یەکێکـە لەشـەڕە یەکلاییکـەرەوەکان لەمێـژووی شۆڕشـی ئەیلوولـدا کـەهێزەکانی حکومـەتو بۆیەکـەم جـار تووشـی زیـانێکی بـەو چەشـنە هـاتن لـەگیانو لەچـەکدا, کۆبوونـەوەی کۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتیش لەعەودالاٚن لەسەرەنجامی ئەو سەرکەوتنانەدا بەسترانو دوای ئەوە جموجووڵ لەبەشی رۆژهەلاٚتی کوردستان دەستی پێکرد.

ئـەم جەنگـەورەی ئەندامـەکانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی بەرزکردەوە لەهەموو جێگایەکی ولاٚتداو ڕێکخستنەکانی کەوتنەوە چـالاکی بـەبیٚ تـرس لـەراوەدوونانی پیـاوانی دەسـەلاٚتووەکو بەرەنگارییـەك, هـەر دوای شـەڕەکەش کۆبوونەوەیـەکی کۆمیتـەی ناوەندی پارت لەعـەودالاٚن بەسـتراو تیایـدا بڕیاری ڕێکخستنەوەی ریزەکانی پارت درا.

دوای ئـەم شـەڕە, ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی بەمەبەسـتی کۆکردنـەوەی شۆڕشـگێران بەسـەر هـەموو ناوچـەکاندا دابـەش بـوونو مـام جـەلال تاڵـەبانیش رووی کـردە چـەمی ڕێـزان, وێـڕای ئـەوەی چـالاکییەکانی ناوچـەی سلێمانیـشی گرتـەوە (..),

بارەگایەکی نیمچە هەمیشەییشی بۆ مەکتەبی سیاسی لەناوچەی ماوەت کردەوە.

لەلایەکی دیکەوە عومەر موستەفا لەگەڵ ژمارەیەك لەکادرەکانی پارتی لەناوچەی پشدەرو بیتوێن کەوتنە هەڵسووڕان و بەپاڵپشت و پشتگیری هەندێك لەئاغایانی هۆزەکان کەخۆیان گرتبوو و خۆیان نەدابوو بەدەستەوە, وەکو عەباس ئاغاو ئەنوەر بەگ و شێخ حسێنی بۆسکێنی و شێخ خدری سەیداواو کەسانی دیکەش.

**********

لێرەدا دەڵێم

لەبەرواری ١١/ ٩/ ١٩٦١دا هێزە عیراقییەکان بەفەرمانێکی عەبدولکەریم قاسم هێرشیان کردە سەر گردبوونەوەکانی هۆزەکان و سەرکەوتنێکی گەورەیان بەسەریاندا تۆمارکرد, چونکە ئەو هۆزانەیان بەناو گوندو شارۆچکەکان و لەناو کەلوەزی چیاکاندا بلاوە پێکردو لەوانەش مامۆستا مام جەلال کەلەگەڵ هەندێك لەهەڤاڵەکانیدا روویکردە چەمی رێزان و لەوێ مانەوە.

دواترو لە٢٤ ـــ ٢٥/ ١٢/ ١٩٦١دا کۆبوونەوەیەکی گشتی سەرکردایەتی گشتی لەعەودالان بەستراو بەردەوام بوو, مام جەلال پێشوازی لەو میوانانە دەکرد کە لەشارو گوندەکانەوە دەهاتن و بەنهێنی دەمانەوە, وەکو بەڕێزان ئیبراهیم ئەحمەد, عەبدولرەحمان زەبیحی, نوری ئەحمەد تەهاو هەندێك بەڕێزی دیکە, ئەوانەش لە ٢٤/ ١٢/ ١٩٦١ گەیشتنە ئەوێ.

هەروەها هەریەك لەبەڕێزان لەعومەر دەبابە, عەلی عەبدوڵڵا, مەلا عەبدوڵڵا, شەمسەددین موفتیو هەندێك لەهەڤاڵان کەژمارەیان ١٥ کەس دەبوو لەرۆژی ٢٢/ ١٢/ ١٩٦١ لەدۆڵەڕەقەوە کەوتنەڕێو رۆژی ٢٤/ ١٢/ ١٩٦١ گەیشتنە عەودالان.

لێرەشدا ناوی هەندێك لەو پێشمەرگانە وەیاد دەهێنمەوە کەئەرکی پارێزگاری ناوچەکەیان گرتبوە ئەستۆ, ئەوانەش: عەریف سلێمان, عەریف عوسمان یوسف, عەریف عەلی مەولود, ئەنوەر جووخێن, سابیر قادر, عەزیز عومەر, حەمەساڵح عەبدوڵڵا, تۆفیقەڕەش, عەلی حەمە رەسووڵ قەلەمان, بەهرام سادیق, قادر حەمەد, عەباس جوبرائیل, حەمزە جوبرائیل, عەبدولرەحمان سوسێی, ئەنوەر مستەفا.

وا لەخوارەوە هەندێك زانیاریو وردەکاری ئەو روداوانە دەگێڕمەوە کە لەبەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو هەندێك سەرچاوەی دیکەوە دەستم کەوتوە, وەکو چەند کتێبێكو لەوانە کتێبی (لەدەنکەوە بۆ گوڵە گەنمەکان)ی مامۆستا (عەریف سلێمان) لاپەڕەکانی ١٩٨ـ ٢١٢, کەبەڕێزیشی لەو کەسانەبوە کەشەرەفی پارێزگاری ناوچەکەی لەو کاتەدا پێ براوە. ئەوکاتەش دوو بۆچوونی جیاواز هەبون:

یەکەم: دەبێ لەهەموو لایەنێکەوە بەخۆماندا بچینەوەو پەیوەندی نێوان شۆڕشو گەل بەهێزتر بکەینو دواتر کار بۆ

تێکۆشانی سیاسی بکەین‌و وریاو هۆشمەند بین‌و کەڵك لەلایەنە سلبییەکانی حکومەت وەربگرین‌و لەناو خەڵکدا دەری بخەین.

دووەم: کارکردن بۆ جاڕدانی شۆڕش پێش گەیشتنی مەلامستەفا بۆ سوریا, کۆمەڵێکی زۆر لەئامادەبوان دژی ئەم بۆچوونە وەستان لەوانە مامۆستا (نوری ئەحمەد تەها) کە بەراشکاوییەکی بێئەندازەو بەئاشکراووتی: بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانەی لەگەڵ مەلامستەفادا بەسەرم بردوە زانیومە کەهەمیشە رۆڵێکی سلبی هەبوە هەتا لەکۆماری مەهابادیشدا, بگرە چوار ئەفسەرە قارەمانەکەش بۆ رزگاربوون لەدەست بارزانی خۆیان تەسلیم بەحکومەتی عیراقی کردەوە, وتیشی: رۆیشتنی بەرەو سوریا شتێکی باشە, پاشان ئەو هەر شایستەی ئەوە نییە بەسەرۆکی پارتی هەڵبژێردرێ.

دوای وتووێژو راگۆڕینەوەش‌و بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گەلی کوردو شوێن‌و پایەی بارزانی بڕیاردرا جاڕی شۆڕشی سیاسی‌و سەربازی بدرێ لەعەوالآن لەیانزەی ئەیلوولی ١٩٦١ هەرچەندە کۆبوونەوەکە لە ٢٤ــ ٢٥/ ١٢/ ١٩٦١ بەسترا. گەلێك بڕیاریش دەرچوو, وەکو چۆن ئەرکەکان بەم شێوەیە دابەشکران:

بارەگای مەکتەبی سیاسی لەگوندی مالومەی ناوچەی ماوەت بێت‌و بکەوێتە ژێر فەرمانی هەریەك لەئیبراهیم ئەحمەدو عەلی عەبدوڵڵا لەبارەگای سەرکردایەتی, نوری ئەحمەد تەها لەسلێمانی, عەبدولرەحمان زەبیحی لەکەرکووك, مام جەلال لەچەمی رێزان,

عومەر دەبابە لەحەوزی بیتوێن, حیلمی عەلی شەریف لەخانەقین و بارەگاکانی چیای بەمۆ, عەلی عەسکەری لەبادینان, جەنگاوەری کوردیش بەناوی (چەتە, گەل, کۆمەڵ, سوپا) ناودەبرا, مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد پێشنیاری ناوی پێشمەرگەی کرد کەناوێکی پڕبەپێستی خۆیان بوو کەهێندەی دی شەرەفمەندی کردن.

بەنەخشەکێشانی مام جەلال هێزەکانی پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر خەزێنەی حکومەتی عیراقی لەکۆیەو هێرشەکە لەشێخ خەروان بوو لەرۆژی ٣٠/ ١٢/ ١٩٦١, ئەو بڕە پارەیەش کەمام جەلال دەستی کەوت (٣٠) هەزار دیناربوو, هەر ڕێك شەوێکیش پاش کردەکە بڕی ١٣ هەزار دیناری لێ نارد بۆ مەلامستەفا لەناوچەی بادینان, پارەکەش درایە دەستی باقی حاجی جەلال, کەبازرگانێکی ناسراوی شاری رانیەو کوردێکی شۆڕشگێڕە, ئەویش لەهەولێر دایە دەست میرزا کۆیی و لەڕێی ئەویشەوە گەیشتە دەستی عەلی عەسکەری کەلێپرسراوی ناوچەی بادینان بوو, دواجاریش لەوەوە گەیشتە دەستی مەلامستەفا.

پاش بڕیاری پارتی و سەرکردەکان و گەیشتنی ئەو بڕە پارەیە بەدەستی مەلامستەفاو عەلی عەسکەری, فەرمان دەرچوو بۆ پێشمەرگە کەپێشڕەوی بکەن و کاربکەن بۆ لێدانی رژێم و رووخاندنی, شەڕی عەودالانیش ماوەیەکی کەم پاش کۆبوونەوەکەی عەودالان روویدا.

بەڵام بەداخێکی گرانەوە ئەم زانیارییانە لەلایەن ئەوانە بەچەواشە دەگێڕدرێتەوە, خەڵکێکی زۆریش لەنزیکەوە ئاگاداری ئەم راستییەن, لەوانە مام جەلال و عەلی عەبدوڵڵا.

لەلاپەڕەکانی ٢٢٨, ٢٤٧, ٣١٧ی کتێبەکەی بەڕێز ئەییوب بارزانیش (بەرهەڵستکاری کوردان بۆ داگیرکاری ١٩١٤ ـ ١٩١٨) ئەم وتانە هاتوون:

بۆچوونی سەرکردەکانی وەك نوری ئەحمەد تەها سەبارەت بەمەلامستەفا سلبی بوو, بەکەسێکیشیان دادەنا کە لەگەڵ بیری پێشکەوتنخوازیدا ناگونجێت و رێزی دەستووری پارتی ناگرێ, نوری راشکاوبووو هەمیشە ئەزموونە سەرنەگرتووەکەی ئەفسەرانی هیوای وەبیر دەهێنانەوە لەگەڵ مەلامستەفادا لەنێوان سالانی ١٩٤٤ـ١٩٤٧.

دەبێت ئامارەش بەوە بدرێ کەمیرحاجی ئەحمەدی ئاکرێی هەرئەوەندەی یارمەتی گەڕانەوەی هەموو بارزانییەکانیدا بۆ خاکی نیشتمان تا بەیەکجارەکی وازی لەسیاسەت هێنا.

حکومەتی عیراقی کورتبینیی خۆی کاتێك دەرخست کەحوکمی لەسێدارەدانی دەرهەق بەچوار ئەفسەرە کوردەکە دەرکرد, ئەو چوارەش دوای ئەوەی بڕیاری لەسێدارەدانەکەیان پێ راگەیەنرا دوا وەسیەتنامەی خۆیان بۆ گەلی کورد نووسی کەتێکرا لەدوو بەش پێکهاتوە:

١ـ بانگەشـەی گـەلی کـورد بۆیـەکبوونو بـەردەوامبوون لەخـەبات لەپێناوی رزگاریدا.

٢. گـەلی کـورد دوای نـەخوێـندواری نەکـەویو بەهـەموو هێزیـەوە دژی بجەنگی.

لەوەسـیـەتنامەکەیاندا دەردەکـەوێ کەئـەو چـوار ئەفـسـەرە گـەلی کوردیـان لەوابەسـتـەبوون بەسـەرکردایەتییەکی نەخوێـنـدەوارەوە ئاگادارکردۆتـەوە, سـەرکردەکانی پـارتی دیمـوکراتیش بەئـەرکی خۆیان هەڵنەستان لەگەیاندنی ئەم وەسیەتە بەگەلی کورد بـەپێی پێداویـستییەکانی سەرڕاسـتی, خۆشـیان گرنگـی پێویـستیان پێنـەداوە. چـونکە لەگـەڵ وریاکردنـەوەی گـەلی کـوردا لەوابەستەبوون بەسەرکردایەتییەکی ناشایستەوە کـەهۆکاری تـاڵی ئەزموونەکەیانـە, نـاوی ئـەو سـەرکردایەتییەیان نـەبردووە تـا دڵـی حکومەتی عیراقی خۆش نەکەن کەحوکمی لەسێدارەدانی بەسـەردا دابون, لەرۆژی ١٨/ ٦/ ١٩٤٧یشدا لەبەغدا لەسێدارەدران.

**سەرنج**

بـرای خوێنـەر, بـۆ زانیاریـت ئـەوان مەبەسـتیان کەسـی (مەلامستەفای بارزانی) بوو.

## بەشی سێهەم ـ ل ٤٩

## سەرەتای دانوستانو پیلانگێڕان

رژێم دوای شەڕی زاویتە سەرسام بوو, چونکە هەموو رەهەندە سیاسییە راستەقینەکانی روداوەکانی کوردستانی بۆ ئاشکرابوو کە لەڕاستیدا شۆڕشێکی کوردیی کاملو ئاسۆو ئامانج روون بوو, نەك تەنها راپەڕینێکی هۆزایەتی سنووردار لەناوچەیەکی دیاریکراودا (..).

عەبدولکەریمیش تووشی (صەدمە)یەك هات کەچاوەڕێی نەدەکردو خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو (..), بۆیە پەنای بردە بەر فێڵو پیلانگێڕان, ئەویش بەوەی بەڕووکەش یاریدەدەرێکی خۆی نارد بۆ دانوستان لەشوێنێکی دیاریکراودا, ئەوەش بەنیازێکی داڕێژراو لەخۆیەوە تا لەکاتی دیدارەکەدا شوێنەکە بۆردومان بکاتو مەلامستەفاو نێردراوەکەی خۆی پێکەوە لەناوببات.

(..) ئەمجارەش بۆ شێخ ئەحمەدی نووسی کەئامادەیە لەبارزانی ببورێ هەر بەو پەیڤەی زوو زوو دەیگوتەوە (عفا الله عما سلف ــ ئەوەی رۆی رۆی) بەمەرجێك بگەڕێتەوە بۆ بارزانو دامرکێتەوەو گوتیشی ئامادەیە بڕیاری کێشانەوەی مۆڵەتی پارتی هەڵوەشێنێتەوەو وەکو جاران بواری کارو چالاکیی پێبداتەوە (..).

شێخ ئەحمەد ناوەرۆکی نامەکەی قاسمی گەیاندە بارزانی (..), دوای دوو رۆژیش لەگەیشتنی نامەکە قاسم داوای چاوپێکەوتنی

نێردراوەکەی خۆی کرد کەسوپاسالار (عەمید) حەسەن عەبوودی فەرماندەی لیوای پێنجەم بوو, بارزانیش بەوە قایل بوو, ڕۆژی ١٧ی مانگی کانوونی یەکەمیش حکومەت شوێنێکی دیاریکرد بۆ کۆبوونەوەی بەشدارانی دانوستانەکە لەنزیکی سەرسەنگەوە, بەڵام بارزانی ئامادەی ئەو شوێنە دیاریکراوە نەبوو, بەڵکو لەجێگایەك مایەوە لەنزیکی گوندی بامەڕنی و لەوێوە چەند نێردراوێکی خۆی نارد بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە تا چاوەڕێی هاتنی حەسەن عەبوود بکەن و لەگەڵ خۆیان بیبەن بۆ جێگایەکی دیکە کەبارزانی خۆی هەڵیبژاردبوو, بەڕاستیش پێشبینییەکەی راست دەرچوو, قاسم دەیویست ئەویش و نێردراوەکەی خۆیشی لەناوببات لەکاتی کۆبوونەوەیاندا, ئەوەبوو چوار فڕۆکە هەر دوای ڕۆیشتنی حەسەن عەبوود دەرکەوتن و بۆردومانێکی خەستی ئەو ناوەیان کرد, حەسەن عەبوود خۆی بۆردومانەکەی بینی و هەستی شەرمەزاری دایگرت (..), قاسم ئەم هەوڵەی دواتریش دووبارەکردەوە, ئەمجارەیان بەناردنی سەرەك هۆزەکانی پشدەرو لەناویاندا بابەکری سەلیمی حاجی ئاغا, کەسایەتی ناسراوی ناو ئاغاکانی پشدەر, ڕۆژی پانزەی ئاداری ساڵی ١٩٦٢ وەفدی هۆزەکان لەگوندی شەهیا لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوەو مەسەلەکەیان وەکو مەسەلەیەکی تایبەتی نێوان قاسم و بارزانی خستەڕوو.

(..) قاسم فەرمانی دەرکرد بۆ لیوای یانزەی سوپاو لیوای یەکی پۆلیس کەپێشڕەوی بکەن بەرەو سەرسەنگ و لەوێوە بەرەو

بامــــەڕنی, ســـەرهەنگ (عەبـــدوڵلا حەســـەن) کەهەڵبـــژێردرابوو پێشڕەویی ئـەو هێزانـە بکـات فەرمانەکـەی رەتکـردەوەو (..) لـەو نێــوەدا تووشــی هیــستیریا هــات‌و خرایــە نەخۆشــخانەو دواتــر خانەنشین کرا.

**********

لێرەدا دەڵێم

دوای کۆبوونەوەکـەی ئەنـدامانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لەگونــدی عـــەوالان لەبـــەرواری ٢٤ ـــ ١٩٦١/١٢/٢٥و جـاڕدانی شـــۆڕش‌و تێکۆشــانی چـــەکداری‌و هەڵبـــژاردنی مەلامـــستەفا بەسەرۆکی پارتی‌و سەرکردەی شۆڕش, گـەلێك پرسیار لەمێشکی دوژمنـانی کـوردو شۆڕشـەکەیدا ورووژا, ئـەویش ئـەوەبوو کەچۆن دوو رەوتی دژ بەیـەکی بـارزانی‌و ئەنـدامانی رێکخراوەکـانی پـارتی رێکـــەوتن‌و یـــەکیانگرت؟ ئەمـــەش‌وەهایکرد کەعەبدولکـــەریم قاسم‌وریاو چاوکراوە بێت لەئاستی ئـەم رووداوەداو هەوڵبـدا بـۆ خۆئامادەکردن لەپێناوی روبەڕوبوونەوەی ئەم یەکێتییە بەهێزە.

ئیــدی عەبدولکــەریم قاســم کەوتــە گۆڕانکــاری لەبەرنامـــەو سیاسـەتیدا بەرامبـەر بـارزانی بـە ١٨٠ پلـەو کەوتـە کـارکردن بـۆ ئاشــتبوونەوە لەگەڵیــداو رازیکردنــی‌و لێــدانی ئــەو دەرگایانــەی دەیگەیەننـە دڵـی بـارزانی تـا وای لێبکـات لـەبڕیاری بـەکارهێنانی توندوتیـژیی شۆڕشـگێڕانە پاشـگەز ببێتـەوەو خـۆی لەئەنـدامانی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان جودابکاتــەوە. لێــرەوە دەبیــنین

لـەرۆژی ٧/ ٣/ ١٩٦١دا بڕیارێـك دەردەكـات بـەلێبوردن لەهـەموو ئەوانەی لەكاتی كۆبوونەوەی هۆزەكاندا دەستگیر كرابوون.

لێـرەدا دەمـەوێ ئـەوە بڵـێم كەهـەموو حكومەتـە یـەك لـەدوای یەكەكانی وڵاتانی داگیركەری كوردستان (عیراق و توركیا و ئێران و سـوریا) یـەك پـەیڕەویان هـەبووە و سـەركردەكانیان ئـەوەیان لەسـەربووە نەخـشە تاوانكارییـەكان بەئـەنجام بگەیـەنن لـەتیرۆركردنی سـەركردە و سـەرۆكە كوردەكـان و سـەركوتكردنی بزووتنـەوەكانی كوردایـەتی و بـۆ رۆژێكـیش بیریـان لەچارەسـەركردنی ئاشـتییانەی كێـشەی كـورد نەكردۆتـەوە و نایكەنـەوە. ئـەوەتا كۆمـاری ئیـسلامی ئێـران لەپـشت تیرۆركردنـی هـەردوو سـەركردەی كـورد د.قـاسملۆ و شـەرەفكەندییەوە بـووە و بەهەمان شێوە حكومـەتی توركیا هـەردەم لەهـەوڵی دژایـەتیكردنی بزووتنـەوە كوردییـەكان و راوەدوونـانی سـەركردەكانیدا بـووە، دواهەمین كایەشی لەم بارەیەوە رفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بوو.

لـە ١١/ ٩/ ١٩٧٦دا سـەدام حـسێنی سـەرۆكی عیراقـی داوای لێكـردم مامۆستا جـەلال تاڵـەبانیی سـەركردەی كـورد تـیرۆر بكـەم، كاتێكیش قایل نەبووم ئـەو كـارە بكـەم بەفـەرمانی خـۆی لـە ١٤/ ٩/ ١٩٧٦دا زیندانی كرام.

**********

رۆیشتن بەرەو ناوچەکانی بەرواری ژێری, مزوری ژێری, ئاکرێ ـ ل٥٢

دەسەڵاتی پارتیو هێزەکانی شۆڕش بەسەر ئەو ناوچانەدا کەپێشتر باسمانکردن بەتەواوی مایەوە (..), ئیدی بارزانی بەهێزێکی پێشمەرگەوە روویکردە ناوچەی بەرواری ژێریو مزوری ژێریو ئازادی کردو خەڵکەکە لایەنگریی خۆیان بۆ پارتی راگەیاند (..) ژمارەیەکی کەمیان بەچاکتر زانی پەیوەندی بەحکومەتەوە بکەن (..), رێژەی پەیوەندیکەران بەشۆڕشو بەحکومەتەوە جیاوازی هەبوو, لەهەندێك ناوچەدا زوربە بەلای پێشمەرگەدا شکایەوە, لەهەندێکی تریشدا زوربە چوونە ریزی هێزەکانی جاشەوە, لەدۆڵی نەهلەدا کەهۆزی زێبارییەکانی لێیە هەندێك پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کرد, بەڵام زوربە لایەنی حکومەتیان گرتو بوونە جاشی کرێگرتە, ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوژمنایەتییە مێژووییە بەهێزەی نێوان ئەوان لەلایەكو بارزانییەکانو هۆزە هاوپەیمانەکانیان لەلایەکی دیکەوە.

(..) بەهاتنی مانگی مایسی ١٩٦٢ سەرلەبەری هەرێمی بادینان جگە لەناوەندی قەزاکانو هەندێك لەناحیەکان هەمووی کەوتبوە ژێر رکێفی شۆڕشەوە بەپێی فەرمانەکانو بڕیارە دەرچوەکان (..) شۆڕشیش رەگی بەقووڵی لەناو خاکی کوردستاندا سەقامگیر ببوونو چەمکەکانی شۆڕش لەناو جەماوەردا بڵاوببوونەوەو لاوانی ئەو دەمەی کوردیش بەکۆمەڵ دەستیانکرد بەپەیوەندیکردن بەشۆڕشەوە.

**منیش دەڵێم**

بارزانی هەموو قورسایی خۆی خستە سەر چۆنێتی فەرزکردنی خودی خۆی و بنەماڵەکەی بەسەر پارتیداو لەهەموو دیوەخانەکاندا وای بڵاودەکردەوە کەهەموان دەبێت لەبەر بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەکەی بچنە ریزی پارتییەوە، بەسەرکەوتوویش توانی سەرنجی زوربەی سەرکردە سیاسییەکان بەلای تەکتیکەکەیدا رابکێشێ و هەموویان بوونە زورناژەنی بارزانی کەدەستی بەسەر پارتیدا گرتبوو، ئامادەش بوون لەپێناوی بارزانی و بنەماڵەکەیدا قوربانی بەهەموو شتێك بدەن.

بارزانی توانی لەم رووەوە سەرکەتن بەدەست بهێنێ، بەوەی توانی وا لەزوربەی خەڵکی بادینان بکەن متمانە بەقسەکانی بکەن و پشتگیریی هەنگاوەکانی بکەن، بەتایبەتیش پاش شکستهێنانی کۆبوونەوەی هۆزەکان کەگێچەکە بەئاراستەی ١٨٠ پلە بەلایەکی دیکەدا شکایەوە.

دواتر بەناوی پارتییەوە کەوتە کوشتن و دوورخستنەوەی ئەو سەرەك هۆزانەی بەباشی دەیانناسی و بڕوایان پێی نەبوو، ئیدی زوربەیان بەرەو شاری موسڵ و بەغدای پایتەخت رایانکردو خۆیان تەسلیم بەحکومەتی عیراقی کردو سەنگەری خیانەتیان هەڵبژارد تا لەبارزانی و دڵڕەقی بارزانی بەدووربن و لەئامێزی حکومەتی عیراقیدا لەچنگی قوتاربن، لەوانەش هۆزی زێباری.

## ڕێکخستنی ئیدارەو سەرپەرشتی سەربازیو حزبی لەبادینان ـ ل٥٤

دوای ڕزگـارکردنی دەڤـەری بادینـان, بـارزانی بڕیاریـدا بـەرەو دەڤەری سۆران بکشێ تا بەهـەمان شێوەی بادینان بست بەبستی ئازادبکـــات, پـــێش لەشکرکێـــشیش بـــارزانی هەســـتا بـــەم دامەزراندنانە:

١ ـ ئەسعەد خۆشەوی سەرکردەی باڵای دەڤەرەکە.

٢ــ محەمەدئـەمین میرخـان سـەرکردەی هێـزی چـاکوش لـەژێر سەرپەرشـتی راسـتەوخۆی بـارزانی خۆیـداو حـاجی بیروخـی و مستەفا نێروێو عـەریف یاسینو کـەکۆ مێرگەسوریو حەسـەنی خاڵە هەمزەو شەریف عەبدوڵڵاو مەلائەمین وەکو جێگری.

٣ــ عیـسا سـوارە سـەرکردەی ناوچـەی زاخـۆو عـەلی هـالوا یاریدەدەری.

٤ ـ عەلی خـەلیل سـەرکردەی ناوچەی دهـۆكو فارس کورمارکی یاریدەدەری.

٥ . حەسـەن میرخـان دۆڵەمـەڕی سـەرکردەی ناوچـەی شێخانو یاریـدەدەرەکانی هـەر یـەك لـەحاجی مـەلۆو هـورمز مەلـەك جـەکۆو عومەرئاغای دۆڵەمەڕیو شوکور عەبدول شێخکی.

ڕەنگـە یـەکێك بپرسـێ بۆچـی سـەرکردایەتی بـەرەکان تـەنها بەبارزانییـەکان سـپێردرا؟ وەڵامـیش ئەوەیـە کەهـەموو هۆزەکـان قایلبوون لـەژێر سـەرکردایەتی کەسێتی بارزانیـدا کاربکـەن, بـەڵام فـەرمانی سـەرکردەیەکی دیکـەیان بـەجێ نەدەگەیانـد, لەلایـەکی

دیکــەوە هــەموو ئــەو ســەرکردانەی بــارزانی داینــان یــاوەرانی گەشـــتەکەی یـــەکێتی ســـۆڤێتی خـــۆی بـــوون و بەشـــدارییان لەشــەڕەکانی ١٩٤٣و ١٩٤٥و شــەڕەکانی بــەرگریکردن لــەکۆماری کوردســتان لەمــەهابادا کردبــوو, بــەوەش پــسپۆڕییەکی باشــیان لـــــەبواری جەنگداوەدەســـــت هێنـــــابوو, وێـــــڕای زانیارییـــــە سەربازییەکانیان کە بەچوونە چەند خولێکی سەربازی لەیەکێتی سۆڤێتوەدەســـتیان هێنـــابوو ســـاڵی ١٩٤٨و بـــەوەش وەکـــو مامۆستاگەلی نەوەی نوێ وەهابوون.

*********

**لێرەدا دەڵێم**

چەند راستییەك هەیە مرۆڤ ناتوانێت لەیادیان بکات و چاویان لێ بنووقێنێ, راستە کەبنەماڵەی بارزانی تۆمارێکی مەزنی خەبات و قوربانیدانیان هەیە, هەرچی باسوخواس و نوسراوو بڵاوکراوەش هەیـــە دەربارەیـــان مـــافی خـــۆی پێنـــەداون بەرامبـــەر خـــەبات و قوربانییـــان, ئـــەوان لەشـــەڕەکانی ١٩٤٣و ١٩٤٥دا بەشـــدارییان کردووەو رۆڵێکی گەورەیان هەبوو لەکۆماری مەهاباداو سنووری ئێرانیان بەزاند بەرەو ناو خاکی یەکێتی سۆڤێت و لەوێ لەیەکتری دابڕان, خاوەن ئەزموونیش مانای ئەوە دەزانێت کەمرۆڤ دوورە نیشتمان و دوورە کەسوکار بێت, هەتا دوای گەڕانەوەشیان بۆ عیراق لەدوای شۆڕشی عەبدولکەریم قاسم دەتوانم بڵێم تا ١١/ ٩/

١٩٦١ رۆڵێكـی پڕشانازییان هـەبووە وەكـو باسـەكان دەریدەخـەن, بەڵام وەكو پێغەمبەر دەڵێت: (انما الامور خواتمها).

دەبینین لەهەموو روویەكەوە دڵسۆزی تەنها بۆ كەسی بارزانییە, سـەقامگیركردنی دەسـەڵاتەكەی, تونـدوتۆڵكردنی چـەپۆكی, لـەناوبردنی نـەیارانی و كۆكردنـەوەی سـامان, بـارزانی ئەوسـاو ئێستاش لای هەندێ كەس هێمایەكی پیرۆز دەگەیەنێ كـەئاو لیڵ ناكات, بەو شێوەیە دەستیكرد بەپاوانكردنی دەسەڵات بۆ خۆیو سـەرەتاش لەناوچـەی بادینانـەوە دەسـتی پێكـردو ئـەو سەركردانەشی هەڵدەبژارد كـەهیچ گومـانی لـەوەدا نییە كـە١٠٠٪ ئارەزوەكانی بەجێ دەگەیـەنن, لـەو دەڤـەرەدا پێنج كەسی دانا كە بەناوی شۆڕشەوە بەچەپۆكێكی ئاسنینەوە راستو چەپ خەڵكیان دەڕەتانـدو ئەوانـەش (ئەسعەد خۆشـەوی, محەمەدئەمین میرخـان, عیسا سـوارە, عـەلی خـەلیلو حەسـۆ میرخـان)بـوون كەناوچـەكە لەساڵی ١٩٦٢ەوە هەتا ساڵی ١٩٧٥ لەژێر ركێفیاندا بوو.

لەگـەڵ ئەوەشدا زوربـەی ئەوانـە كۆچی دواییان كـردووە, بـەڵام مێـژوو رەحم بەكـەس ناكـات, هەرچـەندە نووسـەرو ئەدیبـەكانیش چاوپۆشـی لەڕاسـتی بكـەن بـەڵام راسـتی لـەتۆمارەكانی مێـژوودا نوسـراوەتەوە. ئـەوەی خـەڵك لەسـەر دەسـتی ئەوانـەو لەسـایەی دەسـەڵاتی رەشـیاندا چەشـتوویانە كارەسـاتێكە لـەیاد ناچـێت. هەركەسـێكیش بـەحوكمی كۆیلـەیی ئەوانـە قایـل نەبوایـە دەبـوو ناوچـەی دەسـەڵاتیانی بـەجێ بهێـشتایەو رایكردایـە بـۆ ئـامێزی

حکومـــەت, بۆیـــە دەبیـــنین زۆر لـــەکوردە شـــەرەفمەندەکان خـــاك‌و هەواری خۆیان بەجێهێشت‌و پەنایان بردە بەر ئامێزی حکومەتی دەســـــەڵاتدار لەبەغـــدا بـــۆ پاراســـتنی گیانیـــان‌و ســـەلامەتی خێزانەکانیان لەجەوری بارزانی‌و هەوادارانی.

وا دەزانم ئەمڕۆش ڕۆژی لێپێچینەوەیە, دەبێت لیژنەیەك پێك بهێنرێ بۆ بەدواداچوونی ڕاستییەکان‌و دەرخستنی ئەو ستەمەی دەرهەق بەهەزاران کەس ئەنجامدراوە‌و گێڕانەوەی ماف‌و ڕێزیان, تا ئەو ڕاستییە بۆ هەموان ئاشکرا بێت کەئەندامانی مەکتەبی سیاســـی پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان بەشـــدارییانکردوە لەشاردنەوەیدا بەدرێژایی چەندین ساڵ, هەرچەندە بەڕێز عەلی عەسکەری لێپرسراوی دەڤەرەکەبوو لەو دەمەداو لەکاتی خۆیدا لەراپۆرتێکـــدا تـــەواوی ڕاســـتییەکانی بـــەرزکردەوە بـــۆ ئەندامـــە بەڕێزەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی.

لەساڵی ١٩٧٥داو کاتێك بارزانی بەبڕیارێکی تاکڕەوانە لای خۆیەوە کۆتایی شۆڕشی چەکدارانەو قایلبوونی بەکۆیلەیەتی وڵاتانی دراوسێ‌و ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا ڕاگەیاند, فەرمانێکی دەرکرد بەئامادەبوونی هەموو سەرکردە بەرپرسەکان لەبارەگای سەرکردایەتی گشتیدا.

هەڵوێستی ئەو ١٧ لێپرسراوەی ناوچەی بادینان کە بەدرێژایی ماوەی نێوان ١٩٦٢و ١٩٧٥ دەستیان خستبوە بینەقاقای جەماوەر ترس بوو لەتۆڵەی ئەو جەماوەرە بەهۆی ڕەفتارەکانیان دەرهەق

بەخـەڵکی ناوچـەکە, ئـەوەش وای لێکـردن داوا لـەبارزانی بکـەن بیانپـارێزێو ئاسـایش‌و سـەلامەتی رێگایـان بـۆ دابـین بکـات تـا دەگەنە بارەگای سەرکردایەتی لەئێران‌و بەوەش بارزانی ناچاربوو داوا لەحکومەتی ئێران بکات فڕۆکەیەکی هێلیکۆپتەر رەوانە بکاتە لایـان تـا بەشـێوەیەك بیانگوێزێتـەوە کەدەسـتی تۆڵـەیان نـەگاتێ, هـەرواش بـوو, بـەڵام هەنـدێکیان لەڕێدا تیاچوون‌و لەسـەر دەسـتی خەڵکەکە کوژران.

ئەوەشـیان کـەتا ئـەمڕۆ لەژیانـدا مـاوە دەبێـت بدرێتـە دادگـاو پەردە لەڕووی ئەو تاوانانە هەڵماڵێ کەئەوانی دیکە لەو ١٧ کەسە ئەنجامیانـداوەو دەریبخـات کـێ هانـدەریان بـووە بـۆ ئـەو کارانـەی ئەنجامیانــداوەو چـۆن هەنــدێك لەئەنــدامانی مەکتــەبی سیاســی ببوونە پاڵپشتیان‌و داپۆشەری رەفتارە دزێوەکانیان, بەڵام دەستی پەروەردگار لەژوور هەموانەوەیەو هەر دەبێت رۆژێك داد رێچکەی خۆی بگرێ.

**********

## پەیوەندی کردنم بەشۆڕشەوە ـ ل٥٤

بـاوکم دەرفـەتی ئـەوەی نـەبوو لەگـەڵ کوڕەکـانی‌و ئەنـدامانی خێزانەکەیـدا کۆببێتــەوە ئـەو کاتــەی لــەبادینان ســەرقاڵ بــوو, خێزانەکـەمان‌و خێزانـەکانی شـێخەکانی دیکـەوەکو پێـشتر گـوتم لەمێرگەسوور بوون کەبارەگای سوپای لێبوو, ئەوەبوو باوکم عەلی شــەعبانی نــاردە لامــان تــا ئامۆژگارییــەکانی بگەیــەنێت پێمــان

(..)وەسیەتەکەشی لێکگەیشتن و هاوکاری بوو لەنێوان ئەوو ئیدریس بەگوتەی خۆی (واتە مەسعودو ئیدریس رووحێك بن لەدوو جەستەدا) (..)، لەڕێی عەلی شەعبانەوە داوام لەباوکم کرد ڕێگام بدات تاپەیوەندی پێوە بکەم، بەڵام ئەو رازی نەبوو چونکە تەمەنم تەنها ١٥ ساڵ دەبوو، سووریش بوو لەسەر ئەوەی لەگەڵ ئیدریسیدا بمێنمەوەو منیش ملکەچی بووم (..)، بۆیە پەیوەندی کردنم بەشۆڕشەوە لەم حاڵەتەدا دەچێتە ٢٠ی ئایاری ١٩٦٢و ئەم رۆژەش مێژوویەکی پرشنگدارە لەژیانمدا.

*********

لێرەدا دەڵێم

لەیەکەم رۆژی گەڕانەوەی مەلامستەفا لەچیکۆسلۆڤاکیاوە بۆ بەغدا ساڵی ١٩٥٨و یەکبینینەوەی لەگەڵ عوبێدوڵڵای کوڕە گەورەی و شێخ صادقی برازایدا، هەردووکیانی لەخۆی زۆر نزیك کردەوە، ئیدی ئەو دوانە بوونە هەڵگری نهێنییەکانی و لەدیدی ئەوانەوە سەیری دونیای دەکردو کوێرانە متمانەی پێیان بوو.. بەڵام لەبەدبەختیی کوردان و بەتایبەتی بنەماڵەی بارزانی، شێخ صادق کۆچی دوایی کرد، ئەو کەسە خۆشنوودە خووڕەوشت جوانە کەهەڵگری بەرزترین سیفەتی ئینسانی و هەستی نیشتمانی بوو.

من نزیکترین کەس بووم لەبەڕێز عوبێدوڵڵا بارزانی و لەهاوڕێ ئەمەکدارەکانی بووم، بەهۆی ئەوەشەوە لەنزیکەوە شارەزای

کەسێتی و نهێنییەکانی بووم، کەسایەتییەکی سیاسی پایەدارو خاوەن پەیوەندییەکی زۆر بوو لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییە عیراقییەکان و بەتایبەتی لەگەڵ کوردەکانی دانیشتوی بەغدا، ڕێزو پلەیەکی تایبەتیشی لای عەبدولکەریم قاسم هەبوو، خۆشەویستیی ئەویش بۆ سەرۆك قاسم هەموو سنوورێکی تێپەڕاندبوو، هەموو جارێك دەیووت سەرکردە دڵسۆزی گەلی کوردەو ئەوەش هۆی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی و ئاسایش و ئاشتییە بۆ تێکڕای نەتەوەی کوردو بەتایبەتیش لەناوچەی بارزاندا کەنیشتمانی خۆی بووو زۆر شانازیی پێوە دەکرد. مێژووی لێکترازانی نێوان عوبێدوڵلای کوڕو مەلامستەفای باوکیش لەو کاتەوە دەستییپێکرد کەکۆڕوکۆمەڵی هۆزەکان، بەنەخشەو بەفەرمانی خودی بارزانی خۆی چەکیان لەڕووی عەبدولکەریم قاسمدا هەڵگرت.

ئەوەبوو لە ١١/ ٩/ ١٩٦١دا هێزە چەکدارەکانی عیراق هێرشیان بۆ سەر کۆڕوکۆمەڵەکانی هۆزەکان دەستپێکردو حکومەت کەوتە دەستگیر کردنی ئەو گومانلێکراوانەی پەیوەندییان بەبزووتنەوەی کوردایەتییەوە هەبوو، عوبێدوڵلا ئەو دەمە لەشەقامەکانی بەغدا پیاسەی دەکردو گوێی بەهیچ شتێك نەدەدا، ئەوەش وایکرد هەندێك لەبرادەرە نزیکەکانی لەکەسایەتییە ناسراوەکانی کورد ئامۆژگاریی بکەن تا باشتر بیربکاتەوە لەو شتانەی لەچواردەوریدا روودەدەن، چونکە دەبێت هەڵوێستی باوکی لەبەرچاوبگرێت

کەسەرکردەی بزووتنەوەی کوردایەتییەو بەئاشکرا خەباتی چەکداریی راگەیاندوە بەرامبەر حکومەتی عیراق لەکاتێکدا ئەو لەشەقامەکانی بەغدا پیاسە دەکات, دوان لەوانەی ئەم ئامۆژگارییەیان دەکرد ئێستا لەژیاندا ماونو لەبەر سەلامەتییان ناویان ناهێنم.

بارزانی بۆی دەرکەوت کەمتمانەی هەردوو کوڕەکەی (عوبێدوڵلاو لوقمان)ی لەدەستداوەو ئەو دوانە بڕوایان بەکارو هەنگاوەکانی نەماوە, ئەوەبوو هیچ دەرگایەك نەما لێی نەدا لەپێناوی گێڕانەوەی دوو کوڕەکەی بۆ ریزی شۆڕش, بەڵام ئەوان بڕوای تەواویان بەوە هەبوو کەباوکیان بەهەڵەیەکی گەورەدا چووەو کارەساتێك بۆ گەلی کوردستان دەخوڵقێنێ کە لەوێنەی نەبێ, بۆیە دەبینین لەساڵی ١٩٦٣وە هەتا ١٩٧٠, بەڕێز لوقمان بارزانی سەرقاڵی کاری بازرگانی بوو بەدوور لەو رێگایەی باوکی پێدا دەڕۆیشت.

لەبەشی سێهەمی کتێبەکەمدا (ئەی کورد دوژمنی خۆت بناسە) هەندێك لەلایەنەکانی ئەم بابەتەم باسکردبوو, هەرکاتێکیش دەستمکرد بەدانانی کتێبێکی تایبەت لەمەڕ بنەماڵەی بارزانی ئەوە بەدووردرێژی باس لەناکۆکی نێوان باوك و کوڕەکانی دەکەم, هەروەها باسی بەڕێز شێخ عوسمان بارزانیش دەکەم.

*********

## هاتنی مەحموود کاوانی بۆ لای بارزانی - ل٥٦

مەحموود کاوانی بەخۆڕاگری مابۆوە بەپشتبەستن بەقایم وقوڵی چیای سەفین و ناوچەی خۆشناوەتی کە لەدەستپێکی شۆڕشەوە ببوە کەلەبەرێك بۆگردبوونەوەی هێزە شۆڕشگێڕەکان و بارەگایەك بۆ پارتی (..)، لەرۆژی ١٩/ ٣/ ١٩٦٢دا کاوانی بەیاوەری نزیکەی سەد پێشمەرگە گەیشتە بارەگای بارزانی و عوبێدوڵلایشی لەگەڵدابوو.

کاوانی هەلومەرجی ستراتیژیی ناوچەی هەولێری خستە بەردەم بارزانی و پێش ئەویش شەهید ئەحمەد تەوفیقی ئەمینداری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران گەیشتبوە لای بارزانی و زانیاریی پێویستی دەربارەی بارودۆخی هەردوو ناوچەی سلێمانی و هەولێری پێگەیاندبوو، هەروەکو چۆن نامەی ژمارەیەکی زۆری لەسەرکردەو سەرەك هۆزەکانی ئەو ناوچەیەو ژمارەیەکیش لەکادرەکانی پارتی گەیاندە دەستی کەتیایاندا جەختیان لەسەر پێویستی هاتنی بارزانی دەکردەوە بۆ ئەو ناوچانە، بەهاتنی کاوانی و گوێگرتنی بارزانیش بۆ قسەوباسەکانی، بارزانی بڕوای بەدروستیی بیرۆکەی چوونی هێنا بۆ ئەو ناوچانەی کەئەحمەد تەوفیق ئامارەی پێدابوون، راستەوخۆش کەوتە نەخشەکێشان بۆ لەشکرکێشی بەرەو سۆران.

**********

**مەحموود کاوانی**

خەڵکی گوندی کاوانە لەنزیك شاری شەقڵاوە کەیەکێکە لەخۆشترین هاوینەهەوارەکانی کوردستان, خەڵکی کاوان سەرلەبەر بەوە ناسراون کەخەڵکانێکی شۆڕشگێڕو خەباتگێڕن, هەمیشەش لەریزی شۆڕشی کورددابوون دژی زۆروستەم. بەپێی زانیارییەکانی منیش حەڤدە شەهیدیان بەخشیوە بەشۆڕشی کوردستان هەزار سڵاو بۆ هەرکەسێك کەگرانبەهاترین شتی لەدونیادا بەخشیوە بەجوانترین شوێنی ئەم دونیایەو کوردستانی لەچنگی هەموو خیانەتو دەستدرێژییەك پاراستوە.

مەحموود کاوانی یەکێکە لەو کەسانەی ناویان وەکو قارەمانێکی شۆڕشی کوردستان دەرکەوتوە, ئەو کەسەی شتێکی لەژیانیدا بەخشیوە کەکەمێکی خەڵك توانای بەخشینیان هەیە لەپێناوی شکۆو سەروەری کوردستاندا, یەکێك بوو لەوانەی بڕوایان بەوە هەبوو کەبارزانی فریشتەیەکی پاکەو یەزدان ناردوویەتی تا گەلی کوردستان یەکبخاو بەرەو سەربەخۆیی رێنوێنی بکات, بڕوای بەبارزانی یەکێك بوو لەهۆکارەکانی نزیکبوونەوەمان لەیەكو وەکو دوو هاوڕێی گیانی بەگیانیمان لێهات, چونکە منیشو ئەویش وەکو زوربەی خەڵکی کوردستان هەتا رادەی پیرۆزی بڕوامان بەبارزانی هەبوو, بەچاوێکی بێزاریشەوە تەماشای ئەندامانی مەکتەبی سیاسیمان دەکرد چونکە ببوونە کۆسپ لەبەردەم جێبەجێکردنی ئارەزووەکانی

بارزانی و بەربەستێکی قایم لەبەردەم پاوانخوازییەکانیدا لەناوچەی سۆران, لەکتێبەکەمدا (ئەی کورد دوژمنی خۆت بناسە) بەوردی باسی مەحموود کاوانیم کردوە.

شۆڕشگێڕێکی تێکۆشەرو شەرەفمەند بوو, بەڵام بڕوای لەبن نەهاتووی بەبارزانی لەدوو رووداوی جیاوازدا دووچاری حاڵەتێکی خراپی کرد:

١- لەناوچەی شەقڵاوەدا سێ کەسایەتی سیاسی پایەدار لەناو کورددا هەڵکەوتن ئەوانیش بەڕێزان: عوسمان میران, سدیق میران, ساڵح میران بوون. ساڵح میران جێی متمانەی بارزانی و جێبەجێکردنی ١٠٠٪ی ئارەزووەکانی بوو, ئەوەش وای لەبارزانی کرد کار بۆ ئەوە بکات کەبیکاتە سەرکردەی ناوچەکە, لەبەرئەوەش کەبەڕێز سدیق میران خاوەنی پایەیەکی بەرزبوو لەناو کەسایەتییەکانی کوردو عەرەبداو هاوڕێی عەبدولکەریم قاسم و هەروەها گوێلێگیراو بوو لەناوچەی شەقڵاوەدا, بەداخەوە بەفەرمانێکی راستەوخۆی بارزانی, بەڕێز مەحموود کاوانی هەستا بەتیرۆرکردنی, بەم کارەیشی مەحموود کاوانی بووە جێی سەرزەنشتی شەقامی کوردی و رق و تووڕەیی عەبدولکەریم قاسم و هەر ئەمەش دواجار یەکێك بوو لەهۆکارەکانی هەڵایسانی ئەو کوشتارە جەرگبڕەی لەنێوان سەرکردەو گەلی کوردستاندا روویدا بەبێ خواستی هیچ لایەکیان.

٢ـ بەڕێزان مەحموود کاوانیو ئەحمەد تەوفیق خاوەنی ئەو بۆچوونە بوون کەبارزانیوا لێبکەن بێت بۆ ناوچەی سۆران تا کۆنترۆڵی بکاتو دەسەڵات لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی بسەنێتەوە, هەر لەم روانگەیەوە بارازانی وەکو نوێنەرێکی تایبەتی خۆی کاوانیی نارد بۆ ناوچەی سۆران تا لەڕادەی ئەمەکداری خەڵکی ناوچەکە بۆ کەسی بارزانی بپێچێتەوە, ئەوەبوو لەم گەشتەیدا چاوی بەهەموو قوتبە سیاسییەکانو سەرکردەو سەرەك هۆزەکان کەوت بۆ رێخۆشکردن لەبەردەم هاتنی بارزانیدا کەدواجار ئەوەش بووە هۆکارێکی سەرەکی خوڵقاندنی گەورەترین گرفت بۆ گەلی کوردستان کەئەویش دووبەرەکیو شەڕی ناوخۆی نێوان تاقمی بارزانیو مەکتەبی سیاسی بوو, تائێستاش خەڵکی کوردستان گیرۆدەی دەستی ئەو کوشتارەن.

لێرەشدا پرسیارێکی سەیرو سەرسوڕهێنەر دێتە پێشێ, ئەویش ئەوەیە کەئەندامانی مەکتەبی سیاسی سەرەڕای ئەوەی پێشوەخت دەیانزانی مەحموود کاوانی چۆن بیردەکاتەوەو بۆچی هاتۆتە ناوچەکەو لەگەڵ خەڵکدا کۆدەبێتەوە, کەچی گرنگییەکی زۆریان پێداو هەموو رێزو خۆشەویستییەکیان پێشکەشکرد, بەتایبەتیش بەڕێزان مام جەلالو عومەر موستەفا, بەپێچەوانەی ئەوەوە کەچاوەڕوان دەکرا دژایەتی بکەنو بیبوغزێننو رێی لێبگرن, بۆ نمونە:

کاتێـك مـام جـەلال بـەیاوەری (٦٠٠) پێـشمەرگەی قارەمـان سـەرقاڵی رزگـارکردنی شـاری پێنجـوین بـوو، لـەدیوەخانی حەمەڕەشید خانی بانەی کەسایەتی ناسراوی کورددا مەحموود کاوانی بینی، ئیدی مام جەلال لەبەرچاوی ئامادەبوانێکی زۆردا کەوتە ستایشکردنی مەحموود کاوانی و ووتی: ئەم مەحموود کاوانی ناوە کوردێکی تێکۆشەرو قارەمانێکی دێرینە، ئەو کاتەی لـەعیراق هـەڵاتبووم تـا خـۆم لەچـەپۆکی حکومـەت بپـارێزم و لەسوریادا مابوومـەوە، دەچـوومە چـایخانەیەکی ناسـراوی شـام کەعیراقییـەکان روویـان تێـدەکرد، ئـەوەش سـاڵی ١٩٥٧، رۆژێکیشیان پیاوێکی ناسراو خۆی کرد بەژووردا و پرسیاری مام جـەلالی کـرد کەکێیـەو لەکوێیـە؟ منـیش خـۆم پـێ ناسـاندو ئـەوە یەکـەمین جـاربوو یـەکتر بناسـین، ئـەویش بـۆ ئـەوە دەیویـست مـن ببینـێ تـا لەتـەك منـدا دەست بەخـەبات و شـۆڕش بکـەین هێنـدەی باوەڕ پێم بوو، ئیدی مام جەلال زیاترو زیاتر ستایشی مەحموود کاوانیی دەکرد.

لێـرەدا بەپێویـستی دەزانم بڵـێم: رۆژێـك دادێ لیژنـەی تایبـەت پێکدەهێنرێ بۆ لێکۆڵینەوە لەنهێنییەکانی روداوەکانی کوردستان کەیەکێکیان ئەم کەسایەتییە سەیرەی (مەحموود کاوانی)یە، ئەو پیـاوە شۆڕشـگێڕەی بـووە هۆکـاری ئـەوەی بـاسمکرد، ئایـا بەئەنقەسـت ئـەوەی دەکـرد وەکـو سـیفەتێکی دوژمنکارانـە کـە لەبارزانیی مامۆستایەوە وەریگرتبوو، یان لەبەر ستراتیژیی هەڵەی

خۆی و نەشارەزایی لەکاروباری سیاسەتداو لەڕەوتی رووداوەکانی کوردستاندا.

ئینجا رێگا بەخۆم دەدەم دیسانەوە سەرزەنشتێکی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بکەم و پێیان بڵێم کەئاگاداری نیازەکانی ئەم پیاوە بوون بۆ رێگەتان لێنەدەگرت؟ بۆ هێشتیان بارزانی بێتە ناوچەی سۆران بۆ گێرەشێوێنی و خولّقاندنی ئەو دووبەرەکییە جەرگبڕەی پشتی جەماوەری کوردستانی شکاند؟

لەدەستپێکی شۆڕشی کوردستاندا لەساڵی ١٩٦١ زوربەی کاوانییەکان لەڕیزی پارتی دیموکراتدا بوون و لایەنی بارزانییان دەگرت، بەلاّم پاش هەلاّیسانی شەڕی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسی و شەهیدبوونی مەحموود کاوانی، بارزانی کاوانییەکانی پشتگوێ خست و گرنگیی پێنەدان، ئەوانیش کەدەرکیان بەم هەلّوێستە کرد ریزەکانی بارزانییان چۆڵکردو لەدەوری مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو هاوەڵەکانی گردبوونەوە.

لەکۆتایی ئەم یادکردنەوەی بەڕێز مەحموود کاوانیشدا دەمەوێ بڵێم راستیان وتوە کە (ناخۆشترین بەلاّ ئەوەیە کەخەڵك دەهێنێتە پێکەنین)، پاش شەهیدبوونی بنەماڵەکەی کەوتنە سەودای برینەوەی مووچەیەکی مانگانە بۆ خێزانەکەی لای لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەلاّم وەلاّمی بەرپرسانی ئەو شوێنانە سەیروسەمەرەو جێی پێکەنین بوو کەدەیانووت: مەحموود کاوانی هەرگیز پێشمەرگە نەبوە؟..

سەرنج

زیانەکانی دەسەڵاتی خێڵەکی زۆرن, لەوانە پیادەکردنی زەبرو زەنگی ناڕەواو دەستگرتن بەپلەی سەرکردەی گشتییەوە کە لەناو ئەنـدامانی یـەك خێزانـدا دەرنەچـێت بیگوێدانـە خواسـتو ئارەزوەکـانی جـەماوەری خـەڵك وەکو ئـەوەی ئـەوە دەسـتورێکی ئاسمـانی بـێ کەئەنـدامانی یـەك بنەماڵـە فـەرمانڕەوایی گـەل بکـەن وەکو ئـەوەی لەکوردسـتاندا روویـدەدا لەگـەڵ بنەماڵـەی بارزانیـدا. ئـەوەتا مـەزنترین پلـەی رابەرایـەتی لەمێـژوودا هـەڵگری بەیـداخی ئیـسلام بـوو لەلایـەن محەمـەدی هەڵبـژێردراوەوە, پێغەمبەری خودا دروودو سلاوی خوای لێبێت, خوداش فەرمانی پێنەکرد کە لەدوای خۆی پلەکەی ببەخشێتە یەکێك لەنەوەکانی یـان ئەنـدامانی بنەماڵەکـەی, بـەڵکو ئـەو کـارەی دایـە دەسـت موسـڵمانان تـا سـەرکردەیان هەڵبـژێرن, وا ئێـستاش پلـەی سـەرۆکی وڵاتە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکا کەبـەهێزترین دەسـەڵاتی سـەربازی و دادگاییـە لەجیهانـدا کەدەسـەڵات تیایـدا بەدەسـت سەرۆکی پێشووترەوە نییە, بەڵکو بەهەڵبژاردنێکی سەرتاسەری ئەنجام دەدرێ, ئەوەش ئەو دادپەروەرییەیە کەخودا لەسەر زەویدا بۆی کردووین بەنەریت.

لەیەکـەم رۆژی وەرگرتنـی پلـەی رابەرایـەتی کردنـی گـەلی کوردسـتان لەلایـەن مەلامـستەفای بارزانییـەوە, واتـە لەسـاڵی ١٩٦٢ـەوە هـەتا سـاڵی ١٩٧٥, بـۆ هـەموو خـەڵکی ئاشـکراکرد

کەکوڕەکانی خۆی جێگرینو بەتایبەت هەردوو بەڕێز ئیدریس بارزانیو مەسعوود بارزانی, ئیدی دەستیکرد بەڕاهێنانیان لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری سەرکردایەتیو فێری نهێنییە شاردراوەکانی دەکردنو کردنی بەڕووکاری پارتی دیموکراتی کوردستان لەپاش خۆیو بەجێگرە چاوەڕوانکراوەکانی, هەمیشەش ئەوان یاسابوونو هیچ وشەیەكو بۆچوونێك نەبووە لەسەروو فەرمانەکانی ئەوانەوە, شەڕو ئاشتیش تەنها پەیوەست بووە بەبەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانەوەو بەبەڵگەی حاشاهەڵنەگر دەیبینین چۆن بڕیاری ستەمکاری ئەوان لەساڵی ١٩٧٥دا بەئاشبەتاڵکردنی بەهێزترین شۆڕشی کوردایەتی کەگەلی کوردستان بەخۆیەوە دیتبێ نەهێڵراوە کەس قسەی تێدابکات.

گەورەترین کێشە کەبارزانیو کوڕەکانی لەپاش خۆی خوڵقاندوویانە پیادەکردنی دەسەڵاتی زەبروزەنگ بوە بەسەر ئەو هۆزە کوردو کەسایەتییە سیاسییانەی سووکایەتییان قەبووڵ نەکردوەو ڕێگای سەختی جاشایەتییان گرتۆتەبەرو ببوونە کۆسپ لەبەردەم شۆڕشی کوردستانداو تەنها پاڵنەریان بۆ ئەو هەڵوێستە رزگاربوون بووە لەزوڵمو ستەمی بنەماڵەی بارزانی, واش دەزانم لەو رەوتەیاندا بەهەڵەداچوون, چونکە چاکتروابوو لەنێوان تەنها دوو ڕێگا یەکێکیان هەڵبژێرن, یان یەکبگرنو هێزێك پێکبهێنن بۆ بەرەنگاربوونەوەی کەللەڕەقیو شانبەشان لەڕووی دیکتاتۆریەتدا بوەستانایە, یان نەگەڕانایەتەوە بۆ خاکی

کوردستـــان و شـــوێنێکیان هەڵبژاردایـــە لەهـــەر کـــونجێکی ئـــەم دونیایەدا تا ڕۆژی ڕزگاربوون دەهاتە پێشێ, چونکە بەچۆڵکردنی گۆڕەپانەکـەو چـوونە پـاڵ ڕژێمـی بەغـدا بواریـان بـۆ بـارزانی و بنەماڵەکـــەی ڕەخـــساند بـــەئارەزووی خۆیـــان تـــەڕاتێن بکـــەن لەکوردســتاندا بــۆ دەیــان ســاڵی رابــوردوو, هــەموانیش دەزانــن کەزوربەی هۆزەکان, وەکو خەڵکی دیکەی کوردستان دڵێکی پڕاوپڕ تامـەزرۆی شۆڕشـیان لـەناو پەراسـوەکانیاندا هـەڵگرتوە کـەداوای سەربەخۆیی کوردستان دەکات, بەڵام..

مــن لێــرەدا بەرپرســیارێتی گــەورەی قــۆرخکردنی دەســەڵات لەلایـەن بارزانییـەوە بەسـەر کوردسـتانداو ئـەو بەڵایانـەی بەسـەر کوردانـدا هـاتوە دەخەمـە ئەسـتۆی ئـەو بەڕێزانـەی ناویـان دەبـەم کەئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـوون و هـەروەها کـادرە لێپرسـراوەکان و کەسایەتییەکانی کـورد و سیاســـەتمەداران لەهەرجێیـــەك هـــەن, چـــونکە ئـــەوان هۆکـــاری ئـــەوەبوون بـــارزانی تەختەکـــەی بـــۆ چـــۆڵ ببـــێ, جگـــە لەبێـــدەنگ بوونیان و دەرنەخستنی ڕاستیی ڕووداوەکان بۆ خـەڵك, ئەوانـەش هــەر یــەك لەبــەڕێزان: ئیــبراهیم ئەحمــەد, هــەمزە عەبــدوڵڵا, نــوری شـاوەیس, نـوری ئەحمـەد تـەها, عـەونی یوسـف, جـەلال تاڵـەبانی, د.عیزەددین شـەمزینی, عـەلی عەبـدوڵڵا, مـەلا عەبدوڵڵا ئیـسماعیل, شەمسەددین موفتی, عەبدولڕەحمان زەبیحی, دکتۆر فوئاد جەلال, ســـاڵح یوســـفی, عـــەلی عەســـکەری, ناهیـــدە ســـەلام, جـــەلال

عەبدولرەحمان، د.مەحموود عەلی عوسمان، حەبیب عەبدولکەریم، عەزیز عەقراوی، عەباسی مامەند ئاغا، کاکە زیاد ئاغا، شێخ لەتیفی حەفید، عومەر مستەفا.

هەمیشەش وەڵامی ئەو بەڕێزانە بۆ هەرکەسێك پرسیاری لێکردبن کەبۆچی بێدەنگبوون‌و راستییەکانیان ئاشکرا نەکردوە ئەوەبووە کەلەبەر بەرژەوەندی گشتی‌و نەچاندنی تۆوی دووبەرەکی لەناو گەلی کورددا، بەڵام باجەکە قورستر کەوت.

خۆ ئەگەر بێینە سەر باسی هەردوو بەڕێز ئیدریس بارزانی‌و مەسعوود بارزانی‌و بەوردی سەیری مێژووی خەباتمان کردن، دەبینین مێژوویەکی دوورودرێژەو شتی باش‌و خراپی تێدایە، بەڵام شتە خراپەکان زۆر زۆرترو قێزەوەنترن لەوەی بەمێشکی هەرکەسێکدا بێن، هەموو دیمەنەکەش ئاشکرا نابێت تا دادپەروەری لەکوردستاندا سەقامگیر نەبێت‌و دەروازە بەڕووی هۆزەکاندا نەکرێتەوە کە لەبەردەم دادوەردا سکاڵای خۆیان لەسەریان تۆمار نەکەن، تەنها ئەو کاتە دیمەنەکە بەڕوونی دەبینرێ.

بەڵام لێرەدا شتێك هەیە دەمەوێ روونی بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کەهەرچی لەنێوان ساڵانی ١٩٦٢ هەتا ١٩٧٥ پێی هەستاون بەفەرمانی بارزانی بووەو ئەوان ١٠٠٪ فەرمانەکانی باوکیان بەبێ قسە جێبەجێ دەکردو لەوەدا سەرزەنشت ناکرێن.

پاش شکست هێنانیان بەشۆڕش لەساڵی ١٩٧٥دا, بارزانی دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە هات کەوای لێکردواز لەکاروباری سیاسەت و سەرکردایەتی بهێنێ و هەردوو کوڕەکەی, بەڕێزان ئیدریس بارزانی و مەسعوود بارزانی سەرکردایەتی هۆزو پارتی دیموکراتی کوردستانیان وەرگرت.

بەڕێز ئەیووب بارزانیی برازاو زاوای بارزانی لەکتێبەکەیدا (بەرهەڵستکاری کوردی بۆ داگیرکردن لەنێوان ساڵانی ١٩١٤ ـ ١٩١٨) لەلاپەڕە (٨)دا دەڵێت: (بەڕێز ئیدریس بارزانی لەسەردانێکیدا بۆ لەندەن پاش کۆچی دوایی باوکی بەماوەیەکی کەم لەبەردەم چەند کەسێکدا پێی گوتم ڕەفتارە خراپەکانی مەلامستەفا بوونە هۆی شکستهێنانی شۆڕشی کوردان لەساڵی ١٩٧٥دا).

جا خاك بەدامانی فەرمانڕەواو سەرکردە زاڵمەکان لەڕق و تۆڵەی جەماوەر لەرۆژی دادو لێپێچینەوەدا کەپێشم وایە ئەو رۆژە نزیکە.

لەکاتێکدا (جیرارد گالیاند)ی پسپۆر لەکاروباری شۆڕشەکانی جیهانی سێهەمدا دەربارەی مەلامستەفاو ئەو دەستە سەرکردایەتییە پاڵفتانەی لەنێوان ساڵانی (١٩٥٨ ـ ١٩٧٥) کاریان لەگەڵدا کردووە دەڵێت:

(سەرکردایەتی کورد کەموکورتی لەئایدیۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕانەو روحێکی هاوچەرخانەدا هەبوو, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیلی سەرکردە سەرەکییەکەیان, بزووتنەوەی

کوردایـــەتی لەســالانی ١٩٥٨ ـــ ١٩٧٥ هـــەر رەنگدانـــەوەی دواکـــەوتوویی کۆمـــەڵگای کوردایـــەتی بـــوو, هـــیچ ســـەرکردایەتییەکیش نـــەیتوانی لەئاســـتی دواکـــەوتوویی کۆمەڵگاکەی بەرزتر بێتەوەو جەماوەر بەدوای خۆیدا رابکێشێت, وەکـو ئـەوەی زۆر سـەرکردایەتی لـەجێگای دیکـەدا کردیـان, ئەمەویڕای ئەو ئیفلیجییەی لەهەلومەرجە جیۆسیاسیەکەیەوە بۆی ماوەتـەوە, ئەمـە خـاڵێکی گرنگـە دەچـێتە خانـەی هۆکـارە سەرەکییەکانی لاوازی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردییەوە, چینە پاڵفتـەکانی دواکـەوتووبوون, ئـەم میراتـە مێژووییـە کـاری لەدرێژەپێدانی تەنگژەی کۆمەڵی کورددا هەبوو کەقورسایی خۆی دەخـستە سـەر رەوتـی چارەنووسـی نیـشتمانی, بنـەماکانی و ئەقڵییـەتی و رەفتـاری وەکو خـۆی بەکلاسـیکی مایـەوەو هـیچ نـەدەگۆڕا, شـتێك هـەبوو دەربـارەی خـووگرتن بـەدیاردە مۆدێرنەکانـەوە, بـەلام شـێوازی حـاڵیبوون و بـەکاربردنی ئـەو دیاردانـەش هیـچی نـەگۆڕی, بنـەما بنەڕەتییـەکان هـەر ئەوانـەی دوێنـێ بـوون, فێڵـی تـەکتیکی لـەبری شـیکردنەوەی سیاسـی, بلاوبوونـەوەی خـزم خزمێنـەو خۆهەڵواسـین بەموبـەودا لـەبری هوشیارکردنەوەی جەماوەرو هەروەها وازهێنان بەبەرزکردنەوەی چـەند دروشمێکـی کـەمی شۆڕشـگێڕانە لـەبری پیـادەکردنی رادیکالیزمێکی راستەقینە).

**هەروەها بەڕێز ئەییوب بارزانی لەلاپەڕە ( ٧ )ی کتێبەکەیدا دەڵێت:**

(نێرینەکانی بارزانییەکان لەسەر دەستی ڕژێمی سەدام حسێن لە (قووشتەپە)و (بەحرکە)و (هەریر)و (دیانا) ڕووبەڕووی شاڵاوی جینۆساید بوونەوە, ئامانجیش لەوە یەخسیرکردن و تێکشکاندنی تێکڕای کۆمەڵگای بارزانیان بوو, دیکتاتۆری عیراقیش پاساوی ئەو تاوانەی بەهەڵوێستی دوو کوڕەکەی بارزانییەوە (مەسعوودو ئیدریس)دا کەدانوستانێکی نهێنییان لەگەڵ ڕژێمی بەغدا هەبوو, هاوکاتیش هاوکاری سەربازی هێزەکانی ئێرانیان کرد لەکاتی داگیرکردنی (حاجی ئۆمەران) لەهاوینی ساڵی ١٩٨٣دا, بۆیە فەرمانیدا بەگاردی کۆماری تۆڵە لەبارزانییە مەدەنییەکان بکەنەوە کە لەسایەی حکومەتدا دەژیان, ئیدی ئەو گاردە لە ٣١ی تەمموزی ساڵی ١٩٨٣دا بەزرێپۆش چواردەوری ئۆردوگاکانی بارزانییەکانیان گرت و پتر لە (٣٧٦٠) بارزانییان دەستگیرکردو لەو ڕۆژەوە ئەوانە بێ سەروشوێنن.

پاش کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی دەبوو یەکێك لەبنەماڵەکە لەهەر ڕەگەزێك بێت جێیەکەی بگرێتەوە, کەسیش نەبوو جگە لەنێچیرڤان کەبخرێتە بەرزترین پلەو کاروباری میللەتی بدرێتە دەستی, سەیریش لەوەدایە کەهەتا ڕۆژی دەرکەوتنی لەسەر شاشە, کەس نەیدەناسی, واتە هیچ چالاکییەکی سیاسی پێشتر یان بڕوانامەیەکی زانستیی نەبوو, هەر ئەویش هۆکارێکی زیاتربوونی گرژی بوو لەنێوان هەردوو پارتی (PUK)و (KDP)و

گەشەسەندنی کوشتار لەنێوانیاندا, داوایکرد بنەماڵەی بارزانی ڕێکەوتنێك لەگەڵ دەسەلاتدارانی عیراقدا ببەستێت تا بەهۆی هێزە عیراقییەکانەوە کوردستانی ئازاد لە٣١ی ئابی ١٩٩٦دا داگیربکات, ئەوەش چونکە لەژێر کۆنتڕۆڵی هێزەکانی (PUK)دابوو, بەوەشەوە نەوەستان, بەڵکو هێزەکانی تورکیاشیان بانگهێشت کرد بۆ هاتنە ناو خاکی کوردستانی ئازادکراو کەخەڵکەکەی هەموو شتێکیان کردە قوربانی بۆ ئازادکردنی.

هیچ دەرفەتێکیشیان نەهێشتەوە بۆ هیچ هۆزێکی خاوەن دەست, لە١٦ی ئابی ١٩٩٦دا هێرشێکی وەحشییانەیان کردە سەر گوندی کەلەکین و گوندەکەیان خاپوورکرد دوای ئەوەی بەڕێز حسێن ئاغای سەرۆکی هۆزەکەیان کوشت, بەبێ ئەوەی هیچ گوناهێکیان هەبێت تەنها ئەوە نەبێت کەدەسەلاتدار بوون و خەڵکی ناوچەکە لایەنیان دەگرتن.

لێرەدا پەیامێکی برایانەی کوردانەی راستگۆ دەگەیەنمە هەندێك ئەندامی حزبی پارتی دێرین و کادرە شەرەفمەندەکانی تائەم دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ دەربازبوون لەو بەرپرسیارێتییەی لەسەر شانیانە و رزگاربوون لەچنگ ستەمی سەرکردایەتی بارزانییەکان کەبوونەتە هۆکاری گیروگرفتێکی بێ شومار کەتاهەتایە بەدوای بنەماڵەکەوەیە و گەلی کورد باجەکەی دەدا تائەمڕۆش, ئیدی ئایا سەروەت کۆکردنەوەو دەسەلاتی رەها بەسەر ملی خەڵکەوە سنووری نییە؟)

قسه هێشتا هی بەڕێز ئەییوب بارزانییە لەلاپەڕە (٧)ی کتێبی ناوبراویدا:

(مافی جەماوەرە ئەو سەرکردانەیان بناسن کەمتمانەی خۆیان پێبەخشیون، رابوردوویان و ئاستی لەخۆبوردووییان و چۆنێتی رەفتاریان لەکاتی لێقەوماندا و رادەی دڵسۆزییان بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی و دادپەروەری کۆمەلایەتی بزانن بەتەواوی نەك بەنوقستانی، ئەوەش تەنها بەپشتبەستن نا بەقسەکانیان، بەڵکو بەکردەوەکانیشیان).

بەڕێز ئەییوب بارزانی لەلاپەڕە (٢٠٤)دا ناوی بەڕێز مەسعوود بارزانیشی ئاوا هێناوە:

(لەڕاستیدا کەسی بنەماڵەی بارزانییەکان لەزیندانی یان لەدوورخستنەوە رزگار نەبوو جگە لەدواهەمین ژنی بارزانی و مەسعوودی کوڕی، کاتێك مەحموود ئاغای زێباری لای دەسەلاتدارانی عیراق بۆی تێکەوت و ئەوانیش رێیان پێدا (..) کەکچەکەی ببات بۆ گوندەکەیان (نیاخی) کەسەر بەلیوای موسڵ بوو، لێرەشدا دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت کەمەسعوود بەتەنها لای باپیری مایەوە، سالانی پێگەیشتنیشی، واتە هەشت ساڵی سەرەتای نەشونومای منداڵ کە لەسایکۆلۆژیادا بە ( The formative years) ناسراوە، لەژێر رکێفی نەنك و باپیریدا بەسەربرد، ئەو ژینگە کۆمەلایەتییەش دژ بەبزووتنەوەی

رزگاریخوازی کوردیو بنەماکانو مێژووی بارزان بوو کەئەمەش کەسایەتییەکی سەیرو نامۆی بۆ دروستکرد).

هەر لەو کاتەوە کەتەمەنی گەیشتە پانزە ساڵان کلیلی دەسەڵاتو بەڕێوەبردنی لەگەڵ باوکیدا گرتە دەست, ئەوەش لەساڵی ١٩٦٢ـەوە هەتا ساڵی ١٩٧٥, هەتا ئەمڕۆیش هەر خۆی تاکە فەرمانڕەوای ڕەهایەو بەمەشقی خەڵکی کارامەو لەگەڵ ئەزموونی چەندین ساڵەی خۆیدا بووە بەپسپۆڕ لەبواری فرتوفێڵی سیخوڕییانە, جگە لەسیفەتی دوژمنکارانەی کە لەدوژمنایەتی بنەماڵەکەیەوە (باپیرانی لەهەردوو سەرەوە) بۆی ماوەتەوە, لەوانە ڕقو متمانە نەکردن بەکەسو بێ ئەمەکیو ستەمکردن, چونکەوا ڕاهاتبوو کە١٠٠٪و بێ ورتە فەرمانەکانی جێبەجێ بکرێن, کەئەوەشوەها دەکات ئەو کەسەی دەبێتە یاوەری تاوانبار بکرێت لەهەموو لایەکەوەو بەو شێوەیە ناچار بێت لەخزمەتکردنیدا بمێنێتەوە.

ئەمە نەریتی ئەو کەسانەیە کەخەسڵەتی دیکتاتۆریان تێدایە بەدرێژایی مێژوو, ئەمەو یەکێکیش لەخەسڵەتەکانیان ئەوەیە کەنهێنپارێزنو نهێنی خۆیان نادرکێننو نە هاوڕێیان هەیە نە برادەر).

## بەشی چوارەم ـ ل ٥٩
## سۆران لە پاش بادینان

لەکاتـژمێر شەشـی ئێـوارەی رۆژی ٢١ی ئایـاری سـاڵی ١٩٦١ بارزانی فەرمانیدا بەوەڕێکەوتن بۆ قەیاغی (مەندان) لەنزیك گوندی سـورانکی چـونکە پێویـست بـوو هێزەکـانی بەشــەو لـەڕووبار بپەڕنـەوە بۆ ئـەوەی پـێش هـەڵاتنی خـۆر بگەنـە چیای برادۆستو خۆیـانی تێـدا حەشـاربدەن, (..) بۆیـە هـیچ رێگرێکـی نـەبینی لەبەکارهێنانی تاکە قەیاغی ناوچەی بادینان کەلێی یاساغ کرابوو بـەپێی رێکـەوتنی نێـوان شـێخ ئەحمـەدو سـەرۆکی رژێـم (..) پەڕینەوەکەش بەسەرکەوتوویی و لەشەودا بەڕێوەچوو بەبێ ئەوەی هێزەکانی حکومەت پێی بزانن, بەپێی پلانـی داڕێـژراویش دەبوو رووبکەنــە ناوچــەی باڵــەك و دەسـت بگـرن بەسـەریدا, کـەخاڵی گرێدانـەوەی بادینانـە بەسۆرانەوە, چـونکە دەکەوێتـە ناوەراسـتی کوردستانی عیراقەوە (..).

رۆژی ٢٢ی ئایـار بـارزانی فەرمانیـدا بەئەنـدامانی هێزەکـەی بـۆ گردبوونــەوە لــەپێناوی وەرگرتنــی رێنوێنییــەکانی هــەنگاوی داهاتوو, فـەرمانی دەرکرد بەسێ رۆژ پشوودانو حەوانـەوەو لـەو ماوەیــەدا پێداویــستییەکان بەســەرکرانەوەو کەموکورتییــەکان پڕکرانەوە.

**********

**لێرەدا دەڵێم**

قـەیاغێك هـەبوو لەناوچـەی بـارزان لـەنێوان هـەردوو کـەناری ئاوێکی بەخوڕ کەحکومەتی عیراق دروستی کردبوو، دابوویشی بەدەست شـێخ ئەحمـەدەوە تاپیاوەکـانی ئـەو سـەروکاری بکـەن بەمەرجێك پێشمەرگە بۆ ئەمسەرو ئەوسەرو پەڕینەوە لەنێوان دوو کەنارەکەدا بەکاری نەهێنن.

سەیر لەوەدایە کەبارزانی لەپێناوی کێشە دروست نەکردندا بۆ شـێخ ئەحمـەدی براگـەورەی ئـەم قەیاغـەی بەدزیـشەوە بـەکار نـەدەهێنا، ئیـدی پیاوەکـانی بەچـواردەوری رووبارەکـەدا دەسووڕانەوە ئەگەر بیویستایە بپەڕێتەوە بەرەو کەنارەکەی دیکە، ئەم پڕۆسەیەش ٢٤ کاتژمێری دەخایاند کە لەو ماوەیەدا بارزانی رێگـەی زۆر سـەخت و بـەرزایی هـەزار بەهـەزاری دەبـڕی و ماندووبوونێکی زۆری دەچەشت کە لەباس نایەت، بۆ هیچیش نا تـەنها ئـەوە نـەبێت کەپەیوەندییـەکانی نێـوان شـێخ ئەحمـەدو حکومەتی قاسم تێك نەچێت.

لێرەدا دەمەوێ پرسیارێك بکەم: بڵێی هەرکەسێك بوایە لەجێی شێخ ئەحمەد، هەر سەرەك هۆزێك یان شێخێك چەند پلەوپایەی بەرز بوایە، ئایا بارزانی لەسەر ئەو پەیوەندییە لێی بێدەنگ دەبوو؟ ئایا پێی نەدەگوت خیانەتکار؟ ئایا ئەو قەیاغەی بەکار نەدەهێنا بۆ ئەوەی خۆی و پیاوەکانی دووچاری ئەو هەموو هیلاکییە نەبن؟ بڵێی ئەوە دادپەروەری بێت کەشتێك لەخەڵك حەرام بکەیت و

بۆخۆت حەلاڵی بکەیت؟ بەدڵنیاییەوە هەرکەسێك بوایە لەجێگای شێخ ئەحمەد بەجاش ناودەبرا.

**********

## بەرەو ناوچەی باڵەك - ل٦٠

سەرکردایەتی شۆڕش ناوچەی باڵەکی دەستنیشانکرد بۆ بارەگای خۆی بەو پێیەی لەبارترین و دژوارترین ناوچەیە، ناوچەکە دەورە دراوە بەزنجیرەیەك چیای بڵندو دەکەوێتە ناوەڕاستی کوردستان و ڕێگای ستراتیژی هاملتۆن دەیبڕێ و هەروەها عیراق بەئێرانەوە دەبەستێتەوە لەڕێی حاجی ئۆمەران - پیرانشار، هەردوو چیای هەندرێن و زۆزگیش دوو بەربەستی قایمن کەبەربەستی دیکە لەپشتیانەوەن (..) بۆیە هەموو هەوڵەکانی داگیرکردنی ئەم ناوچەیە لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە شکستی هێنا کەسوپا لەساڵی (١٩٦٥)ـەوە هەموو ڕێگایەکی بەکارهێنا بۆ داگیرکردنی بەڵام بێهوودە (..).

پێشەنگی هێزەکانمان لە٢٨ی ئایاری ١٩٦٢دا گەیشتە خاڵی (سەری پەری لەسیدەکان (..) هەندێك پێکدادان روویدا لەگەڵ جاشە سۆفییە برادۆستییەکان (..).

لەرۆژی ٢٩ی هەمان مانگدا هێزەکانی شۆڕش چوونە گوندی بێشەو هەموو گوندەکانی چواردەوریان ئازادکردو خەڵکەکە بەڕێزەوە پێشوازییان لێکردین و لەبەخێرهاتنی پێشمەرگەو کادرەکانی پارتدا هەموو سنووریکیان بەزاند (..) لەڕاستیشدا

هەندێکیان ئەندامی پارتی بوون‌و بەگەیشتنمان ئەو دەرفەتەیان دەستکەوت کەبەشداری لەئەرکی نیشتمانیدا بکەن.

لەو دەمەدا هێزێکی سوپا لەڕەواندوزەوە بەرەو باڵەك‌و رایات دەرچوبوو بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەوەبن کەسەرەڕێگاکانی ناوچەکە کەوتوونەتە دەستی ئێمەو شتەکە لایان کتوپڕی بووو سەرلەبەری قافڵەکە خۆیان بەدەستەوەدا (..).

لەخاڵی (بەرسیرین)یشدا هێزەکانی مەحموود کاوانی پەیوەندییان کرد بەهێزە سەرەکییەکانی بارزانەوەو ئەو هێزانەش بەپێی پلانی پێشتر داڕێژراو داکشابوون بەرەو ئاقاری مەبەست, لەناوچەی باڵەکیش (عومەر دەبابە)ی بەرپرسی پارتی‌و رێکخراوەکانی دیکەی پارتی لەپێشوازیماندا بوون بێجگە لەسەرەك هۆزە هەوادارەکانمان‌و لەسەروو هەموویانەوە عەباسی مەمەندئاغای سەرۆکی هۆزی ئاکۆیان (..)و سەرەك هۆزگەلی دیکە کەهاتبوونە ناوچەی باڵەك تاملکەچی خۆیان بۆ شۆڕش رابگەیەنن (..), هەروەها بینیمان کەبنکەکانی پۆلیس لەناحیەی گەلاڵەو رایات‌و حاجی ئۆمەران چواردەوریان گیرابووو رێگای رەواندوزیان لێبڕابوو (رێگای هاملتۆن)و هیچ رێگایەکیان لەبەردەمدا نەمابوو بێجگە لەبەجێهێشتنی بارەگاکانیان‌و رووکردنە بنکە قایمەکەی رایات کە لەقەلا دەچوو (..), بەشێکی کەمی ئەندامانی هۆزەکانی باڵەك چوونە پاڵ رژێمیان لا باشتر بووەکو (مستەفائاغای وەلاش)و کەسانی دیکە, بەلام ئەوانیش رێگەیان بەهێزەکانمان

نەگرتو زۆریان پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کردو هەندێکیان ڕۆڵی بەرچاویان بینی وەکو شێخ عوبێدوڵڵای کەمالی زادەو عەبدولوەهاب محەمەد عەلی کەخەڵکی گوندی بیشۆکی نزیکی ڕەواندوز بوون.

**********

**لێرەدا دەڵێم**

هەڵبژاردنی ناوچەی باڵەك لەلایەن بارزانییەوە وەکو بارەگایەکی هەمیشەیی لەساڵی (١٩٦٢)ـەوە هەتا ساڵی ١٩٧٥ کەفەرمانیدا بەئاشبەتاڵی شۆڕش لەبەر ئەم هۆیانە بوو:

١ ــ سەرلەبەری خەڵکی ناوچەکە خەڵکێکی شەرەفمەندو نیشتمانپەروەری قارەمانن کەهەموو شتێکیان کردۆتە قوربانی لەپێناوی شۆڕشی کوردستانداو لایەنی بارزانییان گرت تابیێتە پێشەوای یەکەم, بەوەی زۆر بەگەرمی بەخێریان هێنا.

٢ ـ ناوچەکە پێگەیەکی ستراتیژی هەبوو بەوەی هاوسنووری وڵاتانی دراوسێ بوو.

٣ـ بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانی بەجیهانی دەرەوە, چونکە پاش ملکەچکردن بەسەرەك هۆزەکان ناوچەکەی تێکڕا کۆنترۆڵ کرد.

دەبێت بگوترێت کەدەستنیشان کردنی بارزانی بۆ ئەم ناوچەیە پاش ڕاوێژکردن بوو بەیاوەرە تایبەتییەکانی خۆی کەناویان ناهێنم, دەیشڵێم بەداخێکی زۆرەوە هەڵبژاردنەکەی سەرکەوتوو نەبوو, چونکە بارزانی پاش دوژمنایەتیکردنی مەکتەبی سیاسی

دەستی کرد بەبەکاربردنی ئەو دەسەڵاتەی هەیبوو بەسەر ئەم ناوچە سنوورییەدا هەتا ڕێگەی پەیوەندییان بەئێرانەوەو لەڕێی ئێرانیشەوە بەدنیای دەرەوە لێبگرێو لەمەشدا بەتەواوی سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

لێرەدا پێم خۆشە سەرنجی خوێنەری بەڕێز بەلای شتێکی زۆر گرنگدا ڕابکێشم کەبڕوا ناکەم لای کەس شتێکی شاردراوە بێت ئەویش ئەوەیە کەبارزانی و بنەماڵەکەی هەمیشەو هەتا ئێستا کار بۆ هیچ شتێك ناکەن جگە لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و هیچ گوێ بەئارەزووەکانی خەڵکی نادەن و لەهەرجێگایەك بن وا ڕاهاتوون بەسووکایەتییەکی زۆرەوە سەیری چواردەوری خۆیان بکەن و بەچاوی کۆیلە لەهەموان بڕوانن, کۆیلەیەکی بێدەستەڵات و بێ ورتە.

هەرکەسێکیش گومانی لەقسەکانم هەیە دەتوانێت ئەرکی پرسیارکردن لەخەڵکی ناوچەی باڵەك و ناوچەی سەلاحەددین بخاتە سەر شانی خۆی, ئەوسا بۆی ڕوون دەبێتەوە چەندە بوونەتە هۆی مەینەتی و بێچارەیی بۆ خەڵکی ناوچەکە, یەکەم کەسیش کە لەیەکەم ڕۆژی هاتنیەوە بۆ ناوچەی باڵەك هەستی بەترسناکی بارزانی کردو ناوچەکەی پێ بەجێهێشت (موستەفا ئاغای وەلاش) بوو.

لەکاتێکدا ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ خێزانەکەمدا لەگوندی ڕاژان بووم کەبارەگای هەمیشەیی ئەوان بوو, بیرم لەوە کردەوە کە

لەمیواندارییـە ئاڵۆزەکـەیان دەربـازبم چـونکە دەیانویـست تەسـلیم بەئێرانم بکەن.

سەیرەکە لەوەدایە کەسەرەڕای ئەوەی ئەوان پتر لە١٣ ساڵ بوو لەگونـدی راژانـدا بـوون, بـەڵام مـن تـوانیم دڵو سـۆزی خـەڵکی گوندەکە لەوان زیاتر بەلای خۆمدا رابکێشم, هەرچەندە تەنها چەند مـانگێکی کـەم بـوو لەناویانـدا بـووم, ئـەوەبوو زوربـەی خـەڵکی گوندەکـە هەوڵیانـدا یارمـەتیم بـدەن لـەڕاکردن لەچـنگ مەکتـەبی سیاسی پارتی بەرەو ناو خاکی تورکیا, مەلا موحەممەد تایـەری مـەلای مزگەوتەکـەیان و زوربـەی خـەڵکی گوندەکـەو لەوانـە حـاجی تـەهاو حـاجی قاسـم, ئەوانەیـشم بەدوورودرێـژی لەبەشـەکانی کتێبەکەمدا (کورد دوژمنی خۆت بناسە) باسکردوە, ئەمـەش هیچ ناگەیەنێت ئەوە نەبێت کەپێشتر باسم لێوەکرد.

**********

## ئابلۆقەی قەڵای رایات ـ ل٦٢

لەچوارەمین رۆژی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٢ پێشمەرگە ئابلۆقەی قەڵاکەیانداو داوایان لەهێزەکانی ناوەوەی کرد خۆیان بەدەستەوە بدەن (..).

بارزانیش بەخۆی و چاپووکترین پیاوەکانیەوە بەجێی هیشتن و قەڵاکـەی لەئەسـتۆی عـەلی عەسـکەریدا بەجێهێـشت (..), ئینجـا بـارزانی بـەڕیوەبردنی ناوچـەکەی بەعومـەر دەبابـەی بەرپرسـی پارتی و هێزەکانی هۆزەکان سپاردو خۆی بەرەو رایات گەڕایەوە.

(..) ئامادەییشیان نیشاندا بۆ خۆبەدەستەوەدان, ئەمە لە١١ی تەممووزدا روویدا, عەلی عەسکەریش نامەیەکی نارد بۆ بارزانی تیایدا ئاماژەیدا بەدەستکەوتەکان و قەبارەی ئەو هێزانەی خۆیان بەدەستەوە داوە.

**********

**من دەڵێم**

هێزی پێشمەرگە لەژێر فەرمانڕەوایی عەلی عەسکەریدا توانی رایات ئازادبکات, ئەوسا هێزەکانی حکومەت بەپاڵپشتی فڕۆکەو تانك و زرێپۆش دژە هێرشێکیان دەستپێکرد بۆ گێڕانەوەی ئەو ناوچانەی پێشمەرگە ئازادیان کردبوو, لەگەڵ ئەوەشدا کەچەکی پێشمەرگە چەکی سووك بوون و هیچ نەبوون بەبەراورد لەگەڵ فڕۆکەو ئامێری جەنگی و ژمارەی سەربازەکاندا, بەلام بەدەنگەوەهاتنی خەڵکی ناوچەکە لەگەڵ پێشمەرگەو سەرکردەکانیانداو هاوکارییان و راستگۆیی ئەو بڕوایەی هەیانبوو بەوەی دەیکەن وای لێکردن بتوانن هێزەکانی حکومەت بشکێنن و بەوەش دەستکەوتێکی زۆریان لەسەربازەکانەوە دەستکەوت و شەڕەکە دوو هەفتەی تەواو بەردەوام بوو, دواتر بەڕێز عەلی عەسکەری نامەیەکی نارد بۆ بارزانی تیایدا بەوردی دەستکەوتەکانی نووسی کەدەستیان کەوتبوو لەناو پاشماوەکانی سوپاداو لەنامەکەدا داوای کردبوو بارزانی (١٠ ـ ١٥) ولاخی بۆ بنێرێ تا دەستکەوتەکانی بۆ بنێرێ, لەنامەکەشیدا ئاماژەی بۆ

ئــەوەدا کــەبارزانی گومــانی لێنــەکاتو خــۆیو پێــشمەرگەکانی ملکەچی فەرمانـەکانی بـارزانین, ئـەوەش تـەنها لەبـەر ئـەوەی بڵێت کەتەنها بارزانی فەرمانڕەوای بێ رکابـەرەو کۆتـایی نامەکەیشی بە (بچووکت عەلی عەسکەری) ئیمزا کردوە, ئەوەش لە ١١/ ٧/ ١٩٦٢, ئەوەتا سەرەڕای ئەو لێهاتووییە لـەبواری جەنگدا هێشتا بچووکی خۆی لەبەردەمیدا بەیان دەکات.

**********

## چەند پێکدادانێکی دیکە لەگەڵ جاشەکاندا ـ ل٦٤

هــەمان رۆژی خۆبەدەسـتەوەدانی قــەڵای رایـات شــەڕ لــەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەو چـەند تاقمـە جاشێك روویـدا کەبـەڕێوەبوون بۆ بەهاناهاتنی قەڵای رایات (..).

لەیانزەی تەمموزی ١٩٦٢ نامەیەکی بەپەلـە لەعومـەر مـستەفاوە گەیشتە دەستی بارزانی کەتیایدا دەڵێت شەڕێکی سـەخت لـەنێوان هێزەکـانیو تاقمگـەلێکی جاشـدا بـەرپابوەو شـەڕ تـەواو گەرمـەو داوای فریاگوزارییــــەکی دەســــتبەجێ دەکـــــات (..) بـــــۆ یەکلاییکردنـەوەی بارودۆخەکـە لەبەرژەوەنـدی شـۆڕش, بـارودۆخ لـەم بەرەیـەدا تـا رۆژی ٢٥ی تـەممووزەکو خـۆی مایـەوە, ئەوسـا بـارزانی هێرشـێکی کەمەرشـکێنی لەهــەموو ناوچــەکاندا بۆسـەر جاشەکان دەستپێکردو هەموو شوێنەکانیانی داگیرکرد (..).

لێرەشـــدا بەســـەرمدا تێنەپـــەڕێت ستایـــشی هەڵوێـــستی تەشـکیلاتەکانی پێـشمەرگە بکــەم کــە بەئەرکــەکانیان هەســتان

لەپەیــــداکردنی ئازووقـــەو پێداویــــستییەکانی دیکـــەدا بـــەپێی هەلومەرج و بارەکە.

لەناوچــەی (سـیدەکان)دا بارەکــە شــتێکی دیکــەبوو، زوربــەی هۆزەکانی ئەویٚ پەیوەندییان بەشێخ و ئاغای ناوچەکەوە هەبوو، لـەویٚ و لەبرادۆستیش پارتی و پێشمەرگە هیچ بوونێکیان نـەبوو بێجگــە لەحەمیــد ئەفەنــدی و خزمــەکانی و ئــەوانیش هــەر زوو پەیوەنـــدییان بەشۆڕشـــەوە کـــردو رۆڵیکـــی گرنگیـــان بینـــی لەسەقامگیرکردنی پایەکانی شۆڕش لەو ناوچەیەدا (..).

تــەنها ســاڵێك تێپــەڕی و هەڵگەڕانەوەیــەکی مــەزن روویــدا کەپیاوانی ناوچەکە هاتنە ناو پارتییەوەو زوربەیان پەیوەندییان بــەڕیزەکانی پێــشمەرگەوە کــردو ئیــدی ئەوانــەی ســەنگەری خیانەتیان هەڵبـژارد ناچاربوون ناوچەکە بەجێبهێڵن و حکومـەت لەنزیکی شاری هەولێر نیشتەجێی کردن.

لێرەدا دەمـەویٚ پێش بەڕووداوەکان بگرم تا کـەمێك ئـەوە بۆ خوێنـەر باس بکـەم کەماوەیـەکی زۆر ببـوە مایـەی سەرسـوڕمانم کەئەویش کۆتایی قادر بەگە، ئەوانەی کە لەکاتی خۆیدا رایانکردو پـەنایان بردەبـەر هـەولێرو تـا سـاڵی ١٩٩٦ تیایـدا مانـەوە، ئێمـە ئــەوانمان بینییــەوە لــەژێر رابەرایــەتی قــادر بــەگی مــەحمود بــەگی برادۆستی (برای کەریم خان کەبۆ ماوەیـەك دۆسـتی شـۆڕش بـوو)، ئەو بەهاندانی دەسـەڵاتدارانی ئێران هاوکاری یـەکێتی نیـشتمانی کــرد بــۆ گواســتنەوەی خــەڵکانی یــەکێتی لــەڕێی ســنوورەوە

بەئۆتۆمبیل بەرەو ناوچەی سیدەکان لەهەوڵێکدا بۆ داگیرکردنی و لەشکرکێشی بەرەو مێرگەسوورو دیانا لە ٢٠/ ٨/ ١٩٩٦, ئەوەبوو خەڵکی ناوچەکە راپەڕین بۆ بەرگرتنیان و کوشتارێك لەنێوان هەردوولادا هەڵایسا کەتا بەهاناوەهاتنی پێشمەرگە بەردەوام بوو, ئیدی تێکشکانێکی گەورە تێکشکان و پەرتەوازەبوون و ئەوە رۆژێکی پرشنگداری شۆڕش بوو, بەرەو دواوە هەڵاتن و لاشەی کوژراوەکانیان بەدوای خۆیاندا بەجێهێشت و لەناویاندا لاشەی (قادر بەگ)ی سەرکردەی ئاماژە پێدراویان و هەروەها سەعید بەگی برایشی بەدیل گیرا.

**********

لێرەشدا دەڵێم

دەسەڵاتدارانی عیراق رۆژانەو لەرێی تەلەگرافەوە هانی ئەو سەربازانەیان دەدا کە لەقەڵای رایاتدا بەرگرییان دەکردو لەسەر بەرەنگاری و درێژەدان بەشەڕ تاکاتی گەیشتنی یارمەتی لەحکومەتی عیراقەوە و شکاندنی ئەو گەمارۆیەی هێزەکانی کورد سەپاندوویانە, بەڵام رۆژانە ژمارەیەکی زۆری ئەوانەی ناو قەڵاکە خۆیان دەدا بەدەست پێشمەرگەوە.

هێزەکانی پێشمەرگە بیریان لەهەڵکەندنی چاڵێك کردەوە لەدەرەوەی قەڵاکەوە بەرەو ناوەوەی و دواتر تەقاندنەوەی قەڵاکە بەدینامێت. عومەر مستەفای ناسراو بەعومەر دەبابە لەنامەیەکیدا بۆ بارزانی لە ١١/ ٧/ ١٩٦٢ باسی هەڵوێستەکەو پێشهاتەکانی

کردو داوای هەندێك تەقەمەنی و پێشمەرگەی کرد, لەو نامەیەدا بچووکییەکی زۆری نیشاندەدا تەنها لەبەرئەوەی بارزانی تاکە پیشەوابووو ئەوەش رێنوێنییەکانی خۆی بوون بۆ هەرکەسێك بیویستایە بێ کێشەو بەسەربەرزی لەسایەی بارزانیدا بژی, نامەکەی ئاوەها دەستپێکرد: مامۆستای خۆشەویست مستەفا بارزانی و.. بە (بچووکتان دەبابە)ش کۆتایی پێهێنا.

**کورتەیەك دەربارەی هۆزەکانی چواردەوری بارزانی**

دەربارەی هۆزی برادۆستییەکان پێشتر لەبەشەکانی کتێبەکەمدا (کورد دوژمنی خۆت بناسە, بەرگی چوارەم, ل٥١٩ ـ ٥٢٢) شتێکم لەبارەوە وتوون, ئومێدەوارم کەموکورتیم نەنواندبێ, لێرەشدا پێم باشە بەکورتی دەربارەی ئەو هۆکارانە بدوێم کەپاڵیان بەم هۆزەوە نا بچنەوە ئامێزی حکومەتی عیراق و هاوکاری بکەن لەدژی بزووتنەوەی کوردایەتی بەسەرکردایەتی بارزانی.

لەدەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولدا ساڵی ١٩٦١ رۆڵی برادۆستییەکان لەبەرەورووبوونەوەی سوپای عیراق و بەدەستهێنانی سەرکەوتنی گەشاوەدا دەرکەوت و ئەوەش بەڕابەری بەڕێز کەریم خان و لەمیانەی ئەو هێرشە نەبچراوانەدا کەدەیانکردە سەر سەربازگەکانی سوپای عیراق لەناوچەی باڵەك, ئەوەبوو ئەو هێزە چەکدارە گەورەیەی کەریم خان رابەری دەکرد ناوی دەرکرد, لەگەرمەی ئەو جموجووڵ و چالاکییانەیشیدا لەناوچەکەدا و بەرزبوونەوەی ئاستی جەماوەریدا کەبارزانی سڵی لێدەکردەوە,

بڕیاری کوشتنی (کەریم خان)یداو بەرپرسی ناوچەکەی راسپارد بۆ ئەنجامدانی کارەکە, بەڵام ئەمەی دوایش دژی ئەم بڕیارە ستەمکارانەیە وەستایەوە کەتایبەت بوو بەتیرۆرکردنی پێشمەرگەیەکی بوێرو بەردەوام لەتێکۆشاندا لەچەشنی کەریم خان, هەر ئەم بەرپرسە شیرپاکە بووە هۆی ئەوەی هەواڵەکەو چۆنێتی تەقەللای بارزانی بۆ خیانەت کردنو کوشتنی بەدزییەوە بگاتەوە بەکەریم خان, هەر کەهەواڵەکەش بەکەریم خان گەیشتەوە بەخۆیو چەکدارەکانییەوە گەڕایەوە ناوچەکەی خۆیو وازی لەبەگژداچوونەوەی چەکدارانەی رژێم هێنا.

لەهاوینی ساڵی ١٩٦٢یشدا بارزانی هێرشێکی چەکدارانەی فراوانی دەستپێکرد لەڕێی هێزێکی پێکهاتوو لەبارزانییەکانو هۆزەکانی وەکو ئاکۆیانو پشدەرو بلْباسو نێرویو شیروانیو دۆسکیو بەشێك لەمزوورییەکانو خەڵکانی دیکە بۆ سەر برادۆستییەکانی ژێر رکێفی کەریم خان, پاش کوشتارێکی خوێناویش کە لەنێوان هەردوولادا هەڵایساو چەند رۆژێکی خایاند برادۆستییەکان نەیانتوانی خۆیان لەبەردەم ئەو هێزە زەبەلاحەدا بگرنو لەترسی چەپۆکی بارزانی پەنایان بردە بەر ئێرانو تورکیا هەتا ساڵی ١٩٧٠و بەشێکیشیان چوونە ناوچەکانی دیاناو رەواندوزو هەریرو هاوینەهەواری سەڵاحەددینو هەولێرو کەڵەکی یاسیناغا. پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠یش کەریم خانو برادۆستییەکان

گەڕانەوە ناوچەكانی خۆیان بەخەیاڵی ئەوەی بارەكە گۆڕاوە بەرەو باشی و لەبەرژەوەندی ئەوانە, بەڵام هێندەی نەبرد بارزانی كەوتە پیلانگێڕان لەدژی برادۆستییەكان و شەڕ پێ فرۆشتنیان, بەوەش پاڵی بەكەریم خان و خزمەكانی و كەسانێكی زۆرەوە نا كەبچنە پاڵ حكومەت و لەچنگی بارزانی رابكەن و هەواری خۆیان بەجێبهێڵن.

**كوژرانی قادر بەگی برای كەریم خان**

قادر بەگ چاكەی زۆری بەسەر بنەماڵەی بارزانییەكانەوە هەبوو, لەساڵی ١٩٨٣دا كوڕەزاكەی بارزانی رزگاركرد (بارزانی كوڕی لوقمانی كوڕی مەلامستەفا), كاتێك لەهەولێر روبەڕووی هەوڵێكی تیرۆركردن بۆوە لەسەر دەستی تاقمێك (..) سەرەڕای بەهێزی ئەو چاودێرییەی دەزگاكانی سیخوڕی عیراق لەسەریان دانابوو لەپێناوی پاراستنیدا, دواتر رەوانەی ئێران كرا بۆ دابینكردنی سەلامەتیی و تا ئێستاش لەژیاندا ماوە.

دوای ساڵی ١٩٩١ قادر بەگ چووە ریزی یەكێتی نیشتمانی كوردستان لەدەستپێكی شەڕ دژی بنەماڵەی بارزانی لەساڵی ١٩٩٤دا هێزێكی پێكهێنا لەپێناو رزگاركردنی گوندەكەی و دەرهێنانەوەی موڵك وماڵەكەی لەژێر چنگی بنەماڵەی بارزانی, لەگەڵ گەیشتنیشیدا بەیاوەری سەعیدبەگی برای بۆ ماڵی عومەری شێخ عەبدوڵڵا راستەوخۆ هەواڵی گەیاندە خێزان و كەسوكارو هۆزەكەی كەگەڕاوەتەوە, عومەری شێخ عەبدوڵڵاش كەوتە خزمەت كردنیان و لەهەمان كاتدا دەستیكرد بەنەخشەكێشان بۆ ئەوەی

بیدات بەدەست بارزانییەکانەوە, هەرواش بوو, خیانەتی لێکردن و لەگەڵ دەرکەوتنی خۆردا هێزێکی زەبەلاح هاتنە گوندەکەوەو لەهەموو لایەکەوە گەمارۆیاندا, ئەو هێزە عومەر عوسمان بارزانی, لێپرسراوی لقی ١٠ی سۆران سەرکردایەتی دەکرد, دواترو بەشێوەیەکی کتوپڕ پەلاماری برادۆستییەکانیان داو بەخیانەت زەفەریان پێبردن و لەم هێرشە کتوپڕییەدا قادر بەگ کوژراو سەعید بەگ بەدیل گیراو بیست مانگ لەزینداندا مایەوە بەبێ ئەوەی بهێڵرێ کەس چاوی پێبکەوێ, دواترو لەرێی چەند هاوڕێیەکی لەدانیشتوانی ناوچەکە لاشەکەی درایەوە بەکەسوکارەکەی.

**********

بەرەو خۆشناوەتی ـ ل ٦٦

سەرکردایەتی ئەو هەرێمەش سپێردرا بەموقەدەمی روکن (عەزیز عەقراوی) کە بەیاوەری چەند ئەفسەرێکی دیکە پەیوەندی بەشۆڕشەوە کرد, عومەر موستەفاش ماوەیەك لەناوچەکەدا مایەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکاری پارت و چاودێریکردنی رێکخستنەکانی پارت (..), ناوچەی خۆشناوەتیش پاك کرایەوەو هەمان هەنگاوەکان نران لەمەڕ رێکخستنەکانی پارت و بارەگاکانی پێشمەرگە, بارزانیش سەرکردایەتی کردنی ناوچەکەی سپارد بەبەکر عەبدولکەریم بەمەرجێك مەحموود کاوانی یاریدەدەری بێت (..), ئەو زیانە گەورەیەش کە لەشۆڕش کەوت بریندابوونی مەحموود کاوانیی جەنگاوەری قارەمان بوو بەخەستی لەئەنجامی

بۆردومانی بەردەوامی ناوچەکەو مەرگ بواری نەداو بەکاریگەری برینەکەی گیانی لەدەستدا (..)، هەروەها شەهید یەکێك بوو لەنزیکترین دۆستەکانی بارزانی.

**********

**منیش دەڵێم**

**عەزیز عەقراوی:** بەفەرمانێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ریزەکانی سوپای عیراقی بەجێهێشت‌و پەیوەندی کرد بەشۆڕشی کوردستانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بەڵام توندڕەوانە لایەنگری بارزانی بووو یەکێك بوو لەوانەی بڕوای وابوو کەبارزانی موعجیزەیەکی ئاسمانییەو فریاگوزارییەکە لەلایەن خوداوە رەوانەکراوە، ئیدی بوو بەداردەست‌و گۆچانی دەستی بارزانی فەرمان‌و خواستەکانی رادەپەڕاندو هەر بۆیە بووە کۆسپ لەڕێگای ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەو کاتەدا کەدەیانویست سنوورێك بۆ دەسەڵاتی بارزانی دابنێن. پاش دە ساڵ بۆی ئاشکرابوو کەبارزانی‌و بنەماڵەکەی بەکەڵکی ئەوە نایەن سەرکردەی شۆڕشی کوردستان بن‌و هەموو ئەوانەی دژایەتی بارزانییان دەکردو بەڕوویدا دەوەستان لەسەر هەق بوون، ئەمەش‌وای لێکرد ریزەکانی شۆڕش بەجێبهێڵێ‌و بچێتە پاڵ حکومەتی بەعس‌و لەکابینەکەی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکردا ببێ بەوەزیر، لەوە بەدوا هەرکەسێك لەگەڵی دابنیشتایە لەگەڵ بیستنی جنێوو

سەرزەنشتەکانی دەرهەق بەبارزانی رادەهاتو هەردەم دەیگوت کوردەکان گیرۆدەی دەستی بارزانین کەگەلی کوردستان بەرەو هەلدێر لەگەلٚ خۆیدا دەبات، بەو شێوەیەش قسەکەی راست بوو کەشۆڕشی کوردستان هەرەسی هێنا، دوای مانەوەیشی بۆ ماوەیەکی زۆر لەئایدیۆلۆژیای پارتی بەعس تێگەیشت کەدژ بەکوردان بوو، بەلکو دژی مرۆڤایەتی بوو، ئەوەبوو پۆستەوەزارییەکەی بەجێهێشتو لەدەسەلاتی بەعسییەکان هەلات، لەکتێبەکەمدا (کورد دوژمنی خۆت بناسە) بەدووردرێژی باسی عەزیز عەقراویم کردبوو، خودا بیخاتە بەر رەحمەتی خۆی.

**بەکر عەبدولکەریم حەوێزی:** نەوەی بنەمالەیەکی تێکۆشەری ناسراوی کوردە، پیاوێکی شۆڕشگێڕی وەهایە هەرچەندی لەسەر بنووسم هێشتا هەقی خۆی نادەمێ، یەکێك بوو لەچوار ئەفسەرەکەی کۆماری مەهابادو لەکاتی خۆیدا بوو بەفەرماندەی بەتالیۆن، پاش رووخانی کۆماری مەهاباد هەموویان گەڕانەوە بەرەو عیراق، بەلام سەربازەکان بوون بەسێ بەشەوە:

١ـ میر حاجی ئەحمەدو عەبدولرەحمان موفتی بڕیاری چوونیاندا بەرەو یەکێتی سۆڤێت.

٢ـ موستەفا خۆشناو، عیززەت عەبدولعەزیز، خەیرولٚلا عەبدولکەریمو موحەممەد مەحموود قودسی، بڕیاریاندا خۆیان تەسلیم بەدەسەلاتدارانی عیراق بکەنەوە.

٣ـ نوری ئەحمەد تەها, جەلالی ئەمین بەگ, بەکر عەبدولکەریم حەویزیو محەمەد سالح بڕیاریاندا نە پەنا بەرنەبەر ئازەربایجانو نە خۆیشیان تەسلیم بەعیراق بکەنەوە, بڕیاریاندا ماوەیەکی باش خۆیان حەشار بدەنو بەوە لەسزای لەسێدارەدان قوتار بوون.

هەتا ساڵی ١٩٧٥ بەکرعەبدولکەریم لەلایەنگرتنی بارزانیدا لەتوندڕەوەکان بوو, دوای کارەساتی هەرەسی شۆڕشیش بۆچوونی بەتەواوی هەڵگەڕایەوەو بووە خاوەنی بۆچوونێکی تایبەتی خۆی سەبارەت بەبنەماڵەی بارزانی, لەکتێبەکەمدا (کورد دوژمنی خۆت بناسە) بەدوورودرێژی باسمکردوە, لەدواهەمین دیدارم لەگەڵیدا کەوتە هاندانم بەپێداگرتنەوە کەبەردەوام بم لەنووسینو ئاشکراکردنی نهێنییەکاندا. بەڕاستی پیاو لەزەتی لێدەدی کە لەگەڵی دانیشتبایە, خۆیو خێزانە بەڕێزەکەی, خاتوونی بەڕێز جەمیلە تاڵەبانی, چونکە بانگی دەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵمان دابنیشێتو گوێ لەقسەکانی من بگرێ, خودا ڕەحمی پێبکاتو بەبەهەشتی بەرینی شادبکات.

**********

### دەربارەی هەڵوێستی ئەندامانی پارت ـ ل٦٧

چەند هێزێکی جاشەکان لەهەوڵێکی نوێدا گەڕانەوە بۆ ناوچەی سیدەکان وەکو قۆستنەوەی دەرفەتی سەرقاڵی پێشمەرگەو ئەندامەکانی پارتی بەکردنەوەی بارەگا ئیدارییەکانو خۆسازدان بۆ لەشکرکێشی رووەو رۆژهەلات, بەرەو پشدەرو شاربازێر,

دەڵـێین چـەند تاقمێـك لەسـۆفییە برادۆسـتییە بـەكرێگیراوەكان پەڕینـــەوەو (..) لەبەرەیـــەكی فراوانـــداو رووەو چـــەندین خـــاڵ هێرشـێكیان دەسـت پێكـردو لەئەنجامـدا دەسـتیان گـرت بەسـەر گوندەكانی (موهاجیرین)ی هۆزی سەید تەهاداو سووتاندیانن (..).

لەكاتێكدا جاشەكان پێشڕەوییان كردو ناوچەیەكی فراوانیـان داگیركرد.

**********

**من دەڵێم**

لەسەرەتادا شۆڕش هیچ پەیوەندییەكی دەرەكی نەبوو هـەروەها لـەڕووی كۆمـەكی دارایـی و ڕێكخستنی ئـەمنی و هێـزی پاراستنی پێویستەوە كەموكورتی هەبوو. لەگەڵ ئەم بارودۆخانەشدا بارزانی هەڵەیـەكی كوشـندەی كـرد بـەبڕیاردان لەسـەر تیرۆركردنـی كـەریم خـان و هێرشـكردنە سـەر برادۆسـتییەكان و هەڵـەی سـەركردەو لێپرســراوەكان زۆر كوشــندەتر بــوو كەبــەدەم فەرمانــەكانی بارزانییـــەوە چـــوون و كارەكـــەیان ئەنجامـــدا, پـــاش لەدەســـت دەرچـــوونی مەســـەلەكەش ســـەركردەو بەرپرســـە نزیكـــەكان لەبارزانییـــەوە هەســـتیان بـــەوە كـــرد كـــەبارزانی شایـــستەی رابەرایـەتیكردن نییـە, بـەڵكو لەبنەڕەتـەوە كەسێكی گێرەشێوێنە, ئەوسا ریزەكانی لای ئـەویان چـۆڵ كـردو ئـەمڕۆ كەسانێكی كـەم لەریزی بنەماڵەكەیدا ماونەتەوە كە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن.

لێـرەدا دەمــەوێ دیـسانەوە ئامــاژە بەکــەریم خــان بدەمــەوە کەئـەویش هەڵەیـەکی کوشـندەی کـرد کـەخۆی هاویـشتە ئـامێزی حکومەتی عیراق بۆ خۆلادان لەڕقی بارزانی, چونکە ڕێگا زۆر بوون بیانگرێتەبەرو خۆی لەو کەللەڕەقییە لابدات.

ئەمـەو بنەماڵەیـەکی زۆر هـەبوون کەدووچـاری هـەمان حاڵـەتی کـەریم خـانو هۆزەکـەی بوونو ڕێگایـەکی باشـتریان لـەو ڕێگایـەی هۆزی برادۆستییەکان هەڵبژارد.

بەڕاسـتیش دەیڵـێم کەئـەرکی هـەموو کوردێکـە ڕێـزو ستایـشی هەبێت بۆ ئەو بنەماڵەیە لەپای ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرانەیە کەبینیویانە لەئازادکردنی کوردستانداو لەپای ئەوەی لەسەر دەستی بارزانیو دەســتو پێوەنــدەکانی بینیویانــەو خۆلادانیــان لــەوەی بــارزانی زەفـەریان پـێ ببـاتو لەبەرچـاوی خـەڵکی سـادەی کوردسـتاندا سووکیان بکات, ئەو خەڵکەی دوورن لەتێگەیشتنی ڕاستییەکان.

نموونـەی ئـەو کەسـایەتییە نەمرانـەش کوڕەکـانی سـەید تـەها (شـێخ کـۆکسو شـێخ دارۆجـان) کـە بەفـەرمانی بـارزانی خرانـە زیندانــەوە بــۆ ماوەیــەکی زۆرو دوای ئازادکردنیــان بــەخۆیانو خێزانەکانیانــەوە ناوچــەکەیان بەجێهێــشتو پــەنایان بــردە بــەر تورکیاو تائێستاش لـەوێ ژیان بەسـەر دەبـەن, ئـەوەش تـا خۆیـان لـەوە بپارێزن پـاڵ بـدەن بەحکومـەتی عیراقییـەوەو بەناچاری دژی شــۆڕش بوەســتنەوە, ئــەو شۆڕشــەی بــارزانی بــاڵی بەســەردا کێشابوو.

گەڕانەوە بۆ دانوستان: هەوڵێکی نوێ ـ ل ٦٩

لەتەممووزی ساڵی ١٩٦٢ حکومەت گەڕایەوە بۆ دانوستان و دەستپێشخەرییەکە ئەمجارە هی عەمید مەحموود عەبدولڕەزاقی سەرکردەی تیپی دووهەم بوو کەعەبدولوەهاب ئاغای جوندیانی راسپارد پەیوەندی بکات بەبارزانییەوەو نامەیەکی پێدا نارد کەتیایدا هاتبوو سەرۆکی حکومەت (عەبدولکەریم قاسم) ئێستا ئامادەیە بۆ سازدانی دانوستان.

بەپێی زانیارییەکانی منیش وەڵامی بارزانی لەمەڕ ئەم پێشنیارە بەم شێوەیەبوو:

ئێمە هەموو کاتێك ئارەزووی ئاشتیمان هەیەو ئامادەین لەو بارەیەوە وتووێژ بکەین (..)، ئیدی پارتە سیاسی و ڕێکخراوە میللییەکان و لەسەروو هەموویانەوە پارتی کۆمۆنیست جورئەتی ئەوەیان کرد یاداشتنامە بەرزبکەنەوە بۆ عەبدولکەریم قاسم تیایدا داوای دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بکەن بۆ کێشەی کورد (..)، بەغداش لەو سەروبەندەدا خۆپیشاندانی گەورەی بەخۆیەوە دی کەداوای ئاشتیی دەکرد لەکوردستاندا.

پاشکۆی ژمارە (٨)..

خەباتی جەماوەر لەپێناوی چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردستان مەزنتر دەبێت و (..) بەرێگای دیموکراسییانە (..) بۆ بەڕێز سەرۆکی وەزیران و سەرکردەی گشتی هێزەچەکدارەکان لیوا روکن عەبدولکەریم قاسم (..) جەماوەری بەغدای داکۆکیکەری

راستگۆ لەبرایەتی کوردو عەرەب دەستبەرداری کوردستانی خۆشەویست نابێت لەم تەنگژەیەیداو بەردەوام دەبێت لەتەقەللاکانیدا لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان بەئاشتییانەو بەشێوازە دیموکراسییەکان.

کۆی ٣٥٩٩٤ کەس واژووی کردوە.

**********

**بەڵام من دەڵێم**

دوو هۆکار هەبوون پاڵیان بەحکومەتی عیراقییەوە دەنا بەئاشتییانە کێشەی کوردی چارەسەر بکات, یەکەمیان ئەوەبوو کەهەلومەرجی شۆڕش لەڕووی سیاسیو ئابوورییەوە بەرەو باشتر دەچوو, بەتایبەتیش بەهەڵبژاردنی تێکۆشەرێکی شۆڕشگێڕی وەکو عەبدولوەهاب ئاغای جوندیانی لەلایەن جەماوەرەوە کەجێی متمانەو خۆشەویستی هەموو لایەك بوو, پێشموایە هەر ئەو هۆی ئەوەبوو کەبارزانی بەچارەسەری ئاشتییانە قایل بێ.

دووهەم, پاش هەستکردنی کۆمۆنیستەکان بەترسناکی بارودۆخەکە هەنگاوێکی بوێرانەیان نا بەکۆکردنەوەی ئیمزای کوردە عیراقییەکان لەرێگای خۆیانەوە کەسەرجەمی گەیشتە ٣٥٩٩٤ ئیمزا, داوای چارەسەری ئاشتییانەو دیموکراسییانەی کێشەی کوردستانیان دەکردو ناردیان بۆ بەڕێز لیوا روکن عەبدولکەریم قاسمی سەرۆکی وەزیرانو سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان.

## چەند روونكردنەوەیەكی پێویست

١- روونكردنەوەیەك لەسەر كتێبەكەی مامۆستا عەلی كەریمی كە لەسەر ژیان و بەسەرهاتی (عەبدولڕەحمان زەبیحی) مامۆستا عولەما لە ساڵی ١٩٩٩ بڵاوی كردۆتەوە, بەسێ بابەت وا لەخوارەوە باسیدەكەم:

پورزای دڵسۆزو نیشتمانپەروەر (بەكری مام رەزا) پەنابەرە لە لەندەن, بەسەردان گەڕابۆوە سلێمانی. یەكترمان زوو زوو بەسەر دەكردەوە. لەمانگی چواری ٢٠٠٤ بەتەلەفون ئاگاداری كردم كەكاك عەلی كەریمی خوارزای مامۆستا عەبدولرەحمان زەبیحی, لێرەیە دەیەوێت چاوی پێت بكەوێت. چوومە لای كاك بەكرو چەند كاتژمێرێك چاوەڕوانی كاك عەلیم كرد بەڵام نەهات. رۆژی دووەم مامۆستا عەلی كەریمی و بەكری مام رەزاو حەسەنی برام هاتن سەردانیان كردم لەماڵەوە, خۆشحاڵی خۆم دەربڕی كەشادبووم بەناسینی خوارزای ئەم زاتە مەزنەو نووسەرو سیاسەتمەداری بەناوبانگی كورد لەسەرانسەری كوردستاندا.

دەستمانكرد بەوتووێژ لەسەر كەسایەتی مامۆستا عولەما, دانیشتنەكەمان چەند كاتژمێرێكی خایاند. چەندین پرسیاری لێكردم كەوەڵامی هەرهەموویم دایەوە كەجێی سەرسووڕمان بوو. یەكەم جار نەمزانی هۆی چی بوو كاتێك وەڵامی پرسیارەكانیم دایەوە كاك عەلی پەشۆكا!

**بابەتی یەکەم: گرتنی مامۆستا عولەما**

کاك عەلی کەریمی پرسیاری لێکردم سەبارەت بەگرتنی مامۆستا عولەما: چی دەزانی؟ چۆن گیرا؟وەهۆی چی بوو؟ وەڵامم دایەوە:

بەناوی گەشتوگوزار سەفەرم کرد چوومە بەیروت لەمیوانخانەی شێخ دابەزیبووم, مامۆستا عولەماو حلمی عەلی شەریف لەهەمان میوانخانە بوون. ئەو کاتە مام جەلال بەیەکجاری عیراقی بەجێ هێشتبوو لەبەیروت لەگەڵ هاوسەرەکەی لەگەڕەکی رومانە دەژیان, رۆژانە سەردانی مامۆستا عولەماو کاك حلمی دەکرد. بەیەکەوە دادەنیشتین و گفتوگۆمان دەکرد کاتمان بەسەر دەبرد. لەگەڵ مام جەلال کۆبوومەوە دووبەدوو بەپێی شارەزایی و ئاگاداری خۆم ئاگادارم کرد کەمامۆستا عولەما کێشەیەکی گەورەی هاتۆتەڕێ ئەویش لە (نوسینگەی کاروباری شمال) کەسەدام حسێن سەرپەرشتی دەکات, فەرمانی گرتنی دەرچووەو هەر بگەڕێتەوە دەگیرێت و لەسێدارە دەدرێت. داوام لەمام جەلال کرد کەئاگاداری مامۆستا عولەما بکات.

مام جەلال وتی: بڕوا ناکەم مامۆستا عولەما یەکسەر باوەڕ بەقسەکەی من بکات, بەڵکو وا بیردەکاتەوە کە لەخۆمەوە ئەمەم دروستکردووە بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە عیراق. وا پەسندی دەکەم کەخۆت ئاگاداری بکەیت چونکە باوەڕی زۆری بەتۆ هەیە, وە

کەبڕیاری مانەوەی دا لێرە لەبەیروت بژی, من بەرامبەر ئەو ماڵم نیەو بەپێی توانا خزمەتی دەکەین.

ئینجا دوو بەدوو لەگەڵ مامۆستا عولەما کۆبووینەوە بەدووورودرێژی ئاگادارم کرد کەتووشی کێشەیەکی گەورە هاتوویتو گەڕانەوەت لەسێدارەدانتی بەدواوەیە.

مامۆستا عولەما یەکسەر باوەڕی بەقسەکەم هێناو وتی: چۆن ژیان لێرە ببەمەسەر, پارەشم زۆر کەم پێماوە. ئایا ئاگاداری مام جەلالت کردووە؟ حەز دەکەم بزانێت با بزانم هەڵوێستی چۆن دەبێت.

وتم: گومانم نیە مام جەلال کەئەم باسەی لەگەڵ بکەین پشتگیریت دەکاتو یارمەتیشت دەدات, لەگەڵ هاوسەرەکەی هێرۆ خان لەگەڕەکی رومانە دەژین..وەچەند پارەت پێویستە؟

داوای بڕی سێسەد دیناری کرد, ئینجا ئاگاداری مام جەلالم کرد لەهەموو بۆچوونو قسەکانی مامۆستا عولەما. مام جەلال رووبەڕووی مامۆستا عولەما رۆیشت ئەوپەڕی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کەئامادەیە بەسەرو ماڵ لەخزمەتیدابێت.

مامۆستا عولەما میوانخانەکەی بەجێهێشتو بەیەکجاری گواستیەوە بۆ ماڵی مام جەلال. بەندە گەڕامەوە عیراق بەلاّم دوای چەند مانگێك هاولاّتی حاجی محەمەد رەشادی ئاگاداری کردم کەمامۆستا عولەما برووسکەیەکی بۆ ناردووم نووسرابوو بەهۆی حاجی محەمەد رەشادی لەعەبدولڕەحمان زەبیحی بۆ رەفیق

پــــشدەری، کـــاتو ڕۆژو جــۆری فڕۆکـــەی دیـــاری کردبـــوو کەدەگەڕێتەوە عیراقو داوام لێدەکات کەپێویستە چاوەڕوانی بکـەم لەفڕۆکەخانە.

ڕاستییەکەی کەبرووسکەکەم خوێندەوە سەرسام بوومو کەوتمە گومانو بیرکردنـەوە کەئەمـە زانـاو شـارەزایە چ هۆیـەك پـاڵی پێـوە نابێـت ئـەم ڕێگایـەی گرتۆتەبـەرو بەدەسـتی خـۆی دەچـێتەبەر قەنارەی سێدارە؟ خۆم بەخۆمم دەوت نـەخێر، گومـانم نیـە هۆیـەك هەیە کەئەم زاتە مەزنە ئەم بڕیارەی دابێت، دوور نیە پەیوەندی پێوە کرابێت بەتایبەتی لەلایەن مامۆستا تەها محێدینەوە.

لــەکاتی دیــاریکراو کەگەیــشتمە فڕۆکەخانــە زیــاد لەحــەفتا کەسـایەتی ناسـراوی بـاڵی مەکتـەبی سیاسـی جەماعـەتی جـەلال تاڵـەبانی هـاتبوون پێشوازی لەمامۆستا عولـەما بکـەن، لـەناو ئـەو بەڕێزانـە نـاوی ئـەم زاتانـەم لـەیاد مـاوە،وەك: محەمـەدی حـاجی تایەر، عەبدوڵڵا کانی مارانی، کەمال محێدین، کەمال موفتی، شێخ لەتیف بەرزنجی..

هەرهــەموومان لــەنهۆمی دووەم لەشــوێنی پــشوودان دانیــشتین خــەریکی چـا خواردنـەوە بـووین چـاوەڕوانی گەیـشتنی فڕۆکەکـە بــووین، کەفڕۆکەکــە گەیــشت چــوومە ژووری ترانزێــتو لەگــەڵ مامۆســتا عولــەما بەیــەك شــادبووینەوە. ئینجــا پاســپۆرتەکەم لێـــوەرگرت تەســـلیم بەئەفـــسەری لێپرســـراوی ئاسایـــشی فڕۆکەخانەکـەم کـرد کەکارەکـەم بـۆ ئاسـان بکـەن. دوای زیـاد

لەکاتـژمێرێك ئینجا پاسپۆرتەکەیان دایـەوە بـەمن, بەمـەرجێك ئـەم کارە ئیشی پێنج چرکەیە.

لەگـەڵ مامۆسـتا چـوینە لای ئـەو بـرا بەڕێزانـە کەتەشـریفیان هێنـابوو چـاوەڕوانی دیتنیـان دەکـرد, دوای شـادبوونەوەو بـەخێرهاتن و گفتوگـۆ هەرهـەموویان خۆشـحاڵی خۆیـان دەربـڕی بەگەڕانـەوەی, مامۆسـتاش یەکـە یەکـە سوپاسـی هـەموویانی کـرد کەئەم ئەرکەیان کێشاوە.. ئینجا دووبەدوو لەگەڵ مامۆستا عولـەما بـەرەو شـوقەکەی کەوتینـەڕێ کـە لـە (بغـداد جدیـدة) بـوو. لەگـەڵی رۆیـشتم تـا بەسـەلامەتی گەیاندمـە شـوقەکەی ئینجـا خواحـافیزیم لێکرد.

کاتــژمێر یــانزەی شــەو چــوومە لای جێگــری بەڕێوەبــەری ئاسایـشی گـشتی شـکاتم کـرد کەئـەمڕۆ ئەفـسەری ئاسایـشی فڕۆکەخانە بەرامبەر بەمن هەڵوێستی زۆر ناشیرین بووو کارەکەمی زۆر زۆر دواخست.

وتــی: لەفڕۆکەخانــە بەتەلــەفون ئاگاداریــان کــردم کــەرەفیق پشدەری لێرەیە لەگەڵ هاوڵاتیەکدایە دەیەوێت کارەکەی بۆ ئەنجام بــدەین, ئــەم زاتــە فــەرمانی گــرتنی لەســەرە داوای لێکــردم کەهەڵوێستم یان سلبی بێت یان ئیجابی بێت..

منیش ئەو دەسەڵاتەم نیە, تەلەفونم لەگەڵ جەنابی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی کرد, وەڵامیان دامـەوە کـە لەحەمامـە, کـەی هاتـە دەرەوە تەلــەفونت بــۆ دەکاتــەوە. دوای ماوەیــەکی زۆر جــەنابی

بەڕێوەبەر تەلەفونی لەگەڵ کردم, ئاگادارم کرد کەرەفیق پشدەری لەفرۆکەخانەیە لەگەڵ (فلان) فەرمانی گرتنی لەسەرە چی دەفەرموون؟ بەڕێوەبەری گشتی فەرمانیدا با (أبو بازیان) عادز نەبێت فەرمانەکە جێبەجێ مەکەن سبەینێ دەستگیری دەکەین, زۆر سوپام کردو گەڕامەوە ماڵەوە. یەکسەر دەستم کرد بەبیرکردنەوەو پلاندانان کەچۆن ئەم زاتە مەزنە لەپەتی سێدارە رزگاربکەم ؟! گەیشتمە ئەو باوەڕەی کەیەك رێگا هەیە ئەویش ئەوەیە رابکەین و بچینە ریزی شۆڕش. هەر لەهەمان شەو ئاگاداری دایکم و هاوسەرەکەم و کەمالی برام کردو هەموو شتێکم بەدوورودرێژی بۆ گێڕانەوە.

بەیانیەکەی کەچوومە لای مامۆستا عولەما جەنابی عەبدوڵڵا کانی مارانی دانیشتبوو, بەکاك عەبدوڵڵام وت: تکایە رێگامان بدەیت لەگەڵ مامۆستا چەند قسەیەکی نهێنیمان هەیەو دەمەوێت دوو بەدوو باسی بکەین, بەڵکو جەنابت بچیتە دەرێ.

کاك عەبدولا فەرمووی: من میوانم ناچمە دەرەوە, ئێوە بچنە دەرێ قسەی خۆتان بکەن. بەپەلە لەماوەی پانزە چرکە دەقی هەموو رووداوەکانم بۆ گێڕایەوە.

مامۆستا پرسی: رات چیە؟ چی بکەین؟!

بەندە: من پەیوەندیم بە شۆڕشەوە نیە. ئۆتۆمبێلەکەم و خۆم پسوولەم پێیە نامانپشکنن, ئەگەر ئێستا بکەوینەڕێ دوای دوو کاتژمێری تر دەگەینە ناو پێشمەرگە لەکەلار, ئەمە تاکە رێگایە بۆ

رزگاركردنت لەپەتی سێدارە, وە كەمالی برام لەنزیك ماڵی ئێوە چاوەڕێم دەكات. كەئاگاداری مامۆستام كرد" دوو چركە پشووی دایەوەو فەرمووی: نامەوێ كێشەت بۆ دروست بكەم, ناچمە ریزی ئەو شۆڕشەی كەشا سەرپەرشتی دەكات, چونكە دڵنیام دواڕۆژی ئەو شۆڕشە نەمانەو مەلامستەفا بەناو سەرۆكایەتی ئەو شۆڕشە دەكات. دوای ئازارو ئەشكەنجەو لێكۆڵینەوە لەسێدارەم دەدەن. دواڕۆژ مێژوو لەسەرم دەنووسێت.. نەخێر كاك رەفیق راناكەم, خۆم تەسلیم بەحكومەتی سەدام حسێن دەكەم با لێرە لەسێدارە بدرێم بۆ شەخسی من لەئێران باشترە ئەمە دوا بڕیارمەو لە ١٠٠٪ گەڕانەوەی تێدا نیە.

وتم: مادام ئەوە بڕیارتە فەرموو خۆت ئامادەبكە, لەگرتووخانە چیت پێویست دەبێت؟ با بڕۆین خۆم تەسلیم بەئاسایشی گشتیت بكەم,وە چی بتوانم بۆت دەكەم.

دوای ئەم گفتوگۆیە هاتینەوە ژووری شوقەكە كەخۆی ئامادەبكات. كەئامادەبوو داوای لەكاك عەبدوڵڵا كانی مارانی كرد بڕی بیست و پێنج دیناری بداتێ, بەندەش وتم: مامۆستا لەبەیروت داوای سێسەد دینارت لێكردم پێشكەشم كردیت, ئایا ناتوانم بیست و پێنج دیناری ترت بدەمێ؟!

هەرسێكمان لێك جیابووینەوە, كاك عەبدوڵڵا بەگرژی و دڵ تەنگییەوە رۆیشت, مامۆستاو بەندە چوینە ئاسایشی گشتی

رووماانكرده ژووری عەقید عبدالقادر الراوی لێپرسراوی بەشی سێیەم

کەبەرپرسیارن لەکێشەی کوردوە هەموو دەسەڵاتێکیان هەیە لەبواری ئازارو ئەشکەنجەو لەسێدارەدان.

عبدالقادر الراوی پرسیاری کرد: باوکی بازیان ئەم کاکە ناناسم؟!

وتم: ئەمە دوێنێ لەبەیروت گەڕایەوە لەسەر فەرمانی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی جەنابی عبدالخالق عبدالعزیز لەبەر خاتری بەندە لەئاسایشی فڕۆکەخانە دەستگیریان نەکرد. ئیمڕۆ بەشەخسی خۆی مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی هات خۆی تەسلیم بەئێوە بکات چونکە هیچ تاوانێك لەخۆی شك نابات و مافی ڕێزلێنانی هەیەو پێویستە چاوتان لێی بێت.

عبدالقادر الراوی وتی: فەرمانی گرتنی لە (نوسینگەی کاروباری شمال) دەرچووە پەیوەندی بەئاسایشی گشتییەوە نیەو لای ئێمەوەك میوان وایە, ئینجا بردیانە گرتووخانە.

**تێبینی**

أ ــ هەتاکو مامۆستا لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بوو بەردەوام خواردنم بۆ دەناردو بەپێی توانا لەخزمەتیدا بووم.

ب ـ خەڵکانێکی زۆرم ئاگادارکردەوە لەوانەی دڵسۆزی مامۆستا بوون لەدەنگوباسی دەستگیرکردنی چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرا

کەدەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن! لەوانە جەنابی برای بەڕێز مامۆستا تەها محێدین, هەر ئەم زاتە بەڕێزەش بوو رزگاری کرد.

ج ـ دوای ئەوەی کەسەدام حسێن بوو بەسەرۆك کۆماری عیراق بەم بۆنەیەوە بڕیاری لێبوردنی گشتی دەرکرد بۆ ئەوانەی لەگرتووخانەکان و ژووری لەسێدارەدان بوون. رووباری کچم تەلەفون لەگەڵ شەخسی سەدام حسێن دەکات و دەڵێت: باوکم لەبەندیخانەی ئەبوغرێبەو بەرنەبووە! دوای دوو رۆژ بەفەرمانی شەخسی سەدام بەربووم. بەبۆنەی بەربوونم جەنابی برای گەورەو بەڕێز کاك محەمەدی حاجی تایەر داوەتی نانی ئێوارەی کردین لەگەڵ برایانی بەڕێز (مامۆستا عولەماو کاك کەمال موفتی و کاك کەمال محێدین), کاك محەمەدی حاجی تایەر دووبەدوو داوای لێکردم کە لەگەڵ مامۆستا عولەما قسە بکەم دەربارەی ئەوەی ئەویش بەغدا بەجێ بهێڵێت و بچینە سلێمانی, چونکە مامۆستا گوێ لەقسەی تۆ دەگرێت. هەر هەموو قسەو گفتوگۆمان لەسەر رووخانی شاو هاتنی آیةالله الخمینی بوو کەئەم بارودۆخەی هاتۆتە پێشێ لەبەرژەوەندی گەلی کورد دەبێت و کوردستانی ئێران رزگاری دەبێت و بڵێسەی ئەم رووناکی و ئازادییە کوردستانی باکورو باشووریش دەگرێتەوە. بەندە وا بەماڵەوە بەیەکجاری دەچمەوە شاری سلێمانی, گومانم نیە مامۆستا عولەماش دێتە شاری سلێمانی دادەنیشێت نزیکی کوردستانی رۆژهەڵات دەبێت. بۆچوون و هەڵوێستی گەلی کورد لەو

بارودۆخـەی کەهاتۆتـە پێـشێ لەبەرژەوەنـدی گەلەکـەمان دەبێـت بەگـشتی و بـڕوای وایـە کـەڕزگارمان بـوو لـەحوکمی پـادشـایی شـا بەهاتنی آيةالله الخميني. لـەم رووەوە کـورد لـەژیانێکی بەختـەوەرو ئاسوودەو پڕ لەکامـەرانی و خۆشـی و شـادیدا دەژی لەسـەرانسـەری کوردسـتانی رۆژهـەلأت و دەبێتـە هـۆی کـارتێکردنی کوردسـتانی باشوور. ئومێدەوارین مامۆستا عولەما کەیەکێکە لەسـەرکردەکانی کوردسـتانی رۆژهـەلأت و نووسـەرو سیاسـەتمەدارێکی کـوردی ناسـراوە لەسەرانـسەری کوردسـتان، دەورێکـی گرنگـی هـەبێت لەڕێکخستنی گرووپە سیاسییەکانی کورد هەروەك چۆن ئەو دەورە گرنگەی هەبوو لەکۆماری قازی محەمەد..

مامۆسـتا عولـەما لەوەلأمـداوتی: بەغـداو سـلێمانی جیاوازیـان نیـەو وەك یـەك تەماشـا دەکـرێن، یـەك یاسـایان هەیـەو بـەعیراق دەژمێـردرێن. لەشـاری سـلێمانی نـاتوانم بەئاشـکرا پەیوەنـدی و هاتوچۆو جموجـۆڵ بکـەم، بـەلأم لەبەغـدا بەئاسـانی هـەموو پـلان و کارەکانم ئەنجام دەدەم چ بەنهێنی و چ بەئاشکرا.

هـەروەها مامۆستا دەربارەی آية الله الخميني فەرمووی: دەبێ گـەلی کـورد دوعـا بـۆ کفـن دز بکـات، کاڵـەك بەئـەژنۆی خـۆی دەشکێنێت. گەلی کورد بەدەستی آية الله الخميني تووشـی ئازارو ئەشـکەنجەو زینـدان و دەربـەدەری و مـاڵوێرانکردن و لەسـێدارەدان دەبێت، بەجۆرێك کە لەزەمانی شا بەسەری نەهاتووە.

قسەکانی ئەوەندە نەستەق بوون هەر هەموومان چەند چرکەیەك بێدەنگ بووین وەڵاممان پێنەبوو, بەخوادرن خۆمان سەرقاڵ کرد. لەدواییدا بڵاوەمان لێکرد نەمانتوانی بیروڕای خۆمان بەسەر مامۆستا عولەما بسەپێنین.

بەڕێز کاك عەلی, بەڵگەی ئەو شتانەی کەبۆم باس کردی, ئەو کەسانەن کەشاهیدو ئاگادارن, وا لەخوارەوە بەدوو بەش ناوەکانیان دەنووسم. ناوی ئەو بەڕێزانەی کە لەژیاندا ماون: جەلال تاڵەبانی, هێرۆخان, هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد, عەبدوڵا کانی مارانی, کەمال محێدین, محەمەدی حاجی تایەر, ئەدوارد خاوەن میوانخانەی شێخ لەبەیروت.. ناوی ئەوانەی کۆچی دواییان کردووە: مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد, عومەر دەبابە, حیلمی عەلی شەریف, کەمالی بڕام.. هەتاکو ئێستاکە چوار کتێبم بڵاوکردۆتەوەو لەبەرگی یەکەم لەسەر گرتنی مامۆستا عولەمام نووسیوە. بەداخەوە دوای ئەوەی سێ جار کتێبەکانم چاپ کراوەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا تەنها بەرگی چوارەمم بەکوردی ماوە وا پێشکەشی بەڕێزتانی دەکەم, وە دەتوانی بەرگەکانی تری کتێبەکەم لەهاوڕێیانەوە دەست بکەوێت, هەروەها هەرکاتێك کتێبەکانم چاپ کردەوە بۆتی رەوانە دەکەم.

عەلی: من کتێبێکم لەسەر ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی بڵاوکردۆتەوە, ئایا ئەو کتێبەت دەست کەوتووە؟

رەفیق: نەخێر, ئەمە یەکەم جارە کەبیستوومە کتێب لەسەر ماموٚستا عولەما بڵاوکرابێتەوە.

عەلی: پرسیارم کردووە لەچەند کەسانێك کەشارەزاییو ئاگادارییەکی زۆریان هەیە دەربارەی خاڵم, یەکێك لەو کەسانە دەڵێت رەفیق پشدەری شەخسی ماموٚستا عولەمای تەسلیم بەئاسایش کردووە.

رەفیق: ئەمە کام برادەرەیە؟ کێیە.

عەلی ناوی نەهێنا!

رەفیق: بەڵگەم هەیە کەئەمە درۆیە. هەرچۆنێك بێت دەبێت ئەم کتێبەم بۆ پەیدا بکەیت, چونکە وەڵامی دەدەمەوە"وە رەنگە بابەت بەبابەت وەڵامی کتێبەکە بدەمەوە.

دوای ئەوە کەوتینە وتووێژو خەریکبوو گرژی بکەوێتە نێوانمانەوە, بەڵام لەبەرئەوەی دانیشتنەکە لەماڵی من بوو هەروەها کاك عەلی دۆستێکی نزیکی کاك بەکربوو, نەمویست دڵی بێشێنم. عەلی گفتی دامێ کەکتێبەکەم بۆ بنێرێت, هەروەها جارێکی تر دادەنیشینەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆو لێکۆڵینەوە لەسەر هەمان بابەت بکەین. من هەستم کرد کەدەیەوێت خۆی لەمن دووربخاتەوە.

دوایی عەلی بەتەلەفۆن ئاگاداری کردمو وتی دەگەڕێمەوە بۆ لەندەن, بەڵام بەم نزیکانە دێمەوە کوردستان ئەو کاتە سەردانت دەکەم بۆ ئەوەی بەیەکەوە دانیشین, وا بەهۆی کاك بەکر کتێبەکەم بۆ ناردیت.

رەفیق: حەزدەکەم ئاگاداربیت مادام باسی من هاتووە لەو کتێبە, وەڵامی دەدەمەوە. جا بۆ تۆ وا پەسندی دەکەم پێش بڵاوکردنەوەی کتێبەکەم پێویستە کۆببینەوە.

**تێبینی**

دوای ئەوەی کتێبەکەی کاك عەلی کەریمیم دەستکەوت بابەت بەبابەت خوێندمەوە, ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام بابەتێك بوو لەژێر ناونیشانی (وتوویژ لەگەڵ دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسول) لەرۆژی ١١/ ١٠/ ١٩٩٥ کە لەلاپەڕە (٢٥٤) باسی منی کردووە.

**٢ـ بابەتی دووەم: بەڕێز عەلی کەریمی پێشکەشە**

پێشەکی سوپاست دەکەم کەیەکەم سوودێك لەکتێبەکەت وەرمگرتبێت ئەوەیە من لەبەرگی پێنجەمی کتێبەکەم کەوا بڵاومکردۆتەوە دوای مردنم هیچ کەسێك لەکەسوکارم بۆی نیە کتێب لەسەر شەخسی من بڵاوبکاتەوەو پرسیاربکات: (ئایا رەفیق پشدەری جاسوس بووە, یان نا؟) چونکە من لەکتێبەکانم (کورد دوژمنی خۆت بناسە) دانم بەوەداناوەو شانازی پێوە دەکەم کە لە (أجهزەی أمنی) حکومەت کارمکردووەو توانیومە گەورەترین خزمەتی کوردو کوردستان بکەم. وە من خۆشحاڵ دەبم تاکو لەژیاندا ماوم هەرکەسێك بەرامبەر بەمن هەرشتێکی هەیە با بینووسێت, یان رەخنە لەکتێبەکانم بگرێت. بۆ ئەوەی بتوانم لەکتێبەکانی داهاتوومدا وەڵامی بدەمەوە.

**کاك عەلی**

بەڕاستی تۆ کارێکی ناڕەوات کردووە کەئەو مافەت داوە بەخۆت کتێب لەسەر کەسایەتیەکی ناسراوی وەك مامۆستا عولەما بنووسیت. لەڕاستیدا دوای خوێندنەوەی کتێبەکەت کەوتمە گومانەوە لەوەی تۆ خوارزای مامۆستا زەبیحی بیت. چونکە هیچ کەسێك نایەت لەسەر دۆستی خۆی پرسیاری ئەوە لای خەڵك دروست بکات کە (ئایا فلان جاسوس بووە, یان نا؟)وە مەبەستی تۆ لەو کارەی کەکردووتە تەنها ئەوەبووە کەخۆت بناسێنیت بەخەڵك و لەڕێگەی ئەوەوە هەوڵی ئەوەت داوە شتێکت دەست بکەوێت.

من تا ئێستا نازانم مەبەستی تۆ لەنانەوەی ئەو ئاژاوەیە چی بووە کاتێك لەسەر کوژرانی مامۆستا عولەما حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانت تاوانبارکردووە, وە هاتووی ڕەخنەت لەکتێبەکانی د. قاسملو گرتووە!

لەبیرمە کاتێك لەدانیشتنەکەماندا وتت کە لەبەرئەوەی هەزار دانەت چاپ کردووە لەکتێبەکانت و خەڵکێکی زۆریش داوای دەکات, داوای چاپکردنەوەیت کردووە لە (ی.ن.ك) بەڵام مام جەلال یارمەتیت نادات. منیش پێت دەڵێم کەهۆی ئەوەی مام جەلال یارمەتی نەداویت بۆ چاپ کردنی کتێبەکانت ئەوەیە کەلەو بارودۆخەی ئێستا دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشە بۆ شەخسی مام جەلال و (ی.ن.ك)و زیانێکی زۆر گەورە دەبەخشێت

بەکەسایەتی مامۆستا عولەما. وەئەگەر تۆ بەڕاستی خوارزای مامۆستا عولەمایت نابێت جارێکی تر بیر لەوە بکەیتەوە کەئەو کتێبە چاپ بکرێتەوە, خۆ ئەگەر بۆت دەکرێت کۆی بکەیتەوەو بیسوتێنیت ئەوا سوودبەخش دەبێت بۆ شەخسی مامۆستا عولەماو بنەماڵەکەی.

کاکە عەلی بۆ زیاتر ئاگاداریت ئەو کتێبەی بڵاوت کردۆتەوە لەسەر ژیانو بەسەرهاتی مامۆستا عولەما خەڵکانێکی زۆرو بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەدەسیسەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دەزانن. هەروەها هەموو ئەو برا بەڕێزانەی چ لەڕۆژنامە یان لەکتێبوەڵامی کتێبەکەی تۆیان دایەوە بەدەسیسەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی دەزانن.

دووبەرەکی دروستکردن لەنێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستانو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران زیانێکی گەورە دەبەخشێت بەکوردو کوردستان, دەوڵەتە ئیقلیمیەکان دەورێکی گەورەیان هەیە بەتایبەتی کۆماری ئیسلامی ناموبارەك بەردەوامە لەپیلاندانان لەنێوان گرووپە سیاسیەکانی کورد, چونکە ئاژاوە بەهەر جۆرێك بێت لەناو گروپە سیاسیەکان زیان دەبەخشێت بەکوردو کوردستان.

عبدالرحمان زەبیحی خاڵم بووەمامیشم بووە. لەژینمدا قەرزاری چەند کەسانێکم" یەکەم دایکم, دووەم مامۆستا عولەما. وەمن ناوم رەفیق مامەیەو بەو ناوەوە ناسرابووم تا

ماموستا زەبیحی قەناعەتی پێ هێنام کەنازناوی رەفیق پشدەری وەربگرم‌و هەر بەرەفیق پشدەری بناسرێم.

لەهەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەك دەمگوت قەڵادزێییم بەڵام بەرەچەڵەك کۆییم, ماموستا عولەما وای لێکردم کەببمە کوردستانی. وەهەموو کاتێك ئامادەییم تێدابووە کە لەگەڵ هەر گرووپێکی سیاسی کاربکەم لەهەر چوار پارچەکە لەپێناوی بەرژەوەندی خاکەکەم کوردستان.

زەبیحی فێری کردم کەچۆن خۆم بشارمەوەو بەنهێنی کاربکەم.

دەورێکی گەورەی هەبووە لەفیربوونم بۆ سیاسەت, وەفێری ئەوەی کردم کەکاتێك باسی هەر شتێکم لەکۆڕو کۆبوونەوەیەك کرد نموونەیەکی بۆ بهێنمەوە بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەم باوەڕ بەقسەکەم بهێنێت.

لەبەر ئەوەی ماموستا عولەما ئەو هەموو چاکەیەی لەگەڵ کردووم من هەردەم خۆم بەقەرزاری ئەو خاڵە بەڕێزەم دەزانم, هەربۆیەش ئامادەبووم ژیانی خۆم بخەمە مەترسی لەپێناو رزگارکردنی.

لەکۆتاییدا, عەلی زۆر سوپاس بۆ تۆ کە لەڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەو کتێبەی تۆ توانیم چەندوشەیەك دەربارەی ماموستا عولەما بنووسم. بەڵام دەبوو کەسێکی تر ئەوەی بنووسیبایە نەك تۆ چونکە تۆ لەوە زۆر دووربوویت‌و ئاگات لەبەسەرهات‌و نهێنیەکانی ماموستا عولەما نەبووە. بەڵام دووبارە سوپاس.

### ٣ ـ بابەتی سێیەم: عەبدولڕحمان زەبیحی

بەندە لەساڵی ١٩٥٢ کە لەشەریکەی نەوتی کەرکوك مووچەخۆر بووم عەبدولڕحمان زەبیحیم ناسی. ڕۆژبەڕۆژ پەیوەندیمان بەهێزتر بووە. دەتوانم بڵێم نزیکترین کەس بووم لێوەی, دەرگای ماڵم هەمیشە بۆ ئەو کراوەبووەو شتی نهێنی لەنێوانماندا نەبووە. هەر بۆیەش ئەم مافە دەدەم بەخۆم لەخوارەوە کورتەیەك دەربارەی زەبیحی بنووسم:

پیاوێکی تێکۆشەرو فیداکارو کوردپەروەرو خەباتگێڕو لەخۆبوردوو خۆنەویست ڕۆشنبیربوو, حەوت زمانی زانیوە: کوردی, فارسی, عەرەبی, تورکی,ئینگلیزی, فەرەنسی, روسی. هەموو ژیانی خۆی بۆ مەسەلەی رزگارکردنی کوردو کوردستان تەرخانکردبوو.

بەڕاستی لەکیسمان چوو, پیاوی ئاوا لەبابەتی ئەو, زەحمەتە دروست ببێتەوە. هیچ تەماحێکی دونیایی نەبوو, لەو کەسانەبوو کەفرۆفێڵیان نەدەکردو لەدۆستایەتیدا راستگۆبوو, وەهەرچی کارێکی شۆڕشگێڕی هەبوایە دەیکرد بێئەوەی گوێی بداتێ ئەنجامی چی دەبێت و بەپیر مردنەوە دەچوو, وشەی ترسی لەدڵدا نەبوو کەبکوژرێت یان بگیرێت.

هەرگیز بەعسی نەبووەو هیچ کاتێك سەر بەحکومەت نەبووە, بەڵام حکومەت لەدوورەوە ئەو پیاوە مەزنەی دەناسی. بەهۆی ئەوەی پیاوێکی زیرەك و وشیارو دووربین بوو وە زیانی بۆ

حکومـــەت نـــەبوو, وای دەزانـــی هیـــچی لێناکـــەن‌و پـــشتی بـەبرادەرەکانی قـایم بـوو وەك: (تـەها محێـدین)و (بابـەکرئاغای میراودەلی)و (مەلاعەبدوڵا ئیسماعیل). هەرچەندە ئاگادارم دەکرد: هەر کاتێك بەعس بڕیاریدا بەندە یان بەڕێزتان دەستگیربکات ئەوا کەس ناتوانێت رزگارمان بکات!

ئەو بەڕێزە کە بەخەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات ناسرابوو بڕوا ناکەم هیچ کەسایەتیەکی کورد بەقەدەر ئەو لەکوردستانی باشور خەڵك لەهەموو چینەکان بناسێت‌و بەمجۆرە رێزی لێبگیرێت.

کاك عەلی: دەربارەی هەندێك پرسیار کەکردووتە لەو بەڕێزانەی کەناوت هێناون من بەپێی شارەزایی خۆم‌وا لەخوارەوە باسی ئەوە دەکەم کەوا ئاگام لێیەتی:

دوای گەڕانـەوەی مەلامـستەفای بـارزانی بـۆ عـیراق زۆر جـار لەدانیشتنەکانیدا سووکایەتی بەشەخسی قازی محەمەد دەکرد. جارێکیان زەبیحی‌و هەژار ئامادەی دانیشتنەکەبوون, بەڵام دوایی ماوەی پانزە رۆژێك دیار نەبوون. کاتێك بارزانی پرسیاری لێکردم کەبۆچـی زەبیحـی‌و هـەژار دیـار نـین؟! هەرچـەندە مـن هۆیەکـەم دەزانـی, بـەڵام وەڵامـم نەدایـەوە. وەچـووم ئاگـاداری ئـەو دوو بـرا بـەڕێزەم کـرد کـەبێن بـۆ لای بـارزانی ئـەوانیش پێیـان‌وتم: ئێمـە بەشـداربووین لـەکۆماری مـەهاباد, وە قـازی محەمـەد لای ئێمـە زۆر بـەڕێزەو شـەهیدی کـوردو کوردسـتانەو سـەرۆك کۆمـاربووە. چۆن ئێمە جارێکی تر لەمەجلیسی مەلامستەفا دابنیشینەوە کاتێك ئەو

سووکایەتی بەقازی محەمەد دەکات! دوای ئەوە بارزانی بەهیچ جۆرێك بەسلبی باسی سەرۆکی کورد خوالێخۆشبوو قازی محەمەدی نەکردەوە.

بەندە دۆستاییەتیم زۆر بەهێز بوو لەگەڵ زەبیحی وەهەروەها کەسایەتی کوردی ناسراو قاسملوشم دەناسی. ئەم دوو زاتە هیچیان کەیفیان بەیەك نەدەهات, منیش وتوێژم لەنێوانیاندا دەکرد بۆ ئەوەی یەك بگرن. بەڵام رۆژێك لەڕۆژان زەبیحی لای من توانجێکی لەقاسملو نەگرت...

٤ ـ وەزارەتی ئەوقاف

هەمیشە تەنسیق لەنێوان وەزارەتی ئەوقاف و خەیروڵڵا تڵفاحدا هەبووە چونکە ناوبراو هەرچەندە وەزیری ئەوقاف نەبووە, بەڵام هەمیشە ئاگاداری وردودرشتی کاروباری ئەم وەزارەتە بووەو لەبارەی راپەڕاندنی ئیشوکارە جۆربەجۆرەکان, تەنها قسەی ئەمی دەخوارد.

وەزارەتی ئەوقاف هەندێك جار خیروڵڵا تڵفاحی لەوە ئاگادار دەکردەوە کەئەو مەلایانە ئاشکرادەکات کەهاوکاری رژێم دەکەن, ئەوەش بەوەی بەئاشکرا پێیان دەڵێت: (تۆ سەر بەئێمەیت), تەنانەت جارێکیان مەلاعەلی عەبدولعەزیز, لەوەزارەتی ئەوقاف شکاتی لێکردبوو کەدەبێتە مایەی ئاشکراکردنی لەناو جەماوەردا. جا ئەو مەلایەی ملی بۆ فەرمانەکانی رژێم دادەخست خیروڵڵا

تڵفاح بەشێخ ناوی دەبردو دەیگوت: (ئەو مەلایەی شەرم لەمێزەرە سپییەکەی نەکات دەبێت ئاشکرا بکرێت).

**٥ ـ روونکردنەوەیەك لەسەر رێز نەگرتنی یاساو مافی هاوڵاتیان:**

لەبارودۆخێکی ناهەمواردا ژیانمان دەبردەسەر چ لەباری دارایی، چ لەباری ئەمنی. بۆیە لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆمان بازیانی کوڕم ماڵی جیاکردەوەو چوو بۆ ماڵی گورجیەخان کەخزمی دایکی بازیان (شیرین مەعروف روستەم بەگ بابان)ـە، چونکە لەوێ کرێ خانوو نادات و لەهەمانکاتدا دراوسێی کەسایەتی کوردی ناسراو (کاك کۆسرەت رەسول عەلی)یە بۆیە لەڕووی ئەمنییەوە سەلامەتە.

لەپڕ رۆژێك بازیان لەئاسایشی رزگارییەوە پسوولەیەکی ئاگادارکردنەوەی بەدەست گەیشتبوو، کەئەمە دەقەکەیەتی:

بەڕێوەبەرێتی ئاسایشی ناوشار
یاریدەدەرێتی ئاسایشی ڕزگاری

ژمارە: [illegible]
ڕۆژ: ٨/ ٢/ ٢٠٠٣
[illegible]

**پسووڵەی ئاگادارکردنەوە**

بۆ هاووڵاتی ( بازیان [illegible] ) ئاگادارت ئەکەین کەلەڕۆژی ( [illegible] )ڕێکەوتی ( ٨/ ٢/ ٢٠٠٣ ) کاتژمێر ( [illegible] ) ئامادەبیت لەیاریدەدەرێتی ئاسایشی ڕزگاری لەدواکەوتن بەرپرسیاریت...

ل. یاریدەدەرێتی ئاسایشی ڕزگاری
٨/ ٢/ ٢٠٠٣

بازیان سەردانی ئاسایشی رزگاری کردبوو, جەنابی بەڕێوەبەری ئاسایشی رزگاری ئاگاداری کردبۆوەوە کەئەم پسوڵەیە بەفەرمانی راستەوخۆی کاك کۆسرەت نێردراوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

بۆ بەڕێوەبەری ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشکەشە

ب/ پێشێل کردنی مافی مرۆڤ

لەکاتێکدا خۆموادەبینم کەهەموو تەمەنم تەرخانکردووە بۆ خزمەتی گەلی کورد. ئێستاکە دەبینم کەئێمە جێی باوەڕ نین, تۆ بڵێی بارودۆخێکی تازە هاتۆتە پێش کەشکمان لێبکرێتو جێی گومان بین.

لە ٨/ ٣/ ٢٠٠٣ بەپسوڵەیەکی ئاسایشی رزگاری (بازیان)ی کوڕمیان ئاگادارکردووە کەخانووەکەی چۆڵ بکات لەبەر ئەوەی خەتەر دروست دەکات لەسەر کاك کۆسرەت چونکە دراوسێی دەستە راستیەتی.

ئەگەر خاڵێکتان لەسەر ئێمە هەیە ئەو کاتە خۆشحاڵ دەبین جێیەکم بۆ دەستنیشان بکەن تێیدا بژین لەدەرەوەی سنوری (ی.ن.ك)

لەگەڵ رێزو سلاو

هاوڵاتی

رەفیق پشدەری

**بۆ/ زۆر بەڕێز کاك کۆسرەت پێشکەشە**

**دوای سڵاوو ڕێز هیوام ساغو سەلامەتیتە**

**بەڕێز..**

جەنابت ئەمڕۆ لەناو ئەم میللەتەدا مەنزیلەی باوکت هەیە, باوکێکی بەسۆزو دڵفراوان. هەر بۆیەش جێی سەرسووڕمانە کە لەڕێی ئاسایشەوە بەپسوڵە ئاگادار بکرێم بۆ چۆڵکردنی خانووەکە لەماوەی سێ ڕۆژدا, لەکاتێکدا دیوارێکمان نێوانە ئەگەر لەڕێی پێشمەرگەیەکەوە ئاگادار کرابامایە, خۆشتر بوو.

**جەناب..**

بەدرێژایی تەمەنم خۆمو بنەماڵەکەم, لەخزمەتی گەلی کورددابوومو هیچ خاڵێکی ڕەش لەخۆمدا شك نابەم. باوكو دایکم لەدوو بنەماڵەی دەوڵەمەندی کوردستانن بەڵام لەپێناوی کوردایەتیدا تەنانەت کەلاوەیەکیشم نیە لەناویدا بحەسێمەوە. چەند مانگێکە لەڕێکخراوی فاو بەڕۆژانەی پەنجا دینار کارم دەکردوا ئێستا ئەو ئیشەش نەما.

کەلەم خانووەدا بەخزمەتکاری ئەم پیرەژنە ڕازیم هەرچەندە خزمی دایکمە ئەوەش لەبەر ئەوەی توانای پێشەکی خانووم نیە. هەروەها ناوماڵێکی واشم نیە, کوڕەکەشم لەکۆلێژی سەلاحەددین دەخوێنێ.

دیاره گەڕەکەکە لەسایەی جەنابتانەوە ئەمن و ئاسایشی تێدا بەرقەرارە, ئێمەش وەکو جەنابت دەزانین لەلای دەوڵەتانی دەوروبەر هەروەها بەتایبەتی لای بنەماڵەی بارزانی مەرغوب نین.

لەناحیەی ئەمنیشەوە تاکە خاڵی لاوازی بۆ سەلامەتی جەنابت ئەم خانوەی ئێمەیە چونکە مەوقیعێکی زاڵی هەیە بەسەر خانووی جەنابت..واتە بۆ بەرژەوەندی جەنابت, دەبێ ئێمە بەزووترین کات لەم خانووە دەرچین, بەڵام بەبێ هاوکاری بەڕێزتان خۆم و خێزانم دەکرێینە کۆڵان..!

هەر بۆیەش چاوەڕوانم وەکو برایەکی گەورە کەکرێ خانوویەکی هاکەزاییم لەم گەڕەکەدا بۆ دەستەبەر بکەیت بۆ ماوەی ساڵێك جێی سوپاس و پێزانین و لەهەمانکاتدا پیاوەتییەکی چاوەڕوانکراوە لەجەنابت کەباوکیشم ئەوەت لێڕادەبینێت و هەرگیز لەبیرناچێتەوە.

لەگەڵ رێزو پێزانینماندا

برازای دڵسۆزتان

بازیان رەفیق پشدەری

١٠ /٣/٢٠٠٣

## تێبینی

چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد دوای ئەو نامەیەی کەبازیان بۆ کاك کۆسرەتی ناردبوو, جەنابی لوتف بفەرموێت یا خانوویەکی بۆ بکڕێت, یا خانوویەکی بۆ بەکرێ بگرێتو پێشەکیەکەشی بدات. هەر بۆیەش ئاگادرای کەسایەتیەکی کوردی ناسراوم کرد..کاك زەید سورچی کەدۆستێکی نزیکی کاك کۆسرەتە سەبارەت بەو کێشەیەی بازیانی کوڕم تووشی بووە کەنازانم هۆی چیە..! وە هەروەها پێشم وت کەبڕوام وایە بەهەڵە لەکاك کۆسرەتیان گەیاندبێت. ئەویش لەوەڵامدا وتی: نوێنەرەکەی خۆم دەنێرم بۆ ئەوەی لەگەڵ کاك کۆسرەت قسە بکات. وە بازیانیش با هەوڵ بدات خانوویەکی تر بدۆزێتەوە.

لە رۆژی ١١/ ٣/ ٢٠٠٣ کاتژمێر ٨ی ئێوارەبوو کە لەدەرگا دەدەنو داوای بازیان دەکەن, ئەویش بەدڵخۆشیەکەوە دەچێت بەپیریانەوەووا دەزانێ کاك کۆسرەت خانووی بۆ کڕیوە یان خانووی بۆ گرتووە. بەڵام کەدەگاتە ناو دەرگاکە, پێشمەرگەکانی کاك کۆسرەت شەش کەس دەبن میلی کلاشینکۆڤ لێڕادەکێشنو بەزۆر سواری سەیارەی دەکەن دەیبەنە خانوویەکی تری کاك کۆسرەت کە لەغاباتەکەیەو چەند سەد مەترێك لەماڵی کاك کۆسرەتەوە دوورە. لەوێ دەیخەنە ژوورێكو دەرگای لەسەر دادەخەن. لەرێگا سووکایەتی زۆری پێدەکەن" دەڵێن: "با بیکوژین" "ئەی بۆ ژنەکەیتان نەهێناوە". دوای دوو کاتژمێر

دێنەوە سەری دەیهێننەوە ماڵەوە دەڵێن دەبێت ئەمشەو ئێرە چۆڵ بکەیت.

بەندە ئەو شەوە لەماڵی برایەکی دڵسۆز داوەت کرابووم کە دکتۆر شەوکەت بوو, بازیان لەگەڵ هاوسەرەکەی هاتن بەدورودرێژی هەمووی بۆ گێڕامەوە. منیش یەکسەر چووم سەرم لەو برا دڵسۆزە دا کە لەوەوپێش ئاگادارم کردبوو لەکێشەکە, منو بازیانو هاوسەرەکەی هەرسێکمان لەگەڵی کۆبووینەوە بۆ چارەسەرکردنی, بەڵام ئەو دەستەوستان وەستاو لەوەڵامدا وتی: با بازیان بچێت خانوویەك بگرێت ئەوە لەمنەوە (٢٥٠٠) دینار.

دوای ئەوە هەر هەمان شەو توانیمان سەردانی کەسایەتیەکی کوردی سیاسەتمەداری ناسراو لەسەرانسەری کوردستان بکەین مامۆستا صلاح الدين موهتەدی رووداوەکەمان بەدوورودرێژی بۆ باسکرد. وە جێی سەرسوڕمان بوو لای ئەو برایەو بەرامبەر بەوە ناڕەزایی خۆی پێنیشاندا, وتی: ئێستا سەعات یەکی شەوە, من بەیانیەکەی زوو دەچم قسەی لەگەڵ دەکەم با بازیان ئیمشەو لەماڵی ئێوە بێت.

منیش لەوەڵامدا وتم: من تەنها ئەوەم دەوێت کەئەو دان بەو تاوانەدا بنێت کەکردوویەتی, وە بۆچی؟! لەکاتێکدا ئێمە هیچ لەخۆمان شك نابەینو پەیوەندیمان بەکەسەوە نیە..! لەبەر ئەوە ئەگەر خانوویەکی یەك ملیۆن دیناریشمان بۆ بکڕیت نامانەوێت.

لەکاتێکدا بازیان لەفڕنێکی سەموون کاری دەکرد رۆژی بە (٥٠) دینار!!!

ئەو مامۆستا بەڕێزە سەرلەبەیانیەکەی سەردانی کردین, وتی: بەڵێ کاک کۆسرەت دەڵێت "ئەمە بەفەرمانی من کراوە". منیش لەوەڵامدا وتم: وا ئێستا بازیان دەستی کردووە بەگواستنەوەی ماڵەکەی.

سەردانی دوو هاوڕێی نزیکی کاک کۆسرەتم کرد بۆ ئەوەی بزانم لەبەر چی ئەمەی کردووە؟ هیچیان وەڵامیان نەدامەوە..! وەسێیەم هاوڕێی وتی: ئەمە یەکێکە لەهەزار!

منیش لەکۆتاییدا دەڵێم لەدوای ئەم رووداوە لەبەر ئەوەی هیچ شوێنێك نەبوو بتوانین شکاتی لەلا بکەین, وەهەروەها پارەشمان نەبوو بڕۆین بۆ دەرەوەی وڵات, ئەمە پاڵی پێوەناین کەزیاتر لەسەر بیروباوەڕی کوردایەتی سووربین و باوەڕمان بەخوا بەهێزتر بکەین کەئێستا رۆژێکی وەك ئەمڕۆی خولقاند ئەم زوڵمە لەکتێبەکەمدا بڵاوبکەمەوەو بگاتەوە بەردەمی خوێنەری ئازیز.

**********

## بەشی پێنجەم ـ ل (٧١ ـ ٧٣)

## ١٩٦٢ ساڵی سەرکەوتنە گرنگەکان

بەسەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکان کەسوپای شۆڕش بەدەستیهێناو بەهۆی ئەرك‌و ماندووبوونی سیاسی حزب لەڕووی بڵاوکردنەوەی چەمك‌و ئامانجەکانی لەناو چینەکانی گەلدا, دەستگرتنی شۆڕش بەسەر کوردستاندا تەواو هاتە بەرچاو (..).

لێرەشدا دەبێ دان بەوەدا بنرێت شۆڕش کە لە١٩٦١دا دەستی پێکرد بەرنامەیەکی داڕێژراوی نەبوو بەڵکو هەڵمەتەکە بەپلەی یەکەم گەرم‌و سۆزداربوو. ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی پێشوومان نەبوو هەروەها وەکو باسم کرد لەبنەڕەتدا ئامادەکاریمان نەبوو بۆ شۆڕش, بەڵکو ئاگری شۆڕش لەناکاو هەڵگیرسا بەبێ هیچ ئامادەباشی یان خۆتەیارکردن وەکو پێشتر گوتم (..).

ساڵەکە بەوە کۆتایی هات کەسوپای شۆڕشگێڕی کوردستان بەهاوکاری جەماوەری کوردستان رووبەری زۆر فرەوانی کوردستانی رزگارکرد. بەسەرکردایەتی پارتی‌و بارزانی (..)و لەشەڕە ناوخۆییەکاندا سەرکەوتووبوو.

لەو چالاکییانە ئەو نەبەردییانە باسدەکەم کەگۆڕەپانەکانی ناوچەکانی هەولێرو کەرکوك‌و سلێمانی بوووەك شەڕەکانی گەرمیان‌و شێخ بزەینی‌و شوان‌و دەشتی هەولێر بەسەرکردایەتی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کەهەرە چالاکەکەیان جەلال تاڵەبانی

بوو (..) له ٢٤/ آیار/ ١٩٦٢ شارۆچکەی پێنجوێن ئازادکراو هەموو پۆلیسەکانی قەزاکە خۆیان بەدەستەوەدا, بەتایبەتیش باسی فەرماندەی پۆلیسی پێنجوێن کەمالی شێخ غەریب دەکەم کە لەگەڵ پۆلیسەکانی قەزاکەدا تا دوایی هەر دڵسۆزی شۆڕش ما (..)و چەند کەسێك شەهیدبوون و لیواکە دوای ئەوەی کوشتارێکی زۆری لێکەوت ئینجا گەیشتە پێنجوێن (..).

لەو ماوەیەدا شۆڕش دەرگای خۆی بۆ جیهانی دەرەوە دۆزییەوەو وای لێهات دەنگوباسی شۆڕش بایەخی پێدەدراو لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانەوە هاوسۆزی پەیداکرد جگە لەهاتنی رۆژنامەوان و پیاوانی راگەیاندن (..).

**********

## منیش دەڵێم

هەر لەسەرەتاوە, لەبەشی یەکەمەوە (ماوەی ئامادەکاری و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١)دا بەدووروودرێژی باسی هەموو ئەو کۆسپ وتەگەرەو نەهامەتییانەم کردووە کەهاتوونە گۆڕێ و کەهۆکارەکەیان مەلامستەفا کاتێ کۆمەڵەی عەشرەتەکانی هاندا چەك هەڵگرن و سەنگەری دژی دەسەڵاتداریەتی بگرن.

سەیر لەوێدایە بارزانی خۆی نکوولی لەمە دەکات و دان بەوەدا دەنێت کەئەوە هەڵەیەکی گەورەبووو ئۆباڵەکە لەملی عەشرەتە کوردییەکان دەنێت گوایە ئەوان بوون بەهۆی ئەو شەڕە سەختە, ئەمە جگە لەبڕیاری لیژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان

لەشوباتی ١٩٦٢ کەدرێژە بەشۆڕش بدرێ و هەر ئەوان لەیەکەم ڕۆژەوە خاوەنی ئەو بڕیارەبوون. هەر بارزانیش هۆکاری سەرەکی بوو لەهەموو ئەوویرانکارییەی بەسەر کوردستاندا هات کەڕێگەچارەی تری لەپێش بوو دەبوایە بیگرتایەتەبەر. یەکێك لەفرتوفێڵەکانیش سووکایەتی کردن بوو بەعەشرەتەکان کەیەکی بەوەی تردا دەداو گێرمەوکێشەی بۆ دروست دەکردن, بۆ نموونە: سەلامی مەلاسابیر کەشۆڕشگێڕێکی قارەمان بوو, لاوچاکێك بوو هەموو خەسڵەتەکانی قوربانیدانی تێدابوو, لەڕیزی پارتیدا کاری دەکرد, بەفەرمانێکی ڕەسمی مەحمودی فەقێ محەمەدی کوشت بێئەوەی پێشتر ناسیبێتی, هەرچەندە کوژراوەکە دەستی لەگەڵ ڕژێمدا تێکەڵ کردبوو بەڵام نوێنەری عەشرەتی هەمەوەند نەبوو بەڵکو ئەندامێکی بوو, ئینجا عەشرەتێکی گەورەوگران و بەناوودەنگی وەکو عەشرەتی هەمەوەند بەهۆی کوژرانی تاکە کەسێکیانەوە بەدناو نابێت.

**هەمەوەند**

عەشرەتێکی بەناوبانگ و خاوەن مێژوویەکی دووردرێژی تێکۆشان لەپێناو سەربەرزی کوردستان لەساڵی (١٨٠٠)ـەوە. قوربانی زۆریان داوەو چەندین کتێب دەربارەی دوورخستنەوەیان لەکوردستان بەرەو ئەفریقیاو لیبیا نووسراوە لەگەڵ بەسەرهاتی گەڕانەوەیان, لەو کتێبانە: (کەریم بەگ فەتاح بەگی هەمەوەند, دانانی دارا ئەحمەد کەریم بەگ), هەروەها ڕەوی گەڕانەوەیان دوای

حەوت ساڵ بۆ کوردستان کەشتێکی قارەمانانەی بێوێنەبوو و زۆر لەڕەوە مەزنەکەی سەرکردەی چینی (ماو تسی تۆنگ) دەچێت، لەو رەوەیاندا داستانی گەورەیان تۆمارکردووەو من بەلامەوە پێویستە ئەو رەوە لەکۆلیجی سەربازی بخوێنرێت تا ببێتە پەندێك گەلی کوردستان سوودی لێوەرگرێت.

له ٢٤/ ئایار/ ١٩٦٢ شارۆچکەی پێنجوێن ئازادکرا، بەڕێز مام جەلال لەگەڵ (٦٠٠) شەش صەد پێشمەرگە چوو بۆ شارۆچکەکە تا ئازادی بکات، جا روویکردە ناوچەی شلێرو کەسایەتی ناودار بەڕێز حەمەڕەشید خانی بانە میوانداری کرد. ئەمەم لەبەشەکانی تری کتێبەکەمدا (کورد دوژمنی خۆت بناسە) باس کردووە.

جەلال تاڵەبانی، لەڕێگەی حزبەوە بەنهێنی پەیوەندیکرد بەبەڕێز کەمالی شێخ غەریبەوە کەفەرماندەی پۆلیسی پێنجوێن بوو، تاڵەبانی دانوستانی لەگەڵداکرد بۆ بەدەستەوەدانی شارۆچکەکە بێئەوەی خوێن بڕژێت، بەڵام ئەو داواکارییەکانی هێزەکەی پێشمەرگەی جێبەجێ نەکرد بۆیە جەلال تاڵەبانی ناچاربوو لەدانوستانەکە گەڕێ و بەهێزەکەیەوە بگەڕێتەوەو هەواڵی بۆ مەحموود کاوانی نارد کە بەخۆی و هێزەکەیەوە وەکو میوان ببوون بەبار بەسەر حەمەڕەشیدخانی بانەوە کەڕۆژ دوای رۆژ لەگەڵیاندا رووی خۆشتر دەبوو. ئینجا یەکسەر پەیوەندی بەدایکی بەڕێز کەمالی شێخ غەریبەوە کرا، ئەو ژنە وەجاخزادەیە کە لەسلێمانییەوە هات و چوو بۆ لای کوڕەکەی و قایلی کرد

کەپێنجوێن بەبێ شەڕ بداتە دەست پێشمەرگەوە، ئەویش لەو ڕۆژەوەی هاتە ڕیزی شۆڕشەوە ئەوەندەی لەتوانایدا بووبێت پێشکەشی گەلی کوردستانی کردووە.

**ڕزگارکردنی قەرەداغ**

لە ٢٠/ ٩/ ١٩٦٢ شێخ محەمەدی کوڕی شێخ عەبدولکەریمی کەسنەزانی لەگەڵ ژمارەیەك لەپیاوەکانی، ناحیەی قەرەداغی ڕزگارکرد ئیتر پۆلیسەکانی قەرەداغ هاتنە ڕیزیەوەو ناوچەکە پاککرایەوە، بەڕێزان مام جەلال‌و کەمال مفتی لەسەر ئەم نەبەردییەی کە بەهۆیەوە (٦٠) پارچە چەك‌و بێتەلێکی ژمارە (٢)و هەندێك تەقەمەنی تەسلیم کرد، شێخ محەمەدیان پاداشتکرد کەکۆمەڵێك پێشمەرگەو کادیری حزبی لەگەڵدابوون بۆ پاراستن‌و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە وەك شێخ لەتیفی شێخ حسەین، شێخ عەلی شێخ شیهاب، شێخ عەلی شێخ عەبدولکەریمی هەناران‌و چەند کەسێکی تر.

**شەڕی ئاغجەلەرو ڕزگارکردنی پێنجوێن‌و قەرەداغ‌و دەستگرتن بەسەر شەمەندەفەرێك لەسلێمان بەگ**

لەمانگی تەمووزی ساڵی ١٩٦٢دا، عەبدولکەریم قاسم بەبۆنەی چوارەمین ساڵیادی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی (١٩٥٨)ەوە وتارێکی خوێندەوە تیایدا ووتی هێزە کوردییەکان تەنها ژمارەیەکی کەمیان ماوەتەوە کە لەسەر سنووری تورکیاو ئێران‌و تا دێت ژمارەیان کەم دەبێتەوە. ئەم وتارە هاوکات بوو لەگەڵ دووەم ڕۆژی شەڕی

ئاغجەلەر کەسوپای عیراقی هەموو هێزو توانایەکی خۆی بۆ شکاندنی ئەو گەمارۆیە بەکارهێنا کەپێشمەرگە خستبوویە سەر ئاغجەلەر بۆئەوەی بگاتە ئاغجەلەر بەڵام حکومەت لەم شەڕەدا خراپ تێکشکاو کوژراوو دیلی زۆری دا.

لەکاتێکدا جەلال تاڵەبانی و کەمال موفتی لەسەر شاخی هەیبەت سوڵتان بوون گوێیان لەووتارە دەگرت کەفڕی بەڕاستییەوە نەبوو, بڕیاریاندا لەهەفتەی دووەمی مانگی ئابدا ئۆپەراسیۆنی دووەمی ئاغجەلەر ئەنجام بدەن. جەلال تاڵەبانی نەخشە داڕێژەری ئەم ئۆپەراسیۆنە گەورە سەربازییەبوو کەتیایدا هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتنێکی مەزنیان بەسەر هێزەکانی حکومەتدا بەدەستهێنا کەتانك و فڕۆکە پاڵپشتی دەکردن و لەئەنجامی شەڕەکەدا زەرەروزیانێکی زۆری گیانییان دا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر دیل لەکاتێکدا هێزی پێشمەرگە حەوت شەهیدیان دا یەکێکیان شێخ عەبدوڵڵای برای شێخ قادری سۆتکەبوو, هەروەها مامۆستای کەرکوکی و کوێخا رەشید بوڵقانش و قادر خورانی و, پێنج پێشمەرگەش بریندار بوون.

لەم دوو شەڕەی ئاغجەلەردا گرنگ ئەوەیە هەنگاوێکی سەرەکی و چۆنیەتی بوون بۆ پەرەسەندنی شۆڕش, هەروەها بڕواو متمانەی قایمی جەماوەری بەرەو لای خۆی راکێشا, چونکە عەشرەتە کوردییەکان پێشتر لە ١١/ ٩/ ١٩٦١ لەشەڕدا دژی سوپا شکابوون بەڵام ئەمجارەیان ئەنجامەکە پێچەوانەبوو بۆیە

عەشرەتەکان و جەماوەری کورد زیاتر لەشۆڕشی کوردستان نزیك بوونەوەو بەپێی توانا هاوکارییان کرد.

لەئەیلوولی ١٩٦٢دا مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی کەلێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوك بوو, توانی پەیوەندی بکات بەپۆلیسە پاسەوانەکانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوکەوە بکات لەگەڵ چەند ئەفسەرو سەربازێکداو قایلی کردن بێنە ریزی شۆڕشەوە ئەوەبوو (١٤٠) پۆلیسیان دایانە پاڵ شۆڕش کەزۆربەیان چەکی پێبوو هەروەها چەند ئەفسەرو سەربازێکیشیان لەگەڵدابوو کەزۆربەیان خەڵکی شوان و شێخ بزەینی و قەرەحەسەن بوون کەژمارەی هەموویان هەزار کەس دەبوو.

دوای شەڕی ئاغجەلەر, جەلال تاڵەبانی و کەمال موفتی و چەند هاوڕێیەکیان کەوتنە پلاندانان بۆ ئۆپەراسیۆنێکی گەورەتر کەعەبدولکەریم قاسم ناچاربکات دان بەشۆڕشی کوردو هێزەکەیدا بنێت ئینجا دان بەبوونی قەوارەی کوردیشدا بنێت. بۆیە بەنهێنی کەوتنە نەخشە داڕشتن بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنەی هێشتا دەسەڵات پێی ئاشنا نەبوو ئەویش دەستگرتن بوو بەسەر شەمەندەفەرێك لەوێستگەی سلێمان بەگدا کەبەو هۆیەوە تەرازووی هەڵوێست بۆ بەرژەوەندی شۆڕش گۆڕا لەتەمووزی (١٩٦٢)ـەوە تا هەشتی شوباتی ١٩٦٣. کەمال موفتی راسپێردرا بۆ جێبەجێکردنی کارەکەو لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا سەردانێکی ناوچەکانی کۆیەو هەولێرو خۆشناوو بتوێن و پشدەرو قەرەداغ و گەرمیاندا کرد

بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکەو نرخاندنی کاری ڕێکخراوە حزبییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە. دوای ئەوەی سەردانی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ محەمەدی کڕبچنە (کەسنەزانی)کرد، جیابوونەوەو کەمال مفتی چوو بۆ گەرمیان بۆ سەردانی عەشرەتەکان و دامەزراندنی بنکەو بارەگای تر بۆ پێشمەرگە، ئەو بارەگایانەی سەردانیکردن ئەمانەبوون:

١ ـ بارەگای کاوە کەکوێخاکانی ناوچەی عەشرەتی هەمەوندی لێبوو.

٢ ـ بارەگای ئیسماعیل عوزێری.

٣ ـ بارەگایەك لەدۆڵی دێی تلەزەیت.

٤ ـ بارەگای لێپرسراوی یەکەمی ناوچەی گەرمیان، کەسایەتی کوردی: عەلی سەلیم بەگی جاف.

مەبەستی کەمال موفتی لەو سەردانانەی داڕشتنی نەخشە بوو بۆ ئۆپەراسیۆنی شەمەندەفەر، بەکردەوەش پلانێکی بلیمەتانەی دانا بۆ دەستگرتن بەسەریدا لەگەڵ ڕەچاوکردنی کەمترین زەرەروزیان کە لەپێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە بکەوێت. بۆ ئەمە پەیوەندیکرد بەبەڕێزان: شێخ محەمەدی کڕبچنەو نەوشیروان فوئاد مەستی و فازڵ تاڵەبانی. لێرەدا ناوی ئەو کەسانە تۆمار دەکەم کە لەجێبەجێکردنی ئەو ئۆپەراسیۆنەدا بەشدارییان کرد کەئەم بەڕێزانەبوون: کەمال موفتی، شێخ محەمەد، نەوشیروان فوئاد مەستی، فازڵ تاڵەبانی، مەلامحەمەد مقەصچی، مەلاڕەشید

تووتنچی, شێخ لەتیف شێخ حسەین, عادل عزەت, عەریف حەمید بەرواری, کامل مەلاوەیس زەنگنە, ڕەزاجاف و جوامێری برای, کوێخا غەفوور مەنمی, شێخ عەبدوڵڵای عەبابەیلیٚ, شێخ عەلی شێخ شیهاب, کامل یادگار, جەلیلە سووری شوانیو بەکری حاجی فەرەج.

لەئۆپەراسیۆنەکەدا یەك پێشمەرگە شەهیدبووو یەکێکیش بریندار بوو, دەستکەوتیش هەزار دیلو دە تفەنگی ئنگلیزیو سیٚ غەدارەی ئستەرلینیو هەشت دەمانچەبوو. ژمارەی (٣٧٥) دیل ڕەوانەی مەکتەبی سیاسی کران لەماوەت.

سەرکەوتنی پێشمەرگە لەشەڕی یەکەمو دووەمی ئاغجەلەردا لەگەڵ ڕزگارکردنی تەقتەقو پێنجوێنو قەرەداغو پاککردنەوەی تەواوی ناوچەی گەرمیان, هەموو ئەمانە هەڵوێستی شۆڕشی کوردی لەناوخۆو دەرەوەیولاتدا پتەوکردو هەواڵەکەش لەڕێی کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لەئەورووپا لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاوکرایەوەو لەئەنجامدا دەنگی شۆڕشی کورد گەیەنرایە نەتەوە یەکگرتووەکان. لەوانەی ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لەورووژاندنی ئەو ڕووداوانە لای میدیاکانی ڕۆژئاوا بەڕێزان: عیصمەت شەریف وانلی, سەعدی دزەیی, کەمال فوئاد, نوورەدین زازا, کەمال خۆشناو, ئەرجومەند صدیق, تەحسین هەورامی, دارا تۆفیق, بەدیع قوطب, دانش عارف, ئەحمەد بەرزنجی, یووسف ئەدیب, مەحمود کانەبی, هەروەها کەسایەتی ناسراوی کورد

مامۆستا کامەران بەدرخان کەڕۆڵی سەرەکی لەو بوارەدا بینی. جا ئەو بەڕێزانە وایانکرد کەزۆربەی رۆژنامەو گۆڤارە جیهانییەکان باسی رووداوەکانی کوردستان بکەن دەربارەی داواکارییەکانی گەلی کورد بەمافە رەواکانی, تەنانەت چەند پەیامنێرێکی رۆژنامە جیهانییەکان گەیشتنە کوردستان.

**( سەرچاوە: گۆڤاری رێبەری پێشمەرگە, ژ ٣٩, ساڵی حەوتەم/ یۆلیو ٢٠٠٢ ـ گرتنی قطار لە محطە ی سلێمان بەگ وەمەوقفی شۆڕش لەتەمووزی ١٩٦٢ تاکو شباطی ١٩٦٣ـ لاپەڕە ٥١ نووسینی کەمال موفتی ).**

**********

**هەوڵی دەسەڵات بۆ گرتنەوەی چەند شوێنێك**

**ئۆپەراسیۆنی عێن زالە ـ ل ( ٧٤ ـ ٧٦ )**

لەماوەی نێوان پایزی ١٩٦١و بەهاری ١٩٦٢, هێزەکانی شۆڕش سەرکەوتنی گەورەیان بەسەر هێزەکانی رژێمو جاشەکاندا بەدەستهێناو چەند ناوچەیەکی فراوانی رزگارکرد (..).

پەلامارەکانی سوپاو جاش ماوەی دوو مانگ بەردەوام بوو بەڵام لەئەنجامدا هێزی پێشمەرگە لەڕێی هێرشێکی ناکاو, سەرکەوتنیان بەدەستهێنا (..).

عێن زالە, بارەگای کۆمپانیای بریتش پترۆلیەم بوو کە بە (BP) ناسراوەو کاری دەرهێنانی نەوت بوو, بارەگاکە دەکەوتە کەناری راستی رووباری دجلەوەو ژمارەیەکی زۆر پسپۆڕی بیانی کاریان تێدا دەکرد لەبواری نەوتو ئەندازیاریدا (..).

لـەعێن زالـە، حـسەین حەمەسـووری ئەنـدامی ئـازای پـارتی لەبەشـــی پۆلیـــسدابوو، شـــارەزای هـــەموو وردەکارییـــەکی دامودەزگاکـانی کۆمپانیاکـەو لایـەنی پارێزگـاریکردنی بـوو (..) لەشـــەوی ١٠ـــ ١١/ی تـــشرینی دووەمـــی ١٩٦٢ دەســـتکرا بەجێبـەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەو لەماوەیـەکی کورتـدا عـێن زالـە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەوەو بەتەواوی دەست بەسەر هەموو دامودەزگاکاندا گیرا. بەرەنگاریکردنی ئەو لقەی پۆلیسی بارەگاکە کەئـەرکی پارێزگـاریکردنی دامودەزگاکانیـان لەئەستۆدابوو زۆری نەخایانـــدو خۆیـــان بەدەســـتەوەدا کـــەژمارەیان لەگـــەڵ ئەفـسەرەکانیاندا حـەفتا کـەس بـوو. هێزەکانمـان ژمارەیـەك فەرمانبـەرو پـسپۆڕو ئەنـدازیاری کۆمپانیاکەشیان بـەدیل گـرتو هـــەمووی چـــەند ســـعاتێکی پێنەچـــوو کـــەکۆتایی هـــاتنی ئۆپەراسیۆنەکە راگەیەنرا (..).

ئەم ئۆپەراسیۆنە لەڕووی راگەیاندنـەوە تەقینەوەیەك بوو لـەناو ناوەندە جیهانییەکانداو ئینجا بایـەخی زۆر بەشۆڕشو تواناکـانی درا (..).

لـەناو بەدیلگیراوەکانـدا بەڕێوەبـەری کۆمپانیـا (دێـرك دانکـۆرت) بوو، جگە لەدوو ئەندازیاری بریتانی.

**هەڵوێست لەزستانی ١٩٦٢ ـ ١٩٦٣ ـ ل (٧٧ ـ ٧٨)**

بەهۆی باری ئاووهەواوە هەموو بەرەکان ئارام بوون، بۆیـە کـات بەدەستەوەبوو بۆ چاوخشاندنەوە بەرێکخستنەکانی پێشمەرگەو

دابەشکردنی لێپرسراویەتی فەرمانـدەیی و رێکخراوە حزبییـەکان و سپاردنی لێپرسراویەتییە خۆجێیی و لقەکان بەبەرپرسی ئیداری و ئاراستەی فکری و سیاسی (..).

بـارزانی هەمیـشە لەجووڵـەدابوو نەدەسـرەوت، بـەردەوام بـۆ بەدواداچـوون سـەردانی ناوچـە رزگارکراوەکـانی کوردسـتانی دەکرد، بۆ نموونە باسی ناوچەی خۆشناوو پشدەرو ئاکۆ دەکـەم، کـە لەمـەی دواییـدا ماوەیـەك بـوو بـەمیوانی عەباسـی مامەنـدئاغا هەروەها بوو بەمیوانی ئەنوەربەگی بێتواتە (..).

لـەو دەرچوونانەی باوکم کـە لەبێتواتـەوە چوو بۆ سەروچاوە، ژنێك هاتە رێگەی کاروانەکەی و بەدەنگی بەرز هاواری کرد: کێتـان مەلامستەفایە (..) من ژنێکم شووم کردووەو مێردەکـەم ئەنـدامێکی دڵـسۆزی پارتییـەو ملکەچـی فەرمانـەکانی حزبـە، بـەڵام (مەجیـد گـورك)ی لێپرسـراوی هـەموو رۆژێـك بەئیـشوکاری حـزب بـۆ زۆر ناوچەی دەنێرێت کەلەم دواییەدا دەرکەوت ئەو کارەی بەنیازێکی خراپەوە بووە.

لەڕاستیدا مەجید گورك کادیرێکی چالاکی پارتی بوو (..).

مەلا ماتۆڕ، بەهەڵی زانی بارزانی لەوێ نییە، ئیتر هـەر کەمەجیـد گـورك لەبێتواتـەوە دەستبەسـەر هێنـرا، یەکـسەر بەریـداو بـەرەو بارەگـای مەکتـەبی سیاسـی دەربـازی کـرد، لێـرەدا بـارزانی زۆر تووڕەبوو (..).

ئەمەش یەکێك بوو لەهۆکارەکانی ناکۆکی لەنێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسی.

**********

**لێرەدا من دەڵێم**

شۆڕشی کوردی زۆر بەهێز ببوو, لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی جەماوەرو سەرۆك عەشرەتەکان لەگەڵ کادێرەکانی پارتی و شۆڕشدا پتەوتر بوو, ئیدی حکومەت ناچاربوو پەلاماری ناوچە رزگارکراوەکان بدات بۆ داگیرکردنەوەیان, بۆیە بەفڕۆکەی جەنگی پاڵپشتی هێرشی سەربازو تانكو زرێپۆشەکانی کرد, ئەوەبوو تەواوی لیوایەك بەهەموو چەكو جبەخانەیەوە پەلاماری شارۆچکەی پێنجوێنیدا کەهێزەکانی پێشمەرگە بەسەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی لەناوچەی (ناڵپارێز) بەرەنگاریان بوونەوەو لەئەنجامدا هێزە سەربازییەکەی حکومەتی قاسم بەزەبری جانفیدایی پێشمەرگە دلێرەکان تێکشکاو پاشماوەی هەڵاتووی سوپاکە بەرەو سلێمانی گەڕایەوە.

هێزە سەربازییەکانی حکومەت, بەهەمان شێوە لەبادینانیشدا پەلاماری ناوچەی زاخۆی رزگارکراویان دا بۆ گرتنەوەی, هەرچەندە پەلامارەکە زۆر توندبوو و فرۆکەی جەنگی پاڵپشتی هێزە زەمینییە پرچەکەکانیان دەکرد بەڵام سوپای داگیرکەر بەشێوەیەك تێکشکا تەواو شپرزەبوو, ژمارەیەکی زۆر کوژراوی دا

کـه (مەجیـد سـەبع)ی فەرمانـدەی فەوجەکـەی تێـدابوو, هـەروەها فڕۆکەیەکیش خرایە خوارەوە.

سـاڵی ١٩٦٤ لیـوا فەیـصەل ئەلئەنـصاری چـاوی بـەبارزانی کـەوت, لەدیدارەکـەدا لیـوا فەیـصەل باسـی ئازایـەتی پێـشمەرگەی کردو هەواڵی بەڕێز عیسا سوارەی فەرمانـدەی ئـەو هێـزەی پرسـی و بەسەربەرزی دانا کەچاوی بەو قارەمانـە بکـەوێت و تاوێـك لەگەڵێـدا دانیشێت.

**ئۆپەراسیۆنی عێن زالە**

نەخشە داڕێژەری ئەم ئۆپەراسیۆنە نەبەردانەیـەو ڕێکخـەرەکـەی ئەنـدامانی حـزب بـوو, هێـزە چاونەترسـەکانی پێـشمەرگە لـەکاتی دیاریکراوداو بەپاڵپشتی خەڵکی دەستیان بەسەر عێن زالەدا گرت. هەزار ڕەحمـەت لـەگیانی پـاکی ئـەو پێـشمەرگە شـەهیدانەی گیـانی پاکیان لەپێناو ڕزگارکردنی کوردستاندا پێشکەش کرد.

**********

**هەڵوێست لەزستانی ١٩٦٢ ـ ١٩٦٣**

**دەستپێشخەرییەکی توند بەرەو قەڵادزێ ١٩٦٣ ـ ل ( ٧٧ ـ ٧٨ )**

بـارزانی بڕیاریـدا هێزێکـی گونجـاو لەسـوپای شۆڕشـگێڕ بەسـەرکردایەتی خـۆی و ژمارەیـەك لێپرسـراوی پـارتی بـەرێت بـۆ ناوچـەی قـەڵادزێ. چـونکە زانیبـووی کەژمارەیـەك لـەئاغاکانی مـیراودەلی بـەنهێنی لەگـەڵ ڕژێمـدا ڕێککـەوتوون بـۆ دەرکردنـی

ئەندامانی پارتی و پێشمەرگەی ناوچەکەو لەبەرامبەردا حکومەت چەك و پارەیان بداتێ.

لەڕاستیشدا ئەم ئامانجە سەری نەدەگرت (..) ناوچەکەش لەدەسەڵاتی حکومەتەوە زۆر دووربوو. سوپای شۆڕشگێڕ لەرۆژی ٤ی شوباتی ١٩٦٣ گەیشتە قەڵادزێ و سەرلەبەیانی رۆژی پاشتر کودەتای ٨ی شوبات روویداو جەلال تاڵەبانی بەپەلە خۆی گەیاندە لای بارزانی کە لەساڵی (١٩٦٢)ـەوە لەگەڵیدابوو. ئەوەی زانراویشە سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی پەیوەندی پێشتریان هەبوو لەگەڵ پیلانگێڕەکان لەبەغدا.

سەرجەمی ئاغاکانی میراودەلی هاتن بۆ لای و ملکەچی خۆیان بۆ شۆڕش و بارزانی نیشاندا, خۆ ئەگەر کودەتاکەش رووی نەدایە ئەوە لەوە بەولاوە رێگەچارەی تریان نەبوو.

**********

**من دەڵێم:**

هەندێك کەس بڕوایان بەحەتمیبوونی سەرۆکایەتیی بارزانی بوو, هاوکات دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسییان بەسەر پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نەدەسەلماند بەتایبەتیش دەسەڵاتی ئیبراهیم ئەحمەدو بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد رێگەیان نەدرێت بیروڕایان دەربڕن بەتایبەتی لەکێشە گرنگەکاندا, لەوانە بەڕێزان: ئەحمەد تۆفیق, مەلا عەبدولباقی, مەحمود کاوانی, عەزیز عەقراوی, رەشید سندی, هاشم عەقراوی, مەحمود عەباس ئاغای

پشدەر, شێخ حسەینی بۆسکێن, شێخ خدر, ئەنوەربەگی بێتواتەو هی تر. ئەمانە چ لەدیدارەکانیان لەگەڵ بارزانیدا یان لەو راپۆرتانەی کەبۆیان بەرزدەکردەوە هەندێك شتیان بۆ باسدەکرد کەئەو لێیان بێئاگابووو تکایان لێدەکرد بیروڕای خۆی دەربارەی هەندێك مەسەلە بگۆرێت و درۆدەلەسەیان بۆ مەکتەبی سیاسی هەڵدەبەست بەتایبەتیش بۆ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کەسەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی دەکرد. هەروەها باسی کۆبوونەوەکەی دێی عەوالانیان دەهێنایەوە بیر کەچۆن مەکتەبی سیاسی بێئەوەی پارەو چەکی لەبەردەستدا بووبێت و چۆن کارێکیان کرد جەماوەری خەڵکیان بەرەو لای خۆیان راکێشاو چەندین شارو شارۆچکەی کوردستانیان کۆنترۆڵکردو بوێرانە لەڕووی سوپای حکومەتدا وەستان. لەڕاستیشدا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەتایبەتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەڕووی سەرکردایەتیکردنی پارتی و مەکتەبی سیاسی و هەنگاونان بەرەو دواڕۆژێکی پرشنگدار ئەوپەڕی کارامەیی و لێهاتووییان سەلماند. جا ئەوانەی سەرەوە, بارزانییان لەم پلە گەورەیەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی و تەواوی کادێرەکانی پارتی ئاگادارکردەوە کەچۆن ئەمانە کێبەرکێی پلەی بارزانی دەکەن و مەترسین بۆ سەر پاشەڕۆژی سەرکردایەتی بارزانی و بنەماڵەکەیشی.

پێش ئەوەی شۆڕشی چەکداری کوردی لەژێر ئالأی پارتیدا رابگەیەنرێت, زۆربەی کورد بەتایبەتیش جووتیارەکانی لەڕیزی حزبی کۆمۆنیستدا بوون. بەلأم ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو کادێرەکانی پارتی رۆڵی گرنگو بایەخداریان هەبوو لەڕووی گۆڕینی بیروباوەڕی جووتیارەکان بە ١٨٠ پلەو قایلکردنیان بەوەی لەکۆمۆنیزم هەڵگەڕێنەوەو بێنە ریزی پارتییەوە, جا کادێرەکان دەستیان کردبوو بەپشتگیریکردنی جووتیارەکان دژی هەندێك دەرەبەگ لەوانەی لەڕێگای راستو مرۆڤایەتیو دادپەروەری لایاندابوو, دوای ئەوەش زۆربەی جووتیارەکان هاتنە ریزی پارتییەوە.

ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی رێکخستنەکانی پارتی بۆ کەمکردنەوەی دەسەلأتی دەرەبەگەکان, مەترسی گەورەی ئەوەی دروستکرد کەڕێکخستنەکانی پارتی زۆر پەرەیان سەندووە, بۆیە هەندێك بیریان لەوە کردەوە کەدەسەلأتی پارتی کەم بکەنەوەو ئاستێك بۆ جەماوەریەتییەکەی دانێن کە لەناو جووتیارانو خەڵکدا بەگشتی زیادی دەکرد.

ئیتر مەلامستەفا خۆیو دەستوپێوەندەکەی بەناو دەرەبەگەکاندا دەگەڕاو هەڵوێستی خۆی بەرامبەر رووداوەکان بۆ باس دەکردنو پشتگیری خۆی بۆیان دەردەبڕیو ئەوەی کەڕوویدا بەزەرەرمەندی دەژمارد بۆ دەرەبەگو شێخو ئاغاکانو بۆ بنەماڵەی بارزانیش. ئینجا کەوتە پشتگیری کردنیان بەئاشکراو دەستیکرد

بەلێپرسینەوە لەگەڵ کادێرەکانی پارتی لەسەر ئەوەی بەرامبەر دەرەبەگەکان دەوەستن و لەوەش زیاتر کەوتە دادگایی کردن و زیندان کردنیان و قەدەغەکردنیان لەجێبەجێ کردنی کاروباری حزبی، هەروەها ناکۆکی زۆر گەورەی لەنێوان جوتیارو دەرەبەگدا دروستکرد کەتا ئەمڕۆ بەردەوامە. بۆ نموونە شێخ حسەینی بۆسکێن هەوڵیدا لەڕێگای یاساو بەزۆرو لەڕێگەی بەرتیلدان دەست بەسەر هەموو زەویوزاری دێی بۆسکێندا بگرێت. جا لەساڵانی چلەکاندا شێخ حسەین نزیکەی بیست هەزار دیناری وەکو کرێی پارێزەرو بەرتیل دابوو لەپێناو ئەوەی کەزەوییەکانی دێی بۆسکێن بەناوی خۆیەوە بکات کەزەوییەکان ئەمیریە (ماڵی دەوڵەت) بوون، ئەمەش بوو پاڵی پێوەنا هاوسۆزی بەرامبەر بارزانی بنوێنێت و بچێتە ریزیەوە کەبارزانی پشتگیری دەکرد بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی یاسایی ئەو زەوییانە، لەکاتێکدا ئەمڕۆ لەدوای نەمانی دیکتاتۆریەتدا دەبینین زۆربەی ئەو زەوییانە بەدەست جووتیارانی ناوچەکەوەیەو بووە بەملکیان.. لەبەرامبەریشدا بینیمان چۆن شێخ حسەین تاڕادەیەك دێی بۆسکێنیشی لەدەستدا.

## ئەنوەربەگی بێتواتە

کەسایەتییەکی ناسراوە لەکوردستاندا، لەسەر هەمان هۆکارەکانی ئەو کەسایەتییەی پێشتر، ئەمیش پەنای دایە لای مەلامستەفا، ئەوەبوو بارزانی هانیدا کەدەست بەسەر هەموو

مڵکەکانی ناوچەکەدا بگرێت لەبەرامبەر ئەوەی پشتی ئەم بگرێتو بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت, ئەنوەربەگیش ئەوەی لەتوانایدابوو کردی بۆ دەستگرتن بەسەر هەموو زەوییەکانو لەو پێناوەدا رێگا نەما نەیگرێتەبەر, بەڵام ئەمڕۆ دەبینین کەزۆربەی ئەو زەوییانەی تا ماوەیەك لەژێر دەستی ئەو بنەماڵەیەدابوون ئێستا بەدەست جووتیاری ناوچەکەوەیە.

**مەحموودی عەباس ئاغای پشدەر**

ئەمیش وەکو ئەوانی تر پشتی کردە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو جووتیارانو پشتگیری خۆی بۆ بارزانی راگەیاند بۆ ئەوەی دەستگرتنی بەسەر زەویوزاری ناوچەکە مسۆگەربکات لەدێیەکانی سریجەو چۆمخڕکەو سەیدئەحمەدان. بەکردەوەش دەستی بەسەر زۆربەی زەوییەکاندا گرتو ماوەیەك بەروبوومەکەی خوارد هەرچەندە لەبنەڕەتدا مڵکی عەشیرەتی (مامەش) بوو کەلەو کاتەدا هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو. ئینجا دوای رەوینەوەی دەسەڵات لەناوچەکەدا بینیمان کەهەموو ئەو زەوییانە گەڕانەوە بۆ خاوەنە شەرعییەکانیانو ئەمڕۆ جووتیارانی ناوچەکە بەرهەمیان دێنن, جا ئەوانەی پشتگیری بارزانییان نەکرد لەهەڵوێستیدا دژی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی گیروگرفتی بۆ دەسازاندن.

بارزانی لەدژایەتیکردنی مەکتەبی سیاسیو بەتایبەتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد زۆرو بەئاشکرا زیادەڕەوی کرد, سەیر ئەوەشە کەبیرکردنەوەو رەفتاری کەسایەتییەکی مێژوویی وەکو

کەسایەتی مستەفا بارزانی بەو شێوەیە بێت، ئەو پیاوەی زۆربەی ژیانی لەشاخدا بەسەربردبێت. چونکە بارزانی یەکێك بوو لەسەرکردە لێپرسراوەکانی شۆڕشی بارزان ساڵی (١٩٤٣ ـ ١٩٤٥) ئینجا عیراقی بەجێهێشت و رووی کردە کۆماری مەهاباد لەئێران و دوای رووخانی ئەو کۆمارە کوردییە گەڕایەوە بۆ عیراق و پاشان رووی کردە یەکیەتی سۆڤیەتی و لەوێ دەردەسەری زۆری چێژت. پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزیش گەڕایەوە بۆ عیراق و بەگەرمی پێشوازی لێکرا، ساڵی (١٩٦١)یش بەفەرمانی خۆی و لەژێر ناوی کۆمەڵگەی عەشایرەکان یاخیبوونی دژی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم راگەیاندو دوای ئەوەی بەرامبەر هێزە سەربازییەکانی حکومەت شکستی خواردو کۆمەڵگەی عەشایرەکان تێکشکا هەوڵیدا عیراق بەجێ بێڵێت و رووبکاتە دەرەوەی وڵات هەتا ئەو کاتەی شۆڕشی چەکداری کوردی لەلایەن ئەندامانی مەکتەبی سیاسییەوە راگەیەنرا. دوای کۆبوونەوەی ناوبراویشیان لەژێر ئاڵای پارتی ئینجا راگەیاندنی بارزانی وەکو سەرۆکی حزب. ئەوەندەشی نەمابوو مافە رەواکانی گەلی کوردستان بەدەست بێنێت، کەئەوەبوو بارزانی فەرمانیدا کۆتایی بەشۆڕش بێنێت و ئەوەبوو هەرەسی هێنا. جا پرسیارە سەرسوڕهێنەرەکە هەمیشە ئەمەیە: ئەم رەفتارە سەیرەی پێچەوانەی عەقڵ لەلایەن بارزانییەوە، بۆچی؟ وابزانم وەڵامی ئەم پرسیارە تەنها لای بەڕێز مەسعوود بارزانییە کەلەوانەیە رۆژێك لەڕۆژان ئاشکرای بکات.

**عەباس ئاغای مامەندئاغا**

ئەم کەسایەتییە ناسراوەی کورد هەتا ئەو دەقەیەی مرد هەر پەنجەی پەشیمانی بۆ ئەو هەڵەیە دەگەست کە بەقسەی بارزانی کردو پیاوانی عەشرەتەکەی خستە پاڵ بارزانی بۆ پەلاماردانی عەشیرەتی برادۆست, ئەو عەشیرەتەی هیچ تاوانێکیان نەبوو ئەوە نەبێت کەسەرپێچییان لەفەرمانی بارزانی کردبوو.

جا بەشداریکردنی چەند ئاغایەکی ناوچەکە لەو پەلامارەدا مەراقی لەدڵی خەڵکی کورددا دروست کرد بەڵام کاتێك بنەماڵەی کەریم خان بۆیان دەرکەوت مەسەلەکە دەستکیسەی بارزانییە نەك هۆکارێکی دوژمنکارانە لەلایەن عەشیرەتی پشدەرەوە ئیتر خەمەکە رەوییەوە, ئەوەبوو وای لەکەریم خان کرد کچی بەڕێز مستەفا مەحمودئاغای میراودەلی بێنێت وەکو راگەیاندنی حاڵیبوون لەوەی روویدا.

**مینەئاغای گربداغی**

پیاوێکی ئازاو زیرەكو دادپەروەربوو, نانبدەو دڵکراوە, لەناو خەڵکی ناوچەکەو لای هەموو کەسێك کەچاوی پێکەوتبێت رێزداربوو, دەشتوانم سوێن بخۆم کە لەناو هەموو ئاغاکانی پشدەرو شێخانی ناوچەکەدا تاکە کەسێك بووە دەرکی بەنیازی بارزانی کردبووو دڵنیابوو کەهەموو رەفتارێکی بارزانی فرتوفێڵە هیچی ترو تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیو بنەماڵەکەیەتی, مینەئاغا خاوەنی ٩٥٪ی زەویوزاری شارۆچکەی قەڵادزێ بوو.

### ئەحمەدی حەمەئاغای بێشیر

کەسایەتییەکی ناسراوی کوردە, سیاسەتمەدارێکی شارەزا, بوێر, زیرەك, تێکۆشەرێکی شۆڕشگێر, لەسەردەمی شۆڕشی شێخ مەحموودا قۆمندان بوو, بەرپرس بوو لەهەندێك کێشەی سیاسی شۆڕش, چوار زمانی دەزانی: کوردی, عەرەبی, فارسیو تورکی. لەنزیکەوە پەیوەندیم لەگەڵیدا هەبووو باشم دەناسی. کاتێك بارزانی, ئەحمەد تۆفیقی وەکو نوێنەری رەسمی خۆی نارد بۆ لای ئەحمەدئاغا تا نیازپاکی خۆی بۆ دەربڕێتو گوایە دەیەوێت پەیوەندی نێوانیان چاك بکات بۆ ئەوەی لەناوچەکەدا بیکاتە جێ باوەڕی خۆی, ئەحمەدئاغا لەوەڵامدا بەنێردراوەکەی وتبوو: (دوای شەهیدبوونی قازی محەمەدی قارەمان, بارزانی بەخوایشتی خۆی ئاڵای کوردستانی وەرگرت, بەئاواتەوەم لەخزمەتیدا شەریکەم بەمەرجێك بەیەك چاو سەیری هەموو تیرەو هۆزەکانی کوردستان بکاتو جیاوازی نەکات لەنێوان ئەمەیانو ئەوەیانداو دوژمنایەتی سەرۆك عەشرەتەکان نەکاتو لێیان تیرۆر نەکاتو لێیان زیندان نەکات لەخۆڕاو بەبێ هۆ هەر لەبەرئەوەی لەفەرمانە ناڕەواکانیدا بەقسەی ناکەن).

ئەحمەدئاغا بەهۆی ئەم قسانە دەیویست نێردراوەکە لەو تێبگەیەنێت کەبارزانی ئەو سەرکردە دڵسۆزە نییە کەلێی تێگەیشتوون, ئەمەش بووای لەبەڕێزان حەسەن ئەحمەدئاغای بێشیرو هەمزە باپیرئاغاو بابەکر مەحموود ئاغا کرد کەبدەنە پاڵ

کۆمەڵەکەی جەلال تاڵەبانی. لەکتێبەکەمدا (کورد دوژمنی خۆت بناسە) ئەوەم بەوردی باسکردووە, لێرەشدا کتێبی (بیرەوەریەکانی ئەحمەدی حەمەئاغای پشدەری) بیردەخەمەوە کەبەڕێز عەبدولرەقیب یووسف دەربارەی مێژووو خەباتی ئەحمەدئاغای پشدەری دایناوە.

لەئەنجامی ئەمەدا ئاغاکانی ناوچەکە بوون بەسێ بەشەوە, بەشێکیان دەیویست پارێزگاری لەو مڵكو زەویانە بکات کەدەستی بەسەردا گرتووەو زیاد لەوەش دەست بەسەر زەوی تردا بگرێتو بەپشتبەستن بەبارزانی دەسەڵاتی خۆی لەناوچەکەدا فراوانتر بکات, بەشێکی تریان خەباتی لەپاڵ شۆڕشدا هەڵبژارد لەپێناو خزمەت کردنی گەلی کوردستانو بەدیهێنانی ئازادی لەڕێی پشتگیری کردنی باڵی مەکتەبی سیاسی, بەشی سێیەمیش دەستیان لەگەڵ رژێمدا تێکەڵ کرد بەبیانووی ئەوەی گەلی کورد ناتوانێت حکومەت ناچاربکات کەداواکانی بێنێتەدی بۆیە دەبێ کورد مل بۆ فەرمانەکانی حکومەت کەچ بکات کەوەك باوك وایە کەهەر دەبێ رۆژێك لەڕۆژان دڵی نەرم بێتو دان بەمافی گەلی کورددا بنێت.

## بەشی شەشەم ـ ل (٨١ ـ ٨٢)

## کودەتای ٨ی شوبات

شۆڕشی ئەیلول زەمینەی بۆ ئەم کودەتایە خۆشکرد هەروەکوچۆن پاشتر زەمینەی بۆ کودەتای تر خۆشکرد (..).

ئەوانە لەکاتی ئامادەسازی کردن بۆ ئەنجامدانی کودەتاکە پەیوەندییان بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردو بەڵێنیان دا کەهەموو داخوازییەکانی گەلی کورد بێننەدی لەڕووی مافە سیاسیەکانی کوردەوە (..).

قاسم بەئاسانی کەوتە دەستی کودەتاچییەکانەوە (..).

دوای ئەوە, لەئەنجامی شەڕێکی خوێناوی لەناو وەزارەتدا قاسمو داروەستەکەی دەستگیرکرانو بەرەو خانەی ئیزگە راپێچ کران کەبنکەی سەرکردایەتی پیلانگێڕەکان بووو لەوێ زۆر بەدڕندەیی گوللەباران کرا نیشانەی رەقیو نامرۆڤایەتییەکی بێوێنەبوو.

چەندین کتێب لەسەر قاسمو سەردەمەکەی دەرکرا بەقەڵەمی دانەرو نووسەری بیروڕا جیاواز کەتێیدابوو بەشانوباڵیدا هەڵدا تێیشیدابوو رەخنەی توندی لێگرت (..).

چوار رۆژ پێش کودەتاکە, صالح یووسفی نێردرا کۆبوونەوە لەگەڵ (عەلی صالح ئەلسەعدی) بکات کەڕازگری گشتی سەرکردایەتی هەرێمایەتی بەعس بوو, لەو کۆبوونەوەیەدا ئەلسەعدی جەختی بۆ نوێنەرەکەمان کرد کەهەرئەوەندەی

کودەتاکە سەریگرت‌و راگەیەنرا یەکسەر ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد رادەگەیەنرێت.

یەکەم رۆژی کودەتاکە بەڕێوەبەری ئیزگەی بەغدا داوایکرد دەمودەست (عەمید فوئاد عارف)و (صالح یووسفی) لەئیزگە ئامادەبن بەمەستی مسۆگەرکردنی پەیوەندیکردن لەنێوان سەرکردایەتی پارتی‌و بەعسدا. بەڵام ئەو ئەو راگەیەنراوە دووردرێژە (سەیری بەشی پاشکۆکان ژمارە/ ١١ بکە/ لا ٤٨١) بەئیمزای ئەوەی ناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی لێنرابوو کە لەدوورو لەنزیك باسی مافی گەلی کوردی تێدا نەبوو.

### دەست پێکردنی گفتوگۆ لەنێوان پارتی‌و رژێمی نوێ ـ ل (٨٣ ـ ٨٤)

پێشتر پارتی پەیمانی بەکودەتاچییەکان دابوو کەتەقە رابگرێت‌و پەلاماری هێزەکانی حکومەت نەدات مەگەر بۆ بەرگری لەخۆ کردن (..).

ئەوەندەی پێنەچوو دەرکەوت ئەو پەیمانەی صالح ئەلسەعدی بەناوی بەعسەوە دابووی تەنها بەڵێنی درۆ بوو. لەم بارەیەوە باسی (تاهر یحیا)ی نوێنەری گفتوگۆ دەکەین کەپێشتر نامەیەکی بۆ سکرتێری پارتی ئیبراهیم ئەحمەد ناردبوو داوای لێکردبوو ناوی چەند کەسێکی بۆ بنێرێت کە لەحکومەتی نوێدا پۆستی وەزارەتیان پێ پسپێردرێت (..).

**جەلال تاڵەبانی بەسەرۆکایەتی وەفدێك چوو بۆ بەغداو کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ لێپرسراوانی حکومی و حزبی لەوێ. ئینجا جەلال تاڵەبانی و فوئاد عارفی قایل کرد کە لەگەڵ ئەو وەفدە رەسمییەی نێردراوە بۆ چاوپێکەوتنی عەبدولناسر, بچن بۆ قاهیرەو دەربارەی یەکگرتن گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن ئیتر تاڵەبانی بێ ئەوەی پرس بەبارزانی بکات رازی بووو بێ رەزامەندی ئەویش سەفەری کرد. ئینجا هەموان گەیشتنە قاهیرەو عەبدولناسر لەگەڵ نوێنەرەکانی کورددا بەتەنیا کۆبووەوەو رای خۆیوا بۆیان دەربڕی کەدژی جیابوونەوەیە بەڵام پشتگیری دانی مافەکانی گەلی کوردە (..).**

**************

**لێرەدا دەڵێم**

**دیداری بەڕێز جەمال عەبدولناسر لەگەڵ شاندی کوردی بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی کە بەیاوەری فوئاد عارف لەعیراقەوە هاتبوون دەستکەوتێکی گەورەبوو بۆ گەلی کوردستان. ئەوەم لەکتێبەکەمدا (کورد دوژمنی خۆت بناسە) بەدوورودرێژی باسکردووە.**

**ئەوەش هەلێکی چاك بوو بۆ ئەو سەرکردە ناودارە عەرەبە کە لەڕاستی رووداوەکانی کوردستان تێبگات و ئەو بۆچوونە شێواوە چاك بکات کەپێشتر لەبارەی شۆڕشی کوردستان لەلای دروست ببوو ئینجا بوو بەدۆستی گەلی کوردستان. سەیریش ئەوەیە**

بارزانی لەو دیدارەی بەڕێز جەمال عەبدولناسر لەگەڵ ئەو دوو کەسایەتییە کوردە تووڕە ببوو گوایە بەبێ پرسی ئەو رۆیشتبوون.

**********

**بەیاننامەی ژمارە (١٣) لەبارەی لەناوبردنی کۆمۆنیستەکان**

دوابەدوای کودەتاکەو بەهۆی بەرەنگاریکردنی هاوادارانی قاسمو کۆمۆنیستەکان, ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەیاننامەی ژمارە (١٣)ی دەرکرد تیایدا رێگای بەئەندامانی حزبی بەعسو هەواداریان دا کەکۆمۆنیستەکان لەهەرکوێ بن لەناویان بەرن (..) ئیتر کوردستان بوو بوقیبلەگای کۆمۆنیستەکان (..)و روویان تێکرد (..) بەڵام لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە مامەڵەیەکی زۆر خراپیان لەگەڵدا کرا, بەڵام بارزانی بەفەرمانێکی یەکلاخەری خۆی پێشوازی کردنو ژیانی پاراستنو داڵدەی دانو سەرەڕای هەڵوێستی ئەوسای حزبی کۆمۆنیست, رێگای کاری سیاسیشی دان (..).

لەئەنجامی ئەو مامەڵە جوامێرە, حزبی کۆمۆنیستی عیراقی هەموو توانایەکی خۆی خستە خزمەتی سەرکردایەتی شۆڕش (..) بەشێوەیەك کەتا ١١ی ئازاری ١٩٧٠ سەرکردایەتی ناوچەی ستراتیجی هەندرێنیان پێ سپێردرا کەنەبەردییان تێدا ئەنجامداو شەهیدیشیان دا.

**********

**منیش دەڵێم:**

لەو کاتەوەی قاسم کەوتە دوژمنایەتی کردنی شۆڕشی ئەیلول، هەڵوێستی حزبی کۆمۆنیست هەر سلبی بوو، هەمیشە پشتگیری عەبدولکەریم قاسمیان دەکرد لەدوژمنکارییە بەربڵاوەکانی تەنانەت ماوەیەك بەشداری چەندین شەڕیان کرد دژی هێزەکانی پارتی.

ئینجا لەزۆربەی دیدارەکانی بارزانیش لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، هەڵوێستە سلبییەکانی حزبی کۆمۆنیستی بیردەخستنەوەو ئامۆژگاری دەکردن کەڕابوردووی پڕ مەینەتیان لەگەڵیاندا لەبیرنەچێتەوە، هانیشی دەدان بەرامبەریان بوەستنەوەو دژایەتییان بکەن، جا هەڵوێستی سلبیی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بەرامبەر حزبی کۆمۆنیست جێبەجێکردنی فەرمانێکی بارزانی بوو.

ئینجا بارزانی کە بەئەندامانی حزبی کۆمۆنیست دەگەیشت هەمیشە دڵی دەدانەوە، بۆ نموونە دکتۆر محەمەد سەعید، بەبارزانی راگەیاند کەژمارەیەك ئەندامی حزبی کۆمۆنیست کە لەبەغداوە هەڵاتوون‌و پزیشکێك‌و ئەندازیارێکیان لەناودایە حەزدەکەن چاویان پێی بکەوێت، بارزانی لەوەڵامدا ووتی ئەوانە تا دوێنێ بوو سەنگەریان لێمان گرتبووو لەدژمان شەڕیان دەکرد کەچی دوای دەرکردنی بەیاننامەی ژمارە (١٣) هاتوون چاویان پێم بکەوێت؟ ئەمانە شەرم لەخۆیان ناکەن؟ دوایی ووتی: باشە، پزیشکەکە بنێرە بۆ بارزان بەڵام با ئەندازیارەکە سەرپەرشتی

دروستكردنی خانووی پێشمەرگەكان بێت.. جا ئەندازیارەكە سامی عەبدولڕەحمان بوو.

ئینجا سەرەڕای هەڵوێستی سلبی حزبی كۆمۆنیست لەئاست شۆڕشی ئەیلول, بەڵام سكرتێری گشتییان مامۆستا عەزیز محەمەد ئەوساو ئێستاش هەر كوردێكی سەربەرزو شۆڕشگێڕبوو پیاو شانازی بەناسینی دەكات, ئەوەشمان لەبەرچاوە كەحزبی كۆمۆنیست دوای ئەو چەرمەسەرییانەی دوای بەیاننامەی (١٣) بەسەریان هات بەڵام تا ئەمڕۆ بەردەوامو كۆڵنەدەرن.

*********

## گرووپەكانی گاردی نەتەوەیی ـ ل (٨٩)

بەعسییەكان بڕوایان بەسوپای عیراقی نەبوو لەبەرئەوەی ئەفسەری رێكخراوی خۆیان لەناویدا نەبوو. لەبەرئەوە, ئەوەندەی نەخایاند گومانو دوودڵی كەوتە نێوان ئەوانو ئەفسەرە نەتەوەییەكان كەژمارەیان زۆربوو(..). زۆریشی پێ نەچوو دەسەڵاتی گاردی كۆماری گەورەبوو كەزۆربەیان هەرچی وپەرچی و تاوانكارو خاوەنی رابردووی خراپ بوون كەخەڵكیان دەتۆقاندو دەستدرێژییان كردە سەر خەڵكو خراپەی وایان لەدەست وەشایەوە باس ناكرێت (..).

لە ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣, ئەم گرووپە بەهۆی ئەو كودەتایەوە لەناوبران كەعەبدولسەلام محەمەد عارف سەركردایەتی كردو دەسەڵاتی تەواوی گرتەدەست.

**********

**لێرەدا دەڵێین:**

ژمارەی ئەو کوردانەی چوونە ریزی گاردی نەتەوەییەوە ئەوەندە کەم بوو بەپەنجەی دەست دەژمێردرا, زۆربەی ئەندامانی ئەو گرووپەش لەباکووردا تورکمان بوون کەوەکو داردەست بەکارهێنران بۆ لێدانی دوژمنان. بۆ نموونە لێرەدا باسی دوو کەسیان دەکەم لەوانەی بەرامبەر گەلی کورد داخ لەدڵ بوون کەیەکێکیان کەسایەتی ناسراوی کورد (بەکر صدقی) تیرۆر کرد, ئەویش عەریفێکی تورکمانی بوو خەڵکی تەلەعفەر, دووەمیشیان ئەفسەری بەدناو (سەعید حەمۆ) بوو کەئەویش تورکمانێك بوو خەڵکی تەلەعفەر, هەر لەسەرەتای پێگەیشتنیەوە تا لەژیانیشدابوو دوژمنی خوێنەخۆری گەلی کوردستان بوو. پاشتر چووە ریزی حزبی بەعسی عەفلەقییەوە. بەم بۆنەیەوە حەزدەکەم سەرنجی برا تورکمانەکان راکێشم‌و لەهۆی ئەم دوژمنایەتییە گەورەیەی تورکمان بەرامبەر گەلی کورد پرسیاربکەم لەکاتێکدا هەردوولامان لەخاك‌و ئاودا بەشدارین.

**********

**هەڵوێستی مەکتەبی سیاسی ـ ل (١١٨)**

بارزانی چەند برووسکەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسی نارد لەکاتی زۆربوونی فشار لەسەر بارزان‌و توندبوونی هێرشەکان بۆ سەر

هێزی شۆڕش‌و پێشنیاری کرد ئەوانیش لەلای خۆیانەوە پەلاماری هێزەکانی حکومەت بدەن بۆ کەم کردنەوەی فشار لەسەر هێزەکانی. مەکتەبی سیاسی فێڵی دووسەرەی دەکرد, چونکە لەکاتێکدا برووسکەو نامەی کراوەی بۆ هێزەکانی ژێر دەستی دەناردو فەرمانی پێ دەدان هێرش بەرن, بەڵام سەیرمان کرد بەنهێنی ئەو هێزانەی هاندەدا جووڵە نەکەن یا هیچ کردەوەیەکی چەکداری ئەنجام نەدەن (..).

دوای ماوەیەك دەرکەوت (ئیبراهیم ئەحمەد) لەپشت ئەو هەڵوێستەبوو چونکە دەستی بەسەر مەکتەبی سیاسیدا گرتبووو هیچ ئەندامێکی لەقسەی دەرنەدەچووو بەرامبەر هەر هەنگاوێك کەبینایە بەرهەڵستیشی نەدەکرد(..).

ئەمە ئەو هۆیەبوو کەساردی لەنێوان بارزانی‌و ئیبراهیم ئەحمەددا دروستکردو ناکۆکییەکەی لێوە دروستبوو. (ئیبراهیم ئەحمەد کەهەواڵەکەی حکومەتی لەئیزگەوە بیست بۆ داگیرکردنی بارزان, لەبەردەم سەلیم ئەلفەخری‌و مەحمود محەمەد عەبدولڕەحمان‌و دارا تۆفیق‌و چەند کەسێکی تردا ووتی: دەبا بیخوات)(بەپێخۆشبوونەوە مەبەستی بارزانی بوو) لاپەڕە (١١١).

**********

### بەڵام من دەڵێم

ئەوەی زانراوە ئەوەیە کەهێزی سەربازی هەر دەوڵەتێك, لەهەر سەردەمێکدا, هێزێکی هەیە کە لەهەموو روویەکەوە رێکخراوەو

دەتوانێت هێزێکی بەرهەڵست لەهەر کوێ بێت لەناوبەرێت, هەر بۆیە رێی تێناچێت کەهێزەکانی پێشمەرگە لەو کاتەدا توانیبێتی رووبەڕووی سوپایەکی رێکخراو بوەستێت, چونکە هێزەکانی پێشمەرگە تەنها بەشەڕی پارتیزانی دەیتوانی شەڕ لەگەڵ سوپا بکات, لەبەر ئەوە کاك مەسعود بارزانی بۆی نییە لێرەدا گلەیی لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی بکات بەتایبەتی ئیبراهیم ئەحمەد لەسەر ئەوەی کاتێك پەلاماری بارزان درا ئەوان بەرەنگاری هێزەکانی حکومەت نەوەستانەوە! لێرەشدا دەمەوێ هەڵەیەك راست بکەمەوە هەرچەندە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە, ئەویش ئەوەیە کەسامی عەبدولڕەحمان و دارا تۆفیق بۆ بارزانییان گێڕایەوە کەگوێیان لەئیبراهیم ئەحمەد بووە دەڵێت: (بارزانی شایەنی ئەو چارەنووسەیە کە بەهۆی پەلاماردانی بارزانەوە بەسەری هات), بەڵام ئێمە وای بۆ دەچین کە:

١ ـ هەرگیز رێی تێناچێت مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ئەم قسە هیچ وپووچانە بکات چونکە ئەوە بۆ ئاژاوەنانەوە هەڵبەستراوە, جگەلەوەی ناوچەی بارزان دڵی کوردستانە.

٢ ـ بەڕێزان سامی عەبدولڕەحمان و دارا تۆفیق, لەبەرئەوەی دوژمنی قەستەسەری ئیبراهیم ئەحمەد بوون ئەوە شاهیدییان قبووڵ ناکرێت.

**تێبینی**

بەداخێکی زۆرەوە ئەمە سەرەتای دوژمنایەتیکردنی بارزانی بوو بەرامبەر مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کەبڕیاریدا لەناویان بەرێت هەرچەندە شەڕ لەگەڵ سوپای رژێمی عەبدولسەلام عارفا بەردەوام بوو.

## بەشی حەوتەم

### رژێمی نوێ داوای گفتوگۆ دەکات لەگەڵ شۆڕشدا ـ ل ( ١٢٤ )

سالی ١٩٦٣ سالی ئەزموونی بەنرخ بوو بۆ هەموو لایەنەکان (..).

لە ١٦ی کانونی یەکەمدا بەڕێز ئەسکەندەری ئەرمەنی گەیشتە گەلاڵەو لەگەڵ بارزانیدا کۆبۆوەو نامەیەکی لەلایەن باباعەلیەوە پێدا رەوانەکرابوو دەربارەی ئەوەی حکومەت پێی خۆشە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات. بارزانی وەڵامی نامەکەی بەوە دایەوە کە: ئێمە ئامادەین بۆ دەست پێکردن بەگفتوگۆو پێشوازی کردنی شاندێکی حکومەت.

سەرۆکی شاندەکەی حکومەت عەمید عەبدولڕەزاق سەید مەحمود بوو ـ پارێزگاری سلێمانی.

### گەیشتنی شاندەکە بۆ رانیە ـ ل ( ١٢٦ ـ ١٢٧ )

لەڕۆژی دیاری کراودا بارزانی گەیشتە رانیە بۆ پێشوازی کردنی شاندەکەی حکومەتو ماڵی حەسەن کانەبی بۆ شوێنی

کۆبوونەوە دیاری کرد. جەلال تاڵەبانیو ژمارەیەکی تر چوون بۆ شوێنەکە (..) جەلال تاڵەبانی بەپەلە خۆی گەیاندێ تا مژدەی ئەوەی بداتێ کەبراکەی هاتووە, بارزانی خێرا هەڵساو بەخۆی چوو بەپێشوازیەوە. بینینی شێخ ئەحمەد بۆ ئەو مژدەیەکی بێوێنەبوو (..). کۆبوونەوەکان تا رۆژی دەهەمی مانگی شوباتی ١٩٦٤ درێژەیان کێشا کەڕۆژی ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکەبوو (..). بارزانی دەستی نەخستە داڕشتنی رێککەوتننامەکە چونکە بڕوای بەبەڵێنەکانی حکومەت نەبوو. ئەم چوار کەسە لەداڕشتنەکەدا بەشداربوون: نوری, جەلال, مەسعودو عەبدولکافی نەبەوی.

ئینجا بەیاننامەکەیان هێنا بۆ بارزانی ئەویش لەدەی شوباتدا داڕشتنی کۆتایی ئیمزاکرد, چونکە ناکۆکییەکی گەورە روویدابوو دەربارەی یەکێك لەبڕگەکان کەپەیوەندی بەشێوازی دیاری کردنی قەوارەی کوردی بوو کە لەدەستووری کاتیدا دادەڕێژرێت.

دوابەدوای ئیمزاکردنی رێککەوتننامەکەو راگرتنی تەقەو راگەیاندنی راگرتنی شەڕ, جەمال عەبدولناسر لەڕێی ئەندازیار شەوکەت عەقراوییەوە نامەیەکی نارد تیایدا پێخۆشبوونی خۆی لەئەنجامەکە دەربڕیبوو.

ئینجا زیندانییەکان لەلایەن هەردوولاوە ئازادکرانو ئەندامانی شاندی کوردیش رێگایان پێدرا بێنەوەو لە ١٦ی شوباتی ١٩٦٤دا گەیشتنە سەنگەسەر ئەوانیش ئەم بەڕێزانە بوون: صالح یوسفی,

شاخەوان شوان, عەبدولحسەین فەیلی, عەقید صدیق و مستەفا عەزیز.

### سەردانی حکومی بۆ لای بارزانی ـ ل (١٢٩)

دوای رێکەوتنی شوبات, ژمارەیەکی زۆر لەلێپرسراوانی حکومی هاتن بۆ رانیە بۆ دیدەنی بارزانی. هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لەرۆژنامەنووسانی عەرەب و بیانی روویان کردە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی شۆڕش (..).

رۆژی ١١/ ٣/ ١٩٦٤ شاندێکی بالای حکومی هات. رۆژی یەکی ئایاریش شاندێکی تر هات بەمەبەستی وەرگرتنەوەی ئەو چەکە قورسانەی کەهێزی پێشمەرگە لەشەڕی سالی ١٩٦٣ دەستی بەسەردا گرتبوو(..).

لەدووی حوزەیرانیشدا تاهر یەحیا هات (..).

هەموان هاتنە رانیەو گفتوگۆ هەتا شەو درێژەی کێشا, بارزانی رێگای بەئیبراهیم ئەحمەد دا کە لەلایەن شۆڕشەوە گفتوگۆکان بەڕێوەبەرێت. زۆربەی وتووێژەکانیش دەربارەی دەستووری کاتی بوو کە لە ٤ی ئایاری ١٩٦٤دا بلاوکرابووەوە (..).

بەلام پارێزگاری سلێمانی راستگۆ دیاربوو لەهەولدان بۆ دۆزینەوەی زەمینەیەك بۆ چارەسەرێکی شەرەفمەندانە چونکە رقی لەرێگەچارەی سەربازی بوو و جەنگی نەدەویست, بەهۆی ئەم هەلوێستەیشیەوە لەلایەن دوو هاوڕێکەیەوە بەتەوس و گالتە

پێکرنەوە سەرزەنشت کراو دوای هەموو سەرنجێك کەلەم بوارەدا پێشکەشی دەکرد (..).

تاهر یەحیا پەیمانیدا گۆڕانکاریەك بەسەر دەستووردا بێنێت کە بەڕاشکاوی دان بەڕاستی بوونی گەلی کوردو مافەکانیدا بنێت بەڵام کەگەڕایەوە ئەو پەیمانەی نەهێنایەجێ و دەستووری کاتی وەکو چۆن دانرابوو ئاوا مایەوە.

## بەشی هەشتەم

### دووبەرەکی ١٩٦٤ ـ ل (١٣٣ ـ ١٣٦)

لەکاتی رێکەوتنی شوباتدا ئیبراهیم ئەحمەد لەتاران بوو خۆی ئامادە دەکرد لەگەشتی دەرەوەی وڵات بگەڕێتەوە. پێشتریش باسمان لەوە کرد کەدوان لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەوانیش نوری صدیق شاوەیس و جەلال تاڵەبانی لەکاتی گفتوگۆکاندا ئامادەبوون و ئەوان داڕشتنی رێکەوتنەکەیان نووسی بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد کەگەڕایەوە کەوتە گومان خۆشکردن دەربارەی رێکەوتنەکەو ناوزڕاندنی بارزانی.

بینیشمان لەگەرمەی شەڕەکانی ساڵی ١٩٦٣و هەڕەشەکردن لەبارزان هەڵوێستی چۆن بوو, هەروەها چۆن هێزەکانی ژێردەستی مەکتەبی سیاسی لەکارخست و رازی نەبوو بیانخاتە ئەو شەڕەوە تا فشاری سەر هێزە بەرگریکارەکانی ئەوێ کەم بکاتەوە. هەموو

ئاواتێکیشی ئەوەبوو هێزەکانی حکومەت بارزانی تێکشکێنن تا گۆڕەپانەکەی بۆ چۆڵ بێت‌و هەرخۆی گەورەی مەیدانەکە بمێنێتەوە (..).

هەموو ئەمە دەڵێین لەکاتێکدا بەداخیشین بۆ کۆتایی ئەم پیاوە کەپێگەو پلەی خۆی نەزانی. وای دەزانی لەڕووی مێژووو پێگەو پلەوپایە دەتوانێ شان لەشانی بارزانی بدات. هەمیشە بەخۆی‌و رۆشنبیری‌و تواناکانی دەنازی کەپیاوێکی یاسایی‌و ئەدیبێکی خاوەن پلە دیاربوو لەناو پیاوانی یاساو ئەدەب دۆستانداو, گوایە حزب بەسەرکردایەتی‌و ئەندام‌و پشتیوانانەوە لەپاڵ ئەودان, یان بەلایەنی کەمەوە ئەو دەبێتە هێزی بەرامبەری بارزانی, ئەمەش ئەو سیاسەتە گشتیەبوو کەدەوڵەتانی ناوچەکە لەڕووبەڕووبوونەوەی رابوونی نەتەوەی کورد لەهەموو سەردەمێکدا گرتیانەبەر (..). ئەمەش سەیر نیە چونکە ئەم لایەنانە بەرژەوەندییان لەوەدابوو ناکۆکی ناوخۆ بەردەوام بێت‌و دووبەرەکی قووڵتر بکەنەوە.

بەڵام هەڵوێستی بارزانی‌و پشتگیری زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆی, ئەم هەلەی لەدەستداو هەوڵەکەی پووچەڵکردەوە. مەسەلەکەش ئەوەیە کەئەو لایەنانە ئاگایان لەکەسایەتی‌و پلەوپایەی بارزانی نەبوو (..). مەسەلەکەش ئەوەبوو ئەوانەی پلەیەکی دیاریکراویان بۆ ئیبراهیم ئەحمەد دانابوو تەواو ئاگاداری قەوارەو پێگەی بارزانی نەبوون لەناو بزاڤی رزگاری خوازدا.

لەم بوارەدا قسەیەکی بەڕێز عەزیز محەمەدی سکرتێری گشتی پێشووی حزبی کۆمۆنیستی عیراقی دەهێنمەوە کەووتی: چووم بۆ لای بارزانیو پێم ووت وا چاکە تۆو ئیبراهیم ئەحمەد ئاشت ببنەوەو ئەم دووبەرەکیە نەمێنێتو شەڕ روونەدات.

بارزانی وەڵامی دایەوە: بۆچی؟ ئایا ئەوانە هەن تا شەڕبکەن؟

لە ١٧ی ئازاری ١٩٦٤دا ئیبراهیم ئەحمەدو عەزیز شەمزینیو عومەر مستەفا دەبابە هاتن بۆ سەنگەسەر بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزانیدا. زۆر باسی شەڕ راگرتنی شوباتیان کرد, لەکاتی قسەکاندا هەندێ جار مشتومڕ توند دەبووو یەکتریان تاوانبار دەکرد ئینجا سارد دەبوونەوەو کۆبوونەوەکە وا کۆتایی دەهات هەموان رێکوپێك بوون. لەکۆتاییشدا یەکدەنگی دروست بوو لەسەر رێکەوتنی شوبات.

بارزانی لەو کۆبوونەوەیەدا هەموو تەمومژێکی لەسەر ئەو رێکەوتنە رەواندەوەو هەڵوێستو بۆچوونی خۆیوا روون کردەوە کەتەنها راگرتنی شەڕەو ئەو رێکەوتنە نیە کەناسراوە. هەورووەها ئەمە تەکتیکەو داوای لێکردن ماوەیەك لەڕانیە یا لەقەڵادزێ بمێننەوە بۆ ئەوەی ئەگەر شتی تازە دەربارەی جێبەجێ کردنی رێکەوتنەکە دەرکەوت قسەی لەسەر بکەن, هەروەها سووربوو لەسەر بەشداری کردنیان لەوتووێژەکان لەگەڵ ئەو شاندە حکومییانەی کە لەبەغداوە دێن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بارزانی لەئیبراهیم ئەحمەد دڵنیا نەبووو هەمیشە دڵی لێی کرمێ بوو, بەڵام وریایی ئەوەی دەکرد کەلاوە چالاکەکانی حزبی لێ دووربخاتەوەو لەکاریگەری ئەو بیانپارێزێت.

دوای ئەم پێشنیارە بارزانی وای بەباش زانی کە لەکۆنگرەی داهاتوودا پۆستی ئەمینداریەتی حزب بۆ جەلال پێشنیاز بکات, جەلالیش سەرەتا بەگەرمی بەوە رازی بوو بەڵام دوایی پەشیمان بۆوە.

ئیبراهیم ئەحمەدو هەوادارانی لەناو سەرکردایەتیدا ساتێك لەپشت لەزەوی دانی بارزانیو پلان دانان بۆ لەکارخستنی نەوەستان. دوای ئەوەی هەفتەیەك لەگەڵیدا مانەوە هەموویان رۆیشتنەوە بۆ (ماوەت)و نامەیەکیان بۆ بارزانی نارد تیایدا ووتیان ئەوان ئێستا دەڕۆنەوەو هیچ کارێکیان نیە کەبیکەن.

ئینجا بەردەوام بوون لەسەر کارە رسواکەیان (..) کەبوو بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەسەرلقو سەرپەلەکانو ئەندامە گەورەکانی حزب ناڕەزاییان دەربڕی, لەوانە بۆ نموونە: عەقید نوری مەعروفو رەشید سندیو تارق ئەحمەدو خالد شەمسەدینو فازل تاڵەبانیو فازل سۆرانیو حەمەی سەید عەلی حافزو تاهر عەلیوالیو نەوزاد خۆشناوو هی تر, جا ئەمانەو هەندێکی تر بەناوی هەموو ئەفسەرە ناڕازییەکانەوە هاتن بۆ سەنگەسەر بۆ لای بارزانی لەسەر هەڵوێستی مەکتەبی سیاسیو

ملکەچی خۆیان بۆ بارزانی راگەیاند, ئینجا پەردەیان لەسەر ئەو پیلانە مەترسیدارو گەورەیە هەڵماڵی کەبۆی دەهۆنرایەوە.

بارزانی کۆبوونەوەیەکی لەبارەگای خۆیدا بۆ ئەو ئەفسەرە لایەنگرانەی خۆی سازدا, لەوانە: نافز جەلال, عەبدولکافی نەبەوی, عەزیز عەقراوی, دوای وتوویژ بڕیاردرا ئەو ئەندامانەی سەرکردایەتی کەلایەنگری مەکتەبی سیاسی بوون دەستیان لەکار بکێشرێتەوە, لەوانە جەلال تاڵەبانی, عومەر مستەفا دەبابەو عەلی عەسکەری‌و کەمال موفتی, ئینجا نوری مەعروف‌و نوری مەلا حەکیم‌و نافز جەلال‌و عەزیز عەقراوی لەجێیان دانا.

دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە, زۆربەی پێشمەرگەکان دایان پاڵ هێزەکانی بارزانی‌و بەسەرکردایەتی نوێ رازی بوون. لەئەنجامی ئەمەشدا ریزی مەکتەبی سیاسی بێهێزی تێکەوت, بۆیە کەوتە پەل کوتانی بێسوود بەمەبەستی خۆکۆکردنەوە ئەوەبوو ئیبراهیم ئەحمەد داوای کرد کۆنفرانسێك بۆ حزب لەماوەت ببەسترێت کەهەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و لیژنەی مەرکەزی ئامادەی بوون تەنها جەلال نەبێت کە لەگەڵ پێشمەرگەدا جەولەی دەکرد لەناوچەی شوان‌و گەرمیان‌و قەرەداغ.

### کۆنفرانسی ماوەت ـ ل ( ١٣٧ ـ ١٤٠ )

لە ٤ی نیسانی ١٩٦٤دا کۆبوونەوەکانی کۆنفرانسی حزب دەستی پێکرد کەئیبراهیم ئەحمەد داوای کردبوو ببەسترێ.

مەبەستیش لەوە شەرعیەتدان بوو بەدوژمنایەتی کردنی بارزانیو بەرهەڵستی کردنی ڕێککەوتنی شوبات.

یەکێك لەبڕیارەکانی کۆنفرانس تەجمیدکردنی سەرۆکایەتی بارزانی بوو لەحزبدا بەمەبەستی قایل کردنی بەڕێگەچارەیەکی ناوەڕاست, ئینجا دانیشتنەکانی کۆنفرانسەکەیان دواخست هەتا شاندەکە ئەنجام دێنێتەوە.

شاندەکەی حزب هات بۆ سەنگەسەرو لەگەڵ بارزانیدا کۆبوەوە, لەیەکتر تێگەیشتنی تەواو لەنێواندا هەبوو لەگەڵ یەك رایی. شاندەکە کەگەڕایەوە بۆ ماوەت سەیری کرد کۆنگرە لەکارەکانی بووەتەوەو کۆتایی هاتووە بەپێچەوانەی ڕێککەوتن کەدەبێ بمێنێت تا شاندەکە دەگەڕێتەوە. ئینجا مەکتەب چەند بڕیارێکی دەرکرد گوایە کۆنفرانس دەری کردوون کە لەڕاستیەوە دووربوون, بەیاننامەیەك بوو ناونیشانەکەی (ڕێککەوتننامەی موشیرو بارزانی, ئاشتی یان خۆبەدەستەوەدان) بوو, تیایدا ئیبراهیم ئەحمەد هەرچی داخو رقو قینەبەرایەتیەکی ناو دڵی بەرامبەر بارزانی کەهەیبوو دەریبڕیبوو. ئیتر هەوڵەکانی شاندەکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بێهوودە بوو.

لێرەدا ئەوەشم لەبیر ناچێت ئاماژە بۆ ئەو بانگەشە بازاڕیە بکەم کەدەیووت: (بارزانی کوردستانی بەسێوو پرتەقاڵ فرۆشت) کەئیبراهیم ئەحمەدو دەستوپێوەندەکانی بڵاویان کردەوەو لێبڕاوانە کاری کرد بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتێکی نزمی ناوزڕاندن

وەكو ئەوەی گوایە بارزانی رازی بووە دانوستان لەگەڵ لایەنە حكومیەكاندا بكات ئەوەش لەئەنجامی دەستخەڕۆبوونی سیاسی كەئیبراهیم ئەحمەدو كادیرەكانی حزبو سەركردەكانی شۆڕش دوای كۆنفرانسەكەیان تووشی هاتن.

ئێستاش سەرم لەوە سوڕماوە ئەو (كەرۆشنبیرو ئەدیبو سیاسیو بەئەزموون بوو) چۆن بەدەم بانگەشەیەكی ئاوا چوو كە لەناو هەموو ناوەندە كوردیە گەلیو رۆشنبیرو تێگەیشتووەكاندا بڵاوبووەوە, چۆن پێگەی بارزانی دەلەرزاند یان لەپلەوپایەی لەناو دڵی گەلی كورددا كەم دەكردەوە (..) ئینجا كاریگەری ئەوە بۆ خۆی چۆن دەبوو لەبەرامبەر وازهێنانی لەكێشەی گەلەكەیو دەست لەسەركردایەتی هەڵگرێتو بچێتەوە بۆ ماڵەوە. ئەم بانگەشەیە زۆری نەخایاند بەڵكو لەڕاستیدا كاریگەریەكی تەواو پێچەوانەی دروست كرد چونكە سەرچاوەكەیو بڵاوكەرەوەكانی لەداخ لەدڵەكان بوون.

**ناوبژیوانی چەند كەسایەتیەكی كورد ـ ل (١٤٠ ـ ١٤١)**

دەنگی دووبەرەكی لەهەموو كوردستاندا بڵاوبووەوەو جۆرێك مەراقوورە رووخان باڵی بەسەر كەشی سیاسیدا كێشا بەتایبەتی بەسەر چینی هۆشیارو رۆشنبیری نیشتمانیدا (..).

شاندەکە ڕۆژی ٢٤/ ٤/ ١٩٦٤ گەیشتە ڕانیەو زۆریان لەبارزانی کرد کەئیبراهیم ئەحمەدو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی بێن بۆ ڕانیەو هەتا کێشەکە بەهەر شێوەیەك چارەسەر دەکەن لەگەڵ بارزانیدا بمێننەوە (..).

ئینجا شاندەکە لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەدو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و لیژنەی مەرکەزی گەڕایەوەو بارزانی بەپێی ئەو بەڵێنەی بەشاندە کوردییەکەی دابوو لێیان خۆش بووو ئەوەی لەماوەت روویدا بەشتی رابردوو ژمارد. بەو بۆنەیەشەوە ژمارەیەك لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە ٤/ ٥/ ١٩٦٤دا نامەیەکیان ئاراستەی بارزانی کرد ئەمە دەقەکەیەتی:

بەڕێز جەنابی مستەفا بارزانی

دوای ڕێزو سڵاو

بەئەرکی سەرشانی خۆمان زانی ئەم داواکارییانە بخەینە بەرچاوتان لەپێناو خزمەتی شۆڕش و گەلەکەمان بەباشترین شێوە:

١ ـ شوێنی مەکتەبی سیاسی لەبنگرد یان مەرگە یان قەڵاتووکان بێت بۆ ئەوەی کارەکانی لەنزیکتانەوە جێبەجێ بکات.

٢ ـ دەست بکەین بەهەڵبژاردن لەناو هەموو لیژنە ناوچەکانی پارتی بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری کۆنگرەو لیژنەی ناوچە.

٣ ـ دەست بکەین بەجێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی لەگەڵ کاك فوئادو برادەرەکانی تردا ناردتان, تکایە وادەیەکمان بۆ دیاری بکەیت بۆ ئەوەی ئێمە هەمووومان نوری ئەحمەد تەهاو عەلی

عەبدوڵڵاو جەلال تاڵەبانی و کاك عەزیز شەمزینی و نوری شاوەیس کۆبینەوە.

ئیتر ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەسەر هەڵوێستی سەرەتایان مانەوە کەدیلی فێڵو کەڵەکی ئیبراهیم ئەحمەدو نیازە خراپەکانی بوونو لەڕای خۆیان پاشگەز نەبوونەوەو بەردەوام بوون لەسەر پەروەردە کردنی ئەندامانی حزب بۆ کەم کردنەوەی پلەی بارزانی و کەسایەتی بشکێنن.

**پەیوەندی ئێران بەبارزانییەوە ـ ل (١٤٢)**

ئێرانیەکان بۆیان روون بووەوە کەکۆمەڵەکەی ئیبراهیم ئەحمەد ئەوەندەی بارزانی هێزو ناوبانگی باشیان نیەو تا بێت هێزیان کەم دەبێتەوە, بۆیە هەوڵێکی پێچەوانەیان دا.

ئەو سەردەمە (جەنەراڵ باکراون) سەرۆکی دەزگای ساواك بوو, ئیتر (مەنصور پوور)ی نوێنەری خۆی نارد (..).

ئەو ئەفسەرە نامەیەکی لەسەرۆکی ساواکەوە هێنا بۆ بارزانی تیایدا هاتبوو کەشا سلاو لەبارزانی دەکاتو فەرمانی پێداوم بارودۆخەکەی جاران چارەسەربکەین (..).

هەروەها ئەگەر بارزانی بێت بۆ تاران بۆ دیدەنی شا ئەویش دەگاتە جێ.

بارزانی بەسوپاسەوە وەڵامی دایەوە: ئێوە ئیبراهیم ئەحمەدمان لێ هان دەدەن, جا ئەگەر هەڵوێستتان بگۆڕنو شتێکی وا بنوێنن

کەنیازی پاکتان دەرخەن‌و دەستی دۆستایەتیمان بۆ درێژ بکەن ئێمەش هەمان هەڵوێستمان دەبێ (..).

لەو کۆبوونەوەیەدا جەنەراڵ بەناوی شاوەووتی سەردانەکەی هەڵوێستی خۆی لەشۆڕشی کوردی دیاری کردووەو بەڵێن دەدا کەیارمەتی پێشکەش بکات. ئینجا جەنەراڵ فەرمانێکی شاهنشاهی دەرکرد کەحوکمی لەسێدارەدانی بارزانی هەڵدەوەشاندەوە کە لەساڵی (١٩٤٧)ـەوە دژی بارزانی دەرکرابوو.

لەهەمان کاتدا شا بەهۆی (عیسا بیشمام)ـەوە یارمەتی پارەو چەك‌و ئامۆژگاری پێشکەشی ئیبراهیم ئەحمەد دەکردو هانی دەدا بەردەوام بێت لەسەر هەڵوێستەکەی دژی بارزانی‌و لێی پاشگەز نەبێتەوە (..).

بارزانی کەشارەزای سیاسەتی دووڕووی ئێرانیە ئەوەی لێ‌ون نەدەبوو, سیاسەتی پێکدادانی ناکۆکەکان (..) مەبەستی بارزانی کەم کردنەوەی مەترسی ئێران بوو یان بەلایەنی کەمەوە خۆ لێ دوورخستنەوەی.

بارزانی پێش ئەوەی بگاتە حاجی ئۆمەران بۆ پێشوازی کردنی شاندی ئێرانی, هەموو کاروبارێکی شۆڕشی بەشێخ لەتیفی شێخ مەحموودو کاکە حەمەئاغا زیاد غەفووری بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا بڕیارە گرنگەکان بدەن, بەڵام ئیبراهیم ئەحمەدی لەگەڵیاندا دانەنا. ئیبراهیم ئەحمەدیش ئەمەی کرد بەبیانووی بۆ لێدانی بارزانی, بۆیە یەکسەر کۆمەڵەکەی خۆی لەسەرکردایەتی

حزب كۆكردەوەو چوون بۆ ماوەت بۆ ئەوەی خۆیان بۆ شەڕ ئامادە بكەن. ئیتر ڕێككەوتن بوو بەبەڵگەنامەیەكی مردوو, بریا ئەم بیانووەشی بۆ ئیبراهیم ئەحمەد دروست نەكردایە.

**كۆنگرەی شەشەم ـ ل (١٤٣ ـ ١٤٤)**

بەگەڕانەوەی مەكتەبی سیاسیو لیژنەی مەركەزی بۆ ماوەت ئیتر هەموو هیوایەك بۆ یەككەوتنو ئاشت بوونەوە ڕەویەوەو هەردوولا خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ئامادەكرد, بارزانی بڕیاری دا بەردەوام بێت لەئامادەسازی بۆ بەستنی كۆنگرەی شەشەمی حزب, ئیبراهیم ئەحمەدیش هەڕەشەیەكی بۆ بارزانی نارد وتی: ئەگەر ناكۆكیەكە بگاتە شەڕكردن ئەوا دەیكەم بەشەڕی نێوان سۆرانو بادینان.

هەرگیز باوكمم نەدیوە بەو شێوەیە تووڕە بێت وەكو كاتێ ئەو هەڕەشەیەی وەرگرت تووڕە بوو. وەڵامەكەشی ئەمەبوو: بەڵێن بێ خۆتو ئەوانەی شوێنت دەكەون هەر بەڕۆڵە دڵسۆزەكانی سۆران تەمیە بكەم.

بەڵام مەكتەبی سیاسی لەڕۆژی كردنەوەدا عەلی عبداللهو سەید عەزیز شەمزینییان نارد لەوانەیە بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەك بدۆزنەوەو بیروڕای ئەندامە نوێنەرەكان بەشێوەیەك بگۆڕن كەوەك ئەندامەكانی تری مەكتەبی سیاسی لەوێ بن. بەڵام ئەندامی لیژنەی مەركەزی هاشم عەقراوی, خێرا بارزانی لەوە ئاگادار

کردەوە کەمەبەست لەناردنی ئەوانە ئاژاوەو دووبەرەکی نانەوەوەیە, بۆیە بارزانی یەکسەر فەرمانی دا بیانگرن.

کۆنگرە لەسەر کارەکانی بەردەوام بوو, لەڕۆژی ٦ی تەموز لیژنەی مەرکەزی نوێ هەڵبژێردرا. بڕیاریش درا ئیبراهیم ئەحمەدو تاقمەکەی لەحزب دەربکرێن کەدەرکراوەکان ئەمانەبوون: ئیبراهیم ئەحمەد, نوری صدیق شاوەیس, عومەر مستەفا دەبابە, سەید عەزیز سەید عبدالله شەمزینی, جەلال تاڵەبانی, عەلی حەمدی, عبدالرحمان زەبیحی, عەلی عەسکەری, ئەحمەد عبدالله, حلمی عەلی شەریف, محەمەد حاجی تاهر, مەلا عبدالله ئیسماعیل (مەلا ماتۆڕ), نوری ئەحمەد تەها, عەلی عبدالله.

کۆنگرە ئەوانەی بەخیانەت کردنو لەیەك ترازاندنی یەکڕیزیو دووبەرەکی نانەوە لەناو حزبدا تاوانبارکرد. ئینجا فەرمانی بەو پێشمەرگانەی ژێر دەسەڵاتیان دا کەبێنە ریزی هێزەکانی شۆڕشەوە. ئەندامانی لیژنەی مەرکەزیش ئەمانەبوون: بارزانی - سەرۆك, حەبیب محەمەد کەریم - سکرتێر, دکتۆر مەحمود عوسمان, دکتۆر فوئاد جەلال, هاشم حسن عەقراوی, عەزیز عەقراوی, ئیسماعیل مەلا عەزیز, ئسماعیل عارف, یەدالله فەیلی, فاتح محەمەد بەگ, صالح عبدالله یووسفی, نعمان عیسا, عەلی سنجاری, عومەر شەریف.

بێگومان کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی دانی بەسەرکردایەتی نوێو کۆنگرەو بڕیارەکانیدا نەناو کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕ.

**لەماوەتەوە بۆ هەمەدان ـ ل ( ١٤٤ ـ ١٤٨ )**

دوای تەواوبوونی کۆنگرە, بارزانی بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی هەڵوێستەکە بەرەو ماوەت کەوتە ڕێ, منیش لەگەڵیدابووم. ڕۆژی ١٢/٧/ ١٩٦٤ کەوتینە ڕێ (..).

ناوی هەندێك دەهێنم لەوانەی بەپاکسازیەکە هەڵسان: عەقید نوری مەلا مەعروف, نوری مەلا حەکیم, عەبدولوەهاب ئەتروشی, ڕەشید سندی, تارق ئەحمەد, فازڵ تاڵەبانی, محەمەد سەید عەلی حافز, فەتاح ئاغا محەمەد ئەمین, حەمە شەمێرانی, حاجی شێخ قادر, حەمید بەرواریو هی تر لەوانەی ئەم ئەرکەیان خرایە ئەستۆ (..).

عەسری ڕۆژی ١٨ی تەموزی ١٩٦٤ گەیشتینە ماوەت بینیمان چۆڵوهۆڵە, چونکە تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد پێشتر چۆڵیان کردبووو چووبوونە ئەودیو سنوورو خۆیان تەسلیمی دەسەڵاتی ئێرانی کردبوو. دوایی دەرکەوت کەوا ئیبراهیم ئەحمەد پێش ئەوەی تەواو خۆیان بەدەستەوە بدەن, لەگەڵ خێزانیدا شوێنەکەی بەجێ هێشتووەو پێش ئەوانی تر خۆی گەیاندۆتە ئێران. خواوڕاستان لەو شەڕەدا زەرەروزیانەکان کەم بوو.

**( ٧ ) دەقی نامەی ڕەشید سندی**

گەورەم/ بەڕێز مستەفا بارزانی

٢٠/ ٧/ ١٩٦٤

دوای ڕێزو سڵاو

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ گەیشتینە ئەو شوێنەی کەمەکتەبی سیاسی ئیبراهیم ئەحمەدی لێبوو، کەپێش ڕۆژێك هەموو شتەکانی بەتاڵ کرابوو تەنها هەندێ کاغەز نەبێ کە لەڕووی سیاسی یا سەربازی یا ئابووری بێکەڵك بوون، لەخەڵکی ناوچەکەمان پرسی ووتیان حەفتەیەك زیاترە هەموو شتەکانیان گواستۆتەوەو ڕۆژی دوایی کەناوچەکەیان بەتەواوەتی چۆڵ کرد لەئێرانەوە ئێستریان هێناو ڕۆیشتن. گوێمان لەدەنگی تەقەیە لەسەر سنوورو ئێستا ئێمە بەرەو ناوچەی شەڕەکە دەڕۆین‌و دوا هەواڵەکانتان پێ دەگەیەنین.

هەر بەم بۆنەیەشەوە، برووسکەی تری هاوشێوە هەیە لەوانە برووسکەی عەقید نوری مەلا مەعروف کەتیایدا بارزانی لەوە ئاگادار دەکاتەوە کەناوچەی هەڵەبجەو پێنجوێن‌و چوارتا لەتاقمی ئیبراهیم ئەحمەد پاك کراوتەوە. برووسکەیەکیش لەفازڵ تاڵەبانیەوە هەواڵی پاك کردنەوەی ناوچەی خانەقین دەدات. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەڕۆڵی گەورەی عەقید نوری مەلا مەعروف‌و موقەدەم نوری مەلا حەکیم‌و ئەفسەری پۆلیس عەبدولوەهاب ئەتروشی‌و هەردوو ئەفسەر فازل تاڵەبانی‌و فازل سۆرانی‌و جەمال نامیق‌و عەبدوولی سۆران‌و ئەفسەر نەوزاد خۆشناوو ئەفسەری پۆلیس کەمالی شێخ غەریب‌و ئەفسەری پۆلیس محەمەد سەید عەلی حافزو تاهر عەلی‌والی‌و فەتاح محەمەد ئەمین بدەین.

ئێرانیەکان تاقمی مەکتەبی سیاسی هەڵوەشاویان بۆ ناوچەی هەمەدان گواستەوە (..).

هەر کەهێزی فریاگوزاری لەگەڵ بارزانیدا گەیشتە جێ ئیتر هێزەکانی ئیبراهیم ئەحمەد یەکسەر بۆ ئێران کشانەوە. بارزانیش بەرەو پێشەوە چوو هەتا گەیشتە هێڵی سنوور ئنجا بەم شێوەیە ئاگاداری توندی بۆ ئێرانیەکان دەرکرد: ئەگەر یەکێك لەوانە جارێکی تروێرای لەسنوور بکاتەوە ئەمدیو ئێوەش سنووری ئێرانی ببەزێنن و ئاگری شۆڕش لەکوردستانی ئێراندا بەرپابکەن.

بارزانی ئەمەی بەنهێنی نەهێشتەوە, بەڵکو بەڕوونی ئاشکرای کردو رژێمی عیراقی ئەم هەڕەشەیەی بەهەل وەرگرت, جا پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و عیراق ئاڵۆز بوون, ئەوەبوو بەغدا دەمودەست شاندێکی حکومی نارد بۆ چوارتا جەختی کرد لەسەر ئامادەیی حکومەتی عیراقی بۆ یارمەتیدانی بارزانی دژی دەستێوەردانی ئێرانی. باوکیشم سوپاسی کردن و ووتی: هەموو شتێ تەواو بووە, ئەگەر کارەکە دووبارە بووەوە پەیوەندیتان پێوە دەکەم ئەگەر پێویستی بەیارمەتی کرد, بەڵام ئێستا پێویست بەهیچ ناکات.

**بەرەو هەمەدان ـ ل ( ١٤٩ ـ ١٥٠ )**

لەکۆتاییدا ئیبراهیم ئەحمەد سەیری کرد کەوتووەتە تەنگژەوەو زۆر جار عومەر مستەفا دەبابە باسی ئەو مامەڵەیە دەکات

کەتووشیان بوو, لەقسەکانی: (ئێمەیان لەسەربازگەیەکدا دانا بەڵام ئیبراهیم ئەحمەدو خێزانەکەیان نارد بۆ تاران).

ئەمە چارەنووسیان بوو. هەتا مانگی تەموزی ١٩٦٥ لەوێ مانەوە تا ئەو کاتەی بارزانی لێبوردنی بۆیان دەرکرد ئنجا گەڕانەوە بۆ کوردستان.

**رێکخستنی پارتیو سوپای شۆڕش ـ ل (١٤٩ ـ ١٥٠)**

بارزانی بەدرێژایی جموجووڵو جەولەکانی خۆی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت دوورەپەرێز دەگرت, بەڵام ئەمجارەیان هەموویانی حەپەساند, چونکە سەرلەبەیانی رۆژی ١٦ی ئەیلول, لەپاڵ پاسەوانەکانیدا لەڕیزی دواوەی ئوتومبێلەکەی شێخ حسەینی بۆسکێندا دانیشتو لەڕێگەی رانیەوە چووینە سلێمانی لەکاتێکدا هەمووان وایان دەزانی ئێمە لەڕێگای شاخەوە بەپێ چووین بۆ قەڵادزێو رانیە. پارێزگاری سلێمانی ئاگادارکرا کەبارزانی بەبێ پرسی ئەو هاتووەتە سلێمانی دوای ئەوەی لەڕانیەوە هاتووە, ئەویش گلەیی ئەوەی لێکرد کەهەواڵی پێنەداوە کاتێ بەسلێمانیدا تێپەڕیوەو ووتی: هاتووە ئەرکی میوانداریو پێشوازی کردن جێبەجێ بکات.

لەم ماوەیەدا دوای گەڕانەوەی بارزانی چەند کۆبوونەوەیەکی رێکخستنی حزبیو سەربازی ئەنجام دران (..).

لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤دا ئەوەی دواتر بە (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) ناسرا دامەزرێنرا کە لەمانە پێکهات:

بارزانی ـ سەرۆك, ئەندامانی لیژنەی مەرکەزیو فەرماندەی هێزەکانو ژمارەیەك لەسەرۆك عەشیرەتەکان وەکو عەباس مامەند, کاکەزیاد حەمە ئاغا, ئەنوەر بەگی بێتواتە, مەحمودبەگی گۆڵێ, شێخ حسەینی بۆسکێن, وەهاب ئاغای جوندیان, لەگەڵ دوو ئەندام لەسەرکردایەتی حزبی کۆمۆنیستو دوو پیاوی ئاینی مەسیحییەکان.

پێکهێنانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەنگاوێکی ستراتیجی پێویست بوو (..).

ئەرکی مەکتەبی تەنفیزی وەکو ئەرکی ئەنجومەنی وەزیران بوو, چونکە هەموو ئەندامێکی کرا بەبەرپرسی لقێکی ئیداری.

**یاداشت بۆ سەرکۆمارو ئە نجومەنیوەزیران ـ ل (١٥٢)**

یەکەم کارو چالاکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەوەبوو لەڕۆژی ١١ی تشرینی یەکەم ١٩٦٤ یاداشتێکی پێشکەشی سەرکۆمارو ئەنجومەنی وەزیران کرد کەبارزانی بەناوی ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە خۆی ئیمزای کردو عەگید صدیقو ئەندازیار شەوکەت عەقراوی بردیو گەیاندیە دەستی تاهر یەحیا.

**دەست لەکارکێشانەوەیوەزارەتی تاهر یەحیا ـ ل (١٥٢ ـ ١٥٣)**

تاهر یەحیا لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤دا دەست لەکارکێشانەوەی وەزارەتەکەی پێشکەش کردو پێکهێنانی وەزارەتێکی تری پێ سپێردرا (..).

لەبارەی ناوەرۆکی ئەو یاداشتەوە کە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانەوە گەیەنرایە دەستی, بەرتەکدانەوەی توندی نیشان نەدا, بەڵام بارەکە دوای پێکهێنانی وەزارەتی دووەمی گۆڕا بەهۆی بوونی ئەو گرووپە داخ لەدڵە لەپێش هەمووشیانەوە صبحی عەبدولحەمیدی وەزیری ناوخۆ, جا لەڕێی ئەم وەزیرەی ناوخۆوە نامەیەکی وەکو وەڵام لەگەڵ شاندێکی حکومیدا بۆ بارزانی نارد کە لەڕۆژی ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٦٤ گەیشتە جێ و چەند خاڵێکی دیاریکراوی خستە بەردەم کەوەکو دوا هەوڵدان بوو بۆ خۆ دوورخستنەوە لەشەڕ. ئاشکرا دیاربوو رژێم ئامادەبوو بۆ خولێکی تری گفتوگۆ.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەیری کرد بەرژەوەندی وا دەخوازێ کە لەبەرامبەردا ئەویش شاندێك بۆ بەغدا بنێرێت لە ١٠ی کانونی دووەمی ١٩٦٥دا کە تا رۆژی ٢٤ی مانگ لەوێ مایەوەو لەو ماوەیەدا پێشنیاری نوێی پێشکەشی حکومەت کرد.

لەم ماوەیەدا هاتوچۆ گەرم بوو یاداشت ئاڵوگۆڕ پێکراو لەکۆتاییدا وەزیری دەوڵەت - مەسعود محەمەد نامەیەکی لەتاهر یحیاوە هێنا بۆ بارزانی تیایدا تەئکیدی دەکرد لەسەر ئارەزووی حکومەت بۆ ئاشتی,بارزانیش لە ١٢/ ٣/ ١٩٦٥دا بەنامەیەك وەڵامی دایەوە (..) ئەوەش دوا هەوڵ بوو بۆ خۆدوورخستنەوە لەوەستان بەرامبەر رژێمی عیراقی.

ئیتر دووبار کوردستان بووەوە بەگۆڕەپانی جەنگ.

**********

**بەڵام بەلای منەوە ( پشدەری )**

دوای خوێندنەوەی ئەو پەرەگرافانەی کتێبەکەی بەردەستمان دەمەوێ بڵێم:

حەزدەکەم دەقی بەیاننامەی رێکەوتنەکەی هەردوولا - عەبدولسەلام عارف و بارزانی بڵاوبکەمەوە بێ ئەوەی دەستکاری وشەیەکی بکەم. هەروەها دەقی بەیاننامەکەی (پارتی - مەکتەبی سیاسی) دەربارەی رێکەوتنەکەی نێوان هەردوولاو ئەمەشم لەبەر ئەوەیە تا خوێنەری بەرێز بتوانێت بەویژدانەوە حوکمی خۆی بدات, چونکە لەوانەیە لەلایەن هەندێك خوێنەرەوە کەئاگاداری نیازی پاکم نین, بەناحەق تاوانبار بکرێم هەروەها بۆ ئەوەی نەبم بەلایەنێك لەو حوکمەدا هەرچەندە هەموو شتێکم لەبارەی ئەو رێکەوتنەوە لە (بەشی نۆهەم و دەهەم) روون کردووەتەوە.

بەڵام پێش ئەوە دەڵێم:

پێشمەرگەبووم کەکەوتمە ناو بۆسەیەکی سوپای عیراقیەوەو دەستگیرکرام, دوای رووخانی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم تا عەبدولسەلام عارف دەسەڵاتی گرتەدەست و لەگەڵ بارزانیدا رێککەوت من لەگرتووخانەدا بووم ئەوەبوو بڕیاری لێبوردنی گشتی بۆ زیندانی و حوکم دراوەکانی رووداوەکانی باکوور (أحداث الشمال) دەرچوو, هەوڵەکەی بارزانیش بۆ ئازادکردنم زۆر بەزەحمەت سەری گرت. دوای دەرچوونیشم لەزیندان یەکسەر

رووم كرده بارەگای بارزانی لەسەنگەسەر کەزۆر بەگەرمی پێشوازی لێکردم وەك یەکێك بم لەئەندامە نزیکەکانی بنەماڵەکەی. لەدیدارەکەمدا لەگەڵ بارزانی دەستی کرد بەهێرشکردن بۆ سەر ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو لیژنەی مەرکەزیو کادیرەکانی پارتی, یەکێکی لێ دەرنەکردن, جنێوی بەیەك بەیەکیانی دا یا عەیبێکی لێ دیتەوە. ئنجا زۆری لێکردم بەڕەسمی رایبگەیەنم کەچوومەتە ریزی ئەو. لەبەر ئەوەی من لەبارزانیو لەئەندامانی مەکتەبی سیاسیش نزیك بوومو ئاگاداری نهێنیەکانیانو ئایدیالۆجیاو سیاسەتیان بووم. لەدڵی خۆمدا بڕیارم دا ئازادبم لەدەربڕینی بیرو باوەڕمدا بۆ پشتگیری کردنی هەرلایەکیان. لەکتێبەکەمدا (کورد دوژمنی خۆت بناسە)دا بەدووردودرێژی باسی ئەو مەسەلەیەم کردووە.. مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە.. چونکە لەبەشەکانی کتێبەکەمدا بەخۆمم رەوا بینیوە هەندێك نهێنیو راستی لەبارەی بەسەرهاتەکانی کوردستانو هەڵوێستی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆ خەڵك ئاشکرابکەم, جا لەساڵی (١٩٦٣)وە سەرەڕای ئەو هەموو چەرمەسەرییەی کە بەسەرم هاتووە کە لەگێڕانەوە نایەت, بەڵام ئەمە بیروباوەڕم بووە. بەڵام دوای (٤٠) ساڵ توانیم بەشەکانی کتێبەکەم بڵاوبکەمەوەو سوپاس بۆ خوا سەرکەوتمو هەندێك نهێنیم بۆ خەڵك ئاشکراکرد.

**کەسایەتی عەبدولسەلام عارف**

بەڕادەیەکی وا شۆڤێنی بووای دەزانی کورد بەئەصل عەرەبن و گوایە هەموو عەشیرەتە کوردییەکان بەعەشیرەتی جاف و سوورچی و هەرکی و زێباری و دزەیی و هەمەوەندو ساداتیشەوە هەموویان عەرەبن. ئەم دکتاتۆرە هەر خۆی بوو بڕیاری ژمارە (١٣)ی دژی حزبی کۆمۆنیست دەرکرد کە بەپێی بڕیارەکە خوێنی کۆمۆنیستەکانی حەڵاڵ کرد هەتا پیاوکوژیش یاسا دەستگیری ناکات. دواتر عەبدولسەلام عارف توانی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت و بەعسییەکان لەحوکم دووربخاتەوەو بوو بەسەرکۆمار. ئنجا دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت ناتوانێت بەرامبەر شۆڕشی کوردی بوەستێ پەنای بۆ گفتوگۆکرد برد لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا بەشکو بتوانێ دووبەرەکییان تێ بخات.

## بەیاننامەی پارتی سەبارەت بەرێکەوتننامەی موشیر ـ بارزانی ئاشتی یان خۆ بەدەستەوەدان؟!

دوای دوو ساڵ و پێنج مانگ لەشۆڕشی خوێناوی کە گەلەکەمان قارەمانانە بەرپای کردو بەرگریی لەماف و شکۆمەندی و کیانی خۆی کرد، کەبووە هۆی، نەك تەنیا سەرلێشێواندنی پەلامارە دڕندانە ستەمکارییەکان کەدوژمنی پڕ لەچەکی کوشندە هەر لەفرۆکەو تانك و تۆپەوە، بەڵکۆ رزگارکردنی بەشێکی زۆر لەکوردستانی ئازیر لەدەسەڵاتە دوژمنکارییە ستەمکارەکەی و، دوای ئەوەی کەشۆڕشەکەمان هۆکارێکی سەرەکی بوو لەکرمۆڵ کردنی دەسەڵاتی قاسمی دکتاتۆرو لابردنی رژێمی بەعسی فاشی،

دوای ئـــەوەی ســـەدان شـــەهید لەمەیـــدانی شـــەرەف و خـــەبات و وەفاداری, لەژنان و منداڵ و پیر لەناو شارو گوندەکانداو دوای دوو ساڵ و پێـنج مـانگ لـەناکامی و برسـێتی و نەهامـەتی و کوێرەوەری کەگەلەکەمان خۆی لەبەرامبەرایدا ڕاگرت, دوای ئەوەی گەلەکەمان بـەخۆڕاگری تـوانی سـەرنجی گـەلانی جیهـانی بـۆ لای خـۆی رابکێـشێت و, دوای دەیـان هـەوڵی دڵـسۆزانە, لـەپێناوی کۆتـایی هێنـان بـەو شـەڕە چەپەڵەو بۆ ئـەوەی مافـە رەواکـانی گـەلی کـورد, بەشێوەیەکی رەسمی حکومەتی عیراق و بانگەوازی مەلا مستەفای بارزانی بڵاوکردەوەو, بەمەیش شۆڕشەکەمان پێی نایە قۆناغێکی نـوێ لەقۆناغـەکانی خـەباتی گەلەکـەمان لـەپێناوی ئامانجـەکانی دیمەکراسی و نەتەوایەتی.

**بەیانی رەسمی حکومەتی**

بەپێی داخوازیی بەرژەوەندیی گشتی و بۆ هاتنی برا کوردەکان بەدەم بانگەوازەکەی مەلا مستەفا بارزانی و لەو ئارەزووەوە کەژیانی ئاسایی بگێڕینەوە بۆ بەشی باکوور لەنیشتمانە خۆشەویستەکەمان و, دانانی سنووریێك بۆ هەوڵەکانی داگیرکران و کلکەکانیان و بڕینی دەستی چەوسێنەران و چیتر خوێنی پاکی نەڕژێت و بەپێی ئەوەی بەرژەوەندیی بەرزی نیشتمانی بەسەرماندا دەیسەپێنێت, بڕیارماندا:

یەکــەم: داننــان بــەمافی نەتەوایــەتی بــرا کوردەکــەنمان لەچوارچێوەی گەلی عێراقدا, لەیەکێتی نیشتمانیداو جێگیرکردنی لەدەستووری کاتیدا.

دووەم: ئازادکردنی گیراوو زینـدانیان بـەهۆی رووداوەکـانی باکوورو, دەرکردنی لێبوردنی گشتیو گێڕانەوەی ئەو سامانانەی دەستیان بەسەردا گیرابوو کەبۆ هاوولاتیان دەگەڕایەوە.

سـێیەم: ئیـدارە ناوخۆییـەکان بگەڕێنـەوە بـۆ ناوچـەکانی باکوور.

چوارەم: گێڕانەوەی فەرمانبەرو کرێکاران.

پێنجەم: هەڵگرتنی ئەو کۆتو ئەستەنگانەی خرابوونە سەر رەوانەکردنی شتومەکی خواردن.

شەشەم: دەستکردن بەئاوەدان کردنەوەی ناوچەی باکوورو پێکهێنانی لیژنەی جۆراوجۆر بۆ نەهێشتنی ئەو ئەستەنگانەی کەهەبوونو بەخێرا جێبەجێ کردنی, بەبێ گوێدان بەرۆتینو قەرەبوو کردنەوەی ئەو خاوەن زەوییانەی بەنداوی دوکانو دەربەندیخان بووە هۆی ئەوەی زەوییەکانیان بکەوێتە ژێر ئاوەوە.

هەشتەم: گرتنەبەری رێو شوێن بۆ گێڕانەوەی ئاسایشو ئارامی بۆ ناوچەی باکوورو, ئێمە داوا لە برا کوردەکان دەکەین بەرامبەر پیلانەکان داگیرکەرانو کلکەکانیان بوەستنەوەو بابرا کوردەکان بزانن, ئێمە کار بۆ ئوە دەکەین مافە رەواکانیان دابین

بکەین, وەکو هاووڵاتییانی دیکە لەکۆماری عیراقداو خودا پشتو پەنامانە.

واژوو

موشیر روکن/ عەبدوسەلام محەمەد عارف

## بانگەوازی مەلا مەستەفا بارزانی بۆ برا کوردەکانمان

## بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

**برایانی هێژا:**

**راستترین‌وتەی خوداوەند لە قورئاندا هاتووە: ﴿ وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنْتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُمْ بِنِعْمَتِهِ إِخْوَاناً ﴾**

**ئەی ئەوانەی بڕواتان هێنا, نیعمەتەکانی خودا بۆ ئێوە لەبیرمەکەن, ئێوە دوژمنی یەکتری بوون‌و نێوانتانی باش کردو بەنیعمەتی ئەو بوون بەبرا.**

**دوای ئەوەی ئارەزووی سەرەك کۆمار موشیر روکن عەبدوسەلام محەمەد عارفمان بەدیهێنا, بۆ پاراستنی یەکڕیزی نیشتمانی‌و نەڕشتنی خوێنی بێ تاوانان‌و کۆتایی هێنانی بەشەڕی براکوژی‌و بۆ سەلماندنی نیازپاکی بەلای دەسەڵاتەوە, بڕیارماندا دەستپێشخەری بکەن لەراگرتنی تەقەو شەڕو داوا لەبراکانمان بکەین بگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونیان‌و سەرقاڵی کاری رۆژانەی خۆیان بن‌و, بەمەش بوار دەڕەخسێت بۆ دەسەڵاتی نیشتمانی بۆ ئەوەی هەنگاوی بەجێ بنێن بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکەو گێرانەوەی ئاسایش‌و ئارامی بۆ ناوچەکەو دەرفەت بڕەخسێت بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی هاووڵاتییانی کورد لەچوارچێوەی گەلی عێراق لەیەکێتی نیشتمانی بەرفراوان‌و پتەوکردنی برایەتی کوردو**

عـەرەب لەسـەر بنـەماو ڕێـسا گـەلێك كـە بیپارێزێـت لـەپیلانی داگیركەرانو چاوچنوكانو بۆ ئەوەی هـەموان بزانن كەسـەروەریی یاســاو دابینكردنـــی ئاســایشو ئــارامی لەناوچـــەكەدا، چارەسـەركردنی هـەموو كێشەكان دەستەبەر دەكـات هـەر چـەندی ئاڵۆزیش بێت، با هەنگاوەكانی دڵسۆزان یەكبخـەینو هەوڵـەكانیان سـەر بكـەون كـە لـەپێناوی خزمـەت كـردن بەگـەلو نیـشتماندایەو خودا پشتو پەنامان بێت.

واژوو

مستەفا بارزانی

خەڵكی هەواڵی ئەم ڕێكەوتننامەیان بەخۆشحاڵییەوە وەرگرت لەهەموو شوێنیك، بەوەی ڕێكەوتن بوو لەسەر ڕاگرتنی شەڕ كەبرا تیایدا برای دەكوشتو هەموان لەو بڕوایەدا بوون كەدوابە دوای ئەم ڕێكەوتنە، دانوستان دەست پێدەكاتو تیایدا حكومەت هەموو ئەوانە ڕەچاو دەكات كە لەگەڵ خواستەكانی گەلی كوردا یەكرە گرێتەوەو بەدیهێنانی ئەم خواستانەیش، پێویستی بەپتەوكردنی پەیوەندیی برایانەیە لەنێوان كوردو عەرەب لەیەكسانی لەمافو ئەركەكاندا، بەوەی دوو گەلی بران هەر یەكە تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆیان هەیە، ئەوەی ئەم بڕوایەی چەسپاند ئەوە بوو بەیانە حكومییەكە، هیچ جۆرە ئاماژەیەكی بۆ خواستە بنەڕەتییەكانی گەلی كوردی تیادا نەبوو، بە ئۆتۆنۆمیشەوە، بەڵام شتێكی تیادانەبوو، ئاماژە بەوە بكات

کەدانوستان لەنێوان هەردوو لادا هەبێت, هەندێ لەئاژانسە بیانییەکان پێییان دابوو کەرێکەوتننامەکە خاڵی نهێنی تیادایە, چونکە کەس بەخەیاڵیدا نەدەهات کەگەلی کورد سوورە لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەهەر نرخێك بووە, کە لەپێگەیەکی بەهێزو پتەودایە, دوای ئەوەی شۆڕشەکەی فاکتەری یەکلاکەرەوەبوو بۆ کرمۆڵ کردنی رژێمی بەعسی فاشیو, ئامادە نییە رێگە بەحکومەت بدات کەنیازی چەپەڵی هەبێتو باڵی ناحەز تیایدا پەلوپۆ بهاوێژن کەهیچ پشتیوانەیەکی میللییان نەبووە, کەس بەخەیاڵیدا نەدەهات کەگەلەکەمان لەو پێگەیەدا, رێگە بەحکومەت بدات کەئەوە دۆخی بێت کەمتر لەو خواستانە پەسەند بکەن کەبەعسییەکان ئامادەبوون دەستەبەری بکەن کە لەوپەڕی هێزو ستەمکاریی خۆیاندا بوون, چونکە حکومەتو بارزانی دەرگایان بەڕووی هەر راڤەکارێك داخست, مەبەستی هەرچییەك بوایە, چونکە گەلی کوردو جیهان بەراشکاوی پێیان راگەیاند کەئەوەی لەبەیانی حکومیدا هاتووە, لەمافەکان ئەوەیە کەحکومەت دانی پیادانەوەو بارزانی پەسەندی کردووەو بەشێوەیەکی کۆتایی پەردە لەسەر ئەفسانەی خاڵە نهێنیەکان لابراو رۆژنامەکانی عێراق چەندین وێنەی فۆتۆگرافی نووسراوێکیان بڵاوکردەوە, کە لەلایەن بارزانییەوە ئیمزاکرابوو, کەئەمە دەقەکەیەتی:

پێشتر ئاژانسی دەنگوباسی عێراق رایگەیاند کەهیچ خاڵێکی نهێنی لەرێکەوتننامەی ئاگربڕو گێڕانەوەی ئاشتی بۆ

نیشتمان نییەو ئێمە ئێستاو بۆ جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کەئاژانسی ناوبراو پێشتر رایگەیاندبووو پێموایە ئەوەی هەندێ لەئاژانسەکان داویانەتە پاڵی من لەدوای ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەی لەرانیە بەسترا, بۆوەرگێرانی ناتەواو دەگەڕێتەوە, چونکە من وتم کەچەندین کارو هەنگاو هەیە کە لەبەیانە رەسمییەکاندا ئامارژەیان پێناکرێت و ناچێتە خانەی (نهێنی)یەوە. دووبارە بەوە کۆتایی بەوتەکەم دەهێنم ئێمە لەدەرگای ئاشیتەوە هاتووینەتە ناوەوەو بەدڵی پاك و بەبێ نیازی خراپ و بڕوامان وایە کەویستی خێرو نیازی پاکی هەردوولا هەموو راڤەکارییەکی خراپ دەڕەوێنینەوە, بەهیمەتی خودا.

ئیمزا

مستەفا بارزانی

١٩٦٤/٢/٢

(ئامانجی شۆڕشەکەمان و بەیاننامەی حکومەت)

هەر لەسەرەتاوە، ئامانجی شۆڕشەکەمان دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەو بوێرانە بوو، لەوەی گەلی کوردو عەرەب مشوری دەخوات، لەئازادیو دیموکراسیو پێشکەوتنو، ئەم ئامانجانە بوون بەئەستێرەی ڕێنمایی کردنی جەماوەری گەلەکەمان، لەم قۆناغەی خەباتی سەختی گەلەکەمان، دوای ئەوەی شەهیدانی قارەمان بەخوێنی پاکی خۆیان تۆماریان کرد کەداننان بەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، لەسەربنەمای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی ئازاددا لەسەرووی ئەو ئامانجانەوە بوو کۆنگرەی کۆیسنجەق لە ١٨ـ٢٠/ ٣/ ١٩٦٣ هێڵە سەرەکییەکانی ئۆتۆنۆمی لەسۆنگەی گەلەکەمانەوە دیاری کردو شاندێکی ڕەوانەی بەغدا کرد، بەمەبەستی دانوستان لەم بارەیەوە، بۆ گەیشتن بەئاکامێك کەهەموو لایەنەکان پەسەندی بکەن، هەموان دەزانن کەئەم دانوستانە بەکوێ گەیشت کەلێرەدا پێویست ناکات ئاماژەی پێبکەین، بەڵام ڕوونکردنەوەی خواستەکانی حزب بۆ ئۆتۆنۆمی، پێویست بەوە دەکات، هەندێ بۆ دواوە بگەڕێینەوە.

گەلی کورد هەندێ لەخواستە نەتەوایەتییەکانی خۆی لەشۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨ دا دەستەبەر کرد، لەئاکامی خەباتی بێوچانی بەسەرکردایەتی پارتی کەپێشەنگی دیموکراتی بوو، مادەی (٣) لەدەستوری عێراق کە لەشۆڕشەوە سەرچاوەی دەگرت، بەری ئەم خەباتە درێژخایەنە بوو، بەڵام ئەو مادەیە، ئەگەرچی

دانی بەهاوبەشی لەنیشتماندا دەناو دانی بەمافی نەتەوەیی کورد دەنا, بەڵام لەلایەن حزبمانەوە رەخنەی لێدەگیرا, تەنانەت بەر لەبڕیاردان لەسەر دەستوورو پێی وابوو کە (بەشێوەی ئۆتۆنۆمی) بخرێتە سەر مادەکەو ببێت بە (کوردو عەرەب هاوبەشن لەم نیشتمانەو, ئەم دەستووره دان بەمافە نەتەوەییەکاندا دەنێت, لەشێوەی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی عێراقدا) بەڵام ئەوە لەلایەن ئەندامانی لیژنەی دەستوورەوە پەسەند نەکرا, هەروەها لەلایەن زۆربەی ئەندامانی حکومەتی قاسمەوە رەتکرایەوە. بەهۆی ئەم هەڵوێستەوەو لەبەر ئەوەی پاراستنی یەکێتی ریزی نیشتمانی گرنگترین ئەرکی دیموکراتی نیشتمانپەروەرەو دڵسۆزان بوو, لەو کاتەدا, بۆیە حزبمان بڕیاری دا بەراشکاوی بەزم نەنێتەوە, بۆ ئەوەی داگیرکەران ئەوە نەقۆزنەوەو کلکەکانی سەردەمی پاشایەتی نەیکەن بەهەڵلا. بەڵام لەبەر ئەوەی بوار بۆ ڕۆڵەکانی گەلی کورد نەڕەخسێنرا بۆ ئەوەی مافە دیموکراتییە رەواکانی خۆی پراکتیزە بکات و لەبەر ئەوەی ئەم مادەیە لەگەڵ مادەی دووەمدا یەکی نەدەگرتەوە کەدەڵێت (عێراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب)و بەرنگاربوونەوەی قاسم لەدژی خواستی گەلی عێراق بۆ بەدیهێنانی حکومەتێکی دیموکراتی پەرلەمانی و هەستانی بەدژایەتی کردنی هێزە نیشتمانپەروەرەکان و دیموکراسیخوازەکانی دژ بەداگیرکەران و دیکتاتۆرەکان, هەموو ئەمانە هانی حزبمانی دا دژی رژێم بوەستنەوەو, ئەم جیاوازییە

خراپـە بخاتــە بــەردەم رای گـشتیی کــوردو عێــراق, کەئەمــەیش قــاسمی بێــزار کــردو هــانی قــاسمی دا رۆژنامــەی خــەبات‌و سەرنووســەرەکەی بــدات بــەدادگاو چــەندین رێوشــوێنی دیکــە, کەخوێنەران ئاگادارین.

ئەگـەر ئەمـە نـاوەڕۆکی مـادەی (٣) لەدەسـتوری ١٩٥٨ بێـت, ئـەوا مـرۆڤ پێویـستی بـەوردبینی‌و تـاوتوێکردن نابێـت, بـۆ ئـەوەی بــەوە بگــات کەدانپێــدانانی عــارف لەبەیانەکەیــدا, چــەند مــافێکی کــەمی تیادایــە کەبــەراورد ناکرێــت لەگــەڵ دانپێــدانانی بــەوەی هاوبەشــن لەنیــشتمان‌و مــافی نەتــەوەیی بــەپێی ئــەو دەقــەی لەدەستوری ١٩٥٨دا هاتووە, کەگەل‌و حزبمان پێی رازی نـەبوون‌و سەرەك عارف بەئەنقەست ناوی گەلی کورد ناهێنێت‌و بەپـەرەگرافی (بـرا کوردەکانمـان) ئامـاژەی پێـدەکات‌و هـەمان کـار ئـەنجام دەدات لەگەڵ ناوی کوردستان‌و بە (باکوور) ناوی دەبات[1].

واتــە نایــەوێت دان بــەبوونی گــەلی کــوردو نیــشتمانەکەی کوردستان لەچوارچێوەی کۆماری عێراقدا بنێت, لەکاتێکدا عێـراق لەدووبەشی گەل عەرەب‌و گەلی کوردو دوو خاکی: بەشی عـەرەبی‌و

---

[1] ئەوەی سەرنج راکێشە" ئەوەیە بەرێز بارزانی خۆیشی ناوی گەلی کوردو کوردستانی نەهێناو لەجیاتی یەکەم‌وشەی (براکانم)‌و لەجیاتی دووەم‌وشەی (ناوچە)ی بەکارهێناو ئەو دورشمە نەمرەی فەرامۆش کرد کە (یا کوردستان یان نەمان).

کوردستان پێکهاتووه لێرەدا هەڵوێستی موشیر عارف ڕێك وەکو هەڵوێستی فەریق قاسم وایە.

دیارە مافی نەتەوەیی کەسەرۆك دانی پیادا دەنێت بۆ برا کوردەکانی، بەم شێوەیە سنووری مافی خوێندن بەزمانی کوردی لەقوتابخانە سەرەتاییەکان نابەزێنێت، و ئەمەیش پشتگیری لەوە دەکات کە لەکۆتایی بەیانەکەدا هاتووە کەدەڵێت (با برا کوردەکان بزانن ئێمە هەوڵی ئەوە دەدەین کەمافە ڕەواکانیان دابین دەکات، وەکو هاوولاتییانی دیکەی کۆماری عێراق)، کەئەمەیش دەلالەت لەوە دەکات کەمەبەستی سەرۆك عارف لە (مافی ڕەوای کورد) ئەوەیە کەمافی هاوولاتی بوونیان هەیە بەشێوەیەکی گشتی و یەکسانی لەبەرامبەر یاسادا. ئەمەیش هەروەکو روونە کەمترە لەو مافانەی کەبەعسییەکان دانیان پیادانا، چونکە ئەوان بەراشکاوی دان بەبوونی گەلی کورد لەعێراقدا دەنێن و بڕوایان بەدانوستان هەبوو، دوا بڕگەی ئەو بەیانەی لەئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش، لە ١١/ ٣/ ١٩٦٣دا دەرچوو، کەدەڵێت:

(.. بۆیە ئەنجومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش دان بەمافی نەتەوەیی گەلی کورد، لەسەر بنەمای لامەرکەزی دەنێت و ئەم پرەنسیپە دەخرێتە ناو دەستووری کاتی و هەمیشەییەوە، لەکاتی داڕشتنیدا، هەروەها لیژنەیەکی پسپۆڕ پێکدێت بۆ دانانی هێڵە سەرەکییەکانی لامەرکەزی. نەك تەنیا ئەمە بەڵکو ئەو (مافە

نەتەوەیی)یەی لەلایەن موشیر عارفەوە دانی پیادانرا (بۆ برا کوردەکانی) گەلێ کەمترە لەوەی شاندی میللی پەسەندی کرد کەهات بۆ چوارقوڕنە بەمەبەستی دانوستان لەگەڵ بارزنیدا. ئەو شاندە لە ٧ی ماتی ١٩٦٣ دانی بەزۆر خاڵدا نا, لەوانە (داننان بەمافی نەتەوەیی گەلی کورد, لەسەر بنەمای ئیدارەی ئۆتۆنۆمی) ئەم دانپێدانانە لەدەستووری کاتیو هەمیشەییدا ئاماژەی پێدەکرێت لەکاتی داڕشتنیداو لەلایەن لیژنەی هاوبەشەوە شێوازی جێبەجێکردنی رون دەکرێتەوەو, خێرا پیادە دەکرێت.

سەرەڕای ئەو هەموو ئەو راستییانەی ئاماژەیان پێکرا, بەڕێز بارزانی سوورە لەسەر رێکەوتنی لەگەڵ موشیر عارفدا, کەبەدیهێنانی هەموو ئەو مافە نەتەوایەتییانەیە کەکورد داوایان دەکات, ئیتر ئەوەی فەرامۆش کردبێت یان بەئەنقەست لەبیری خۆی بردبێتەوە کەخۆی لەو بەیانەی ئیمزای کردبوو, دانی بەوەداناوە کەئەو مافانەی لەلایەن موشیی عارفەوە دانی پیادانراوە, مافی نەتەوەیی گەلی کورد نین, وەکو ئەوەی داوای دەکەین, بەڵکو مافی هاووڵاتیبوونو لایەنە نەتەوەییەکەی, لەوە تێناپەڕێت کەمافی بەکارهێنانی زمانی کوردییە لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا, هەروەکو نەتەوە کەمینەکان, یان کەسانی بیانی کەتایبەتمەندی کەیان تیادا نییەو نە خاوەنی نیشتمانێکی تایبەت بەخۆیانن, لەبەیانەکەی بەرزانیدا هاتووە (.. بەمەیش دەرفەتێك دەڕەخسێت بۆ داننان بەمافە نەتەوەییەکانی هاووڵاتییە

کوردەکان، لەچوارچێوەی گەلی عێراق لەیەکێتییەکی نیشتمانیداو ئەمەیش پشتگیرییەکە لەلایەن بارزانی سەرکردەی شۆڕش و سەرەکی حزبەوە، لەسۆنگەی بۆچوونی حکومەتەوە، سەبارەت بەوەی گەلێك هەیە بەناوی گەلی کورد لەعێراقداو ئەوەیش بۆچوونی سەرانی گەلی کوردە لەکیان و وولات و مافەکانی خۆیدا، لەو کاتەوە گەلەکەمان تووش بوو بەتووشیانەوە، ئەمەو لەکاتێکدا گەلەکەمان سوورە لەسەر چێژوەرگرتن لەمافە نەتەوایەتییە رەواکانی خۆی، لەچوارچێوەی ئۆتۆنۆمی لەناو کۆماری عێراقدا، ئەو بەردەیە کەهەموو دانوستانە پێشووەکانی لەسەروردو خاش بوو، کە لەکاتێکدا ئەنجام دەدران کەهەلومەرجی ئەو حکومەتانە، جیاواز بوو لەهەڵوێستی حکومەتی ئێستا، لەرووی لاوازییەوە، کە بەڕوونی ئەو ستەمە دەردەکەوێت کەبەر گەلەکەمان و بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی کەوتووە، بەهۆی رێکەوتنی موشیر ـ بارزانییەوە.

**مافە دیموکراتییەکان و رێکەوتنەکە**

هەموان دەزانن کەدووەم خواستی سەرەکیی شۆڕشەکەمان، لەپابەندبوونی حزب و گەلەکەمانەوە سەرچاوە دەگرێت، لەسەر بنەمای پرەنسیپێکی راست و بەرژەوەندیی راستەقینەی گەل، سازش پەسەند ناکەن لەسەر (بەرپاکردنی رژێمێکی دیموکراتی پەرلەمانی راست کەئازادی و ئاسایش و مافە دیموکراتی و سیاسییەکان بۆ رۆڵەکانی گەلی عێراق دابین بکات).

سیستمی دیموکراسی راست کە لەسەر بنەمای ویستی گەل‌و بەرگریی لەمافەکانی‌و بەرژەوەندییەکانی کەگەورەترین بواری بۆ دەرەخسێت بۆ ئەوەی خۆی دەسەلاتی خۆی بەڕێوە ببات, وێڕای ئەوەی باشترین جۆری دەسەلاتە بۆ عێراق لەم قۆناغەی ئێستادا, و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان, بەهێزترین زامنن بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانن مافی نەتەوەیی‌و دیموکراسی, بەبەردەوامی پراکیتزە بکەن‌و بۆ ئەوەی پەیوەندیی برایانە لەنێوان هەردوو گەلی کوردو عەرەبدا بەهێز بکەن, کەگەشەکردن بەرەو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییە رەواکان زامن بکات, بەلام لابردنی ئامانجی سەرەکی لەئامانجەکانی شۆڕش‌و خواستە گرنگەکەی گەل لەخواستەکانی گەلی عێراق بەهێند وەنەگیرا لەدانوستانەکەداو سەرۆکی شاندی حکومەت, هەر کەناوی دیموکراسی برا, ئیتر هەڵچووو هەندێ وشەی ناشیرینی بەزماندا هات, کەئێمە رێگە بەخۆمان نادەین لێرەدا بیگێڕینەوە. ئەمەمان بەلاوە سەیر نییە, چونکە هێرش بردنە سەر ئازادی‌و مافی دیموکراتی بەگشتی‌و سەر حزب‌و ئازادیی حزبی بەشێوەیەکی تایبەتی, تا ئێستایش بابەتی سەرەکییە لەوتاری بەرپرسان‌و راگەیاندنەکانیاندا, تا دەگاتە ئەرکی دامودەزگاکانی پروپاگەندە لەرژێمی دیکتاتۆریی‌و تاکرەویی سەرەك عارفدا.

سەرۆك خۆیشی لەبۆنەو لەکاتی دیکەدا, باس لەو دژایەتیکردنی ژیانی دیموکراسی حزبی دەکات, بۆ نموونە ئاماژە

بەڕاگەیاندنەکەی دەکەین بۆ ڕۆژنامەی (الجمهورية) لەقاهیرە لەکۆتایی شوباتی ڕابردوودا, کەتیایدا ڕایگەیاند, نایەوێت گوێ لەگێڕانەوەی چالاکی حزبیی لەعێراقدا بگرێتو, عێراق زۆری نالاند بەدەستی سیاسەتی حزبایەتییەوەو, بارزانی ئەو بۆچوونەی پەسەندکرد لەڕاگەیاندنیدا بۆ ژمارەیەك لەڕۆژنامەوانان, کەگوتی ئەو پشتگیریی دەکات لەهەڵوەشاندنەوەی حزبەکان, گوایە ئەوە بەرژەوەندیی وڵاتو ئامانجە نیشتمانییەکان زامن دەکات.

ئەم هەڵوێستەی بارزانی دژی ئازادیو دیموکرایەتی دژیانی حزبییە, لەکاتێکدا داوا لەتاقمە هەوادارەکانی دەکات کە (بگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیانو سەرقاڵی کاری خۆیان بن) ئەمەیش وەکو نەهێشتنی خەباتە بۆ ڕزگاریی گەلی کورد بەشێوە سیاسییە مێژووییەکەی حزبمان کە لە ٤ ـ ٩/ ٤/ ١٩٦٤دا بەسترا, تیایدا هاتووە: (ڕازیبوونی مەلا مستەفا بەبۆچوونی حکومەت, سەبارەت بەهەڵوێستی دژمنکارانەی بۆ مافەکانو ئازادییە دیموکراتییەکانو ژیانی حزبایەتی لەوڵاتدا, بەڕوونی دیارە کەکۆتایی هێنانی بەشۆڕش گورزێکی کوشندەیە ئاراستەی حزبەکەمان دەکرێتو هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەلەکەمانی لاوازر دەکاتو بێ بەریی دەکات لەپێشەنگە دیموکراسییە ڕووناکبیرەکەیو بزاڤی دیموکراسی لەعێراقدا, بەشێوەیەکی گشتی لاواز دەکاتو چەمکی دیکتاتۆریی تاکڕەویی بەهێز دەکات بەلای فەرمانڕەوا نوێکانەوەو شۆڤێنزمی عەرەبیو

کۆنەپەرەستی کوردو رەزامەندیی بارزانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ژیای حزبایەتی هەڵدەوەشێنێتەوەو, ئەوە رازیبوونە بەبۆچوونی عارف سەبارەت بەبیرۆکەی (کاری یەکگرتووی نەتەوەیی) لەیەك رێکخستنی شۆڕشگێردا, کەهەموو هێزو لایەنەکانی ئاوێنە ببن بۆ تەبایی لەگەڵ گەلی عەرەب لەهەموو شوێنێكو گونجاوبێت لەگەڵ رێکخستنە نیشتمانپەروەرییەکانی لەوڵاتە عەرەبییەکاندا کەدەبێ هەموویان لەیەك بزاڤی عەرەبیدا کۆببنەوە.

هەروەکو لەراگەیاندنی سەرەك عارفدا هاتووەو لەرۆژنامەی (الجمهورية)ی عێراقیدا لە ٩/ ٢/ ١٩٦٤دا بلاوکرایەوە کەسابەرت بەراگەیاندنی (یەکڕیزیی نەتەوەیی دەتوانێت عێراق لەپیلانی ئاژاوە گێڕانو چاوچنۆکانی بپارێزێتو تەنیا رێگەیە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاواتانەی نەتەوەیی عەرەب کەعێراق چاوەڕوانی دەکات, ئەمەو کۆمیتەی ناوەندیی حزبمان پێشتر بەبڕیارێك لە ٦ ـ ٩/ ٣/ ١٩٦٤داو ئەم بیرۆکەیەی رەتکردبووەوە, کەئەمە دەقەکەیەتی:

(بیرۆکەی ئاوێتەکردنی حزبو رێکخراوە سیاسییەکان لەعێراقدا لەناو رێکخراوێکی نەتەوەیی عەرەبیدا, بەتەواوی لەگەڵ هەلومەرجی ئێستاو ویستی جەماوەرداو لەگەڵ گەشەسەندنی بزاڤی نیشتمانیو دیموکراسی لەعێراقی عەرەبیو کوردستاندا ناگونجێت, هەروەها بەمانای نەهێشتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردو پێشەنگەکەی پارتی دیموکراتی کوردستانە, وێرای ئەوەی

بیرۆکەیـەکی کۆنەپەرسـتانەیە، بـۆ پـشتگیریی کـردن لەدەسـەلاَتی دیکتـاتۆری‌و دژایـەتیکردنی رژێمـی دیموکراسـی پـەرلـەمانی، بۆیـە پـارتی دژی ئـەم بیرۆکەیـە دەوەسـتێتەوەو بـڕوای تـەواوی خـۆی رادەگەیـەنێت، کەرێگـەی راسـت بـۆ یـەکگرتنی هێـزە نیـشتمانی‌و دیموکراسـییەکان‌و کۆکردنـەوەیان، رێگـەی بـەرەی یـەکێتی نیشتمانییە، نەك رێگەی کاری یەکگرتووی نەتەوەیی).

**خواستە لاوەکییەکان‌و رێکەوتنەکە**

ئەوەی دەرمانخست، هەموو ئەو خالاَنە نییە لەرێکەوتنەکەی موشیر ـ بارزانیدا هاتووە لەستەمکاری‌و پێشێلکردنی مافەکانمان، خواستە لاوەکییەکانی وەکو قەرەبووکردنەوەو بەردانی زیندانییان کـەبارزانی لەدانوسـتانەکانی لەگـەڵ حکومەتـدا بایـەخی زۆرتـری پێـدەدان، ئـەم داخوازییانـەش وەکـو پێویـست کاریـان بـۆ نـەکرا، لەکاتێکـدا ئـەوە روون بـوو کەئـەم بابەتـە لاوەکییانـە، نـاکرێ ناوئـاخنی خواسـتەکانی شـۆڕش بکـرێن، چـونکە گـرتن‌و زیـان لێکـەوتن، دوای شـۆڕش روویـان داوەو بەهۆیـەوەو دەبـێ ژیـانی ئاسایی بگەڕێنرێتەوەو بڕیاری لێبوردنی گشتی دەربکرێت‌و هـەر کـارێکی دیکـەی لـەو جـۆرە، کەپاسـاوی بوونیـان لەدەسـت دەدەن، تـەنیا بـەدەرکردنی یاسـا. لەگـەڵ ئـەوەدا، وێـرای رەتبـوونی زیـاتر لـەدوو مـانگ بەسـەر ئیمزاکردنـی رێکەوتننامەکـە، هێـشتا هـەزاران لەرۆڵـەکانی گەلەکـەمان لەزیندانەکانـدان‌و تـا ئێـستا دەسـت بەسەراگرتنی سامانی تاوانباران لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان

ماوەو هێشتا هەزاران خێزانی کورد سەرگەردانن, لەکاتێکدا خێڵە عەرەبییە داگیرکەرەکان لەناو کێڵگەو سامانی خۆیاندان دوای ئەوەی زەوتیان کردو خاوەنەکانیان کوشت, بەر لەهەڵگیرسانی شەڕو دواتر, بەپێی ئەو سیاسەتەی حکومەت کە بەنیازە جوتیارە کوردەکان رابگوێزێت و خێڵە عەرەبەکان لەشوێنیان نیشتەجێ بکات, لەهەردوو پارێزگای کەرکوك و هەولێردا, تا ئێستا دەیان هەزار خەڵکی کەرکوك دەربەدەرن, دوای ئەوەی حکومەت خانووەکانیانی رووخاندو کە بەجۆرێ دەکران, نەیانتوانی هێندێ شتومەك دەربکەن کەبەشی بژێویی رۆژێکیان بکات, کارمەندو کرێکارە مەدەنییەکان و سەبازو پۆلیسە دەرکراوەکان و خانەنشینەکان و کرێکارە دەرکراوەکان بەهۆی شۆڕشی کوردستانەوە, رێژەی ئەوانەی گەڕاونەتەوە لە ١٠٪ زیاتر نییە لەکۆی چەندین هەزار کەس. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کەهەموو ئەم شتانە لەبەیانە حکومیەکەدا ئاماژەیان پێنەکراوە, نەك هەر ئەوە بەڵکو مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی زیانیان لێکەوتووە, حکومەت دانی پیادا نەناوە, تەنیا ئاماژە بەوە کراوە کە (لەگەڵ رەچاوکردنی قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی زیانیان لێکەوتووە) ئەم دەقەیش گەلێ جیاوازە لەو دەقەی لەبەیانەکەدا هاتووە, سەبارەت بەقەرەبووکردنەوەی (خاوەنی زەوییەکان کە بەهۆی بەنداوی دوکان و دەربەندیخانەوە زەوییەکانیان کەوتۆتە ژێر ئاوەوە, بەشێوەیەکی عادیلانە قەرەبوو بکرێنەوە). لەگەڵ

ئەوەیشدا, ئەم ئاماژەپێکردنە ئاشکرایە, سوودی نەبوو, چونکە هەنگاو نەنرا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی زیانیان لێکەوت, لەگەڵ ئەوەی هەردوو ناوچەی دوکان و دەربەندیخان تا ئێستایش لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی حکومەتدایەو هیچ پاساوێکیان بەدەستەوە نییە بۆ ئەو کەمتەرخەمی و پشتگوێ خستنەیان.

بەم جۆرە دەبینین کەرێکەوتنی موشیر ـ بارزانی, ئەگەرچی هیچ دەسکەوتێك بۆ کورد دابین ناکات, هەروەها یارمەتی ئەوەش نادات هەندێ لەباری قورسی سەرشانی زیان لێکەوتووەکانی و قوربانیانی شەڕە نەگریسەکە سووك ناکات.

## مادە گومان لێکراوەکە

سەرەڕای ئەوەی بەیانە حکومییەکە دانی بەهیچ یەکێك لەداخوازییە بنەڕەتییەکانی شۆڕشدا نەنا, داخوازییە پاشکۆو لاوەکییەکانی لەخۆ نەگرتبوو و زۆربەی ئەوەی لەبەیانەکەدا هاتبوو بەبێ جێبەجێ کردن ماوەتەوە تاوەکو ئێستا, لەبەیانەکەدا زۆر شت هەیە کەترس و گومان دەخوڵقێنێت بەلای رۆڵەکانی گەلی عێراقەوە, کەتیایدا هاتووە: (هەشتەم, رێوشوێن دەگیرێتە بەر بەجۆرێ کەئاسایش و ئارامی لەناوچەی باکووردا دابین بکات), مەبەست لەو رێوشوێنانە چییەو مەبەست لەو کەسانە کێیە, دوای ئەوەی حکومەت بڕیاری دا بەندکراوەکان و زیندانییەکان بەهۆی رووداوەکانی باکوورەوە ئازاد بکرێن و بڕیاری لێبوردنی گشتییان

بۆ دەربکرێت؟! ئەوەی زیاتر ترس و گومان لەم بارەوە دروست دەکات ئەو ئاماژە کردنەی بارزانییە بۆ سەر مەسەلەی دابینکردنی ئاسایش و ئارامی لەناوچەکەدا, لەبانگەوازەکەیدا هاتووە (با هەمووان بزانن کەسەروەریی یاساو دابینکردنی ئاسایش و ئارامی لەناوچەکەدا, هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات, هەرچەندە دژواریش بن) ئەم رستەیە کە لەگەڵ بۆچوونی ئەوانەدا یەکدەگرێتەوە کەخۆیان بەپارێزەری یاساو چاوساغی گەل دادەنێن, زیاتر لەیەکگرتنەوەی لەگەڵ راوبۆچونی سەرکردەی شۆڕشی نیشتمانی ئازادیخواز لەئامانجە سەرەکییەکانی دانانی بیرۆکەی نوێی پێشکەوتخواز بۆ دەستەواژەی سەروەریی یاساو دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بەبیرۆکەی (پارێزگاریی لەبارودۆخی هەنووکەیی لەولاتدا), ئەم ترس و گومانانە جێگیر دەکات, بەتایبەتی کەئەزموونی گەلەکەمان و گەلانی دیکە فێری ئەوەیان کردووین لەناوەڕۆکی دەستەواژەکانی (رێوشوێنی دابینکەر بۆ گێڕانەوەی ئاسایش و ئارامی)و (سەروەریی یاسا) تێبگەین, لەبۆچوونی ئەو فەرمانڕەوایانەی سەر بەگۆبەنن و ئەوەی حکومەتی ئێستا دەستی داوەتێ لەچەوساندنەوەی توندی کەسایەتییە نیشتمانپەروەرو دیموکراسیخوازەکان و خەفەکردنی ئازادیی گەل و مافەکانی, هەموو کاری دژ بەجاڕنامەی مافی مرۆڤن, هەموو ئەوانە نموونەیەکی زیندوومان دەدەنێ لەوەی نەیارانی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی و داگیرکەران کەئێستا لەناوچە

رزگارکراوەکانی کوردستاندا دەژین بەتایبەتی و جەماوەری گەلی کورد بەشێوەیەکی گشتی لەرێوشوێنی تۆڵە سەندنەوەی توند لەژێر پەردەی (دابینکردنی ئاسایش و ئارامی)و ئەوەی داگیرکەرە ستەمکارەکان لەسەری راهاتوون وەکو پاساوێك بۆ ستەم و توندوتیژییان.

سەرەتای سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان حزب و بارزانی سەبارەت بەجێبەجێ کردنی رێکەوتننامەکە ئەو رێکەوتننامەیەی نێوان حکومەت و بارزانی، لەدیدی حزبەوە، هەروەکو لەسەرەتاوە راگەیەنرا لەبەیانە حکومییەکەدا هات بەتەنیا بەڵێن بوو، بەوەی هەندێ رێوشوێنی سەرەتایی بگرنەبەر بۆ ئاسایی کردنەوەی کەش و هەوا لەگەڵ گێڕانەوەی متمانەی لەدەست چوو لەنێوان هەردوولادا. لەسەر ئەم بنەمایە، حزبمان پێشوازیی گەرمی لێکردو بەهەنگاوێکی پیرۆزی دانا، لەپێناوی ئەوەی پێشترو ئێستا خەباتی بۆ دەکەین و بڕوامان پێی هەیە کەئەویش ئەوەیە دەبێ بەرێگەچارەیەکی دیموکراتی عادیلانە بگەین، بۆ کێشە نەتەوایەتییەکەمان، بەرێگەیەکی ئاشتیخوازانەی برایانە. بەڵام حزب بەپارێزەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەو گەشبینییە کرد، لەئاکامی ئەزموونەکانی پێشووی و بەهۆی رەفتاری سیاسی سەرانی بزاڤی ١٤ی رەمەزان لەبەرامبەر یەکدیداو بەهۆی رۆڵی حکومەتی (عارفی بەعسی) کەپابەند بوو بەبەڵێنەکانی و دانوستانی راگرت و شەڕی دەست پێکردەوە، بەبێ ئاگادارکردنەوە، لەماوەی راگرتنی شەڕ بۆ

یەکەمجار, لەسەر ئەم بنەمایە حزب بڕیاری دابوو کەهەستانمان بەبەردانی دیلەکانی حکومەت ئەم جارە, دوای دڵنیابوون لەوەی لایەنی دووەم بەڵێنەکانی خۆی بەدیهێنابێت‌و لەنیازی پاکەوە بۆ گەیشتن بەرێگەچارەی ئاشتیخوازانەی کێشەکە, بەڵام لەپڕ ئەم برووسکەیەمان لەبارزانییەوە پێگەیشت:

برووسکەی ژمارە (٣٤) لە ٢١/ ٢/ ١٩٦٤

بۆ پیرمام‌و هەموو بارەگاکان

لەبارزانییەوە

پێویستە هەموو دیلەکانی حکومەت‌و مەدەنییە بەندکراوەکان بەهۆی شۆڕشەوە بەربدرێن بەبێ هیچ مەرجێك. لەگەیشتنی ئەم برووسکەیە ئاگادارمان بکەنەوەو یەکسەر جێبەجێ بکەن.

سەبارەت بەم دەقە روونەو لەترسی ئەوەی نەبێتە هۆی ناکۆکی, مەکتەبی سیاسی دەستی کرد بەجێیەجێ کردنی داواکارییەکە, ئەگەرچی دەیزانی کەدۆخەکە ترسناکەو رەنگە بکەونە هەمان هەڵەی جاری پێشووەوە, لەماوەیەکی کەمتر لەیەکساڵ‌و, بەم شێوەیە هەموو دیل‌و گیراوەکانمان بەردا کە بەهۆی شۆڕشەوە گیرابوون, لەکاتێکدا حکومەت نیوەی ئەو ژمارەیەشی بەرنەدا بوو لەنێوان هەزاران لەزیندانییەکانی لای خۆی لەرۆڵەکانی کوردستان, لەگەڵ ئەوەیشدا, ئێمە ئەوانەمان بەپاساو نەهێنایەوە چونکە گەلەکەمان نیازی پاکەو لێبووردنی

زۆرە, بەلام رووداوەکان دەریانخست کەئەوەی پێی هەستاین لەگێڕانەوەی ئەزموونەکە شتێك نەبوو, بەبەروارد لەگەڵ ئەوەی کەئێمە داوای جێبەجێ کردنیمان دەدا, لەهەلومەرجی نوێ لەکۆتایی مانگی شوبات, حکومەت داوای لەتاقمە هەوادارەکان کرد هەندێ لەشوێنەکانی خۆیان چۆڵ بکەن, بۆ گەڕانەوەی دەسەلاتی حکومەتو فەرمانگەکان, کەئەمەیش هەستی یەکێك لەبەرپرسانی لقەکان کرد بەناوی میدیا کەبرووسکەیەك بۆ هێزەکەی خۆی بنێرێت لە ١/ ٣, تیادا داوای دەکرد کەرێگە بەحکومەت نەدەن بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچانەی کەرزگارکردنیان قوربانی زۆری لێکەوتەوەو بەرگریی باشی لێکرا, تا ئەوەی ئامانجەکانی شۆڕشەکەمان بەدیبێتو حکومەت پابەندی هەموو بەڵێنەکانی خۆی ببێت. ئەو بەرپرسەوێنەی ئەم برووسکەی نارد بۆ بەڕێز بارزانی, بەپێچەوانەی رێورەسمی باوو ئێمە پێمانوایە دەبوا هەستی نیشتمانی خۆی دەربڕێت. بەلام وەلامی بارزانی گەلێ توندو سەیر بوو, ئەوەبوو لە ١/ ٣/ ١٩٦٤ دا, برووسکەی ژمارە(٨٧) مان بەدەست گەیشت:

بۆ/ میدیا ـ پیرمام بۆ هەمان مەبەست خێرا

لە/ بارزانی مستەفاوە

برووسکەتان ژمارە (١٢٨) لە ٣/١

١ـ ئەگەر هێزەکانی حکومەتویستیان بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لەژێر کۆنترۆڵی ئێوەدان دەبێ ڕێگەیان پێبدەن.

٢ ـ کاتێ هێزی حکومەت دێنەوە بۆ ناوچەکانتان دەبێ شوێنیان بۆ چۆڵ بکەنو بۆ دواوە پاشەکشێ بکەن.

٣ ـ ئەگەر نەتانتوانی لەشێونی خۆتاندا بمێننەوە, ئەوا دەتوانن بۆ ئەو شوێنەی من لەوێم, پاشەکشی بکەن.

٤ ـ هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان ئێوەو حکومەتدا, بەمانای هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان منو ئێوەدایە.

ئەوەی لەم برووسکەیە ترسناکەدا مرۆڤ سەرسام دەکات ئەوەیە بەجفر ڕەوانەی مەکتەبی سیاسی کرا, کەهەموو ڕاڤەکردنێك بۆ ڕاستیی مەبەستی نێرەر بەدرۆ دەخاتەوە, لەهەمان ڕۆژدا لەبارزانییەوە, دووەم برووسکە گەیشت!

بۆ/ پیرمام ـ پارێزگاری سلێمانی
ژمارە/ ٨٩
لە/ بارزانی مستەفاوە
ڕۆژ/ ٢/ ٣/ ١٩٦٤

لەخوارەوە برووسکەی پارێزگاری سلێمانی ژمارە (ـ) لە ٣/١ تان بۆ دەنێرین کەئاراستە کراوە بۆویستگەی بارزانی, تکایە با مەلا مستەفا فەرمان دەربکات بۆ بەرپرسی ناوچەی هەڵەبجە تاریق ئەحمەد کەدەبێ فەرمانەکان بگەیەنێتو کێشە نەورووژێنێت, ئێمە

سووورین لەسەر دووبارە دانانی فەرمانگەکان لەشارو شارۆچکەکانو، وردەوردە بارودۆخەکە ئاسایی بکەینەوەو کێشەی خەڵکی چارەسەر بکەین، هیوادارم هەموان لەوە ئاگادار بکرێنەوە. داوا دەکەین لێکۆڵینەوەی تەواو لەو بابەتەدا بکرێتو لەئاکامەکەی ئاگادارمان بکەنەوە بەزووترین کات بۆ سزادانی ئەوانەی ئاژاوەو کێشە دروست دەکەنو تاریق ئەحمەد دەستگیر بکرێت، تا لێکۆڵینەوە کۆتایی دێت. لەگەیشتنی برووسکەکە ئاگادارمان بکەنەوەو خێرا جێبەجێ بکەن.

**بارزانی مستەفا**

لەگەڵ گەیشتنی ئەم برووسکانە کەبریتیی بوون لە (گێڕانەوەی ناوچە رزگارکراوەکان بۆ دەسەڵاتی حکومەت بەبێ هیچ مەرجێك) کەئەمەیش حزب پێی زای نابێت، بەبێ ئەوەی لایەنی حکومەت مەرجەکانی راگرتنی شەڕ بەتەواوی جێبەجێ نەکاتو بەر لەوەی گەلەکەمان مافە نەتەوەییە رەواکانی خۆی بەدەست بهێنێت، بۆیە بڕیاردرا چەند ئەندامێکی مەکتەیی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندی بنێرن بۆ سەنگەسەر بۆ چاوپێکەوتنی بارزانیو باسکردن لەگەڵیدا لەنزیکەوە، بۆ ئەوەی هیچ ناکۆکییەك لەنێوان هەردوولا، لەم قۆناغەدا پەیدا نەبێت، کەتەنیا دوژمنانی کوردو کوردستان سوودی لێوەر دەگرن. لەسەر ئەم بنەمایە، شاندی حزب بۆ قەڵادزێ رۆیشتو پەیوەندییان

بەمستەفا بارزانییەوە کردو ئەمەی خوارەوە, بەکورتی ئاماژەیە بەو باسوخواسەی لەنێوانیاندا ئەنجام درا.

### هۆکانی ناکۆکی

شاندی حزب کە لە (٦) ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و لیژنەی مەرکەزی پێکهات, هەڵوێستی گشتیی حزبیان بۆ مەلا مستەفا روون کردنەوە, بەراشکاوی لەمەڕ رێکەوتنەکەو ئەو مەترسییانەیان بۆ دەرخست کە بەلای رۆڵەکانی گەلی کوردەوە دروستی دەکات کەئەو بڕوای تەواوی بەدەسەڵات هەیە, لەکاتێکدا رژێم تا ئێستا نیازپاکی خۆی بەکردەوە دەرنەبڕیوە, دواتر شاندەکە ئەو زیانە مادی‌و مەعنەوییانەی روون کردەوە کە بەهۆی جێبەجێ کردنی ئەو برووسکانەوە پەیدا دەبێت, کەداوا دەکەن ناوچە رزگارکراوەکان چۆڵ بکرێن‌و بدرێنەوە بەهێزەکانی حکومەت‌و دەریانخست کەئەو بەیانەی حکومەت لەبەر ئەوەی هیچ گەرەنتییەکی تێدا نییە کەمانەوەی ئەو ناوچانە بەدەستمانەوە هێندە ترسناک بێت, تا بەوردی تەماشای ئەو دەقە بکرێت کەپەیوەندیی بەمافی نەتەوەیی گەلی کوردەوە هەیە, لەدەستووری کاتیدا, لەگەڵ روون کردنەوەی ئەوەی لایەنێك لەهەردوو لایەنی رێکەوتنەکە پابەند بێت ئەوە ئەقڵ پەسەندی ناکات‌و دەبوا ئەو دەقە کاتێ داڕێژرایە کەهەردوولا لەسەری رێکبەوتنایەو, هەروەها وەفدەکە داوای لێکرد تا زووە فریا بکەوێت‌و بەر لەوەی حکومەت

بمانخاته بەرامبەر ئەمری واقیعەوەو کێشەکان ئاڵۆزتر بن. بەڵام بارزانی گوێی بەبۆچوونی شاندەکە نەداو سووربوو لەسەر راوبۆچوونی خۆی، کەبریتیی بوو لە:

١ــ ئــەو بەیانــە حکومیــەو ئــەو بانگــەوازەی لەلایــەن ئــەوەوە دەرچووە، لەسەری رێکەوتوون و هیچ دەقێکی نهێنی لەئارادا نییە.

٢ـ بۆیە رێکەوتنەکە تەنیا راگرتنی شەڕ نییە، بەڵکو ئاستکردنی تەواوی کێشەو داواکارییەکانە کەشۆڕش لەپێناویدا بەرپا بووە.

٣ــ بــەوەی ســەرکردەی گــشتیی شۆڕشــەو ســەرۆکی پــارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری گەلی کوردە، بەڵێنی بەحکومەت داوە هــەموو ناوچــەکان چــۆڵ بکــات و رێگــە بەئیــدارەکان بــدات بگەڕێنــەوەو پابەنــد دەبێــت بەبەڵێنــەکانی و هەڕەشــەکانی حــزب جێبەجێ دەکات بەبەرکارهێنانی هێز لەدژی، ئەگەر هاتوو دژی ئەو رێوشوێنانە وەستایەوە.

شاندەکە بۆی روون کردەوە کەدەبوا مل بەو رێوشوێنانە نەدات کەزیان بەبەرژەوەندی شۆڕش دەگەیەنێت، ئەویش وەڵامی دایەوە کەدەسەڵاتی تەواوی بەدەستەوەیە پێی وایە ئەو کارە سوودی دەبێت و مەترسی لەوەدا نییە ئیدارەکان بگەڕێنەوە لەگەڵ چەند کارمەندو پۆلیسێك بۆ شارو شارۆچکەکان و، کاتێ تێگەیشت کەزیان بەناوی دەگات بەهۆی جێبەجێ نەکردنی بەڵێنەکەیەوە کە بەحکومەتی دابوو، ئەوە شتێك نییە بەپێوەر وەربگیرێت بۆ زڕاندنی ناوی بەهۆی پابەندبوونی بەو بەڵێنەوە، ووتی باشە

هەرچی ئەڵێن با بڵێن و چۆن ناوم دەبەن با بیبەن, من گوێی پێ نادەم. کاتێ شاندەکە بۆیان روون کردەوە کەگەڕانەوەی فەرمانگەکان بۆ شارو شارۆچکەکان و گەڕانەوەی پۆلیس بۆ پاسگەکان لەگەڵ مانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەناوچەکە, نیگەرانی دروست دەکات کەئەویش دەبێتە هۆی رووداني پێکدادانی چەکدارانە لەنێوان هەردوولادا, لەلایەك و ئەوەی خەڵکەکە گیرۆدەی کێشەی زۆر دەبن, بەهۆی ئەو پێکدادانەوە, بەهۆی بوونی دوو هێزی دژ بەیەکدی, کەهەریەکەیان دەیەوێت بالادەستی خۆی بنوێنێت, بۆ ئەمەیش لەوەلامدا ووتی: پێشتر ئەم کێشانەی بەتەبایی لەگەڵ حکومەتدا چارەسەر کردووە کەرازی بووە لەسەر کۆکردنەوەی هەموو هێزی پێشمەرگە لەچەند مەڵبەندێکی دیاریکراوداو چادرو خواردن و هەموو پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکرێت, تا ئەو کاتەی بەشێوەیکی کۆتایی بڕیار لەسەر چارەنووسیان دەدرێت. بەڵام کاتێ شاندەکە ناڕەزامەندییان سەبارەت بەم خاڵە دەربڕی, بەوەی لەناوبردنی هێزی پێشمەرگەیەو دەکەونە بەر بەزەیی حکومەت و شۆڕش لەناو دەچێت بەوەی چەك دەکرێن کەتائێستا تەنیا زامنە بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی گەل و ئامانجەکانی شۆڕش, دووبارە بارزانی گەڕایەوە سەر ئەوەی کەئەو بالا دەستترینە بەوەی فەرمانذەی شۆڕش و سەرۆکی حزب و نوێنەری گەلی کوردە, بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکات کەفەرمانذەی شۆڕش بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ

راوبۆچوونی فەرماندەکانی و سەرۆك حزب کەهەموو شتێك هەڵبوەشێنێتەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی و نوێنەری گەل کەدژی بەرژوەندییە راستەقینەکانی گەلەکەی بجووڵێتەوە, ئەوا بێگومان خۆی دەخاتە بەراوێزەوەو پەیوەندی بەشۆڕش و حزب و گەلەوە سست دەکات.

کاتێ شاندەکە بینیان کەئەو سووربوونە سەیرەی مەلا مستەفا لەسەر هەڵوێستی روونی و هەڵەو ترسناکی خۆی و پرسیاریان لێی کرد کەبۆچی ئەو رێکەوتننامەیەی پەسەند کردو پاساوی چی بووە بۆی, گوتی دوو هۆی هەبووە: یەکەم گەلی کورد چیتر بەرگەی باری قورسی شۆڕش ناگرێت و, دووەم ئەوەیە کەحکومەتیش چیتر بەرگەی ئەو دۆخە ناگرێت و, کاتێ شاندەکە مەترسی ئەو لێکدانەوەی هۆکاری یەکەمیان بۆی روون کردەوە, ئەگەرچی راستیش بێت دوو شت هەیە کەکاریگەریی کەم دەکاتەوە, ئەوەیە کەحکومەت بێ توانایەو بەرگەی شەڕی قورس ناگرێت و ئەوە نابێت بەراورد بکرێت بەوەی ژمارەیەکی کەم لەگەلەکەمان لەپێناوی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان ورەیان بەرداوەو, دووەم ئەوەیە کەئەو کوێرەوەرییانەی تووشی گەلەکەمان بووە, بەهۆی شۆڕشەوە ئەگەرچی زۆریش بێت, بەڵام لەچاووزەی شۆڕشگێری و ئارەزووی رزگاربوون و بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکاندا بەراورد ناکرێن, لەگەڵ ئەوەدا کەئارەزووی ئاشتی دەکەین کەئامانجەکانمان بەئاشتی دەستەبەر بکەین, بەڵام

گەلەکەمان ئامادەیە درێژە بەخەباتی خۆی بدات بۆ چەندین ساڵی دیکەو رێگە بەهیچ هێزێك نادات لەجیهاندا بێبەری بکات لەبەری ماندووبوونی چەند ساڵەی خۆی, ئەوەی کەگەلەکەمان داوای ئاشتی دەکات بەمانای خۆ بەدەستەوە دان نییە, دروشمی (کوردستان یان نەمان) تەنیا هێزی پێشمەرگە ناگرێتەوە, بەڵکو بووە بەدروشمی هەموو هاوولاتییانی کوردستان.

شاندە حزبییەکە بارزانییان لەجیاوازیی نێوان هۆی یەکەم و هۆی دووەم ئاگادار کردەوە کەببنە پاساوێك بۆ پەسەندکردنی رێکەوتننامەکە, چونکە دووەمیان دەبێت بەهۆکاری رەتکردنەوەی وەها رێکەوتننامەیەك, نەك هۆکاری پەسەندکردنی.

لاوازیی حکومەت لەبەرژەوەندیی ئێمەیە, بەلام بارزانی پەنای بردە بەر روون کردنەوەی ئەم خاڵە دژوارە, بەڵکو ویستی لەشاندەکە بگەیەنێت کە لەبەرژەوەندیمانە درێژە بەشۆڕش نەدەین و لەهەمانکاتدا وای دەرنەخەین کەشکاوین بەپەسەنکردنی بۆچوونی لەوەی هیچ دانوستانێك نەکرێت و واز لەمافی دیاریکردنی چارەنووس بهێنین.

هەرچەندە شاندەکە هەوڵی دا, بەلام نەیتوانی لەوە بگات کەحیکمەت چییە لەدرێژە نەدان بەخەبات لەدژی دوژمنەکەو لەنێوان شکستداو نە بۆ ئەو نهێنییەی لەپشتی پەسەندکردنی وەها بۆ چوونێك, کەحیساب بۆ مافی گەلەکەمان و خوێنی شەهیدانمان نەکرێت, تەنیا لەبەر ئەوەی دوژمنە نازدارەکەمان

تووشی پەروایی نەبێت؟ ئەمەو دوای ئەوەی شاندی حکومەت ناکام بوو لەوەی بگەن بەڕێگەچارەیەکی گونجاو لەگەڵ مەلا مستەفا سەبارەت بەم کێشەیەو ئەو کێشانەی لەنێوان ئەوو حزبدا هەبوو و بۆ قۆستنەوەی دەرفەتی مانەوەی وەفد لەقەڵادزێ لەژێر چاودێریدا بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی خراپەکاری کەئەو بەڵێنەی دابووی بەحکومەت وای دەخواستو, لەبەر ئەوەی بارزانی ئەو پرۆژە راستکراوەیەی پەسەند نەکرد کەشاندەکە ئامادەی کردبوو, لەسەر داوای ئەو, بۆیە شاندەکە قەڵادزێیان بەجێ هێشتو ئەوەیان دانا بۆ کۆنفراسی حزب کەتیایدا باسی رێکەوتنی موشیر - بارزانی بکرێت.

## رازی ئەوەی بارزانی دەسەڵاتی فەرماندەی گشتیی شۆڕشی هەبوو دوای راگەیاندنی کۆتایی هێنان بەشۆڕش

سەرەڕای ئەوەی بارزانی, بەپێی ئەو بەیانە سەربازییانەو بەپێی ئەدەبیاتی حزب کەفەرماندەی گشتیی شۆڕش بوو, ئەم فەرماندەییە تیورییەکی پەتی بوو, یەکێك بوو لەرواڵەتەکانی مشوور خواردنی حزب بۆ ئەوەی شۆڕش وەکو بزوتنەوەیەکی رێکخراوی یەکگرتوو بخاتە روو, ئەگینا رۆژێ لەرۆژان بارزانی هەوڵی ئەوەی نەدا ئەو بانگەوازەی پیادە بکات کە (براکانی بگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونیانو سەرقاڵی کاری رۆژانەی خۆیان بن)و رۆژێ لەرۆژان وەکو فەرماندەی گشتیی مامەڵەی

لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا نەکردو تا ئەوسا ئاگاداری هیچ شتێك نەبوو, سەبارەت بەژمارەی ئەو هێزانەو تفاقو دەرەتانو جموجۆڵو سەرکردەو قارەمانەکانیان زانیاری نەبوو. ئەرکی رێکخستنو ئاراستەکردنی جەماوەرو بەرێوەبردنی ئەم هێزانە راستەوخۆ کەوتە ئەستۆی حزب, هەر لەو کاتەوە هێزێکی بچووك بوو تا ئەوەی بوو بەسوپایەکی گەورە کەهەزاران چەکداری هەبوو. ئەگەرچی لەو کاتەی کەبارزانی هەڵیبژارد بۆ ئەوەی ببێت بەفەرماندەی گشتیی, خۆی بەسە بۆ دەرخستنی هۆی ئەم دەستێوەردانەو هاندەری سەرەکیی بوو, بەڵام ئێمە دەمانەوێت بەشێوەیەکی روونتر ئەو رازە روون بکەینەوە, کە لەپشتی ئەم کودەتا سەربازییەوە بوو کەبارزانی ئەنجامی داو ناوو ئەو پۆستەی قۆستەوە کەحزب بۆی داهێنا, لەرێگەی چەندین ساڵ لەپروپاگەندەی چڕوپڕ, کەژمارەیەکی کەم لەئەفسەری دووڕوو و شکست خواردەی سوپاو پۆلیس یارمەتییان داوەو, کە لەهەڵوێستی بارزانی بەلای حکومەتدا, بەرژەوەندییە تایبەتییەکان دابین دەکات. هەروەها ناوو ناوبانگی بارزانی باشترین پەردە بوو بۆ کەسانی ترسنۆكو شکست خواردوو بۆ شاردنەوەی گەڕانەوەیان بۆ ئاخوڕەکانیان, بەرزگاربوون لەخەباتی چەکدارانەو بارودۆخە ترسناکەکەیو کوێرەوەریو گەڕانەوە بۆ ئامێزی خۆشگوزەرانیو گەندەڵی کەپێشتر لێی بێبەری بووبوون کەنەیاندەتوانی بەدوای بەرژەوەندیی خۆیاندا بڕۆن بەهۆی

مەترسیی بەعسی فاشیزمەوە کە بەبێ جیاوازی هەموو گەلی کوردی گرتبووەوەو تەنانەت ئەوانەیشی ناچار کردبوو پەنا بەناوچە ئازادکراوەکان ببەن، کەفریان بەشۆڕشەوە نەبوو.

پێشتر ناکۆکی نێوان حزبو پارتیمان سەبارەت بەرێکەوتننامەی موشیر ـ بارزانی بەگشتی باسمان کردو، هەروەها سەبارەت بەچۆڵکردنی ناوچە ئازادکراوەکانو گێڕانەوەیان بۆ رژێم بەتایبەتیو لەبەر ئەوەی ئەم ناکۆکییە پەیوەندیی راستەوخۆی بەبابەتەکەوە هەیە بۆیە لێرەدا هەندێ لەو بروسکانە دەهێنینەوە کەپەردە لەسەر ئەو رازانە هەڵدەماڵن کەبارزانی کودەتای بەسەر حزبو شۆڕشدا کردووە.

بۆ/ پیرمام ژمارە/ ١٧٦

لە/ بارزانی مستەفاوە رۆژ/ ٢١/ ٣

١ـ ئەمە برووسکەی پارێزگاری سلێمانی (٢٤) لە ٢٣/ ٣یە کەئاراستەی ئێمە کراوە، پارێزگاری کەرکوك ئاگاداری کردین، کەپێشتر فەرمانبەرانی شارۆچکەی سەنگاو نێردران بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی فەرمانگەکان تیایدا، بەمەبەستی چاکسازیو ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە، بەڵام ئەوان رێگەیان نەداو، کاتێ نوێنەرتان مەحمود ئیسماعیل نێردرا بۆ سەنگاو، گەڕایەوە ئاگاداری کردین کەئیدارە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوێ، لەسەر فەرمانی

بەرپرسی ئەو ناوچەیە (کەمال موفتی)و تا ئێستا وەڵاممان بەدەست نەگەیشووە, بۆیە داواکارین کاری پێویست بکرێت.

٢ـ داواکارین کاری پێویست سەبارەت بەبروسکەکە بکرێتو لەوەرگرتنی بروسکەو جێبەجێ کردنی ئاگادارمان بکەنەوە.

ئیمزا بارزانی مستەفا

بۆ/ پیرمام ژمارە/ ١٧٧

لە/ بارزانی مستەفاوە رۆژ/ ٣/٢٢

ئەمەی خوارەوە برووسکەی پارێزگاری سلێمانی ژمارە (٢٥) ی ٣/٢٢ یە کەئاراستەمان کراوە.

١ـ دوابەدوای برووسکەمان ژمارە (٣٤) ی ٣/٢٢ داوا لەبراکەمان دەکەین فەرمان بدەن بۆ ئاسانکاری ئەرکی گەڕانەوەی کارمەندەکانی شارۆچکەی سەنگاو بۆ شوێنی کارەکانیان هەروەها داواکارین بەرپرسی ئەو ناوچەیە کەمال موفتی لەو ناوچەیە بکێشنەوەو ئاگادارمان بکەنەوە, تەواو.

٢ـ داواکارین کاری پێویست بکرێت, سەبارەت بەبرووسکەی سەرەوەو ئاگادارمان بکەنەوە لەوەرگرتنی برووسکەکەو خێرا جێبەجێ بکرێت.

ئیمزا بارزانی مستەفا

بۆ/ پیرمام - بارزانی - میران ژمارە/ ف

لە/ سەرکردایەتی هێزی رزگاری ڕۆژ/ ٢١/ ٣/ ١٩٦٤

ڕەئیس کەمال موفتی یەکێکە لەدڵسۆزانی گەلەکەمان، بەباشترین شێوە کارەکانی ئەنجام دەدات. پێشتر ئاگاداری بەڕێز بارزانیم کرد کەدەبێ جاش هەڵبوەشێنرێتەوەو کوردە ئیدارییەکان دابنرێن‌و پۆلیسی کورد بنێرن بۆ ئەوەی گەڕانەوەیان بۆ سەنگاو پەسەند بکرێت. جاشەکان تا ئێستا بەردەوامن لەپڕوپاگەندەیان‌و، گەڕانەوەی حکومەت بۆ سەنگاو بەمانای داگیرکردنیەتی، هێزی زۆرمان لەناوچەکانی قادر کەرەم‌و دووزو کفری‌و زەنگنەو جافان هەیە تکایە چاو بەبڕیارەکەتاندا بخشێننەوەو داوا لەحکومەت بکەن پابەندبێت بەڕێکەوتننامەکەوە.

**ئیمزا فەرماندەی هێزی رزگاری**

بۆ/ بەڕێز بارزانی مستەفا - پیرمام

ژمارە/ ٢٧٣

لە/ هێزی رزگاری

ڕۆژ/ ٢٣/ ٣

١- لقی شەهید سدیق ئاگاداری کردین کەدەسەڵاتدارانی حکومەت لەکەرکوك ئاگاداری خەڵکی ئەم گوندانەی خوارەوەیان کردووە کە لەماوەیەکی دیاریکراودا گوندەکانیان چۆڵ بکەن،

بەبیانووی سوودوەرگرتن لەزەوییەکانیان لەلایەن کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراقەوە, بەڵام هەروەکو لەچەند سەرچاوەیەکی متمانە پێکراوەوە راگەیەنراوە, کەمەبەستی حکومەت ئەوەیە خێڵە عەرەبییەکان بخاتە شوێنی خاوەنەکانی ئەو زەوییانە کەکوردن.
گوندەکان ئەمانەن: شۆراو ـ هەنجیرە ـ قەرەدەرە ـ دوبس ـ نەبییاوە ـ گورگە چاڵ ـ مەرعی ـ کەڵوپی بچووك ـ دارەمان ـ دارەمانی خوارو ـ یاروەلی ـ سونە کولی ـ دوحیڵە ـ قەرغەتوو ـ شیرناو ـ ئەبو خورج ـ قوتانی شێخ سەعید ـ عەمشە ـ باجوان ـ ستایە.

٢ـ تکایە ئاگاداری دامودەزگا حکومییەکان بکەن ئەم کارە ناڕەوایە ئەنجام نەدەن کەویژدان پەسەندی ناکات ئگەر راستگۆن لەوتەکانیانداو لەکارەکانتان لەو بارەوە ئاگادارمان بکەنەوە.

**ئیمزا فەرماندەی هێزی رزگاری**

بۆ/ پیرمام (بۆ سیمی مەکتەبی سیاسی)
ژمارە/ ١٦٣
لە/ بارزانی مستەفا
رۆژ/ ٢٠/ ٢

ئاماژە بەناوەڕۆکی هەردوو برووسکەی فیرقەی (٢) ژمارە (١٤٣)و (١٤١٤/ ح) لە ٣/٢٠و داوا دەکەین فەرمان بەلایەنە

پەیوەندیدارەکان بدرێت دەست لەو رەفتارانە هەڵبگرن بۆ ئەوەی هاوکاریی لەنێوان ئێمەو دامودەزگاکانی حکومەت لەهەموو بوارەکاندا هەبێت, لەپێناوی بەرژەندیی گشتیدا. داوا دەکەین لێکۆڵینەوە لەسەر چارەنووسی کەریم حاجی عەبدوڵلا ناسراو بە (کەریم ماتۆرچی) بکرێتو ئەگەر لای ئێوە دەست بەسەر بێت بەڕەڵلا بکرێت. ئاگادارمان بکەنەوە لەوەرگرتنی برووسکەکەو جێبەجێ کردنی.

**ئیمزا بارزانی مستەفا**

لەوەی سەرەوەدا دەردەکەوێت لە لابردنی فەرماندەکانی هێزی رزگاریو کاوەو خەباتو گۆڕینی بەرپرسان تیایدا, هاندەرەکەی بەرژەوەندیی گشتی نەبوو,و ئەوەی کە (فەرماندە لابراوەکان شۆڕشیان قۆستبووەوە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان, هەروەکو لەفەرمانەکاندا هاتبوو کەلەم بارەوە دەرچووبوون بەڵکو هۆی سەرەکیی لابردنیانو دوورخستنەوەیان ئەوە بوو هەڵوێستیان توند بوو و ئامادە نەبوون مل بۆ فەرمانەکانی بارزانی بدەن کەدەیوست شوێنە رزگارکراوەکان بۆ حکومەت بگرێنەوەو شۆڕش لەبار ببرێت, بارزانی وەکو فەرماندەی گشتی ئەو ناوچانەی کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی حزب, دەسەلاتی خۆی پراکتیزە کردووە, لەکاتێکدا داوا لەهێزەکانی شۆڕش دەکات بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیانو کاری رۆژانەی خۆیان ئەنجام بدەن,

بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ دەسەڵاتی نیشتمانی بڕەخسێت تا هەنگاوی پێویست ئەنجام بدەن, بۆ گێڕانەوەی ژیانی سروشتیو ئاسایشو ئارامی بۆ ناوچەکە) ئایا دوای ئەوە هیچ گومان لەوەدا دەمێنێت کەمەبەستی بارزانی لەکودەتاکەی ئەوەبوو ئاسانکاری بۆ ئەم ئەرکە بکاتو ئەم بانگەوازە جێبەجێ بکات. بۆ ئەوەی روونتر ئەو راستییە دەربکەوێت کەبارزانی چی دەوێت ئەنجامی بدات لەناوچەی سۆران, دوای ئەوەی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت لەکودەتاکەیدا, بۆ ئەوەی ئەوە روون ببێتەوە لێرەداوێنەی ئەو برووسکەیە بڵاو دەکەینەوە کە لەفیرقەی یەکەم لەمووسڵ دەرچووەو ئاماژە بەوە دەکات کەبارزانی ئەنجامی دەدات کە لەوێدا خواستەکانیان بەیەکدا دەدەن لەوێ وەکو چۆن لێرە بەیەکدا دەدەن لەگەڵ بەرگریی حزبیو نەتەوەیی بەهێزەوە.

**دەقی برووسکەکە**

بۆ/ قائیمقامی عەقرەو شێخانو زاخۆ, بۆ فیرقەی / ٢ ـ حەرەکات ـ ئیستخبارات, پارێزگاری سلێمانی

لە/ فیرقەی / ١ مووسڵ ٢٨/ ٣/ ١٩٦٤

برووسکەتان ژمارە / ٢٤ لە ٣١/ ٣/ ١٩٦٤ چاودێری جێبەجێ کردنی داواکەی مەلا مستەفامان کرد لەلایەن نوێنەریەوە لەکەرتەکەماندا. داوامان لێی کرد پەیوەندیمان پێوە بکات, کاتێ سەردانی کەرتی شێخانی کردو رەزامەندی دەربڕیو چاوپێکەوتنەکە لە ٢٧/ ٣/ ١٩٦٤ داو ئەم کێشانە چارەسەکران:

قەدەغەکردنی دیاردەی چەکداری, چاودێری پارتیو شیوعییەکان, قەدەغەکردنی بەرگەی هاتوچۆ کە لەلایەن پارتییەوە دەدرا, ئاسانکاری بۆ گێڕانەوەی هاووڵاتیان بۆ شوێنی خۆیانو پاکتاوکردنی پەیوەندییە خێڵایەتییەکان, هاوکاریو نەهێشتنی بڵاوکراوەو پڕوپاگەندەی شیوعیو پارتیو بەردەوامبوون لەپەیوەندیی کردن بەنوێنەرانی مەلا مستەفاو کارمەندانەوە لەشارو شارۆچکەکاندا بۆ چارەسەر کردنی کێشە ناوخۆییەکانو دووبارە کردنەوەی کارەکان لەلایەن دامودەزگا حکومیەکانەوە, بۆ ڕێگەگرتن لەهەڵپەرستو ئەوانەی لەئاوی لێڵدا ماسی دەگرن, قەدەغەکردنی کۆکردنەوەی یارمەتیو هەڕەشەوگوڕەشە بۆ وەرگرتنی باجو سەرانەو دەستگیرکردنی سەرپێچیکەران, هاوکاری بۆ دەستگیرکردنی تاوانبارە ئاساییەکان کەدادگا بەدوایاندا دەگەڕێت, نوێنەری مەلا مستەفا حەسۆ بارزانی دڵسۆزیو ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ جێبەجێ کردنیانو لەم بۆنەیەدا, دەبێ سوپاسی مەلا مستەفا بارزانیو نوێنەرەکانی دەکەین کەهاوکاریی تەواوی ڕژێم دەکەن, بۆ گێڕانەوەی ئاسایشو ژیانی ئاسایی لەباکووری نیشتمان.

### ڕێکەوتننامەو سەرۆکایەتیی بارزانی بۆ پارتی

لەکەس شارەوە نییە, هەڵوێستی دوژمنکارانەی بارزانی بۆ حزب بەدرێژایی شۆڕش, هەروەها ڕاگەیاندنەکانی بۆ ڕۆژنامەوانە

بيانيەكان, سەبارەت بەنكۆڵی كردنی لەسەرۆكايەتی حزب يان بوونی پەيوەنديی خۆی بەحزبەوە, يان بوونی هەر رۆڵێكی سەركردايەتی حزب لەشۆڕشداو, هێرش كردنی بۆ سەر كۆميتەی ناوەندیو مەكتەبی سياسیو تاوانباركردنيان بەكەمتەرخەمی لەكاروبارێكدا كەناديارە, چونكە بارزانی تا ماوەيەك بەر لەئێستا لەحكومەتی موشير عارفدا, لەناوی حزب بێزار دەبووو ئەگەر كەسێك بيوتايە كەئەو سەرۆكی پارتييە, ئيت روای دادەنا كەجنێوی پيدەدەنو بێ تاقەت نەدەبوو لەدووبارەكردنەوەی وتەكەی خۆی كە لەبەرامبەر كۆنگرەی پێنجەمی حزبدا, لەسەرەتای مايسدا وتی, كەووتی ئەو حەز دەكات هەر جنێوێكی پێ بدەن, بەمەرجێ نەڵێن سەرۆكی حزبە, نەك هەر ئەوە, بەڵكو دژايەتی حزبييەكانو رێكخراوە حزبييەكانی دەكرد, لەهەموو ئەو ناوچانەی سەردانی بكردايەو بەهەموو شێوەيەك هەوڵی دەدا بەبەرتيل وەرگرتنو هەڕەشەو زيندانی كردنو چەوساندنەوە ئەندامانی حزب بەلای خۆيدا رابكێشێتو دووريان بخاتەوە لەحزبو هەموو خەڵكەكە هەر لەقەلادزێوە تا زاخۆ ئاگاداری ئەوەن كەئەو دژی حزبايەتييەو زۆربەی بەرپرسە حزبييەكان لەناوچەی بادينان لەبەنديخانەكانی بارزانيدا گيرابوون لەكاتی بەستنی رێكەوتننامەكەداو, سەلاحەدين بەزاز يەكێك لەبەرپرسانی دهۆك بەردرا, دوای ئەوەی رێگەدرا بەخۆفرۆشو جاشەكانو خەباتگێڕ رەشيد دۆستی لەوكاتەدا لەبەنديخانە بوو, دەڵێن ماوەيەك

لەوەوبەر لەبەندیخانە هەڵهاتبوو,و خەباتگێڕ ئیبراهیم عەقراوی نوێنەری حزب لەبادینان تا ئێستا لەزینداندایە, بەهۆی دڵسۆزییەوە بۆ حزبو بیروباوەڕەکەی, بەڵکو بەدەستی بارزانی لێدانی خوارد, لەسەرەتای ئەم مانگەدا کەهاوکات بوو لەگەڵ ناردنی ئەم برووسکەیەی خوارەوە بۆ ئێمەو بۆ هەموو هێزەکانی کوردستان کەوای دەردەخست کەپابەندە بەرێبازی حزبەوە.

لە/ بارزانی مستەفا خێراو کتوپڕییە

٤/٧

(داواکارین بایەخ بەئەندامە دڵسۆزەکانی حزبی پێشەنگ بدەنو رێزیان لێبگرن چونکە من حزبمو حزبییەکان رۆڵەی منن‌و تەنگەتاوکردنی ئەندامە دڵسۆزەکانی پارتی‌و ئازاردانیان وەکو ئەوە وایە من بێزار بکەن).

ئەگەر ئەمە هەڵوێستی مەلا مستەفا بێت لەحزب هەر لەسەرەتاوە, ئیتر هۆی ئەم گۆڕانە کتوپڕە چی بوو؟ ئێمە ئەم گۆڕانە بەشتێکی سەیر نازانین, چونکە بارزانی لەسەر ئەو شتانە ئێمەی راهێنابوو, چونکە ئەو لەگەڵ هەموو دوژمنایەتییەکی بۆ حزبو بوونی وەکو رێکخراوێکی سیاسی, بەڵام هەردەم ناوی حزبیش لەبۆنەو بارودۆخەکاندا دەقۆستەوە, چونکە دەیزانی بەکارهێنانی ناوی سەرەك حزب باشتر خواستەکانی بۆ دەستەبەر دەکات, بۆ نموونە کاتێ کەرێکەوتننامە ترسناکەکەی لەگەڵ

حکومەتی موشیردا مۆرکرد, ئاماژەی بەسیفەتە حزبییەکە نەدەکرد, بەڵام لەنامەکەیدا کەناردی بۆ سەرۆك عەبدولناسر, بەر لەچەند رۆژێك لەئیمزاکردنی رێکەوتننامەکە ئاماژەی پێکرد. مەبەست لەو گۆڕانە خێرایەو پابەندبوون بەحزبەوەو بەنازناوی سەرەك حزبەوە, هەمان هۆکاربوو کە لەپێناویدا وەکو بوغرابوونەکەی قاسم بڵێت (من نوێنەری گەلی کوردمو من سەرکردەی شۆڕشم لەکوردستاندا)واتە وەکو خۆی ویستی پۆستی سەرۆکی حزب بقۆزێتەوە بۆ لەناو بردنی حزب, بەڵام لەوەدا بەهەڵەدا چووبوو, چونکە ئەگەر ئەو لەناو ریزەکانی پێشمەرگەو لەدەرەوەیدا, ژمارەیەکی کەم لەهەڵپەرستی ترسنۆکی دەستەبەر کرد بۆ جێبەجێ کردنی پیلانەکانی بۆ لەناوبردنی پێشمەرگە بەوەی لەحزبی جیادەکردەوە, ئەو هەرگیز لەناو ریزەکانی حزبە خەباتگێڕەکەماندا کەسێکی پەیدانەکرد فەرمانی دژ بەپرۆگرامی حزبەکە جێبەجێ بکات یان رێوشوێنی ئەوتۆ بگرێتەبەر بۆ ئەوەی لاوازی بکات بەمەبەستی لەناوبردنی. وەکو نموونەیەکی زیندوو بۆ هۆشیاریی حزبو هەستی ئەندامانی بە بەرپرسییان, لەخوارەوە ئاماژە بەدەقی ئەو بڕیارە دەکەین کەکۆنفرانسی پارتی بەکۆی دەنگ لە ٤ ـ ٩/ ٤/ ١٩٦٤ سەبارەت بەدەسەڵاتی سەرۆکی حزب بڕیاری لەسەردا.

## دەقی بڕیارەکە
## سەبارەت بەدەسەڵاتی سەرۆکی حزب

لەبەر ئەوەی بەم دواییە بەڕێز مستەفا بارزانی چەند بڕیارو ڕێنماییەکی بەناوی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەرکردو هەروەکو لەبڕیارەکانی پێشوومان‌دا روون بووەوە, کەزۆربەی بڕیارو هەنگاوەکانی لەگەڵ بەرژەوەندیی شۆڕشەکەمان‌و گەلەکەماندا یەکناگرێتەوە, بۆیە بەپێویستی دەزانین سەرنجی ئەندامان‌و پاڵێوراوان‌و لایەنگرانی حزب بۆ پەیڕەوو پرۆگرامی حزبەکەمان رابکێشین, چونکە لەبەر رۆشناییاندا دەردەکەوێت کەرەفتاری بارزانی مستەفا وێرای ئەوەی ناکۆکە لەگەڵ ئامانجەکانی حزبمان, لەدەسەڵاتی ئەویش بەدەرە, چونکە بەپێی مادەی (٢٢)لەپرۆگرامی ناوخۆ, سەرۆکی حزب بۆی هەیە (ڕێنمایی‌و ئاراستەکاری بدات بەکۆمیتەی ناوەندی یان مەکتەبی سیاسی یان پلینیۆم‌و بەس‌و بۆی نییە بڕیار دەربکات بەشێوەیەکی راستەوخۆ نە بۆ ئەندامان‌و نە بۆ ڕێکخراوە حزبییەکان‌و, هەموو بڕیارەکان دەبێ لەکۆنفرانسەوە یان کۆنگرە یان کۆمیتەی ناوەندی یان مەکتەبی سیاسی یان لیژنە حزبییەکانەوە دەربچێت‌و لەپرەنسیپی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ‌و نێوەندی دیموکراسییەوە, بۆیە کۆنفرانس بڕیاری دا کەهەموو بڕیارو فرمانەکان کەبارزانی مستەفا دەریکرد یان ئەوەی لەئایندەدا بەناوی سەرۆکی پارتی دیمەکراتی کوردستانەوە

دەریدەکات، هەمووی بەپێچەوانەی پەیڕەوی حزبەوەیەو کۆنفرانس داوا لەهەموو رێکخراوو ئەندامانو پاڵێوراوانو لایەنگرانی حزبو پێشمەرگەکانو هەوادارانی سوپای رزگاریخوازی کوردستان دەکات بایەخ بەم فرمانو بڕیارانە نەدەنو تەنیا لەسەرکردایەتییەوە وەربگرن کەتەنیا ئەو مافی دەرکردنیانی هەیە کەئەویش کۆنگرە، یان کۆنفرانس، یان کۆمیتەی ناوەندی یان مەکتەبی سیاسیو لقو لیژنەی ناوچەکان کەهەریەکە پابەندی دەسەڵاتی خۆیان دەگرێتەوە. هەروەها بەرێز مەلا مستەفا ئاگادار بکرێتەوە کەدەبێ پابەندی پرۆگرامی ناوخۆی حزب بێتو، نەیبەزێنێتو ملکەچی بڕیارو فرمانەکانی کۆنفرانسەکەمان بێت کەهەموویانی پێشێل کردووە لەماوەی حەفتەیەکداو لەداهاتوودا هیچ کارێکی تاکڕەوی ئەنجام نەداتو سنووری پەیڕوو پرۆگرام نەبەزێنێت.

### بۆچی ئەم جارەیان لەبەردەم بارزانیدا مل نادەین

پرسیارێك هەیە کەبیری هەموو هاووڵاتییە دڵسۆزەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە: مادامێك حزب ئەم هەموو چاوپۆشییەی لەبەرامبەر بارزانیدا کرد، بەدرێژایی ئەو ماوەیەو ئەو هەموو پێشێلکارییە گەورانەی قەبوڵ کردو بەسەرۆك هەڵیبژارد، ئەگەرچی بەراشکاوی دژی دەوەستانەوە لەبارودۆخێکی ئاساندا، بەبەراورد لەگەڵ بارودۆخی ئاڵۆزی

ئێستادا, کەواتە بۆچی حزب سیاسەتی ئاشتبوونەوەو ملدان ناگرێتە بەر لەوەی کەبەرامبەر بارزانی بەدرێژایی سالآنی رابردوو گرتییەبەر؟ بۆچی رێگەی راگەیاندنی ناکۆکی گرتەبەر, لەم کاتە ناسکەدا لەمێژووی خەباتی گەلەکەمان و شۆڕشەکەیدا؟

بۆوەلآمی ئەم پرسیارە گشتییە, دەڵێین ئەو هۆیەی کەتەنیا هاندەر پێکدەهێنێت بۆ رەفتارمان لەبەرامبەر بارزانی بەدرێژایی شۆڕش, هەر ئەو دەبێتە هاندەر بۆ گرتنەبەری دژە رەفتار. حزب بەرگەی هەموو پێشێلکارییەکانی سەرۆکی رێکخستن و بیروباوەڕو سیاسەتی دەگرت, چونکە متمانەی بەبارزانی هەبوو کەهاوبیرو باوەڕیەتی و سوورە لەسەر خەبات دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی, لەپێناوی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەژێر دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لەچوارچێوەی کۆماری عێراقداو, ئێمە پێمان وابوو رەفتاری مەلا مستەفا کەپێچەوانەی پەیڕەوو پرۆگرامی حزب بوو, هەرچەندە زۆریش بوبێت, ئەو زیانانەی لێی دەکەوێتەوە بەبەشێکی کەمی ئەو زیانە نەدەبوو کەدووبەرەکی نێوان حزب و بارزانی دەیبوو, لەسەر ئەم بنەمایە واتە بنەمای پاراستنی شۆڕش لەسەرووی هەر ئیعتبارێکەوە بێت ئەوەبوو کۆمیتەی ناوەندیی حزب لەکۆبوونەوەی سەرەتای کانونی یەکەمی١٩٦٢دا بڕیاری دا, هەر هەوڵێك بۆ نانەوەی دووبەرەکی لەنێوان بارزانی و حزب, بەکارێکی خیانەت دابنرێت بەرامبەر بەحزب و شۆڕش و گەل و, بۆ هەمان ئیعتبار حزب پێی وایە کەبێ دەنگ بوون لەبەرامبەر

ڕەفتاری بارزانی زیانەکانی لەزیانی دووبەرەکی زیاترە, بەڵکو شاردنەوەی ئەو دووبەرەکیەو بڵاونەکردنەوەی لەناو جەماوەر, بەکارێکی دژ بەحزبو شۆڕشو گەل دادەنرێت, نەك لەبەر ئەوەی بارزانی لەگەڵ حکومەتدا ئاشتی کردو شۆڕشی وەلانا, بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕێگەی بەخۆی دا بەحزبو پێشمەرگە بڵێت, لەبرووسکەی ژمارە / ٨٧ی ٢/ ٣/ ١٩٦٤دا, کەکاتێ هێزەکانی حکومەت بیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لەژێر دەسەڵاتی ئێوەدان, دەبێ ڕێگەیان پێبدرێتو, بەرپابوونی شەڕ لەنێوان ئێوەو حکومەتدا دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان ئێوەو مندا, واتە ئەوەی بۆ خۆی بەرەوا زانی لەپاڵ حکومەتدا بوەستێت دژی شۆڕشو لەبڕیاری خۆی پاشگەز نەبێتەوە, سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵانەی کەدامان ئیتر گەلو شۆڕشی کوردو حزب دەبێ بەتەمای چی بێ بۆ نەرمی نواندن لەگەڵ بارزانی کەئەو لەو هەڵوێستەدا کەسازش پەسەند ناکات, یان ئەوەتا مل بۆ هەڕەشەکانی بدەن ئەویش بەپەسەندکردنی ڕاوبۆچوونەکەی لە (سەلماندنی نیازی پاك بەلای دەسەڵاتەوە)و داوای لەهێزی پێشمەرگەکرد (بگەڕێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیانو سەرقاڵی بژێوی خۆیان بن) بۆ ئەوەی بوار بۆ دەسەڵاتی نیشتمانی بڕەخسێنێت, یان ڕەتکردنەوەی ڕاوبۆچوونەکەیو سووربوون لەسەر پاراستنی ناوچە ڕزگارکراوەکان تاوەکو نیازپاکی دەسەلمێنرێت بەلای حکومەتەوە, بەوەی داخوازیی گەلی

کورد دەستەبەر بکات. لێرەدا بەرامبەر بەحزب ئەم پرسیارانە هاتنە ئاراوە: ئەگەر حزب رازیبوو هەڵوێستی بێ دەنگیی لەسەرپێچییەکانی بارزانی لەرووی رێکخستن و بیروباوەڕەوە هەڵبژێرێت و لەسەر حسابی پێگەو پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆی و بگرە لەسەر شۆڕشگێڕانە بەرامبەر بەدوژمن، ئایا هۆیەك هەیە لەسەر زەوی پاساو بۆ قوربانیدان بەخودی شۆڕشەکە بهێنێتەوە، هیچ پێویستی بەیەکڕیزیی لەنێوان حزب و بارزانی دەکات دوای لەناوبردنی شۆڕش؟ بەتایبەتی کەبارزانی متمانەی بەنیازپاکی و بڕوای بەنیشتمانپەروەری هەیە، لەگەڵ ژیانی حزبایەتی و شەڕی ناوخۆی حزبەکان یەکناگرێتەوە؟ دواتر ئایا حزب پێگەی دەمێنێت دوای ئەوەی رەزامەندیی لەسەر رێکەوتنی موشیر - بارزانی بدات کەپێشتر ئاماژەمان پێی کرد؟ و ئایا هیچ بەرژەوەندییەکی نیشتمانی گشتی هەیە پاڵ بەحزبەوە بنێت بۆ پەسەندکردنی وەها قوربانییەك واتە وەستان لەپاڵی بارزانی و پشتگیری کردن لێی بۆ پاکتاوکردنی شۆڕش و حزب؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە بەم شێوە بوو: لەبەر ئەوەی بێ دەنگیی حزب لەوانەی لەبارزانییەوە دەرچوون لەسەرپێچی، پاراستنی بەرواڵەتی یەکڕیزی بوو، لەپێناوی درێژەدان بەشۆڕش و بەدیهێنانی ئامانجەکانی و لەبەر ئەوەی هەڵوێستی ئێستای دەبێتە هۆی نەهێشتنی خودی شۆڕش، ئیتر هیچ پاساوێك نامێنێت بۆ بێ دەنگی، بەڵکو لەو حاڵەتەدا بەبەشدارییەك دادەنرێت لەحزبەوە

بۆ کردەی نەهێشتن‌و ئەمەیش کارێکە کەحزب بەهیچ جۆرێ پەسەندی ناکات.

بەم شێوەیە دەبینین ئەوەی هانی دڵسۆزانی رۆڵەکانی گەلەکەمان دەدات بۆ داواکردنی لەحزب بۆ ملدان بەداواکارییەکانی بارزانی، ئەم جارەیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت لەوەی ئەم ملدانە دەتوانێت فریای بکەوێت لەکاتێکدا بۆیان دەربکەوێت کەپێشتر راڤەکرا، ئەگەر شتێك هەبێت دەرەتانی رزگارکردنی هەبێت لەبەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان، ئەوا پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەئەم جارە بارزانی مل نەدات، چونکە ملدان لێرەدا بەمانای بەدیهێنانی داواکەیەتی‌و داواکردن لەپێشمەرگەکانە بۆ (گەڕانەوە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونیان‌و سەرقاڵبونیان بەکاروباری خۆیانەوە)و گێڕانەوەی شوێنە رزگارکراوەکان بۆ حکومەت‌و رەخساندنی بوار بۆی بۆ ئەنجامدانی کارەکانی، ئەمەیش بەو مانایایە کەرەزامەندیی دەردەبڕێت بۆ نەهێشتنی شۆڕش‌و تەنانەت نەهێشتنی حزبیش‌و کەوتنە ژێر رەحمەتی حکومەتەوەو، بڕوا ناکەین کەدڵسۆزێك هەبێت رازی بێت شۆڕش‌و حزب‌و گەل تووشی ئەو چارەنووسە ببن.

## ڕێکەوتن لەبۆچوونی حکومەتەوە

## دانانان بەسەرکوتکردنی باخیبوونێکی داگیرکارانە

حکومەت بەو سەرکەوتنە کردەییانەوە نەوەستایەوە کەرێکەوتنەکەی موشیر - بارزانی بۆی بەدیهێناو بەوەش رازی نەبوو کەمەلا مستەفا هەموو مەرجەکانی پەسەندکرد, هەروەکو بڵێی ئەو بەکردەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا, بەڵکو ئەم خۆبەدەستەوەدانە رەهایە, بوغرابوونی سەرکردە شکست خواردووەکانی ورووژاند, تا ئەوپەڕی ئەو هەڵوێستەیان قۆستەوە نەك بۆ ئەوەی شکستەکەی خۆیان بشارنەوە لەگۆڕەپانی شەڕەکاندا, بەدرێژایی دوو ساڵو پێنج مانگ, بەڵکو بۆ ئەوەی شکۆمەندیی کارتۆنی بۆ خۆیان دروست بکەنو خۆیان بەقارەمان لەقەڵەم بدەن, تەنانەت دۆن کیخۆتەی داماویش وەکو قارەمانێکی راستەقینە دێتە بەرچاو لەبەرامبەر لاف لێدانەکانیان بەبێ ئەوەی باکیان لەکارەکانیان هەبێت کەچۆن سووکایەتییان بەراستییەکانی مێژوو کردووەو بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن کەسووکایەتییان بەخەباتی رزگاریخوازی گەلەکەیان کردووەو ناوی گەورە پیاوانو قارەمانەکانی گەلەکەیان زڕاندووەو بەوەش دووڕوویی خۆیان دەرخستووەو بەدرۆ باسی برایەتی کوردو عەرەب دەکەنو دەستەواژەی درۆودەلەسە دەردەبڕن بەوەیش تاوانێکی رەوشتکارانەی گەورەو هەڵەیەکی سیاسیی ترسناك ئەنجام دەدەن

کەتەنیا نیشانەی نەزانیو نەفامییانە. لێرەدا ئاماژە بەهەندێ لەو بەڵگانە دەهێنینەوە کەواقیعی ئەو رەفتارانە دەردەخەن:

یەکەم: ئەوان بڕوا بەوە ناکەن کەشۆڕشەکانی گەلی کوردو خەباتەکەی وەکو شۆڕشو خەباتی گەلانی دیکە بزووتنەوەی نیشتمانی رزیگاریخوازن, ئامانجیان رزگاربوونە لەچەوساندنەوەو کۆیلایەتی بەهەموو جۆرەکانیەوە. ئەوە بەئەقڵیاندا ناچێت بەهۆی بەرژەوەندیی تایبەتیو بیروبۆچوونی شۆڤێنیانەوە کەکورد گەلێکە تایبەتمەندیی خۆی هەیەو خاوەنی زەویو زێدی خۆیانن, تەنانەت بەر لەوەی عەرەب بێتە ناوچەی میزۆپۆتۆمیاوە کورد نەك تەنیا مافی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا هەیە, بەڵکو مافی دیاری کردنی مافی چارەنووسی هەیە بەو شێوەیەی ماف داین بکات وەکو گەلانی دیکە بەبێ جیاوازی. بەهۆی ئەم بیرتەسکییەوەو بەهۆی دەمارگیریی نەتەوەیی کوێرانەوە, دەبینین هەموو شۆڕشەکانی گەلی کوردو خەباتی دژی داگیرکەرانو شەڕەخۆرەکانی تەنانەت ئەوەیش کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئاراستە دەکرا دژی داگیرکەرانو چڵکاوخۆرەکانی, ئەوەی سەیرە لەمەدا, ئەوەیە کەزۆربەی رووناکبیرانی عەرەب بەگشتیو نەتەوە پەرستەکان بەتایبەتی لەسەر ئەم بۆچوونە هەڵانە ئەبات, بەهەندێ جیاوازییەوە. بەڵام ئەوەی لەگەڵیاندا رێکناکەون, بەنەتەوە پەرستو تایفەگەرو کۆمۆنیستی خوانەناس ناویان دەبەن. ئێمە بایەخمان بەو بایەخ پێدانە توندە بەبیروباوەڕی کۆنەپەرستانەو

بیرۆکەی نەریت پارێزانە نەدەدا, ئەگەر تەنیا لەبواری تیۆریدا بمایاتەوە, بەڵام ئەوەی جێگەی داخەو زیاتر پێویستی بەبایەخ پێدانە ئەوەیە کەوتە گۆڕەپانی سیاسەتی جێبەجێ کردنەوە بەرامبەر بەگەلەکەمان لەلایەن خەڵکانێکەوە کەدەسەڵاتیان بەدەستەوەیەو ئاسەواری ئەو بیرۆکانە بەروونی لەبەیانی حکومەتدا دەردەکەوێت, لەپێشەکییەکەیدا هاتووە (بەپێی بەرژەوەندیی گشتی..و دانانی ئاستێك بۆ هەوڵەکانی داگیرکاران‌و دارودەستەکانیان‌و بڕینی دەستی چەوسێنەران‌و هەلپەرستان..) لەوەڵامی موشیر عارف بۆ نامەی پیرۆزبایی کە لەسەرەك جەمال عەبدولناسرەوە پێی گەیشتبوو بەبۆنەی گەڕانەوەی ئاشتی, هاتووە: (.. دەمەوێت ئەوەتان بۆ دووپات بکەمەوە کەئەو هەنگاوەی نامان بۆ گێڕانەوەی ئاشتی‌و ئاسایش بۆ باکووری نیشتمان تەنیا بۆ ڕێگەگرتن بوو بەرووی داگیرکەران‌و هەڵپەرستان‌و دوژمنان‌و نانەتەوەییەکان‌و دوژمنانی ئیسلام بوو کەویستیان دووبەرەکی بۆ دابەشکردنی وڵات دروست بکەن..).

وێرای ئەوەی کە تائێستا لەهزرەکاندا ماوەتەوە لەوتارە مێژوویەکەی موشیر عارفدا (بەوەی راو بۆچوونی مێژوویی تیادابوو) لەهاوینی رابردوودا سەبارەی بە (بەعەرەب بوونی کورد) ئەوەی دەلالەت لەئەقڵییەتی دەسەڵاتدارەکانی عێراق دەکات ئەوەیە کەیاسایەکیان بۆ لێبوردنی گشتی دەرکرد بەناوی یاسای لێبوردنی گشتی لەهەموو ئەوانەی بەشدارییان لەبزووتنەوەی

یاخبوون کرد لەناوچەی باکوور. ئەمە لەکاتێکدا کەیاسای ژمارە/ ٩ی ساڵی ١٩٦٣ لێکچووی یاسای ئێستایە, کەبەم شێوەیە (یاسای لێبوردن لەوانەی بەشداری بزووتنەوەی چەکداریی کوردیان کرد)و لەم گۆڕینەدا دەردەکەوێت کەناوی پێشوو بەهۆی کاریگەریی بەعسییەکانو هاوبەشەکانی دەسەڵاتدارانی ئێستاوە بوو کەپەسەندیان نەکرد, دوای ئەوەی بەتەنیا دەسەڵاتیان بەڕێوەبردو دووبارە شۆڕشەکەمانیان بەیاخبوون ناوبرد, وەکو چۆن قاسم ناوی دەبرد. ئەمەو ڕەنگە ئەم ناونانە نوێیە دەکەوێتە چوارچێوەی متمانەی بارزانی بەسەرەك عارفەوەو دڵنیابوونی لەنیازی حکومەت هەروەکو لە بەیانەکەدا زمانی کوردی هاتبوو, کەرەزامەندیی دامودەزگا حکومیەکان, بەر لەچەند ڕۆژێك وا بڵاوکرایەوە.

دووەم: حکومەت سیستمێکی نوێی بەناوی (سیستمی سەرکوتکردنی یاخیبوون لەباکووردا) دانا ئەمەیش هۆکارە پۆزەتیڤەکانیەتی, بەو شێوەیەی لەرۆژنامەی (الوقائع العراقية)ی رەسمیدا لە ١٩٦٤/٣/٢٣ دا بڵاوکرایەوە:

(بەهۆی ئەو قارەمانییانە بەرزانەوە کەسوپاکەمان لەباکوری خۆشەویستی عێراقدا بەدەستی هێنا بۆ دارودەستەی داگیرکەران, بۆیە ڕووداوەکان (سەرکوتکردنی یاخیبوون لەباکوردا) بەم پێیە دانرا).

مەلا مستەفا دەڵێت کە بەرێکەوتننامەیەك, گەلی کورد توانی هەموو شێتك بەدەست بهێنێت کەبریتییە لەئاشتیەکی پاك لەنێوان برایاندا, بەپێی یەکسانی بەسترا, بەڵام ئاشکرایە کەئەم وتانە دەبێ راستیی رووداوەکان بیسەلمێنن, یان هەر نەبێ لایەنی دووەم پشتگیری بکەن. ئەوەندی بەندە بەراستیی رووداوەکانەوە, هێندەمان باس کرد بۆ سەلماندنی ئەوەی رێکەوتننامەکە هیچ یەکێك لەداواکارییەکانی شۆڕشەکەمانی دەستەبەر نەکردو, ئەوەی پەیوەندیی بەراو بۆچوونی لایەنی دووەمەوە هەبوو لەرێکەوتننامەکە, ئێمە پێمان وایە کەمەلا مەستەفا ئەوانەی لەراو بۆچووندا هاوبەشی ئەون, ئەو بەڵگەنامەیە کە لەسەرەوە بڵاوکراوەتەوە, کەمرۆڤ تەنیا ئەوەی لێ هەڵدەقوزێت کەرێکەوتننامەی موشیر بارزانی ئاماژە بەشکستی شۆڕش دەکات, ئەگینا چۆن دەکرێت لە نێوانیداو لەنێوان هۆکارە پۆزەتیڤەکانی رووداوەکاندا (سەرکوتکردنی یاخیبوون لەباکووردا) هاوشانیەك دروست بکرێت کەتەنیا لەبەر رۆشنایی ئەم گریمانەدا, دەکرێ رووداوەکان راڤە بکرێت, بەم جۆرە دەبینین کەدەستەبەرکردنی ئاکامی دوو ساڵو پێنج مانگ لەخەباتی قارەمانانەی سەرکەوتوو, رێکەوتننامەی لەناوبردنەو پێی دەگوترێت شۆڕشی پیرۆزی گەلەکەمان لەپێناوی بەرگریی لەکیانو شکۆمەندیو مافەکانی بە (یاخیبوونی یاخیبووە خۆفرۆشەکان)و قارەمانانی سوپای شۆڕشگێری کوردستانو پێشمەرگە قارەمانەکانو شەهیدانمان

بەجودایخوازانی ئەلقە لەگوێی داگیرکەران ناوببەن‌و, لەبری ئەوەی خوێنمژانی گەلەکەمان‌و دڕندە چەپەڵەکان بەسزای ڕەوای خۆیان بگەن کەهەموو دابونەریتێکی مرۆڤانەیان پێشێل کردو ئەو پرەنسپیانەو بەهاو ڕەفتارانەو ڕێسا ئاینییانەو بەکوشتنی خەڵکی‌و ئابڕووبردنی خەڵکی‌و زەوتکردنی سامانیان بەجۆرێ کەرووی چەنگیزخان‌و هۆلاکۆیان سپی کرد, بەڵێ لەبری ئەوەی سزابدرێن, خەلات کران بەوەی (مدالییای سەرکوتکردنی یاخیبوانیان لەباکوردا) پێ بەخشراو حکومەت ئەو تاوانانەی کەلەشی لەراستیاندا دەلەرەزێت بە قارەمانێتی ناودەبات‌و ڕێزیان لێدەگرێت ! بەم شێوەیە ئەوە بەیەکێك لەسومیلی (نیازپاکی دەسەڵات) دادەنێت کەبۆ سەلماندنی بەلای بارزانییەوە بڕیار دەدات شەڕ رابگرێت‌و داوا لەبراکانی خۆی بکات بگەرێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان‌و سەرقاڵی کاری بژێوی بن (بۆ ئەوەی بوار بۆ دەسەڵاتی نیشتمانی بڕەخسێت تا هەنگاوی تەواو بنێت بۆ گێڕانەوەی ژیانی ئاسایی‌و ئاسایش‌و ئارامی بۆ ناوچەکە..).

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کەئەو بڕیارەی بارزانی دەریکرد سەبارەت بەلابردنی سەرانی پێشمەرگەی وەکو عومەر مستەفا دەبابەو عەلی عەسکەری‌و کەمال مەفتی‌و براکانیان‌و دواتر لابردنی جەلال تاڵەبانی‌و براکانی, کەشەرەفی بەشداری کردنیان هەبوو لەدامەزراندن‌و گەشەپێدانی سەرکردایەتی‌و ئاراستەکردنی

پێشمەرگەکانی لەکوردستاندا, بەڵێ لابردنی ئەوانە لەلایەن بارزانییەوە کەرۆڵەی بەئەمەکی کوردستان بوون, بۆ بەرگریی لەمافی گەلەکەیان و ئامانجی شۆڕشەکەیان و خوێنی شەهیدان, دوای دەرچوونی سیتسمی (مدالیای سەرکوتکردنی یاخیبوان لە باکووردا)واتە بالا دەستیی بارزانی و لیستی سزای ئەو سەرکردە نیشتمانپەروەرو دڵسۆزانەی کوردو کوردستان بدات, لەکاتێکدا حکومەت خەلاتی دوژمنانی کوردو کوردستانی دەکرد, بەهۆی کاری دڕندانەیان بۆ کوشتن و دەربەدەرکردن و تالان کردنی رۆڵەکانی گەلەکەمان, کەچی ئێمە باش دەزانین کەمێژوو, جگە لەدەسەلاتی موشیر عارف بەسەر گەلی کورداو, جگە لەدەستەلاتی بارزانی مستەفا هەیە, ئەویش مێژوو و گەلە کەباشترین دەسەلاتن. لەکۆتاییدا دەمانەوێت هەموان بزانن کەئەگەر سووربین لەسەر ئەوەی رێکەوتنی موشیر بارزانی بەوە دابنێین کەئامانجەکانی شۆڕشی گەلەکەمانی جێبەجێ نەکردو ئێمە چەك دانانیێن و رێگە بەگەڕانەوەی حکومەت نادەین بۆ ئەو ناوچانانەی لەژێر دەسەلاتماندان, ئەگەر بەرێکەوتنێکی کۆتایی نەگەین کەرەزامەندیی هەردوولای لەسەر بێت, بەلام ئێمە پابەندیی توندی خۆیان رادەگەیەنین بەبڕیاری راگرتنی شەڕو ئارەزووی راست و پاکمان بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی دیموکراتییانەی عادیلانە, لەرێگەی گفتوگۆی برایانەوەو هەروەها بێزاریی خۆیان لەشەڕ دەدەبڕین و بۆ ئەو شەڕەی کەتیایدا برا برا دەکوژێت و ناگەڕێینەوە

بۆ شەڕ تەنیا لە حاڵەتی بەرگریی لەخۆو لەو ناوچانە نەبێت کە لەژێر دەستماندایە, هەروەها داوا لەبارزانی دەکەین چاو بەهەڵوێستە هەڵەو زیانبارەکەی بخشێنیتەوە کەزیان لەبەرەزەوەندیی راستەقینەی گەلی کورد دەدات, هێشتا کات بەبەریەوە ماوە,وێرای ئەو زیانە مادیو مەعناوییانەی لێی کەوتەوە بەهۆی دوا رەفتارەکانیەوە بەبزووتنەوە رزگاریخوازەکانمانو داننان بەهەڵەکاندا گەورەیی دەردەخات هەروەکو گوتویانە. ئەوەی دەبێتە هۆی مشتومڕ ئەوەیە کەئەوەی حکومەت لەبەرامبەریدا خۆشەویستی دەدەبڕێتو ئەو بەختەی بەیاوەری دەبێت, ناکرێ بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەوەی حردان تکریتی بەدەستی هێنا, کەئەم حکومەتە کردی بەفەرماندەی هێزی ئاسمانیو جێگری فەرماندەی گشیتی هێزە چەکدارەکانو وەزیری بەرگری لەیەك کاتدا, بۆ ئەوەی لەشەڕەکەیدا لەدژی بەعسو سەرکوتکردنی بەرگریی بەعسییە چەکدارەکان سوودی لێوەربگرێتو کەس بێ ئاگا نییە لەو شێوازەی بەکاری هێنا بۆ زرگاربوون لەدەستی, هەر کاتێ هەستی بەوە کردبێت کەکارەکانی تەواو بووەو چیتر پێویستی بەخزمەتەکانی نییە. هەروەها داوا لەبەرپرسان دەکەین ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە, بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانەی کەدای بۆ داواکارییە لاوەکییەکان, بەمەبەستی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکەو گێڕانەوەی ئەو متمانە لەدەست چووەی نێوان حکومەتو گەلی کوردو, حکومەت بەکردەوە

نیازپاکی خۆی بسەلمێنێت لەبەرامبەر ئێمەو ئامادەگی خۆی دەربخات بۆ سوود وەرگرتن لەئەزموونی وڵاتانی دیکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە لێکچووانەی عیراقی خۆشەویست بەدەستییەوە دەناڵێنێتو زیاتر هەست بەبەرپرسیاریەتی بکاتو, داننان بەوەدا کە بەدیهێنانی ئاشتیو ئارامی لەعێراقدا, بەندە بەچارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە, چارەسەرێکی دیموکراتییانەو عادیلانەو ( بەهێزکردنی پەیوندیی برایانەی نێوان عەرەبو کورد, بەندە بەرەچاوکردنی ئارەزوو خواستەکانی گەلی کوردو بەدیهێنانیان) هەموو ئەمانە دەرەتانی ئەوە بۆ گەلی عیراق دەڕەخسێنێت کەهەموو هێزە ئاشتیخوازو پێشکەوتنخوازەکانی نەتەوە رابکێشرێن بەرەو دۆزی بەهێزکردنی سەربەخۆییولاتو بەرزکردنەوەی خۆشگوزەرانی خەڵکی عێراق, هەروەکو لەنامەی پیرۆزبایی نکیتاخرۆشۆفی سەرەك حکومەتی شورەویدا هاتووە بۆ سەرەك عارف بەبۆنەی بڕیاری راگرتنی شەڕەوە.

وەکو هەنگاوێکی پۆزەتیف بۆ نەهێشتنی ئەو ساردوسڕییە لەهەڵوێستدا, وەکو بابەتێك بۆ باسو مشتومڕو بۆ هێشتنەوەی دەرگا بەکراوەیی لەبەردەم بوونی دەرەتانی راستەقینە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی گەلەکەمان بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە, شاندی حزب لەکۆتایی مارتدا پرۆژەیەکی سادەی پێشکەش بەبارزانی کرد, بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم حکومەت بەناوی خۆیەوە, بەڵام ئەوەی رەتکردەوە, بەپاساوی ئەوەی کەپێشتر

بەڵێنی بەحکومەت دابوو ئەو رێکەوتننامەیەی نێوانیان جێبەجێ بکات, کەئەمەیش رای لەحزب کرد بەشێوەیەکی نارەسمی پرۆژەکە پێشکەش بەسەرەك وەزیرانی بکاتو هیوادارین حکومەت رەزامەندیی دەرببڕێت بۆ بنەمایەك بۆ دانوستان, بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی کۆتایی بۆ کێشەکەمان کەدواخستنی تەنیا زیان بەبەرژەوەندیی راستەقینەی وڵات دەگەیەنێت. سڵاو لەوەی کەرێگای راست دەگرێت.

١٩ی نیسانی / ١٩٦٤

پارتی دیموکراتی کوردستان

بروسکەی پۆلیسی پشدەر ٦/٢٤

خۆئامادەکاری دەکرێت بۆ بەستنی کۆنگرە لەم رۆژانەدا لەبینایەی گەنجینەی راهێنانی قەڵادزێ, بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندیو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان/ رەنگە تاقمەکەی ئیبراهیم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی لەو کۆنگرەیەدا ئامادە نەبن. لەهەر زانیاریەکی نوی ئاگادارتان دەکەینەوە.

لە/ ئەسعەد خۆشەوی ژمارە/ ٢٦

بۆ/ بارزانی مستەفا رۆژ/ ١٩٦٤/٦/١٤

داواکارین لەچۆنیەتی بەشداریی لەکۆنگرەی حزب لەناوچەکەماندا ئاگادارمان بکەنەوە.

له/ بارزانی ژماره/ ٥٨٣

بۆ/ ئەسعەد خۆشەوی ڕۆژ/ ٦/١٦

برووسکەتان ٢٦ له ٦/١٤ یەك نوێنەر یان زیاتر لەهەر ناوچەیەك ئامادە دەبن.

برای بەڕێز عەقید روکن کافی

ڕێزو سلاو

کۆنگرەی حزب لەکۆتایی مانگی حوزەیراندا دەبەسترێت, دەبێ ١٥ یان ٢٠ کەس کۆببنەوەو لەنێوان خۆیاندا یەك کەس بپالێون بۆ ئەوەی لەکۆنگرەدا نوێنەرایەتییان بکات, بەلام دەبێ لەو کەسانە بن کەبەرژەوەندیی گەل لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکەوە دابنێن نەك لەخۆفرۆشانی ئیبراهیم ئەحمەدو تاقمەکەی کەخیانەتیان لەحزبو گەل کرد, چونکە ئەوانە لەحزب دەردەکرێن, دەبێ حزبێکی نوێ دابمەزرێت.. لەکۆتاییدا سلاوی برایانەمان پەسەند بکەنو سەرکەوتوو بن.

ئیمزا بارزانی مستەفا

له/ بارزانی ژماره/ ٥٦٤

بۆ/ باڵەك مێژوو/ ٦/١٢

برووسکەتان/ ٦٣ لە ٦/١٠ کۆنگرەی حزب لە ٦/١٦ دەبەستریت, ژمارەیەکی زۆر لەقیادەو قاعیدەی ناوچەکەتان ئامادە دەبن.

لەسەر فەرمانی بارزانی مستەفا سەرۆکی حزب, لەماوەی ئەم مانگەدا نوێنەرانی حزب بنێرن, دەبێ بەر لە٣٠/ ٦ نوێنەرانتان بگەنە رانیە, هەر لە ٢٠ کەسی ئەندام نوێنەرێك بنێرن و هەر کەسێك ئارەزووی ئامادەبوون دەکات, ئێمە لاریمان نییە.

تێبینی: کۆنفرانسی پارتیمان بۆ کۆی دەنگ بڕیاری دەرکردنی هاشم عەقراوی داوە لە ٩/ ٤/ ١٩٦٤ ەوە.

**روونکردنەوەیەك لەسەر پەیوەندیی مەلا مستەفا بارزانی بە کۆنگرەی پارتییەوە**

هەر لەرۆژی یەکەم لەرێکەوتنەکەی مەلا مستەفا لەگەڵ موشیر عارف و سەرانی شۆڕشە پیرۆزەکەمان هەوڵی زۆریان دا بۆ پڕکردنەوەی کەلەبەرەکان و پتەوکردنی ریزەکانی شۆڕش و یەکخستنیان, بەهۆی ئەو رەفتارە نابەجێیەی بەڕێز بارزانی کەخێرا خاڵەکانی رێکەوتنەکەی جێبەجێ کرد, بەرەچاوکردنی هەست و سۆزی لایەنی دووەم بەبێ گوێدانە بەئاکامی دەرهاویشتەکان و بەداخێکی قوڵەوە و بەبێ بایەخدانی بارزانی بەتۆمارگەی مێژوو, بەبەردەوامی لەمپەر بوو لەبەردەم چالاکی و دەسەڵاتی پارتی و بەپەلەو بەبێ تاوتوێکردن بارزانی

ڕێکەوتننامەکەی ئیمزا کردو نوێڕێنی شۆڕشی کەم کردەوە, بەمەبەستی رازی کردنی لایەنی دووەم بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کەئەو لایەنە پابەند بەجێبەجێ کردنی خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکە نابێت.

لەبەر مەترسی هەڵوێستەکە, شاندێك پێکهێنرا لەدەستەبژێرانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆ بینینی بارزانی بەمەبەستی روونکردنەوەی ئەو لایەنانەی شارەوایە لەوو ئامانجی سەرەکییان ئەوەبوو بارزانی رازی بکەن کەرێکەوتننامەکە بۆ ئەوە بێت شەڕ لەنێوان هەردوو حزبە کوردییەکەدا رابگرێتو هەوڵ بدرێت لەرێگەی گفتوگۆو ئاشتییەوە مافی گەل دەستەبەر بکرێت.. بەڵام هەموو هەوڵەکان بەفیڕۆ چوون چونکە بارزانی سووربوو لەسەر ڕێبازەکەی بۆ گوشار خستنە سەر پێشمەرگەو دابەزاندنی ورەیانو گەیاندنی رژێم بۆ ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان.

سەبارەت بەم بابەتە کۆمیتەی ناوەندیو ڕێکخستنەکانی حزب بەناچارییەوە, بەپێی برگەی ١٩ لەمادەی ١٦ بەبەستنی کۆبوونەوەیەکی خێرا, بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەکەو رزگارکردنی ئەوەی کەدەکرێ رزگار بکرێت, بەهۆی رەفتاری نابەجێی مەلا مستەفا بارزانیو کارکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە.

کۆبوونەی ئەندامە دەستە بژێرەکە لەماوەت لە ٤ ـ ٩ ی مانگی نیسان بەرێوەچوو,و چەندین بڕیاری گرنگ دەرچوو, لەسەر

ئاستی ئەو سەرکردایەتییە کەشایستەیی خۆی دەرخستو سەلماندی کەچەندە جەماوەر متمانەیان پێیان هەیە, بەتایبەتی سەبارەت بەو بڕیارە راستە بەوەرگرتنەوەی دەسەڵاتەکان لەبارزانی کە بەزۆرینەی دەنگ بڕیاری لەسەردرا, لەگەڵ ئەوەشدا بەزۆرینەی دەنگ کۆنفرانس نوێنەرێکی پایەبەرزی نارد بۆ لای بارزانی بۆ ئەوەی لەئاکامی کۆدەنگییەکە ئاگاداری بکاتەوە, ئەوەبوو لە ١٢/ ٤/ ١٩٦٤دا, کاتێ چاوی بەشاندی کۆنفرانس کەوت رایگەیاند کەگوێ بەبڕیارەکانی کۆنفرانس نادات‌و سوورە لەسەر ئەوەی خۆی بەباشی دەزانێت‌و, لەبەر ئەوەی کۆنفرانس هەستی بەبەرپرسیارێتی کرد کەئەوە زیان بەبەرژەوەندیی گەل دەگەیەنێت, لە ١٦/ ٤/ ١٩٦٤دا کۆبوونەوەیەکی خێرایان بەست‌و تیایدا بڕیاریاندا جارێ کار بەبڕیارەکانی کۆبوونەوەکە نەکەن, سەبارەت بەوەرگرتنەوەی دەسەڵاتەکان لەبارزانی‌و پێدانی دەرفەتێك بۆ ئەوەی بیربکاتەوە بۆ ئەوەی کێشەی لێنەکەوێتەوە, بۆیە بڕیاریاندا (١٥) رۆژ دوای بخەن‌و مۆڵەتێك بەبارزانی بدەن کە تا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە!

بارزانی بەوەوە نەوەستا بەڵکو پەیوەندیی نێوان لیژنەکانی رێکخستنی بڕی‌و رێکخستنی نوێی دامەزراند, بۆ ئەوەی بەتەواوی پارتی لەڕەگوریشە هەڵتەکێنێت.

لەو کاتەدا کەترسی ئەوە هەبوو شەڕی ناوخۆ لەنێوان کوردەکاندا بەرپا بێت, کوردە بەشەرەفەکان نیگەرانی ئەوە بوون

بۆیه داوا لەئەندامانی پارتی دەکرا هەوڵ بدەن خوێن نەڕژێتو نیازپاکی دەربخەن بۆ سەقامگیرکردنی ئاشتی لەنێوان ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان, بۆ دەستەبەرکردنی هەموو خواستو مافە ڕەواکان, بۆیە پارتی جارێکی دیکە شاندێکی نارد بۆ لای بارزانی بۆ ئەوەی هەوڵی جدی بدات بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانی جەماوەر, ئەوەبوو (٩) بڕیاریان ئیمزا کردو لەلایەن بارزانییەوە مۆر بکرێتو مەلا مستەفا بارزانی مۆری کردو بەئاشکرا ڕاگەیەنراو جەماوەر بەخۆشحاڵییەوە پێشوازییان لەم دەستپێشخەرییە کرد, بەڵام بەر لەوەی شاندەکە بگەڕێنەوە بۆ بارەگاکانی خۆیان, بارزانی لەمۆرکردنەکەی خۆی پەشیمان بووەوەو یەك لایەنە ڕایگەیاند کەرێکەوتنەکە جێبەجێ ناکات.

**پاشکۆی ژمارە ( ٢٦ ) ( ٥٥١ )**

**بەشی تایبەت بەتاقمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد لەرا پۆرتی سیاسی کەسکرتێری گشتی لەکۆنگرەی حەتەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا خوێندییەوە**

**تاقمە خۆفرۆشەکەی ئیبراهیم ـ جەلال:**

زۆر لەرۆڵەکانی گەلو بەتایبەتی برا عەرەبەکانمان دەپرسن, هۆی جیاوازیی سیاسی لەنێوان حزبو شۆڕشو تاقمە خۆفرۆشەکەی ئیبراهیم ـ جەلال چییە.

وێرای روونی هۆکارەکانی رووخانی ئەو تاقمە لەبەرچاوی جەماوەرو شکستیان, دەبینین باشتر وایە دووبارە ئەم مەسەلەیە روون بکەینەوە, بۆ ئەوانەی تائێستا بەئاگانین لەخۆفرۆشیی ئەم تاقمە گومڕایە. هۆی جیاوازیو ناکۆکیی راستەوخۆ لەگەڵ ئەوانەدا دەگەڕێتەوە بۆ رێکەوتننامەی راگرتنی شەڕ کەدروست بوو لەنێوان بارزانیو سەرەك کۆماری عێراقی ئەو سەردەمە, عەبدولسەلام محەمەد عارف لە ١٩٦٤/٢/١٠, کەئیبراهیم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانیو زۆر لەبەرپرسانی حزب دژی ئەو رێکەوتنە, گوتیان کەمەسەلەکە ئاشتی نییە, بەڵکو خۆ بەدەستدانە لەبەرامبەر هیچدا, بارزانی ئیمزای کردو, گەلی کورد سوورە لەسەر دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمیو دەتوانێت هەرچۆنێك بووە بەو رێکەوتنە رازی ببێتو, بۆ رۆژگارو مێژوو دەڵێینو, پێمان وایە کەسەرانی ئەو تاقمە نکۆڵی لەوە دەکەنو بەتایبەتی ئیبراهیم ئەحمەد خولیای بونیاتنانی ئەو راستایە بوون لەلایەن بێگانەکانەوە, چونکە تاڵەبانی لەسەرەتادا رێکەوتنەکەی ئیمزا کرد, لەکاتێکدا ئیبراهیم ئەحمەد لەدەرەوەی عیراق بوو. دوای گەڕانەوەیو هێرش بردنە سەر رێکەوتنەکە, جەلال ناچاربوو و گوترا کەخۆی بەناوی خۆیەوە, نەك بەناوی حزبەوە ئیمزای کرد, هەر چۆن بێت, دەبوا لەکاتی سەرهەڵدانی رەها ناکۆکییەکی ترسناکدا لەناو حزبو لەسەر کێشەی گرنگ بۆ ئەوەی پەیوەندیدار بەپرۆگرامی ناوخۆی حزب بەمەبەستی پەیداکردنی

دەروویەك بۆ نەهێشتنی جیاوازی لەناو حزبدا, دواتر ئیبراهیم ئەحمەدو تاڵەبانیو هەندێ لەبەرپرسانی حزب کۆنفرانسێکیان لەماوەت لەنیسانی ساڵی ١٩٦٤دا بەست. داوا لەبارزانی نەکرا ئامادەی کۆنفرانس ببێت بەوەی سەرۆکی حزب بوو. چەندین بڕیاری سەرچڵانەیان دەرکرد, لەوانە داماڵینی دەسەڵاتەکان لەبارزانی. بارزانیو قاعیدەی حزب دژی ئەو کۆنفرانسە وەستانەوە, بەوەی کەنەگونجاوە لەگەڵ پرۆگرامی ناوخۆی حزبو داوایان کرد کۆنگرە ببەسترێت بۆ نەهێشتنی کێشەکان کە لەکاتی خۆیدا گەورە بوون, ئەو تاقمە بیرۆکەی ئاراستەکردنی داواکردنەکەیان رەتکردبووەوە بۆ کۆنگرەکەو بەشدارییان تیایدا نەکرد, ئەگەرچی داواکاری زۆر ئاراستەیان کرا بۆ ئامادەبوونو, بارودۆخەکە رێگەی بەدواخستنی نەدەداو کەوتنە گفتوگۆو سازش لەگەڵ ئەوانەدا بێ سوود بوو, لەسەر ئەم بنەمایە, کۆنگرەی شەشەمی حزب بەسترا, وەکو پێویستیەکی مێژوویی هەنووکەیی, یەکێك لەبڕیارەکانی ئەوەبوو کەئیبراهیم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانیو چەندین بەرپرسێکی دیکەی حزب دەربکرێن.

دیارە ئەم بڕیارە بەدڵی دەرکراوەکان نەبوو, کاتێ سەرکردایەتی نوێ داوای لێیان کرد کەلوپەلی حزب بگێڕنەوە, ئەوان ئەو داوایەیان رەتکردەوەو پاساوی ئەوەیان هێنایەوە کەکۆنگرە شەرعیەتی نەبووەو یاخیبوونی خۆیان دژی شۆڕشو حزب راگەیاندو, بۆ دانانی ئاستێك بۆ ئەو یاخیبوونە,

سەرکردایەتی شۆڕش ناچاربوو هێز لەگەڵیاندا بەکار بهێنێت, بۆ ئەوەی دۆخەکە ئاسایی بکاتەوە, ئەوانە نەیانتوانی بەرامبەر هێزەکانی شۆڕش خۆیان رابگرن, بەرنگارییەکی کەمیان کردو رایان کرد بۆ ناو خاکی ئێران, دوای ئەوە زۆربەی ئەو ئازوقانەیان سووتاند کە لەناوچەی ماوەتدا هەیانبووو پارەوپوڵی حزبو هەزاران پارچە چەكو چەند تەن تەقەمەنی جۆراوجۆیان لەگەڵ خۆیاندا کرد. سەرەڕای هەموو ئەوانە, چەند چەمکێکی نیشتمانیو مرۆڤ دۆستانە هانی سەرکردەی شۆڕشی دا بڕیاری لێبوردنی گشتی بۆ ئەوان دەربکات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ناوماڵو منداڵی خۆیانو سەرقاڵی کاری رۆژانەی خۆیان بن. لەبری ئەوەی مل بەو بڕیاری لێبوردنە بدەن, دووبارەو دوای نزیکەی سێ حەفتە پەلاماری ژمارەیەك پێشمەرگەو هاووڵاتییان داو چەند گوندێکیان تاڵان کردو سووتاندیان. هێزی پێشمەرگە دووبارە ناچاریانی کرد پەنا ببەنەوە بەر ئێرانو دەسەڵاتەداران لەئێران لەشاری هەمەداندا نیشتەجێیانی کردو لەوێش وازیان نەهێناو هەندێ بڵاوکراوەی پڕوپووچیان دەرکرد کەپڕببوون لەدرۆودەلەسە لەسەر خۆ بەدەستەوەدانی بارزانیو فرۆشتنی کوردو کوردستان, بەڵام کاتی درۆکانیان دەرکەوت, دوای ئەوەی شەڕ دژی گەلەکەمان دەستی پێکرد لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٥دا, داوای گەڕانەوەیان کرد بۆ کوردستان, بەهیوای ئەوەی خۆیان لەو قەیرانە رزگار بکەن, دەبوا هەڵوێستی خۆیان بۆ رای گشتی روون

بکەنەوە, دوای گەڕانەوەیان‌و ئەو دۆخە باس بکەن کەچەکیان دژی شۆڕش هەڵگرت بۆ دوو جار, بۆ ئەوەی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش‌و جەماوەری گەل‌و پێشمەرگە دووبارە متمانەیان پێبکەن‌و دواتر پۆستی شیاو لەناو دامودەزگاکانی شۆڕشدا وەربگرن, بەڵام ئەوان وەکو نەریتی خۆیان دان بەهەڵە کۆنەکانی خۆیاندا نانێن‌و درۆودەلەسەیان بەدەم شۆڕش‌و حزبەوە هەڵدەبەست, دواتر پەیوەندیی گومان لێکراویان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدادا دروست کرد, لەبارودۆخی شەڕدا, تا گەیشتە ئەوەی بەنهێنی بەرەو بەغدا هەڵبێن, بەرامبەر بەم خیانەت کارییانەیان, گەلێ لەدڵسۆزان لێیان دابڕان‌و لەسەرووی ئەوانەوە نوری شاوەیس‌و عەلی عەبدوڵلاو نوری ئەحمەد تەها, هەروەها سەدان کەس لەئەندامان‌و کادیران پەیوەندییان بەحزبەوە کرد کەچالاکییان لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی ساڵی ١٩٦٤دا راگرتبوو, دەبێ ئەو راستییە بڵێین کە ئەو سێ برایە, هەڵوێستی جودا لەوانی دیکەیان هەبوو, هەوڵی زۆریان دا راوبۆچوونەکان لەیەکدی نزیک بکەنەوەو خۆفرۆشان بهێننەوە سەر رێگای راست, هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی جیاوازی ناکۆکییەکەوە.

بەڵام بەهۆی جیاوازی راستەوخۆی نێوان حزب‌و شۆڕش‌و خۆفرۆشانەوە, کەناکۆکییەکی بنەڕەتییە, کەدەگەڕێتەوە بۆ خەونێکی کۆنی ئیبراهیم ئەحمەد بۆ ئەوەی بارزانی لەسەرکردایەتی حزب لاببات بۆ ئەوەی خۆی ببێت بەدیکتاتۆرو

سەرکردەی گەلی کوردو ئەو تەمومژاوییەی باڵی بەسەر هەندێ لەبڕگەکانی بەیانی راگرتنی شەڕ لەساڵی ١٩٦٤دا کێشابوو, کرا بەپاساوێك بۆ ئەوەی پەردەیەکی سیاسی و بیروبۆچوون بدرێت بەسەر هۆکارەکانی ناکۆکییەکەدا. ئەوانەی شارەزای مێژووی حزبەکەمانن, بەباشی ئەوە دەزانن کەزۆربەی ئەوانەی ئەمڕۆ سەرکردایەتی ئەو تاقمە دەکەن پێشتر فاکتەری سەرەکی بەردەوامی بەشبوون و دووبەرەکی بوون لەناو ریزەکانی حزب و لەمپەر بوون لەبەردەم گەشەسەندن و بەرزبوونەوەی توانایی سیاسی بۆ بەرزترین ئاست, تا ١٩٦١دا کەسەرەتا تۆقاندیانی و ویستیان خۆیانی لێ دەربازبکەن, بەهۆی سووکی و بوودەڵەیی خۆیانەوەو لەبەرامبەر بەرگریی و قارەمانانەی گەل و گوشاری جەماوەری حزب لەسەریان و پشتگیریی کردنیان لەلایەن فەرماندەی شۆڕش, ناچاربوون مل بەشۆڕش بدەن و رووداوەکانی پێگەیانی بەرز کردەوەو, دواتر بوغرا بوون و هەستیان کرد کەئەو پەرجووانەی گەلە تێکۆشەرەکەمان و هێزە چەکدارە شۆڕشگێرەکەی ئەنجامیان دا, لەدەستکردی ئەوانەو بەلێهاتوویی ئەوان بەدەست هاتووەو گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە وابزانن ئەو شۆڕشەی پشت بەئەقڵ و هرزی ئەوان نەبەستێت شکست دەهێنێت و ئەوان بۆ هەتاهەتا دەبێ سەرکردەی ئەم گەلە بن و ئەمەیش هانیدان وا بیربکەنەوە کەهەر کەسێك دوای ئەوان نەکەوێت تاوانبارە, کاتێ پێشمەرگەیان لێ تەکییەوەو چوونەوە

ریزی سەرکردەکەیان بارزانی, بەوە تاوانباریان کردن کەسوپایەکن لەشڕەخۆرو خۆفرۆش‌و کاتێ حزب بەکۆی دەنگ لەکۆنگرەی شەشەمدا, بڕیاریاندا دەریان بکەن, وتیان شەرعی نییەو کاتێ گەل لەدەوری سەرکردایەتی خۆی کۆبووەوە یەکسەر گەلی کوردیان بەهەلپەرست تاوانبار کرد, لەساڵی ١٩٦٤دا چەکیان دژی شۆڕش هەڵگرت لەپێناوی ئۆتۆنۆمیداو لەدژی سیاسەتی پاکتاوی شۆڕش کەبارزانی لەکاتی خۆیداو بەپێی لاف لێدانی ئەوان پێی هەستابوو, بەڵام ئەمڕۆ ئەوان تەنیا سیاسەتی نەهێشتنی شۆڕش پیادە ناکەت, بەڵکو لەپێناویدا دەجەنگن‌و کاتێ بینیان کەشۆڕش بەگوڕو تین بەرەو پێشەوە دەڕوات‌و نیازی بەتواناییە دەستکردەکانی ئەوان نییەو حزب لەشوێنی خۆیدا سەقامگیرەو پێویستی بەسەرکردەی وەکو ئەوان نییە, ئیتر نەیانتوانی بەرگەی ئەوە بگرن ئەوە بوو باروبنەی خۆیان پێچایەوەو بەرەو بەغدا هەڵهاتن بۆ ئەوەی تینۆتی خۆیان لەدەسەڵات‌و سەرکردایەتی‌و پێگەی بەرزدا بشکێنن, ئیتر کەوتنە ناو زەلکاوی نەخشەکانی تۆڵە سەندنەوە لەشۆڕش. لەکاتێکدا لەبەهاری ئەو ساڵەدا, ناوچەی باڵەك رووبەرووی گەورەترین هێرشی سەربازی بووەوە کەپێشتر گەلەکەمان بەچاوی خۆی نەیبینبوو لەوەتەی سوپای شۆڕشگێری گەلەکەمان دژی داگیرکاران دەوەستایەوەو رووبەڕووی شکستی دەرکردنەوە, لەو کاتەدا خۆفرۆشەکان هەوڵیان دەدا بەپشت بەستن بەدامودەزگا سیخوڕییەکانی ئەمن‌و

ئیستخباراتی حکومەت لەدواوە خەنجەر لەپشتی شۆڕش بدەن، ئەوەبوو یاخبوون و هەڵگەڕانەوەی تاقمی بچووکیان دروست دەکرد لەناو پێشمەرگەکانی کەرکوك و سلێمانیدا بەڵام هۆشیاریی شۆڕشگێران و کۆبوونەوەیان لەدەوری سەرکردەکانیان هەوڵەکانیانی پووچەڵ کردەوەو لەرووڕەشی زیاتر هیچیان دەست نەکەوت.

داستانی ئەو خۆفرۆشانە بۆ ئێمە شتێکی نوێ نییە، زووتر حزب خیانەتکارییەکانیانی بۆ سەرانی بەغدا دەرخستبوو، دژایەتی و رقی کوێرانەی ئەوانە لەدژی شۆڕشی کوردو سەرکردایەتییە دڵسۆزەکەی گەیشتە رادەیەك کەراپۆرتی دروستکراو رێکبخەن سەبارەت بەپەیوەندیی دەرەکی شۆڕش و جەلال تاڵەبانی وێنەیەك لەو راپۆرتەی رەوانەی بەرێوەبەرێتی ئەمنی گشتی لەبەغدا کردو، وێنەیەك بۆ یەکێك لەباڵێۆزخانە بیانییەکان لەبەغداو هاورێکەی، حیلمی عەلی شەریفیش چەند وێنەیەکی برد بۆ دامودەزگا سیخوڕییەکان لەمیسرو سوریا لەهەوڵێکی تاوانکارانەی پووچدا بۆ زڕاندنی ناوو شکۆمەندیی شۆڕش و گومان دروستکردن لەسەر ئامانجە رزگاریخوازە عادیلانەکەی و چاوبەست کردن و گومڕاکردنی ئەو لایەنانەو شاردنەوەی راستییەکان.

ئەو هەڵگەڕانەوە خیانەتکارانەی ئەم دواییەیان، پەیوەندییەکی ئۆرگانی هەیە بەهەوڵە نەزۆکەکانەوە کەچەند لایەنێکی عیراقی و

بیانی ئەنجامی دەدەن, بەمەبەستی دامەزراندنی سەرکردایەتییەکی نویٚ بۆ بزووتنەوەی کورد کەجیا لەسەرکردایەتی بارزانی کار بکاتو ئیٚمە ئاگاداری ئەو هەولاٚنە بووین هەر لەمیٚژەوە, بەتایبەتی لەو کاتەدا کە لەبەهاری رابردوودا تاڵەبانی لەلەندەن بوو, وا خۆی نیشان دەدا کەوتەبیٚژی شۆڕشە لەدەرەوەو, چالاکی ئەو تاقمە لەچەند مانگی رابردوودا, ترۆپکی ئەو پیلانە گلاٚوە بوو کە بەهەرەسهیٚنانی سەربازییان شکستیان هیٚناو بەتەواوی لەرووی سیاسییەوە دابڕان لەهەر کوردیٚکی دڵسۆز کەئەو تاقمە بوون بەبەشیٚك لەدەزگای ئەمنو ئیستخباراتی حکومەتو, ئەوەی سەیرو سەمەرەیە, ئەوەیە ئەو تاقمە شانازیی بەو ئاکامەوە دەکەن کەپیٚی گەیشتنو بەباشترین شیٚوازی کوردایەتی دادەنیٚن, ئەرکی لەناوبردنی پاشماوەکانی ئەم تاقمەو سەرکوتکردنیان لەرووی سیاسییەوە, بەشیٚوەیەکی سەرەکی بەندە بەهۆشیاریی جەماوەرو چڕکردنەوەی ئاستی سیاسییانو بەردەوام بوون لەسەر پەردە هەڵماڵین لەسەر تاوانەکانی ئەم تاقمەو شەڕئەنگیٚزییان.

**********

**خویٚنەری خۆشەویست:**

لیٚرەدا دەمەویٚ بەکورتی قۆناغەکانی هەڵویٚستی مەلامستەفاو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەخاڵ روون بکەمەوە:

١ ـ بارزانی زۆر لێهاتووانەو بەیارمەتی حکومەتی عێراقی توانی حزبو شۆڕش کۆنترۆڵ بکاتو وای لێهات تەنها قسەی بارزانی دەیخوارد, ئەم دەست بەسەراگرتنەش بوو لەکۆتاییدا وای لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی کرد بنکەو بارەگاکانیان لەماوەت بەجی بێڵنو پەنا بۆ ئێران بەرنو کاتێ سنووریان دەبڕی ئەوەندەی نەمابوو هێزەکەی مەکتەبی سیاسی تووشی پێکدادان بێت لەگەڵ هێزەکانی بارزانی ئەوەبوو مەکتەبی سیاسی خۆی لەپێکدادان لەگەڵیاندا لاداو هەندێ دوورەتەقە روویدا هیچیتر. لێرەدا ئەوەش دەڵێم کوحکومەتی عێراقی هەر کە بەمەسەلەکەی زانی شاندێکی حکومی لەبەغداوە نارد بۆ چوارتا کەسوپاسالارو فەرماندەی فیرقەی دوو و بەڕێوەبەری هەواڵگریو پارێزگاری سلێمانی لەخۆی گرتبوو کە بەناوی حکومەتەوە ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ پشتگیریکردنی بارزانی کە بەهەموو هێزێکیەوە لەوێ بوو بۆ لەناوبردنی مەکتەبی سیاسی. سەیریش ئەوەیە بارزانی لەکتێبەکەیدا دەڵێ گوایە پارێزگاری سلێمانی ژمارەیەك لەزانای ئاینی نارد بۆ لای ئاگاداری بکەن کەئامادەیە بۆ میوانداریکردنی لەسلێمانی چونکە ئاگادار نەبووە کەبارزانی بەناو سلێمانیدا تێپەڕیوە.. لەکاتێکدا بەڕێوەبەری بەشێکی ئەمنی گشتی پێمی ووتبوو کەدەیزانی بارزانی بەناو شاری سلێمانیدا تێدەپەڕێت.. ئەی رێی تێدەچێ بارزانی بەخۆیو هێزێکی چەکدارەوە بەبێ ئاگاداری دەسەڵاتداریەتی تێپەڕێت!

٢ ـ بارزانی دوای ئەوەی دەستی بەسەر هەموو کوردستاندا گرتو دوای دەرکردنی مەکتەبی سیاسی کەکەس نەما لەڕوویدا بوەستێ, چی بۆ سەربەرزی کوردستان پێشکەش کرد؟ چی پێشکەشی ئەم خاکە کرد کەهەموو شتێکی خۆی پێ بەخشی؟ بێگومان هیچ..

٣ ـ دوای ئەوەی حکومەتی ئێرانی بڕیاری لێبوردنی بۆ بارزانی دەرکرد, بارزانی دەستبەجێ دەستی کرد بەدروستکردنی پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ شای ئێران.

٤ ـ سەرجەم خەڵکی کوردستان بۆیان دەرکەوت کەحکومەتی عەبدولسەلام عارف باوەڕی بەمافی گەلی کوردستان نەبوو, بەڵکو ئەوپەڕی دوژمنایەتیشی دژی نەتەوەی کورد نیشانداو لەئەنجامی ئەوەدا دەسەڵاتو شکۆی بارزانی لەناو جەماوەردا کەم بووەوە, ئیتر ناچاربوو یەکێك لەم دوو شتە بکات:

أ ـ یا ئارەزووەکانی عەبدولسەلام جێبەجێ بکاتو سەنگی خۆی لەناو کورددا بدۆڕێنێت, یا بەرەوڕووی بوەستێ بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێو تەختەکەی بپارێزێت.. جا جەنگی هەڵبژاردو دوای ئەوەی شا بەڵێنی یارمەتیکردنی دا, جەنگی دژی حکومەتی عیراقی ڕاگەیاند. ئەم هەڵوێستە نوێیەی بارزانی مەکتەبی سیاسی ناچارکرد کەلەو کاتەدا لەئێران بوون لەگەڵیدا ئاشتبنەوەو بگەڕێنەوە بۆ باوەشو ژێر دەسەڵاتیو ئیتر بارەکە هەتا ساڵی ١٩٦٦ وەکو خۆی مایەوە.

جا هەموو شارەزاو تەنانەت چاودێرێکی سیاسیش لەو کاتەدا, ئێستا لەو رووەوە لەگەڵمدان کەهێزەکانی پێشمەرگەو جەماوەریش پشتگیری ئەندامانی مەکتەبی سیاسییان دەکردو بەفەرمانی ئەوان دەجووڵانەوە لەبەر قایلبوونی تەواویان بەوەی ئەوان داڕێژەری سیاسەتو شۆڕشی کوردستانن‌و هەر ئەوان بەردی بناغەن, لەبەر ئەوە هەڵبژاردنی راست لەبەردەمیاندا خۆگرتن بوو بەرامبەر بارزانی تا ئەو کاتەی سەرکەوتن بەسەریدا مسۆگەر دەبێ.

بەڵام مەکتەبی سیاسی رایەکی هەبوو کەپاشتر پووچەڵبوونەکەی سەلماو گەلی کوردیش بۆ چەند دەهەیەك بەگرانی باجەکەی دا, ئەو رایە هەڵەیەش ئەمەبوو:

مەکتەبی سیاسی تەواو لەو باوەڕەدابوو کەعەبدولسەلام عارف هەرگیز دان بەمافە رەواکانی گەلی کورددا نانێت‌و باوەڕیان وابوو ئەوان ئەگەر خاکی کوردستانی عیراق بەجێ بێڵن‌و رووبکەنە ئێران ئەوە زۆربەی گەلی کوردستان لەهەڵوێستەکەیان دژی شەڕی براکوژی تێدەگات‌و پشتگیرییان دەکات‌و بەمە بەرەکە لەژێر پێی بارزانی رادەکێشرێت‌و دەسەڵاتی دەدۆڕێنێت‌و ئەوانیش سەربەرزو بەپشتگیری جەماوەر دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان تا سەرلەنوێ ئاگری شۆڕش هەڵگیرسێننەوە. بەڵام بەداخەوە, هەموو ئەوانە خەیاڵ پلاوبوون‌و نەهاتنەدی.

## بەشی نۆهەم

### رووداوەکانی ساڵی ١٩٦٥ ـ ل ( ١٥٦ )

سەرکردایەتی شۆڕش گواستیەوە بۆ ناوچەی باڵەك‌و هەتا نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ کردی بەبارەگای.

دوابەدوای پچڕانی وتووێژەکان هەردوولا خۆیان بۆ شەڕ ئامادەکردو, لەشوباتدا وەکو پێکدادان‌و سووکەشەڕ دەستی پێکرد (..).

خودی رژێمی شا دوای ئەوەی دەستی لەئیبراهیم ئەحمەدو تاقمەکەی شت وای بەباش زانی پەیوەندیمان پێوە بکاتەوە (..).

شا زۆری هەوڵدا لەبارزانی نزیك بێتەوە جا سەرەتا چوار هاوەنی عەیارە (٨١ ملم)و (٥٠٠) تفەنگی بڕنەوی نارد (..).

ئنجا شا فەرمانی دەرکرد بریندارەکانمان لەنەخۆشخانەکانی ئێراندا چارەسەر بکرێن.

**گەڕانەوەی ئیبراهیم ئەحمەدو مەکتەبی سیاسی بۆ کوردستان ـ ل ( ١٦٦ )**

ژمارەیەکی زۆری پیاوماقووڵی کوردو رۆشنبیرو ریش سپی لەناوەوەو لەدەرەوە لای بارزانی تێکەوتن بۆ تاقمی ئیبراهیم ئەحمەدی مامۆستای دووبەرەکی و (جاشایەتی) لەناو رۆشنبیراندا بۆ ئەوەی لێیان خۆش بێت‌و رێگە بدات بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.

ئیتر بارزانی سەیری کرد ئەمە لەبەرژەوەندی ئەودایە بۆیە بێ هیچ مەرجێك لێبوردنی دەرکردو نامە لەنێوان هەردوولادا ئاڵوگۆڕ پێکرا پاشان شاندێك چوو بۆ تاران بۆ هێنانەوەیان, شاندەکە

پێکهاتبوو لە: عەلی عبداللە، نوری شاوەیس، نوری ئەحمەد تەها، ئەمانەش لەئەندامە کۆنەکانی مەکتەبی سیاسی بوون.

یەکەمین تاقمیان لە ٦ی تەموزدا گەیشتە حاجی ئۆمەران کەعەلی عەسکەری ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسییان لەگەڵدابوو. ئنجا جەلال تاڵەبانی لەگەڵ ئاوانی تردا هات (..). جگە لەئیبراهیم ئەحمەدو خێزانەکەی کەوای بەباش زانی لەتاران بمێنێتەوە، هەموویان هاتنەوە.

گەڕاوەکان ئیزگەی کوردی کەلایان بوو تەسلیمیان کردەوە. پاشان شەڕکەرەکانیان هاتنە ریزی پێشمەرگەوە. بەڵام بارزانی، دۆڵەڕەقەی بۆ نیشتەجێی سەرکردەکانیان دەستنیشان کرد کە لەژێر چاودێری عەباس مامەنددا بوو، نەقیب کەمال موفتیی کرد بەفەرماندەی هێزی قەرەداخ کەئەویش لەگەڕاوەکان بوو.

ئنجا فەرماندەیی هێزی کاوە بەمحەمەد ئەمین فەرەج سپێردرا کەهەر لەئەوان بوو، مەبەستیش نەهێشتنی ساردی بوو لەنێوان پێشمەرگەو گەڕاوەکانو کارکردن لەپێناو بەدیهێنانی ئاشتبوونەوەو یەککەوتن لەناو لایەنەکاندا. بەڵام سەرباریشی، گیانی خیانەت هەر مایەوە، چونکە ئەم دوو سەرکردەیە لەئەنجامی دەست تێکەڵکردنیان لەساڵی ١٩٦٦دا لەگەڵ رژێمی عیراقی، زیانی زۆر گەورەیان بەشۆڕش گەیاند وەکو پاشتر بەدوورودرێژی باسی دەکەین.

**********

**لێرەدا بە پێویستی دەزانم بەمەبەستی پووچەڵکردنەوەی چەواشەکارییەکان, بڵێم:**

**مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کێیە؟**

**من لەو کەسانە نیم کەبتوانم لەچەند لاپەڕەیەك یا تەنانەت بەکتێبێك وەکو پێویست ئەم پیاوە هەڵسەنگێنم. لێرەدا باسی هەندی لایەنی کەسایەتی دەکەم لەگەڵ ئەو تۆمەتبارکردنانەی کەمەسعود بارزانی لەم کتێبەی دواییدا ئاراستەی کردوون, ئەمەش بۆ ئەوە ناکەم تا خۆم بکەم بەوەکیلی خۆی یا خێزانەکەی بەڵکو بۆ ئەوەیە بەشداری لەڕاستکردنەوەی چەواشەکاری هەڵبەستنەکاندا بکەم.**

**لەناو کۆمەڵگەدا بەدەگمەن ڕێکدەکەوێ پیاوێك هەڵکەوێ ئەو هەموو بەهرانەی بەجارێك تێدا کۆبووبێتەوە: کەسایەتیەکی بەهێز, بەخشینی بەردەوام, تێکۆشەرێکی نیشتمانپەروەرو سیاسییەکی بەئەزموون‌و دەرکەوتوو کە لەجیهانی سیاسەتی کوردستاندا ناسراوبێت.**

**دەریایەك بوو لەزانیاری دەربارەی سیاسەت‌و کەلتوورو ئەدەبی کوردی, چەندین زمانی دەزانی, شاعیرو چیرۆکنووسێکی وا چەندین دانراوی هەبوو وەکو: (گۆڤاری گەلاوێژ, ڕۆمانی ژانی گەل, کوێرەوەری, چریکەی کوردستان)و هی تر کەبەڵگەی شارەزایی بوون. ئەم شۆڕسوارەی داڕێژەرو ڕێکخەری ڕێکخستنی کوردایەتی وەکو پارێزەرێکی دەستپاك دەستی بەکار کرد, ساڵی**

١٩٥١ كاتێك لەكۆنگرەی دووەمی پارتی کە لەماڵی شەهید (عەلی حەمدی بەرواری) لەبەغدا بەکۆی دەنگ بەسکرتێری گشتی پارتی هەڵبژێردرا هەموو لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەدڵ پێیان خۆشبوو.

کاتێ ئەو کۆنگرەیە بەسترا مەلا مستەفا بارزانی لەعیراقیشدا نەبوو, بەڵکو ئاگایشی لەو کۆنگرەیە نەبوو. ئەی کەواتە بەهۆی چییەوە بەسەرۆکی پارتی هەڵبژێردراو, بۆچی ئەو هەموو پڕوپاگەندەیەی بۆ کرا؟ چونکە دوای ماوەیەکی کەم گەیشتە لووتکەی دەسەڵاتێك لەحزبدا کەس شانی لەشانی نەدەدا, زۆریشم هەوڵدا پاساوێك بۆ ئەمە ببینمەوە بەڵام هیچم بەدەست نەهێنا.

مەلامستەفا بۆ کورد وەکو چاووایە بۆ مرۆڤ, بەڵام مرۆڤ چی بکات کاتێ چاوی تووشی شێرپەنجە دەبێ؟ ئایا چارەسەرکردنی هەڵکێشانی نیە؟ ئەمە قسەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو!

بارزانی وای دەزانی ئیبراهیم ئەحمەد هۆی سەرەکیە کەرێکخستنەکانی پارتی فەرمانەکانی جێ بەجێ ناکەن, ئەمەش بوو هانیدا لای بداتو جەلال تاڵەبانی لەجێگاکەی دانێت, نەك لەبەر ئەوەی جەلال تاڵەبانی جێگای بڕوای بوو بەڵکو تەنها لەپێناو لادانی ئیبراهیم ئەحمەد. بارزانیش ئەو راستیەی لەبیرچووبووەوە کەنەك هەر ئیبراهیم ئەحمەد بەڵکو زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەمان بیروباوەڕیان هەبوو بەرامبەری.

هەڵە مێژووییەکەی مەکتەبی سیاسی کەمتەرخەمی کردن بوو لەوەی بەتوندوتۆڵی بەرامبەر نەخشەو پلانەکانی بارزانی بوەستنەوە, بەپێچەوانەی ئەمانیش, بارزانی خۆی ساغ کردبووەوەو بڕیاری یەکجاری دابوو کەپەلاماری مەکتەبی سیاسی بدات‌و ئەوانەیان کەفەرمانەکانی ١٠٠٪ جێبەجێ ناکەن لەناویان بەرێت.

ئەو بڕیارانەی کەئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەماوەت دەریکردن گرنگ‌و یەکلاخەربوون بەڵام جێبەجێ نەکران, چونکە دەبوایە هێرشیان بکردایەتە سەر بنکەو بارەگاکانی بارزانی لەسەنگەسەرو لەدەسەڵات‌و زۆرداریەکەی بخەن کە لەساڵی (١٩٦١)ـەوە بەردەوام بووو کەبووبووە کۆسپی ڕێگای رزگارکردنی کوردستان. جا لێرەدا من رووی گلەییم لەو رووەوە دەکەمە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەتایبەتی هەردوو خوالێخۆشبوو ئیبراهیم ئەحمەدو نوری شاوەیس چونکە کۆنگرەکە بەسەرپەرشتی ئەوان بەستراو بەڕێوەچوو.

هەموو ئەوانەی بەشداری کۆنگرەی قەڵادزێیان کرد پشتگیری بارزانییان دەکرد ئەوەش بەو خەیاڵەوە لەگەڵ نەبوونی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەوان بۆشاییەکە پڕدەکەنەوەو لەکۆتاییدا بارزانی بەوە قایل دەکەن کە لەپلان‌و بیروڕاکانی پەشیمان بێتەوە, بەڵام شکستیان خواردو بوون بەدوو بەشەوە: هەندێکیان

بەملکەچی کردن بۆ فەرمانەکانی بارزانی لەگەڵ بارزانی مانەوەو هەندێکی تریان لێی جیابووەوەو کۆچی کرد.

پەیوەندی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ شای ئێران ئاشکرابوو، شوێنی نیشتەجێیان و نوێنەرایەتییان نزیك مەکتەبی سیاسی بوو، ئەم پەیوەندیو هەماهەنگییەش بەفەرمانی حزب بوو.

بارزانی وای دەزانی کۆنترۆڵ کردنی مەکتەبی سیاسی لەماوەت ڕێگای پەیوەنی کردنی بەرژێمی شاوە بۆ خۆش دەکاتو ئەمە لەڕووی داراییەوە سوودی پێدەگەیەنێت.. بەتەما نەبوو سیاسەتی شای ئێران ڕۆژێك لەڕۆژان شکست بەشۆڕشی کوردستان بێنێو خودی بارزانیش تووشی شێرپەنجە بکات.

هەریەك لەبەڕێزان نوری ئەحمەد تەهاو نوری شاوەیسو عەلی عبداللە بەشداری کۆنگرەکەی ماوەتیان لەساڵی ١٩٦٤دا کردبووو لەبەشدارە هەرە دیارو لێهاتووەکانی بوون کەبانگەوازیان بۆ لادانی مەلامستەفا دەکرد لەڕیزی پارتیو لێخستنی لەپۆستی سەرۆکی حزب، بەڵام ئای لەگەورەیی کاری خوا، بارزانی بەهۆی تواناى بێوێنەیەوە توانی قایلیان بکات لەبڕیارەکەیان پەشیمان ببنەوەو لەوەش زیاتر ناردنی بۆ ئێران تا لەگەڵ مەکتەبی سیاسی (تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد)دا کۆببنەوە بۆ ئەوەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی قایل بکەن کەبگەڕێنەوە بۆ کوردستانو بۆ ریزی بارزانیو سەرکردایەتی پارتی کەخۆیان

دایانمەزراندبووو هەر خۆیان خاوەن بڕیار بوون تیایدا, تەوەرەکانی گفتوگۆکانیشیان سێ خاڵ بوو:

١ - دوای پەلامارەکەی بارزانی بۆ سەر ماوەت‌و دوورخستنەوەی مەکتەبی سیاسی بۆ ئێران‌و دوای قەسابخانە مەرگەساتاوییەکانی بارزانی لە (کانی ماسی)و تۆقاندنی خەڵك, وای لەژمارەیەکی زۆر لەپێشمەرگە چالاکەکانی لایەنگری مەکتەبی سیاسی کرد بەرەو ئێران هەڵێن یا لەو شاخ‌و هەردانە خۆیان بشارنەوەو شۆڕش بەجێ بێڵن. هەموو ئەمانەش وایان لەبارزانی کرد نەتوانێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە بەهۆی ڕۆیشتنی ئەو سەرکردەو پێشمەرگانەوە دروست بوو کە لەکۆتاییدا ورەی گەلی کوردی رووخاندو باوەڕی بەسەرکردەکانی‌و بەشۆڕشەکەی کزبووو ئەنجامی نالەباری لێکەوتەوە.. ئیتر بارزانی بەدەستێکی پۆڵایین کوردستانی کۆنترۆڵ کردو, گەل‌و نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕەکان هەستی ئەوەیان پێدا گەڕا کەدەبێ ئەو سیاسەتمەدارو قارەمانانە بگەڕێنەوەو چاوپۆشی لەڕابردوو بکرێ.

٢ - بارزانی دانی بەهەڵەکانیدا نا کە چی کردووەو وتی ئامادەیە داخوازییەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەتەواوی جێبەجێ بکات. لەولاشەوە سەرۆك عەشیرەتەکان کەوتنە قسەکردن لەسەر پێویستی گەڕانەوەیان بۆ کوردستان لەبەر پێویستی زۆر پێیان هەروەها بۆ بەرگرتن لەدیکتاتۆریەتی زۆردارانەی بارزانی کەمەترسی دروست دەکات

لەسەر كوردستانو شۆڕش, تەنانەت كادیرەكانی حزبو پێشمەرگەو هەموو جەماوەریش داوایان دەكرد بگەڕێنەوە. هاوكات موشیر عارف كەدڵنیابوو شۆڕش بێهێز بووە لەو بڕیارانەی پەشیمانبووەوە كە بەشۆڕشی گەلی كوردستانی دابووو دەستی كرد بەئاژاوەنانەوە لەناو خەڵكی كوردستاندا.

٣ ـ رژێمی شای ئێران رۆڵێكی گەورەی هەبوو بۆ گەڕانەوەی مەكتەبی سیاسی بۆ كوردستانو چوونەوەیان بۆ ناو ریزی بارزانی بەمەبەستی بەهێزكردنی ریزەكانیو سەرلەنوێ هەڵگیرساندنەوەی ئاگری شەڕ دژی رژێمی عەبدولسەلام عارف بۆ لاوازكردنی كەئەمەش خۆی لەخۆیدا ئامانجو ئاواتی رژێمی ئێران بوو.

دوای وتووێژێكی درێژخایەن لەنێوان هەردوولا كەنوێنەرانی بارزانی ئەم بەڕێزانە بوون: نوری ئەحمەد تەها, نوری شاوەیسو عەلی عبدالله, لایەنی دووەمیش ئەم بەڕێزانە بوون: مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو ئەندامانی مەكتەبی سیاسی. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەكۆتایی وتوێژەكاندا ووتی: منو ئەندامانی مەكتەبی سیاسی هیچ گومانمان نیە لەنیازی پاكتان بۆ چارەسەركردنی قەیرانەكە, من خۆم ئامادەم ئەوەی دەتانەوێ جێبەجێی بكەم بەڵام بەمەرجێك بارزانی ٥٠٪ی بەڵێنەكانی بەرێتەسەر, دەشگەڕێینەوە بۆ كوردستان تا بەهەموو چەكو تفاقێكی سەربازیمانو هێزەكانمانو بەئیزگەكەشمانەوە بێینەوە ریزی بارزانی.. ئیتر

بەڕێزان حلمی عەلی شەریف‌و جەلال تاڵەبانی‌و عومەر مستەفاو عەلی عەسکەری پشتگیرییان کرد.

ئنجا بارزانی دوای ئەوەی هەموو شتێکی کەوتە دەست، لەبەڵێنەکانی پاشگەزبووەوەو بەڕێزان جەلال تاڵەبانی‌و عومەر مستەفاو عەلی عەسکەری‌و حلمی عەلی شەریفی بەدەستبەسەری لەدۆڵەڕەقە لەژێر چاودێری بەڕێز عەباسی مامەندئاغا دانا کەجێگای بڕوای بارزانی بوو.

بارزانی بەڵێنی نەدەبردە سەر. لەو بەڵێنانەی دابوونی تەنها ئەوەی لێ جێبەجێ کرد کەکاروباری پێشمەرگەی خستە دەستی بەڕێزان کەمال موفتی‌و حەمەئەمین فەرەج، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەبوو کەپێشمەرگە لایەنگرەکانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەدەوریان کۆببنەوە بەلایان لەخۆی دووربخاتەوە، بەڵام دوای ئەوەی راستییەکەیان بۆ دەرکەوت لێی هەڵگەڕانەوەو لێی جیابوونەوە.

لێرەدا پرسیارێکی بەجێ دێتە پێشێ لەو کەسانە دەکرێ کەهێشتا ماون‌و ئەو رووداوانەیان بەچاوی خۆیان بینی‌وەك بەڕێز عەلی عبدالله یان ئەو بەڕێزانەی سەرەوە: بۆچی ئەم راستییانەیان بۆ خەڵك ئاشکرا نەکرد تا سەرجەمی گەلی کوردستان راستی هەڵوێستی گەورەکانی بۆ دەرکەوێت‌و بزانێت تا چەند بەڵێن دەبەنەسەر؟

زۆر راستی تریش هەیە کەئەو بەڕێزانە خۆیان لێیان بێدەنگ کرد کەئەمەش خیانەتێکە دەرهەق بەمێژوو, خوێنەری خۆشەویست ئەمە لەکاتێکدا هەرچیم باس کردووە هەمووی راستی حاشاهەڵنەگرەو ئاواتم ئەوەیە یەکێك لەو بەڕێزانە رۆژێك لەڕۆژان دانیان پێدا بنێت تا تەواوی راستییەکان بکەونەڕوو.

**بەشی دەهەم ـ ل (١٧١)**

**پەیوەندی تاقمی مەکتەبی سیاسی پێشوو بەرژێمەوە**

دەرکەوت متمانەی بارزانی بەجەلال تاڵەبانی‌و هاوەڵەکانی کە لەدۆڵەڕەقە دەستبەسەرکران, لەجێگای خۆیدا نەبوو (..). رۆڵی دووسەرەی عەباس ئاغا شەرەفمەندانە نەبوو, چونکە لەلایەکەوە بارزانی لەوە ئاگادار دەکردەوە کەئەوانە پەیوەندییان بەرژێمەوە هەیە, لەلایەکی تریشەوە بەگوێیدا دەدان کەبارزانی نیازی لەگەڵیاندا خراپە. جا عەباس ئاغا برووسکەی بۆ بارزانی لێدا تیایدا ئاگاداری کرد کەتاقمی ئیبراهیم ئەحمەد پەیوەندییان بەبەغداوە هەیەو بەرژەوەندی وا دەخوازێ کە لەدۆڵەڕەقەوە بیانگوازێتەوە بۆ ناوچەی گەڵاڵە. بارزانیش لەبرووسکەیەکدا کەوێنەیەکیشی بەئدریسی برام دا تیایدا داوای لێکرد شوێنیان لەگەڵاڵە بۆ ئامادەبکات. لەهەمانکاتدا عەباس تاقمی جەلالی لەنیازی بارزانی ئاگادارکرد کەدەبێ خۆیان رزگاربکەن چونکە گەیشتنیان بۆ گەڵاڵە واتە تیاچوونیانە. ئیتر لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٦ ئەوانە رێگای خیانەتیان هەڵبژاردو بوون بەبەکرێگیراوی

حکومەت. بەڵام نوری شاوەیس و عەلی عبداللەو نوری ئەحمەد تەها ڕازی نەبوون لەگەڵیاندا بڕۆن و لەناو شۆڕشدا مانەوە (..).

ئەمە هۆکارێکی ساردی نێوان عەباس ئاغاو بارزانی بوو, بەڵام بارزانی کەسێکی لێبوردە بوو بۆیە هیچی بەرامبەر نەنواند کەساردی پێوە دیاربێ یا خراپەی بەرامبەر بکات.

لەهەموو ئەمەش سەیرتر ئەوەبوو کەعەباس ئاغا بەئوتومبێلی خۆی و دوای ئەوەی دڵنیابوو بەسەلامەتی دەیانگەیەنێتە جێ, ئەوانەی لەدۆڵەڕەقەوە گەیاندە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت و کاتێ دڵنیابوو دەستی شۆڕشیان پێڕاناگات برووسکەیەکی بۆ هەموو بنکەو بارەگاکانی پێشمەرگە لێدا تیایدا ئاگاداری کردن کەتاقمی مەکتەبی سیاسی و لایەنگرانیان شوێنی خۆیان بەجێ هێشتووەو مەفرەزەی دەرکرد بۆ شوێنکەوتن و دەستگیرکردنیان!!

**ڕۆڵی جاشی (٦٦)**

**لە پلانی (توکلتُ علی اللە) ـ ل (١٨٠)**

ئەمانە سەرەتا لەو پلانەدا ڕۆڵ و بەشدارییان روون نەبوو هەروەها مەڵبەندیشیان وەکو مەڵبەندی سوپاو جاشە کۆنەکان نەدەزانرا لەبەر بڵاوبوونەوەیان لەناوچەکانی شۆڕشدا (..). وەکو ووتمان کەمال موفتی کرا بەفەرماندەی هێزی قەرەداغ و محەمەد ئەمین فەرەج کرا بەفەرماندەی هێزی کاوە لەپشدەر. ئەوەی لەو کاتەدا ئەنجامی دا دەستگیرکردنی ژمارەیەك لەئەندامانی حزب و

پێشمەرگەی سەر بەشۆڕش (..). کەمال موفتی لەقەرەداغ چەند لایەنگرێکی گرتووە ئەوانیش لێپرسراوی لقی چواری حزب عومەر شەریفو ملکۆ زیرۆو سیامەند بارزانی کەبارزانی بوون (..). ئەمانەی کوشتو تاوانەکەی دایە پاڵ حاجی ئیبراهیمی چەرمەگا (..). لەهەمان کاتدا هێزی یارمەتیدەر بۆ ئەو دوانە هات لەلایەن جەلال تاڵەبانیو عەلی عەسکەریو عومەر مستەفا دەبابەو حلمی عەلی شەریف.. لەپشدەرەوە هەواڵی شەهیدبوونی کادیری سەربازی ئیبراهیم ئەفەندیمان پێگەیشت (..).

ئینجا پەرتوبلاوبوونەوە زۆربەیان دایانە پاڵ سوپای عیراق لەگەڵ ژمارەیەك لەئاغاکانی میراودەل لەوانە (عەلی عەباس ئاغا) کەشەهید ئیبراهیم ئەفەندی بەدەستی خۆی تیرۆرکردو خۆیشی ساڵی ١٩٦٦ بەدەستی پیاوەکانی شۆڕش کوژرا (..). ژمارەیەکی کەم لایەنگریان لەبادینان هەبوو. لەئامێدیش (صدقی حاجی شەعبان) بەکرێگیراویان بوو, لەهەندێك ناوچەی دهۆکیش دوو کەس هەبوون ئەوانیش (تیلی کوردی)و (رەشید سەعیدئاغا دۆسکی) بوون کەخۆیان لەبەر هێزەکانی شۆڕش پێنەگیراو زۆری نەخایاند ناوچەکانیان بەجێ هێشتو چوونە پاڵ حکومەت لەدهۆك (..).

لە ٢٩ حوزەیران ١٩٦٦ بەیاننامەی ڕێکەوتن ئیمزاکرا, بەزاز بەخۆی بەیاننامەکەی خوێندەوە کەکاتی خۆی بەبەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران ناسرا, ئیتر شەڕ لەگەڵ سوپا ڕاگیرا. زۆریشی نەخایاند

عەبدولڕەحمان بەزاز دەستی لەکار کێشایەوەو عەمید روکن ناجی تالب وەزارەتی نوێی پێکهێنا (..).

نزیکبوونەوەیەك لەئارادابوو لەنێوان ناجی تالب کەنەتەوەییەکی ناصری بوو لەگەڵ جاشەکانی ٦٦ بەڵام شەڕ لەگەڵ جاشی ٦٦دا هەر بەردەوام بووو حکومەت چەکی نەکردن بەڵکو چەکی تری دانێو بواری زیاتری بۆ رەخساندن بۆ ئاژاوەو تێکدانی ئارامیو ئاسایشو دژایەتیکردنی پارتی.

### بارودۆخ لەنێوان بەیاننامەی ٢٩ حوزەیرانو کودەتای ١٧ تەموز ١٩٦٨ - ل ( ١٨٦ )

دوای شکست هێنانی پلانی (توکلت علی اللّٰه)و دەرچوونی بەیاننامەی حوزەیران شەڕ بەتەواوی وەستا, بەڵام کەکودەتای ١٧ تەموز ١٩٦٨ روویدا جاشی ٦٦ بەئاشکرا لەگۆڕەپانەکەدا دەرکەوتن. ئەمانە لەلایەن حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانەوە پشتگیری کرانو زیانیان زۆربوو بەتایبەتی لەشارەکاندا کەئازادی تەواویان پێدراو بنکەو بارەگایان بۆ کرایەوە.

### دەزگای پاراستن ( هەواڵگری شۆڕش ) - ل ( ١٨٨ )

لەئایاری ١٩٦٦ بارەگای بارزانی دامەزرا کەئدریسی برام لێپرسراوی بوو هەروەها منیش کرام بەیاریدەدەری. ئەم بارە تا ساڵی ١٩٦٧ بەردەوام بوو کاتێك بەپێویست زانرا دەزگایەکی ئاسایشو هەواڵگری بۆ شۆڕش دامەزرێت کەئەرکی دامەزراندنی بەمن سپێردرا. بەشێوەیەکی سەرەکی پشتم بەشەکیب عەقراویو

محەمەد عەزیز قادرو فڕەنسۆ حەریریو فاخر مێرگەسووریو چەند برایەکی تر بەست.

دوو ساڵمان پێچوو تا لقو میلاکاتی ئەم دەزگایەمان دامەزراند. ساڵی ١٩٦٩ بەڕەسمی بووم بەلێپرسراوی هەروەکو بۆم دانرابوو.

**مەسعود سەردانی بەغدا دەکات ـ ل (١٩٠)**

یەکەمین سەردانم بۆ لای چادرچی بوو، زۆریشم لەو بارەیەوە لەبیر نیە ئەوە نەبێ کە لەقسەکانیدا زۆری لێدەکردم تکای بگەیەنمە لای باوکم کە لەتاقمی ئیبراهیم ئەحمەد خۆش بێتو وەریانبگرێتەوەو دەیووت لەبەرژەوەندی گەلی کورددا نیە ئەوانە لەخزمەتی حکومەتدا بن. منیش تکاکەیم گەیاندە بارزانی.

**********

**لێرەدا دوای ئەم پەرەگرافانەی خستمانە بەرچاو، دەڵێم:**

بەدرێژایی مێژوو، لەو شتانەی لەبەشەکانی کتێبەکەمدا باسم کردووە دەربارەی سەرۆکی عەشیرەتەکانو پیاوماقووڵو ریش سپییەکانی کوردستان وەك (سورچی، زێباری، هەرکی، برادۆستیو دۆڵەمەڕیەکان)، بەدەگمەن تیایاندا بێت دەستی تاوانی پێ نەگەیشتبێ هەر لەبەر ئەوەی بەرهەڵستی هەڵوێستێك یا رایەکی کردووە یا دژی بارزانی وەستاوەتەوە، لەم ناسراوانەی کوردستان نیە رزگاری بووبێ لەتیرۆر یا ئاوارەکردن بەخۆیو

خاوخێزانیەوە یا پاڵی پێوە بنرێ پەنا بۆ حکومەتەکانی عێراق یا ئێران یا تورکیا بەرێت.

تاکە کەسێك بەفەرمانی بارزانی نەجووڵاوەو زیاد لەوەش لەچەند هەڵوێستێکدا بەنهێنیو بەئاشکرا بەرامبەر بارزانی وەستابێتەوە کەسایەتی ناسراوی ناو هەموو کۆڕوکۆمەڵەکان بەڕێز عەباسی مامەندئاغابوو, ئەم پیاوە بەلێهاتوویی تەواو توانی مێژوویەکی پڕ سەروەریو شۆڕشگێڕی بۆ خۆی دروست بکات کەبنەماڵەکەیو عەشیرەتەکەشیو ئەوەی دۆستایەتیشی کردبێت شانازی پێوە بکات.

ماڵەکەی لەسەردەمی حوکمی پاشایەتیەوە بارەگایەکی سەرەکی هەموو حزبە سیاسیەکان کوردستانی رۆژهەڵاتو کوردستانی باشوور بوو بەتایبەتی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانو سەرکردە کۆمۆنیستەکان. دوای گەڕانەوەی مەلامستەفاش لەیەکیەتی سۆڤیەتەوە عەباس ئاغا لەناو سەرۆك عەشیرەتەکاندا یەکێك بوو لەکەسە نزیکەکانی, جا کاتێ بارزانی لەگەڵ (عبداللە اسماعیل ـ ناسراو بەمەلا ماتۆڕ) کۆدەبێتەوە ئامۆژگاری دەکات کەهەر سووکایەتیەك بۆ عەباس ئاغا وەکو سوکایەتیە بۆ شێخ ئەحمەد بارزانی. جا عەباس ئاغای بەبەهێزترین پاڵپشتی دانابوو, بەڵام ماشاء اللە لەکاری خوا.

کەچی عەباس ئاغا لەڕووی بارزانی وەستایەوەو بۆی روون کردەوە کەئەو کارەی دەبێتە هۆی دووبەرەکی لەناو ریزی

شۆڕشداو ئەنجامەکەی زیانێکی گەورە دەبێ بۆ گەلی کورد لەهەموو لایەکی کوردستانداو لەبەر ئەوەبوو عەباس ئاغا ڕێگای ڕاستی گرت‌و دەستی کرد بەپشتگیریکردنی باڵی مەکتەبی سیاسی.

جا کاتێ بەڕێزان: عومەر مستەفاو جەلال تاڵەبانی‌و حلمی عەلی شەریف‌و عەلی عەسکەری میوانی ئەوبوون لەدۆڵەڕەقەو بەفەرمانی بارزانی لەژێر چاودێریدا بوون, تەڵەیەکی بۆ نانەوە لەڕێی بانگێشتکردیان بۆ گەلاڵەو پلانی داڕشت بۆ تیرۆرکردنیان لەڕێگا, بەڵام عەباسی مامەندئاغا بەمەسەلەکەی زانی‌و پلانەکەی هەڵوەشاندەوەو یارمەتی دان بۆ هەلاتن‌و رزگاری کردن.

جا خوێنەری خۆشەویست: بیهێنەرە بەرچاوت ئەگەر عەباس ئاغا وەکو خەڵکێکی تر ملی بۆ فەرمانەکەی بارزانی کەچ بکردایەو یارمەتی بدایە بۆ تیرۆرکردنی ئەو بەڕێزانە, ئەوا ڕەوتی نوێخوازانەی شۆڕش لەسەرەتایەوە دەگۆڕا, بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەم لەخەڵکی کوردستان توانی لەڕووی بنەماڵەی بارزانی بوەستێتەوە, بۆیە دەسەلات‌و زەبریان تا ئەمڕۆ بەردەوامە.

جا هەڵوێستە مەردانەکان لەتۆماری مێژوودا نەمر دەبن‌و لەبیرناچنەوە, ئەمڕۆش بێت یا سبەی منداڵە بەشەرەفەکانی‌و بنەماڵەو عەشیرەتەکەشی بەری ڕەنجی عەباس مامەندئاغا دەخۆن.

**دەربارەی هەلاتنی عومەر مستەفاو عەلی عەسکەری‌و جەلال تاڵەبانی‌و حلمی عەلی شەریف لەدۆڵەڕەقە**

خوێنەری ئازیز: لەبەر ئەوەی تەواو ئاگاداری هەڵاتنیان‌و گەیشتنیانم بۆ بەغدا لەیەکەم ساتەوە تا ئەو کاتەی لەڕێگای منەوە پەیوەندییان بەدەسەڵاتدارانی عیراقەوە کرد لەگەڵ وردەکاریەکانی گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا کەساڵی ٢٠٠٠ لەبەشەکانی کتێبەکەمدا ( کورد دوژمنی خۆت بناسە) بڵاوم کردووەتەوە, جا نەك بۆ پاساوهێنانەوە بۆ هەڵوێستەکە بەڵکو بۆ روونکردنەوەی‌و وەڵامدانەوەی تۆمەتەکانی بەڕێز مەسعود بارزانی کە لەکتێبەکەیدا لەو بارەیەوە ئاراستەی کردوون, خۆم ناچار دەبینم لێرە سەرلەنوێ بڵاویان بکەمەوە, دووبارەش سوپاسی خوا دەکەمەوە بۆ بەهرەی راستگۆیی کە لەگێڕانەوەدا پێی بەخشیوم‌و کەتا ئێستا کەس نەیتوانیوە بەدرۆم بخاتەوە.

لەڕێگای رێکخستنە حزبییەکانی پارتیەوە زانیاری گەیشتە مەکتەبی سیاسی کەبانگێشتکردنیان لەلایەن بارزانیەوە تەنها بۆ لەناوبردنی هەموویانە.

هەروەها عەباس ئاغا تەئکیدی بۆ کردن کەبارزانی بڕیاری داوە لەناویان بەرێت, جا دوای تاوتوی کردنی مەسەلەکە هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کەمانەوەیان لەدۆڵەڕەقە مەترسی هەیە بۆ سەر ژیانیان بۆیە بەنهێنی ناوچەکەیان بەجێ هێشت‌و روویان کردە ناوچەیەکی نادیار, دوای ماوەیەکیش هەواڵی هەڵاتنی تاقمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد بەهەموو کوردستاندا بڵاوبووەوە.

شەوێکیان بێ ئەوەی پێشتر ئاگادار کرابێتم کاك عەلی مام رەزا (پوورزامە) لەگەڵ کاك حلمی عەلی شەریف لەماڵەکەمدا سەردانی کردم لەناوچەی ئیسکانی رۆژئاوای بەغدا, منیش بەسەردانەکەیان دڵخۆش بووم, پێمیان راگەیاند کەمام جەلال لەماڵی عەلی مام رەزایە. ئنجا دوای پرسیارکردن دەربارەی هەندێ کاروباری خۆم باسی بارودۆخی کوردستانمان کرد, حلمی ووتی: من دڵنیام کەتۆ شارەزایی چاکت دەربارەی حکومەتو کەسی عەبدولڕەحمان عارف پەیداکردووەو بیروبۆچوونو هەڵوێستیان لەبارەی مەسەلەی کوردی دەزانیت. لەوڵامدا ووتم: عەبدولڕەحمان عارف کەسایەتیەکی جیاوازی هەیە لەچاو سەرۆکەکانی تر, کاتێ سوپاسالار بوو چەندین جار بەتەنیا لەگەڵیدا کۆبوومەتەوەو دوای ئەوەی بوو بەسەرۆك کۆماریش دەربارەی مەسەلەی کوردی قسەم لەگەڵیدا کردووەو گەیشتوومەتە ئەو قایلییەی کەهەڵوێستی ئیجابییەو بەتەواوی ئامادەیە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی, جگە لەوەی جیاوازی ناکات لەنێوان کوردو عەرەب, بەڵام گیروگرفتەکە ئەوەیە کەوتووەتە ژێر کۆنترۆڵی جەنەراڵەکانی سوپا, چونکە ئەوان کردیان بەسەرۆکی کۆمار. بۆ نموونە من لەفڕۆکەخانە بووم کاتێ عەبدولڕەحمان عارف لەفڕۆکەکەی دابەزی کە لەیەکیەتی سۆڤیەت دەگەڕایەوە, ژمارەیەکی زۆر لەکەسایەتی عیراقی پێشوازییان لێدەکرد لەناویاندا عەبدولڕەزاق نایفو عەزیز عەقیلیو عەبدولڕەحمان بەزاز بوو, جا عەبدولڕەزاق نایف دەستی

گرت‌و بەدەم قسەوە دووركەوتنەوە بێ ئەوەی گوێ بداتە ئامادەبووان, ئەمەش پەستی لای ئەوانی تر دروست كرد. ئنجا بۆ حلمی عەلی شەریفم روون كردەوە كەعەبدولڕەحمان عارف كەسایەتییەكی لاوازەو ناتوانێ لەقسەی جەنەراڵەكانی سوپا دەرچێ, بەتایبەتی لەژێر ركێفی عەبدولڕەزاق نایف.

حلمی عەلی شەریف ووتی: ئێمە سەرپەرشتی شۆڕشمان كردووەو لەماوەیەكی كەمدا توانیمان جەماوەرێكی زۆر بەدەوری رێكخستنەكانی پارتیدا كۆبكەینەوە هەروەها هێزی پێشمەرگەمان بەشێوەیەك رێكخست بووەتە مایەی سەرسووڕمانی دوژمن, بەڵام بارزانی چەكداری عەشیرەتەكانی كۆكردەوەو پەلاماری داین ئێمەش لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی لەڕوویدا وەستاینەوە چونكە بەرەنگاری‌و شەڕكردن لەگەڵیدا واتا كۆتایی شۆڕش‌و گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتا. عەقڵی عەشایەری كەبارزانی دەیەوێ حوكمی پێ بكات شۆڕش بەرەو هەڵدێرو تیاچوون دەبات, دیكتاتۆریەتی بارزانی ژمارەیەكی زۆری لەئەندامانی پارتی هان داوە كەداوامان لێبكەن روو لەرژێم بكەین‌و داوای گفتوگۆی لەگەڵدا بكەین, ئێمەش بەناوی مەكتەبی سیاسی هاتووین گفتوگۆ لەگەڵ حكومەتدا بكەین دەربارەی چارەسەركردنی مەسەلەی كوردی, جا ئەگەر دڵنیابووین كەهەڵوێستی حكومەت ئیجابییە لەڕووی دانان بەمافە نەتەوایەتییەكانی گەلی كورددا ئەوا ئێمە لەماوەیەكی كورتدا دەگەین بەرێكەوتن‌و كوردستان لەحوكمی

عەشایەری رزگار دەکەین, خۆ ئەگەر هەڵوێستەکەیان ئیجابی نەبوو ئەوا بەغدا بەجێ دەهێڵین و لەکوێوە هاتووین دەچینەوە بۆ ئەوێ. ئنجا ووتی من بەشێوەیەکی نهێنی هاتووم بۆ لات بۆ ئەوەی چاوت بەسەرۆك عەبدولڕەحمان عارف بکەوێت و رۆڵی ناوبژیوان بگێڕیت و ئێمەش چاوەڕێی وەڵامی پێشنیارەکەمان دەکەین.

لەگەڵ کاك عەلی مام رەزا چووم تا ماڵەکەی لەگەڕەکی بەغدا جدیدەو لەوێ چاوم بەمام جەلال کەوت, دوای وتووێژ لەبارەی گۆڕانکارییەکانی بارودۆخەکە بەدوورودرێژی ئەو ئەو گفتوگۆیەم بۆ باس کرد کە لەگەڵ کاك حلمی عەلی شەرفدا کردم, مام جەلال پرسی: ئایا جەنەراڵەکانی سوپا باوەڕیان بەدیموکراسی هەیە؟ ئێمە هەڵوێستیان لەبارەی ئەم مەسەلانە نازانین ئایا ئیجابییە یا سلبی؟ وڵامم دایەوە: ئەوەندەی نەماوە رۆژ بێتەوە, کەچاوتان پێیان دەکەوێت هەموو شتێکتان بۆ روون دەبێتەوە, حکومەتی ئێستاش لایەنگری سوپایەو لاوازە, بەڵام کەسی عەبدولڕەحمان عارف دەیەوێ مەسەلەی کوردی چارەسەربکات و من شایەدی ئەوەی بۆ دەدەم.

### چەند هەنگاوێك لە پێناو مەسەلەکە

سعات یەکی شەو گەڕامەوە بۆ ماڵەوە, من و کاك حلمی تا سعات سێ هەر دەربارەی کێشەکە قسەمان کرد. سەرلەبەیانی رۆژی پاشتر چاوم بەعەبدولڕەحمان عارف کەوت و ئەوەی لەنێوان

منو جەلالو حلمی ڕوویدا بەدووروودرێژی بۆم گێڕایەوە. دوای ئەوە ئاگادارم کردنەوە کەبۆ نانی نیوەڕۆ لەماڵی عەبدولجەلیل ئەحمەدین کەمەلامستەفا بەجەلیل چەرمەگا ناوی دەبرد. سعات چواریش لەکۆشکی کۆماری چاوتان بەعەبدولڕەحمان عارف دەکەوێت.

دووبارە سەردانی مام جەلالم کردەوە لەماڵی کاك عەلی مام ڕەزاو قسەو باسەکانم لەگەڵ عەبدولڕەحمان عارف بۆ گێڕایەوەو پێم ووت کەپێشنیارەکانتانی زۆر پێخۆش بووە هەروەها عەبدولجەلیل ئەحمەدی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیو شەفیق دەراجی بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سەربازی، هەمووشیان بەخەم ئەوەوە بوون کەئەم هەلە لەدەست نەدرێتو دەستیان کرد بەخۆئامادەکردن بۆ دیداری چاوەڕوانکراو.

هەروەها عەبدولڕەحمان عارف داوای کرد لێپرسراوەکانی سوپا بەشداری کۆبوونەوەکە بکەن بۆ ئەوەی بەکردەوە بەشداربن لەتاوتویٚ کردنی کێشەکەو دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆی. کاهاتمەوە بۆ ماڵەوە کاك حلمی چاوەڕێی دەکردم، پێم ڕاگەیاند کەمەبەست لەم بانگێشتە وتووێژکردنە دەربارەی کێشەی کوردیو لێپرسراوانی دەزگا ئەمنییەکانو ئیستخباراتو سوپا بەشداری تیا دەکەن بۆ ئامادەکردنی بەرنامەیەك هەردوولا پێی ڕازی بنو عەبدولڕەحمان عارف هەڵوێستێکی ئیجابی نواندووە کەپشتگیری لەڕای زۆرینە دەکات.

لەكاتی دیاریكراودا گەیشتینە ماڵی عەبدولجەلیل ئەحمەد كەشەفیق دەڕاجیو عەبدولڕەزاق نایفو عەبدولجەلیل ئەحمەدو ژمارەیەكی تر بەگەرمی پێشوازییان كردینو ئەوەندە بەگەرمی بەخێرهاتنیان لێكردین كەپاسەوانەكان سەریان سووڕما. دوای پشوویەكی كەمو نانخواردن, وتووێژ لەنێوان هەردوولا لەسەر مەسەلەی كوردیو دەستێوەردانی وڵاتانی بێگانە دەستی پێكرد, وتووێژەكان سێ سعاتیان خایاند, من لەو ماوەیەدا هەر گوێم دەگرتو تەنها چەند دەقەیەك قسەم كرد, ئەمەش كورتەیەكی گفتوگۆكانی ئەو كۆبوونەوەیە دەیخەمە بەرچاو:

مام جەلال ووتی: ئێمە سەرۆكی عەشیرەت نین, نەشهاتووین چەك وەربگرینو شان بەشانتان شەڕ بكەین, داوای یارمەتیشتان لێناكەین, چونكە ئێمە گرووپێكی سیاسی كوردین خاوەنی بیروباوەڕو بۆچوونی خۆمانین, بەنیازێكی پاكەوە هاتووین گفتوگۆ لەگەڵ حكومەتی عەبدولڕەحمان عارفدا بكەین لەپێناو گەیشتن بەچارەسەرێك بۆ كێشەی كوردی. داننان بەمافە ڕەواكانی گەلی كورد دەبێتە هۆكاری بنچینەیی پەرەسەندنی ریشەیی لەعیراقدا, یارمەتیو پشتگیریكردنتان بۆمان تەنها ئەوەندەیە كەقایل بن بەوەی كێشەی كوردی لەڕێگای شەڕو جەنگەوە چارەسەر ناكرێت, بەڵكو لەڕێگای ئاشتیو برایەتیو لێك تێگەیشتن دەربارەی مافە نەتەوایەتییەكانی گەلەكەمانو لەوەش بگەن كەئێوە لەڕێگای بەكارهێنانی هێزەوە ناتوانن كوردستان كۆنترۆڵ بكەن. گەلی عیراق

لەدوو نەتەوەی عەرەبو کورد پێکدێت, ئایا ئێوە بەمە قایلن؟ ئەگەر وڵامتان سلبی بوو ئەوە لەکوێوە هاتووین دەگەڕێینەوە بۆ شوێنی خۆمان, خۆ ئەگەر وڵامتان ئیجابی بوو ئەوە درێژە بەوتووێژەکان دەدەینو کێشەکە بەئاسانی چارەسەر دەکەین, بەشێوەیەکی وا سوودی بۆ هەموو هاوڵاتییەکی عیراقی هەبێت.

ئنجا نوێنەرەکانی حکومەت دەستیان کرد بەقسە دەربارەی مەسەلەکە, قسەکانیشیان لەچەند خاڵێکدا خۆی دەبینییەوە کەپێش کۆبوونەوەکە لەسەر رێکەوتبوون, کەئەمانەبوون: ئایا رێژەی لایەنگرانتان لەناو دانیشتوانی باکووری عیراقدا چەندە؟ ژمارەی چەکدارەکانتان چەندە؟ چۆنو بەچی رێگایەك دەتوانن لەڕووی بارزانی بوەستنەوە؟ هەڵوێستی ئێران چۆن دەبێ کاتێ بارزانی لەئەرکەکەیدا شکست دێنێ؟ کاتێ بارزانی پەلاماری بارەگاکانتانی دا لەشارۆچکەی ماوەت بۆچی پەناتان بۆ ئێران برد؟ ئەی بۆچی بەرامبەری نەوەستانەوە؟ بۆچی پەناتان بۆ حکومەتی عیراقی نەبرد؟ دەتانەوێ چیتان بۆ بکەین؟

وڵامی هەریەك لەبەڕێزان حلمیو جەلال تاڵەبانی بەم شێوەی بوو: دەمانەوێ دان بەمافی نەتەوەیی گەلی کورددا بنێنو کێشەکەی چارەسەربکەن, ئەو کاتە ئێمە بەهێزترین بزووتنەوە دەبین لەکوردستاندا, ئنجا ئەگەر حکومەتی ئێرانی دەستی کرد بەئاژاوەنانەوەو پیلان گێڕان ئێمە دەتوانین بەرەنگاری بوەستین. ئێمە نەهاتووین بۆ ئێرە چەك هەڵگرینو لەدژی بارزانی شەڕ

بکەین, ئێمە جەماوەر هێزو پشتیوانمانە. جا ئایا گەیشتوونەتە ئەو قایلییەی کەکێشەی کوردی بەزەبری زۆرو چەك چارەسەر ناکرێت‌و, هەتا بەهێزو پڕچەك بن ئەوا دەوڵەتانی بێگانە چەکی زیاتر بەبارزانی دەدەن؟ ئێمە پێویستیمان بەدان پیانانی ئێوەیە بەمافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد, چونکە ئەوە مەزنترین پشتگیری ئێوەیە بۆ ئێمە, ئەمەو مەلامستەفا کاتێ پەلاماری داین بەیارمەتی ئێوە کردی, لەبەر ئەوەش بوو پەنامان برد بۆ ئێران نەك بۆ لای ئێوە. جا کاتێ جەماوەر لەڕاستگۆییتان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی دڵنیا دەبێ ئەوا ئەم بڕوایە دەبێتە پشتیوانمان‌و ئەوساکە هێزمان دوو ئەوەندەی هێزی بارزانی دەبێ‌و جەماوەری هاوڵاتییان لەدەوری باڵی مەکتەبی سیاسی کۆدەبنەوە. ئەمە بۆچوونی ئێمەیە دەربارەی کێشەی کوردی.

نوێنەرانی حکومەت بەوریاییەوە گوێیان بۆ قسەکانی نوێنەری مەکتەبی سیاسی شل کردبوو, دەنگیان لێوە نەدەهات, حلمی‌و جەلال لێیان پرسین: زۆر حەز دەکەین پێش ئەوەی لەگەڵ سەرۆك عەبدولڕەحمان عارف کۆبینەوە گوێمان لەڕاتان بێت, چونکە ئێمە پێشنیارەکانمان دەخەینە بەردەمی ئەویش.

نوێنەرانی حکومەت وتیان: ئێمە لەئێستاوە دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگتان. مام جەلال رووی کردە من‌و وتی: رەفیق من ئامادەی زۆر لەم کۆبوونەوانە بووم, دوور نیە ئەم برایانە سبەینێ رای خۆیان نەگۆڕن هەرچەندە بەبیروڕامان رازین, شتێکی

سروشتیشه کەتۆ لەگفتوگۆ بەردەوام بیت لەگەڵیاندا, ئەوەی لەتۆشم دەوێ ئەوەیە لێیان نزیك بیتەوەو داوایان لێبکەیت کە (١١) هاوڕێمان ئازادبکەن. ئنجا لیستێکی بەناوەکانیان دامێ.

منیش ئەوەی مام جەلال ووتی جێ بەجێم کردو بەنوێنەرەکانی حکومەتم ووت: حلمیو جەلال داوادەکەن (١١) کەس لەهاوڕێکانیان ئازادبکەنو بەمە گومانیان لەسەر راستگۆییتان نامێنێتو, ئەگەر هاتو نەگەیشتنە رێکەوتن ئەوا دەتوانن (١١١) کەس لەبری ئەوانە بگرن. نوێنەرەکانی حکومەت بەداواکە رازی بوونو دەمودەست بڕیاریاندا ئەو کەسانە ئازادبکەن. تەنها دوو کەسیشم لەوانە لەبیر ماوە یەکێکیان ئێستا لەلەندەن دەژیو خاوەنی چەندین ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینییە, کاتێ لەم دواییانە هاتەوە بۆ سلێمانی نەیویست چاوی بەمن بکەوێ (ئاغای حەمەی حاجی), دووەمیشیان دکتۆر فوئاد بابانی رۆشنبیرو نیشتمانپەروەرو سیاسەتمەدارە کەتا ئەمڕۆ کەدەیبینم بەسادەییەکەی شەرمەزارم دەکات هەرچەندە من مەسەلەی ئازادکردیان بەپیاوەتی خۆم نازانم بەڵکو لەسەر داوای مام جەلال بوو.

درەنگانێ هاتمەوە بۆماڵەوە, هەموو بەسەرهاتەکانم بەدوورودرێژی بۆ دایکمو هاوسەرەکەمو کەمالی برام گێڕایەوەو هەموو لایەکی مەسەلەکەمان هەڵسەنگاند. وای بۆ دەچووم کەدواڕۆژێکی تاریك چاوەڕێم دەکات. قسەم لەگەڵ حلمی کرد

ووتی ئێمە لەسەر بڕیارێك ئەم ڕێگایەمان گرتەبەر کەهەمووان پێی ڕازی بوون, جگە لەوەی ئێمە نوێنەری ئەوانی ترین, گومانیش لەوەدا نیە کەزەحمەتی زۆرمان دێتە ڕێ و ئەم کارەمان بەشی خۆی مەترسیدارەو دوو کێشەمان دێتە ڕێ, یەکەمیان لەگەڵ بارزانییەو دووەمیان لەگەڵ حکومەتە, تۆش هیچ بەرپرسیاریەتیەکت لەئەستۆ نیەو دەستیشت لەمەسەلەکەدا نیە, ئێمەش بەهەموو شێوەیەك پشتگیریت دەکەین. ڕاستیشیان کرد لەبەڵێنەکەیاندا, چونکە هەرگیز پشتیان بەرنەدام.

لەگەڵ سەرۆك عەبدولڕەحمان عارف کۆبوونەوە کەئەو دیدارەیان بوو بەهۆی ڕێکەوتنی تەواو لەگەڵ حکومەتی عیراقیدا.

کاتێکیش ڕۆیشتنەوە بۆ کوردستان و بەئاشکرا کەوتنە چالاکی نواندن و هەواڵەکە بەهەموو کوردستاندا بڵاوبووەوە, مەلامستەفا هەستی کرد تەواو تێکشکاوە, چونکە پێشتر نەیدەزانی کەباڵی مەکتەبی سیاسی ئەوەندە جەماوەری هەیەو بەو ئەندازەیە پشتگیری دەکەن و تا ئێستاش ڕێکخستنی نهێنییان لەناو پێشمەرگەدا هەیەو ئەو پێشمەرگانەی کەئەوسا لەژێر فەرماندەیی کەمال موفتی و حلمی عەلی شەریف و مام جەلال و عومەر مستەفاو عەلی عەسکەری و مەلا ماتۆڕو هی تردا بوون چاوەڕێی ڕۆژێکی ئاوا بوون تا بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی ئەوسایان لەژێر سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی.

مام جەلال‌و حلمی عەلی شەریف هەر کەگەڕانەوە دەستیان کرد بەکۆبوونەوەی ئاشکراو نهێنی, لەماوەیەکی کورتیشدا کەوتنە جێبەجێ کردنی نەخشەکەیان‌و توانییان دەست بەسەر چەند بارەگایەکی پارتیدا بگرن‌و زۆر ناوچەیان لەگەرمیان پاککردەوە کەپێشتر من فەرماندەی بەتالیۆنی (٩) بووم لەوێ.

ئەم بەدەنگەوەهاتنە جەماوەرییە بۆ باڵی مەکتەبی سیاسی‌و دەستگرتنیان بەسەر چەند بارەگایەکی بارزانیدا لای دامودەزگا حکومییەکان دەنگدانەوەی خۆی هەبووو جێی ڕێز لێنانیشیان بوو بەتایبەتی لای سەرکۆمار, ئەمەش بوو بەهۆی بەهێزکردنی پایەی باڵی مەکتەبی سیاسی لای لەناوەندە حکومییەکان‌و ڕاسپاردە بۆ هەموو دامودەزگاکانی حکومەت‌و فەرماندەی تیپەکانی سوپاو لێپرسراوە سەربازییەکان دەرچوو کەپێویستە یارمەتی پێشکەشی باڵی مەکتەبی سیاسی (تاقمی جەلال تاڵەبانی) بکرێت, ئیتر یارمەتییەکان مۆرکی ئاشکرایی‌و ڕەسمییان وەرگرت. کۆبوونەوەکانیش لەنێوان نوێنەرانی باڵی مەکتەبی سیاسی‌و نوێنەرانی حکومەت بەردەوام دەکرا بەمەبەستی هەماهەنگی کردن لەنێوانیاندا لەپێناو هاندانی جەماوەر لەسەرانسەری کوردستان بۆ چوونە ڕیزی باڵی مەکتەبی سیاسی.

## کورتەیەك دەربارەی عەبدولڕەحمان عارفو ئەو هۆکارانەی کۆسپیان هێنایە بەر ڕێگای چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی

یەکەمین سەرۆك بوو کەحوکمڕانی عیراق بکات بێ ئەوەی جیاوازی لەنێوان هاوڵاتییاندا بکات بەهۆی جیاوازی نەتەوایەتییانەوە. پیاوێکی تێگەیشتوو بوو قسەی وەردەگرت، هەموو خەمێکی ئەوەبوو کێشەو گیروگرفتەکان ببینێت بەرەو چارەسەرکردن دەڕۆن بەتایبەتی مەسەلەی کوردی. لەبەر ئەوە پشتگیری لەحکومەتی عەبدولڕەحمان بەزاز کرد لەهەنگاوەکانیدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ مەسەلەی کوردی، عەبدولڕەحمان بەزازیش هەوڵی زۆر گەورەی لەم رووەوە دابوو، وایشی بۆ دەچوو کەکێشەی گەلی کورد بەشەڕ چارەسەر ناکرێت با ژمارەی چەکدارەکانیشیان لەشاخەکان لەپەنجەکانی دەست تێنەپەڕن.

هەرچەندە جەنەراڵەکانی سوپا لەپشت پەردەوە رۆڵەکانیان دابەش دەکرد بەڵام کاتێ هەستیان کرد ڕێڕەوێك لەئارادایە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئیتر بەرامبەر عەبدولڕەحمان بەزازی رۆشنبیرو سیاسەتمەدارو نیشتمانپەر وەروەستان. جا ئەگەر بەخت یاوەری بوایەو لەگۆڕەپانی سیاسی دوورنەخرابایەوە بۆی هەبوو لەلایەن چەند ئەفسەرێکی سوپاوە تیرۆربکرایە. چونکە ئەو حزبە سیاسییانەی خۆیان بۆ کودەتا دژی دەسەڵات ئامادە دەکرد بەرهەڵستی بیروبۆچوونەکانی ئەویان دەکردو دەیانووت

عەبدولڕەحمان بەزاز پیاوێکی کۆنەپەرستەو دەیەوێ عیراق بکات بەدوو پارچەوە.

ئەفسەرەکانی سوپا چواردەوری عەبدولڕەحمان عارفیان تەنیبوو, ملکەچی ئیرادەی خۆیانیان کردبوو ئیتر نەیدەتوانی بڕیارێکی یەکجاری دەربارەی کێشەیەکی دیاریکراو بدات, لەبەردەم جەنەراڵەکانی سوپا بێ ئیرادەبوو, دەبوایە لەهەموو شتێکدا راوێژیان پێبکات.

حزبە سیاسییە نەتەوییەکانیش نەیاندەویست عەبدولڕەحمان عارف مەسەلەی کوردی چارەسەر بکات بەڵکو دەیانویست وەکو کارتێك بەکاری بێنن بۆ سەرخستنی ئەو کودەتایەی خۆیان بۆ ئەنجامدانی تەیار دەکرد. عەبدولڕەحمان عارف وای دەزانی دامودەزگاکانی ئاسایش, بەمەدەنیو سەربازییەوە پشتگیری هەڵوێستەکانی دەکەنو خیانەتی لێناکەن, چونکە جێی باوەڕی بوون بەتایبەتی عەبدولڕەزاق نایف.

جا ناصرییەکان بەنهێنیو بەئاشکرا پلانیان بۆ ئەنجامدانی کودەتا دادەڕشتو بانگەشەیان دەکرد کەئەگەر دەسەڵات بگرنە دەست ئەوا مەسەلەی کوردیو کێشەکەی چارەسەر دەکەن. هەروەها عەرەبە نەتەوەییەکانیش خۆیان ئامادە دەکرد دەسەڵات بگرنەدەستو لەگەڵ سەرکەوتنی کودەتاکەیان مەسەلەی کوردی چارەسەربکەن, هاوکات بەعسییەکانیش لەجموجووڵو چالاکیدا بوون, دەرگا نەما لێی نەدەنو تاوانەکانی پێشوویان بەوە پاساو

دەدایەوە کەخۆیان نەیانکردووە بەڵکو خەڵکانێك بەناوی بەعسەوە کردوویانە, هەروەها ئەوەشیان راگەیاند کەئەگەر ئەم جارە دەسەڵات بگرنەدەست ئەوا هەر خۆیان نابن بەڵکو خەڵکی تر بەشداردەکەن لەدەسەڵاتداو یەکەم کاریان چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی دەبێت.

بەعسییەکان هێشتا ئامادە نەبوون بۆ کودەتا هەرچەندە سووریش بوون لەسەر ئەنجامدانی, بەڵام لەهەمان کاتدا بەردی بەر رێگای ئەوانە بوون کەهەوڵی دەدا کودەتا بەسەر رژێمدا ئەنجام بدات, چونکە ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر بوو کە بەعەبدولڕەحمان عارفی ووتبوو کەعەبدولڕەزاق بەنیازی کودەتایە, جا بەعسییەکان دژی ئەو هەوڵە وەستانەوەو ئەوەبوو عەبدولڕەزاق, دوای شکست خواردنی پلانەکەی, دەستگیرکرا.

لەو ماوەیەدا, دەربارەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی, دوو بۆچوون لای دەسەڵاتدارانی حکومەتی عەبدولڕەحمان عارف گەڵاڵە ببوو:

**بۆچوونی یەکەم:** هی عەبدولڕەحمان عارفو ژمارەیەك لەجەنەراڵەکانی سوپا بوو وەك فەیصەڵ ئەنصاری کەئەمانە رایان وابوو چاك وایە پشتگیری باڵی مەکتەبی سیاسی (تاقمی جەلال تاڵەبانی) بکەنو یارمەتی پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی بتوانن هەموو کوردستان کۆنترۆڵ بکەنو زۆربەی سەرۆك عەشیرەتەکانو هێزی

پێشمەرگە لەدەوریان کۆببنەوە, چونکە ئەم باڵە هێزێکی نیشتمانییەو پەیوەندی گومان لێکراوی نیە لەگەڵ بێگانەدا.

**بۆچوونی دووەم:** خۆی لەعەبدولڕەزاق نایفو ژمارەیەکی تر لەگەورە سەرکردەکانی سوپا دەبینیەوە کە لەعەبدولڕەحمان عارف بەهێزتربوون, ئەمانە وای بۆ دەچوون کەپشتگیری کردنی تاقمی جەلال تاڵەبانی بۆ کۆنترۆڵ کردنی کوردستان دەبێتە هۆی مەترسی گەورە لەدواڕۆژدا بۆ گەلی عیراقیو بەتایبەتی بۆ عەرەب لەعیراقدا, چونکە ئەمانە حزبێکی رێکخراویان هەیە کەئامانجو بەرنامەی نەتەوییە, کاتێکیش خۆیان دەبیننەوە ئەوەندە بەهێزن لەوانەیە داوای زیاتر بکەن هەتا دەگەنە قۆناغێك تیایدا داوای پارچەپارچە کردنی عیراق بکەن, ئەمە لەلایەك, لەلایەکی تریشەوە لاوازکردنی مەلامستەفا وای لێدەکات زیاتر پەنا بۆ شای ئێران بەرێت. هەروەکو پێشتریش ووتمان, هێزی بۆچوونی دووەم بوو بەبەربەستێکی قایم لەبەردەم بەهێزکردنی باڵی مەکتەبی سیاسی.

باڵی مەکتەبی سیاسی ئاگاداری ئەم جموجووڵو کۆبوونەوانەو هەڵوێستی ئەم دوو بۆچوونە بوون بیریان لەوە دەکردەوە کەحکومەتی عەبدولڕەحمان عارف لاوازەو بەرەو نەمان دەچێت, هەروەها هەر حکومەتێکی تر کەدوای ئەو بێت ئەوا لەڕێی ئەمانەوە مەسەلەی کوردی چارەسەر دەکات.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (تاقمی بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەد) لەماوەی نێوان (١٩٦٦ - ١٩٧٠) توانییان پشتگیرییەکی گەورەو

لێحاڵیبوونێکی فرەوانی حزبە عەرەبییەکان و کەسایەتییە ناسراوە سیاسییە عەرەبەکان بەدەست بێنن, ئەمانەش دوای ئەوەی لەمەسەلەی کوردی گەیشتن لەڕێی هەوڵە بێوچانەکانی بەڕێز ئیبراهیم ئەحمەدو ئەندامەکانی تری مەکتەبی سیاسی و کادیرەکانی, دەستیان کرد بەوتوویژکردن لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تر بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەڕێگای ئاشتییەوەو هەوڵدان بۆ یەکلاخستنی.

تەنانەت هەندێ لەئەندامانی ئەم حزبە عەرەبییە سیاسییانە چارەسەرکردنی کێشەکەیان بەچەندین ڕێگا لەئەستۆ گرت چونکە کاتێ لەگەڵ بەڕێز بارزانیدا کۆدەبوونەوە ئامۆژگارییان دەکرد کۆڵ نەدات بۆ ئاشتبوونەوەو ڕێکەوتن لەگەڵ تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد, لەوانەش کەسایەتی ناسراوی عیراقی مامۆستا (کامل چادرچی)و هی تر.

دەزگای پاراستن

ئەم دەزگایە ساڵی ١٩٦٦ دامەزرا, واتا دوای جیابوونەوەی تاقمی جەلال تاڵەبانی لەبارزانی و پێکهێنانی هێزێك کەبارزانی سڵی لێدەکرد.

لەسەرەتای دامەزرانیشیەوە تا ئەمڕۆ ٩٥٪ی کارو چالاکییەکانی ئەم دەزگایە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی بارزانی و بنەماڵکەی بووە لەگەڵ پاراستنی شێوەی زاڵدەستی سەربازی و سیاسی.

ناوی (پاراستن) لەسەرانسەری کوردستاندا ترس‌و تۆقینێکی بێسنووری لەدڵی ئەوانەدا چاند کەشارەزای بوون, چونکە لەگەڵ گەیشتنی هەواڵێك کەئەم دەزگایە داوای کەسێکی کردووە ئیتر دەتۆقی, تەنها خواش چارەنووسەکەی دەزانی.

جا بنەماڵەی بارزانی هەمیشە لەڕێگای ئەم دەزگایەوە زاڵدەستی خۆیان دەنوێنن, ئەمەش هاولاتی کورد ناچار دەکات لەناو ماڵی خۆی‌و لەگەڵ خێزانیشیدا بەخراپە ناوی بارزانی نەهێنێت.

لێرەدا بەدڵنیاییەوە دەڵێم کەسیستەمی پاراستن لەڕووی دڕندەیی‌و تۆقاندنی خەڵکەوە لەسیستەمی موخابەراتی صەدام حسەینی دیکتاتۆر کەمتر نەبووە.

تەواو گەشبینیشم کەڕۆژێك دادێت خۆری دیموکراتی لەئاسمانی کوردستاندا هەڵدێت کەتاوانەکانی کارگێڕانی ئەم دەزگایە بۆ خەڵك ئاشکرابن. بۆ نموونە, بارزانی بەهۆی ئەم دەزگایەوە توانی بەسەر کۆسپ‌و تەگەرەکانی بەر ڕێی زاڵ بێت بەتایبەتی کاتێ لەگەڵ شای ئێران ڕێککەوت‌و نرخی ئاشبەتاڵ کردنی بەشۆڕشی کوردستان وەرگرت. تەنانەت خیانەتە گەورەکەی (٣١/ ئاب/ ١٩٩٦)یش بەهۆی ئەم دەزگایەوە تۆمارکرا.

هەر لەسەرەتاشەوە, بنەماڵەی بارزانی لەسەر دابەشکردنی ڕۆڵەکان ڕێککەوتبوون: مەلامستەفا بارزانی سەرکردەی کوردو

سەرۆکی پارتی، بەڕێز ئدریس بارزانیش لێپرسراوی پێشمەرگە، بەڕێز مەسعود بارزانیش لێپرسراوی دەزگای پاراستن.

بەم شێوەیە توانییان دەسەڵاتو داراییدا بەتەواوی کۆنترۆڵ بکەنو گەلیش باجەکە بدات. بەم بۆنەیەشەوە تەنها ئەوەندەم لەدەست دێت کەسوپاسی خوای مەزن بکەم کە لەبەڵای ئەم دەزگای پاراستنەو دڕندایەتییەکەی پارێزگاری کردوومو سەلامەتی کردووم تا پەردەی تاریکی لەسەر چاوی خەڵك لادەمو تاوانو نهێنییەکانی ئەم بنەماڵەیە ئاشکرابکەم.. خوای پەروەردگاریش لەهەموو کەسێکی تر پارێزگارترەو هەر ئەویش خاوەنی بەزەییە.

## بەشی یانزەیەم, لاپەڕە (١٩٣)

## شەڕی ١٩٦٧ لەنێوان ئیسرائیل وولاتە عەرەبییەکاندا

لەحەوتی تشرینی یەکەم لەهەمان ساڵدا, شاندی حکومەت سەردانی شۆڕشی کردو ئەوەی روون کردەوە, کەحکومەت بەنیاز نییە جاشەکان چەك بکات, بەتایبەتی جاشی (٦٦)و تاهیر یەحیا بەنهێنی نامەیەکی بۆ بارزانی ناردو ئەوەی روونکردەوە کەئەفسەرانی سوپا بەتوندی دژی چەك کردنی جاشەکانن و, سەرەك کۆمار کەوتۆتە ژێر کاریگەرییانەوەو پاساوی هێناوەتەوە کەناتوانێت ئەو بەڵێنە جێبەجێ بکات کەلەم بارەوە, بەوانی داوە, چونکە کار لەکار ترازاوە.. کاتێ بارزانی وەڵامی شاندەکەی دایەوە, مادامێك ئەمە هەڵوێستی حکومەتە ئێمەیش ناچارین بەپێی بەرژەوەندیی خۆمان دەست بەکار ببین.

### بارزانی بەرەو سلێمانی دەچێت بۆ لێدانی جاشی (٦٦) - ل (١٩٧)

دوا بەدوای ئەوەی نامەکەی تاهیر یەحیا گەیشت, بارزانی بڕیاریدا سەرجەم هێزی پێشمەرگە رەوانەی ناوچەی سلێمانی بکات, بەسەرکردایەتی خۆی بۆ لێدانی جاشی (٦٦)و ئیتر مەسەلەی هێشتنەوەی ئەوانە بەچەکداری بوو بەکارێکی پێویست, دوای سەردانی شاندی حکومەت.

لەرۆژی ٩ی تشرینی یەکەم (١٩٦٧), بارزانی فرمانی بۆ هێزەکانی دەشتی هەولێرو سەفین و کاوە دەرکرد, بۆ ئەوەی هەریەکەیان نیوەی چەکدارەکانیان بەرەو سلێمانی بنێرن و هێزی

هەڵگورد بەتەواوی لەگەڵ هەزار چەکدار لەهێزی باڵەك کەوتە ڕێ. لە (١٠)ی تشرینی یەکەمدا نەخشەکە وابوو کە لەچەندین لاوە پەلاماری بەکرەجۆ بدرێت، کەبارەگای گشتیی جاشەکان بوو (..).

بەهاتنی بارزانی بۆ بەکرەجۆ، ڕژێم زانی کەدۆخەکە ترسناکەو نیگەرانی کەوتە ناو خەڵکییەوەو خێرا شاندێکی بۆ لای بارزانی نارد لە (٢٠)ی تشرینی یەکەمدا، لەرێگەی ئاسمانیو بەهەلیکۆپتەر، بەسەرۆکایەتی عەبدولکەریم فەرحانی وەزیری کشتوکاڵ (..).

عەبدولکەریم فەرحان لەکتێبی (حصاد الثورة)دا، دان بەوەدا دەنێت کەژمارەیەك لەگەورە ئەفسەرانی سوپا، دژی ڕێکەوتنو رێگەچارەی ئاشتییانە بوون (..) دەرفەت لەدەستی شۆڕش چوو، ئەوەش گزییەکی دیکەبوو، ئەوەبوو ڕژێم هێزێکی گەورەی رەوانەی سلێمانی کرد (..)و فەرماندەی فیرقەی پێنجەم محەمەد نوری خەلیلی دەست بەسەر کرد، کەبەوە ناسراو بوو، گەلێ رقی لەکورد دەبووەوەو تەنیا لەهەوڵی ئەوەدا بوو بەرگری لەجاشی (٦٦) بکات. جارێکی دیکە ڕژێم فێڵی لەشۆڕش کردو بەوەش جاشەکانی (٦٦) وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون، چونکە ئەگەر پێشمەرگە ئەو هێرشە دژوارەیان ئەنجام بدایە، دوای گەیشتنی ئەو هێزانە ئەوا زیانی گیانی زۆرمان لێدەکەوت کەدەکرا خۆمانی لێبپارێزین (..) بۆیە بڕیار درا هێرشەکە بۆ کاتی خۆی دوا بخرێت.

دوای ئـەوەی بـارزانی نامەکـەی تـاهیر یـەحیای پێگەیـشت, سـەبارەت بـەوەی کـەناتوانێت خـۆی لـەهێزی تاقمەکـەی جـەلال تاڵەبانی رزگار بکات.. یەکسەر بارزانی کەوتە بیری ئەوەی هەرچی هێـزی هەیـە کـۆی بکاتـەوەو بـەرەو سـلێمانی رەوانـەی بکـات بـۆ لێـدانی بارەگـا سـەرەکییەکانی ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی لە(بەکرەجۆ) بۆ ئەوەی بەتەواوی لەناویان ببات.

بەڵام کاتێ ئەو هەواڵە گەیشت بەسیاسەتمەداران و سەرکردە سەربازییەکانی عێراق, بەزۆرینەی دەنگ بڕیاریاندا دژی پەلامارەکەی بارزانی بوەستنەوە بۆ سەر تاڵەبانی, کەلەو کاتەدا ئەو دەرفەتەی قۆستبووەوە کەعەرەب لەبارودۆخێکی دژواردا بوو, و سەرقاڵی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیلدا بوو, کاتێ بارزانی بەنیازی سەرکردە سەربازییەکانی زانی و درکی ئەوەی کرد کەگومانی تیادا نییە ئەو شەڕە دەدۆڕێنێت, چاوپۆشی لەجێبەجێکردنی نەخشەکەی کردو هێزەکانی خۆی گێڕایەوە بۆ دواوە.

**تیرۆرکردنی کادیرەکانی پارتی لەهەولێر ـ ل (١٩٨)**

لـەمانگی کـانونی یەکـەمی (١٩٦٧)دا, جاشـەکانی (٦٦) ژمارەیـەك لـەکادیرانی پارتیان تیرۆرکـرد, لەوانـە سـەید عەبدوڵڵاو ئیقبـال هورمـاوی و بریـندارکردنی ژمارەیـەکی دیکـەو شـۆڕش چـارەی نـەما لـەوە زیـاتر کەرووبـەڕوویان ببێتـەوە, ئـەوەبوو مـەفرەزەی رەوانـەی نـاو شـاری هـەولێر کـرد, بەمەبەسـتی منـە کردنیـان و سـزادانیان و کوشـتنی هـەمان ژمـارە لەجاشـەکان و

پاکتاوکردنیـــان, بـــۆ نموونـــه لـــه (١٢)ی کـــانونی یەکەمـــدا, مەفرەزەیـەکی نـاوخۆ ئەحمـەد رەشـوانیو حمـە سـووریان کوشـت کەدوو کادیری چالاکی (١٩٦٦) بوون (..).

بەمەبەسـتی تۆلەسـەندنەوەی خـوێنی ئـەو سـێ شـەهیدە, مەفرەزەیـەکی پێـشمەرگە لەشـەوی ١٤ ـ ١٥ی کـانونی یەکەمـدا, دەسـتڕێژیان لـەئۆتۆمبیلێکی جـاش کـرد کەئەحمـەد عەبـدوڵلای تیـادابوو کـوژرا کەیـەکێك لەسـەرکردەکانیان بـوو, و مـەلا مـاتۆر رزگـاری بـوو, بەشـێوەیەکی سـەیرو بەمـەش بـەرژێمیان سـەلماند کەدەستی شۆڕش دەتوانێت زەفەر بەئاژاوەگێڕو تاوانبار بهێنێتو ئەگەر بەردەوام بن لـەکاری تیرۆیـستییان ئـەوا هـەروا بەسـەریانەوە ناڕوات.

پێشتر مـەلا مستەفا بـارزانی داوای لەحکومـەتی عێـراق کردبوو تاقمەکـەی جـەلال تاڵـەبانی چـەك بکاتولاوازیـان بکـاتو لـەناویان ببـات. وەڵامـی سـەرەك وەزیرانـی عێـراق تـاهیر یـەحیا, بۆ بـارزانی ئـەوە بـوو کـەناتوانێت داواکـەی بـارزانی جێبـەجێ بکـات, چونکە زۆربـەی ئەفسەرانی سـوپای عێـراق دژی ئـەوەن تاقمەکـەی جـەلال تاڵەبانی چەك بکرێن, تەنیا لەبەر هۆیەکی پووچو لەبەرامبەردا رای زۆربـــەی ئەفـــسەرانو سیاســـەتمەداران لەحکومـــەتو لەســـوپای عێراقدا, لەگـەڵ تاقمەکـەی جـەلال تاڵەبانیـدا (ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی)دا بـوو, وەکـو رێکخـستنێکی سیاسـی کـورد تەماشـایان دەکردن کـە بـەپێی رێـسای بەبەرنامـە هەڵـسوکەوت دەکـەن کـەزیان

بەبەرژەوەنــــدیی گـــشتی ناگەیـــەنن و دەیانـــەوێت لەرێگـــەی ئاشتیخوازانەوە مافی گەلی کورد دەستەبەر بکەن, وێرای ئەوەی پەیوەنـــدیی دۆســـتانەیان لەگـــەڵ حزبـــە عەرەبییـــەکان و سیاسەتمەداران لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لەگەڵ عێراقدا هەیـە, هـەروەها پەیوەنـدی گومـان لێکراویـان لەگـەڵ وڵاتـانی دەرودراوسێدا نییەو لەلایەن سەرەك خێڵەکانی کورد لەعێراق و خێله عەرەبیەکانی دەوروبەری موسڵ هەیە, و زۆربەی ئەندامانیان لەسیاسەتمەدارانی کوردو رۆشبیرانن و بەبەردەوامی هەوڵی ئەوە دەدەن پەیوەندیی دۆستانە لەنێوان هەردوو گەلی کوردو عەرەبدا بەهێز بکەن.

**********

**بەڵام من:**

دەمەوێت خاڵێکی گرنگ, لەم رووداوانەدا روون بکەمەوە کەئەوەیە: هۆکاری سەرەکی لەپشتی تەبایی نێوان حکومەتی عارف و تاڵەبانیدا, ئەوەبوو کەزۆربەی کارمەندانی ئیدارەی حکومەتی عێراق, بڕوای ١٠٠٪ یان بەوە هەبوو کەبارزانی پەیوەندیی تۆکمەی لەگەڵ شای ئێراندا هەبووو لەم رووەوە لەکە بەسەر شانی تاقمەکەی جەلال تاڵەبانییەوە نەبوو, کەواتە تەنیا ئەوان باڵی نیشتمانپەروەرو شۆڕشگێڕبوون کەئامادە نەبوون ببن بەچڵکاوخۆر لەسەر حیسابی وڵاتەکەیان بۆ بێگانە, بەهەر نرخێك بێت و مێژوو باشترین بەڵگەیە.

لەناوەوەو لەدەرەوە, گەلی کورد دوژمنی زۆری هەیەو, تا ئێستا مەترسین لەسەر ئاسایشی کوردستان‌و هەروەکو لەکتێبەکانی دیکەمدا روونم کردۆتەوە, هەوڵیان داوە گیانی شۆڕشگێڕی لەناو کوردەکاندا لاواز بکەن, بەهەر ئامرازێك بووەو خۆیان نەدەپاراست لەهەر کارێك کەشەرع‌و ویژدانی مرۆڤایەتی رێگەی پێنادات‌و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لەچاندنی ئاژاوە لەناو گەلی کورددا, بەنانەوەی دووبەرەکی لەناو شۆڕشدا, تاقمی بارزانی‌و تاقمی تاڵەبانی..

بنەماڵەی بارزانی سووربوون لەسەر ئەوەی: هەر کەسێك چەك هەڵبگرێت‌و لایەنگری بارزانی نەبێت‌و ملکەچی فرمانەکانی نەبێت ئەوا لەسێدارەدان چاوەڕوانی دەکات‌و ناوی لەلیستی خائینەکاندا دادەنرێت‌و حیساب بۆ رابردووی ناکرێت‌و ئەو قوربانییانەی بۆ کوردستان داویانە. خۆ ئەگەر لەزۆرداری بارزانی رزگاری ببوایە, ئەوا دەبوا یەکێك لەم چوار رێگایە هەڵبژێرێت:

١ - رازی بێت بەزەبوونی‌و سووکایەتی پێکردن کەلایەن بارزانی‌و داروودەستەکەیەوە ئاراستەی دەکرێت.

٢ - لەشوێنە سەختەکانی چیاکان, یان خۆی لەدوورترین شوێندا قایم بکات, بۆ ئەوەی دەستی بارزانی پێنەگات, بۆ ئەوەی خۆی‌و خێزانەکەی لەدەستی رزگاریان ببێت.

٣ ـ دەبێ لەگۆڕەپانی خەباتدا بەچەکەوە بمێنێتەوە, لەگەڵ تاقمەکەی جەلال تاڵەبانی, لەهەر شوێنێکدا بوون.

٤ ـ ئەگەر ئەو سێ خاڵەی سەرەوەی بۆ دەستەبەر نەبوو, دەبێ خۆی تەسلیمی رژێمی عێراق بکات بۆ ئەوەی ناوی لەلیستی خۆ فرۆشەکان (جاشەکان) تۆمار بکاتو رازی بێت بەوەی ناوی خۆی لەکەدار بکات بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی هەبێت. لەبەرامبەردا, تاقمەکەی جەلال تاڵەبانی لەو بڕوایەدا بوون, کەئەوان تۆخمو بنچینەی شۆڕشنو هەر ئەوان بەرگری لەخاکی کوردستان دەکەن, دژی هەر دەستدرێژییەكو هەوڵی پاککردنەوەی کوردستانیان داوە, لەداروەستەی بارزانی.

لەئاکامی ئەم مملانێ تاڵەدا, ئەوەبوو زنجیرەیەك کاری تیرۆری سیاسی, بەفرمانی بارزانی, ریزەکانی گەلی گرتەوە, بۆ نموونە ناوی چەند کەسێکیان لێرەدا بڵاو دەکەینەوە:

فەرەج سەعید عەبدوڵڵا (حمه سوور), ئەحمەد عەزیز رەشوانی, ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەمیری, مەحمود سلێمان دێگەڵی, شێخ محەمەد مستەفا بەحرەکەیی, عەزە گورگە, عومەر سۆفی ماوەرانی, عوسمان بەکر عەوێنەیی, سەید ئەنوەر گردعازەبانی, عەبدولڕەحمان (دارەوان) مستەفا عەلی, عەزیز حمکۆ, عەلی برای حمکۆ, بەکر گۆمەشینی, قادر حەسەن شەقڵاوەیی, حمەئەمین گورگۆ, نوری کاکۆ, حەسەن یونس. ئەحمەد قادر, خورشید حەمەد, ئەحمەد برایم, حەمەد ئۆمەر, بەکر عەلی, محەمەد عەبدولڕەحمان, حسەن عەبدولڕەحمان, سەلام سالح ئەفەندی, محمد عەلی ئەفەندی, حسێن حاجی عەبدوڵڵا, عومەر حاجی عەبدوڵڵا, عەبدوڵڵا سەعید مەمانی, عمر باج لوری, نائف مەعروف, جەعفەر عەباس, سەعدی عەبدولڕەحمان, محەمەد کوبرا, عەبدوڵڵا

سەرحان, ئەحمد سەبری, عەبدوڵڵا رەحمان گەرمافی, عومەر هادی, مەجید سەعید سوور, رەشید قەرەو کۆچەر, محەممەد زیندوو کۆچەر, حەزقیا شلیمۆن, حسێن کەمەکی, سەلاّح شینە رەوف, حەواس میرا, سدیق بابوخکی, مەسۆ بیفکی, کەریس نیکی گەردی, نیکی گەردی عەلی, سەلیم یەکماڵەیی, مەلا تەها بێسرکی, حەسەن عەلی یەکماڵەیی,ساڵح یەکماڵەیی.

## بەشی دوانزەهەم ـ لاپەڕە (٢٠٣)

## کودەتای ١٧و ٣٠ ی تەمموز

لە١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ هەڵیانکوتایە سەر عەبدولڕەحمان عارف کە لەخەودا بوو, لەخەو هەڵیانساندو پێیان گوت لەئێستاوە ئیتر تۆ سەرەك كۆمار نیت (..) یەکێك لەپیلانگێڕان بەنهێنی خۆی پێگەیاندو پێی ووت: عەبدولڕەزاق و ئیبراهیم داودو سەعدون غێدان بەنیازن کۆدەتات بەسەردا بکەن, هەر سێکیانی داوا کردو پرسیاری لێیان کرد سەبارەت بەراستی ئەوە, ئەوانیش سوێندیان بۆی خوارد کەدرۆیە. ئەویش بڕوای پێیان کردو سەعد حەردان یەکەم کەس بوو کەکودەتاچیەکان دوای سەرکەوتنی کودەتاکە دەستگیریان کرد (..).

لە٢٠ی تەممووزدا سەرەك وەزیرانی نوێ پەیوەندیی کرد بەبارزانییەوە بەنامەیەك کەساڵح یوسفی گەیاندی, تیایدا داوای کردبوو دوو کورد دەستنیشان بکات بۆ پۆستی دوو وەزارەت لەحکومەتەکەیدا, ئەویش ناوی موحسین دزەیی و ئیحسان شێرزادی نارد (..), دوای کودەتاکە بەعسییەکان وەزارەتێکی

نوێیان کردەوە, جگە لەو دوانە, ناوی تەها محێەدین مەعروفیشیان دانا, بەوەی کەیەکێك بوو لەسەرکردەکانی جاشی (٦٦), ئەوەبو سەرکردایەتی شۆڕش ناڕەزامەندیی دەربڕیو حکومەتی لەوە سەرپشك کرد, یان ئەمان دوو وەزیرەکە دەکێشنەوە, یان ئەوەتا حکومەت چاوپۆشی لەدانانی تەها محێەدین بکات, بەڵام حکومەتە نوێکە پێی باش بوو بیهێڵێتەوەو, لەئەنجامدا دوو نوێنەرەکەی شۆڕش پاشە کشێیان کرد. دیارە بەوەش بەعس ویستی, بەرامبەر بەهەڵوێستی تاقمەکەی برایم ئەحمەد دەربارەی ئاگربڕی شوباتی ١٩٦٤ لەگەڵ عەبدولسەلام, باشەیەکیان لەگەڵدا بکات.

تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٨ شەڕوشۆڕ لەنێوان شۆڕش‌و هێزەکانی حکومەتدا رووی نەدا, بەڵام تەقوتۆق لەنێوان پێشمەرگەو جاشی ٦٦ دا دەستی پێکرد (..)و ڕژێمی نوێش زیاتر پشتی بەجاشەکانی ٦٦ بەست‌و پەیوەندیی لەگەڵیاندا بەهێزتر کرد.

**********

**لێرەدا دەڵێم:**

(لەبەرە بەیانی ١٧ی تەممووزدا, بەعسییەکان لەبەغدا کودەتایان کرد بۆ رووخاندنی رژێمی ئەو سەردەمە.) سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ, بەتەلەفۆن پەیوەندیم کرد بەمامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد, بۆ ئەوەی لەدوا گۆڕانکارییەکان ئاگاداری بکەمەوە.. پێم راگەیاند کەئەوانەی هەستاون بەکودەتاکە نزیکەی (٤٠٠) کەسن, نیوەیان

لەچەکدارە بەعسییەکانن‌و عەبدولڕەحمان عارف بۆ تاراوگە دوورخراوەتەوەو دام‌ودەزگا حکومییەکان وەکو خۆیان ماونەتەوەو دەستکاریی نەکراون.

(لەبەرە بەیانی رۆژی دواتر,واتە ١٨ی تەمموز سەردانی کۆشکی کۆماریم کرد, داوام کرد چاوم بەسەرۆکی نوێ ئەحمەد حەسەن بەکر بکەوێت, بەڵام کەنەیانهێشت, داوام لێیان کرد نامەیەکی سەرزارەکی لەمنەوە بەو بگەیەنن کە: (ستراتیژیتان سەبارەت بەدۆزی کورد, چیە کەهەموو نەتەوەکە دەگرێتەوە؟ ئایا بەتەمان زمانی ئاسن‌و ئاگر بەکار بێنن یان زمانی ئەقڵ‌و تێگەیشتن؟) یەکێکیان کەخۆی ناساندو گوتی من تەها یاسین رەمەزانم, جلوبەرگی سەربازی لەبەردا بوو, دواتر گوتی تۆ کێیت؟ گوتم من رەفیق پشدەریم, ئەوسا رێگەی دا بچمە ژوورەوەو چاوم بەشەفیق دەراجی کەوت‌و بەجووتە پێکەوە دانیشتین‌و پێم گوت: سەیرە من بیرم لەوە دەکردەوە کەچۆن بەکر رازی بکەم, زیانت پێنەگەیەنێت ئەگەر تووشی بوویت, کەچی دەبینم تۆ دێیت بۆ لام بۆ ئەوەی بەناوی بەکرەوە بمبینی, ئەمە شتێکی سەیرە؟ سەری لێدەر ناکەم..) ئەویش گوتی: (ئێمە ئێستا (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) دادەمەزرێنین‌و کۆبوونەوەی نائاساییمان هەیە دەربارەی چۆنیەتی دۆزینەوەی رێگەچارە بۆ کێشەکانی عێراق, بەتایبەتی کێشەی کورد..). لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا,

شەفیق دەڕاجی سڵاوی خۆی بەمندا بۆ ئیبراهیم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی و برادەرانی دیکە نارد.

لە٣٠ی تەمموزی ١٩٦٨ دا, بەعسییەکان یەکەم هەنگاویان بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتو کۆنترۆڵکردنی حکومەت نا, ئەویش بەدەستگیرکردنی عەبدولڕەزاق نایفو دوورخستنەوەی بۆ دەرەوەی وڵات.. دواتر جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت بەبێ ئەوەی ڕێگە بەهیچ هێزێکی سیاسیی دیکە بدەن لەدەسەلاتدا بەشدارییان بکات.

بەعسییەکان پەیوەندیی نهێنییان لەگەڵ پارتی بەتایبەتی (باڵی مەکتەبی سیاسی)یدا هەبوو, چونکە لەگەڵ خاڵی گرنگدا هاوهەڵویست بوون لەپێناوی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ کێشەی کورد. کاتێ وەزارەتەکان دانران لەحکومەتی عێراقدا, کەبەعسییەکان بەڕێوەیان دەبرد, چەند وەزیرێکی کورد دانران کەسەر بەدوو حزبە سەرەکییەکە بوون (پارتیو مەکتەبی سیاسی)و بەڵام بەفەرمانی بارزانی هەموو وەزیرەکان کەسەر بەبارزانی بوون پاشەکشێیان کرد, لەبەر ئەوەی حکومەت تەها محێەدین مەعروفی سەر بەلیستی مەکتەبی سیاسی (تاقمی مام جەلال) دانا.

**********

**شەڕێکی دیکەلەقەرەداغ ـ لاپەڕە ( ٢٠٦ )**

ڕژێمی بەعس ڕێگەی بەجاشی ٦٦دا, زیاتر دەست بداتە شەڕوشۆڕو ئاژاوەگێڕی لەکوردستان, زیاتر لەوەی کەڕژێمی پێشوو, ڕێگەی پێدا بوو. ئەوان هەر لەزووەوە خەونیان بەوەوە دەبینی دەست بەسەر قەرەداغدا بگرن, بەڵام وەکو جاران هەوڵەکانیان ڕووبەرووی شکست بووەوە, ئەوەتا ئێستا پاڵپشتو هێزی زیاتر شك دەبەن, بۆیە لەگەڵ ڕژێمی نوێدا, نەخشەیان داڕشت بۆ داگیرکردنی, بەتایبەتی دوای ئەوەی پشتگیریی دوان لەئامیر بەتالیۆنەکانیان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد, کەجەعفەر بەرزنجیو کامیل مەلاوەیس بوونو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دا بەدەستی جاشەکانی ٦٦ـەوە.

لە١٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٨ دا, هێزەکانی خەباتو ڕزگاریو دەشتی هەولێر, هێزیان ڕەوانەی قەرەداغ کردو هێرشێکی گەورەیان دەست پێکرد ماوەی شەش ڕۆژی خایاند, تا ١٨ی تشرینی یەکەم,و ناوچەکەیان بەتەواوی لەجاشەکانی ٦٦ پاك کردەوەو زیانی زۆریان پێیان گەیاند, واتە ٧٠ یان لەوان کوشتو ١٢٠ یان بەدیل گرتو ئەوانی دیکە هەڵهاتنو شەڕەکە کارێکیوەهای بەرژێمو جاشەکان کرد, جارێکی دیکە بیر لەوەها پەلاماردانێك نەکەنەوە.

**********

**بەڵام من لێرەدا دەڵێم:**

ئەحمەد حاجی برا حەمەی جاف کەکەسایەتیەکی کوردیی بەناوبانگە, لەناو خێڵی جافو لایەنە سیاسییەکانی ناوچەی گەرمیاندا, قارەمانێکی خەباتگێڕو شۆڕشگێڕ بوو لەناو ریزەکانی پێشمەرگەدا, هەر لەهەڵگیرسانی شۆڕشەوە لە ١١/ ٩/ ١٩٦١دا رۆڵێکی قارەمانانەی بینیوە لەناو ریزەکانی پێشمەرگەدا لەبەرامبەر هێزە شەڕئەنگێزەکان کەخۆیان لەدەسەڵاتی سەربازی لەعێراقدا دەبنییەوە. دوای ئەو دووبەرەکییەی لەناو ریزەکانی شۆڕشدا رووی دا, لایەنی بارزانی بەجێ هێشتو چووە ناو تاقمەکەی جەلال تاڵەبانییەوە....رەوتی خەباتی پڕبوو لەکارەسات کەهەرگیز لەیاد ناچێت, لەشەڕی نێوان تاقمەکانی بارزانیو تاڵەبانیدا, کەبریندار کرا بەدیلی پەلکێش کرا بۆ بارەگای بارزانیو دوای چاك بوونەوەی بەفەرمانی بارزانی لەسێدارەدرا, بەدرێژایی ژیانی هیچ لەکەیەکی رەش بەناوچەوانیەوە نەبوو تا ببێتە پاساوێك بۆ لەسێدارەدانی! بەڵام ئەو دووبەرەکییە زیانێکی هێندە گەورەی لێکەوتەوە, کەبۆ هەتاهەتایە فەرامۆش ناکرێت, هەر جارێ چاوم بەیەکێك لەکەسوکاری ئەو کەسایەتییە بکەوتایە, باسی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەیان دەکرد کەچۆن دیلی جەنگ لەسێدارە دەدرێت! بۆ دواجار چاوم بەو بنەماڵەیە کەوت, لەرێورەسمی ناشتنی تەرمی خواڵێخۆشبوو ئەحمەد مام وەلیدا بوو لەشارۆچکەی کەلار, کەئەویش یەکێك بوو لەپیاوە

گەورەکانی و ئەگەرچی بەدەستی کەس نەکوژراو بۆ خۆی بەوەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد.

**شێخ فەرەج شێخ سەعیدی کەسنەزان**

نیشتمانپەروەرێکی کوردو خەباتگێڕێکی شۆڕشگێڕ بوو لەناوچەی قەرەداغ ـ گوندی بنەکە, لەناو خەڵکی ناوچەکەدا بەوە ناوبانگی دەرکردبوو کەقارەمانێکی چاونەترسە. دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨, چووە ریزی حزبی دیموکراتی کوردستانەوەو دوای ماوەیەکی کورت بەهۆی ئازایەتییەوە بوو بەیەکێك لەکاردیرە ناودارەکانی حزبو رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەهۆشیارکردنەوەی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەرو دوورەدەستەکان بۆ ئەوەی بچنە ریزەکانی پارتییەوە. دوای دووبەرەکییەکە چووە ناو ریزەکانی مەکتەبی سیاسیی تاقمەکەی جەلال تاڵەبانی و بەهۆی چالاکی و جموجوڵیەوە, ناوبانگی دەرکردو بەبەردەوامی راپۆرتی باشی لەسەر دەرچوو بۆ بارەگای بارزانی و لەلایەن هەموانەوە خۆشەویست بوو, ئەمەیش وای لەبارزانی کرد بۆ لای خۆی رایبکێشێت و لەرێگەی ئەویشەوە خەڵکی ناوچەکە بۆ لای خۆی رابکێشێت, بەڵام هەموو هەوڵەکانی بەفیڕۆ چوو, چونکە ئەو پیاوە بەرەزامەندی خۆی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەدی هەڵبژاردبوو....دوای بەستنی کۆنگرەی (تیمار) بەماوەیەکی کورت مەفرەزەیەکی سەر بەلقێکی پارتی بەسەرکردایەتی عەریف کازم دەوری گوندی بنەکەیان دا

بەمەبەستی دزە کردنە ناویەوە, بەڵام دوای ئەوەی نەخشەکەیان ئاشکرا بوو وایان راگەیاند کەپێشمەرگەی سەر بەمەکتەبی سیاسین‌و خۆیان گەیاندە ماڵی شێخ فەرەج‌و داوایان کرد داڵدەیان بدەن بۆ ماوەیەکی کورت بەمەبەستی پشوودان, ئەویش میوانداریی‌یانی کرد بەو جۆرەی شایستەی ئەو قارەمانە بوو, بەڵام لەپڕ هەموویان تەقەیان لێکردو کوشتیان‌و هەڵهاتن بۆ مۆڵگەکەیان لەبارەگای بارزانی‌و ئاگاداریان کردەوە کەفەرمانەکەیان جێبەجێ کردووە. ئەمە یەك لەسەدانی ئەو کارەساتانە بوو و چارەنووسی هەر کەسێك بوو کەمل بەفرمانی بارزانی‌و بنەماڵەکەی نەداو خوای گەورە نازڵی کردبوو بۆ گیانی خەڵکی‌و لەناوبردنی هەر کەسێك کەلایەنگری نەبوایەو بەخواستی خودا هەر ستەمکارێك رۆژی خۆی دێت..

**کەریم محەمەد سەعید (کەریمی خەجێ)**

هاووڵاتییەکی خەڵکی ناوچەی بازیانی نزیك سلێمانی بوو, کەسایەتییەکی ناودار لەناو خەڵکی گەرمیان‌و قەرەداغدا.. نیشتمانپەروەرێکی بوێر بوو. لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی کوردستاندا چووە ریزی پێشمەرگەوەو یەکێك بوو لەچاونەترسەکان‌و چەندین قارەمانێتی نواند. کاتێ دووبەرەکی کەوتەوە چووە ریزی باڵی مەکتەبی سیاسییەوە, بەڵام دوای ئاشتبوونەوەو رێکەوتن لەگەڵ بارزانیدا, هێزەکانی پێشمەرگە لەشەڕێکی خوێناوی لەگەڵ هێزەکانی رژێمدا کەهێزی پێشمەرگە

بەسەرکردایەتی بەڕێز کەمال موفتی بوو, تیایدا کەریم محەمەد سەعید جوامێری نواند, شەڕێکی دەستەویەخەی خوێناوی بوو, تیایدا دە لەپێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون کەخزمی نزیکی کەریم محەمەد بوون. بەهۆی ڕۆڵی قارەمانیی خۆیەوە لەو شەڕەدا, لەئامیر مەفرەزەوە کرا بەئامێر بەتالیۆن. لەسەر داوای بارزانی کەریم سەردانی کردو پێکەوە بەتەنیا لەسەعات یانزەی شەوەوە تا دەمەوبەیان پێکەوە مانەوەو بارزانی هەوڵی دەدا ڕازی بکات لەژێر فەرمانی ئەودا کار بکاتو بەپێی خواستی ئەو بجوڵێتەوە, بەڵام دیاربوو, ئەو ڕازی نەبوو بەمەرجەکانی بارزانی, ئەوەبوو گەڕایەوە بۆ قەرەداغو, بارزانی ڕقی لێی هەڵگرت, دوای ئەوەی زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکرد.....بەر لەهەرەسی شۆڕشەکە, ڕەئیس عەبدوڵڵا نامەیەکی بۆ کەریم ناردو هەر ئەوەندە کەریم ڕازی بوو بچێت بۆ سەردانی ڕەئیس عەبدوڵڵا, ئیتر لەبەر چاو نەماو خزمو کەسوکاری بەدوایدا گەڕان لەهەموو شوێنێك, بەبێ ئەوەی پەیدای بکەن, کەس نازانێت هۆی ئەو ڕەفتارە چی بوو, بەڵام ڕۆژێك زیندانییەکی دەستوپێ بەندکراو بینرا دوای ڕەتبوونی هەشت مانگ بەسەر گرتنیدا لەبەندیخانەی ڕایاتو لەوێ هەندێ لەدۆستان بینیبوویانو بینینی بەو شێوەیە دڵی هەموویانی داخورپاندبوو, کە لەسەرەمەرگەدا بوو, هەر ئەو کاتەی دارودەستەی بارزانی کوڕەکانی حەمە ئاغا مێرگەسورییان لەبەندیخانە دەرکرد بەمەبەستی کوشتنیان, کەریمیشیان لەگەڵ

ئەوان گواستەوە, دوای هەرەسی شۆڕش, خێزانەکەی کەریم بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر توانیان چاویان بەبەرێزان ئیدرس‌و مەسعود بکەوێت‌و سەبارەت بەکەرێم محەمەد سەعید پرسیاریان لێبکەن, ئەوان وایان دەربڕی کەئاگاداری ئەو نین. دوای هەرەسی شۆڕش‌و دوای ئەوەی پێشمەرگەکان خۆیان دا بەدەست رژێمەوە, یەکێك لەپێشمەرگەکان کە لەگەڵ ئیدریس بارزانیدا بوو, لەرایات گۆڕی سێ کەسی بەدەستی خۆی ئامادە کردووە, کەئیدریس بارزانی بەدەستی خۆی کوشتویانی کەیەکێکیان تەرمی کەریم بوو, کەبراکەی ناسیبوویەوە.

### کامل مەلاوەیس زەنگنە

لێرەدا بەپێویستی دەزانم بەرگریی لەهەندێ لەو کەسانە بکەم کەبەرێز مەسعود بارزانی بەجاش‌و خۆفرۆش لەدوا کتێبیدا وەسفیان دەکات, کامل مەلاوەیس لەبەر ئەوەی ملکەچی فەرمانەکانی بارزانی نەبوو و سەرپێچی لێکرد, لەگەڵ ئەوەدا کەمن‌و زۆربەی خێڵی زەنگەنەو ناوچەی گەرمیان دان بەو راستییەدا دەنێین کەپاڵەوانێکی شۆڕشگێڕو خەباتگێڕێکی کورد بوو, بەهەموو شتێك قوربانی دا بۆ ئەوەی گەلەکەی بەئازادی بگات‌و بەئاسوودەیی بژی, کەچی بەخۆفرۆش تاوانبارکرا.

لێرەدا ئاماژە بەهەندێ لەو کارە جوامێریانە دەکەین کەقارەمانی شەهید کامل مەلاوەیس زەنگەنە بەشداری تیادا

کردووەو من لەبەرگی سێهەمی کتێبی ( کورد دوژمنی خۆت بناسە) دا باسی قارەمانێتی ئەو کەڵە پیاوەم کردووە.

١. شەهیدی قارەمان یەکێك بوو لەوانەی بەشدارییان لەکردەی دەستبەسەرداگرتنی وێستگەی شەمەندەفەری سلێمان بەگیان کرد لەساڵی ١٩٦٢دا.

٢. سەرپەل بوو لەبەتالێونی حەوت کەمن ئامیری بووم, کاتێ دوانزە پێشمەرگەی بەسەرکردایەتیی خۆی هەڵبژارد بۆ دانانی بۆسەیەك بۆ جاشەکانی حکومەت لەنزیکی شارۆچکەی کفریو سەرکەوتوانە لەئەنجامدانی ئەو کردە جوامێرانەدا, کرایە سەرلق.

٣. لەپەلارمادانێکی شەوانەدا بۆ سەر شارۆچکەی توزخورماتو, سەرکەوتوانە ئەو کردەیەی ئەنجام داو بۆ ماوەی دوو سەعات پێشمەرگەکان ئەو شارۆچکەیەیان کۆنترۆڵ کرد.

جگە لەچەندین کاری قارەمانانە کەئەگەر بوار بڕەخسایە, ئەوا بەدرێژی ئاماژەم بەهەموویان دەکرد.

**عەلی عەباس ئاغا میراودەلی**

کەسایەتییەکی ناوداری ناوچەی پشدەر ـ گوندی مەرگە بوو, لەناو خەڵکیدا پێگەیەکی بەرزی هەبوو, پیاوێکی ئازاو نیشتمانپەروەرێکی شۆڕشگێڕبوو, دەستو دڵی کراوە بوو, هەر لەسەرەتاوە هەوادارانی زۆری لەناو ریزەکانی پارتیدا هەبوو, یەکێك بوو لەو سەرەك خێڵانەی کە لەسەر داوای بارزانی, چەکی دژی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم هەڵگرتو لەناو ریزەکانی

پێشمەرگەدا رۆڵی بەرچاوی گێڕا, کاتێ هێزەکانی حکومەت هێرشی بەربڵاویان کردە سەر بارەگا سەرەکییەکانی شۆڕش لە١١/ ٩/ ١٩٦١دا عەلی عەباس ئاغا یەکێك لەوانە بوو کەبەرووی سوپادا چووەوەو سووربوو لەسەر بەرگری تا شەهیدبوون. بەرزانی لەخۆی نزیکی کردەوەو پەنجا چەکی پێداو هەموو داخوازییەکانی بۆ جێبەجێ دەکردو تەنانەت لەسەر فرمانی ئەو دڵشاد رەسولی فڕاندو دای بەدەستی بارزانییەوە. کاتی دووبەرەکییەکەو جیابوونەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەژێر چەتری بارزانی, ئەوەبوو عەلی عەباس ئاغاو پێشمەرگەکانی چوونە ریزی باڵی مەکتەبی سیاسییەوەو مەخابن لەناوچەی مەرگە لەشەڕێکدا لەگەڵ پاریتدا شەهید کرا.

خوێنەری هێژا بڕوانە ئەم شەهیدە قارەمانە کە لەچەندین شەڕدا جوامێرانە بەشداری کردو خەڵکی باس لەقارەمانێتی دەکەنو ماوەیەکی زۆر لەخزمەتی بارزانیدا بوو, بەڵام بەهۆی ئەوەی چووە ناو ریزی تاقمەکەی تاڵەبانییەوە, مەسعود بارزانی بەخۆفرۆش تاوانباری دەکاتو دەیەوێت بەنووکەقەڵەمێك هەموو خەباتو شەهیدبوونی لەرێگەی رزگاری کوردستاندا بسڕێتەوە. ئەوە راست نییە لەهەڵسەنگاندنی خەڵکیدا, بەتایبەتی لەلایەن کەسێکەوە کەخۆی بەسەرکردە زانیبێت.

دوای شکست پێهێنانی شۆڕش لەلایەن بارزانیو ئەو خیانەتە گەورەیەی ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦, جەماوەر لەخەوی چەند

ساڵەی خۆی راپەڕیو لەو بێدەنگییەی بەرامبەر بەراستییەکان کەوەکو خۆر دەرکەوتن, هەروەکو کورد دەڵێت: ( بەری خۆر بەبێژنگ ناگیرێت).

## بەشی سیانزەهەم ـ لاپەڕە (٢١٣)
## دەست پێکردنی شەڕ

دیارە شەڕ هەموو بەرەکانی گرتەوەو جاشی ٦٦ رۆڵی گەورەیان تیادا گێڕا, ئەوەبوو پێش هێزەکانی حکومەت دەکەوتن لەهەموو بەرەکاندا هەر لەمانگی شوباتی ١٩٦٩ تا کۆتایی هەمان ساڵ (..)

رژێم بەپشتگیری جاشی ٦٦ هێرشەکانیان لەسەر ناوچەی گەرمیان و قەرەداغ و شوان و شێخ بزێنی و ئاغجەلەر چڕکردەوە. دوو فیرقەی پێنج و دووی بۆ تەرخان کرد بەسەرکردایەتی ئیسماعیل تایە نەعیمی فەرماندەی فیرقەی دوو, کەجەلال تاڵەبانی و عەلی عەسکەری و عومەر مستەفا دەبابە یارمەتییان دەداو هەروەکو ئامارەمان بۆ کرد, ناویان نرا (الموالین). دوو شەڕی گەورە لەناوچەی دەشتی هەولێرو پشدەردا رووی دا. شەڕ بەدرێژایی هاوین بەردەوام بوو لەژێر گوشاری هێزەکانی حکومەتدا, زۆر لەپێشمەرگەکان لەشوێنی خۆیاندا هەڵکەنران و لەدەوروبەری چیای سووورداش گیرسانەوە (..)و دواتر بەرەو چیای کێوەرەش و تا دۆڵی شەهیدان و لەوێ گیرسانەوە. ئەم پێشڕەوییە, ورەی لەناو جاشی ٦٦و رژێمەدا بەرزکردەوەو سەرکەوتنیان بەدەستهێناو گەیشتنە ئەو بڕوایە کەشۆڕش لەگیانداندایەو چەند رۆژێکیان بۆ مەزەندە کردو پێیان وا بوو

بەتەواوی شۆڕشیان لەناو بردووەو ئەوەی هێندەی دیکە قوڕەکەی خەستتر کردەوە شەڕی دوکان بوو.

ئەم سەرکەوتنە کاری کردە سەر ورەی هەندێ لەسەرانی پێشمەرگە. بۆ نموونە عەبدولوەهاب ئەتروشی ئامیر هێزەی خەبات, قادر تەگەرانی نارد بۆ لای بارزانیو پێشنیاری ئەوەی کرد کەدانوستان لەگەڵ جاشی ٦٦ دا بکات, نەبادا هەموو کوردستان بکەوێتە ژێر دەستیانەوەو بتوانن بەئاسانی بەسەریاندا سەربکەون, بارزانی لەوەڵامیدا گوتی: ئەگەر ناتوانیت خۆڕاگر بیتو بەرگریت پێ ناکرێت, ئاگادارم بکەرەوە تاوەکو کەسێکی دیکە بنێرم جێگەکەت بگرێتەوە (..) بەرەی شەر لەدەوربەرەی چیای پیرەمەگروونو سورداشەوە تا تەپۆڵکەکانی دەوروبەری ئاوی دوکانو لەوێشەوە تا چیای ئاسۆسو کێوەرەش درێژی هەبوو.

شەڕو پێکدادانی رۆژانە لەئەیلولەوە تا ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ لەنیوان هێزەکانی شۆڕشو هێزەکانی حکومەتدا بەردەوام بوو, کەپێکهاتبوو لەهەموو بەشەکانی سوپا کە بەبەردەوامی جاشی ٦٦ لەپێشیانەوە بوون کەئەو سەردەمە (بەپێی لیستی مووچە) ژمارەیان زیاتر لە٩ هەزار چەکدار دەبوو.

لەناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩دا, دوژمن لەچوار لاوە هێرشی گشتی دەست پێکردو توانی ناوچەی مەرگەو سەرەتای دۆڵی شەهیدان لەناوچەی پشدەر داگیر بکاتو هێزی دوژمن

گەیشتە بەرزاییەکانی ئەودیوی گوندی گرتك کەدەیویست بەرەو ناودەشتو دواتر بۆ دیلمان پێشڕەوی بکات, ورەی هێزی کاوە لەئاستێکی بەرز دانەبوو و لەوشەڕەدا فەرماندەی ئازا حاجی ئەحمەد بارزانی کوژرا, کەهاوڕێی بارزانی بوو لەتاراوگەو بەرپرسی بەرگریی لەدۆڵی شەهیدانو بەرزاییەکانی هیسکاوە بوو. دروستکردنی هەڕەشە لەسەر بارەگای بارزانی بۆ خۆی گرنگ بوو, سەرەڕای ئەوەی ترسناکیش بوو (..) لەشەڕی مەرگەدا, نەخشەیەکی ورد دارێژرا بۆ پاککردنەوەی لەسوپاو لەجاشی ٦٦ (..) لەسەعاتی یەکەمی هێرشەکەدا, کەشەشی تشرینی دووەمی ١٩٦٩, پێشمەرگە سەرکەوتنیان بەدەستهێناو بەشی پەیوەندی لەئیستخبارات ئاگاداریان کردمەوە, کەپشێوی کەوتۆتە ناو ریزەکانی دوژمنەوەو کەس گوێڕایەڵی فرمانی فەرماندەکان نابێتو هەموویان هەڵهاتوون (..)و دوژمن زیانی گەورەی لێکەوتووە (..)و کوژرانی یەکێك لەسەرۆك جاشەکان بەناوی عەلی عەباس ئاغا گوزرێکی کوشندەی لەجاشەکان وەشاندووە, هەندێ لەدانیشتوانی ناوچەکە, لەوانە ئاغاکانی میراودەلی بەلای حکومەتدا دایاندەشکاندەوە لەبەر رۆشنایی ئەو سەرکەوتنانەی یەکەمدا, بەڵام ئەو شکستەی هێزەکانی, وای لێکردن بەخواستەکانیاندا بچنەوە (..) زۆر لەجاشەکانی ٦٦ بەهەڵوێستەکانی خۆیاندا چوونەوەو دواتر چوونە ریزەی شۆڕشەوە.

هەروەها رژێمیش بەجوانی چاوی بەهەڵوێستو سیاسەتی چارەسەری سەربازیدا خشاندەوە. لەشەڕی پیرەمەگروونندا, ڕۆڵی رزگارکردن هاتە پێشەوەو ئاگاداری هەموو هێزەکان کرایەوە (..).

لەرۆژی ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩دا, هێرشی پێمشەرگە دەستی پێکردو لەئاکامدا زنجیرە چیای پیرەمەگروون داگیرکرا (..)و جاشەکانی ٦٦ یان تارومارکرد لەماوەی ٢٤ سەعاتداو بەمەش ورەیان بەرداو دوژمن لەگۆڕەپانی شەڕەکەدا زیاتر لە١٢٠ کوشتەی بەجێ هێشت.

**********

**بەڵام من دەڵێم**

پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان حکومەتی بەعسو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەسەرەتاداو خەڵکی سەریان سووڕمابوو لەو پەیوەندییە.. حکومەت لەهەموو روویەکەوە یارمەتییانی دەدا, چونکە بەعسیەکان لەو بڕوایەدا بوون کەئەم تاقمە سیاسییە دوورن لەهەر پەیوەندییەکی گومان لێکراوەوەو دواتر هیچ مەترسیەك لەسەر ئاسایشی دەوڵەت دروست ناکەن. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی, بەلێهاتوویی سیاسییەوە, توانییان دۆخێکی باش لەپەیوەندی توندوتۆڵ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا بخوڵقێنێتو دواتر بووە هۆی ئەوەی خەڵکی کوردستان لەدەوریان کۆبێتەوە, تا ئەوەی ژمارەیان گەیشتە ١٠ هەزار پێشمەرگەو توانییان زیانی گەورە بەهێزەکانی بارزانی بگەیەنن کە

لەبەردەمیاندا دەشکان تا ئەوەی فیشەکیان دەگەیشتە بارەگای بارزانیو, دەستیان بەسەر زۆربەی خاکی کوردستاندا گرتو دەسەڵاتیان بەسەردا سەپاند.

ئەو دەستکەوتانەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆ قازانجی کورد بەدەستیانهێنا ئەمانەن:

١ـ کردنەوەی زانکۆی سلێمانی.

٢ـ بەرەسمی دەوڵەت رایگەیاند کەدهۆك پارێزگایەکی کوردییە.

٣ـ پارێزگاکانی دهۆكو هەولێرو سلێمانی لەلایەن کوردەوە بەرێوەدەچوو.

٤ ـ نەورۆز کرا بەجەژنێکی نەتەوەییو بەپشووی رەسمی لەدەوڵەتی عێراقدا دانرا.

٥ ـ درێژکردنەوەی ماوەی پەخشی کوردی لەرادێوی بەغدا لە٣٠ خولەکەوە بۆ ٢٤ سەعات رۆژانە.

٦ ـ وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر لەخوێندکارانی کورد لەدەرچووانی ناوەندیو ئامادەیی سەر بەباڵی مەکتەبی سیاسی لەخولی راهێنان کە لەلایەن شارەزای بواری سەربازییەوە سەرپەرشتی دەکرا.

٧ ـ پێدانی مۆڵەت بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی بەناوی (النور).

٨ ـ پێدانی مۆڵەت بۆ دەرکردنی رۆژنامەی (هاوکاری, رووناکی, رزگاری) حەفتانە لەسلێمانی.

٩ - پێدانی مۆڵەت بۆ دەرکردنی گۆڤاری (بەیان)و مانگانە بەزمانی کوردی.

وێرای ئەوە, ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵوێستییان هەبوو کەگوزارشتی لەجوامێری کوردی رەسەن دەکرد, بۆ یارمەتی هاووڵاتیی کورد لەهەر شوێنێك بێت کاتێ رووبەرووی دەستدرێژی بوایە لەلایەن ئەمن‌و پۆلیسەوەو پشتیان دەگرتن‌و پارێزگارییان لەمافەکانیان دەکرد, بۆ نمونە بەرێز عەلی عەسکەری وەکو گوللە خۆی گەیاندە ئەو شوێنەی یەکێك لەپۆلیسەکان دەستدرێژی کردبووە سەر هاووڵاتیانی کورد, تەنانەت گەلێ جار ئەمن‌و پۆلیس سکالایان بۆ سەرکردایەتی لەکۆشکی کۆماری بەرز دەکردەوە, بەهۆی توندی عەلی عەسکەرییەوە لەبەرامبەر دەستدرێژیی ئەوان لەسەر هاووڵاتییانی کورد.

لەسلێمانی چەندین دەستدرێژەیی لەو شێوەیە ئەنجام دراو کەدەستدرێژیی لێکراو سکالای دەکرد جەلال تاڵەبانی یەکسەر دەگاتە شوێنی رووداوەکە بۆ سزادانی دەستدرێژکەران لەئەمن‌و پۆلیس, چەندین نموونەی ئەم هەڵوێستە جوامێرانە لەئارادایە کەگوزارشت لەجوامێریی کەسایەتیی کوردو شانازیی بەنەتەوەکەیەوە دەکات.

بۆ نموونە, رۆژێکیان بەرپرسی بالای مەکتەبی سیاسی لەسلێمانی بەرێز محمود حاجی تاهیر ئاگاداری مام جەلال دەکاتەوە, کەمحەمەد حاجی ئیبراهیم چەرمەگاو بەپاڵپشتی ئەمن‌و

هێزی سەربازی سەرانە دەسەپێنێت بەسەر هەندێ لەهاووڵاتییان‌و بازرگانانداو پیاوەکانی شتومەکی ناوماڵ‌و دوکانی ئەو کەسە فڕێ دەدەنە سەر جادەکە ئەگەر پارە نەدەن یان دوابکەون، خەڵکیش لەترسی ئابڕووی خۆیان ملیان بەو داواکارییانە دەدا، ئەوەبوو مام جەلال پەلارماری دەدات لەنووسنیگەکەیداو بەئاشکرا سووکایەتی پێدەکات، ئەمەش بوو بەپەند بۆی بۆ ئەوەی مافی کەس پێشێل نەکات.

لەگەڵ ئەوەی کەرێکەوتنی باڵی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ حکومەت‌و بەو شێوەیەی کەئاماژەم بۆ کرد کەلایەنی باشی هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا، بواری رەخساند بۆ راگەیاندنی بارزانی بۆ توانج لێدان‌و پڕوپاگەندە کەگوایا تاقمی تاڵەبانی خۆیان بەدەستی حکومەتەوە داوەو لەناو ریزەکانیاندا کاردەکەن بۆ لەناوبردنی پێشمەرگەکانی لایەنگری بارزانی.

بەرێز مەسعود بارزانی لەکتێبەکەی سەبارەت بەخێڵی میراودەلی دەڵێت‌و کەچەند جارێك هەوڵیان داوە بەنهێنی پەیوەندیی بەحکومەتی عێراقەوە بکەن بۆ ئەوەی لەگەڵیدا رێکبکەون، بۆ خۆشکردنی زەمینە بۆ هاتنی هێزەکانی حکومەت بۆ ناوچەی پشدەرو نەهێشتنی دەسەڵات‌و نۆڕێنی بارزانی لەو ناوچەیە کە لەلایەن حەسۆ میرخانەوە نوێنەرایەتی دەکرا، کەخەڵکی ناوچەکە بەدەستی ستەمکارییەکانیەوە دەیانناڵاندو، بارزانیش هیچ هەڵوێستی لەبەرامبەریدا نەدەنواند لەکتێبەکەمدا (کورد دوژمنی

خۆت بناسه) هەندێ زانیاریم لەسەر ئاغاکانی پشدەرو ناوچەکەو بارودۆخیان بڵاوکردەوە, لێرەدا دەمەوێت ئاماژەیان پێ بکەمەوە, بۆ ئەوەی خوێنەر بەویژدانەوە, خۆی قەزاوەت بکات لەسەریان.

حکومەت هەوڵی دەدا, بۆ ئەوەی هێزی سێهەم دروست بکات جگە لەبارزانیو باڵی مەکتەبی سیاسیو هەوڵی جدی دەدا بۆ ئەوەی پەیوەندیی بەسەرەك خێڵەکانەوە بکات کەهەر لەسەرەتای راگەیاندنی شۆڕشی ئەیلولەوە چەکیان لەدژی حکومەت هەڵگرتبوو, لەپێناوی جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیەدا راسپێردرام کەپەیوەندیی بەهەندێ بەسەرەك خێڵەکانەوە بکەم کەلێرەدا ئاماژە بەناوی هەندێکیان دەکەم. پەیوەندیم کرد بەسەرەك خێڵەکانی پشدەرەوە کرد لەڕێگەی براکەم خوالێخۆشبوو کەمالو نامەم بۆیان رەوانە کردو ئاماژەم بەو مەسەلەیە کردو دوای ناردنی چەند نامەیەك, نوێنەری ئەو خێڵانەی پشدەر هاتن بۆ لامو لەبەغدا چاوم پێییان کەوت کەبریتی بوون لەبەڕێزان: بابەکر مەحمود ئاغا میراودەلی, هەمزە باپیرئاغا میراودەلیو حەسەن ئەحمەدئاغا بێشیری میراودەلی.

لەلایەن حکومەتەوە, بەگەرمی پێشوازییان لێکراو لەگەڵ گەورە بەرپرسانی بەعسدا کۆبوونەوە, ئەندامانی شاندەکە باسی بارودۆخی ناوچەی پیشدەرو بێتواتەیان کردو گوتیان: هەر لەو کاتەوە حەسۆ میرخان لەو ناوچەیەدا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتوەو عەلی شەعبان خەڵکی ناوچەی بێتوێنو رانیە دەسەڵاتی

بەدەستەوە گرتووە, بەفرمانی مەلا مستەفا بارزانی, خەڵکی ناوچەکە لەلایەن ئەو دوانەوە دەچەوسێننەوەو هەموو جۆرە ئامرازێکی ئەشکەنجەدان بەکار دێنن کەهیچ پاساوو ڕێسایەکی مرۆڤایەتی ئەو کارانە پەسەند ناکاتو ئیتر خەڵکەکە بەبەریانەوە نەماوە, بۆیە هاتووین بەهانامانەوە بێن بۆ ئەوەی بارودۆخی ناوچەکە بگۆڕن, ڕێگەچارەی گونجاو بگرنەبەر.. یەکێك لەبەرپرسە بەعسیەکان گوتی: پێویستە چارەسەری ئەو دەستدرێژییانە بکرێت کەلەلایەن ئەو دوانەوە ئەنجام دەدرێت لەو ناوچەیەداو هەوڵ بدەین سیستمی ئیداری بگۆڕینو خۆتان ئەو ناوچەیە بەڕێوەببەن وەکو ساڵانی ١٩٢٦ـ ١٩٤٢ کەقایمقامو مودیر ناحیەو سەرۆکی شارەوانیو بەڕێوەبەری پۆلیس لەلایەن کەسانی خێرخوازی ناوچەکەوە هەڵدەبژێرانو, باشتر وایە لەخەڵکی ناوچەکە چەکدار هەبێت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەر دەستدرێژییەك بینەوە.. یەکێك لەئەندامانی شاندەکە گوتی:

ئەو ڕێگەچارەیە خەیاڵەو ناتوانین ئەمرۆ جێبەجێی بکەین, مەحاڵە لەم بارودۆخەی ئیمڕۆی ناوچەکەماندا, پێکهێنانی وەها سوپایەکی چەکدار لەخەڵکی ناوچەکە, بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمی پیاوانی بارزانی کارێکی مەحاڵە, چونکە ئەگەر ئێوە بەهێزی سەربازی یارمەتیتان بەئێمە پێشکەش کرد ئەوسا بەخۆفرۆشی تاوانبارمان دەکەنو ناومان دەنێن (جاش), ئەمەش پێگەمان لاواز دەکاتو گلۆڵەمان دەخاتە لێژیو سوودمان بۆ ئێوە

نامێنێت.. بۆیه پێشنیاری ئەوه دەکەین لەرێگەی پێشمەرگەکانی جەلال تاڵەبانییەوه بچنەوه بەگژی پیاوەکانی بارزانی، بەوه دەتوانین جەنگەکه ببەینەوەو خەڵکێکی زۆر لەخۆمان کۆبکەنیەوەو خۆمان لەدەسەڵاتی دوژمنان رزگار بکەین بۆ ئەوەی ناوچەکه بەئاسوودەیی بژیو بەوەش هەموو رێگەکان لەبارزانی دەگرینو تەنیا پشتگیری دەرەکی بۆ دەمێنێتەوەو ژمارەیەکی کەم لەخەڵکی کەدوورن لەراستییەوه.

دوای چەندین کۆبوونەوەو باسوخواس لەسەر بابەتەکه، ئەم پێشنیارەی شاندەکه پشت گوێ خرا، لەترسی ئەوەی نەبادا نۆرێنی تاڵەبانی لەناوچەکەدا گەشه بکاتو ببێته مەترسی لەسەر ئاسایشی ناوچەکه لەئایندەدا.

**راو بۆ چوونی ئەندامانی حکومەتی عێراقی بوو بەدوو بەشەوه:**

**یەکەم:** پشتگیریی لەبیرۆکەی ئەندامانی شاندەکه دەکردو بەڵکو لەوەش زیاتر دەرۆیشتنو بیریان لەوه دەکردەوه، لەرێگەی کۆمەککردنی تاقمەکەی تاڵەبانی، کۆنترۆڵی کوردستان بکەنو پەنابردنه بەر رێگەچارەی راستەقینەو متمانه پێکردن.

**دووەم:** دەترسان لەبۆچوونی باڵی مەکتەبی سیاسیو پێیان وابوو رەنگه مەترسیی دروست بکەن لەسەر ئاسایشی وڵات لەئایندەدا، بۆیه پشتیان بەرەوشی مانۆرو گزی دەبەست، ئەگەرچی بڕوای تەواویان بەوه هەبوو کەتاقمەکەی مەکتەبی سیاسی هیچ پەیوەندییەکی گومان لێکراویان بەدەرەوه نییه.

لایەنگرانی باڵی مەکتەبی سیاسی کە لەزیادبووندا بوون, ترسی خستبووە دڵی رژێمەوەو لەئایندەی ئەم حزبە سیاسییە دەترسان کەپێگەیەکی جەماوەرییان هەبوو, جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر لایەنگرانی بارزانی هەستیان بەوە کردبوو کەحزبی بەرامبەریان بەهێزبووەو ئیتر هەوڵی ئەوەیان دەدا, لەگەڵیاندا ئاشتی بکەن و خەڵکی باسی ئەوەیان دەکرد, ئیتر رژێم ترسی لێنیشت و کەوتنە ئەوەی چاودێریی لەچالاکی و جموجوڵی تاقمەکەی جەلال بکەن و ئیتر کەوتنە نانەوەی پیلان بۆ دروستکردنی ئاژاوە لەنێوان تاقمەکەی مەکتەبی سیاسیدا, رژێم توانی کەسانی وەکو (تاریق ئەحمەد داودی) بکرێت و بەپارەو تفاق یارمەتییان بدات بۆ ئەوەی جیابیتەوەو حزب پێکبهێنن و لەشەڕی پیرەمەگروندا, ئەو کارە بەتەواوی بۆ تاقمەکەی جەلال تاڵەبانی رون بووەوە..

**********

**هەوڵی کودەتایەکی سەربازی ـ ل ( ٢٢٢ )**

رێکەوتن لەنێوان حکومەتی شاو دوو ئەفسەری عێراقی عەبدولغەنی راوی و عەبدولڕەزاق نایفی سەرەك وەزیرانی دەرکراودا روویدا (..)و رژێمی عێراق ئاگاداری سەروبەندی ئەو پیلانە بوو سەدام حوسێن بۆ خۆی سەرپەرشتی ئامادەکارییەکانی دەکردو خاڵ بەخاڵ بەدوای ئەو پیلانەوە بوو.

بۆمان دەرکەوت کەچارەسەری دۆزی کوردیان پێ نییە, هەروەها دەرکەوت کەزەحمەتە لەگەڵیان رێکبکەوین لەسەر بنەمایەکی راستو دروست بۆ چارەسەرکردنی (..) لە ٢٠ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠دا, رادیۆی بەغدا رایگەیاند کەحکومەت توانی پەردە لەسەر پیلانێك هەڵماڵێت بۆ رووخاندنی رژێم بەسەرۆکایەتی عەبدولغەنی راوی بەئاراستەکردنو نەخشەی ئێرانو توانرا ئەو ئەفسەرانە دەستگیر بکرێن کەپەیوەندییان بەو پیلانەوە هەبوو (..)و ٥٤ ئەفسەریان لەسێدارەدران.

*********

**لێرەدا دەڵێم:**

نەخشە داڕێژرابوو بۆ کودەتایەکی سەربازی بۆ رووخاندنی رژێمی عێراق کە لەلایەن حزبی بەعسەوە بەرێوە دەبراو ئێران ئاگاداری ئەو پیلانە بوو, بەڵکو دەستی تیایدا هەبوو و هاوبەشی تیادا کردبوو و بارزانیش ئاگاداری ئەو کودەتایە بوو, سەرەتا لەچەند دانیشتنێکدا کەبارزانی لەگەڵ ئەفسەرەکاندا ئەنجامی دا, بەڵێنیان بەبارزانی دابوو کەدوای سەرکەوتنی کودەتاکە, گەلی کوردیش لەدەستی ستەم رزگاری دەبێتو مافەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت. بەڵام دوای ماوەیەکی کورت بارزانی بۆی دەرکەوت کەئەوانە گزی دەکەنو لەبەڵێنەکانیان پاشگەز دەبنەوە, بارزانی لەرێگەی هەندێ کەسی باشەوە بۆی دەرکەوت, کەئەوانە وەکو حزبی بەعسن, تەنانەت ئەوانە بەعسیان بەوە تاوانبار دەکرد

کەهەندێ مافی رواڵەتی بەکورد دابوو. ئەمەیش کاری کردە سەر بارزانی و بزاڤی کورد بۆ ئەوەی لەو هاوپەیمانییە گومان لێکراوە پاشگەز ببنەوە کەزیان بەبەرژەوەندیی کوردو بزوتنەوەکەی دەگەیەنێت, بۆیە کوردەکان ئەو پیلانەیان بۆ بەعسیەکان درکاند, ئەوەبوو رژێم هەموو ئەوانەی لەناوبرد کەدەستیان لەو پیلانەدا هەبوو تەنانەت ئەوانەیش کەئاگاداری بوون و تەڕو وشکی پێکەوە سووتاند. بۆ ماوەیەك گومانیشی لەهەر کەسێك هەبوایە ئەوا لەناویان دەبرد. دوای روخانی رژێم و دوای ئەوەی ئەو دۆسیانە بەردەستی ئەمریکیەکان کەوت, ئەوا بەئاسانی دەتوانرێ پەردە لەسەر ئەو هەوڵی کودەتایە هەڵماڵدرێت و لەوە دڵنیا بن کەکورد نەك تەنیا دەستیان لەو پیلانەدا هەبوو, بەڵکو هەر ئەوانیش پەردەیان لەسەر هەڵماڵی و هۆکاری سەرەکی شکستی بوون.

## بەشی چواردەهەم ـ لاپەڕە (٢٢٥)
## دەستپێکردنی گفتوگۆ

مامۆستا عەزیز شەریف گەیشت و گوتی: ئەحمەد حەسەن بەکر چەند جارێك داوای لەمن کرد کەبکەومە بەینەوە لەنێوان ئەوان و ئێوەدا, بەهۆی پەیوەندیی توندوتۆڵمەوەو, گوتیان ئێمە ئێستا بەدوای رێگەی چارەی ئاشتیخوازانەدا دەگەڕێین (..) بۆ ئەم مەبەستە بارزانی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی جێبەجێکردندا کۆبووەوەو لەسەر ئەوە رێککەوتن کەدەست

بەگفتوگۆ بکەن (..)و بەر لەهاتنی شاندەکە, لەرۆژی ٨ ی کانونی یەکەمی ١٩٦٩دا, یەفگینی پریماکۆف هاتو نامەیەکی پێبوو لەسەرانی سۆڤێتەوەو ئەو دەرفەتە زێرینەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نرخاندبوو گوتی کەهەموو قورساییەك دەخاتە سەر بەغدا بۆ گەیشتن بەئاکامێکی باش (..) سەرۆکایەتی شاندەکە بەفەریق حەمادی شیهابی سەرۆکی ئەرکانی سوپا سپێردرا (..) گفتوگۆکان زۆر بەجددیو بەراشکاوی ئەنجام دەدراو, شاندەکەمان باسیان لەو هۆکارانە کرد کەبوونە هۆی شەڕو بەروونی بۆ شاندی رەسمییان ئاشکرا کرد, ئەگەر ئەوان بەراستی دەیانەوێت رێکبکەون, دەبێ هەموو ئەو جاشانە چەك بکەن کەبۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شۆڕشدا تەیار کرابوون, بەتایبەتی جاشی ٦٦.

حەمادی شیهاب بیروباوەری نابەجێی دەخستە روو. ئەگەر کارەکە بەدەست ئەو بوایە, ئەوا دەرگای گفتوگۆو دیالۆکێ دادەخستو کۆتایی بەهەموو شتێك دەهێنا, بەڵام عەبدولخالق سامەڕائی لەکاتی گونجاودا بەرپەرچی دایەوەو توانی دۆخە کەئارام بکاتەوە (..) مشتومڕی زۆر دەربارەی ئۆتۆنۆمی کرا (..) سەبارەت بەهێزە سەربازییەکانو دووپاتمان کردەوە کەشەڕ لەگەڵ جاشی ٦٦دا (..).

برووسکەیەك لەهێزی کاوە ئەوەی رادەگەیاند کەژمارەیەك لەئاغاکانی میراودەلی چوونە ریزی جاشەکانی ٦٦و کاری

ئاژاوەگێڕی ئەنجام دەدەن لەناوچەکەدا وەکو ڕێگری لەچەند شوێنێکی ئەودیو قەڵادزێ (..)و هەوادارایی ئاغاکانی میراودەلی لەدوژمنانی شۆڕش, پرسیار دەورووژێنێت‌و سەرچاوەی سەرسووڕمانێکی گشتی بوو لەلایەن هەموو تاقمەکانەوە, بەتایبەتی هەڵبژاردنی خراپترین کات سەبارەت بەجاشی ٦٦ کاتێ پەرتەوازەبوون‌و ئاغاکانی میراودەلی بەدرێژایی شۆڕش لەپەیوەندییەکانیاندا بەسڵەوە دەجولێنەوە (..) لەو کاتەدا کەهێزی دوژمنانی شۆڕش بەرەو کزبوون دەڕۆیشتن.

**********

## شاندی شۆڕش بەرەو بەغدا دەچێت ـ لاپەڕە (٢٣٤)

### هاتنی سەدام بۆ ناوپردان

لە٤ی کانونی دووەمی ١٩٧٠دا, کۆبوونەوەیەکی فراوانی هەردوو سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش سازکرا, بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی دیالۆگ لەگەڵ ڕژێمدا (..).

بارزانی پێشوازیی لەسەدام‌و یاوەرانی کردو سەدام بەم جۆرە کەوتە دوان:

هاتووم بۆ ئەوەی گوێ لەسکاڵاکانی باوکی ئیدریس (واتە بارزانی) بگرم‌و,, ئەویش گوێ لەسکاڵاکانی من بگرێت. من هاتووم بۆ ئەوەی لەگەڵیدا ڕێکەوتننامەیەك مۆر بکەم, نەك تەنیا بۆ ئاگربەست وەکو ئەوەی کەپێشتر ئەنجام دەدرا. دوایی داوای کرد

دوو بەدوو دانیشن. ئەویش رازی بووو هەردووکیان بۆ ماوەی ٣ سەعات پێکەوە گفتوگۆیان کرد.

دوای ئەوە بارزانی هەندێ وتەی دووبارە کردەوە: سەدام داوای لێکردم هاوکاریی بکەم تاوەکو پێگەی خۆی بەهێز بکات لەناو سەرکردایەتییانداو ئەویش ئامادەیە لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی کێشەی کورد چارەسەری بکاتو بەڵێنی دا چەك لەهەموو چڵکاوخۆرەکان, بەبێ جیاوازی بسەنێتەوەو داوای لێکردین زیان لەچڵکاوخۆرەکان بدەین دوای چەك کردنیان.

ئەمە ئەو هێڵە بنچینەییە پانو بەرینانەیە کەرێکەوتننامەی ١١ی ئاداری لەسەر بونیات نرا. لەرۆژی ١٢ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠دا, سەدام گەڕایەوە بۆ بەغدا (..)و گفتوگۆکان گەیشتە قۆناغێکی نوێو ترسناکەوە. باڵیۆزی شورەوی (ڤیدۆتۆف) بەوردیو لەنزیکەوە ئاگاداری دانوستانەکان بوو (..) عەزیز محەمەدی سکرتێری حزبی شیوعی نامەیەکی بۆ بارزانی نارد کەتیایدا هاتبوو: ئێمە نامانەوێت رەتکردنەوەی رژێم بۆ ئەوەی بەشداری لەدانوستانەکاندا بکەین, ببێتە هۆی دروستبوونی کێشەیەك لەنێوان ئێوەو ئەواندا.

**********

**منیش لێرەدا دەڵێم:**

سەرانی حزبی بەعس بیریان لەچارەسەرکردنی کێشەی کورد بەئاشتی کردەوە, بۆیە بەنهێنی کەسێکی لەگەڵ شاندی یەکێتی

قوتابیاندا ناردو سەردانی بارەگای بارزانی کردو هەندێ پێشنیاری خستە روو بۆ هاندانی بارزانی بۆ سەر لەنوێ دەسپێکردنی دانوستان. ئاگاداری کردنەوە کەرژێمی عێراق ئامادەیە هەموو ئەو داواکارییانە جێبەجێ بکات کەبارزانی لە٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ پێشکەشی کردو هەر ئەمە هانی بارزانی دا بکەوێتە گفتوگۆوە لەگەڵ رژێمی عێراقداو نەرمی پێشان بدات بۆ ئەوەی بەنهێنی نوێنەری بنێرێت. کەنەزانرا کێیە, تا ئەوەی چاوی بەبارزانی کەوت, کەئەویش مامۆستا عەزیز شەریف بوو کەدواتر روونی کردەوە. کە لەدەرەوەی وڵات دەژیاو لەسەر داوای سەرەك کۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر گەڕایەوە, بۆ ئەوەی سەرکردایەتی ئەو شاندە بکات بۆ رێکەوتن لەگەڵ بارزانی بەنوێنەرایەتی حکومەت کەنەرمی پیشان دابوو, بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی کوردو گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کەئەم کێشەیە, تەنیا لەرێگەی گفتوگۆو لەیەك تێگەیشتنەوە چارەسەر دەکرێت, هەروەها ئاگاداری بارزانی کردەوە, کەشاندێك لەئاستێکی بەرزدا دەگەنە بارەگاکەی, سەبارەت بەو مەسەلەیەو لەو کاتەدا سەرانی حزبی بەعس بڕیاریان دا کەئەو شاندە دەسەڵاتیان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. دوای باسو خواسو گفتوگۆی چڕوپڕ شاندەکە گەڕایەوە بۆ بەغدا, بۆ ئەوەی شاندێکی کوردی سەردانی بەغدا بکات. لەسێهەم کۆبوونەوەدا حەماد شیهاب سەرکردایەتی دانیشتنەکانی کرد کەپۆستی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقی

لەئەستۆدا بوو, بۆ ئەوەی سەردانی بارزانی بکات لەبارەگاکەی خۆی لەگەلالە.

بەڵام بارزانی سەرزەنشتی لیژنەکەی کرد, بەتایبەتی سەرۆکەکەی کەحەماد شیهاب بوو, ئەوسا سەدام حوسێن (جێگری سەرەك کۆمار) هەستی بەوە کرد کەرووداوەکان بەئاقارێکی ترسناکدا دەڕۆن, بۆیە بڕیاریدا بۆ خۆی سەردانی کوردستان بکاتو چاوی بەبارزانی بکەوێت.

خوێنەری هێژا, لێرەداو لەبەر ئەوەی پەیوەندی راستەوخۆم بەدامودەزگاکانی ئەمنی دەوڵەتەوە هەبووەو چاوم بەسیاسەتمەداران‌و سەرانی حزب بەعس دەکەوت, دەمەوێت رۆڵی سەرانی کورد, سەبارەت بەم مەسەلەیە روون بکەمەوە, هەموو رۆڵی سەدام حوسێن‌و, هیوادارم رۆژێك بێت کەودروترینی ئەو زانیارییانە روون بکرێتەوە کە بەسەرمدا تێپەریون, یان ئەوەی کەمن ئاگاداری نیم‌و, ئەو بەڵگەنامانەی کەراستیی مەسەلەکان دەخاتە روو, بۆ ئەو کەسانەی بەدوای زانینی راستیەکاندا دەگەڕێن. لێرەدا ئەو خاڵانە کورت دەکەمەوە, بۆ ئەوەی بتوانم بەرچاو رۆشنی بۆ خوێنەری هێژا بڕەخسێنم.

١. (روسیا نەخشەداڕێژەرو زەمینە خۆشکەری ئەم پرۆژەیە بوو بەشێوەیەکی راستەوخۆ, ئەوە بوو داوای لەحکومەتی عێراقی کرد گفتوگۆ لەگەڵ بارزانیدا بکات لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەی کوردو, مەرجی ئەوەی دانا کەحزبی شیوعی رۆڵی کاریگەری تیادا

ببینێت و لەو مەسەلەیەدا بکەوێتە بەینەوە) مەبەست لەم جموجوڵە ئەوەیە کەئەم بەرنامەو پرۆژەیە, لەپێشەوە کاری بۆ کرابوو, لەسەر داوای روسیاو دەزگای (ك. ج. ب) . کاتێ شاندی حزبی شیوعی چاوی بەبارزانی کەوت و ئامۆژگاری ئەوتۆی دەخستەروو کەخزمەتی بەبەرژەوەندیی روسیا لەعێراقدا دەکرد. بۆ نموونە دەیانگوت: بەرێز بارزانی, پێویستییەکانیان بۆ تاوتۆی بکەین کەلەبەرژەوەندیی کوردەکانەو, بەتایبەتی لەبەرژەوەندیی خۆتدایە, بۆیە نابێ گوێ لەبەڵێن و گفتی ئێرانییەکان بگرێت, ئەو کودەتایەی ئێرانییەکان زەمینەی بۆ خۆش دەکەن و ئەمریکییەکان نەخشەی بۆ دادەڕێژن, زیان بەبەرژەوەندییەکانت دەگەیەنێت, وێرای ئەوەی تاقمەکەی جەلال تاڵەبانی لەگەشەکردندان و رەنگە لەدواڕۆژەدا, مەترسیی لەسەر بەرژەوەندییەکانتان دروست بکەن.. بۆیە پێویستە بۆ رێگەگرتن لەپەرەسەندنی هێزەکەی تاڵەبانی و بۆ ئەوەی دەستکەوتی گەورە بەدەست نەهێنن, دەبێ ئەم رێکەوتنە بەئەنجام بگات و بەزووترین کات.. لەلایەکی دیکەوە, چاویان بەسەرانی بەعس واتە ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدام حوسێن دەکەوت, ئەوانیش ئاگاداریان دەکردنەوە, کەسوودەوەرنەگرتن لەم رێکەوتنە ئاکامی باشی نابێت. ئەمەو (ك. ج. ب) زانیاری تەواوی لەسەر ئەو نەخشە هاوبەشەی نێوان ئەمریکاو ئێران هەبوو, بۆ ئەوەی کودەتا لەسەر کودەتا ئەنجام بدرێت و, بەبەردەوامی کەسانێکیان لەناوەوە شك دەبرد یارمەتییان بدەن و

بەپێی ئاراستەکارییەکانی ئەوان دژی بەرژەوەندیی حکومەتی عێراق کاربکەن.. وایان بۆ هەردوولا دەردەبڕی کەئەوان کاری خێریان بەدەستەوەیە, نییەتیان پاکە.

٢- (هێشتا سەدام بەتەواوی دەسەڵاتی کۆنترۆڵ نەکردبوو, تەنیا ٦٠٪ی دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو و ئەحمەد حەسەن بەکر تەنیا پاڵپشتی بوو, رۆژانە بۆ چەند سەعاتێك گوێی لێدەگرتو ١٠٠٪ پشتگیریی لەراو بۆچوونەکانی دەکرد, بەڵام کاتێ پشتی تێدەکرد بەتەواوی دەگۆڕا, خزمانی بەکر کاریگەریی زۆریان لەسەری هەبوو, بەڵام هێندەیش سەدامیان خۆش نەدەویست. هەروەها زۆربەی سەرکردە سەربازیو سیاسییە بەعسەکان ئاگاداری بەکریان دەکردەوە کەدەسەڵاتی زۆر بەسەدام نەدات, کەرەنگە لەداهاتوودا مەترسی لەسەر گیانی پێکبێهنێت, هەروەها ئاگاداریان دەکردەوە هێندە ملکەچی ئەو نەخشەیەی روسیا نەبێتو کوردستان نەدات بەدەستی بارزانییەوە کەکەسایەتییەکی تەموومژاوییە وێرای ئەوەی زۆرینەی کوردی لەگەڵدا نییە. تاقمەکەی تاڵەبانی لەناو گەلی کوردستاندا لایەنگری زۆریان هەیە, جگە لەمە لایەنە عەرەبییەکان نابێ بەکر ئەوان پشتی گوێ بخات بەڵکۆ بەهێند وەریان بگرێتو پێدەچێت لەناو وڵاتدا پەرەبسێننو مەترسیی لەسەر بەرژوەوەندیی بەعسو عەرەب لەعێراقدا دروست بکەن.

٣ـ ( سەدام حوسێنی جێگری سەرەك كۆماریی عێراق, لەو سەردەمەدا زەمینەی بۆ ئەوە خۆش دەكرد دەست بەسەر تەختی عێراقدا بگرێتو, مەبەستی لەسەر خستنی ئەركی ئاشتبوونەوەی نێوان بەعسو بارزانی ئەوەبوو متانەی ٨٠٪ی خەڵكی كوردستان بەدەستبهێت بەوەی هەندێ لەو مافانەیان پێ ببەخشێت كەداوایان دەكردو بەلێهاتوویی خۆی توانی پشتگیریی سیاسەتمەدارە بەعسیەكانو سەركردەكانی بەدەست بهێنێت, هەروەها بۆ لاوازكردنی تاقمەكەی تاڵەبانی كە بەبەردەوامی نیگەرانی كردبوو هەوڵی دەدا رێگە لەپەرەسەندیان بگرێتو لەبەردەم رای گشتیدا, بەتایبەتی بەرپرسە گەورەكانی عەرەبو بەعسدا ناویان بزرێنێت, لێرەدا لایەنێكی مەزەندەكراو هەیە, لەرادەی پەیوەندیی ئەوەوە بە (ك.ج.ب)و كاركردنی لەپێناوی بەرژەوەندی ئەواندا, بۆیە بڕیاریدا سەردانی كوردستان بكاتو چاوی بەبارزانی بكەوێتو بەجددی هەوڵ بدات بۆ سەرخستنی پرۆژەی ئاشتبوونەوەو رێكەوتنو بۆ هەموانی بسەلمێنێت كەئەو كێشەی كوردەكانی چارەسەركرد, كەماوەیی ٧٠ ساڵ درێژەی كێشا, بەبێ ئەوەی كەسێكی دیكە بتوانێت چارەسەری بكات. بەمەش دەستكەوتێكی مەزن بەدەست دەهێنێتو بەنیازی خۆی دەگاتومتانەی هەموان بەدەست دەهێنێت, دوای ئەوەی بۆی دەركەوت كەئەو خاوەنی ئەقڵێكیوەهایە بتوانێت بەرژەوەندییەكانی خۆی دەستەبەر بكات.

٤ . (مەلا مستەفای بارزانیش,وەکو سەدام حوسێن دەیویست دەست بەسەر کوردستاندا بگرێت) پێی وابوو ئەم رێکەوتنە لەگەڵ بەعسیەکانو قەناعەت پێکردنی سەدام کەئەو لەپێشترەو هەموو کێشەکانی بۆ چارەسەر دەکاتو هەموو ئەستەنگەکان لەبەردەمیدا رادەماڵێتو ئەو بتوانێت وەکو تاکەکەس دەست بەسەر کودستاندا بگرێت, کەهەردەم نیگەرانی بوو, چونکە پێی وابوو کەجەلال تاڵەبانی خۆیو هەوادارانی خاوەنی ئایدیۆلۆژیو بیری یەکالاکەرەوەو ریشەیین, ئەمەو وێرای ئەوەی کەزۆربەی خێڵو سیاسەتمەدارە نەیارەکانی, پشتگیری لەتاڵەبانی دەکەن, دوای لاوازکردنی تاڵەبانی ئیتر کەس نامێنێت لەبەر رێگایداو کۆنترۆڵی کوردستان دەکات, بۆیە ئەویش سەرکەوتنی ئەو رێکەوتننامەیەی بەباشترین رێگە دەزانێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیو هەر کارێکی دەکرد لەپێناوی سەرخستنیدا.

**پەیوەندیی دووقۆڵی نێوان سەدامو بارزانی:**

سەرتا دوو بابەت لەمێشکی بارزانیدا بوو, یەکەم: چەککردنی تاقمەکەی تاڵەبانیو رێگەگرتن لەجموجوڵیانو دواتر نەهێشتنی نۆرێنیان, دووەم: کۆنترۆڵکردنی هەموو کوردستان.

بەلام دوای ئەوەی چاوی بەسەدام حوسێن کەوتو بۆی دەرکەوت کەلاوازە لەوەی بتوانێت دەسەلات لەعێراقدا بەدەستەوە بگرێت, لەرێگەی ئەو زانیارییانەی لەلایەن دراودەستەکەیەوە پێی

دەگەیشت لەبەغدا, هەروەها دوای ئەوەی لەگەڵی دانیشتو لەو ڕاستییە دڵینابوو, ئەوەبوو داوای دوو خاڵی دیکەیشی کرد:

**یەکەم:** داننان بەوەی کەرکوك بەشێکە لەکوردستانو بخرێتە ناو چوارچێوەی ئیدارەی کوردییەوە.

**دووەم:** بەخشینی پۆستی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق بۆ چوار کەسایەتییە بەرچاوەکەی ناو حزبی بارزانی. بەڵام دوای ئەوەی دوو بەدوو پێکەوە دانیشتن, سەدام حوسێن توانی قەناعەت بەبارزانی بکات دەست لەو دوو خاڵەی دوایی هەڵبگرێت بەوەی کەئەم ڕێکەوتنە, بەرژەوەندیی هەردووکیان دەپارێزێتو بەو سەرکەوتنە, سەدام کۆنترۆڵی دەسەلأت لەعێراقدا دەکاتو بارزانیش بەمرازی خۆی دەگات بە لەناوبردنی تاقمی تاڵەبانیو کۆنترۆڵکردنی کوردستان, سەدام بەڵێنی بەبارزانی دا, ئەگەر چاوپۆشی لەکەرکوكو ئەندام بوون لەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کرد, ئەوا تاقمەکەی تاڵەبانی لەناو دەباتو کوردستان دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ئەوەوە.

خوێنەری هێژا, دوای ڕووخانی سەدامو ڕژێمەکەی, ڕۆژێك دێت مێژوو ناوی ئەو کەسە تۆمار بکات, کەچاونەترسانە ئەم ڕاستییانە بڵاوبکاتەوە, بەشێوەیەکی وردترو فراوانترو ڕۆشنبیری کورد ئاگاداری ڕاستیی مێژووەکەیو پاکی سەرکردەکانی بێت, بۆ نموونە هەندێ لەو سەرکردانەی پشتگیرییان لەبارزانی دەکرد, ڕۆڵی گەورەتریان هەبوو لەڕازیکردنی بارزانی بۆ ئەوەی لەگەڵ

سەدام حوسێندا ڕێکبکەوێت. هەموومان ئەوە دەزانین کەچی بەسەر کوردستاندا هات کاتێ بارزانی کۆنترۆڵی کردو چۆن پەیوەندییە گومانلێکراوەکانی کەنەك هەر دۆڕاندی, بەڵکۆ لەئاکامیدا ناچاربوو, هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد رابگەیەنێت, دوای ئەوەی بۆ ئێران هەڵهات و چارەنوسی گەلی کوردستانی خستە بەر بەزەیی سەدام حوسێنەوە.

**********

## گەشتی بارزانی بۆ تاران ـ لاپەڕە ( ٢٣٦ )

شێخ باباعەلی شێخ محمود لەدەرەوە هات و نامەیەکی گرنگی پێبوو بۆ بارزانی لەشای ئێرانەوە, تیایدا هاتبوو کەحکومەتەکەی شا ئامادەیە هەر داخوازییەکی بارزانی جێبەجێ بکات و ئامادەیە هەر یارمەتییەك کەداوای دەکات بۆی دەستەبەر بکات, بەمەرجێ رێکەوتنامە لەگەڵ حکومەتی بەغدادا مۆر نەکات, هەروەها داوای لێکرد سەردانی تاران بکات و ئەوەیشی پێ راگەیاند کەئەم داوایە, لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایشەوە پشتگیری دەکرێت.

لەرۆژی ١٥ی کانونی دووەمدا بارزانی و شێخ باباعەلی سەردانی تارانیان کرد (٥) پێنج رۆژی دواتر شا بەگەرمی پێشوازیی لێکردو کۆمەڵێ بەڵێنی بەناوی خۆی و بەناوی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پێدا, بەمەرجێ ئەو رێکەوتننامەی مۆر نەکات, چونکە بەرژەوەندیی روسیای تیادایە و دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ

بۆ بەهێزکردنی پێگەی حزبی بەعس‌و، نییەتی راستی خۆی دووپاتکردەوە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی شۆڕش‌و تەنانەت ئەگەر پێویستیشی کرد ئەوا راستەوخۆ بەرگری لێدەکات. بارزانی لەوەڵامدا گوتی:

یەکەم: ئامانجی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە لەعێراقدا رازی بوو بەوەی ئۆتۆنۆمی بەکوردستان بدات ومنیش رەتمکردرەوە، ئەوسا دەبێت (..) لەکاتێکدا ئێمە بەخۆفرۆش تاوانبار دەکرێن.

شێخ بابەعەلی پشتگیریی لەبۆچوونەکەی بارزانی کردو بەهاندانەوە گوتی:

لەهەر کارێکدا بینیم خێری گەلی کوردی تیادایە، ئەنجامی دەدەم‌و گوتی رێگە بەکەسانی دیکە نادەم. بەڵام حزبی بەعس جێگەی متمانە نییەو ناکرێ متمانەی تەواوی پێ بکەیت.

نامە لەدوای نامە لەشاوە دەگەیشت بەدەستی بارزانی‌و، دوانامەی هەندێ هەڕەشە ئامێزبوو و لەتاراندا دڵیان بەپیلانەکەی عەبدولغەنی راوی خۆش بوو و بڕوایان وابوو کەسەر دەکەوێت.

**********

**منیش بەش بەحاڵی خۆم دەڵێم:**

بەرێز بابەعەلی کوڕی شێخ محمود مەلیکی کوردستان، بەحوکی ئەوەی لەبنەماڵەیەکی گەورەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی بەرزی هەبوو، پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ شای ئێراندا هەبوو،

لەهەمانکاتدا پەیوەندیی دۆستانەی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا هەبوو, بۆیە شا ئەوی دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی بینێرێت بۆ لای بارزانی بۆ ئەوەی لەرێگەی ئەوەوە چاوی پێی بکەوێتو گفتوگۆی لەگەڵدا بکات بۆ ئەوەی رێکەوتنامەکەی لەگەڵ سەدامدا هەڵبوەشێنێتەوە.

بابەعەلی متمانەی تەواوی بەخۆی هەبوو کەدەتوانێت کار لەسەر بارزانی بکات بۆ ئەوەی خواستەکەی شا جێبەجێ بکات, هەر ئەمە وای لەو کرد گفتی ئەوە بەشا بدات کەدەتوانێت هەڵوێستی بارزانی بگۆڕێت.

بارزانی رازی بوو بەوەی سەردانی تاران بکاتو چاوی بەشا بکەوێتو بابەعەلی لەگەڵ خۆیدا بباتو شا بەگەرمی پێشوازیی لێیان کردو, دوای بەخێرهاتنو هەندێ قسەوباس, شا داوای لەبارزانی کرد رێکەوتننامەکەی لەگەڵ سەدامدا هەڵبوەشێنێتەوە, لەبەرامبەریشدا, ئەو ئامادەیە پارەو چەکی بداتێو لەرووی سەربازییەوە پشتگیری بکاتو ئامادەیی خۆی دەربڕی کەتەنانەت ئەگەر پێویستی کرد, سەرباز رەوانەی کوردستان بکات, تاوەکو بەرگریی لێبکات.

دوای مشتومڕێکی زۆر بارزانی نیازی خۆی خستەروو, کە بەتەما نییە لەو رێکەوتننامەیە پاشەکشێ بکات کەلەگەڵ سەدامدا مۆری کردووە, مادامێك بەرژەوەندیی گەلی کوردستانو بەرژەوەندیی خودی خۆی تیادایە.

بەوەش بارزانی هەڵوێستی بابەعلی بەلای شاوە تووشی پەروایی کرد, هەر ئەوە وایکرد جارێکی دی بۆ هەتاهەتایە چاوی بەبارزانی نەکەوێتەوە. جارێکیان شەفیق ئەحمەد ئاغا ناسراو بەشەفیق لاین, لەلایەن بارزانییەوە سەردانی بابەعەلی کرد لەبەیروت, بۆ ئەوەی سەردانی بارزانی بکات لەکوردستان, بەڵام بابەعەلی ئەمە وەڵامی بوو کەخۆی بۆی گێڕامەوە: (ئەگەر هاتوو قولاپی ماسییان بەزۆر لەلووتم گیرکرد بۆ ئەوەی پەلکێشم بکەن بۆ لای, بەهەموو توانایەکی خۆمەوە ئەوە رەتدەکەمەوە).

*********

### سەرکەوتنی گەورە بەسەر جاشی ٦٦ ـ لاپەڕە ( ٢٣٧ )

لەسەروبەندی ئەو هاموشۆیەی نێوان شاندەکانو سەرقاڵ بوونی هەردوولاوە بەدانوستان, سەرکردایەتی شۆڕش نەخشەیەکی سەربازیی گەورەی داڕشت بۆ پاککردنەوەی ئەو شوێنانەی بەدەستی جاشی ٦٦ مابوونەوە, کەپێشتر ئاماژەمان پێکردو ناوچەکانی گەرمیانو قەرەداغو شوانو شێخ بزێنیو دۆڵی خەلەکانی دەگرتەوە. مەکتەبی سیاسی لەناوپردان کۆبووەوە کەئەندامانی لیژنەی مەرکەزیو بارەگای بارزانیشی گرتەوەو, نەخشەیەکیان داڕشت بۆ پاککردنەوەی ئەو شوێنانە. راوبۆچوونی زۆرینە ئەوەبوو, کەئەوە دەرفەتێکە نابێ لەدەست بدرێت, چونکە لەکاتی دانوستاندا, سوپا نایەت بەهانایانەوەو بەتەنیا لەگۆڕەپانەکەدا دەمێننەوەو, ئاگربڕیان لەگەڵ سوپا, نەک

جاشەکانی ٦٦دا ڕاگەیاند (..)و بارزانی فەرمانی دا دەست بەکاربن‌و لەشەوی ٢٤/٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٧٠دا نەخشەکە جێبەجێ کرا (..) سەعات ١١ی شەو هێرش دەستی پێکردو لەهەموو بەرەکاندا پێشمەرگە خۆیان لەوە پاراست کەڕووبەڕووی سوپا ببنەوەو, ئەگەر جاشی ٦٦ پەنای بردە بەر سەربازگەکان, ئەوا پێویستە لەسەر پێشمەرگە بکشێتەوەو ڕووبەڕوویان نەبنەوە. لەڕۆژی دواتر (٢٥) هێرشەکە بەردەوام بووو بەتەواوی بەرگریکردن نەماو زیاتر لە(١٤٠٠) کەسیان بەدیل گیراو ژمارەیەکی زۆریش کوژرا یان بریندار کرا. هەروەها زۆربەی سەرکردەکانی پەنایان بردە بەر سەربازگەکانی سوپاو, عەلی عەسکەری برووسکەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسی نارد, بەشێوەی ئەم پەرەگرافە:

(قوربانی زۆرمان دا, لەپێناوی پشتگیریی کردن لەهێزەکانی حکومەت‌و ئەوانیش ئێستا دەماندەن بەدەم گورگەوە. ئەو هەڵوێستە چارەسەر بکەن, خەریکە کار لەکار دەترازێت). ڕۆژی ٢٦ی ئەو مانگە هەموو بەپێی نەخشەی داڕێژراو کۆتایی هات‌و هەموو ناوچەکانی ڕزگارکران‌و تەنانەت یەك جاش چییە نەما (..)و ئیتر جاشەکان ناویان لەکولەکەی تەڕیشدا نەما.

**********

**لێرەدا من دەڵێم:**

**(بەمۆرکردنی ڕێکەوتننامەکە لەنێوان حزبی بەعسی دەسەڵاتدار لەعێراق و مەلا مستەفا بارزانی دەرفەتێکی باش بۆ مەلا مستەفا رەخسا تاوەکو تاقمەکەی جەلال تاڵەبانی لەناو ببات. هەموو هێزی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەو مەبەستەو رژێمیش بێ لایەن مایەوەو نەك هەر خۆی تێ هەڵنەقورتان، بەڵکو گوێی خۆی لێخەواند، تاوەکو دەرفەتی ئەوە بڕەخسێت لەدوژمنی هەردوولا، باڵی مەکتەبی سیاسی رزگار ببێت).**

**نسکۆیەکی گەورە بوو بۆ تاقمەکەی جەلال تاڵەبانی و زیانی زۆری بەوان گەیاند لەهەموو روویەکەوە، سەبارەت بەم بابەتە، بەدرێژیی لەبەرگی سێهەمی کتێبی (کورد دوژمنی خۆت بناسە)، ئاماژەم بەوە کردووە کەچۆن بەر لەبەیانی ١١ی ئادار، دانیشتنێکی فراوان لەنێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و هەندێ لەسەرانی بەعس لەماڵی من لەبەغدا ئەنجام دراو، چۆن بەعسیەکان لەکاتی خۆیدا بڕیاریاندا کەئەگەر ڕێکەوتن لەنێوانیان و نێوان بارزانیدا رووی دا، ئەوا ئێوەش لایەنێکی سەرەکی دەبن لەو ڕێکەوتنە..**

## بەشی پانزەهەم ـ لاپەڕە (٢٤١)
## ڕێکەوتننامەی ١١ی ئادار
## ئاڵوگۆڕێك لەنێوان بارزانی و کەسی سەدام حوسێندا

چارەسەرێکی عادیلانەی کێشەی کوردو سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی و بۆ شۆڕش و حزب. هیچ کەموکوڕی تیادا نەبوو, بەڵام لەکاتی جێبەجێ کردندا لەسەر ڕێبازی خۆی لابرا. دیارە ئەو لابردنە دەگەڕێتەوە بۆ هەردوولا, ئێمەو حکومەت (..) سەعات ٨ی ئێوارەی هەمان ڕۆژی (١١)ی ئادار سەرەك کۆمار دەقی ڕێکەوتننامەکەی لەتەلەفزیۆن و ڕادیۆدا خوێندەوەو لەگەڵ خوێندنەوەی ڕێکەوتننامەکەدا, خۆشی لەناو بەغدادا بڵاوبووەوەو, عەرەب و کورد لەبەغدا ڕژانە سەر شەقامەکان.

لەمەیدانی (التحرير) بەیانی ڕۆژی ١٢ ئادار جەماوەر کۆبوونەوە بەعەرەب و کوردو مەسیحی و تورکمان و هەر هەموویان لەحاڵەتێکی وروژاندا بوون. هەروەها بروسکەی زۆر ئاراستەی شاندی کورد کراو لەوانە بووسکەی سەرۆکی شورەوی و هەر بەو بۆنەوە ژمارەیەکی زۆر لەباڵیۆزەکانی بەغدا بەو بۆنەیەوە سەردانی شاندەکەیان کرد (..) جەمال عەبدولناسر برووسکەی پیرۆزبایی بەو بۆنەیەوە نەنارد, دکتۆر مەحمود عوسمان بەناوی شاندەکەوە داوای کرد کەسەرۆکی میسر برووسکە بنێرێت و ئەوەبوو باڵیۆزی

میسر بەپەشۆکاوی هات‌و برووسکەکەی بەدەستەوە بوو گوتی: بەخوا ئەمە لەبەرخاتری ئێوەیە (..).

بەکرو سەدام‌و چەند ئەندامێکی دیکەی بەعس جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد ئیدریس ببێت بەجێگری سەرەك کۆمار, بەڵام باوکی رازی نەبوو کەیەکێك لەکوڕەکانی هیچ پۆستێك وەربگرن, ئەوەبوو حەبیب محەمەد کەریمی دەستنیشان کرد, بەڵام حکومەت رەتیکردەوە, بەبیانووی بەرچەڵەك ئێرانییەو ئەو پۆستە هەروا مایەوە تا ساڵی ١٩٧٤, دوای ئەوەی شەڕ دەستیپێکردەوە, تەها محیەدین لەو پۆستەدا دانرا (..) دواتر لیژنەیەکی هاوبەش بەناوی لیژنەی ئاشتی پێکهێنرا, بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕگەکانی بەیانی ١١ی ئادار (..) هەروەها پاشماوەی جاشەکان چەك کران بەکۆن‌و بەتازەوە (کەدواتر دەرکەوت ئەو کارە بەتەواوی ئەنجام نەدرابوو). ساڵێك رەت نەبوو کەناکۆکی‌و ململانێ دەستی پێکردو وردەوردە کەڵەکەبوو. لەقۆناغی یەکەمیدا, سێ رووداو روویان دا, یەکەمیان تاقمێکی سەر بەنەوشیروان مستەفا لەجاشی ٦٦ نارنجۆکێکیان فڕی دایە ناو قوتابخانەیەکی کچان لەشاری سلێمانی لە١٤ی ئاداری ١٩٧٠داو ئەنجامدەرەکەی دەستگیرو لەسێدارە دراو, نەوشیروان توانی خۆی دەرباز بکات‌و خۆی بگەیەنێتە نەمسا. دووەم, لەرۆژی نەورۆز ٢١ی ئاداری ١٩٧٠دا رووی دا, کاتێ جەماوەری بەغدا ئاهەنگیان دەگێڕا بەبۆنەی نەورۆزو جەژنی ئاشتیەوە, ئەوەبوو ئەمنەکان کادیرێکی چالاکی

حزبی شیوعی بەناوی محەمەد خزری رفاندو ئەشکەنجەیان داو تەرمەکەیان لە(صدر القناة) توڕدا. ئەم تاوانە ئاماژەیەکی خراپ بوو بۆ نیازە گڵاوەکانی رژێم بۆ ئەوەی تاوان بەرامبەر کەسانی دیکە ئەنجام بداتو رێکەوتننامەی ئادار بقۆزێتەوە, ئەوەبوو پارتی ناڕەزامەندی لەسەر ئەو رووداوە دەربڕی, بەڵام لەراستیدا هیچی بەرامبەریان نەکردبوو.

**********

**بەڵام من دەربارەی بەم بابەتە دەڵێم:**

ئەگەرچی من باسی هۆکانی مۆرکردنی ئەم رێکەوتننامەیە مێژووییەم کردووە لەبەرگەکانی کتێبی (کورد دوژمنی خۆت بناسە)دا, بەڵام دەمەوێت ئەوە وەبیری خوێنەران بهێنمەوەو هۆکانی شکستی ئەو رێکەوتننامەیە باس بکەمو بۆچی سەدام حوسێنو مەلا مستەفا هەوڵیان دا شکست بەو رێکەوتننامەیە بدەنو لەدژی یەکدی پیلان بگێڕن.

**خوێنەری هێژا**

پێشتر بارزانیو سەدام حوسێن پێکەوە لەناوپردان بۆ ماوەی سێ سەعات پێکەوە کۆبوونەوە. بەرزانی سوور بوو لەسەر خستنەرووی چوار پێشنیار کردی بەمەرج بۆ تەواوکردنی رێکەوتننامەکە:

١. شارەکانی خانەقین, کەرکوك, دوبز, ژەنگار, تەلەعفەر بکەونە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیەوە, چونکە ناوچەی کوردنشینن.

٢. چوار کورد بکرێن بەئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و لەلایەن خودی بارزانییەوە دەستنیشان بکرێن.

٣ـ مامەڵەو هاوکاریی لەگەل پارتیدا بکرێت بەسەرکردایەتی بارزانی بۆ تەواوکردنی ڕێکەوتننامەکە.

٤ . چەکدارەکانی تاڵەبانی چەك بکرێن‌و ڕێکخستنەکانیان هەڵبوەشێنرێتەوەو کاری ڕێکخستنی سیاسیان لێ قەدەغە بکرێت.

لەسەرەتای کۆبوونەوەکە, سەدام حوسێن سووربوو لەسەر جێبەجێ نەکردنی مەرجی چوارەمی بارزانی‌و گوتی ئەوان حزبێکی سیاسی ڕێکخراون‌و پەیوەندیی سیاسی گومان لێکراویان بەدەرەوە نییەو ترسی ئەوەیان لێ ناکرێت ئاسایشی وڵات بشێوێنن‌و پێگەی جەماوەریی فراونیان هەیەو پەیوەندیی توندوتۆڵیان بەسیاسەتمەدارە عەرەبەکانەوە هەیە لەناوەوەو لەدەرەوەی وڵات, ناکرێ پشت گوێیان بخەین, وێرای ئەوەی کاردانەوەیان ئێستا بەشێوەیەك نییە کەبەو جۆرە توندە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

بەڵام لەکۆتایی کۆبوونەوەکەداو لەبەر ئەوەی هەردوولا سووربوون لەسەر ئەوەی ڕێکبکەون ئەوەبوو بارزانی چاوپۆشی لەدوو مەرجی یەکەم‌و دووەم کرد, سەدامیش چاوپۆشی لەو مەرجەی خۆی کرد, کەبەرگریی لەتاقمی تاڵەبانی بکات‌و ڕەزامەندیی لەسەر ئەوە دەربڕی کەفەرمانێکی سەرۆکایەتی دەربچێت بۆ ڕاگرتنی یارمەتیی بۆ تاقمی تاڵەبانی لەڕووی

سەربازی‌و سیاسی‌و ماددییەوەو، بەیانێکی بۆ هێزە چەکدارەکان دەرکرد بۆ راگرتنی تەقە لەسەر تاقمەکەی بارزانی، هەروەها تیشکی سەوزی دا بەبارزانی بۆ ئەوەی بەچەك پەلاماری تاقمی تاڵەبانی بدات‌و نۆرێنیان کەم بکاتەوەو بوونی سەربازییان لەکوردستاندا کز بکات. ئەمە خاڵە سەرەکییەکانی ئەو رێکەوتننامەیە بوو کە لەنێوان سەدام‌و بارزانی مۆرکرا.

لە١٣ی کانونی دووەمیساڵی ١٩٧٠دا، سەدام گەڕایەوە بۆ بەغدا بەسەرکەوتوویی، بەوەی دەسکەوتی گەورەی بۆخۆی بەدەست هێناو زەمینەی بۆ خۆش بوو تاوەکو دەست بەسەر تەختی عێراقدا بگرێت.

بەڵام لەرۆژی ٧ی هەمان مانگدا، دکتۆر مەحمود عوسمان، نوری سدیق شاویس، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان، ساڵح یوسفی، نافیز جەلال، موحسین دزەیی‌و دارا توفیق سەردانی بەغدایان کرد بۆ وتووێژ لەسەر رێکەوتننامەکە لەگەڵ نوێنەرانی حزبی بەعسدا.

لەو کاتەدا کەشاندی بارزانی لەبەغدا بوو و درێژەی بەچاوپێکەوتن‌و گفتوگۆ دەدا، سەدام لەپڕ بڕیاری دا بۆخۆی بڕوات سەردانی بارزانی بکات بەسەرۆکایەتی شاندێك کەپێکهاتبوو لە: سەعدون غێدان، دکتۆر عزەت مستەفا، عەمید روکن ئیسماعیل تایە نعێمی‌و عەقید روکن تاریق توفیق‌و بەرزان تکریتی‌و سەباح میرزا. لە١٢ی کانونی دووەمی ١٩٧٠ بەرەو

ناوپردان بەڕێ کەوتن‌و دەبوا بارزانی دوو بەدوو، سێ سەعات لەگەڵیدا کۆبێتەوە. لەرۆژی دواتر لە١٣ی کانونی دووەمی ١٩٧٠دا، بەخۆشحاڵی گەڕایەوە بۆ بەغدا بەوەی لەو کۆبوونەوە نهێنییەدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، سەیر ئەوەیە ئەندامانی شاندی بارزانی لەبەغدا، ئاگاداری ئەو کۆبوونەوە دووقوڵییەی سەدام‌و بارزانی نەبوون تا ئەو کاتەی گەڕانەوە بۆ بارەگای بارزانی.

بڕگەکانی دووەم ڕێکەوتن جگە لەبارزانی‌و مەسعودو ئیدریس کەسی دیکە لەسەرانی پارتی ئاگاداری نین‌و لەلایەن حزبی بەعسیشەوە، تەنیا سەدام ئاگاداری ئەو نهێنییانەیە.

لە١٨ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠دا، بارزانی فرمانی بۆ هێزەکانی دەرکرد کەخۆیان لەقەرەی سوپای عێراق نەدەن‌و ئاگاداری کردنەوە کەتەقەیان لێنەکەن‌و خۆیان ئامادە بکەن بۆ پەلاماردانی بارەگاکانی تاڵەبانی، خاوەنی ڕێکەوتننامەی ١٩٦٦و هەوڵی جددی بدەن بۆ لەناو بردنیان بۆ هەتاهەتایە.

سەعاتی سفر لەشەوی ٢٣/ ٢٤ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ بوو، بەپێی نەخشەیەکی داڕێژراو پەلاماری بارەگاکانیان درا.

لەکاتی چاوپێکەوتنەکەی سەدام‌و بارزانییەوە، هەردووکیان دەست بەکاربوون بۆ جێبەجێ کردنی ئەوەی لەسەری ڕێکەوتن‌و پابەندبوونی بەرامبەر بەو گفتانەی بەیەکەمیان دا.

له١١/ ١٩٧٠/٣ دا بەیانی ڕێكەوتننامەكە بڵاوكرایەوە كەگەورەترین ڕووداو بوو لەمێژووی گەلی كورد لەدوای ڕووخاندنی كۆماری مەهابادەوەو خاڵێكی وەچەرخانی گەورە بوو سەبارەت بەخەڵكی كوردستان, كەئەمەیش بووە هۆی ئەوەی زیاتر لەیەك ملیۆن كەس بڕژێنە سەر شەقامەكانی بەغداو سەرهەڵدانی گەورەترین كۆبوونەوەو گلێربوونەوەی جەماوەر كەدروشمی بارزانیو برایەتیی كوردو عەرەبیان بەدەمدا دەهات.

هەموو رادیۆ ناوخۆییو جیهانییەكان باسیان لەو سەركەوتنەو لەو دەسكەوتە مەزنە دەكرد كەبۆ گەلی كوردستانو بەقارەمانێتی بارزانیو بەكرو سەدام بەدیهاتو, برووسكەی پیرۆزبایی رەوانەی بارەگای بارزانیو سەرۆكایەتی عیراق دەكرا كە لەسەرووی هەموویانەوە برووسكەی شورەوی بوو و دواتر بورسكەی حزبی شیوعی عیراقی, ئەوە بوو رادیۆكانی شورەوی كاتێكی زۆریان بۆ ئەوە تەرخان كردبوو باس لەو ڕێكەوتننامە مێژووییەو ئەو دەسكەوتە مەزنەی گەلی كوردستان بكەن. دیارە تای بارزانی لەو كاتەدا سەنگینتر بووو تەوژمێك بوو هەر كەسێكی رادەماڵی لەبەردەمیدا بوەستایە, ئەمەش وای لەجەلال تاڵەبانی كرد كەبۆ خۆی برووسكەی پیرۆزبایی لەبارەگاكەی لەبەكرەجۆوە لەنزیكی سلێمانی بنێرێتو هەروەها مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدیش كەئەوسا لەلەندەن بوو بۆ چارەسەركردن هەمان دەستپێشخەری بكات.

خوێنەری هێژا: لێرەدا داوای لێبوردنت لێدەکەم کەمافی ئەوە بەخۆم دەدەم باس لەم ڕێکەوتننامە شوومە بکەم, بارزانی و سەدام توانییان هەردوو گەلی کوردو عەرەب چەواشە بکەن لەعێراقدا, بەڵکو توانییان زۆربەی سیاسەتمەدارانی جیهان فریو بدەن و هەروەها حزبی شیوعی و شورەویش, ئەو ڕێکەوتانامەیە کە بەمەزن ناوبراو هەرگیز خزمەتی بەبەرژەوەندیی گەل نەدەکرد, بەڵکو خزمەتی بەبەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان دەکرد, ئەگەر بهاتایە لەسەر خزمەتی بەرژەوەندیی گەلی کوردو عەرەب ڕێکبکەوتنایە, ئەوا بۆ خۆیان مێژوویەکیان تۆمار دەکردو گەلی عێراقیان دە پاراست لەو نەهامەتییانەی بەهۆی دیکیاتۆریەتەوە بەسەر گەڵدا هێنایان و بەرژەوەندیی گشتیان پشت گوێ نەدەخست.

دەبوا کار بۆ عێراقی فیدرالی و دیموکراتی یەکگرتوو بکەن, بەکۆکردنەوەی هەموو لایەنە سیاسیەکانی وەکو بەعس, پارتی, حزبی شیوعی و باڵی مەکتەبی سیاسی (ئیبراهیم ئەحمەد), حزبی دیموکراتی و چەند حزبێکی عەرەبی دیکە کەکێشەی کورد کۆتایی پێدەهات و نەدەبوو بەگەمە بەدەستی وڵاتانی دەرودراوسێوە, بەڵام ویستی سەدام و بارزانی لەسەرووی هەموو ویستەکانەوە بوون, بەڵام ئاکامەکانی زۆرکەوت لەسەر گەلی کورد هەر لەهەرەسهێنانی شۆڕشەوە تا ئەنفال و بەبەعسی کردن و تەعریب و ڕاگواستن بۆمبارانی کیمیاوی و گرتن و بڕین و کوشتن.

لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کەئەم ڕێکەوتننامەیە بنەمایەك بوو بۆ نابوتکردنی عێراق بەخاكو بەگەلەوە.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵێك بەسەر مۆرکردنی ڕێکەوتننامەکەدا, سەدامو بارزانی هەر یەکە لەلای خۆیەوە نەخشەی داڕشت بۆ تێکدانی ڕێکەوتننامەکەو, لەساڵی (١٩٧١) دا دەستیان کرد بەتاوانبارکردنی یەکتری بەئاشکرا گوایا ڕێکەوتننامەکەیان شکاندووە.

لەساڵی (١٩٧٢) داو لەکاتێکدا من لەگەڵ مام جەلالو خێزانەکەیدا لەگەشتێکدا بووین بۆ کوێتو لەکاتێکدا لەڕێگادا باسی بارودۆخی عێراقو تێکچوونی پەیوەندی نێوان سەدامو بارزانیمان دەکرد, کەچۆن حکومەتی بەعس چالاکی سیاسیو سەربازی حزبەکەی نەهێشت, لەکاتێکدا ئێستا داوای لێدەکەن حزبێکی نوێ دابمەزرێنێتو, دەپرسن: بۆچی تاقمەکەی تاڵەبانی چوونە ریزی تاقمەکەی بارزانییەوەو هەروا بەئاسانی خۆیان بەدەستەوەدا ؟ لەم بارەوە تاڵەبانی بەمنی گوت (کاتێ لەگەڵ رووسەکاندا قسەم کرد, بەمنیان گوت: هۆی لەیەکتر حاڵی نەبوونمان بەهۆی ئەو وەرگێڕەوە بوو کە لەنێوانماندا کاری وەرگێرانی دەکردو بەجوانی قسەکانی ئێمەی وەرنەگێڕا, داخوازیی ئێمە ئەوە بوو حزب بۆ تۆ دابمزرێتو تەنانەت سیاسەتمەدارە عەرەبەکانو سەرانی بەعسیش داوای ئەوەیان لەمن کرد, بەڵام من رازی نەبووم کەشتێك دابمەزرێنم هیوای گەل

بڕوخێنێتو بەڵگەیش بۆ ڕاستی قسەکانم, ئەو نامەیەیە کەناردم بۆ برادەران لەرۆژی ٢٢/ ٦/ ١٩٧٢ دا کەبەم دواییە مەسعود بازرانی لەپاشکۆی کتێبەکەیدا ژمارە (٤٠) لاپەڕە (٥٨٨) بڵاوی کردەوە.

## پاشکۆی ژمارە (٤٠)
## نامەکەی جەلال تاڵەبانی

**بەغدا ٢٢/ ٦/ ١٩٧٢**

**برادەرانی هێژا**

**سلاوێکی گەرم**

کامەرانیو سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

بەرلەماوەیەك, نامەیەکم بۆ ناردن کەکاك حەبیب بیگەیەنێت, بەڵام گەڕایەوە بۆ بەغداو نامەکەم بۆ گەڕایەوە, منیش جارێکی دی بەکوردی بۆم نووسینەوە.

کاتێ گەیشتمە بەغدا, بەگەرمی لەلایەن حکومەتو شیوعییەکانو رووسەوە پێشوزایم لێکرا, ئەوە بوو نوێنەری هەر سێ لایەنەکە سەردانیان کردم. ئەگەرچی شێوازەکانیان جیاوازبوو, بەڵام ئامانجیان یەك بوو کەئەویش ئەوەبوو هانیان دەداین یەکگرتنمان هەڵبوەشێنینەوەو حزبێکی پێشکەوتنخوزای کوردی دابمەزرێنین, بۆ ئەم مەبەستەیش هانیان دەداینو بەڵێنی زۆریان دەدا, هەر لەپشتگیرییەوە تا بەدەستهێنانی

ئۆتۆنومی.منیش لەلای خۆمەوە, هانی شیوعییەکانو رووسەکانم دا بەردەوام بن لەپشتگیریی کردن لەبارزانیو پشتی بەرنەدەنو شاندێك بەدەسەڵاتەوە بنێرنو گەرەنتی بەبارزانی بدەن کەپەیماننامەی رووسو بەغدا لەدژی کورد نییەو, هەروەها ئۆتۆنۆمی بۆ کورد کەکەرکوك بگرێتەوەو لەرووی مادییەوە یارمەتی بارزانی بدرێت.

لەسەر داوای عامر عەبدوڵلا, بەکوردی نامەیەکم, نوسی بەم ناوەڕۆکە بۆ عەزیز مەحمود لەمۆسکۆ, دواتر بیستم کەوەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبیو باڵیۆزخانە ناردوویەتی بۆ مۆسکۆ.

گفتوگۆی زۆرم لەگەڵ رووسەکاندا کردو هەڵم دا حاڵییان بکەم کەبارزانی دۆستی ئەوانەو دۆستایەتییان لەگەڵ ئەو لەگەڵ گەلی کورد, پێگەیان لەعێراقدا بەهێز دەکاتو, ئەوە هۆکاری راستەقینەیە بۆ نزیکبوونەوەی حکومەتی بەغدا لەوان, بۆیە نابێ دەستبەرداری بارزانی ببن.

١. حکومەتی روسیاو شیوعییەکان بەنیازن هاوپەیمانییەك لەدژی بارزانی لەژێر ناوی حزب یان رێکخراو یان هەر شتێکی دیکە.

٢ـ دکتۆر موراد سەردانی کردمو داوای لێکردم حزبێك دابمەزرێنمو بەڵێنی دا کەروسیاو شیوعیەکان یارمەتیم بدەنو, ئۆتۆنۆمیشیان بدەنێ بەکەرکوکەوە, کەئامادەنین کەرکوك

بەبارزانی بدەن. گوتی روسیاو حکومەتو شیوعییەکان یارمەتیم دەدەنو خەلێکی زۆر ئامادەن بێنە ریزەکانمانەوە چ لەناو پارتی یان لەدەرەوەی پارتی.

٣. تاقمێك لەکوردە بێ لایەنەکانی وەکو حەمزە عەبدوڵلاو نەژادو خەسرەو سالح حەیدەری کەخۆیان بەپێشکەوتنخواز دەزانن هەروەها کاك دارا توفیق چەند جارێك سەردانیان کردمو سەردانم کردنو برەویان بەبیرۆکەی حزب یان کۆمەڵەیەکی کوردی پێشکەوتنخواز لەناو بەرەدا دەدا. بۆ ئەوانم روون کردەوە کەئەم ئاراستەیە سەرکەوتوو نابێت, چونکە چەندین ئەزموونی دیکەی لەو جۆرە هەیە کەشکستیان هێناوە.

ئەوان لەوەڵامدا گوتیان, سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت ئەگەر سێ مەرجی تیادا بێت:

أ ـ پاڵپشتی روسیاو گوتیان ئەوەیش رەخساوە.

ب ـ پاڵپشتی حزبی شوعیو حزبی شۆڕشگێڕی پێشڕو گوتیان ئەوەیش رەخساوە.

ج ـ بەخشینی ئۆتۆنۆمیو گوتیان ئەویش دەدەرێت.

پێموایە ئەم بیرۆکەیە لەئایندەدا بەدیدێن, بەیارمەتی شیوعیەکانو روسیاو بەعس.

١ـ سەدام داوای کرد لەگەڵ منو فوئاد عارفدا کۆببێتەوەو لەچاوپێکەوتنەکەدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەئامادەن هەموو داخوازییەکانمان جێبەجێ بکەن. کاك فوئاد باسی ئەو

شەڕخوازانەی کرد کەدەوروبەری بارزانیان داوەو گوتی پێویستە چەند شاندێك رەوانەی لای بارزانی بکرێتو, هانی بدەن رێگەی راست بگرێت. منیش بۆ خۆم باسم لەمەسەلەی نەوت کردو دوای پیرۆزبایی کردن بەبۆنەی خۆماڵیکردنەوە گوتم کەسەرکەوتنی ئەو هەنگاوە, بەندە بەدۆزینەوەی رێگەچارە بۆ کێشەی کوردو ئەوەیش بەبێ بارزانی ناکرێت. من پێشنیارم کرد کەسەردانم بکات. ئەو گوتی گومانی لەهەموو شتێك هەیە کە لەمنەوە دەربچێت تەنانەت دوای ئەوەیش کەدەمانچەکانمان گۆڕییەوە, هەر تۆڕە بوو.

داوام کرد شاندێکی بەدەسەڵات بەسەرۆکایەتی عەبدولخالق سامەڕایی بۆ لای بەرزانی بنێرن, بۆ باسکردنی هەموو خاڵەکانو دۆزینەوەی چارەسەر بۆیانو شاندەکە دەسەڵاتی هەبێت لەسەر پێدانی ئۆتۆنۆمیو چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی دیکە, هەروەها پێشنیارم کرد ئەم هەنگاوانە بنرێن, بەرلەوەی شاندەکە بڕوات: بەردانی پارتییە گیراوەکانو کێشانەوەی محیی هەرکیو سەرەك جاشەکان لەئاکرێو ناردنی عوبێدوڵلا بۆ دەرەوەی وڵاتو راگرتنی تەعریبی کەرکوك.

سەدام گوتی با هەرسێکمیان دابنیشینو بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کەزۆرێنە دەنگی دەدەنێو منیش لەزۆرینەوە ترسامو گوتی بەباشترین شێوە بیربکەینەوەو ئەوسا پێکەوە دادەنیشینەوە.

٢. حکومەت پێی وایە باڵێکی پێشکەوتنخواز لەپارتی پێویستیە کەبریتییە لەنوری شاوەیس‌و سالح یوسفی‌و دارا توفیق‌و عەزیز عەقراوی‌و هاشم عەقراوی‌و مەلا ئیسماعیل‌و ئەوانە ئامادەن لەکاتی گونجاودا دژی باڵی راستڕەوی پارتی بوەستنەوە. ئەمە هەمان بۆ چوونی رووسەکان بوو و لەگەڵ مندا هەولیان دا کە لەگەڵ ئەو باڵەدا حزبێکی سەربەخۆ پێکبهێنین.

٣ـ حومەت سەرقاڵ کڕینی خەڵك‌و رێکخستنی تاقم‌ولایەنەو بۆ ئەو مەبەستە پارەی زۆر خەرج دەکات. ئەوان پێیان وایە کەئەوان خەڵکی زۆریان کڕیوەو لایەنگریان زۆرە من پێم وانیە, ئەوە مەزەندەیە هەڵەیە, بەلام لەناو پارتیدا بەکرێگرتەیان هەیە.

٤. چاوم بەمیسرییەکان کەوت‌و ئەوان دەیانەوێت لەگەڵ بزوتنەوەی کوردو بارزانیدا دۆستایەتییان هەبێت‌و پێیان راگەیاندم لایەنی بارزانی بگرم‌و, دەڵێن کەخۆشحاڵن لەوەی کورد بەهێزە بەلام پێمان خۆش نییە رۆژی لەرۆژان شەڕ دووبارە هەڵبگیرسێت ـ دوای خۆماڵیکردن ـ چونکە ئەوە ناوی کورد دەزڕێنێت بەلای عەرەبەوە. دەڵێن ئێمە داوامان نەکردووە لێتان دۆستایەتی بەعس بکەن‌و پشتگیریی بکەن‌و دەڵێن بزانن کەئێمە لەناو کۆمەڵەی نیشتمانیدا نین.

٥ـ چینییەکان کەمتر بایەخ بەدۆزی کورد دەدەن, دەیانەوێت ئاگاداری پێگەی ئێمە بن لەپەیماننامەی نێوان روسیاو بەعسدا, بەتایبتی لەبلاوبوونەوەی نۆرێنی روسیا لەعێراقدا. بەوانم گوت

ئێمە دژی ئەو ئاراستەیەین, گوتیان ئەوە بۆچوونی خودی خۆتە, ئێمە بایەخ بەراوبۆچوونی بارزانی دەدەین, هەروەها دەیانەوێت بزانن چەندە کورد ئامادەیە دژی روسیاو ئەمریکا بوەستنەوە. چین خوازیاری دۆزینەوەی چارەسەرێکی دیموکراتییانەی دۆزەکەیە.

٦. سەربەست بامەڕنی یەکێکە لەپیاوەکانی حکومەت, هەر ئەو لەناو دەزگای پاراستندا نیە لەناو پارتی, بۆ ئەوەی تۆڕێکی سیخوریی لەدەوری ئەسعەد خۆشەوی بۆ بەرژوەندیی حکومەت دابنێت. یەکێك لەبەعسیەکان گوتی, ئەو زانیاریی زۆرمان بەدەست دەگەیەنێت, بڕیارە لەکۆتایی ئەم مانگەدا, بینێرین بۆ گەلاڵەو بامەڕنی.

پێشنیاری ئەمانەی خوارەوە دەکەم:

١ ـ پتەوکردنی یەکبوون.

٢ ـ تا لەتوانادابێت, پێویستە هۆشیار بین.

٣ ـ پاککردنەوەی ریزەکانمان لەکەسانی گومان لێکراو.

٤ ـ پەیوەندییکردن بەمیسرو چین.

٥ ـ نە پەیوەندیی لەگەڵ روسیادا ببڕینو نە متمانەیان پێبکەین.

٦ ـ بەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەل حزبو تاقمەکان لەبەغداو لەناو عەرەبدا.

٧ ـ پاککردنەوەی ریزەکانی پێشمەرگە لەسیخوڕو بێگانە.

٨ ـ ناردنی گومان لێکراوەکان (پێشکەوتنخوازەکان) بۆ گەلاڵە.

هەر سەرکەتووبن

براتان

جەلال تاڵەبانی

**********

سەبارەت بەڕووداوی نارنجۆکەکەی قوتابخانەی کچان لەشاری سلێمانیو تاوانبارکردنی نەوشیروان مستەفا ـ ل (٢٤٩)

لەسەرەتای ئەو ماوەیەدا، سێ ڕووداوی ترسناك ڕویاندا: یەکەمیان تاقمێکی جاشی ٦٦ی سەر بەنەوشیروان مستەفا نارنجۆکێکیان فڕێ دایە ناو قوتابخانەی کچان لەشاری سلێمانی لە١٤ی ئاداری ١٩٧٠و ئەنجامدەرەکە دەستگیرو لەسێدارە دراو نەخشە داڕێژەرەکەی کەنەوشیروان بوو توانی رابکات بۆ نەمسا.

**********

بەڵام من دەڵێم:

دوای لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکەو تاوتوێکردنی، مفەوەزی لێکۆڵینەوە کەناتوانم ئاماژە بەناوی بکەم دان پیادانانەکانی گۆڕیبووو ناوی کەسانێکی بێ تاوانی هێنابووە ئاراوە کەهیچ پەیوەندییان بەڕووداوەکەوە نەبوو.

ئەو سەردەمە نەوشیروان مستەفا ئەندامی لقی سلێمانیو بەرپرسی پێشمەرگە بوو لەسلێمانی، دوای ئەو ڕووداوە ماوەیەکی زۆر لەبەغدا مایەوەو بەئازادیو بەبێ ترس دەگەڕا، چونکە بڕوای

تەواوی بەوە هەبوو کەکێشەکەی پاکە لەرووی یاسایی و مرۆڤایەتییەوەو دواتر بەشێوەیەکی یاسایی پاسپۆرتی وەرگرت و بۆ نەمسا سەفەری کرد بەشێوەیەکی یاسایی, ئەگەرچی پاراستن (دەزگای سیخوڕی پارتی) بەهێزو نۆریندار بوو, بەڵام نەیانتوانی ڕێگە بەنەوشیروان بگرن, یا گێچەڵی پێبکەن, چونکە دۆسییەی پاك بووو هیچ لەکەیەکی پێوە نەبوو.

## بەشی شانزەهەم ـ لاپەڕە (٢٥٣)

## کۆنگرەی دووەمی حزب

دوای ڕێکەوتننامەی ئادار, لەسەر گۆڕەپانەکە چەندین نیاری ڕێکخراوەیی هاتنە ئاراوە, کەئەوەی دەخواست چاو بەپەیڕەوو پڕۆگرامی حزبی دیموکراتی کوردستاندا بخشێنرێتەوە, بەپێی هەلومەرجی نوێ و ئامانجەکانی دواڕۆژ. ئەوەش نەدەکرا تەنیا لەرێگەی بەستنی کۆنگرەی گشتیی حزبەوە نەبوایە کەتیایدا سەرکردایەتیەکی نوێ هەڵبژێردرێت و ڕووداوەکان تاوتوێ بکرێت, کەلەبەر ڕۆشناییان گۆڕانکاری بکرێت, بەپێی دۆخی نوێ و, من بەئەندامی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردرام و, لەکاتی بەستنی کۆنگرەکەدا من ئامادە نەبووم, چونکە لەدەرەوەی کوردستان بوم(١).

دکتۆر مەحمود عوسمان دەنگی چاوەڕوانکراوی بەدەست نەهێناو هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەتووشی بوغرایی و

لووت بەرزی بووبوو, کاتێ بارزانی کردی بەسەرۆکی شاندەکە بۆ بەغدا. هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا. لێرەدا دەمەوێت ئەم دەرفەتە بقۆزمەوەو ئاماژە بەوە بکەم کەجیاوایی لەنێوان منو دکتۆر مەحمود عوسماندا رووی دا, بەڵام هەموو ئەندامانی شاندەکە لەرەفتارەکانی بێزار بوون لەبەغدا, کەتووشی بوغرایی بووبوو. ئەمەیش ناوی ئەندامانی لیژنەی ناوەندیی هەڵبژێردراون لەکۆنگرەی هەشتەمدا:

(ئەندامەکان: حەبیب محەمەد کەریم, نوری سدیق شاوێس, صاڵح یوسفی, ئیدریس بارزانی, مەسعود بارزانی, عەلی عەبدوڵڵا, عەزیز عەقراوی, محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان, دکتۆر مەحمود عوسمان, هاشم عەقراوی, عەلی سنجاری, عەبدولوەهاب ئەتروشی, عەبدول سۆران, دارا تۆفیق, فاخر مێرگەسووری, فارس باوە, رەشید سندی, شەکەیب عەقراوی, ئیسماعیل مەلا عەزیز, سدیق ئەفەندی, زەکیە ئیسماعیل حەقی).

ئەندامانی ئیحتیات: (رەشید عارف, عل هەژار, نوعمان عیسا, شێخ رەزا گوڵانی, جرجیس فەتحوڵڵا, محەمەد مەلا قادر, شەعبان سەعید, حەمید بەرواری, عەبدولقادر عەزیز).

**********

**لێرەدا ئەڵێم:**

دوای بارودۆخی نوێ کەکاریگەریی لەسەر پارتی هەبوو, کادیرانو سەرکردە سیاسیەکانو سەربازییەکان بیریان لەگۆڕینی

پەیڕەوی حزبەکەیان کردووە, بەپێکهێنانی سەرکردایەتییەکی نوێ لەپێناوی بەرژەوەندیی گەلی کوردستان, بڕیاردرا دکتۆر مەحمود عوسمان بکرێت بەکەسی دووەم دوای مەلا مستەفا بارزانی‌و هەموو دەسەڵاتێکی پێ بدرێت, دوای ئەوەی رەزامەندیی هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبی بەدەستهێنا, کادیرانی حزب توانایی‌و لێهاتووییان لەوەدا دەبینی بۆ گەشەپێدانی حزب‌و ئاراستەکردنی بەشێوەیەکی وردو چالاك, بەڵام باڵێك هەبوو دژی ئەو بۆچوونە بوو لەلایەن هەندێ لەکادیران‌و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی, لەوانەی وەکو بارزانی تەماشای مەسەلەکانیان دەکرد, پێیان وابوو بەخشینی ئەو دەسەڵاتانە بەدکتۆر مەحمود مەترسییەکی گەورە لەسەر دەسەڵاتی بارزانی‌و بنەماڵەکەی پێکدەهێنێت. چونکە جەماوەری خۆی هەیەو لەبەر ئەوەی خەڵکی سلێمانیەو پەیوەندیی بەبنەماڵەی بارزانییەوە نییە, بۆیە دواتر مەسەلەکە وا یەکالا کرایەوە, کەدەسەلات بەدەستی سێ کەسدابێت مەلا مستەفا بارزانی‌و ئیدریس‌و مەسعود, واتە بڕیاری شەڕو ئاشتی لەدەستی ئەو سیانەدا دەبێت, بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی پارێزراو بێت‌و بۆ ئەوەی پلەی دەسەلات لەناو پارتیدا ئارایشت بکرێت, ئەوەبووو چەند کەسێکیان دامەزراند کەپارتی نەبوون, تەنیا بۆ ئەوەی بارزانی دڵنیابێت کەئەوان بەبەردەوامی ملکەچی فرمانەکانی ئەو دەبن, وەکو: عەبدولوەهاب ئەتروشی, دارا تۆفیق, مەحمود عەبدولڕەحمان, فاخر

مێرگەسووری, عەلی عەبدوڵڵا, نوری سدیق شاوەیس کەپلەو پیگەی ئەندامانی لیژنەی ناوەندییو مەکتەبی سیاسییان وەرگرت. هەندێ لەو بەڕێزانە لەو بڕوایەدابوون کەکاریگەریی گەورە هەبێت بۆ گۆڕینی پێگەی دەسەڵاتی ئایندەی حزب, دوای وەرگرتنی ئەو پێگە هەستیارانە, بەڵام شکستیان هێنا لەو گۆڕانکارییانەی مرخیان لێخۆشکردبوو, لەبەر ئەوەی لەرێگەی هەڵبژاردنەوە, ئەو پێگانەیان بەدەست نەهێنا بوو, بەڵکو لەرێگەی دامەزراندنیانەوە وەکو کارمەند, لەلایەن بارزانییەوە.

بەڵام مێژوو بڕیار لەسەر لێهاتوویی هەر سەرکردەیەك دەدات کەئاخۆ شایستەیە یان نە. لەساڵی ١٩٧٥دا, کاتێ شای ئێران بەبارزانی راگەیاند کەچیتر پشتگیریی لەشۆڕشی کورد ناکاتو پێویستە کۆتایی بێت, دەبینین تەنیا کەسێك کەدژی بڕیاری شا وەستایەوە, پاڵێوراوی جێنشینی بارزانی, دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان بوو.

ئەوانەی بەفەرمانی کۆنگرە وەکو ئەندامی لیژنەی ناوەندیی دامەزران, ئەم بەڕێزانە بوون:

١- حەبیب محەمەد کەریم: دوای نسکۆی شۆڕش لەساڵی ١٩٧٥دا, حەبیب محەمەد گەڕایەوەو چووە ناو ریزەکانی حزبی بەعسەوەو ناوی چەندین کەسی درکاندو هەندێکیان لەسێدارە دران, زانیاری زۆری لابوو, چونکە پۆستی سکرتێری پارتی بەدەست بوو. لەکتێبەکەم (کورد دوژمنی خۆت بناسە)دا,

بەدرێژیی باسم کردووە, کەچۆن رووبەروو لەدادگای شۆڕشداو لەبەردەم دادوەرو ئامادەبوواندا, دانی بەوەدا نا پەیوەندیم بەشۆڕشی کوردستانەوە هەبووە. کەبووە هۆی ئەوەی (٢٠) ساڵ زیندانی بەسەر خۆمو (٥) ساڵو نیو بەسەر براکەمدا ببڕنەوە. سەیر ئەوەیە دوای دەرچوونم لەزیندان, ئەم رووداوەم چەند جارێكو چەندین تاوانی دیکەی حەبیبم بۆ بەرێز مەسعود بارزانی گێڕایەوە, کەچی بەفەرمانی ئەو, دوای راپەڕینە پیرۆزەکەی ساڵی ١٩٩١, بەئەندامی لیژنەی چاودێریو پشکنین لەناو پارتیدا دامەرزا.

٢ـ نوری سدیق شاوەیس: ئەگەرچی یەکێك لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی بوو و یەکێك بوو لەوانەی دژی بارزانی وەستایەوە, بەڵام بارزانی بڕوای بەوە هەبوو کەهەڵوێستی گۆڕاوەو ملکەچی فەرمانەکانی دەبێت!

٣. ساڵح یوسفی: یەکێك بوو لەوانەی شەیدای کەساتیی بارزانی بوون, بەڵام دوای رێکەوتننامەی جەزائیر ئایدیۆلۆژیی خۆی گۆڕیو گەڕایەوە بۆ عێراق, بەڵام هاوکاریی دامودەزگاکانی ئەمنی نەکرد, ئەوەبوو دامودەزگاکانی موخابەرات بەناحەق تیرۆریان کرد.. لەبەختی بنەماڵەی بارزانی ئەم قارەمانە بەدەستی بەعسیەکان شەهید کرا, خۆ ئەگەر بمایە, ئێستا سەرکردایەتیی حزبێکی بەهێزی دەکردو جەماوەرو بەتایبەتی دانیشتوانی

بادینان لەدەوری کۆدەبوونەوە. لەکتێبەکەمدا (کورد دوژمنی خۆت بناسە) بەدرێژی باسی ئەو مامۆستا خوالێخۆشبووەم کردووە.

٤ ـ ئیدریس بارزانی: کەسی دووەم بوو لەناو پارتیدا.

٥ـ مەسعود بارزانی: کەسی سێهەم بوو لەناو پارتیو هەرجارێ کورد واتەنی (دوکانی عەلیو دوو قالب سابوون).

٦ ـ عەلی عەبدوڵڵا: لە١٠٠٪ ملکەچی بارزانی بوو.

٧ ـ عەزیز عەقراوی: کاتێ لەراستی بنەماڵەی بارزانی تێگەیشت کەکار لەکارترازا بوو.

٨ . محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان: سەرەتا هیچ پەیوەندیی بەپارتییەوە نەبوو, بەڵام دوای شۆڕشی بەعسییەکان لەساڵی ١٩٦٣, پەنای هێنایە بەر کوردستانو تیایدا مایەوە, دوای شکستی شۆڕشی کوردستان لەساڵی ١٩٧٥دا, حزبێکی سیاسی پێکهێنا لەهەڵبژاردنە جەماوەرییەکەی کوردستان لەساڵی ١٩٩١,و لەکاتێکدا بەرەو شاری دهۆك دەڕۆیشت, خەڵکی ئەو شارە هێڵکەو تەماتە بارانیان کرد. رۆڵێکی گەورەی هەبوو لەنانەوەی ئاژاوە لەنێوان دوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان, پارتیو یەکێتیدا.

٩. دکتۆر مەحمود عوسمان: دوای ئەوەی زانی بارزانی دەستی هەبووە لەوەی لەکۆنگرەدا هەڵنەبژێردرێتو دوژمنایەتی دەکەن, بەتایبەتی ئیدریس بارزانی, زۆر چاونەترسانە کتێبێکی بڵاوکردەوە باسی نهێنیەکانی بنەماڵەی بارزانی کردو پەردەی لەسەر رازو نهێنیەکانی بارزانی, بۆ جەماوەر هەڵماڵی.

١٠. هاشم عەقراوی: ئەمە هەر لەزووەوە پەیوەندیی بەحزبی بەعسەوە هەبوو.. هەروەها یەکێك بوو لەوانەی هەر زوو خۆی بەدەستی بەغداوە داو هاوکاری دامودەزگای ئەمنی کردو تا کۆچی دوایی کرد لەبەغدادا مایەوە.

١١. عەلی سنجاری: دوای شکستی شۆڕش لەبارزانی جیابووەوەو لەهەوڵی دامەزراندنی حزبێکی سیاسیدا بوو.. بەڵام دوای راپەڕینە پیرۆزەکەی کوردستان, گەڕایەوە ناو ریزەکانی بنەماڵەی بارزانی بۆ ئەوەی ملکەچی فەرمانەکانیان بێت.

١٢ـ عەبدولوەهاب ئەتروشی: یەکێك بوو لەوانەی هەر زوو هاوکاریی دەسەڵاتی عێراقی کرد, گەڕایەوە بۆ بەغداو لەناو ریزەکانیاندا کار دەکات.

١٣. عەبدول سۆران: کوردێکی نیشتمانپەروەرو خەباتگێڕ بوو, لەکادیرە چالاکەکانی پارتی بوو, مەخابن بەناحەق تیرۆر کرا.

١٤. دارا تۆفیق: ئەگەرچی لەناو ریزەکانی شیوعیدا بوو, بەڵام بارزانی متمانەی پێی هەبوو, دوای شکستی شۆڕش گەڕایەوە بۆ بەغدا.. لەکتێبەکەمدا (کورد, دوژمنی خۆت بناسە)دا بەدرێژی باسم کردووە.

١٥. فاخر مێرگەسووری: سەر بەرێکخراوەکانی حزبی شیوعی بوو, کاتێ هاتە ناو ریزی شۆڕشی کوردستانەوە, جەماوەرێکی زۆر لەدەوری کۆبوونەوە, کاتێ بارزانی هەستی بەوەکرد

هەڕەشەیە لەسەر بەرژەوەندییەکانی‌و لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوو هاوکاریی بکات, ئەوەبوو کوشتیان.

١٦. فارس باوە: دوای شکستی شۆڕش, ریزەکانی بارزانی بەجێهێشت بۆ ماوەیەك, بەڵام دواتر گەڕایەوە ناویان. هاوکاریی هەبوو لەگەڵ رژێمی عێراقدا, بەڵام مەسعود بارزانی رایگەیاند کەبەئاگاداری‌و فەرمانی ئەو بووە.

١٧. رەشید سندی: لەکتێبەکەمدا (کورد, دوژمنی خۆت بناسە) باسم کردووە.. کاتێ فاروق مەلا مستەفای سیاسەتمەداری کورد ئاگاداری دەکاتەوە, کەهێندەی نەماوە بارزانی کۆتایی شۆڕش رابگەیەنێت, رەشید سندی دەڵێت: دوای ئەوەی بارزانی ١٢ساڵی لەشورەوی بەسەر برد, گەڕایەوە بۆ ئەوەی پارتی دابمەزرێنێت.. ئەمجارە دوای شکستی شۆڕش حزبێکی نوێ دادەمەزرێنێت, بەڵام دوای ١٣ ساڵ.. گەڕایەوە بۆ بەغدا, دوای شکستی شۆڕش خۆی دا بەدەستی رژێمەوە‌و دوای راپەڕینەکەی کوردستان گەڕایەوە بۆ کوردستان‌و چووە ریزی بنەماڵەی بارزانییەوە, بوو بەئەندامی لیژنەی چاودێری‌و پشکنین.

١٨ـ شەکیب عەقراوی: دوای شکستی شۆڕش, بۆ ئەمریکا سەفەری کردو لەوێ دەژی.

١٩ـ ئیسماعیل مەلا عەزیز: تێبینیم لەسەری نییە.

٢٠ـ سدیق ئەفەندی: تێبینیم لەسەری نییە.

٢١. زەكیە ئیسماعیل حەقی: دوای ئەوەی شەڕ لەنێوان شۆڕشی کوردو رژێمی عێراقدا دەستی پێکردەوە لەبەغدا مایەوە بۆ ئەوەی لەخزمەتی موخابەراتی عیراقدا بێت, دوای شکستی شۆڕشەکە, بۆ هەمووان دەرکەوت کەپەیوەندیی بەدامودەزگاکانی ئەمەنەوە هەبووە.

ئەندامە ئیحتیاتەکان:

١ـ رەشید عارف: تێبینیم لەسەری نییە.

٢ـ عەلی هەژار: پارێزەرێکی شۆڕشگێرو نیشتمانپەروەرو سیاسییەکی بەناوبانگ بوو, ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سۆشیالیست بوو لەساڵی ١٩٧٩دا, دەستگیرکراو دواتر دەرکەوت کە بەنهێنی لەسێدارە دراوە.

٣ـ نوعمان عیسا: تێبینیم لەسەری نییە.

٤ ـ شێخ رەزا گوڵانی: دوای شکستی شۆڕش‌و روخانی رژێمی شا لەئێران گەڕایەوە بۆ عیراق‌و لەراپەڕینەکەی کوردستان لەساڵی ١٩٩١دا, گەڕایەوە بۆ ئەوەی دووبارە بچێتەوە ریزەکانی بارزانییەوە.

٥ ـ جرجیس فەتحوڵڵا: لەکتێبی (کورد, دوژمنی خۆت بناسە)دا, بەدرێژی ئاماژەم بۆ کردووە, کتێبێکی دەرکردو پەردەی لەسەر نهێنییەکانی بنەماڵەی بارزانی هەڵماڵی, بەڵام کاتێ سەردانی بارزانی کرد لەهاوینەهەواری سەلاحەدین, هەڵوێستی خۆی گۆڕی‌و دوای ٣١ی ئابی ١٩٩٦ بەتەواوی هەڵوێستی گۆڕا.

٦ـ محەمەد مەلا قادر: لەخەباتی خۆی لەگەڵ پارتیدا دانەبڕا, کەئەوە مایەی شانازییە.

٧ـ شەعبان سەعید: تێبینیم لەسەری نییە.

٨ـ حەمید بەرواری: دوای ئەوەی لەلایەن دامودەزگاکانی ئەمنی عیراقەوە بەفیشەکێك بریندارکرا, ئیتر بەتەواوی بوو بەلایەنگری بنەماڵەی بارزانی.

٩ـ عەبدولقادر عەزیز: تێبینیم لەسەری نییە.

**بارزانی بڕیاری لێبوردن بۆ جاشی ٦٦ دەردەکات ـ ل (٢٥٤)**

ئەرکی پەیوەندیکردن بەجەلال‌و هاورێکانی بەدارا تۆفیق‌و فاخر مێرگەسووری سپێردراو پەیوەندییەکان لە٧ی مانگی ئابی ١٩٧٠ دا گەیشتە شوێنێکی چارەنووسسازانە, کاتێ جەلال تاڵەبانی هات بۆ حاجی عومران‌و چاوی بەبارزانی کەوت‌و لەو چاوپێکەوتنەدا, دڵنیابووەوەو بەخۆشحاڵییەوە گەڕایەوەو دواتر خۆیان ئامادەکرد, هەموویان بگەرێنەوەو, لە١٥ی هەمان مانگدا جەلال لەگەڵ فەرەنسۆ حەریری‌و فاخر مێرگەسوریدا گەڕانەوە بۆ بەغداو لەوێ کۆنگرەیەکیان بەست‌و تیایدا بڕیاریاندا, دەست لەناوی (حزبی دیموکراتی کوردستان) هەڵبگرن کە بەناوی حزبی خۆیانیان دانابوو,و ناوی خۆیان نا حزبی شۆڕشگێری کوردستان‌و دواتر بەیانێکیان دەرکردو تیایدا حزبەکەی خۆیان هەڵوەشاندەوەو یەکەیەکە چوونەوە ریزی حزبی دیموکراتی کوردستانەوە(٢).

بگەڕێرەوە بۆ ئەو بەیانەی بەو بۆنەیەوە دەرچوو و تێبینی مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکرایەتی کوردستان لەسەر بەیانەکەو پاشکۆی ژمارە (٣٤) لەبەشی پاشکۆکان ل (٥٧١).

لە١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠دا, دوای جەلال, ئیبراهیم ئەحمەدو عومەر مستەفا (دەبابە)و عەلی عەسکەری‌و کەسانی دیکە بەدوایدا هاتن. بارزانی لەگەڵیاندا کۆبووەوە, بەئامادەبوونی حەبیب محەمەد کەریم‌و دکتۆر مەحمودو فەڕەنسۆ حەریری‌و بەر لەهاتنیان لیژنەی ناوەندی حزب رۆژی ٢٨ی ئەیلولی دانا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر گەڕانەوەیان‌و پەسەندکردنیان, بەڵام کۆبوونەوەکە دواخرا بۆ ١ی تشرینی یەکەم, بەهۆی مردنی جەمال عەبدو لناسر لەو رۆژەدا.

(بەزۆرینەی دەنگ بڕیاردرا گەڕانەوەی جاشەکانی ٦٦ پەسەند بکرێت‌و رێگەیان پێبدرێت بێنەوە ناو حزب (..) ئیبراهیم ئەحمەدو خێزانەکەی لەناوپردان‌و عەلی عەسکەری‌و خێزانەکەی لەگەڵاڵەو, عومەر مستەفا دەبابەو خێزانەکەی لەدەربەند دانران‌و ماوەیەك جەلال لەقەسرێ لەماڵێکی بارزانیدا نیشتەجێ بوو. عومەر مستەفا دەبابەو عەلی عەسکەری پێکەوە هاتن‌و گوتیان ئێمە ناهێڵین دەرفەتمان لەدەست بچێت هاتووین بێینە ناو حزب‌و شۆڕشەوە بۆ ئەوەی لەناو رێزەکانیدا کاربکەین‌و ئێمە کارمان بەوانی دیکەوە نییە. ئەمە بڕیاری ئێمەیەو پێمان ناخۆشە بە(جەلالی) ناومان ببەن. دابەزینە سەر جەلال‌و ئیبراهیم ئەحمەدو رەخنەیان

لەشـــەڕئەنگێزییان گـــرت‌و گوتیـــان کەدەســـتیان گرتـــووە بەســـەر داهـــاتی جاشـــی ٦٦ داو بـــەوە تاوانبارێـــانکردن کـــەبڕی ملێـــۆن‌و چوارســـەد هـــەزار دیناریـــان بـــۆ خۆیـــان لاداوە, کەدەکاتـــە نزیکـــەی چوار ملێۆن‌و سەد هەزار دۆلار, جەلال ڕۆیشتووە بۆ کوێت‌و لـەوێ بـــەناوی خۆیـــەوە لەیـــەکێك لەبانقەکانـــدا تۆمـــاری کـــردووە. دوای ماوەیەك جەلال داوای مۆڵەتی سەفەری کرد بۆ دەرەوە بەبیانووی ئـــەوەی خێزانەکـــەی نەخۆشـــەو بەدەعوەتنامەیـــەك کـــە لەکوێتـــەوە ئاراستەی کـراو ڕێگـەی پێدراو لـەوێوە سـەفەری کـرد بـۆ لونبـان‌و لـەوێوە بـۆ میسرو لەڕێگـەی عـەزیز شـێخ ڕەزاوە راپـۆرت بەئێمـە دەگەیشت لەو هەولانەی بۆ بەرژەوەندی شۆڕش دەیدان, هـەروەکو پێشتر ئاماژەم بۆ کرد, لـەپایزی ساڵی ١٩٧٠دا, ئیبراهیم ئەحمـەد سەردانی حاجی عومرانی کـرد, بۆ بینینـی بارزانی بۆ یەکـەمجار, دوای ئەوەی لە١٩٦٤ـەوە یەکدییان نەبینیبوو (..).

ئـــەم پیـــاوە, خـــوا لێـــی خـــۆش بێـــت, کـــارێکی وەهـــای نـــەکرد کەبزووتنەوەی رزگاریخوزای کورد یـەکبخات, بـەڵکو بەپێچەوانەوە بزووتنەوەکەو پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد بـەدوو بەشـەوەو هـەر ئـەوبوو پـاڵی بەڕووناکبیرانـەوە نـا بـەرەو زەلکـاوی خیانـەت بڕۆن.

## پاشکۆی ژمارە (٣٤) ـ لاپەڕە (٥٧١)

## بەیاننامەی هەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆڕشگێری کوردستان

هەڤاڵان، ئەندامان و پاڵێوراوان و لایەنگرانی حزبی شۆڕشگێری کوردستان.

هاووڵاتییانی هێژا.

دیارە بەیانی ئاداری مێژوویی هەلومەرجێکی نوێی لەوڵاتدا هێنایە ئاراوەو داننان بەئۆتۆنۆمی و بڕوا هێنان بەسەرکردایەتی حزب و بارزانی، بزووتنەوەی نیشتمانیی کوردی بەرەو قۆناغێکی نوێ برد، کەئەمەیش گۆڕانکاریی بنەرەتی لەپەیوەندیی سیاسی نێوان لایەنەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد هێنایە ئاراوە کەگەڵی گرنگ بوو و، بەستنی کۆنگرەی حەوتەمی حزبمان لەکانونی یەکەمی ١٩٧٠دا بۆ تاوتوێکردنی ئەم گۆرانکارییانە بارودۆخەکە بەگشتی و دیاریکردنی پەیوەندیمان بەحزبی دیموکراتی کوردستانەوە بەتایبەتی کۆنگرە پرەنسیپی چوونە ناو ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانی پەسەندکرد، وەکو رێگەچارەیەك بۆ نەهێشتنی گیانی دووبەرەکی و پڕکردنەوەی هەموو کەلێنەکان لەناو ریزەکانی گەلی کوردو پتەوکردنی یەکێتی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد، کە بەبەردی بناغەی بەدیهێنانی یەکێتی هێزە شۆڕشگێرو پێشکەوتنخوازەکان دادەنرێت لەخەباتیدا لەپێناوی سەرجەم مافەکان و ئازادییە

دیموکراتییەکانی گەلی عێراق و مافی نەتەوایەتی گەلی کوردو دژی ئیمپرپالیزم و کۆنەپەرستی زایۆنیزم و نەخشە داگیرکارییەکانیان.

کۆنگرە بڕیاری دابوو شاندێك رەوانەی بارەگای بارزانی بکات و لەبڕیارەکانی کۆنگرە ئاگاداریان بکاتەوە, شاندەکە لەگەڵ سەرانی حزبی دیموکراتی کوردستان و بارزانیدا کۆبوونەوە کەپێشوازییان لەبڕیارەکانی حزبمان کردو گفتوگۆیان لەگەڵ ئەندامانی شاندەکەدا کرد, سەبارەت بەو هەنگاوانەی کەپێویستە بنرێن بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی پتەوی حزبی و لیژنەیەکی لەنوێنەری هەردوو حزبەکە پێکهێنا لەژێر سەرپەرشتیی راستەوخۆی خودی بارزانیدا بۆ جێبەجێکردنی ئەو خالانەی لەسەری رێکەوتبوون کەیەکگرتنەوی دوو حزبەکە بەباشترین شێوە زامن بکات. لیژنەی ناوبراو کارەکانی بەباشترین شێوە ئەنجامداو هەموو لیژنەو رێکخراوەکانی هەردوو حزبەکە یەکخرانەوەو لەبەر ئەوەی حزبی شۆڕشگێڕی کوردستان هیچ کیانێکی سەربەخۆی نەما, بڕیارماندا هەموو رێکخراوو دامودەزگاکانی هەڵبوەشێنینەوەو لەژێر سەرکردایەتی مستەفا بارزانی بچنە ریزی پارتی دیموکرایەتی کوردستانەوە.

ئەمە لەکاتێکدا کەزۆری لەوزەی رۆڵەکانی گەلەکەمان بەفیڕۆ چوو داوا لەهەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان دەکەین بەدڵسۆزی کار بۆ بەدیهێنانی یەکگرتنەوە بکەن کەیەکێك بووە لەهیواو خواستەکانی گەلەکەمان لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا و کۆتایی بەشەڕو

کوشت و کوشتارو دووبەرەکی بهێنین و لاپەڕەیەکی نوێ بۆ خەباتی یەکگرتوو, لەپێناوی بەدیهێنایی ئامانجەکانی گەلەکەمان و جێبەجێکردنی بەیانی ١١ی ئادارو ئاسایشی کوردستان بپارێزین و بەرگری لەکۆماری عیراق بکەین و زەمینە برەخسێنین بۆ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو حزبێکی پێشکەوتنخوزای شۆڕشگێڕ لەبزاڤی نیشتمانیی کوردو بزووتنەوەی نیشتمانیی رزگاریخواز لەناوچەکەدا رۆڵی خۆی هەبێت و ببێتە بنەمایەکی بەهێز بۆ بەدیهێنانی یەکێتی لەنێوان هێزە دیموکرایەتی و شۆڕشگێڕەکان لەولاتدا بۆ خەباتکردن لەپێناوی دابینکردنی مافە دیموکراتیەکانی گەلی عێراق و مافی نەتەوەیی گەلی کوردو بەشداریی لەخەباتی گەلانی عەرەبی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و نەخشە داگیرکارییەکانیان, هەروەها داوا لەئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی خەباتگێڕ مستەفا بارزانی دەکەین خەبات بکەن لەپێناوی سەقاقگیرکردنی ئەم یەکێتییە کەئەوە هەموو سەرکەوتنەکانمان دابین دەکات.

## پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان

هەڵبژاردەیەك لەو نرخاندنەی کەرۆژنامەی (التآخي) بلاوی کردەوە سەبارەت بەهەڵوەشاندنەوەی حزبی شۆڕشگێڕی کوردستان لەکاتی خۆی:

(ئەو سەركەوتنە مێژووییەی گەلی كورد لە١١ی ئادار بەدەستی هێناو داننان بەمافی سروشتی لەئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی كۆماری عێراق، سەركەوتنێك بوو بۆ سەرجەم گەلی عێراق و بۆ حزبمان پارتی دیموكراتی كوردستان و حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و هەموو هێزە نیشتمانیە پێشكەوتنخوازەكان لەعێراق و بۆ پتەوكردنی یەكێتی گەلی عێراق و برایەتی نێوان هەردوو نەتەوە سەرەكییەكەی عەرەب و كورد و كەمایەتییە نەتەوەییەكان).

(گومانی تیادا نییە، یەكێك لەپێداویستییە بنەرەتییەكانی پاراستنی ئەم دەستكەوتە گەورەیەو گەرەنتی جێبەجێكردنی و گەشەپێدانی، خۆی لەیەكخستنی هەولی هەموو كوردە دلسۆزەكان، بۆ گەل و بۆ نیشتمانەكەیان دەبێتەوەو ئاراستەكردنی هەرچی وزەی بەرگرییان هەیەو كردنی بەراستییەك. لەسۆنگەی ئەم تێگەیشتنە بابەتییەوە بۆ واقیعی گەلی كوردستان، بۆیە بەرێز بارزانی بەر لەدەرچوونی بەیانی ئاداری مێژوویی و دوای دەرچوونی، داوای لەهەموو رۆڵەكانی گەلی كورد كرد پەردە لەسەر نەهامەتی و كوێرەوەریی دووبەرەكی و بەشبوون لەرابردوودا هەلبمالن و لاپەڕەیەكی نوێ هەلبدەنەوە، بۆ كاری بونیاتنەرو گلێربوونەوە لەدەوری ئالای شەكاوەی حزبەكەمان پارتی دیموكراتی كوردستان و هاوكاریكردن لەگەل دەسەلاتی نیشتمانی، بۆ جێبەجێ كردنی بڕگەكانی بەیانی ناوبراو، بەوەی

کەمــــەرجێکی پێویـــستە بــۆ پێکهێنـــانی بـــەرەی نیـــشتمانی پێـــشکەوتنخوازی خـــوازراو, کەحزبەکـــەمان بەجـــددی هـــەوڵی پێکهێنـــانی دەدات‌و هـــەموو هێـــزە نیـــشتمانی‌و نەتـــەوەیی‌و دیموکراتی لەعێراقدا لەخۆبگرێت).

(زۆر لەکەسـایەتی‌و هێـزەی کـوردیی جۆراوجـۆر بـەدەم ئـەم بانگـەوازە دڵـسۆزەوە هـاتن, چـونکە هەسـتیان بـەو رۆڵـە سیاسـیە ترســناکە دەکــرد کــەحزبمان پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان بەسەرکردایەتی بارزانی دەیگێڕا. ئەمەیش لەلایەن جەماوەری گەلی کـوردو لایەنـە دۆستەکانی لەهـەموو شـوێنێك بەسینگی فراوانـەوە پەسەندکرا).

(هـەروەها داوای لەجـەماوەری کوردسـتان بەشـێوەیەکی گـشتی کــرد کــەرابردوو فــەرامۆش بکــەن‌و جــەخت لەســەر برایــەتی‌و هاوکـاری‌و یـەکێتی ریزەکـان بکـەن‌و رێگـە لەوانـە بگـرن کـەکار بۆ دووبەرەکی دەکەن‌و لەوانەی کەدوژمنی گـەلن, چـونکە بـەدیهێنانی یەکێتی نیشتمانی لەسـەر ئاسـتی گـەلی کـورد زامنـی سـەرەکییە بۆ رۆڵـەکانی گـەل لەسەرانسـەری کۆمـاری عێراقـدا. رەوتـی دروسـتی بزاڤی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی گەلی کـورد, بەراشـکاوی ئـەوەی سـەلماند کـەپارتی دیمـوکرات بەسـەرکردایەتی بـارزانی, لـەرووی مێژووییەوە, سەرکردایەتییەکی شایستەیە, بۆ ئەوەی ئـەم خەباتـە مەزنە بەرەو سەرکەوتن ببات.

**تێبینیەکانیان لەسەر ڕەشنووسی بەیاننامەی نرخاندن:**

١. ڕایانگەیاند کەبەیانەکە نووسراوەتەوە, وەکو بابەتێك, بەوانمان گوت ئێمە دەریدەکەن, بەوەی بەیانێکە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەرچووە.

٢. گوتیان بەیانەکە ساردوسڕە, پێشنیاری ئەوەیان کرد مەسەلە هەنووکەییەکانیش بخرێنە سەری. ئێمەش بەگشتی پەسەندمان کرد, بەڵام ئێمە گوتمان ئەو پێشنیارانە شتی دووبارەی زۆریان تیادایەو درێژدادڕی زۆری تیادایە, و ئێمە کورتیان دەکەینەوە لەچەند دێڕێکداو, ئەوانیش ڕزامەندییان لەسەری دەربڕی.

**********

**بەڵام من دەڵێم:**

لەبەرگی سێیەمی کتێبی (کورد, دوژمنی خۆت بناسە)دا, بەدرێژی باس ئەوەم کردووە کەچۆن سەرانی بەعس بڕیارەکەیان گەیاند بەمەکتەبی سیاسی, گوایا سەرکردایەتی بڕیاری داوە کە لەبارزانی بەولاوە کەس بەبرای خۆیان نازانن و بەهێزبوونی بارزانی بەمانای بەهێزبوونی خۆیانە..

دوای سەپاندنی ئەم ڕایە بەسەر شەقامی کوردیداو دانانی کۆت وپێوەند لەسەر جموجۆڵی تاقمەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو ناچارکردنیان لەسەر جێبەجێکردنی نەخشە دوو قۆڵییەکەی (سەدام ـ بارزانی), ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ملیان بەداخوازییەکەی بەعسییەکان داو ئیبراهیم ئەحمەد حزبەکەی

خـــۆی هەڵوەشـــاندەوەو هـــەموویان چـــوونە ریـــزی حزبەکـــەی بارزانییەوە.

**لەکۆچی دوایی جەمال عەبدولناسردا:**

بـەڕێز سـاڵح مەهـدی عـەماش کـەئامادەی ڕێـوڕەسمی بـەخاك سپاردنی تـەرمی جـەمال عەبدولناسـر بـوو لەگـەڵ شـاندی نێـردراو لەلایـەن حکومـەتی عێراقـەوە, بـۆی گێڕامـەوە کەحکومـەتی میسـر بەجۆرێ مامەڵەیان لەگـەڵ جـەلال تاڵەبانیـدا دەکـرد هـەروەکو بلێـی سەرەك کۆماری دەوڵەتێك بێت, ئەوەش لەپرۆتۆکۆڵی رەسمیـدا کـە لەسەروبەندی بەخاك سپاردنی تەرمی جەمال عەبدوناسردا ئـەنجام درا.

مـن لـەو سـەردانەدا لەگەڵیـدا بـووم, لەسـەفوان پـۆلیس هـەموو شتومەکەکانیان پشکنی, بەبێ ئەوەی شتێك بـەبێ پـشکنین بـەجێ بهـێڵن, هـەروەها کاتـێ گەیـشتینە سەرسـنوری کوێـت, بەهـەمان شـێوە شـتومەکەکانمان پـشکێنران, دواتـر لـەئوتێلی فینیقیـا دابـەزینو ئـەو ماوەیـەمان پێکـەوە بەسـەر بـرد, خـۆ ئەگـەر ئـەو پارەیـەی بەدەسـتەوە بوایـە, کەبـەڕێز مەسـعود بـارزانی ئامـاژەی پێدەکات, ئەوا بڕێکی بەر ئێمە دەکەوت!

بـەڕێز مەسـعود بـارزانی لەکتێبەکەیـدا باسـی هەنـدێ بابـەت دەکـات کـەدوورن لەراسـتییەوەو تاوانبـارکردنی هەڵبەسـتراوی ناشایـستەی تیادایـە, کەمامۆسـتا ئیـبراهیم بـەوە تاوانبـار دەکـات کەهۆکاری دووبـەرەکیی نیـوان بـرا کوردەکانـەو, هۆکـاری رژاندنی

خـوێنی پاكـەو ڕۆژێ لـەڕۆژان كـارێكی نـەكردووە لەدۆسـییەی نیشتمانیدا تۆمار بكرێت! چەندە مـرۆڤ ڕقـی لەكەسێك بێت, نابێ هێندە دوژمنایـەتی بكات كەئەقڵ پەسـەندی نـەكات.. ئایا دەكرێ بەماست بڵێین ڕەشە!

هەروەها لەكتێبەكەیدا ئامـاژە بـەوە دەكـات كەمامۆسـتا ئیبراهیم ئەحمـەد هۆكـاری ئـەوەبوو ڕوونـاكبیران بكەونــە نــاو زەلكـاوی خیانەتـەوە.. ئـاخۆ ڕوونـاكبیر دركـی ڕاسـتییەكان ناكـاتو فریـو دەدرێت؟ بەكەسی ڕووناكبیر دەگوترێت.. ( قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ) ؟

خوێنەری هێژا..

ئەگـەر چـوار بـەرگی كتێبەكـەی منـت خوێندبێتـەوە, ئـەوا بـەو قەناعەتە دەگەیت كەمن, نە دوژمنایەتیم بۆ كەس ڕاگەیاندووەو نە ڕایدەگەیەنم, تەنیا ئەوەم لەئەستۆ گرتووە كە لەسەر كاغەز ئەوە بنووسـم كـەدەیزانمو كەسـانی دیكـە ئاگـاداری نـینو, پێویـستە لەسەر هەر سیاسەتمەدارێكی نیشتمانپەروەر بەسینگی فراوانەوە ڕەخنـە پەسـەند بكـاتو لەخـستنەڕووی ڕاسـتییەكان نەترسـێت, ئەگەر هاتوو ترسی لەوە نەبوو خیانەتكارییەكان بخرێتە ڕوو.

بـەبیرمان نایـەت ڕۆژێ لـەڕۆژان بـەڕێز مەسـعود بـارزانی یـان براكانی یان یەكێك لەبنەماڵەكەی تووشی ئازار بووبنو سەبارەت بەمـەلا مـستەفا بـارزانی لەبـەر ئـەوەی بەبـەردەوامی باسوخواسـم لەگەڵیـدا دەكـرد چـونكە لـەوەوە نزیـك بـوومو دڵنیـابوونم لـەوەی

نییەتم پاکە.. باسی کێشەکانم لەگەڵیدا دەکردو مەخابن بەدەگمەن سەرکردەیەك دەبینین باسوخواس پەسەند بکات.

من سەرزەنشتی بنەماڵەی بارزانی ناکەم سەبارەت بەو کارە نابەجێیانەی ئەنجامیان داوە, چونکە ئەم بنەماڵەیە بەرەزامەندیی سیاسەتمەداران و سەرکردە مەیدانیەکان و سەرەك خێڵەکان پۆستی سەرکردایەتییان وەرگرتووەو بوونە بەسەرکردەی کوردستان, بۆ ماوەی زیاتر لە٥٠ ساڵ.

لێرەدا, دەمەوێ پشتگیریی لەبەرێز مەسعود بارزانی بکەم کەپلەی خیانەتی بەبەڕێزان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو بەرێز جەلال تاڵەبانی و, بەرێز حەمزە عەبدوڵلا بەخشی, لەبەر ئەوەی تاجی سەرۆکایەتییان بەمەلا مستەفا بارزانی دا, کەزۆر بەداخەوە دەڵێم کەشایستەی ئەو پلەیە نەبوو, چونکە مەزەندەکارییەکانی ئەوان هەڵەبوو و بینیمان چۆن ماوەی پەنجا ساڵ گەلی کوردستان باجەکەی دا. هەیە دەڵێت لەرەگوڕیشە هەڵکەندنیان کارێکی مەحاڵە.. بەڵام دەستی خودا لەسەرووی هەموانەوەیەو باشترین بەڵگەی زیندووش سەدام حوسێە, بەهەموو ئەو دەسەڵات و زۆرمەندییەوە بەسەر عێراقییەکاندا, بۆ ماوەی زیاتر لە٣٥ ساڵ ئێستا وەکو چەتەی دەربەدەر خۆی حەشار دەدات بۆ ئەوەی ژیانی خۆی, تەنانەت لەمنداڵ و ژنان بپارێزێت و لەکولانەیەکی بچووکدا دەستگیر دەکرێت, زەمانە دەوران دەورانە.

بڕیارم لەسەر دەرکردنی بەرگی پێنجەم نەدەدا، ئەگەر کتێبی (البارزاني والحركة التحريرية الكوردية)ی بەرێز مەسعود بارزانیم نەخوێندایەتەوە، چونکە لەپەنجاکانەوە، من لەنزیکەوە لەگەڵ بارزانیو بنەماڵەکەیو بەڕێزان ئیبراهیم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانیدا بوومو، بەوەی ئاگاداری هەموو لایەنەکانی ژیانیانو هەڵوێستیان بووم، نەمتوانی خۆم بگرمو وەڵامی ئەم بەشە نەدەمەوە، کەبینیم هەندێکی هەڵەشەیی تیادایەو لەراستییەوە دوورن. سەبارەت بەئیبراهیم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانیش، تا ئەمڕۆ نەمبینی بابەتێك بڵاوبکەنەوە هەندێ لەراستییەکان لەسەر بنەماڵەی بارزانی بخرێتە روو، لەکاتێکدا ئەوان لەهەر کەسێکی دیکە زیاتر ئاگاداری نهێنییەکانی بارزانین، نەك هەر ئەوە، بەڵکو توانییان وێنایەکی جوان لەبارزانی بەخەڵکی کوردستان بدەن، کەئەو سەرکردە پاکەیە کەخودا ناردی تاوەکو فریای کوردستان بکەوێتو رزگاری بکات، بەڵام گەورەترین بەڵگە کەراستیی ئەم داستانە هەڵبەستراوانەی سەبارەت بەقارەمانێتی بارزانیو ئایدیۆلۆژیاکەی هەڵوەشاندەوە، کارەساتی ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦ بوو، کەهەموو زامەکانی کولاندەوە، بۆ ئەوەی ئازاری کارەساتی شکستهێنانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٥، دووبارە بکاتەوە.

دوای ئەوەی تەرمی شێوێنراوی قوسەی سدام حوسێنمان لەتەلەفزیۆندا بینی کەسەرکردایەتی سوپای کرد بۆ سەرخستنی بنەماڵەی بارزانی بەسەر ویستی گەلدا" ئایا ئەو دەرفەتەی

لەبارزانی نەسەندەوە, کەبتوانێت دووبارە فەرمانڕەوایی خەڵکی کوردستان بکات! هەر جارێ پێغەمبەر (د.خ) دەڵێت (لا یلدغ المؤمن من حجر مرتین) واتە جارێ منت خەڵەتاند خوا بتگرێت, جاری دووەم منت خەڵەتاند خوا خۆم بگرێت!

خوێنەری هێژا..

لێرەدا دەمەوێت خاڵێکی گرنگ بۆ هەمووان روون بکەمەوە, رەنگە خوێنەری تازە پێهەڵکەوتوو بپرسێت هۆی مانەوەی بنەماڵەی بارزانی لەسەر تەختی دەسەلاّت چی بێت دوای ئەو هەموو تاوانانەی بەرامبەر بەگەلی کورد بەگشتی لەکوردستانی گەورەدا ئەنجامبان دا؟ چەندین هۆکاری سەرەکی هەیە کەپشتی هەڵوێستی بنەماڵەی بارزانی دەگرێت و زیاتر سەقامگیریان دەکات و رەگیان دادەکوتێت:

١ ـ رێکەوتنیان لەسەر ئەنجامدانی هەر کارێکی باش و خراپ, لەپێناوی مانەوە لەسەر تەختی دەسەلاّت و رەواندنەوەی هەموو جیاوازییەکی نێوان خۆیان, بۆ ئەوەی هەڵوێستیان لاواز نەبێت کە لەدوو خاڵدا خۆی دەگرێتەوە: پارەو ژن.

٢ ـ ئەو پێگە ئیدارییەی بۆیان ماوەتەوە کە لەرێگەیەوە بڕیارەکان بەکەیفی خۆیان دەردەکەن و ئەو سامانە زۆرەی بەدرێژایی ئەو سالاّنە بەدەستیان هێناوە کە لەڕێگەیەوە کەسانی نەفس نزمی پێدەکڕن و بەئاسن و بەئاگر, وەکو پیشەی هەر دیکتاتۆرێك لەجیهاندا, دەسەلاّت بەڕێوەدەبەن.

٣. وێناکردنی کەسێتی بارزانی وەکو قارەمانێکی ئەفسانەیی نەمر کە لەئاسمانەوە رەوانە کرابێت، هەر لەخزمەتی ئەو خاڵانەی سەرەوەدایە.

٤ . رێکەوتنی بەردەوامیان، لەهەر کاتێکدا لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمی عیراق، ئێران، تورکیاو سوریاو دڵنیاکردنیان لەوەی مەترسی لەسەر ئاسایش‌و سەروەریی‌وڵاتەکانیان پێکنایەنن.. چۆن بڕوا بەوە دەکرێت کەسیاسەتی بنەماڵەی بارزانی راست بێت‌و، لەکاتێکدا سەرجەم گەلی کورد لەسەرانسەری ناوچەکەدا هەڵەبن. ئەگەر یەکێك لەو وڵاتانە بەنیازبوونایە مافی گەلی کورد بدەن، بۆچی کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەچەوسێننەوەو بەشانۆ باڵی کوردایەتیی بنەماڵەی بارزانیدا هەڵبدەن..؟

٥ . پشتگیریی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەرابردوو، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەئێستادا بۆیان، ئەوەتا هەر کاتێ بنەماڵەی بارزانی رووبەرووی قەیران بوونەوە، دەبینین مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دەستپێشخەر بوو و ئەمڕۆ جەلال تاڵەبانی لەرووی مەعنەوی‌و سیاسییەوە یارمەتییان دەدەن، لەژێر دروشمی دانوستان لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیداو، لێرەدا پرسیارێك بەمێشکی هەموو سیاسییەکاندا دێت، بۆچی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەو سەردەمەداو ئەمڕۆ جەلال تاڵەبانی خودی مێژوو راست ناکەنەوەو عەدالەت ناخرێتە سەر رەوتی خۆی؟ بۆ نموونە، لەساڵی ١٩٦٤دا، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد داوای لێکردم، تا

بکەومە بەینی خۆی‌و بارزانییەوە، ئەوسا دکتۆر مەحمود عوسمان‌و مامۆستا فوئادو جەلال سەردانیان کردم لەقەڵادزێ لەماڵی باوکم کەئەو سەردەمە پەیوەندیی توندوتۆڵیان بەبارزانیەوە هەبوو، دوای ئەوەی سێ قۆڵی باسوخواسمان کرد، سەبارەت بەم بابەتە، بەتەواوی پشتگیریی بۆچوونەکەی منیان کردو ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی بەجددی کار بۆ ئەم ئاشتکردنەوەیە بکەین.

ئەوەی لێرەدا جێگەی داخە ئەوەیە کەزۆربەی سەرەك حزب‌و سیاسەتمەدارەکان تا ئێستا درکی ئەوەیان نەکردووە کەئەگەر بۆیان بڕەخسێت، جگە لەخۆیان کەس بەسەرکردە دانانێن.

**********

## شەڕی کەلەکێن ـ لاپەڕە (٢٠٦)

لەساڵی ١٩٦٦وا ڕێکەوت کەحوسێن جاش‌و عومەر خزر سورچی دوو برای حمەزیاد فەقیانییان لەچیای کۆڕەك، بەشێوەیەکی ناڕەوا کوشت. حمەزیاد پێشمەرگەیەکی قارەمان بوو،و لەناو هەڤاڵەکانیدا چاونەترس‌و ئازا بوو.

ڕۆژی ٢٠ی کانونی یەکەم هات بۆلام گوتی: ڕێگەم پێبدەن تۆڵەی دووبراکەم لەحوسێن‌و عومەر بسەنمەوە، منیش لەوەڵامدا گوتم ناتوانم هیچ بڵێم تا دەمی باوکم تاقی نەکەمەوە. بەڵام ئەو چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد، هاتەوە بۆ دەوروبەری کەڵەکێن نەك بەمەبەستی تۆلەسەندنەوە. حسێنی جاش هەستی بەوەکرد هاتۆتە ئەو ناوە، بۆسەیەکیان بۆ نایەوەو دوو پێشمەرگە شەهید

بوون‌و پێنجی دیکە بریندار بوون کە لەگەڵیدا بوون. ئەوسا بارزانی ڕێگەی پێدا تەمێیان بکات, ئەوەبوو هێزی باڵەك دەوری گوندی کەڵەکێنییان دا. لەرۆژی ٢٧ی کانونی یەکەمدا, عەزیز شەریف لەگەڵ عەبدولوەهاب ئەتروشی پارێزگاری هەولێر هاتن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە, بەڵام محەمەد عەلی سەعیدی فەرماندەی فیرقەی دوو بەهێزەکانیەوە خۆی گەیاندە سپیلك‌و فرمانی بەتۆپەکانی دا تۆپبارانی شوێنەکانی هێزی باڵەك بکات کەدەوروبەری کەڵەکێنیان دابوو و لەسەر فرمانی بارزانی من‌و ئیدریس‌و عەزیز شەریف‌و عەمید محەمەد عەلی سەعید روومان لەو شوێنە کرد بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان بکشێنە دواوە.

کاتێ گەیشتینە خەلیفان, عەلی خوان ئاگاداری کردین کەشەڕەکە بەرپابووە لەکەڵەکێن‌و پێشمەرگەکان چوونەتە ناو گوندەکەوەو جاشەکان بۆ سەربازگەی سپیلك هەڵهاتوون. ئەو تۆپبارانە بووە هۆی شەهیدبوونی شەش پێشمەرگەو کوشتنی ئەو شەش کەسە هێندە کاریگەریی لەسەرم هەبوو, ئەوەبوو رووم کردە محەمەد عەلی سەعیدو پێم گوت: تۆ تاوانباریت‌و خۆت بەرپرسی ئاکامی کارەکەت دەبیت. ئەویش هەستی بەگەورەیی ئەو کارە کردو لەئاکامەکەی ترساو ئیتر هەڵپەی ئەوەی دەکرد کەرێگەچارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە.

فرمانمان دەرکرد تا رووی تۆپەکانی پێشمەرگە بکرێتە سەربازگەی سپیلك‌و تۆپبارانی بکەن‌و, درکی ئەوەیان کرد

کەشەڕێکی گەورە لەنێوان هێزەکانمان‌و سوپادا بەرپادەبێت، عەزیز شەریف هەوڵی زۆری دا بۆ راگرتنی تۆپبارانەکە. دواتر لەسەر ئەوە رێکەوتن کرا ئەو جاشانە لەکەڵەکێنەوە بگوێزرێنەوە بۆ بەغداو هێزی پۆلیس لەشوێنیان دابنرێت‌و رێگە نەدرێت پێشمەرگە بچنە ناو گوندەکەوەو، بەمەش کێشەکە چارەسەرکرا.

**********

**بەڵام من دەڵێم:**

**گوندی کەلەکین، بنەماڵەی خدر ئاغای سورچی**

لەبەشەکانی دیکەی کتێبەکەمدا، ئاماژەم بەم بنەماڵەیە کردووە، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەهەندێ خاڵ بکەم کە لەوێدا باسم نەکردووە.

بنەماڵەی خدر ئاغای سورچی خێڵێکی گەورەی کورد بوو کە بەبەردەوامی لەلایەن بارزانیەوە پەلامار دەدران‌و ستەمیان لێدەکرا، تەنیا لەبەر ئەوەی ملکەچی فرمانەکانی نەدەبوون‌و لەبەر ئەوەی لەناو خێڵەکەی خۆیاندا دەسەڵاتدار بوون، لەبەر ئەوەی بارزانی پێگەی خۆی هەبوو لەناو بزووتنەوەی کوردی‌و بۆ پاراستنی ئەو پێگەو دەسەڵاتەی خۆی کە بەشێوەیەکی خۆڕسکانە مرۆڤ حەز بەوە دەکات باڵادەست بێت، بۆیە ئەم بنەماڵەیە، وەکو کەسێ لەحاڵەتی خنکاندا، پەنا بەگژوگیاش دەبات، ئەمانیش پەنایان بردە بەر دەسەڵاتی عێراق.

لەماوەی پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتی عێراقدا, هەموو خەڵکی ناوچەکەو حزبە سیاسیەکان, جگە لەحزبەکەی بارزانی شایەتی ئەوە دەدەن کەهەڵوێستیان باش بووە, بەڵام من بۆ خۆم هەر لەشەستەکانەوە, پەیوەندیم لەگەڵ ئەم بنەماڵە ڕێزدارەدا باش بووە. لەحەفتاکانەوە کێشە لەگەڵ بارزانیدا دەستی پێکرد, لەگوندی کەڵەکێن حسێن ئاغاو عومەر ئاغای برای لەرێگەی منەوە گەیشتن بەفوئاد عارفو تەها محیەدین بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەو کەمکردنەوەی دژایەتیکردنی بارزانی بۆ ئەو بنەماڵەیە.

لەساڵی ١٩٨٣دا, کاتێ بەنهێنی وەکو نێرداروی تاڵەبانی سەردانی ئەو گوندەم کردو چاوم بەزەید ئاغای سورچی کەوت, هەڵوێستێکی هەبوو کەمێژوو تۆماری کردووە, کە بەدرێژی لەبەرگەکانی کتێبیەکەمدا باسم کردووە کاتێ ڕژێم هەستا بەبۆمبارانکردنی کیمیاوی گوندەکانی ناوچەکە, زەید عومەر ئاغا هەڵوێستێکی جوامێرانەی هەبوو کاتێ چەکی ڕاکێشا لەئەفسەری ئەمنی فیرقەی ٥٤ کەلەو ناوچەیەدا بوون بۆ ئەوەی گوندنشینە بریندارەکان چارەسەر بکاتو, خەڵکە گیراوەکە بەربدات.

ئازاردانیان لەلایەن بارزانیو هەوڵی کوشتنی ئاغاکانیان, دوای ئەوەی سوورچیەکان بەسەرۆکایەتی عومەر ئاغا پێشمەرگەی پێکەوەنا, کەرۆڵێکی قارەمانانەی هەبوو لەشەرەکاندا دژی حکومەتی عێراق, وێرای چەندین هەڵوێستی دیکە, بۆ نموونە کاتێ وەفیق سامەرائی بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سەربازی بوو,

ئەوەبوو حکومەتی بەعس بڕیاری دابوو کەکوردە چەکدارەکان کەهاوکاریان بوون, بەشداری بکەن لەسەرکوتکردنی راپەڕینە جەماوەرییەکە لەباشووری عیراق, بەڵام رۆڵی بەرپەرچدانەوەی حسێن ئاغاو وەستانەوەی بەرووی بڕیارە ستەمکارانەکەی رژێم, کەدوژمنایەتیی نێوان هەردوو گەلی کوردو عەرەبی قوڵتر دەکرد, وای لەحکومەتی عیراق کرد لەو بڕیارە پاشەگەز ببێتەوە.

لەڕاپەڕینە پیرۆزەکەی گەلی کوردستان لەساڵی ۱۹۹۱دا, رووبەرووی فەرماندەی فەیلەق و فەرماندەی هەردوو فرقەی ناوچەکەبووەو پێی راگەیاندن کەناوچەکە بەجێ بهێڵن و ئەوەی کەدەچێتە ریزی جەماوەرەوەو مەرجی ئەوەی بۆ دانان کەخۆیان بەدەستەوە بدەن و بیاننێرێت بۆ بەغدا بەبێ ئەوەی تووشی زیان ببنەوە, بەمەرجێ دەست لەشەڕ هەڵبگرن. یەکسەر فەرمانرەوای فەیلەق بەتەلەفۆن پەیوەندی بەعەلی کیمیاوییەوە دەکات و لەهەوڵوێستی حوسێن ئاغاو سوورچییەکان ئاگاداری دەکاتەوە, گفتوگۆی تەلەفۆنی ئەنجام دەدەن و عەلی کیمیاوی بەحوسێن ئاغا دەڵێت: ئەبو عەزیز ئەمڕۆ رۆژی یەکلایی کردنەوەیەو تەنیا چاوەڕوانی ئەوە لەتۆ دەکەین بەرەوڕووی راپەڕینی کوردەکان لەناوچەکەتاندا بوەستیتەوە.

حوسێن ئاغا لەوەڵامدا دەڵێت ئەمە دوا بڕیارمەو ئەمە دواڕۆژی چەکداری منە لەبەرامبەر گەلی کوردستان و لەکۆتاییدا بەتۆ رادەگەیەنم, کەسەرانی سوپاکەت بەخۆ بەدەستەوەدان دەتوانن

گیان‌و ژیانی خۆیان بپارێزن‌و لەوەدا کەناوچەکە بەرەو بەغدا بەجێ بهێڵن.

دوای دەرچوونی بەیانی ١١ی ئادار، بارزانی زیاتر تووشی تاکڕەوی بوو، ئیتر چاوپێکەوتنی بوو بەرکارێکی قورس، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی سەرەك خێڵەکان هەوڵیان دەدا چاویان بەو بکەوێت بۆ دابینکردنی ژیانی خێزانەکانیان‌و دەبوا چەندین سەعات‌و چەندین رۆژ چاوەڕوانی ئەوە بن کەبارزانی رێگەیان پێبدات بۆ چەند خولەکێك چاوی پێیان بکەوێت‌و، لەکاتی چاوپێکەوتنیشدا سووکایەتی پێیان دەکرد. بەڵام لەناو ئەو سەرەك خێلانەدا کەسی وەکو حسێن ئاغای سوورچی‌و عومەر ئاغای سورچی‌و موحی هەرکی‌و زێبارییەکان‌و ئەسعەد ئاغا شیتنە هەبوون، کەهەوڵی چاوپێکەوتنی ئەویان نەدەدا.

لەبەر ئەم هەڵوێستەی حوسێن ئاغا کەئەویش پاراستنی شکۆمەندی خۆی بوو، تاقمێك لەپیاوانی بارزانی هەوڵی تیرۆرکردنیان دا، کە لەنێوان خەلیفان‌و کەڵەکێندا بۆسەیەکیان بۆ نایەوە ئەگەرچی بریندار بوو بەڵام بەسەلامەتی دەرچوو. ئەم رووداوە لەساڵی ١٩٦٧دا بوو، بەفرمانی خودی بارزانی، هەر ئەمە بووە هۆی دوژمنایەتیی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر لەسیاسەتمەداران‌و پیاوماقووڵان هەوڵیان دا نێوانیان ئاسایی بکەنەوە، لەوانە مامۆستا عەزیز شەریف کەسایەتی عەرەبی ناودارو هەروەها بەڕێز فوئاد عارف کەبۆ خۆی

داستانی سەردانەکەی بۆ گێڕامەوە, هەروەها شێخ رەزا گوڵانی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێریش.

دوای ئەوەی ئیدریس بارزانی تاقمێك لەچەکدارەکانی خۆی کۆکردەوەو بەرەو گوندی سریشمە بەڕێ کەوتن, سێ بەسێ تەڵاقی خوارد کەدەبێ سوورچییەکان لەناو ببات‌و کەڵەکێن داگیر بکات, تەنانەت باوکی سەرزەنشتی کرد بەهۆی ئەو تەڵاق خواردنەوەو بۆی دووپات دەکاتەوە کەداگیرکردنی کەڵەکێن کارێکی ئاسان نییە, چونکە خەڵکێکی خۆبەخشی تیادایە تامردن بەرگری لێبکەن. ئیدریس بارزانی پەلاماری ئەو گوندەی دا, بەڵام بەرەنگاری دانیشتوانەکەی لەهێزەکەی ئەو بەتواناتر بوو, تەنانەت ژنەکانیش چەکیان هەڵگرت بەروویداو دوانیان بریندارکران: خوشکە فاتمەو خوشکە خەدیجەو ٢١ سورچییش بریندادربوون, هێزەکەی ئیدریس بەشکاوی گەڕایەوە, تا گەیشتنە سریشمە, ئەحمەد مەلای دانیشتوانی سریشمەو حەمەد عەلی عبدوڵڵاو حەمەد عەبدوڵڵا کوژران. جارێکی دی ئیدریس بارزانی پەلاماری دایەوەو ئەو جارەش شکستی هێناو لەو شەڕەدا باوکە ئامۆکەیی دانیشتووی گوندی ئامۆك کوژراو داوتر یەکسەرو بەفرمانی دەسەڵاتی عیراق ئاگربڕ راگەیەندراو لەشوێنی سورچییەکان سەربازی عیراقی سەقامگیربوون‌و بارزانییەکان ئەوەیان قۆستەوەو جارێکی دیکە پەلاماری کەڵەکێنیان دا, بەڵام خۆیان لەبەرامبەر سوپادا بینیەوەو شەڕ دەستی پێکرد لەنێوانیانداو حەوت سەرباز

کوژران کەیەکێکیان ئەفسەر بوو, دوای ئەوە سورچییەکان دژە هێرشیان ئەنجام داو هێزەکانی بارزانی تارومار بوون‌و پەنایان بۆ سوپای عیراق برد. ئەمەیش وای لەرژێم کرد گوشار بخاتە سەر حوسێن ئاغا بۆ ئەوەی هێرەشەکەی رابگرێت‌و ناچاری بکات ناوچەکە بەجێ بهێڵێت‌و بەئۆتۆمبێلێکی سەربازی حوسێن ئاغا گوێزرایەوە بۆ سەربازگەی سپیلك‌و لەوێوە بەهەلیکۆپتەرێك بۆ کەرکوك, لەکاتێکدا حوسێن ئاغا خەریکبوو سواری فرۆکەکە ببێت. عەبدولوەهاب ئەتروشی گوشاری خستە سەر پێی حوسێن ئاغاو گوتی ئەگەر لەناو کورددا بمێنێتەوە ئەوا کەس شان لەشانت نادا. لەکەرکوکەوە گوێزرایەوە بۆ بەغداو لەوێ مایەوەو بەئۆتۆمبێلی سەربازی دانیشتوانی کەڵەکێن گوێزرانەوە بۆ موسڵ بۆ ئەوەی لەوێ بژین‌و, بەنهێنی مولازم محەمەدو مولازم عەزیز حسێن ئاغاو مولازم جەمیل لەگوندی کەڵەکێن بۆ ماوەی ساڵێك لەسەرەتای شەڕەکەوە مانەوە.

**خوێنەری هێژا**

لەهەموو کاتێکداو لەو کاتەدا کەبارزانی گوشاری خستبووە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەدیهێنانی ئامانج‌و خواستەکانی‌و ئەگەرچی بارزانییەکان ویستیان گوندی کەڵەکێن داگیر بکەن, بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناو ئێستا سەربازانی سوپا لەگەڵ (١٥) خێزاندا, لەو گوندە ماونەتەوە.

**بەڵگەیەك لەڕوونكردنەوەدا**

كوڕی ئەبوبەكر حەمەئەمین حەم، هەموو ژیانی لەكەڵەكێن بەسەر بردبوو، كاتێ رووداوی ١٦ی ئابی ١٩٩٦ لەگوندی كەڵەكێن لەگەڵ كۆمەڵێ لەخەڵكیدا رایان كردو ئێستا لەناوچەی رانیه لەناحیەی سەروچاوە دەژیو تا ئێستایش پەیوەندیی باشی لەگەڵ بەڕێز زەید سوورچیدا هەیە. عەزیز دەڵێت كەباوكیو مامی شەهید كرا، بەم شێوەیە ئەبوبەكر حەمەئەمین حەمو مستەفا حمەئەمین حەم لەبەرزاییەكانی چیای كۆڕەك (دارە هێشل) لەساڵی ١٩٦٥ دا كوژران، حمەزیاد حمەئەمین حەم لەساڵی ١٩٧٤ لەشەڕی كۆڕەكدا كوژرا.

بۆ زانیاریی زیاتر، هەموو ئەو هێرشو پەلامارانەی بنەماڵەی بارزانی بۆ سەر كوڕانی خدر ئاغا سورچی بێ هۆ بوون.

*********

**شەهیدانی كەرتی مەدەنی ـ لاپەڕە ( ٢٧٦ )**

ئەو شانەیەی لەیلای تیادا بوو خوێندكاری زانكۆ بوون: حەسەن حمە رەشیدو ئازاد میرانو نەریمان مەستی، جگە لەكرێكارێك بەناوی (جواد) (..).

لەشەوی ١٢/ ١٣ لەمانگی ئایاری ١٩٧٤ ئەو پێنج كەسە بەسەربەرزی چوونە بەر پەتی قەنارەو بەبێ ترس، هەروەكو هەندێ لەوانەی ئاگاداری لەسێدارەدانیان بوون گەواهی ئەوە دەدەن. ئەو شانەیە پەیوەندییان بەمونزر نەقشبەندی ئەندامی لقی

پێنجی بەغداو حەیدەر عەلی ئەندامی لیژنەی ناوچەی خانەقین هەبوو, دواتر دەرکەوت کەئەو دووانە لەساڵی ١٩٧١ـەوە خۆیان بەرژێم فرۆشتبوو.

*********

**لێرەدا من دەڵێم:**

مەخابن دوای هەوڵێکی زۆر نەمتوانی شتێك بکەم, ئەوەبوو لەیلا قاسمو هەڤاڵەکانی بڕیاری لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراو فەرمانەکەش جێبەجێ کرا.

پیاو ماقوڵانی خێڵی جاف داوایان لەمن کرد تەرمەکەی سەلاح جاف وەربگرم کەیەکێك بوو لەوانەی لەگەڵ لەیلا قاسمدا لەسێدارەدران و بارودۆخەکە لەوکاتەدا ئاڵۆز بوو و شەڕی نێوان حزبی بەعس و شۆڕشی کورد لەو پەڕیدا بوو, رۆژانە کوژراوو بریندار دەنێررانەوە بۆ کەسوکاریان.

بەتەلەفۆن پەیوەندیم بەوەزیری ناوخۆ سەعدون غێدانەوە کردو پێم گوت (ئەگەر کەسێك مرد, شەیتانیش دەستی لێ دەشوات), ئەوانەی لەسێدارەدران (١٧) کەس بوون و پلەی گەرما بەرز بوو, بارودۆخەکەش ئاڵۆز بوو, ئەگەر رازی بن ئەوا تەرمەکانیان لەپزیشکی دادوەری وەردەگرم و بەئارامی لەگۆڕستان بەخاکیان دەسپێرم. پێشنیارەکەمیان پەسەند کرد.

داوام لەپیاو ماقوڵانی خێڵی جاف کرد, تەنیا دوو ئۆتۆمبێل بێنن, کاتێ گەیشتینە بەردەم فەرمانگەی پزیشکی دادوەری,

چاومان بەپیاوێکی پیرکەوت, کورتە باڵایەکی عەینەك لەچاو بوو, مەزەندەی ئەوەم کرد پیاوی ئەمنی ناوچەی وەزیرییەی بەغدا بێت, پرسیارم لیّ کرد: لێرە چی دەکەیت؟

بەسووکی پێی گوتم: لەیلای کچم لەنێوان لەسێدارە دراوەکاندایە, من باوکی ئەوم. گوتم: ئێمە هەمووومان کوڕی تۆین, ئەوە یەکەم جارە کچێك لەپێناوی گەلەکەیدا, لەمێژووی عێراقدا لەسێدارە بدرێت کەئەویش کچە کورد لەیلا قاسمە.. پێم گوت چیت دەویّ بۆتی ئەنجام بدەم؟ داوام لێکرد بڕی (..) دینار لەمن وەربگرێتو تکام لێی کرد وەکو دیاری لەمنی وەربگرێت, کەتەنیا ئەو بڕە پارەیە لەگیرفانمدا بوو.

گوتی: من خاوەنی گەورەترین سامانم لەکوردستان, من باوکی لەیلام, هیچ شتێکم ناویّ تەنیا تەرمەکەی لەیلا نەبێت. فرمێسك بەچاومدا هاتە خوارەوە. گوتی: لەیلا رازی نابێت کەس بۆی بگری, ئەمڕۆ سەردانمان کرد لەزیندان, سیّ جار جلی گۆڕی, هیچی نەخوارد بۆ ئەوەی لەکاتی سێدارەدانیدا نەڕشێتەوە. دەڵێن گوایا ترساوە, بەڵام ئەو پێدەکەنیو نوکتەی بۆمان دەگێڕایەوە, ئێمەش بەڵێنمان بەو دا ئەمشەو نەگرینو قسەوباسمان دامەزراندو تا بەیانی پەژارە دایگرتبووین.

ئەمبۆلانسێك هاتو تەرمەکانی هەڵگرتبوو, هەموویانی لەسەر یەکتری کەڵەکەکردبوو, لەیلا لەسەرووی هەموویانەوە بوو کەناوی

لەمێژووی شەهیدانی کورددا تۆمارکراو ناوی لەبیری هەمواندا مایەوە.

مەکتەبی بارزانی داوای لەمن کرد ئەو تاوانبارە پەیدا بکەم کەبووە هۆی لەسێدارەدانی لەیلا قاسمو هەڤاڵەکانی، کە(مونذر نەقشبەندی) بوو. لەکتێبەکەمدا (کورد دوژمنی خۆت بناسە، لاپەڕە ٤١ ـ ٤٢) کە لەساڵی ٢٠٠٠دا بڵاومکردەوە ئاماژەم بەلەیلا قاسم داوە.

**تێبینی:**

هەموو شتێك لەم دونیایەدا نرخی خۆی هەیە، تەنانەت بەهەشتیش کەخودا مزگێنی پێداوین نرخی خۆی هەیە، ئەوەیش بەوازهێنان لەخۆشییەکانی دونیا، خۆشی بەهەشت دەستەبەر دەکەین.. تەنیا خودا دەتوانێت خەڵاتی ئەوە بکات کەقوربانی بەژیانی خۆی دەدات‌و بەنەمری لەهزرەکاندا دەمێنێتەوەو بنەماڵەکەیشی رێزو پێگەی بەرز بەدەست دەهێنێت، ئەمڕۆ لەکوردستاندا چەندین حزبی کوردستانی هەیە، هەوڵ دەدەن بۆ کۆکردنەوەی لایەنگران لەدەوری خۆیان، لەرێگەی دەستەبەرکردنی رەزامەندیی بنەماڵەی شەهیدان بەوەی مووچەو زەوییان دەدەنێ، لەکاتێکدا جاران فەرامۆش کرابوون.

بۆ نموونە لە١٢ ـ ١٩٧٤/٥/١٣ دا قارەمانانی وەکو لەیلا قاسم‌و نەریمان مستەفاو ئازاد میران‌و حەسەن حمە رەشیدو جواد بەدەستی بەعسییەکان لەسێدارە دەدرێن، دەبینین لەمایسی ساڵی

٢٠٠٣دا, دوای ئەو هەموو ساڵانە, ساڵیادیان بۆ ساز دەكرێت. هەروەها حەمە تەلانی كە لە ١١/ ٩/ ١٩٦١دا شەهید كرا, بۆ یەكەمین جار لەساڵی ٢٠٠٣دا ساڵیادی بۆ دەكرێت, كەكاتێ شەهید كرا, سەركردەی بەرەی پێشمەرگە بوو, لەنێوان چەمچەماڵو دەربەندی بازیان لەشیوە سوور, لەیەكەمین سەنگەری رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمندا, لەگەڵ خزمەكانیدا (عەزیز نەجم, فەقێ عەبدوڵڵا ئەحمەد شەریف) هەموویان لەكاتێكدا شەهید بوون كەبەرگرییان لەخاكی كوردستان دەكرد, كەبرا گەورەی كوێخا ئیسماعیل حەمەئەمین بوو, لەگوندی تەلانو كەسایەتییەكی ناودارە لەهەموو كوردستاندا.

لێرەدا دەمەوێت شتێكی خۆش بگێڕمەوە, لەمایسی ساڵی ٢٠٠٣دا, لەبەغدا كۆبوونەوەیەكی گشتی ساز كرا, وەكو یادی شەهیدی قارەمان لەیلا قاسم, لەم بۆنەیەدا, یەكێك لەئەندامانی پەرلەمان كەسەر بەلیستی زەرد بوو سەردانی پەرلەمانتارێكی سەر بەلیستی سەوز دەكات, دوای باس‌وخواس داوای لێدەكات وەكو نوێنەری بەڕێز مەسعود بارزانی سكاڵانامەیەك دژی مونزر نەقشبەندی بەرز بكاتەوە, كەبووە هۆی لەسێدارەدانی لەیلا قاسمو هەڤاڵەكانیو گوتی كەئەو تاوانبارە ئێستا لەهەولێر دەژی. خۆ ئەگەر بەرەسمی داوات لەسەری تۆمار كرد, بەڵێنت دەدەمێ كەزیندانی دەكرێتو لەدادگاییەكی عادیلانەدا سزای خۆی وەردەگرێتو ئەم بەڵێنە لەبەڕێز مەسعود بارزانییەوە.

ئەوی دیکە وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت: بەپێی یاساوڕێسا, بەڕێز مەسعود بارزانی دەسەڵاتی ڕەهای لەهەولێردا هەیە, ئەگەر بیەوێت داد شوێنی خۆی بگرێت, ئەو پێوستی نە بەمنو نە بەیەکێکی دیکەیە, کەمن برای یەکێك لەوانەم لەگەڵ لەیلا دا لەسێدارەدران, کەداوا لەسەر ئەو تاوانبارە تۆمار بکەم لەدادگادا؟

وەڵامی ئەو پرسیارەی کەهۆی ئەوەی بەڕێز مەسعود بارزانی نایەوێت مونزر نەقشبەندی توڕە بکات ئەوەیە کەئەوانە بنەماڵەیەکی ڕەسەنو ناودارن لەکوردستانداو زۆربەی بنەماڵەکەی نیشتمانپەروەرو نەجیبزادەو بەناوبانگن لەکوردستانداو کاریگەری زۆریان دەبێت لەدەنگدانی داهاتووداو هۆکاری دووەمو گرنگتر ئەوەیە کە: لەڕێگەی حزبی بەعسەوە مونزر نەقشبەندی پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ بەڕێز مەسعود بازانیدا هەبووو نهێنی زۆری لەسەری هەیە, بۆیە نایەوێت توڕەی بکاتو ئەو نهێنییانە بڵاوبکاتەوەو پەیوەندییە گومان لێکراوەکانی دەربخات..

## بەشی حەڤدەهەم ـ لاپەڕە (٢٩١-٢٩٣)

## هەوڵی خراپکاری ـ کڕینی خەڵك

دوای ماوەیەکی کەم لەمۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ئادار, ڕژێم توانی ژمارەیەکی زۆر لەکادیرانی حزبو شۆڕش تەیار بکات, کەچەندین سەرکردەی وەکو عەزیز عەقراوی ئەندامی مەکتەبی سیاسیو هاشم عەقراوی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو پارێزگاری دهۆك جگە لەشەش یان حەوت کەخزمانی تیادابوو, و ڕژێم توانی

فاخر محەمەد ئاغا مێرگەسووری بۆ ناو سەنگەری خۆفرۆشی رابکێشێت.

ئەوەبوو گوشار خرایە سەر ئەم جەنگاوەرە بوێرە, دوای ئەوەی ئازایەتی دەرکەوت لەشەڕەکانی هەندرێن لەساڵی ١٩٦٦دا, کەلەوە کەمتر نەبوو کەپاڵاوتی بۆ بەئەندام بوونی لەکۆمیتەی ناوەندی, لەکۆنگرەی هەشتەمی حزبو دواتر بوونی بەبەرپرسی لق لەسلێمانی, کەیەکێك بوو لەلقە گرنگەکانی حزب (..).

پەیوەندیی فاخر لەگەڵ بەرێوەبەری گشتی ئەمن نازم گزاری خوێنرێژدا دەستی پێکرد, پەیوەندییەکە راستەوخۆ بوو, یەکەم ئەرکی ئەوە بوو راپۆرت بنووسێت لەسەر شۆڕشو حزب, دواتر ئەو پەیوەندییە گەورە بوو, تا ئەوەی راسپێردرا نەخشەیەك جێبەجێ بکات بۆ کوشتنی سەرانی شۆڕش بەنانەوەی چەند نارنجۆکێك لەشوێنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لەکاتێکدا بارزانی ئامادە بێتو لەکاتی خۆیدا بەرەنگاری ئەوە بوونەوەو رێوشوێنی پێویست رەچاو کرا بۆ پووچەڵ کردنەوەی هەر هەوڵێك بۆ جێبەجێ کردنی. لەلایەکی دیکەوە, فاخر براکەی خۆی بەناوی جەمیل دەست بەکار کردو رەوانەی تارانی کرد, بۆ ئەوەی هاوکات سیخوڕی بۆ ئێرانو عێراق بکات (..) ئەوە بوو یەکەم کردەیەك لەگەڵ دەزگای سیخوڕیی ئێران (ساواك) رێکەوتن, تیرۆرکردنی هەندێ لەئەندامانی بنەماڵەو خزمو کەسوکاریان رابکێشتە ناو ریزەکانی خۆیەوە, وەکو عوبێدوڵڵا (..).

لەبەغدا, دوای ئەو هەمووە, رژێم هەوڵێکی نەزۆکی دا ویستی سەرکردایتیەکی نوێ دروست بکات, بەبێ پەندوەرگرتن لەچارەنووسی سەرانی دووبەرەکیی ساڵی ١٩٦٤و ئەو کارانەی لێبکەوتەوە کەدژایەتی حزبو شۆڕشیان کرد, ئەوەبوو داوایان لەعەزیز عەقراوی کرد حزبێك دابمەزرێنێت هەر بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە.

**********

**بەلاّم من دەڵێم:**

بەیانی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠, لەڕۆژی خۆیدا رووداوێکی مێژوویی پڕ لەخۆشیو شادی بوو, چونکە خەڵکی لەو بڕوایەدابوون, کەرۆژی سەرکەوتنەو تیایدا هەموو کێشەکانی گەلی کورد چارەسەر دەکرێتو ئاسایش لەناو هەموو عیراقدا جێگیر دەبێت, بەتایبەتی لەکوردستاندا.

بەپێی لێکدانەوەی سیاسەتمەدارانو مەزەندەکردنیان, دەبوا بارزانی پەیوەندیی لەگەڵ حکومەتی بەعسو سەرکردایەتی, بەتایبەتی سەدام حوسێندا, لەپێناوی بەرژەوەندیی بنەماڵەی بارزانیدا بەهێز بکاتو هەموو پەیوەندییەکی گومان لێکراو لەگەڵ وڵاتانی دەرودراوسێو جیهاندا بېڕێت, بۆ ئەوی حکومەتی عێراق دڵنیا بکاتەوە, بۆ ئەوەی ئەم ئەسەتەنگ لەبەردەم جێبەجێ کردنی ئەو رێکەوتننامەیەدا دروست نەکات, کەخەڵکی ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕوانی بوون.

بەلام بەپێچەوانەوە, بارزانی پەیوەندیی نوێو بەشێوازی نوێ لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانو ئیسرائیلدا دامەزراند, ئەگەرچی هیچ کاتێ پەیوەندیی لەگەڵیاندا نەپچڕاندو هەمووان دەزانن کەئەم دوو دەوڵەتە دوژمنی سەرسەختی حکومەتی عیراق بوون.

ئەم هەنگاوە گومان لێکراوو هەڵەیە لەلایەن بارزانییەوە, هەموانی سەرسام کردو تەنانەت سەرکردایەتی پارتیو سیاسەتمەدارە عەرەب و کوردەکانو حزبی شیوعیو دەسەڵاتدارانی شورەویو, ئەمە وای لێیان کرد بەنهێنیو بەئاشکرا کۆبوونەوە ساز بدەن بۆ باسکردنی ئەم مەسەلەیەو دۆزینەوەی پاساو بۆی, ئەگەرچی بەخیانەتێکی گەورە دادەنرا, چونکە هیچ سەرکردەیەك بۆی نەبوو یاری بەچارەنووسی گەلێك بکات لەپێناوی خواستە شاراوەکانی خویدا کەخۆی زیاتر ئاگاداریان نەبێت!

ئەم پەیوەندییە گومان لێکراوەی نێوان پارتیو ئەو دوو دەوڵەتە, هەڕەشەی لەبەرژەوەندیی گەلی عیراقو بەتایبەتی گەلی کوردستان دەکرد.

سەرانی بەعس کەوتنە باسکردنی ئەم دیاردەیە لەگەڵ پارتیداو ئاگاداریان کردنەوە, کەحکومەتی عیراق بەوردی ئاگاداری ئەو جموجۆڵانەیە لەنێوان بارزانیو ئێرانو ئیسرائیلدا.. لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکاندا, سەرانی بەعس ئاگاداریی کادیرەکانی پارتییان کرد, ئەوا دەرگایی هەموو پاساوو بیانوویەك, سەبارەت

بەهەر جوڵانەوەیەکی دژ بەحکومەتی عیراق‌و دژ بەسەرانی بەعس‌و سەدام حوسێن دادەخرێت.

بۆ نموونە، ئەگەر بەراورد بکەین لەنێوان بارودۆخی گەلی کورد لەعیراق، لەگەڵ کوردەکانی ئێران‌و تورکیادا، سەبارەت بەمامەڵەکردنی ئەو وڵاتانە لەگەڵ هاووڵاتیی کورددا، رەنگە ئەو مافانەی بۆ کوردی عیراق دەستەبەر کراوە، کوردی ئێران‌و تورکیا خەونی پێوە دەبینن. شای ئێران رۆژێ لەرۆژان هەنگاوێکی نەنا بۆ باشکردنی بارودۆخی کوردەکان لەوڵاتەکەیدا، بەڵام دەمانبینی رۆژ بەرۆژ بارزانی پەیوەندیی لەگەڵ شادا بەهێزتر دەکرد.

ئەمە تەنیا یەك راڤەکردنی بۆ دەکرێت، کەئەویش پیلانێك بوو لەلایەن CIAی ئەمریکاوە دارێژرابوو، هەر ئەوان بەرنامەیان دادەڕشت‌و ئیسرائیل‌و شای ئێران‌و بارزانی ئامرازی جێبەجێ کردنی بوون، لەپێناوی پەکخستنی نەخشەکانی روسیاو بەعس‌و خۆش ئەوەیە هەموو جارێ گۆزەکە لەسەری گەلی کورددا دەشکا.

وەکو دژە بزاڤێك لەلایەن بەعسییەکانەوە، سەبارەت بەرەفتاری نادیاری بارزانی، دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، جموجۆڵێکی فراوانیان گرتەبەر بۆ کۆکردنەوەی راوبۆچوونەکان‌و ئاراستەکردنیان دژی بارزانی‌و هەردوو بەڕێز ئیدریس‌و مەسعودو بەکردەوە، هەروەها سیاسەتمەدارە کوردەکان‌و ئەندامانی حزبی شیوعی‌و کادیرانی پارتی، بەراشکاوی دژی سیاسەتی بارزانی کەوتنە قسەکردن‌و ئەمەیش سەرەتایەك بوو، بۆ شکاندنی

ڕێچکەی ترس‌و تۆقێن لەزوڵم‌و زۆری بارزانی‌و تۆلەسەندنەوەکانی.

ڕەخنەکان لەسەر دوو بابەت بوون, یەکەمیان شێوازی مانۆڕو گەمەکردنی بارزانی‌و ئەوەی بووە هۆی لەدەستدانی دەرفەت, بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانن مافەکانیان دەستەبەر بکەن‌و پشت بەستنی بەکۆتایی هێنانی خەباتی چەکدارانەی تاقمەکەی تاڵەبانی, بەهاوکاری‌و ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژێمی عیراقی, کەلەبەر دوو هۆ دەستی دایەو ئەو کارە, یەکەمیان: ڕازی کردنی بارزانی بەهەر شێوەیەك بووەو جێبەجێ کردنی ئەوەی لەسەری ڕێکەوتن, دووەم: ئەوەی لەڕێگەی دەسەڵاتی ئیدارەیەکی کوردییەوە, کۆتایی بەکاری ڕێکخستنێکی سیاسی سەربازیی ترسناك هێنرا.

بابەتی دووەم کەهەردەم باسییان دەکرد, ترس‌و نیگەرانی بوو لەتاکڕەوی بارزانی لەسەرکردایەتی هەموو کوردستان بەبێ مێمڵ, ئەو پێگە نوێیەی بارزانی وای لێکرد خۆی ببێتە تاکەکەس بەشێوەیەکی ترسناك, کە بەهیچ شێوەیەك گوێی بەرەخنەی کادیرانی حزبەکەو سیاسەتمەدارانی کوردو عەرەب‌و حزبی شیوعی نەدەدا, تەنیا گوێی لەو کەسە دەگرت کە لەخزمەتی بنەماڵەو ملکەچی فەرمانەکانی بێت‌و ١٠٠٪و بەبێ ئەم لاوئەولا فەرمانەکانی جێبەجێ بکردایە.

هەندێ لەسەرانی پارتی نەیانتوانی ئەو بارودۆخە نوێیەو دیکتاتۆریەی بارزانی پەسەند بکەن کەناچار بوون لەریزەکانی

شۆڕش دووربکەونەوەو بچنە ناو حزبی بەعسەوە, تەنانەت هەندێکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون, تەنانەت کوڕە گەورەکەیشی عوبێدوڵلا تووشی ئەو ناکامییە بوو. بۆیە لەباوکی دوور کەوتەوەو رازی بوو بەئایندەیەکی نادیار لەگەڵ دەسەلاتی بەغدادا, کە لەکۆتاییدا کوشتی.

ئەندامانی پارتی کەخۆیان بەدەستی بەعسەوەدا, دوو جۆری جیاواز لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کرا.. هەندێکیان لەدامودەزگاکانی ئەمندا دامەزران و کاریان نووسینی راپۆرت و کۆکردنەوەی زانیاری و سیخوڕی بوو لەسەر دوژمنانی رژێمەوە, وەکو: هاشم عەقراوی, مونزر نەقشبەندی و کەسانی دیکە کەمردن و کارەکەیان بەنادیاری مایەوە, بەلام هەریەکەیان دۆسیەی بەشی لای حکومەتی عیراق هەیەو, دوای روخانی رژێم رۆژێك دێت کەناوی ئەو شۆڕشگێڕانە بخرێتە روو کەهاوکاری رژێمیان دەکردو, لەوانەی هاوکاریی رێکخستنی حزبی بەعسیان دەکرد, بەڕێز عەزیز عەقراوی, کەمن بۆچوونم لەسەری باش بوو, تەنانەت لەو کاتەیشدا کە لەناو ریزەکانی بەعسدا بوو, چونکە متمانەیان پێی نەبووو حەزیان لێی نەدەکرد. چەند جارێك بەنهێنی نامەم بۆ بارەگای بارزانی نارد بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ عەزیز عەقراویدا بکەین و بیگەڕێنینەوە ناو ریزی شۆڕش. زۆرجار کەگفتوگۆمان دەکرد لەسەر بارزانی بەئاکام نەدەگەیشتین, چونکە ئەو دەستی لێی شۆردبووو گەلێ لەئایندەی کورد دەترسا کە

بەدەستی بارزانییەوە بوو، بەڵام من بەبەردەوامی سوور بووم لەسەر ئەوەی کەخوا بۆ ئەم گەلەی ناردووە، بۆ ئەوەی رزگاری بکات.

لەساڵی ١٩٨٢دا، کاتێ عەزیز عەقراوی میوانی حکومەتی سوری بوو، چاوم پێی کەوت کەعەبدوڵڵا ئۆجەلان‌و دکتۆر مەحمود عەلی عوسمانی لەگەڵدا بوون، لەیانەی سەربازی، لەوێ عەزیز عەقراوی ئەو گفتوگۆیەی ساڵی ١٩٧٤ی‌وەبیرم هێنایەوە سەبارەت بەبارزانی کەچۆن شۆڕشی کوردستانی بەرەو هەڵدێر بردو چۆن هەمیشە هەڕەشە بوو لەسەری. دواتر عەقراوی ئەو سیاسەتمەدارە قاڵبووە، لەسەر داوای ئەندامانی مەکتەبی سیاسی گەڕایەوە ناو ریزی شۆڕش.

**فاخر حەمەد ئاغای مێرگەسووری**

لەنزیکەوەو لەرێگەی بارزانییەوە، لەگەڵ ئەو بنەماڵەیەدا ئاشنایەتیم پەیداکرد، کاتێ داوای لێکردم لەگەڵ سەعید ئاغای برای فاخر مێرگەسووری، لەرئەکێکدا بچم بۆ بەغداو بەسەلامەتی بیگەڕێنمەوە بۆ شارۆچکەی سەنگەسەر. بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ بوون قوربانییان بەهەموو شتێك دا لەپێناوی سەربەرزیی کوردستان. بەرێز فاخر حەمەد ئاغای مێرگەسووری کەسی چوارەم بوو لەشۆڕشی کوردستان دوای بارزانی‌و ئیدریس‌و مەسعود. دوای ئەوەی فاخر ئاغا تێکەڵی بنەماڵەی بارزانی بوو و زیاتر شارەزای نهێنییەکانیان بوو، کەوتە رەخنەگرتن لەبارزانی‌و

سیاسەتە هەڵەکانی لەهەموو شوێنێك, کەئەمەش دڵی بارزانیو بنەماڵەی بەرامبەری کرمۆڵ کرد.

لەبەر چەند هۆیەك, لەوانە متمانەی بەرزی بەخۆیو بنەماڵەکەیو بەپارتی, هەندێ تووشی بوغرایی بووو ئیتر ئەو رقو کینەیەی بارزانی بەهێند وەرنەگرتو حیسابی بۆ ستەمو دڵڕەقی بارزانی نەکردو لەو بڕوایەدابوو کەبارزانی هەرگیز لێی خۆش نابێتو تەنانەت لەچاونەترسیدا زێدەڕەوی کرد کاتی بۆ چەندین جار باسی هەڵەکانی بارزانیو کوڕەکانی رووبەرووکرد, کەدەبنە هۆی رێگەگرتن لەرەوتی رزگارکردنی کوردستان, تەنانەت ئەندامانی بنەماڵەکەی چەند جارێك ئاگاداریان کردەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری خۆی ببێتو خۆی لەبارزانی بپارێزێت. بەڵام هیچ گوێی بەوانە نەدا, تا ئەوە بوو خۆی لەزیندانی بارزانیدا بینییەوەو کەوتە بەر بەزەیی کەسێك کەهیچ بەزەیی لەدڵدا نەبوو.

فاخر لەناو ریزەکانی حزبی بەعسدا پێگەیەکی بەرزی هەبوو, گەلێ رێزیان لێدەگرتو, سەبارەت بەوەی بەرێز مەسعود بارزانی لەکتێبەکەیدا لەسەری نووسیووە, هەر هەمووی شتی چەوتو ناڕاستن, چونکە فاخر پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ نازم گزاری بەڕێوەبەری گشتی ئەمندا نەبوو.

دوای نسکۆی شۆڕش, بەفەرمانی بارزانی لەزیندان دەرکراو گوللەباران کرا, بۆ ئەوەی بارزانی لەوە دڵنیاببێت کەدوای خۆی کەس لافی سەرکردایەتی کوردستان لێنەدات.

**عوبێدوڵڵای بارزانی**

لەدانیشتنێکمدا لەگەڵ هەردوو بەڕێز مەسعودو ئیدریس بارزانی, لەگوندی راژانی سەر سنوور لەساڵی ١٩٨٦دا, سێ قۆڵی ماینەوە تا چەند پرسیارێك سەبارەت بەبنەماڵەکەیان ئاراستەم بکەن, ئەویش ئەو پرسیارە بوو کەچۆن برا گەورەکەیان تیاچوو, لەکاتێکدا من دۆستی نزیکی بووم‌و لەناو رژێمدا دەستم دەڕۆیشت؟

لێرەدا بەکورتی دەڵێم: ئەو کاتەی پەیوەندیی بارزانی بەعەبدولکەریم قاسمەوە توندوتۆڵ بوو, پەیوەندیی عوبێدوڵڵایش بەباوکییەوە بەهێز بوو, بەڵام ئەو خۆی بۆمی روون کردۆتەوە کە: (لەبەر ئەوەی من کوڕە گەورەی ئەوم, بۆ یە کەس وەکو من نایناسێت.. ئەو مرۆڤێکی ترسناکە لەسەر ئایندەی بزوتنەوەی کورد, ئەو بەرەو نابوتی دەبات, بۆیە من بەقەناعەتی تەواوەوە, رازی دەبم بەچارەنووسێکی نادیار لەگەڵ حکومەتی عێراق نەك ئەوەی لەگەڵ پیاوێکدا بژیم کەمتمانەم پێی نییە, تەنانەت ئەگەر باوکیشم بێت).

عوبێدوڵڵا بارزانی پیاوێکی بەرزو ژیر بوو, چاونەترس بوو لەمردن نەدەترساو گاڵتەی بەهەر شتێکی ترسناك دەهات, تا ئەو کاتەی شۆڕش هەرەسی نەهێنا بوو, بەبەردەوامی نامەم بۆ بارەگای بارزانی دەنووسی‌و لەجموجۆڵی عوبێدوڵڵا ئاگادارم

دەکردنەوە, کەدواتر بەئاکامێکی دڵتەزێن گەیشت و بەعسییەکان بەپاساوی نابەجێ لەناویان دا.

**شێخ عوسمان شێخ ئەحمەد بارزانی**

مەسعود بارزانی لەکتێبەکەیدا, ئاماژە بەهەوڵەکانی حکومەتی عێراق دەکات بۆ لاوازکردنی شۆڕشی کوردستان و یەکێك لەئامرازەکانی ئەوە بوو ئاژاوەو دووبەرەکی بخاتە ناو ریزەکانی بنەماڵەی بارزانییەوە, ئەویش بەهاندانی بنەماڵەو ئاغاکانیان بۆ جیابوونەوەو دوورکەوتنەوە لەریزەکانی شۆڕش, بۆ ئەوەی بچنە ریزی رژێمەوە, لەبەرامبەر پارەو پوڵدا.

خوێنەری هێژا, ئەو کەسەی بەرگەکانی کتێبەکەم (کورد, دوژمنی خۆت بناسە) بخوێنێتەوە, ئەوە باش دەزانێت کەیەکێك لەئەرکەکانی من لەناو ریزەکانی ئەمنی عێراقدا, ئەوە بوو بەدوای جموجۆڵی ئەو کوردانەدا بچم کەریزەکانی شۆڕشیان بەجێهشتووەو چەکیان بۆ حکومەتی عێراق هەڵگرتووە,.. بەبەردەوامی پەیوەندیم بەبارەگای بارزانییەوە هەبوو, بۆ ئەوەی لەهەر زانیارییەکی نوێ, لەسەر ئەو بارزانییانە ئاگاداریان بکەمەوە, کە لەزوڵمی هەڵهاتبوون و چووبوونە باوەشی رژێمەوە, بۆیە لەنزیکەوە راستەوخۆ دوا هەواڵیانم دەزانی. سەبارەت بەبەڕێزان عوبێدوڵڵا مەلا مستەفاو شێخ عوسمان شێخ ئەحمەد بارزانی پەیوەندییان بەئەمنی عێراقەوە کردبوو, بەشێوەیەکی راستەوخۆو خۆشیان دەستپێشخەر بون.. نەك لەرێگەی فریودان و

پارەو پوڵەوە لەلایەن بەعسییەکانەوە, دیارە مەبەستیان روونو ئاشکرا بوو, بۆ ئەوەبوو دەسەڵاتی بارزانیو ئیدریس نەهێڵنو بگەڕێنەوە بۆ گوندەکەیانو بەئاسوودەیی لەوێ بژین بەبێ ئەوەی دەسەڵاتی بارزانی بەسەر ناوچەکەدا بێتو, ئەوەیان دەزانی کە لەسایەی بارزانیدا ئۆقرە ناگرن, بەپێی ئەوان باشترین رێگە ئەوەبوو بارزانی نەمێنێتو ئەوەیش تەنیا لەرێگەی هاوکاری لەگەڵ رژێمی بەغدادا دەکرێت, چونکە شێخ عوسمان ئاگاداری رژێمی کردبووەوە کە٨٥٪ی دانیشتوانی ناوچەکە هەواداری ئەو دەبنو حکومەتیش ئامادەبوو چەكو پارەی بداتێ بۆ سەرخستنی ئەو نەخشەیە.

مەخابن من رۆڵی سەرەکیم هەبوو لەسەرنەکەوتنی نەخشەکانی عوبێدوڵڵاو شێخ عوسماندا.. چونکە هێشتا من لەژێر کاریگەریی کەسایەتیی بارزانیدا بوومو بەبەردەوامی پەیوەندیم بەوەوە هەبوو, من رۆژانە زانیاریم بۆ بارەگای بارزانی دەنارد سەبارەت بەجموجۆڵی شێخ عوسمانو عوبێدوڵڵا. لەبەرگەکانی کتێبەکەم (کورد, دوژمنی خۆت بناسە)دا, بەدرێژی باسم لەوە کردووە کەبارزانی بەبەردەوامی سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر جوڵەیەکی دوژمنکارانەی شێخ عوسمانو عوبێدوڵڵا ئەوەش بەهۆی ئەو زانیارییانەوە کەبۆم رەوانە دەکرد, هەروا بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی شۆڕشی کوردستان کۆتایی هاتو بەوەش کۆتایی بەهەموو شتێك هات.

خوێنەری هێژا, لە٢٥/ ١٠/ ٢٠٠٣وە, مقۆمقۆی ئەوە هەیە کەدۆسییەی هاوکاران لەگەڵ رژێمی گۆڕبەگۆڕی عێراقدا هەیە, تا کار گەیشتە ئەوەی کەرۆژنامەو رادیۆکان قسەی لەسەر بکەن.. هیوادارم ئەو دۆسیانەم بەردەست بکەوێت سەبارەت بەرووداوی ١٩٩٦و ٣١ی ئابی ١٩٩٦, بۆ ئەوەی بەراورد بکەم لەنێوان زانیاریی ئەو دۆسییانەو راستیی بۆچوونەکان لەسەر ئەم دوو تاوانە, کە بەدرێژی لەبەرگەکانی کتێبەکەم (کورد, دوژمنی خۆت بناسە) دا ئاماژەم پێیان کردووە.

لەساڵی ٢٠٠١دا برایەکی خۆشەویست لەکەسایەتیەکانی خێڵی سورچی ئاگاداری کردمەوە کە لەلەندەن چاوی بەسێ کادیری ناوداری حزبی بەعسی عێراق کەوتووە کە بەسەردان لەبەغداوە هاتبوون‌و باسی کتێبەکەی من‌و زانیارییەکانی ناوی گفتوگۆیان کردووە, بەویان گوتووە کەئەو زانیارییانە راست نین‌و ئەوەی کەرەفیق پشدەری دەڵێت گوایە بارزانی لەسەر داوای رژێمی عێراق پەلاماری سوورچییەکانی داوە هەڵبەستراوە, هیوادارم رۆژگار ئەو راستییانە دەربخات, بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوورمانە ئەوەیە, چۆن پیاو رازی دەبێت خۆی فڕێ بداتە باوەشی کەسێکەوە کەبراکەی کوشتبێت‌وماڵەکەی وێران کردبێت‌و, تەنانەت گوندەکەیشی‌و خۆی‌و هەموو خێڵی سوورچیەکانی ئاوارە کردبێت, زۆر بەداخەوە دەڵێم: تۆ بڵێی شکۆداری بایەخی مابێت؟! بەڵام ئەم هەڵوێستە سەرسامم ناکات.. ئەمڕۆ لەعێراقدا

شتی سەیرو سەمەرەتر دەبینین, رووداوی ٣١ی ئاب, ئەو تاوانەی هەموو رادیۆو رۆژنامەکان بڵاویان کردەوە, کەس ناتوانێت فەرامۆشی بکات, هەمووان چاوەڕوانی ئەوەیان لەئەمریکا دەکرد دادگایەك دابمەزرێنێت بۆ دادگایی کردنی بەڕێزان مەسعود بارزانیو نێچیرڤان بارزانی, بەهۆی حکومەتی ئەمریکی بەچاوی رێزەوە, تەماشای بنەماڵەی بارزانی دەکاتو هەموو ئەو رووداوانەی لەبەرچاو نەگرت, بەڵکو پلەو پێگەیان بەرزتر بووەوەو یەکێك لەو بنەماڵەیەی کرد بەوەزیری دەرەوەی عێراق..

سەبارەت بەکەسایەتیی بەرێز هۆشیاری زێباری, من رێزم بۆی هەیە, چونکە پیاوێکە شایستەی هەموو شتێکە,چونکە نەجیبزادەو شۆڕشگێڕو پاکە, تاوانی گەورەی ئەوەبوو, لەبەرامبەر رووداوی ٣١ی ئابدا بێ دەنگ بوو.. دواتر ئەو پۆستەی وەرگرت چونکە لەلیستی بارزانیدا پاڵێوراو بوو, ئەگەرچی خۆی شایستەی ئەو پۆستەیە. لێرەدا داوای لێبوردن لەبەڕێز هۆشیار زێباری دەکەم, خۆ ئەگەر هەلومەرج رەخساو خۆی بۆ سەرەك کۆماری کاندید کرد, تەنیا لەبەر خودی خۆی, ئەوا ٩٠٪ی خەڵکی کوردستان دەنگی پێدەدەن, بەڵام خۆی بەکەسێکەوە بەستۆتەوە کە لەئاستی خۆیدا نییە..

خۆش ئەوەیە بەڕێز مەسعود بارزانی لەنامەیەکی کراوەدا بۆ جەماوەر رایگەیاند, کەهەموو ئەوانەی ناویان لەفایلە گومان

لێکراوەکاندا هەبوو, کەپەیوەندییان بەرژێمی بەغدا هەبووە, هەر هەمووی بەئاگاداری خۆی بووە..

بەڵام سەبارەت بەکادیرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کەناویان لەفایلەکاندا هەبوو, تا رۆژی ٢٠٠٣/١٠/٢٧, لەکەناڵەکانی راگەیاندندا, بەرێز تاڵەبانی هیچی لەبارەیانەوە نەگوت؟ ئەوەی ئەمرۆ نەتوانین درکی بکەین, لەئایندەدا درکی دەکەین و ئایندەش نزیکە.

## بەشی هەژدەهەم ـ لاپەڕە (٢٩٩)

### ئەو خاڵانەی لەبەیانی ١١ی ئازار جێبەجێ کران و جێبەجێ نەکران

بەیاننامەیەك لەمەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان, سەبارەت بەبارودۆخی سیاسی لەوڵاتدا.

بزووتنەوەی کوردی بەسەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان, بەسەرکردایەتی بارزانی یەکێکە لەبزووتنەوە جەماوەرییە گەورەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (..).

ئەویش بەرهەمی نزیکەی نیو سەدەیە لەخەباتی چەکدارانەو شۆڕشگێڕانەو خەباتی سیاسی ئاشتیخوازانە (..).

نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتنە وتووێژ لەگەل حزبی بەعسی دەسەڵاتدارو راگەیاندنی رێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لێکەوتەوە, کەچارەسەری ئاشتیخوازانەی دۆزی کورد بەشێوەیەکی دیموکراسی لەخۆ دەگرێت (..).

ئەم سەرکردایەتییە, بەگرتنەبەری هەموو شێوازێكو دڕندانەترین رەوش وەکو هەوڵی تیرۆرکردنو ناوزڕاندنو کڕینو دروستکردنی تاقمی گومان لێکراوو شتی دیکە (..).

هەروەها سەبارەت بەو تاوانبارانەی کەتەقەیان لەئۆتۆمبیلەکەی بەرێز ئیدریس بارزانی کرد لەبەغدا, لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٠ دا (..).

لەرێگەی دانانی دوو پلان بۆ تیرۆرکردنی سەرکردەی گەلی کوردو سەرۆکی پارتیمان (..).

لەبەستنی دووەم رێکەوتننامە لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی عراقی لە١٧ی تەمموزی ١٩٧٣دا (..).

وەزارەتی کاروباری باکوور, کەیەکێك بوو لەدەستکەوتەکانی گەلەکەمان لەبەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦وە, هەموو بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکانی خۆی هەڵوەشاندەوە (..).

**********

**بەڵام من دەڵێم:**

**ئەوەی لەبەیانی ١١ی ئادار جێبەجێ کراو ئەوەی نەکرا**

لەبەرگەکانی کتێبەکەمدا, بەدرێژی باسی ئەم بابەتەم کردووە, لێرەدا بەکورتی باسی رێکەوتننامەی ١١ی ئاداردەکەم کەرێکەوتننامەیەکی دوو قۆڵی بوو و بەرژەوندیی سەدامو بارزانی بوو, چونکە دەبینین بەبڕیارێکی خێرا لەلایەن حزبی بەعسەوە, هەموو شتێك هەڵوەشایەوە.

دوای هەڵگیرسانی شەڕ لەبەهاری ١٩٧٤دا، رژێم بەدڕندانەترین شێوە، پەلاماری دەستکەوتەکانی گەلی کوری دا.. ئەوەبوو وەزارەتی کاروباری باکووری هەڵوەشاندەوە کەیەکێك بوو لەدەستکەوتەکانی شۆڕشی گەلەکەمان، هەر لەبەیانی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦وە، هەموو بەرێوەبەراتییە گشتییەکانی هەڵوەشاندەوەو، بەعسو پیاوەکانی خۆی پارێزگاکانی ناوچە کوردنشینەکانیان بەرێوە دەبردو خوێندنی کوردی رووبەڕووی ململانێییەکی توند بووەوە، کە لەدەرەوەی ناوچەکانی هەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی ئەو خوێندنە هەڵوەشێنرایەوەو دەستکاری کرا لەو دوو ناوچەیەشدا.. لەگەڵ داخستنی رۆژنامەو گۆڤارو مەڵبەندە رووناکبیرییە کوردییە رەسمیو ناڕەسمییەکان، هەروەها هاووڵاتییە کوردەکان لەدامودەزگا حکومییەکان دوورخرانەوە.

بەڵام لەلایەن بارزانییەوە.. دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم رێکەوتننامەیە، پەیوەندیی لەگەڵ شای ئێرانو CIA دا پتەوکرد، وردەوردە بۆچوونی خۆی دا بەدەست شاوە، تا وای لێهات لەهیچ شتێکدا خاوەنی بڕیار نەبوو..

دوای بەیانی ١١ی ئادار بەماوەیەکی کەم، بارزانی بڕوبکوژ بوو، بەڵام دوای پەیوەندییە گومان لێکراوەکانی لەگەڵ دەرەوەدا، هەموو متمانەیەکی خۆی لەدەست داو بەپێی فرمانەکان

دەجوولآیەوە کەئاراستەی دەکراو تا ئێستاش گەلی کورد باجی ئەو کاتە دەدات..

## بەشی نۆزدەهەم ـ لا پەڕە ( ٣٣١ )

## دەستپێکردنی شەڕی ١٩٧٤

شەڕەکانی هاوینی ١٩٧٤ قورس بوون کەچەندین شەڕی گەورە روویاندا, کەزۆربەیان لەناوچەی رەواندوز بوو, بەمەبەستی داگیرکردنی ناوچەی باڵەك بوو کەقورسایی شۆڕش لەو ناوچەیەدا بوو کەسەرکردایەتی پارتیو شۆڕش لەوێدا بوو, جگە لەهەموو مەڵبەندە هەستیارەکانی.

هێرشی گەورە لە٨ی ئەیلولی ١٩٧٤ لەلایەن رژێمەوە دەستی پێکرد بۆ سەر حەوزی رەواندوز لەدوو بەرەوە, یەکێکیان لەناوچەی چیای (گورز) لەباڵەكو ئەوی دیکە لەکۆڕەك بۆ بێخاڵ, بەڵام پەلامارەکە شکستی خواردو هێزەکانی حکومەت توشی شکستێکی گەورە بوونو پاشەکشێیان کرد, دوای ئەوەی لەگۆڕەپانی شەڕەکەدا ٤٠٠ لاشەیان بەجێ هێشت, لەو رۆژەدا شەش کەس لەناو شۆڕش شەهید بوون (..).

### موشەکی دژە هەواییو تۆپەکانی ئێران

شەڕەکان قورستر بوونو ئامانجی حکومەت روون بوو, دەیویست دەست بەسەر بارەگای سەرکردایەتیدا بگرێتو کۆنترۆڵی رێگەی (هامتڵۆن) بکات, کە لەوێوەوە یارمەتی لەدەرەوە

لەرێگەی ئێرانەوە بەشۆڕش دەگەیشتو لەخودی ئێرانیشەوە, دەیانویست ئەو شادەمارە ببڕن کەژیانی شۆڕش بەوەوە بەند بوو (..).

**شەڕیوشکانی**

لەئەیلولو تشرینی یەکەمی ١٩٧٤, لە٣ی ئەیلولی ١٩٧٤دا, لیوای سێ بەسەرکردایەتی عەقید روکن حامید دلێمی بەپاڵپشتی کەتیبەیەك تانك, پەلاماری گەرووی عومەر ئاغایدا, دوای شەرێکی قورس کە٨ سەعاتی خایاند, هەموو لیواکەتیاچوو,و لەگۆڕەپانی شەڕدا ٢٣٠ لاشە بەجێ ماو ژمارەی بریندارەکان نادیارەو چوار تانك بەتۆپی دژە تانکی ١٠٦ ملم شکێنران (..).

باری سەربازی بەهۆی ئەو زیانە زۆرەی لەریزەکانی هێزەکانی سوپاوە, بارێکی ئاڵۆزی لەناو رژێمدا دروست بوو,و سوپا سەرزەنشتی سەدام تکریتیان دەکرد ئەفسەرانی سوپا بەراشکاوی دەیانگوت کەسەدام دەیەوێت لەدەستی سوپاو لەدەستی کورد, لەهەمانکاتدا رزگای ببێتو بێزاریی خۆیانیان نەدەشاردەوە لەو بارودۆخە. سەرانی سوپا هاواریان دەکرد کەسەدام لەسەرەتای شەڕەکەدا فریوی دانو, لەوە دڵنیایانی کردبوو, کەشەڕەکە زیاتر لەسێ مانگ درێژە ناکێشێتو کۆتایی بەشۆڕشی کورد دەهێنێت.

**********

**لێرەدا دەڵێم:**

هەڵوێستی دیکتاتۆر سەردام حسێن روون‌و ئاشکرا بوو.. هەموان دەیانزانی لەپشتی راگەیاندنی شەڕ نیازیان ئەوە بوو گەورەترین گورز لەکورد بوەشێنن‌و گەلی کورد نابوت بکەن, جیاوازیەکی گەورە هەبوو لەنێوان هاوسەنگی هێزی سەربازیی سەدام لەگەڵ بارزانی, لەرووی چۆنیەتی‌و چەندایەتی‌و ژمارەوە, بەڵام ئاکامی ئەو پێکدادانە لەنێوان هێزەکانی سوپاو هێزی پێشمەرگە سەیر بوو, چونکە بەبەردەوامی سەرکەوتن بۆ پێشمەرگەکان بوو, چەندە ئارەزووی ئەوەم دەکرد کەهەموو زۆرداران لەجیهاندا ئەوە بزانن کەویستی گەل لەسەرووی هەمووویستێکی دیکەوەیە, بەڵام هێشتا تورك, فارس‌و عەرەب هەوڵی ئەوە دەدەن گەلی کورد لەنێوان نەتەوەکانی خۆیاندا بتوێننەوەو کوردیش ئاگاداری ئەو نییەتە چەپەڵەن کە بەخواستی خوداو ویستی کوردان, بۆیان نایەتەدی.

دەبینین چۆن خەڵکی کوردستان, دوای راگەیاندنی شەڕ, پێویستیان بەبەیانێك لەحزب یان راگەیاندنێك نەبوو, چونکە خەڵکەکە چوون بەپیری شۆڕشەوە, کەئەگەر خیانەت نەبوایە, ئەوا تەختی سەدامیان دەهێنایە لەرزە.. بەڵام..

هەستی نیشتمانپەروەری وای لەهەموو خەڵکەکە کرد دەست لەهەموو سامانی خۆیان هەڵبگرن‌و پەنا ببەنە بەر بارەگاکانی پێشمەرگە لەسایەی بارزانیدا, تەنانەت ئەوانەش لەشەوو رۆژێکدا

هەستی نیشتمانپەروەرییان بزواو بوون بەپێشمەرگەی قارەمان، چونکە جاران کەسێك پاساوی بەدەستەوە نەبوایە، نەدەبوو بەپێشمەرگە.

حکومەت بەنیاز بوو لەماوەی سێ مانگدا کوردستان لەپێشمەرگە پاك بکاتەوە، بەم پێیە، هێزە سەربازییەکان بەبەردەوامی هێرشیان دەکرد، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی زیانی گەورە لەسوپا بکەوێت، کەئەمەیش وای لەدەزگای ئیستخباراتی سەربازی کرد، راستی لاشەکان بشارێتەوەو بەنهێنی بیانگەڕێنێتەوە بۆ کەسوکاریان نەبادا ئاژاوەی لێببێتەوە. سەرۆکی هەرسێ فەرمانگەکانی سەرکوتکاری بەبەردەوامی کۆدەبوونەوەو بەشێوەیەکی نائاسایی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ قەیرانەکە کەتووشی سوپای عێراق بوو، بەتایبەتی زۆری قوربانیان بەبەردەوامیو پوختەی راپۆرتەکانیان ئەوە بوو کەکێشەی کورد تەنیا بەئاشتی چارەسەر دەکرێت. دوای ئەم ئەزموونە چەوتە کەسەرانی بەعس هەیانبوو، ئەوەبوو کەچارەسەری دیکە بۆ ئەم قەیرانە بدۆزنەوە.

چەندین راوبۆچوون بۆ ئەم مەسەلەیە خرانە روو، یەکێکیان کەلاواز بوو، ئەوە بوو کە: بەپەلە گفتوگۆ لەگەڵ بارزانیدا دەست پێبکاتەوە، بەلاّم ئەم بیرۆکەیە پشتگوێ خرا. بۆیە حکومەت دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا دەکاتەوە، کەپاڵپشتی

سەرەکی بوو, بۆ پێشمەرگەو هەموو جۆرە کۆمەكو یارمەتییەکی پێشکەش بەشۆڕشی کوردستان دەکرد.

لەبەر ئەوەی نزیك بووم لەسەرانی دەوڵەتەوە, ئەمەیش وای دەخواست بۆ ئەوەی زانیاری کۆبکەمەوە لەسەر پلانێکی ترسناك لەسەر شۆڕشی کوردستانو سەرکوتکردنی بۆ هەتا هەتایە. ئەگەرچی من لەبەرگەکانی کتێبەکەمدا, ئاماژەم بەم بابەتە کردووە, بەڵام بەپێویستی دەزانم بەراشکاوی ئاماژەی پێبکەم. چەند پاساوێکیان هێنایەوە بۆ ئەوەی سەردانێکی بەیروت بکەمو لەوێ چاوم بەجەلال تاڵەبانی کەوتو داوام لێکرد رێنماییم بکات بۆ ئەوەی رێگەیەك بدۆزمەوە تا چاوم بەبارزانی بکەوێتو باسوخواسی لەگەڵدا بکەم بۆ چارەسەرکردنی ئەو کارەساتەی تووشی گەلی کوردستان دەبێتەوە, کەبەعسییەکان نەخشەی بۆ دادەڕێژن بەهاوکاریی لەگەڵ ئێرانییەکاندا, بەڵام هەوڵەکانی تاڵەبانی رووبەڕووی شکست بوونەوە. بۆیە گەڕامەوە بۆ بەغداو هەر سووربووم لەسەر ئەوەی چاوم بەبارزانی بکەوێت, بۆیە رۆیشتم بۆ شارۆچکەی کەلارو لەسەر سنوور, لەگوندی ئەحمەدئاوا چاوم بەخەباتگێڕ حمەوەلی حەمەکەرەم کەوتو, لەبەر ئەوەی متمانەی تەواوم بەو هەبووو بەهۆی پێگەی لەناو شۆڕشدا, ئەوم دەستنیشان کردو بەنهێنی چاوم پێی کەوت بۆ ئەوەی پێی رابگەیەنم کەبارودۆخەکە ترسناکەو ئاگاداری بکەمەوە بۆ ئەوەی بەرێکی بیگەیەنێت بەبارزانی, لەوێ دوو رۆژ مامەوەو راپۆرتێکی

دوورودرێژم بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی نووسی و بارودۆخەکەم بۆ روون کردەوە، هەروەها رێگەکانی رزگاربوون لەو قەیرانە، بەر لەوەی کار لەکار بترازێت.

بەراستی بەڕێز حمەوەلی حمە کەرەم رۆڵ و هەڵوێستی قارەمانانەی هەبوو لەو مەسەلەیەدا، ئەوەبوو نامەکەمی گەیاندە پەیوەندیداران و هەرچیم داواکرد جێبەجێ کرد، تەنیا لەپێناوی خزمەتکردن بەبەرژەوەندیی گەلی کوردستان و شۆڕشەکەی.

لەهەمانکاتدا، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کاسێتێکی بەدەنگە زوڵاڵەکەی خۆی بۆم ناردو باسی بارووۆدخەکەی کردبوو، تیایدا هانی دەدام کەهەوڵ بدەم بۆ ئەوەی گەلی کوردستان لەو قەیرانە رزگار بکەین کەچاوەڕوانی دەکرد.

دەمی قسەوباسم لەگەڵ سەرانی بەعسدا کردەوە، یەکەمیان سەعدون غێدان بوو، کەئەو بیرۆکەیەی پێ باش بووو بەوردی گوێی لێگرتم و قەناعەتی تەواوی بەوە هەبوو گفتوگۆ لەگەڵ بارزانیدا بکرێت و تەنانەت باسەکەم لەگەڵ سەدامیشدا کردەوە، بەڵام..

بەعسییەکان بەتەما بوون دەست لەهەموو شتێك بۆ ئێران هەڵبگرن، لەپێناوی کۆتایی هێنان بەبزووتنەوەی کورد، بەڵام سەبارەت بەبارزانیش کەبەڕێز حمەوەلی حمەکەرەم نامەیەکی لەلایەن بەڕێز مەسعود بارزانی بۆ هێنام، کەئەمە دەقەکەیەتی: ئێمە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان هەوڵی ئەوە نادەین

گفتوگۆ لەگەل بەعسیەکاندا بکەین و گویٚ بەریٚکەوتنی ئیٚران لەگەڵ عیٚراقدا لەدژی خۆمان نادەین, چونکە هیٚزو دەسەڵاتی تەواومان هەیە بۆ وستانەوە بەرووی هەردووکیاندا.

خویٚنەری هیٚژا: سیاسەتمەدارەکان بەبەردەوامی دەڵیٚن کورد, هیچ رۆژیٚ شەڕەکە نادۆڕیٚنن, بەڵکو سیاسەت هۆکاری دۆڕانە, بەڵام لیٚرەدا دەبینین کەبارزانی زیانیٚکی سەربازی و سیاسی گەورەی بەشۆڕشی کورد گەیاند کەپیٚشتر کورد بەخۆیەوە نەبینیبوو, چونکە بەفەرمانی بارزانی لەمانگی ٨ی ساڵی ١٩٦١دا, سەرەك خیٚلەکانی کورد کۆبوونەوە بۆ ئەوەی لەبەرامبەر دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم چەك هەڵبگرن و لە ٢٥/ ١٢/ ١٩٦١دا, لەکۆبوونەوەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی لەگوندی عەودالاٚن, بڕیاردرا شۆڕشی چەکدارانە لەکوردستاندا رابگەیەنریٚت, بەڵام بەفەرمانی بارزانی گەورەترین و مەزنترین شۆڕشی کورد کۆتایی پیٚ هات.

## بەشی بیستەم ـ لاپەڕە (٣٤٣ ـ ٣٥٦)

## پیلانی جەزائیر

لەهاوینی ساڵی ١٩٧٤دا, کاتیٚ شەڕ لەکوردستاندا توندوتیژ بوو, دەزگا سیخوڕییەکانمان زانیارییان بەدەست کەوت کەگفتوگۆی نهیٚنی هەیە لەنیٚوان رژیٚمی عیٚراق و ئیٚرانداو, ریٚکەوتنیٚك لەسەروبەندی گەڵالەبووندایە لەنیٚوانیاندا (..)

لەراستیدا, هەمووان بەشدار بوون لەم کردەیەدا, ئەوانەو کەسانی دیکەیش لەسەر ئەوە تەبا بوون کەتەنیا ڕێگەچارە ئەوەبوو چاوپێکەوتنێك لەنێوان سەدام حوسێنو شادا بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی ئۆپێك لەجەزائیر ڕێکبخرێت, بۆ سازش کردن لەسەر مافی گەلی کورد (..)

لە١١ی هەمان مانگدا, شا چاوی بەبارزانی کەوتو پێی گوت, من ناچار بووم ئەو ڕێکەوتننامەیە پەسەند بکەمو خۆ ئەگەر ئەوەم نەکردایە, ئەوا تووشی کوشتارێکی فراوان دەبووم لەگەڵ بەعسی عێراقداو شورەوی هەموو قورسایی خۆی دەخستە سەری, دواتر ڕێکەوتننامەکە لەلایەکی دیکەوە, بینیم کەڕێکەوتننامەکە لەبەرژەوەندی گەلی ئێراندایە هەروەکو چۆن ئێوە بینیتان کەبەرژەوەندی ئێوە لەوەدایە بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەگەڵ بەعسدا مۆر بکەن (..)

ئیدارەی ئەمریکی وەڵامی دایەوە کەناتوانێت دەست بەکاربێت و, دوای ئەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەتەواوی پەیوەندی لەگەڵ ئێمەدا پچڕاندو ئیسرائیلیش وەڵامیان داینەوە کەناتوانن پابەندی بەڵێنەکانیان بنو چەندین ئەستەنگی هونەریو ستراتیژی هەیە کەدەبنە بەربەست لەو ڕێگەیەدا. بارزانیش گوتی: لەکۆبوونەوەی هەموو ئەو بێویژدانانە دەترسم, دەبێ خۆمان بەتەنیا لەگۆڕەپانەکەدا بمێنینەوەو ئەوەیش دۆزەکەمان نابوت دەکاتو گەلەکەمان پاکتاو دەکاتو منیش تەمەنم هێندە زۆرە

کەناتوانم شەڕی پارتیزانی بکەم‌و ئەم چیاو ئەو چیا بکەم بەشەوو بەڕۆژ, بۆیەو هەردەبێ دەرفەتێکی دیکە بۆ گەلی کورد بڕەخسێت بۆ ئەوەی خەباتی خۆی دەست پێبکاتەوەو, ئەگەر ئێستا کەسێك هەبێت, بتوانێت درێژە بەشەڕی پارتیزانی بدات, من ئامادەم هەموو یارمەتییەکی پێشکەش بکەم.

لەراستیدا نسکۆی ١٩٧٥ گەورە بوو, کەخواستەکانی گەلی کوردی بەرەو فەرامۆشی برد بۆ ماوەیەك, بەڵام ویستی بەرگری‌و خەبات لەناخی خەڵکدا بەزیندوویی مایەوەو ئەو نسکۆیە نەیتوانی دایبمرکێنێتەوە, خێرا رێکخستنمان زیندوو کردەوەو لەدەوری شۆڕش‌و پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەو قیادە موەقەتەمان دامەزراندو بەشێوازی شەڕی پارتیزانی شەڕ دەستی پێکردەوەو زۆربەی هێزی پێشمەرگە لەناو کوردستاندا بوو و خۆیان بەدەستەوە نەداو لەگەڵیاندا لەسەر ئەوە رێکەوتین وەکو جاران لق‌و بەتالیۆن پێبکهێنین.

دوا شەڕ لەمێژووی شۆڕشی سەبازیدا, لەرۆژی ١٣ی ئاداری ١٩٧٥ دا بوو, کاتێ لیوایەك ویستی بەرەو دۆڵی ئاکۆیان لەرۆژهەلاتی رەواندوز پێشڕەوی بکات, ئەوە بوو شکاو پاشەکشێی کردو لەو شەڕەدا ساڵح ئاکۆیی سەرکردەیەکی ئەو بەرەیە شەهید بوو و ئەو دوا شەهیدی شۆڕشی ئەیلول بوو لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستانداو, کاتێ دێینە سەر شۆڕشی گوڵان, باس لەچالاکیی پێشمەرگە لەکوردستان دەکەین لەماوەی

قیادەی موەقەتەدا, بەڵام پێموایە لێرەدا, هەڵوەستە بکەین لەسەر چارەنووسی ئەوانەی لەپیلانی کوشتاری شۆڕشی گەلی کورددا بەشدارییان کرد, ئەوانەی ڕێکەوتننامەی جەزائیریان هێنایە ئاراوە, هەریەکەو بەجۆرێ بەسزای عادیلانەی خۆیان گەیشتن (..)

ئێمە لەلایەن خۆمانەوە, ویستمان ئەو بڕیارانەی پێی گەیشتین پیادەیان بکەین‌و هەنگاوی پێویستمان نا بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە بەپێی توانا. ناکامی لەناو خەڵکیدا بڵاوبووەوە سەبارەت بەو ڕێکەوتننامەیە. ئێمە لەلایەن خۆمانەوە نیگەرانیی گەورەمان لەسەر تەندروستی بارزانی بووو مەسەلەی گەڕانەوەی بیرکردنەوەمانی بەخۆیەوە سەرقال کردبوو, ئەوەمان بەدوور نەدەزانی لەشارو دامودەزگاکەی کەرێگە لەگەڕانەوەی بگرێت‌و دەست بەسەراگرتنی لەئێران بەلامانەوە هێندە گرنگ نەبوو, ئێمە لەوە دەترساین ئەوەبوو لەناوی ببەن (..)

لەهەموو لایەکەوە هەوڵی ئەوەمان دەدا, چارەنووسی بارزانی بزانین, دوای ئەوەی ڕژێمی ئێران هەموو پەیوەندییەکی بێ سیمانی بەمەکتەبەوە بڕی. چەند برووسکەمان دەنارد, بەڵام نە لەئەمریکاو نە لەئێرانەوە, وەڵاممان پێ نەدەگەیشتەوە.

لە١٢ی ئاداری ١٩٧٥دا, ئەفسەری پەیوەندیی ئێران ئاگاداری کردین کەکوردستانی بەجێهێشتبوو, و لەشاری پیرانشەهر (خانە) دا نیشتەجێ بووبوو, کەبارزانی بەرەو حاجی عومران دەگەڕێتەوە,

هەر لەو رۆژەدا, ئیتر ئاهێك بەدڵماندا هاتەوەو نیگەرانیمان پەڕیو خۆشحاڵ بووین (..)

بەڵگەنامەکانی شۆڕش‌و خۆسازدان بۆ خولێکی دیکەی خەبات لەو ماوە ناهەموارەو سەرەڕای زۆری ئەرك‌و بەرپرسییەتەکان کەدۆخی نوێ دەیدا بەسەر شانماندا, هەردەم لەبیرمدا بوو بۆ رزگارکردنی بەڵگەنامەکانی شۆڕش‌و پاراستنیان, ئەوە شتێکە کەقەرەبوو ناکرێتەوە (..)

ئەوەبوو خودا رێنمایی کردم‌و بەپێی توانا کارم بۆی کرد. توانیم بەشێکی گرنگ, نەك هەموو ئەو بەڵگەنامانە رزگار بکەم‌و ئەوەی دەستم کەوت رەوانەی چەند شوێنێکی متمانە پێکراوم کرد (..)

نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ زۆر لەسەر هەموان کەوت. ئەوانەیش کەهاوکاریی رژێمیان کردو دژی شۆڕش چەکیان هەڵگرت‌و شەڕیان کرد (..)

بەڵام سەیر هەڵوێستی تاقمەکەی ئیبراهیم ئەحمەد بوو, لەنێوان هەموو خەڵکی کوردستاندا کەخەمبارو پەژارە دایگرتبوون, ئەوانە شادی‌و خۆشحاڵیی خۆیان نەدەشاردەوەو تەنانەت هەندێکیان توانجیان دەداو گوێمان لێیان دەبوو کەدەیانوت: ((ئەمە ئەو رۆژەیە کەچاوەڕوانمان دەکرد)).

**********

**بەڵام من لێرەدا دەڵێم:**

بەداخێکی زۆرەوە, ئەوەم بەپێویست زانی هەندێ لەلایەن‌و زانیارییە هەڵەکانی کتێبەکەی بەڕێز مەسعود بارزانی ڕاست بکەمەوە, چونکە چاوپۆشی لەهەندێکیان کردووەو هەندێکیانی گۆڕیوە, بەکەیفی خۆی, بۆ ئەوەی لایەنە ڕەشەکانی ژیانی بنەماڵەی بارزانی بشارێتەوەو خۆسەپاندنیان بەسەر کوردستاندا. زۆر هەبوون ئەو ڕاستییانەیان بەلاوە بوو, بەڵام لەترسی گیانی خۆیان دەیانشاردەوە, من لێرەدا ناڵێم من چاونەترسم.. بەڵام هەر دەبێ کەسێ ناوی خودای لێ بهێنێت‌و ڕاستییەکان بدرکێنێت.

سەبارەت بەرێکەوتننامەی جەزائیر, لەکتێبەکەمدا (کورد, دوژمنی خۆت بناسە) بەدرێژی باسم کردووەو روونم کردۆتەوە کەچۆن ئەم رێکەوتننامەیە لەنێوان سەدام‌و شای ئێران‌و بارزانیدا بوو, بۆ شکستی بزاڤی چەکدارانەی کورد, لەباکوری عێراق, بۆ خزمەتکردن بەبەرژەوەندییەکانی خۆیان. برای بەڕێز دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان, کتێبێکی بچووکی بەناوی (هەڵسەنگاندنی شۆڕش کوردو هەرەسهێنانی‌و ئاو پەندانەی لێی وەرگیرا) دەرکرد, لەلایەن لیژنەی ئامادەکاریی پارتییەوە (..و پشتگیریی بۆ بنەماڵەکەیان) (ل٨٨).

کاتێ شا ئاگاداری بارزانی کردەوە کەرێکەوتننامەی جەزائیر, وا دەخوازێت کەئەو (شا) یارمەتی ئێران لەشۆڕش کورد ببڕێت‌و

هەروەها ئەو یارمەتییانەی لەرێگەی ئێرانەوە بۆی دەهات..ویستی بزانێت کاردانەوەی بارزانی، لەو بارەوە چۆن دەبێت؟

وەڵامی بارزانی بەکورتی ئەوەبوو:

(ئێمە رۆڵەی گەلەکەی تۆین، مادامێك تۆ رازیت بەرێکەوتننامەی جەزائیرو بەرژەوەندییەکانی ئێران دەستەبەر دەکاتو ئێمە بەنیشتمانی خۆمانی دەزانین، ئێمە لاریمان نییەو ئێمە ملکەچی فەرمانی تۆین، ئەگەر بلێیت بمرن دەمرینو، بژین دەژین، ئێمە هەر دڵسۆزی تۆ بووینو هەینو لەئایندەیشدا هەروەها دەبینو هیواداریین بەبەردەوامی کێشەکەمان فەرامۆش نەکەیت).

کەس لەوانەی ئامادەبوون، رەخنەیان لەوتەکەی بارزانی نەگرت کەپێشتر لەسەری رێکنەکەوتبوون، تەنیا دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان نەبێ، کەبوێرانە وەستایەوەو ناڕەزامەندیی خۆی لەسەر بڕیاری ستەمکارانەی شای ئێران لەبەردەم ئامادەبواندا گرت، بەڵام بارزانی هیچ تێبینی نەبوو، ورتەی لەدەمەوە نەهاتو، هیچ بوار بۆ باسوخواسو گفتوگۆ نەما، ئەوەی بەرنامەی بۆدانرا بوو، روویداو، شا ووتی: ئەوەی گوتم بڕیاری خۆمەو، بواری گفتوگۆ نادەم.

خەمو نیگەرانی رۆڵەکانی گەلی کوردستانی گرتەوەو نیگەرانی ژیانی بەهاداری بارزانی بوون، چونکە هەواڵێك بڵاوبووەوە کەبارزانی لەمەترسیدایەو جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ سەر

خاکی کوردستان, چونکە بەدیل گیراوەو خەڵکی دوعای ئەوەی بۆ دەکەن بەسەلامەتی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان ئیتر چش لەکوردستان‌و ئەوەی بارزانی بەسەر کوردستانیدا هێنا, تەنها ئەو سەلامەت بێت!

دەڵێن گەلی کورد تووشی پیلانێکی نێودەوڵەتی بووەوەو, ئەمە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەو نسکۆیە تاوەکو ناکامی لەدڵی رۆڵەکانی ئەم گەلەدا بچێنێت, لەکاتێکدا ئەوەی رووی دا پیلانێکی کۆنەپەرستانەبوو بۆدابینکردنی بەرژەوەندییەکانی رژێمی کۆنەپەرستی ئێران‌و دەسەڵاتی تکریتییەکان لەعێراق لەسەر حیسابی گەلەکەمان‌و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو لایەنە کۆنەپەرستەکان لەناوچەکەدا ئافەرینیان کردو, هەندێ لەوڵاتان کەوتنە بەینی بەغداو تارانەوەو, فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەوەی بەسەر شۆڕشدا هات, فاکتەری ناوخۆیی بوون‌و خۆ ئەگەر ئێمە بەمانای وشە, شۆڕش بووینایەو سەرکردایەتییەکی خۆبەخشمان هەبووایە, ئەوا شۆڕش تووشی شکست نەدەبۆوەوە, تەنانەت ئەگەر پیلانیش لەدژی بکرایە, تەنیا لاواز دەبوو.

دیارە وتەکانیان هەموو بۆ داپۆشینی شکستەکەیان‌و داپۆشینی هەڵەکانیان‌و خۆدزینەوە لەبەرپرسی بوو, لەرێگەی تاوانبارکردنی لایەنی دیکەوە, دوای ئەم هەرەسە گەورەیەو دوای ئەوەی هەموو ئەو سامانە بەتاڵان برا, ئامادەکاری کتێبی ئاماژە پێکراو دەڵێت:

(بارزانی بڕی یەك ملیۆن دیناری لەشا وەرگرت, یەکسەر دوای نسکۆکە).

ئەمەیش بازرگانی کردنە بەبەرژەوەندیی گەلەوە, جگە لەوەی لەگەڵ شەرعو مرۆڤایەتیو ویژداندا یەکناگرێتەوەو ئەو بڕە پارەیە, فلسێکی بۆ خێزانی شەهیدانو پەککەوتەکان خەرج نەکرا.

دوای ئەوەو لەبەرژەوەندیی تایبەتی بنەماڵەکەیاندا, هانی خەڵکیان دەدا بڕۆن بۆ ئێران, هەوڵی زۆریان دا بۆ ئەوەی خەڵکی زۆر رابکێشن بۆ ئەوەی لەوڵاتێکدا ئاوارە بن کەرێزی لەماف مرۆڤ نەدەگرت رێگەی بەچالاکی سیاسی نەدەدا (سەرچاوەی پێشوو, ل ٨٨).

کاتێ هەواڵی گەڕانەوەی بارزانی بەسەلامەتی بۆ خاکی نیشتمان بڵاوبووەوە, خۆشی سەرانسەری ناوچەکەی گرتەوەو خەڵکی گەیشتنە ئەو بڕوایەی کەسەرکردەکەیان خاوەنی چەندین قوربانییەو گەلو خۆی بەدەستی دوژمنەوە نادات, ئەگەرچی لەژێر گوشاریشدا بێت.

مستەفا بارزانی هێمای خەباتو ناونیشانی گەل بوو, چونکە بەهۆی ئەوەوە ناوی کورد لەسەرانسەری جیهاندا بڵاوبووەوە, کوردەکان لەسەرانسەری جیهاندا بارزانییان دەناسی کە لەدوو لایەنەوە, خزمەتی بەگەلی کورد کردبوو..

یەکەم: لەرووی راگەیاندنەوە, کوردی بەجیهان ناساند, بۆیە وێنەی لەسەر دیوارو لەهەمووماڵیکدا هەبوو, دووەم: تەنیا

ئومێدی کورد بوو لەهەر چوار هەرێمەکەداو لەدونیادا وەکو رزگارکەرێك‌و بەدیهێنەری ئازادی, من خۆم یەکێك بووم لەوانەی بەفریشتەیەکی پاکم دەزانی‌و پێم وابوو خوا بۆ ئێمەی ناردووە.

ئەدیب‌و مێژوونووسانی کورد شوێنێکی بەرزیان بۆ بارزانی تەرخان کردبوو, بۆ دوای مردنی لەنێوان پیاوە مەزنەکانی مێژوو, وەکو شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان‌و قازی محەمەد سەرۆکی کۆماری مەهابادو عومەر موختار خەباتگێڕی لیبیاو هۆشی منە سیاسەتمەداری ڤێتنامی‌و ماوتسی تۆنگ گەورە پیاوی چین‌و نەمرانی دیکە.

ئاخۆ کامیان باشتر بێت: ئەوەی ناوت لەناو نەمراندا بێت, یان ئەوەی ملیارەها دۆلار بۆ کوڕو کوڕەزاکانت بەجێ بهێڵێت, بەکەیفی خۆیان خەرجی بکەن؟

خوێنەری هێژا: کاتێ بارزانی‌و یاوەرانی لە١١/ ٣/ ١٩٧٥دا لەگەڵ شا کۆبوونەوە, دکتور مەحمود عوسمان بەراشکاوی بەشای ووت کەئەم رێکەوتننامەیە تەنیا لەخزمەتی بەرژەندیی دەوڵەتی ئێراندایە.

شا ووتی: فرمان دەدەم سنوور بەرووتاندا دابخەن, ئیتر چاوەڕوانی هیچ جۆرە یارمەتیەك لەمن نەکەن کەجاران لەسەری راهاتبوون, بۆیە لەپێناوی بەرژەوەندتیان‌و سەلامەتیتان بڕیاری گونجاو بدەن. توندیی وتەکانی شا, بارزانی ئالۆزکردو ئەوە وای لێکرد بێ دەنگ بێت.

دوای ڕووداوەکانو چاوەڕوانیی ئایندەیەکی تارێك بۆ گەلی کوردستانو گۆڕانکارییەکانی گۆڕەپانی سیاسی, بارزانی لەگەڵ ڕاوێژکارانو سەرانی حزبدا کۆبووەوە بۆ دانانی پلانێکی نوێ بۆ کارکردن, دوای ئەم هەڵوێستەی شا.. دوای چەندین کۆبوونەوەو ڕاوێژکردن لەگەڵ سیاسەتمەدارو سەرکردە سەربازییەکاندا, حزب لەزاری بارزانییەوە بەردەوامی خەباتی چەکدارانەی ڕاگەیاند, بەڵام بەشێوەیەکی بچووکتر, وەکو شەڕی پارتیزانی, بۆ سەلماندنی بوونی بزاڤی کوردی لەسەر گۆڕەپانەکەو دوورکەوتنەوە لەکاردانەوەی دوژمنان.. لەو ڕۆژە شوومەدا, لەجبەخانەی سەرەکیدا, پانزە هەزار فیشەکی تفەنگو نزیکەی ٥ هەزار گوللە هاوەن هەبووەو, ژمارەی چەکدارانی کورد (پێشمەرگە) لەو ڕۆژەدا زیاتر لە٧٠ هەزار چەکدار دەبوو و ئەو بڕە پارەیەی لەحسیابی شۆڕشدا هەبوو لەبارەگای سەرکردەکاندا دەگەیشتە ٧٠ ملێون دۆلارو ٤٥ ملێون دیناری عێراقی.

شۆڕشی کوردستان دەوڵەمەندترین شۆڕش بوو لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا, لەرووی داراییەوە لەسەر دەستی سەدام حوسێنو شای ئێراندا, ڕێکەوتننامەی جەزائی داڕیژراو گەورەترین شۆڕشی چەکدارانی کورد, لەسەدەی بیستەمدا سەرکوت کرا بەدەستی سەرکردەکەی بارزانیو کوڕەکانی مەسعودو ئیدریس. بەڵام لەشەوو ڕۆژێکدا بەهەڵوێستی بارزانی ١٨٠ پلە وڕانی بەسەر دا هاتو ڕاوێژکارەکانی, بەرێزان شەفیق قەزازو موحسین دزەیی

ئاگــاداری چــاوپێکەوتنی بازرگــانی بــوون لەگــەڵ (Mr. X ) دا کەبووە هۆی ئەم وەچەرخانە لەهەڵوێستیدا. نەك هـەر ئـەوە, بـەڵکو بـــارزانی کۆتـــایی خـــەباتی چـــەکدارانەی لەکوردســـتانو ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا ڕاگەیاندو ڕێگەی گرت لەمانـەوەی هـەر مـەفرەزە یـان خێڵێـك کـە لەچیاکاندا بمێننـەوە بـۆ درێـژەدان بەخـەبات. ئـەوەبوو بـارزانی بـەڵێنی بـە(Mr. X) دابـوو کەچیاکانی کوردسـتان چـۆڵ بکـەنو گێـچەڵ بـەهێزەکانی ڕژێمـی بەغدا نەکەنو, لـەبری ئـەوە بـارزانی دەسـتی گـرت بەسـەر هـەموو سامانو دارایی خودی حزبەکە, هەروەها گەرەنتی ئەوەی وەرگرت بنەماڵەکـەی پـارێزراوبنو سـەد کۆشـکیان بـۆ تـەرخان بکرێـت لەباشترین شوێن لەئێران, لەتارانی پایتەختو کەرەج.

ئەمانە هـەمووی هەنـدێ لەبەهای خوێنی شەهیدانو هیواکانی گەلی کورد بوون, لەگەورەترین شۆڕشی چەکداریی کورددا. لەگـەڵ ئەوەی ئەم بڕیارە ترسناکەی بارزانی زیاتر لە ٢٨ ساڵ بەسـەریدا تێدەپەڕێت, بەڵام مێـژوو شـایەتحاڵی ئـەو سـەردەمەیەو ون نابێـت. یەکێك لەو هۆکارانەی بووە هۆی ئەوەی بارزانی لـەبڕیاری یەکـەمی سەبارەت بەدرێژەدان بەشۆڕش پاشەکشێ بکات بۆ کۆتایی هێنـان بەشۆڕشو پاککردنـەوەی کوردسـتان لەهـەر چەکدارێك, ئـەوە بـوو کـەئێرانو ئـەمریکا بارزانییـان لـەوە ئاگـادارکردەوە کەیارمـەتی شـۆڕش ڕادەگـرن ئەگـەر درێـژە بەشـۆڕش بـدات, ئـەویش دەبـوا چاوپۆشی بکات لەو گەنجینانەی لەساڵی ١٩٦١وە لەدۆلارو دینـار

کۆی کردبووەوە تا ١١/ ٣/ ١٩٧٥و دیارە درێژەدان بەخاباتی چەکداری لەو هەلومەرجە ناهەموارەدا, پێویستی بەخەرج کردنی ملیونەها دینار دەبوو, بەمەیش رەسیدی بنەماڵە لەرووی پارەوە دادەبەزی کەئەوەیش لەیاسای بارزانیدا, بەتاوانێك دادەنرا بەرامبەر بەو بنەماڵەیە.. ئاخۆ ئەوەیان فەرامۆش کردبێت کەپارەو ماڵو منداڵ ئارایشتی ئەم دونیانو کاری باشە بەنەمری دەمێنێتەوە؟!

بارزانی بڕیاری مێژوویی رەشی دەرکرد کەبریتی بوو لەم خالاّنە:

١ـ ملدان بەویستی دوژمنانو راگەیاندنی کۆتایی شۆڕشی چەکداریی کوردو خەباتی پارتی دیموکرایەتی کوردستان لەماوەی سی ساڵدا ١٩٤٦ ـ ١٩٧٥.

٢ ـ گواستنەوەی هەموو کەرەستەو کەل‌وپەل‌و پارەی شۆڕش کەهەبوو, بۆ ئێران.

٣ـ ناردنی بروسکەی خێرا بۆ بارەگاکانی پێشمەرگە لەسەرانسەری کوردستانداو فرمانی لەناوبردنی چەکە قورسەکانو خۆیان بگەیەننە ئێران بەچەکە سووکەکانیانەوە تا ٢٦/ ٣/ ١٩٧٥و هەموو چالاکییەك رابگرن.

٤ ـ دەرکردنی فرمانی بۆ ئیدرسو مەسعود, تاوەکو خێرا ئەو کەسە گومان لێکراوانە لەناوببەن کەبارزانی گومانی هەیە لەوەی مل بەفرمانەکانی بدەنو درێژە بەخەباتی چەکداری دەدەن, بۆ

ئـەوەی راگرتنـــی شـــەڕ لەچـیاکانی کوردســـتاندا دابـین بکـــەن‌و بەتایبـەتی ئەوانـەی لەزینـدانـەکانی شۆڕشدا بـوون, وەکو محەمـەد ئاغا مێرگە سووری‌و کوڕەکانی کەیەکسەر کوژران.

خوێنـەری هێـژا: سیاسـەتمەدارو راوێـژکارانی بـارزانی رۆڵێکـی بەرچـاویان هــەبوو لـەو سـیناریۆیەداو هەڵمـەتێکی پڕوپاگەنـدەی گـەروەیان ئەنجامـدا کـەبارزانی هەڕەشـەی تـیرۆر کـردن یـان گرتنـی لەســـەرە لەلایـــەن حکومـــەتی ئێرانـــەوەو پاراســـتنی گیـــانی ئـــەو لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە..

هەواڵی ئەوە لەناو هاووڵاتیانی کوردو پێشمەرگەدا بڵاوبـووەوە کەژیانی بارزانی لەمەترسیدایەو خەڵکی مەولودیان دەکردو لەخوا دەپاڕانـەوە کەتەندروسـتی بـارزانی بپارێزرێـت, ئـیتر خـوای دەکـرد شـۆڕش‌و چارەنووسـی گـەلی کوردسـتان بـەقوڕی رەشـدا دەچـوو. سەرەتا, لەلایەن سەرانی شۆڕشەوە پڕوپاگەندە بۆ ئەم سیناریۆیە دەکـرا, وەکـو ئیـدریس بـارزانی‌و مەسـعود بـارزانی‌و موحـسین دزەیـی‌و شـەفیق قـەزازو.. سـەرەتا لەسـەرکردە سـەربازییەکانی شـۆڕش وەکـو ئـامر بـەتالیۆن‌و سـەرلق‌و سیاسـییەکان دەسـتی پێکـرد. چـونکە بـارزانی وەکـو خـەباتگێڕێکی ئەفسانەیی لـەهزری خەڵکی رەشۆکدا چەسپابووو تا ئەمرۆیش ئەوە کاریگـەریی خـۆی مـاوە: بـارزانی لەسـەرووی مەرگەوەیـەو, ئەفسانەیەکی نـەمرە کـە لەکوڕەکانیداو دواڕۆژیش لەکوڕەزاکانیدا بەرجەستە دەبێـت.. بـۆ درێـژەدان بەدەسـڵاتی بنەماڵـەی بـارزانی دەبـوا پڕۆپاگەنـدە بـۆ

بڕگەی دووەمی سیناریۆکە بکەن, کەئەویش یەکێکە لەبڕگەکانی ڕێکەوتننامەی جەزائیر, کەتیایدا هاتووە: ئەگەر هاتو هەر جموجوڵێکی چەکداری لەلایەن پێشمەرگەوە سەری هەڵدا ئەوا یەکسەر هەرسێ وڵاتی عێراق و ئێران و تورکیا هێزی سەربازی ڕەوانە دەکەن بۆ گەمارۆدانی کوردستان و کێومالّ کردنی, ئیتر ئەوسا مەگەر خودا بزانێت ڕۆژی کورد بەچی دەگات لەئەنجامی دەستێوەردانی ئەم هێزە سەربازییانەو, خەڵکی ڕووبەڕووی سووکایەتی پێکردن و تالان و کوشتن و گرتن و بڕین دەبنەوە.

ئەم داستانە بەئاسانی بەسەر خەڵکی ڕەشۆکدا ڕەتدەبوو, کەم بوون ئەوانەی درکی ئەو ڕاستییەیان دەکرد و لەوە لاوازتر بوون بەرووی تەوژمی بڕیاری بارزانیدا بوەستنەوە, چونکە لەلایەن ئەو خەباتگێڕە ئەفسانەییەوە پڕۆپاگەندەی بۆ دەکرا.

بارزانی لەو بارەوە, لەوتارێکیدا دەڵێت: دوای باسوخواس لەکۆبوونەوەکاندا کە لەگەڵ سەرانی شۆڕش و سیاسەتمەدارە بەئەمەکەکان کرا, سەبارەت بەگۆڕانکارییەکان لەو بارودۆخەی کەرووبەڕووی گەل کوردستان دەبووەوە, لەکۆتاییدا ناچاربووم بڕیارێکی گەلێ ترسناک دەربکەم و سووربیم بۆ یەکەم جار لەژیانمدا, بۆ بڕیاردان لەسەر هەڵوێستێك کە بەپێچەوانەی بیروباوەری کەسێتی خۆمەوە بوو, کە لەنەریتی سیاسەتدا کارێکی نەشازە.. بەلام لەپێناوی بەرژەوەندی گەلی کوردستان و, دوای ئەوەی لەمێشکمدا تاوتویم کرد, بۆم روون بووەوە کەبڕیارێکی

راستە, هەموان دەزانن من هۆكاری سەرەكی بووم لەدانانی بەردی بناعەی ئەم شۆڕشەو لە ١١/ ٩/ ١٩٦١ دا دامەزراندو ئەمرۆیش لەخەباتی چەكدارانەو كۆتایی هێنان بەشۆڕش.

دوای ئەوە بڕیاری بارزانی بەسەر هەموو فەرماندەو كەرتەكانی پێشمەرگە لەسەرانسەری كوردستاندا گشتێنراو دوابەدوای ئەوەیش بڕیارێكی هەڕەشەئامێز دەرچوو بۆ دانانی چەكو كۆتایی هێنان بەپێشمەرگایەتی لەكوردستانو ئەوەی مل بەفرمانەكانی بارزانی نەدات خۆی بەرپرسیار دەبێت.

هەردوو بەرێزان ئیدریس بارزانیو مەسعود بارزانی رۆڵی سەرەكییان هەبوو بۆ تەواوكردنی ئەم كارەو پڕۆپاگەندە كردن بۆی لەرێگەی دەزگای سیخوڕیی بارزانی (پاراستن)ەوە, بەوەی كەبارزانی تەندروسیتی تێكچووەوە ناتوانێت سەركردایەتی شۆڕش بكات, بۆیە بڕیاری دا بڕیاری كۆتایی هێنان بەشۆڕشی دەركرد, چونكە هیچ سەركردەیەكی تر جگە لەبارزانی سەرفراز نابێت لەپێچی مێژەرێكداو كەسەركەوتنەكانی پێشمەرگە لەو پەڕیدابووو خەونیان بەشۆڕشە مەزنەكەیانەوە دەبینی, خەڵكی گوێیان لەم هەواڵە دڵتەزێنە بوو ئەویش لەكێوە؟ لەسەركردە گەورەكەیان بارزانی كەهیوای رزگاربوونیان بوو, چەكوشەكە بەسەری خەڵكی كەوتو بارێكی پڕ لەخەم سەرانسەری كوردستانی گرتەوە.

خوێنـەرە هێـژاکان: لەرێگـەی گەمەیـەك‌و رێکـەوتنێکی نێـوان زلهێزانـی دەسـەڵات لەجیهانـدا, مـەلێك مـەمحمودو قـازی محەمـەد نەیانتوانی ئازادی بۆ گەلی کوردستان دەستەبەر بکەن.. بەڵام لـەم خولەدا زیانەکە بەهۆی رێکەوتنی شای ئێران‌و سەدام حوسێنەوە بوو, کە لەرێگەی نەخشەیەکی داڕێـژراوەوە رێکـەوتن کەئەمرێکاو بەسەرپەرشـتی ئیـسرائیل‌و تورکیـاو جێبـەجێکاری سـەرەکی پیـادەکرا کەمـەخابن سـەرۆکی بزووتنـەوەی کـورد مـەلا مـستەفا بارزانی بوو.

لەم ئەلقەیە لەپەردە سیاسییەکاندا, کەبارزانی بەدرێژایی ژیانی خۆی بەرێوەی دەبرد ئەمجارەیان بارزانی رووبەڕووی سەرزەنشتی شەقامی کوردی‌و پێشمەرگە بووەوە, لەسەر هەڵوێست‌و بڕیارێك کەبێ مانا بوو, خـەڵکی پێشمەرگەو سیاسییەکانیان هان دەدا بۆ ئـەوەی داوا لـەبارزانی بکـەن دەسـت لەدەسـەڵاتی سـەرکردایەتی شـۆڕش هـەڵبگرێت‌و خـاکی کوردسـتان بـەجێ بهێڵێت بۆ ئـەوەی پێـشمەرگەکان بتـوانن درێـژە بەشـۆڕش چـەکداری بـدەن‌و ئامادەکاری بۆ شەڕی پارێزانی, سەرلەنوێ‌و بەشێوەیەکی دیکـەو رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ویستی دوژمناندا.

لـەپێناوی هێنانـەدی ئـەم ویـستە, سیاسـییەکان‌و پێشمەرگە بەبـەردەوامی‌و رۆژانـە سـەردانی بـەردەوامیان بـۆ بارەگـای سـەرکردایەتی دەکـرد بـۆ چـاوپێکەوتنی ئەوانـەی کاریگـەرییان لەسـەر بـارزانی هـەبوو, بـۆ ئـەوەی بڕیارەکـەی بگۆڕێـت یـان

کوردستان بەجێ بهێڵێت‌و, سەردانەکان زیاتر بۆ لای مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو بەرێزان عومەر مستەفاو عەلی عەسکەری بوو, ئەوانەیش پاساویان دەهێنایەوە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ بارزانیدا کۆببنەوە.

لەبەر ئەوەی بارزانی نۆرێن‌و دەستەڵاتی بەسەر شۆڕش‌و سەرکردایەتیدا دەشکایەوە, لەو مێژوو خراپەدا کەسێ نەتەوەی فارس‌و تورك‌و عەرەب بەبەردەوامی تەبان لەسەر سەرکوتکردنی هەر بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازی کورد لەهەر بەشێکی کوردستاندا بێت, دوایی باسی بەرێز جەلال تاڵەبانییان کرد کەئەوسا بەفرمانی بارزانی لەئەوروپا بوو, بۆ ئەوەی هەندێ ئەرکی شۆڕش لەدەرەوە رابپەرێنێت وەکو نوێنەری ئەو.. ئەوەبوو مام جەلال نامەیەکی ناردو تیایدا روونی کردەوە کەچەندین سەردانی بۆ وڵاتانی دۆست کردووەو تیایدا ئەوەیان دەرخستووە کەئامادەن هەموو یارمەتییەکی مادی‌و سەربازی‌و پشتگیریی سیاسی پێشکەش بەشۆڕشی کوردستان بکەن, بەمەرجێ بارزانی بەردەوام بێت لەشۆڕشی چەکداری‌و ئەو فرمانە هەڵبوەشێنێتەوە. لەکۆتایی‌و تارەکەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەکۆبوونەوەکەدا, دەڵێت: ئێمە ئامادەین بەرپرسیی‌و سەرکردایەتی شۆڕش لەئەستۆ بگرین‌و ئێوە دەتوانن مەرجی ئەوە دابنێن کەهەموو شێتك لەژێر ناوی بارزانیدا بێت‌و, بەرێزتان دەبینن کەچۆن دوای کەمتر لەدوو ساڵ ئەم شۆڕەشە چەکدارە, لەشەڕی پارتیزانییەوە لەچیاکان,

دەکـــەین بەمـــەزنترین شۆڕشـــی چـــەکداری کـــەکۆنترۆڵی هـــەموو ناوچـــەکە بکـات. مامۆسـتا ئیـبراهیم بـەردەوام بـوو لـەوێناکردنی ئاینـدەی ئـەو شۆڕشـەی باسـی دەکـرد.. دوای ئـەوەی چـەند خولەکێك بارزانی بێ دەنگ بوو کەوەکو ئەوە وابوو چەند ساڵێك بێ دەنگ بوو بێت, مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دووبارە ڕێچکەی ئەو بێدەنگییەی شکاندو ووتی: ئەگەر بەرێزتان لەسەر بۆچوونی خۆتان سوورن‌و قەناعەتتان بەقسەکانی من نیە, راو بۆچوونێکی دیکە هەیە, ئەوە چۆنە بەلاتانەوە ئەگەر ڕێگە بەعەلی عەسکەری بـدەن سـەرکردایەتی (٤٠٠) پێـشمەرگەی جەربـەزەو جـەنگاوەر بکـات, بـۆ ئـەوەی شـۆڕش بـەردەوام بێـت بەشـێوەی شـەڕی پـارتیزانی, بـۆ ئـەوەی ڕێگـە نـەدەین خـوێنی شـەهێدانی چـەند ساڵەمان بەفیڕۆ بچێت‌و, ڕەنگە بەیانی خەڵکێکی زۆر لەدەرەوەی کۆببنـەوە. ئێـستا خـەڵك لـەدەرەوەی شـوێنی ئـەم دانیـشتە چاوەڕوانی ئاکامی ئەم دانیشتنەمان‌و دوا بڕیاری بەرێزتان بن, بـەڵام ئـەو تـەنها فرمـانی بـەوە دا جێبـەجێ بکرێـت کەخزمـەتی بەبەرژەوەندی خۆی دەکرد روویدا.

بـۆ بـەیانی وەڵامـی بـارزانی دەربـارەی هـەموو بۆچـوونەکان‌و پرسیارەکان کەمامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد خستنیە روو, ئەوە بوو کەووتی: هەرچی بەسەر ئێمەو ڕۆڵەکانی گەلی کوردستاندا بێت, لەئەستۆی ئیـبراهیم ئەحمـەدو عومـەر مـستەفایەو بەشـێوەیەکی

گاڵتەجارێ ناویان دەهێنا, چونکە کۆتایی هێنان بەشۆڕش و ئەوەی بەدیمان هێنا, هەمووی لەچاوی ئەوانی دەناسم.

هەموو ئەمانە ئەو سووکایەتییەی بارزانی سەبارەت بەبەرێزان ئیبراهیم ئەحمەدو عومەر مستەفا کردنی لەپاشەملەیان بوو کەچاوی بەخەڵکی دەکەوت.

خەڵکی قەناعەتیان نەکرد کەبەرێزان ئیبراهیم ئەحمەدو عومەر مستەفا وعەلی عەسکەری نەتوانن بڕیاری بارزانی راست بکەنەوە.. بەڵکۆ چاوپێکەوتنەکان و گفتوگۆکان بەردەوام بوو لەنێوان سیاسییەکان و فەرماندەکانەوە, بەو ئومێدەی یەکێکیان بتوانێت بڕیاری بارزانی بۆ کۆتایی هێنان بەشۆڕش راست بکاتەوە.. لەنێوان ئەو کەسایەتییانەی چاویان بەبارزانی کەوت سەبارەت بەم بابەتە, بەرێز فوئاد عارف کەسایەتیی ناوداری کورد بوو و لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا فوئاد عارف ووتی: من داوای لێبوردنت لێدەکەم, بەڵام دەبوا کاتێ چاوت بەشا کەوت دەمانچەت پێبوایە, کاتێ بەراشکاوی و بەو شێوە ناشیرینە باسی رێکەوتنی خۆی لەگەڵ شادا کرد, دژی بەرژوەندیی گەلی کوردو بەسوودی بەرژەوەندیی ئێران.. دەبوا بەرێزتان فیشەکت پێوبنایەو بتکوشتایەو لەتۆڵەی کوردو دواتر خۆت بکوشتایە, بۆ ئەوەی بۆ هەتا هەتایە ناوت لەهزری هەموو کورداندا بەنەمری بمایەتەوە.

فوئاد عارف بەردەوام لەئاراستەکردنی وتەکانی بۆ بارزانی و ووتی من ژیانی خۆم تەرخان کردووە بۆ خزمەتکردن بەدۆزی

کوردو بەتایبەتی بۆ بەڕێزتانو, هەرگیز چاوەڕوانی ئەم مامەڵە توندە نەبووم لەتۆ, چونکە ئەوسا لەگەڵ کۆمەڵی لەسیاسیو هەڤاڵاندا, وەکو شاندێك هاتین بۆ حاجی عومران بەنیازی ڕێکخستنی دانوستان لەنێوان حزبی بەعسو شۆڕشی کوردستانداو کاتێ ئاکامی باشی لێنەکەوتەوەو دەستپێکردنی خەباتی چەکداریتان ڕاگەیاند, ڕێگەتان نەدا من بگەڕێمەوە بۆ بەغداو بەدەستبەسەری میواندارتان بووم, کەهەرگیز چاوەڕوانم نەدەکردو, دواتر ئەوە بوو خەباتی چەکداریو کۆتایی هێنان بەشۆڕشتان ڕاگەیاندو, دوای ئەوەی کار لەکار ترازا ڕێگەت دا چاوم بەتۆ بکەوێت. مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ئاگاداری کردمەوە, کەمن لەئۆتێلی پارك لەشاری ورمێ لەژوورەکەی تەنیشتتدابوومو چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد ڕێگە بدەن سەردانت بکەمو لەو چاوپێکەوتنە تەنیا دەمویست خزمەتێ بەکێشەی کورد بکەم... بارزانی لەوەڵامدا گوتی: داوای لێبوردن دەکەم لەو هەڵسوکەوتەی خۆم کەتۆم نارەحەت کردووە, هەروەها دەمەوێت مەسەلەیەکی گرنگت بۆ ڕوون بکەمەوە, ئەویش ئەوەیە کەهۆکاری ئەوەی چاوم بەتۆ نەکەوت, کەدیارە کاریگەریی باشی دەبوو لەسەر ڕەوتی شۆڕش, ئیدریسو مەسعود بوونو ئەو کاتەی تۆ لەئێران لەنزیکمەوە بوویت, ئەوان ئاگاداریان نەکردووم, لێرەدا دووبارە داوای لێبوردن دەکەمو دەڵێم مافی ئەوەت هەیە بماڵیت بەناوچاومدا بۆ ئەوەی دڵت لەمن پاك بێتەوە !!

خوێنەری هێژا:

دوای ئـــەوەی کۆمـــەڵێ لەسیاســـیەکان لەگـــەڵ بارزانیـــدا کۆبوونـەوەو سـەبارەت بـەراو بۆچـوونی خۆیـان گفتوگۆیـان کـرد, کاردانــەوەی بــارزانی بەپێــچەوانەوە بــوو.. ئــەوەبوو بڕیــاری دا کۆتـایی بەشـۆڕش بهێنێـتو کوردسـتان لەهـەر چـەکدارێکی کـورد پاك بکاتەوە هەر بەو شێوەیەی لەگەڵ شای ئێرانو (Mr. X) دا ڕێککەوتبوو, ئەوە بوو گەلێ لەسەرانی پێشمەرگە ڕێکەوتن لەسـەر درێـژەدان بەشۆڕشـی کوردسـتانو پـەرپاکردنی شـەڕی پـارتیزانی لەچیاکاندا.

بەڵام بارزانی کاتێ هەستی کرد هەڵوێستەکە ترسناکەو زیان بەبەرژەوەنـدیی تایبـەتیی دەدات, ئـەوە بـوو دەزگـای پاراسـتنی بەهـەردوو کوڕەکـەی بەرێزان ئیدریسو مەسعود سپارد, کـە ٢٥٠ چەکداری شڕەخۆر لەژێر دەستیاندا بن, بۆ سزادانی هەرکەسێك سەرپێــچی لـــەفرمانی بـــارزانی بکـــاتو تـــرس بخەنـــە دڵـــی پێشمەرگەکانەوە, ئەوە بوو سەرەتا حەمەد ئاغای مێرگە سووریو کوڕەکـانی تیربـاران کـردو دواتـر کەوتنـە منـەکردنی ئەوانـەی گومانیـان لەسـەر بـوو کەبەتـەمان درێـژە بەشـەڕی پـارتیزانی بدەن, ئەمەیش ترسێکی وەهـای خسـتە دڵـی پێشمەرگەوە کـە لەناچاری یەکێك لەم دوو ڕێگەیە هەڵبـژێرن: یـان خۆبەدەسـتەوەدان بـەرژێمی حزبـی بـەعس یـان خۆبەدەسـتەوەدان بـەدوژمنی سـەرسـەختی گـەلی کوردستان, واتە شای ئێران.

خوێنـــەرانی هێـــژا: لەبەرگـــەکانی کتێبەکەمـــدا باســـی ڕێکەوتننامەی جەزائیرم کردووە, بەڵام لێرەدا دەمەوێت بەدرێژی باسی بکەم بۆ بەرچاو ڕۆشنی هەموان. سەبارەت بەم ڕێکەوتننامە شومە, بەدرێژی لەبەرگەکانی کتێبەکەمدا ئاماژەم بەوە کردووە, کـەمن لەبەڕێوەبەرایـەتی گـشتیی ئـەمن کـارم دەکـرد, یـەکێك لەئەرکەکانم ئەوەبوو پێشوازیی لەکوردەکان بکەم کەدوای شکستی شۆڕش دەگەڕانەوە.

بەتـەنیا چـاوم بـەزۆر لـەو سیاسـییە ناودارانـە دەکـەوت دوای پێشوازی کـردن, بۆ ئـەوەی زانیـاری ورد سـەبارەت بـەو بڕیـارەی بـارزانی لەهەرەسهێنان بەشۆڕشـی کـورد بەدەسـت بهێـنمو, پێشتر بەدرێـژی سـەبارەت بەمـە قـسەم کـردووە, لێـرەدا دەمـەوێت نـاوی هەندێ لەوانە ببەم کەچاوم پێیان کەوت: بەڕێزان ساڵح یوسفی, فوئاد عارف, کاکەزیاد ئاغا, کەمال مەزهەر, دکتور کەمال خەیات, کامـل عـەتار, عومـەر مـستەفا, خالـد محەمـەد سـەعید, عـەلی عەسکەری, دارا رەشید جەودەت, لوقمان بارزانی, حەبیب محەمەد کـەریم, بـەکر مـام رەزا, دارا تۆفیـق, شـەفیق ئەحمـەد ئاغـا, عـەلی سـەلیم بـەگی جـافو, لەسـاڵی ١٩٨١ دا, وا ڕێکـەوت ماوەیـەك لەلەنـدەن بمێنمـەوەو بـەخت یـاوەرم بـوو چـاوم بەسـێ هزرمەنـدو سیاسی گەورە بکەوێت: توفیق وەهبی بەگی مێژوونووس, عەلی کـەمال حاتـەمی تـەی بـوو, مامۆسـتا ئیـبراهیم ئەحمـەد سیاسەتمەداری گەورە. هەروەها لەبەرگەکانی کتێبەکەمدا ئاماژەم

بەوە کردووە کە: بەهۆی ساردوسریی دۆخە سیاسییەکەوە، سەبارەت بەکێشەی کوردو بەهۆی ئەوەی کاتی زۆرمان بەدەستەوەبووو لەبەر ئەوەی لەیەکتری گەیشتبووین، حەفتەی چوار جار چاومان بەیەکتری دەکەوت و، لەچاوپێکەوتنەکانماندا باسی هەر شتێکمان بکردایە دەگەڕاینەوە سەر کێشەی کوردو هەموومان لەسەر دوو را ڕێکدەکەوتین سەبارەت بەشکستی پێدانی شۆڕش لەلایەن مەلا مستەفاوە.

١ـ بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستیی بارزانی، بەتایبەتی لەساڵی ١٩٧٢، کە تادەهات خراپتردەبوو بەهۆی لاوازیی جەستەو سەرقاڵییەوە، لەرووی زانستییەوە ئەوەی لەتەمەنی بارزانی و بارو تەندروستییەکەیدا بێت، تەنیا لەبیری ئەوەدا دەبێت ژیانێکی ئاسوودەو بێ وەی بەسەر بەرێت لەسەر گەنجینەی سلێمان دابنیشێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی بارزانی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کەدەستگرتن بەسەر تەختدا وەکو سەرکردەیەکی سەرکەوتوو کەبتوانێت سەروەری کوردستان کۆنترۆڵ بکات، پێویستی بەهەوڵ و تێکۆشانی زۆر هەیە، بۆیە دەبینین بێ وەیترین ڕێگەی هەڵبژارد بۆ رازیکردنی خواستەکانی باری تەندروستی و دەسەڵاتداران لەوڵاتانی دەرودراوسێ و ڕێکخەرانی گەمەی نێودەوڵەتی.

٢. دوای بڕیاری بارزانی لەهەرەس پێهێنانی شۆڕش، کەگومانم هەیە لەسەر ئاگاداربوون لەهۆکارەکانی و تەنیا مەبەستم ئەوەیە

بزانم چی هانی بارزانیدا کەجێگەی ڕێزم بوو و قیبلەی هەموو کوردان بوو, تا گەورەترین شۆڕشی کورد, لەمێژووی گەلی کوردستاندا بەرەو هەڵدێر ببات و, یەکێك لەو بەڵگانەی کەتینوێتی شکاند, کتێبی (هەڵسەنگاندنی ڕەوتی شۆڕشی کوردو هەرەسهێنانی بوو, هەروەها ئەو پەندانەی لێی وەرگیرا) لەلایەن لیژنەی ئامادە کاریی پارتی, لەساڵی ١٩٧٧ بۆ پەردەپۆش کردنی کردەوەکەیان. (سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٣). دووبارە دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو درۆودەلەسە, وەکو پیشەی خۆیان و وتیان: دەمانەوێت شۆڕش سەقامگیر بێت, بەڵام کاتێ بەرپرسان لەئێران ناڕەزامەندیی خۆیان لەو بارەیەوە پێشان دا, دەست بەرداری بوون و بەرگرییان لێی نەکرد وەکو پێویست, تەنانەت لەوانەیش کە لەلایەن ئێرانەوە سزادران بەگرتنیان یان بەوەی دایانن بەدەستی عێراقەوە, بەهۆی ئەم چالاکییەوەو بەم دەوڵەتەیان نەووت کەئەوان بەرپرسن لەو دۆخە, نەك ئەوان و, لایەنگریان نەما جگە لەچەند کەسێکی سەر بەدەزگای پاراستن نەبێت کەئێستا کۆڵەکەی حزب و پاڵپشتی بنەماڵەیە (ل ٨٨ هەمان سەرچاوە).

نەك تەنیا ئەمە, بەڵکو دەیانووت: بۆ کەس نەهاتووە, سەر بەهەر حزبێك بێت و, جگە لەپارتییەکان بۆ کەس نییە کاری سیاسی بکات, بەپێچەوانەوە بەمانای دوژمنایەتی کردنی بنەماڵەی بارزانییە (بارزانی و کوڕەکانی و هەوادارە سەرکردەکانی,

هێشتا خۆیان بەباشترین سەرکردایەتی گەلی کورد دادەنێن و پێیان وایە ئەوەی ملکەچیان نەبێت هەڵەیەو بۆی نەهاتووە چالاکی سیاسی ئەنجام بدات و هاووڵاتییەکی باش نییە, ئەم بۆچوونە لەلایەن هەر کوردێکەوە رەت دەکرێتەوەو مایەی سەرسوڕمانەو, بۆ گومڕاکردنی خەڵکی تەحسین شاویس و قادر فەرەجیان نارد بۆ ئەوەی پەیوەندیی بکەن بەهێزی جاشەوەو لەناو خەڵکیدا وایان بڵاوکردبۆوە کەئەو دوانە بەپێی فرمانی ئەوان گەڕاونەتەوە بۆ کوردستانی عیراق بۆ کاروباری رێکخستن و لەراستیدا مەبەستیان وەشاندنی گورز بوو لەشۆڕشی نوێ بەچەك و بەهێزی دەسەڵاتی عیراق, ئەو شۆڕشەی کەدوای کەمتر لەسێ مانگ, خەڵکی شۆڕشگێڕ توانییان بەرپای بکەن. هەروەها دواتر مامە ریشەیان تیرۆر کرد. ئەم بنەماڵەیە, رۆژێ لەرۆژان کەمتەرخەمییان نەکردووە لەدوژمنایەتی کردنی گەلی کوردو دژی هەر کەسێك بوونە کەلەراو بۆچووندا دژی ئەوان بوون و سووکایەتییان پێکردوون و تا کوشتن رووبەڕوویان بوونە, بەرچاوترین نموونە بۆ ئەوە, فریودانی خەڵکی خێڵەکی سەربەخۆیان کەئاگاداری بارودۆخی گەلەکەیان نەبوون, بۆ کاری چەتەگەری و دەستدرێژیی کردنی چەکدارانە, لەلایەن تاقمی تەحسین شاوەیس و قادر فەرەج, لەیەکەم گەیشتنیان بۆ چیاکانی کوردستان کەمەفرەزەیەکی پێشمەرگە بوون ژمارەیان ٤٠ کەس بوو, بۆ ئەوەی ئەرکێکی نیشتمانی لەکوردستانی عێراق جێبەجێ بکەن کەسەر بەیەکێتی

نیشتمانی بوونو ژمارەیەکیان شەهید کردو ئەوانی دیکەیشیان بێ سەروشوێن کرد. ئەم تاقمە دژی هەر هێزێکی نیشتمانپەروەر بوون کەدوور لەسەرکردایەتیی بارزانی خەباتیان دەکرد (هەمان سەرچاوە پێشوو ل ١٠٣)

دوای ئەوەی بارزانی بڕیاری خۆی دەرکرد بۆ دەست هەڵگرتن لەپرەنسیپی مافەکانی کوردستانو کۆتایی هێنان بەشۆڕش، هەردوو بەڕێز ئیدریس بارزانیو مەسعود بارزانی ڕێکخراوێکی سیاسی نهێنییان لەناو ڕێکخستنی پارتی دامەزراندو توانییان سەرنجی گەڵی لەئەندامانی پارتی لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە، دوای ئەوەی حکومەتی ئێرانی لەوە ئاگادار کرایەوە، دەزگای ساواکی ئێرانی هەموو ئەوانەی دەستگیرکرد کەگومانی ئەوەی لێدەکردن کەسەر بەو ڕێکخستنە نهێنیەنو هەندێکیانی بۆ دوورترین ناوچەی ئێران دوورخستنەوەو خرانە ژێر چاودێرییەوە، بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی چاویان بەیەکتری ناکەوێتو، هەندێکیان هەڵهاتنو خۆیان بەدەستی حکومەتی عێراقەوە.

خوێنەری هێژا: ئەوەم بۆیە باس کرد، بۆ ئەوەی هەڵویستی حکومەتی ئێران، دەربارەی بیرکردنەوە لەهەر ڕێکخستنێکی سیاسی روون بێتەوە:. کەچۆن بنەماڵەی بارزانی توانی قیادەی موەقەتە دروست بکاتو گەشەی پێبدات، بەبێ ئەوەی ئێران نەخشەی بۆ داڕشتبێت؟

ئەگــەر دەوڵــەت لــەوە دڵنیــا نەبوایــە کەرێکخــستنی قیــادەی موەقەتــە کــەکوڕەکانی بــارزانی ســەرکردایەتییان دەکــرد مەترســی نییە لەسەریان, ئەوا تیشکی سەوزیان نەدەدا بەبەرێزان ئیدریس‌و مەسعود بۆ دامەزراندنی‌و گەشە پێدانی.

هەر لەیەکەم رۆژی دامەزرانـدنی قیـادەی موەقتـەوەو دواتـریش پــارتی لەلایــەن بنەماڵــەی بارزانییــەوە, خــەڵکی کوردســتان جگــە لەشــەڕو مــاڵ‌وێران شــتێکی دیکــەیان نــەبینی‌و دەتــوانم بڵــێم کــە لەچیاکانی کوردستان‌و تەپۆڵکەکانیدا, نییـە تووشـی کوێـرەوەری نــەبووبێت بەدەســتی ئــەم ســەرکردایەتییەوە کەمەگــەر بــەئاگری دۆزەخ ســزا بــدرێن, خــوێنی هــەموو ئــەو قوربانییانــە لەئەســتۆی ئەواندایە, وای لەرۆژی سزادانیان!

کاتێ لەناو ریزەکانی یەکێتی نشیمانیدا کارم دەکرد, شەیتان کــوێری کــردم‌و ئــەو راســتیەم نــەزانی‌و بــەنهێنی پەیوەنــدیم کــرد بەبنەماڵەی بارزانییەوە, پێم وابوو کەئەوەی رۆیشتووە, تەواو بوو و رۆژانی نەهامەتی کە بەسەر گەلی کوردستاندا هات, رەوییەوە, بەڵام لە٣١ی ئابی ١٩٩٦دا وەکو خەڵکی کوردستان ئەوەم ببنی کــەبۆ ســێ رۆژ گریــام, هــەروەکو بڵێــی کەســێکی ئــازیزم کەبەموعجیزەیەك زیندوو بووبێتەوە, لەپڕ گیانی لەدەستدا بێت.. هــەموان شــاهیدی ئــەوەن کەچــۆن بــەرێزان مەســعود بــارزانی‌و نێـچیرەڤان بـارزانی, قوسـەی سـەدام حوسـێنیان بەسـەرکردایەتی گاردی کۆماری هێنایە سەر ناوچەکە, هیچ کەسێکی ژێر ناتوانێت

پاساو بۆ ئەوە بهێنێتەوە کەرێگە بەپۆستاڵ بدرێت دووبارە بگەڕێتەوە سەر خاکی کوردستان و, خۆفرۆشان رۆژیان دێت کەبێ دەسەلات بن و ئێمەش حەواڵەی خودایان دەکەین..

مەخابن لێرەدا دەڵێم هەرەسهێنانی شۆڕشی کوردستان بەفرمانی خودی بارزانی بوو, بەپێی رای خۆم و رای سیاسی و کەسایەتییە کوردیە ناودارەکان, بەئاگاداری حکومەتی شاو حکومەتی تورکیا و دامودەزگا سخیوڕییەکانی عێراقیش, قیادەی موەقتە دامەزراو بەرێزان مەسعودو ئیدریس جێبەجێ کەری بوون, لەبەرگەکانی کتێبەکەم (کورد, دوژمنی خۆت بناسە) دا باسی کارەساتی ۳۱ی ئابی ساڵی ۱۹۹٦م کردووە کەمەسعودو نێچیرەڤان جێبەجێ کەری ئەو پلانە خیانەتکارییە بوون.

ئەگەر ناتوانن سەرکردایەتی بکەن, ئەوە بەجێ بهێڵن بۆ کەسی خۆی, ئایا کوڕەزاکانی بارزانی ئارەزووی ئەوە ناکەن کەباپیرەیان ملی بۆ فرمانەکانی شای ئێران و (Mr. x) کەچ نەکردایە و لەدوا بینینیدا بیکوشتایە؟ یان دەستی لەو تەختە هەڵگرتایە کەهەموو ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی سوێندیان خواردووە دەستی لێهەڵنەگرن, بۆ هیچ کەسێك و بەهەر نرخێك بووە,.

خۆ ئەگەر بارزانی یەکێك لەو دوو کارەی بکردایە, ئەوا لەناو دڵی خەڵکیدا جێگەی خۆی دەکردەوە وەکو شێخ مەحمودو قازی محەمەد.

ئەی بنەماڵەی بارزانی.. ئەی سەروەرانی ئەمڕۆ:

بەهەموو زۆرداریی خۆتانەوە بەسەر ملی خەڵکیدا, تۆ بڵێی سبەینێ بارزانی کەسێکی دەست بکەوێت لەگۆڕەکەیدا سڵاوی لێبکات! یان تۆ بڵێی چۆن وەڵامی بنەماڵەی شەهیدان بدەنەوە کەژمارەیان دەگاتە ٥٠ هەزارو, بۆچی کوڕو باوکەکانیان شەهید بوون و, ئەو هەموو خێزانانەی ئاوارەبوون؟

دوای راگەیاندنی کۆتایی شۆڕش, گەلێ لەسیاسییە رێزدارەکان لەناو کوردستان و لەدەرەوەی کوردستان هەوڵی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشیان دا, کۆمەڵێ لەپێشمەرگەی قارەمان ویستیان سەرکردایەتییەکی نوێ لە ١/ ٦/ ١٩٧٥ دا دابمەزرێنن, لەدەرەوەی وڵات بەرێزان: مام جەلال, نەوشیروان مستەفا, دکتور فوئاد مەعسوم, عادل موراد, دکتور کەمال فوئاد, چەندین کۆبوونەوەیان سازکرد بۆ پێکهێنانی دەستەی ئیداریی رێکخستنێکی نوێ لەدوای پارتی..

لەناو عێراقیشدا, بەرێزان سالح یوسفی و عەلی هەژارو مەلا ناسیح و سەید کاکەو نورەدین عەبدولرەحمان بەپێکهێنانی دەستەیەکی ئیداری بۆ رێکخستنێکی نوێ لەدوای پارتی لەئێران لەماڵی کەسایەتیی ناوداری کورد دکتور عەزیز شەمزینی بوو بەبارەگای چاوپێکەوتنی سیاسیەکان, بۆ راگەیاندنی یەکەمین رێکخستنی سیاسیی شۆڕشگێڕ.

لـه ٢٤/ ٤/ ١٩٧٥دا, بـەڕێزان عـەلی عەسـكەری, عومـەر مـستەفا, تـاهیر عـەلی‌والی, عەبـدولڕەحمان گۆمەشـینی, عـەلی هـەژار, دكتـور موشیر حمە غەریب, سەید مەحمود, سەلیم ناخوك.

ئـەم هەواڵانـە لەهـەموو كوردسـتاندا بڵاوبوونـەوەو خۆشـییان خـستە دڵـی كوردانـەوە. بـەڵام پـەیمانی دۆسـتی‌و رێكەوتننامـەی نێـوان دەوڵـەتی عێـراق‌و ئێـران‌و توركیـاو بـارزانی, بوونـە لەمپـەر لەبـــەردەم ویـــستی ئـــازادی‌و ســـەربەخۆیی‌و توانییـــان دایانبمركێننـــەوەو دواتـــر دەســـتیان كـــرد بەنەخـــشەدانان بـــۆ پێكهێنـانی قیـادەی موەقەتـەو ١٢٠ كـەس لـەدوورخراوەكانی بـۆ ئێـران رێكخـران, لەلایـەن ئێـران (سـاواك)ەوەو مووچـەو شـوێن‌و رێگـەیان بـۆ دابـین كـراو یارمـەتی دران بـۆ كـۆنترۆڵ كردنـی هـەر جموجـوڵێكی نـاخوازراو, لەلایـــەن حكومەتـــە دراوسـێكانەوەو, یەكـسەر ئەنـدامانی دەزگـای سـیخوڕیی پاراسـتن چـوونە ریـزی رێكخـستنی نـوێی قیـادە موەقەتـەوە, جگـە لەكەسـێكیان نـەبێت, وەكـو شـەكیب عـەقراوی‌و حمـەی عـەزیزو.. هتـد تـا ئێـستایش بەشدارییان تیادانە كردەوە.

ئیـدریس بـارزانی راسـتی ووت: كەئەگـەر توانـای رێكخـستن‌و سـەركردایەتی شـۆڕشمان نـەبێت خـۆ توانـای ئـەوەمان هەیـە, هـەر شۆڕشێك لەهەر شوێنێكدا بێت تێكی بدەین.

خوێنـەری هێـژا: مێـژوو بریتییـە لەچـەندین رووداو كەرەتبوونـە بۆ ئەوەی لەرێگەیانەوە ئاگاداری داهاتووە ببین‌و, ئەوەی لێوەفێر

ببین کەجیاوازیی لەنێوان دوژمن و دۆست بکەین. پەندوەرگرتن لەرووداوەکانی رابردوو خاڵێکە کەمرۆڤ لەبوونەوەرانی دیکە جودا دەکاتەوە . دیارە ئەو کەسەی هەڵە بکات و دوو سێ جار هەڵەکە دووبارە بکاتەوە, دیارە هەر لەگەڵ هەڵەدا دەژیو ناتوانێت خۆی بپارێزێت و نەکەوێتە هەڵدێرەوە. پێغەمبەر درودی خودای لەسەر بێت, دەڵێت: (المؤمن لا یلدغ في حجره مرتین) واتە بەکوردییەکەی یەکەم جار فریوتدام خوا تۆ بگرێت و دووەم خودا خۆم بگرێت.

ئەو راستی و زانیاری و بیرەوەرییانەی لەکتێبەکەمدا ئاماژەم پێییان کردووەو تۆیش خوێنەری هێژا, کاتێکی زۆرت بۆ خوێندنەوەی تەرخان کردووە, هێوادارم سوودت لێی وەرگرتبێت, بۆ ئەوەی ئاگاداری راستییەکان ببیت و هەڵوێستی راست لەرووداوەکان وەربگریت, چونکە بەدەست هێنانی زانیاری بەبێ هەوڵدان بۆ بەراوردکردنیان لەگەڵ واقیعدا, لەوە باشتر نابێت کەکەسێك دەست بداتە کارێك, بەبێ ئەوەی شارەزایی و زانیاری لەسەری هەبێت, هەروەکو ئیمام شافیعی (خودای لێ رازی بێت) دەڵێت : لو کان للعلم دون التقی شرف لکان خیر خلق الله ابلیس.. ئەگەر زانست بەبێ پەرستن بەهێند وەربگیرایە, ئەوا شەیتان باشترین کەس دەبوو.

**بەرێز مەسعود بارزانی لەکتێبەکەیدا, لەلاپەرە ( ٣٥٦ )دا دەڵێت:**

نسکۆی ساڵی (١٩٧٥) بۆ هەموان توندوتیژ بوو, تەنانەت بۆ ئەوانەیش کەهاوکاری رژێمیان دەکردو چەکیان دژی شۆڕش

هەڵگرت, بەشێوەیەك بوو بوو بەپاڵپشتو پەناگەیەك بۆ خۆیان کاتێ پەیوەندییان لەگەڵ گەورەکانیاندا تێکدەچێت یان هەست بەگوشار یان هەڵوێستی خراپ دەکەن لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە.(..) کەرووداوەکان ئەو راستییەیان سەلماندو بەشی خۆیان لەو هەڵسوکەوتە توندوتیژانە وەرگرت کەتووشی پێشمەرگەو پارتی دیوکراتی کوردستان هات.

چینەکانی گەلی کورد کە لەنیمچە ماتەمینییەکدا دەژیان, ئەوانە هەوڵی ئەوەیان نەدا خۆشی خۆیان بشارنەوەو هەندێکیان بەتوانج لێدانی بازاڕی ئەو هەستەیان دەردەبڕی. دەمانبسیت بەمجۆرە جنێویان دەدا: (ئەوە ئەو رۆژەیە کەچاوەڕوانمان دەکرد).

**بەلاّم من دەڵێم:**

رەحمەت لەمامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو هەڤاڵانی کاتێ بەڕاشکاویو لەمانگی ٣ی ساڵی ١٩٧٥دا, راو بۆچوونی خۆیان دەربڕی.

هەروەکو چۆن دەبینین دوای تێپەڕبوونی ٢٨ ساڵ بەسەر ئەم رووداوەدا, ئەوەی کتبێەکەم (کورد, دوژمنی خۆت بناسە) بخوێنێتەوە, ئەوا هاوڕا دەبێت لەگەڵمداو رەحمەت بۆ ئیبراهیم ئەحمەدو هەڤاڵەکانی دەنێرین کاتێ گوتیان: ( ئەمە ئەو رۆژەیە کەچاوەڕوانمان دەکرد).

## بەشی بیستو یەکەم ـ لاپەڕە (٣٥٧)
## پەیوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلول

لەشۆڕشی ئەیلولدا, کەهیوای هەموو گەلی کوردی بەش کراو بوو, دریغییان نەدەگرد لەپێشکەش کردنی یارمەتی بۆ شۆڕش بەبێ دوودڵیو کاتێ دەچوونە ریزیەوە شانازییان بەشۆڕشو بەبارزانی لەکۆمەڵگەی کوردستاندا دەکرد, هەروەکو بڵێیت کەپێوەری ئەو پێگەیە بێت کەئەم سەرکردەیە چەندە ناوێکی مەزنی دەرکردبوو, و تەنانەت پێشمەرگەیش لەلایەن جەماوەری کورد بەهەموو چینو توێژەکانیەوە, هەمان رێزیان لێدەگیرا.

ناکرێ بەئاسانی بەسەر ئەوەدا گوزەر بکەم کەرووی دا, بەو گیانەی شۆڕشی ئەیلول لەناو دڵی جەماوەری کوردستاندا چاندی, کەهانی ژنانی دا هەرچی خشڵو زێریان هەیە پێشکەشی بکەنو پزیشكو خاوەن دەرمانخانەکان دەرمان رەوانە بکەنو جوتیاران مەڕو ماڵاتی خۆیان رەوانەی شۆڕش بکەن, کەهەموویان بەخواستی خۆیانو لەرووی خۆشەویستیی نیشمانەوە, بەبێ هیچ نیازێکی تایبەت پێشکەشی شۆڕشیان دەکرد. (..).

## پەیوەندییە کوردستانییەکان ـ لاپەڕە (٣٥٩ ـ ٣٦٢)

دەتوانم بڵێم کەهیچ گرفتێك لەنێوان سەرکردایەتی پارتیو شۆڕشی ئەیلول, ئەگەر هەردوو حزبەکەی دیکە لەتورکیاو سوریاداو پەیوەندیی نێوان هەر بەباشی مایەوە.

شۆڕشی گوڵان لەساڵ ١٩٧٦ دا توانای درێژە پێدانی نەدەبوو ئەگەر ئەو دوو حزبە دەستەخوشکە یارمەتییان نەدایە, بۆیە دەبێ دان بەوەدا بنێین کەقەرزار باریانین و سوپاسیان دەکەین. بەڵام لێرەدا دەمەوێت مەسەلەیەکی ترسناك روون بکەمەوە, کەماوەیەك هەندێکیان ویستیان بیقۆزنەوە, بۆ ئەوەی ناوی شۆڕش و بارزانی بزڕێنن, مەبەستم کارەساتی کوشتنی خوا لێخۆشبوو سەعید ئاڵچی سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردی لەتورکیا: ئەوەی دکتور شڤان پێی هەستا تاوان بوو بۆ خۆی ئەنجامی دا تەنیا لەپێناوی دەستەبەرکردنی دەسەڵاتداو سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول پەیوەندیی پێوە نەبوو و بەپێویستی دەزانم هەندێ بەدرێژی باسی بکەم: لەساڵی ١٩٦٩دا, دکتور شڤان لەگەڵ چوار لەدۆستانی خۆی: سوورو برووسك و چەکۆو رەشۆ زیلان پەیوەندییان بەشۆڕشەوە کردو, لەلایەن سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیاوە پشتگیری کرابوون. شڤان لەبەر ئەوەی پزیشك بوو, شۆڕش لەناوچەی بەرواریدا نەخۆشخانەیەکی بۆ کردەوە (..).

کاتێ سکرتێری حزب شەهید سەعید ئاڵچی هات بۆ زاخۆ, لەلایەن دکتور شڤان پێشوازی لێکردو بردی بۆ بارەگاکەی خۆی و لەبڕ هەواڵی نەما. ئەندامانی کۆنگرە هاتن بۆ گەلاڵەو ئەوان چاوەڕوانی سکرتێرەکەیان بوون کەهیچ هەواڵی نەما.. کاتێ پرسیاریان لەدکتۆر شڤان کرد دەربارەی چارەنووسی, ووتی

کەدوو ڕۆژ لای ئەو ماوەتەوە دواتر بەرەو گەلاڵە ڕۆیشتووە. دوای لێکۆڵینەوەی ورد, دەرکەوت کەشڤان و برووسك و چەکۆ تەقەیان لەسەعید ئاڵچی کردووەو کوشتوویانە, بۆ ئەوەی شوێن بۆ دکتۆر شڤان خۆش بکەن ببێت بەسکرتێری حزب و, ئەم ڕاستییە دۆزرایەوە, کاتێ یەکێك لەبەشداربووە ناراستەوخۆکان لەتاوانەکەدا پەردەی لەسەر ئەو ڕاستییە هەڵماڵی و زانیاریی خستەروو و لەسەر داوای لیژنەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی لەتورکیا , ئەنجامدەران درانە دادگای شۆڕش و بڕیاری لەسێدارەدانی سەپاند بەسەر شڤان و جەکۆو برووسکداو بڕیارەکە بەسەریاندا جێبەجێ کرا, شایەتحاڵەکان لەبەردەم دادگادا ووتویانە, کەسەعید ئاڵچی بەرلەوەی تەقەی لیبکرێت, داوای لەشڤان کردووە ئەو تاوانە دژی نەتەوەکەمان ئەنجام نەدەن. بۆ زیانێکی گەورە بەبزووتنەوەی نیشتمانیی کورد دەگەیەنێت ئەوە ڕاستیی ڕووداوەکەیە زۆر لەناحەزانی شۆڕشی ئەیلول و سەرکردایەتییەکەی بەجۆرێ کێشەکەیان وێناکردووە کەشۆڕش تاوانبار بکەن.

دکتۆر شڤان بەو تاوانەی زیانێکی گەورەی بەبزوتنەوەی نیشتمانی کوردی گەیاندو تا ئەمڕۆ براکانمان لەکوردستانی تورکیادا بەدەستیەوە دەناڵێنن. شەهید سەعید ئاڵچی خەباتگێڕێکی جەربەزە بوو و تیرۆرکردنی زیانی گەورەی گەیاندو, بۆشاییەکی بەجێ هێشت کە تائێستا پڕ نەبۆتەوە. لێرەدا

دەمــەوێت ئامــاژە بەپەیوەنــدیمان لەگــەڵ پــارتی دیمــوکراتی کوردســتانی ئێــران بکــەم, دوای ســەرکەوتنی شۆڕشــی ئیــسلامی لــەئێران, کەپەیوەنــدیمان گــەڵی ئــاڵۆز بــوو, تاگەیــشتە ئاســتی رووبەڕووبوونــەوەی چــەکدارانە.. بــەڵام پەیوەنــدیی لەگــەڵ پــارتی دیمــوکراتی کوردســتانی ئێــران (ح. د. ك.ا) بەچــەند قۆنــاغێکی جۆراو جــۆردا رەتبــوو و چــەندین رووداوی دڵتــەزێن لەنێوانیانــدا روویدا (..).

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشـی ئـەیلولی ١٩٦١, سـەکردایەتیی ئـەم حزبەو چەکدارەکانی بەشدارییەکی بەرچاویان هـەبوو لەشۆڕشـدا, دەمـەوێت لێـرەدا هەڵوەسـتەیەك بکـەمو هەنـدێ باسـی هەڵویـستی سکرتێری حزب ئەحمەد توفیق بکـەم کـە تـابڵێی بـەتواناو لێهـاتوو چــاونەترس بــوو (..) پــارتی دیمــوکراتی کوردســتانی ئێــران خۆڕاگربـوو لەبەرامبـەر ئـەو گوشـارانەی لەلایـەن تـاقمی ئیـبراهیم ئەحمەد بەفیتی ئێرانو بۆ نزیکبوونەوە لێیان, ئەنجام درا (..).

بارزانی پشتی بەسـەرکردایەتی پارتی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێران دەبەستو متمانـەی بەئەحمـەد تۆفیـق (عەبدوڵڵا ئیـسحاقی) هەبوو.. مەخابن جیاوازییو ناکۆکی لەدوای ساڵی ١٩٦٥ تووشـی ئەم سەرکردایەتییە بوو, بووە هۆی جیابوونەوە. هەندێکیان بـەلای ئیبراهیم ئەحمەدو تاقمەکەیدا بایاندا, دوای ئەوەی بوون بەجاشـی حکومەتیو هەوڵیان دا بـەفیتی حکومـەتی عێـراق ئـاژاوە لەئێرانـدا بنێنــەوە, بــۆ ئــەوەی پەیوەنــدیی شــۆڕش بەئێرانــەوە تێکبــدەن.

شۆڕش لە ١٩٦٧دا ناچاربوو کارێکی نابەجێ ئەنجام بدات کە بەناچارییەوە ئەنجامی دا. کاتێ سلێمان موعینی دەستگیرکرا, کەمێلی ئەحمەد توفیق بوو, کەچووە ریزی جاشەکانی ٦٦و لەگەڵ رژێمی عێراقی, لەدژی شۆڕشی کورد دەستی تێکەڵ کرد, کوژراو تەرمەکەی رەوانەی ئێران کرایەوە (..).

نەدەکرا وەکو مەسەلەیەکی حزبیی ناوخۆ تەماشای چارەنووسی سلێمانی موعینی بکرێت, ئەو هاوکاریی جاشەکانی ٦٦ی دەکرد, واتە دوژمنی شۆڕش بوو و ناکرێ کێشەکەی جودا بکەینەوە, بەوەی یەکێکە لەکاروبارەکانی حزبەکەی و ئێمە حەزمان بەو کۆتاییە خەمبارە بۆ ئەو نەدەکرد.

دوای دووبەرەکی ساڵی ١٩٦٥ کە لەپارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا رووی داو, ئەحمەد توفیق لەسەرکردایەتی لابرا, حزب تووشی پەرتەوازەیی بووو چیتر بەرێکخستنێکی یەکگرتوو نەمایەوە.

**منیش لێرەدا دەڵێم:**

لەهرزی مرۆڤدا سەندووقێك هەیە بۆ پاراستنی رووداوەکان, بۆ هەتا هەتایەو بەبەردەوامی دەمێنێتەوە, هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر کە لەگەڵ رووداوەکانی کوردستاندا ژیابێت, پێی وابووە کەخوێنی کورد لەهەر چوار پارچەکەدا کۆبوونەتەوەو دەریایەکیان پێکهێناوە, لەشۆڕشی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١)ـەوە, لەژێر سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق,

کەرۆڵیکی سەرەکیان هەبوو, کەمێژوو فەرامۆشی ناکات, لەپاڵ ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا و هەروەها حزبە سیاسییە کوردییەکان لەسوریا و هەموو کەسایەتییە کوردییەکان و بنەماڵە ناودارەکانی وەکو بنەماڵەی بەدرخان و کەسانی دیکە. کاتێ لەساڵی ١٩٦٤دا, عەبدولسەلام عارفی سەرۆکی کۆماری عێراق لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا ڕێکەوتن, ئەوە سەرەتای ڕوودانی دووبەرەکی خوێناویی کورد بوو لەکوردستانی عێراق و بەتایبەتی کاتێ کەبارزانی دەسەڵاتی ڕەهای شۆڕشی بەدەستەوە گرت, لەکتێبیەکەمدا (کورد, دوژمنی خۆت بناسە)دا, بەدرێژی باسی ئەم مەسەلەیەم کردووە, دواتر بارزانی کەوتە نێوان هەردوو حزبی کوردستانی (پارتی دیموکراتی ئێران و پارتی دیموکراتی تورکیا) و ویستی دەست بگرێت بەسەریانداو کۆنترۆڵیان بکات بەبیانووی بەرژەوەندیی گشتی گەلی کوردستان و خەڵکەکەی, بەڵام مەخابن بۆ بەرژەوەندیی بنەماڵەکەی خۆی و نۆرێنی خۆی بەکاری هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستانی و ئێرانی کەبریتیی بوون لە: ئەحمەد توفیق و سلێمانی موعینی, کەدوو قارەمانی ئازا و شۆڕشگێڕبوون لەرۆڵەی چاونەترسی گەلی کوردستان و جێگەی متمانەی جەماوەر بوون و هەڵگری هەستی شۆڕشگێڕانە بوون بۆ ڕزگارکردنی گەلی کوردستانی ئێران, بەڵام لەبۆچووندا جیاواز بوون.

ئەحمەد توفیق بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کەتاکە سەرکردەیەو هەر ئەو دەتوانێت گەلی کوردستان رزگار بکات. هەر ئەمەش وای لێکرد فرمانەکانی بارزانی وەکو خۆی جێبەجێ بکات، نەك هەر ئەوە، بەڵکو بوو داردەستی بارزانی و دوژمنایەتی ئەوانەی دەکرد کەدژی بارزانی بوون و ملکەچی فرمانەکانی نەدەبوون، بۆیە بەتوندی دژی باڵی مەکتەبی سیاسی دەوەستایەوەو، بەهۆی لەرادەبەدەر بڕوابوونی بەبارزانی، لەقاوغی ئەوە دەرچوو کەکادرێکی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بێت، بەڵکۆ بێ سێ و دوو بوو بەسەر بەبارزانی.

سلێمانی موعینی راوبۆچوونی میانڕەوی هەبوو، بڕوای وابوو کەکادری پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەو مافی ئەوەی نییە خۆی لەتایبەتمەندییەکانی حزبە کوردییەکانی عێراق هەڵقورتێنێت و لەهەمان کاتدا دۆستی بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بوو و بانگەوازی ئەوەی دەکرد کەبراکوژی نەمێنێت کەهەردەم ئەستەنگ بوو لەبەردەم رزگاریی کورداو، پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ مام جەلالدا هەبوو و بەتوندی دوژمنایەتیی حکومەتی ئێرانی دەکرد.

**خوێنەری هێژا:** لەبەر ئەوەی بارزانی پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ شای ئێراندا هەبوو، بەهەموو شێوەیەك پشتگیری لێدەکرد و بەتایبەتی کاتێ شا گومانی هەبوو لەپەیوەندیی بارزانی بەبزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لەئێراندا، بۆیە ناجوامێرانە

شـای ئێـران داوای لـەبارزانی کـرد, سـلێمانی مـوعینی قارەمـانی شۆڕشگێڕ بدات بەدەستەوە, بەفرمانی بارزانی سلێمانی موعینی دەســتگیرکراو بەزینــدوویی درا بەدەســتی ســاواکەوە, کــەدوای ئەشــکەنجەی زۆر, کوشــتیان و تەرمەکــەیان بەشــارەکانی ئێرانــد گێـڕا, بەمـەیش کـورد قارەمانێکی نیشتمانپەروەریان لەدەست دا, تـەنیا لەبـەر خـاتری رازیکردنـی بەرژەوەندییـەکان و ئارەزووەکـانی بارزانی.

عەبــدولڕەحمان قــاسملو ســەرکردەیەکی شۆڕشــگێڕ بــووو ناوداربوو لەناو کوردستانی گەورەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا, هەر ئـەوەی بەسە کەرۆژنامەیـەکی فەرەنسی, دوای ئەوەی چاوی بەهەموو سەرکردەکانی کوردستان لەهەر چوار پارچەکەیدا کـەوت ووتـی: پیرۆزبـایی لەگـەڵ کـورد دەکـەم لەهـەر شـوێنێك بن, ئـەوان هـەرگیز ئـەو شـەڕە قورسـە نـادۆڕێنن لەگـەڵ دوژمنـانی ئـەم گەلـەدا کـەخاوەنی مـافی رەوای خۆیـەتی, مادامێـك سـەرکردەیەکی وەکـو عەبدولڕەحمان قاسملوی هەیە.

عەبـدولڕەحمان قـاسملو بۆشـایی لەدەسـتدانی قـازی محەمـەد (سـەرۆك کۆمـاریی کوردسـتانی ئێـران)ی لـەنێوان رۆڵـەکانی گـەل لەکوردستانی ئێراندا پڕکردەوە.

لەبەر ئەوەی عەبدولڕەحمان قاسملو رۆڵێکی گـەورەی هـەبوو بۆ لەمپەرنانـەوە لەبـەردەم سیاسـەتی دەوڵـەتی ئێرانـدا: ئـەو وڵاتـەی کەســەرکردەکانی لــەپێش نەیارانیانــەوە, دوژمنایــەتی کوردیــان

بەمیرات بۆ مابووەوە, بۆیە لەهەوڵی داڕشتنی پیلاندا بوون بۆ تیرۆرکردنی, کەمەخابن ئەو هزرمەندە کەوتە داویانەوە, کاتێ رۆیشت بۆ بینینی حاجی مستەفەوی کەئەوسا بەڕێوەبەری ئەمنی ئازەربایجانی رۆژئاوا بوو لەئێران و, ئەو خوێنڕێژە یەکسەر ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو بەناحەق تیرۆری کرد, لەکاتێکدا ئەو ئامادە بو, باسوخواسی لەگەڵدا بکات, بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە. سەیر ئەوەیە, چۆن خاوەنی ئەم هزرە گەورەیەو ئەو بەرهەمانە کەبوونە سەرچاوە بۆ ئەوانەی بەدوای زانیاریی سیاسەت و هەواڵی کوردستاندا دەگەڕێن و چۆن ئەو حیسابی بۆ سەرکردە پێشینەکانی خۆی نەکردو پەندی وەرنەگرت لەستەمی دەسەڵاتی ئێران کەهەردەم ئەستەنگ بوونە لەسەر رێگەی دەستەبەرکردنی ئازدییان.

ناوی لەهزری هەمواندا بەنەمری مایەوە, منیش بەشانازییەوە بەخت یاوەرم بوو و چاوم پێی کەوت و هەروەها ئەو بەرێزانەی ئاماژەم پێیان کرد کە لەنزیکەوە دەمناسین.

لەکاتێکدا ئەم وتانە دەنووسم لە ٦/ ١/ ٢٠٠٤دا, گوێم لەراگەیاندێکی بێ مانای بەشار ئەسەد کەوت, لەدژی مافەکانی گەلی کورد.

لێرەدا خۆزگە دەمتوانی بەدەنگی بەرزو لەبڵندگۆکانەوە هاواربکەم بۆ ئەوەی هەموان لەکوردستانداو بەتایبەتی سەران و سەرکردەکانی بزوتنەوەی کورد گوێیان لێم بێت, بۆ ئەوەی بپرسم

کەکەی پەند وەردەگرن؟! ئایا بەوە نەگەیشتوون, سەرانی وڵاتانی ئیقلمی ڕاستگۆ نین؟ ئیتر بەس نییە, ئایا ئەو پەندانە بەس نین بۆ ئەوەی مل بەراستی بدەن بەهەموو ئەوانەی دەورو بەرمان دوژمنن؟ با دەست لەناو دەستی یەکدی بکەین‌و ریزەکانمان یەکبخەین‌و بڵێین بژی کورد.. بژی کوردستان.. مردن بۆ دوژمان.. سەرشۆڕی بۆ خۆفرۆشان.

**پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا**

لەسەرەتای سەر هەڵدانی شۆڕشی چەکداریی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیادا, لەبەر ئەوەی لەناخی رۆڵەکانی گەلی کوردەوە هەڵقوڵابوو, ئەوسا دەمانبینی جەماوەر بەنیازێکی پاك‌و بەیەك دەنگ پشتگیریی ئەو شۆڕشەیان دەکردو, هەموو هیوایەکمان ئەوەیە کەرزگاریان بێت لەستەمی حکومەتی تورکیا کەخاوەنی ئایدیۆلۆژیی ئەتاتۆرکن کەچەق لەسەر پاکتاوی رەگەزیی بەکۆمەڵی کورد دەبەستێت.. بارزانی یارمەتییاتی دەداو پەیوەندیی لەگەڵیاندا و بەلێهاتوویی توانی رێگەی ئەوە بەدەست بهێنێت کۆنترۆڵی پارتی‌و شۆڕشی کورد لەتورکیادا بکات بەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی‌و ساویلکەیی هاووڵاتی کورد بقۆزێتەوەو تەنیا لەبیری بەرژەوەندیی خۆیدایە.. چونکە مەبەستی لەو نزیکبوونەوەیە, ئەوە بوو بزاوتی کورد لەتورکیادا پووچەڵ بکاتەوەو بیکات بەوەرەقەیەك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی تورکیا لەو سەردەمەدا. دوای هەوڵێکی زۆر, بارزانی نەیتوانی

سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردی لەتورکیا, سەعید ئاڵچی کرنترۆڵ بکات, بۆیە بریاری دا لەناوی ببات و فرمانی ئەو کارەی دەرکرد.

**خوێندی هێژا:** ئەوەی بنەماڵەی بارزانی ئەنجامی دا, لەمێژووی هیچ گەلێکدا نەهاتووە, ئەو تاوانانەی دەستیانی سوورکردووە لەمێژوودا تۆمار کراون و هەموو جیهان دەیبیستن.. چونکە تەنیا دەزگای سیخوڕیی جیهانی وەکو: ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و (ك.ج.ب) و (CIA) و مۆسادی ئیسرائسلی و میتی تورکی دەتوانن وەها تاوانگەلێك ئەنجام بدەن, چونکە دەبینین ئەوە تێوەگلاون بەو کارانەوە کەناگونجێت لەگەڵ دابونەریت و شەرعداو, ئەوەی سەیرە ئەوەیە کەتا ئەمرۆیش لەسەر رەوتی باووباپیرانیان دەڕۆن, پێغەمبەر راستی گوتووە کەدەڵێت: (ئەگەر شەرم نەکەیت دەتوانێت هەموو کارێك ئەنجام بدەیت).

لێرەدا دەمەوێت رووداوەکانی ئەم تاوانە گەورەیەتان بۆ بگێڕمەوە.

**سەعید ئاڵچی**

سکرتێری گشتیی پارتی دیموکراتی کوردی تورکیا, سەردانی زاخۆی کردو دکتور شڤان پێشوزایی کردو میوانداریی لێکرد بەجوانی و لەکۆتاییدا تیرۆری کرد, لەسەر فرمانی خودی بارزانی دوای ئەوەی دکتور شڤان داواکرا لەلایەن دادگای شۆڕشەوە و فرمانی لەسێدارەدانی دەرچوو لەسزای کردەوە متەمکارانەکەی,

که بەفرمانی بارزانی ئەنجامی داو دکتور شڤانو جەکۆو برووسك لەسێدارەدران.

بەمەش بارزانی رزگاری بوو لەسەعید ئاڵچی کەئەستەنگ بوو لەسەر رێگەی کۆنترۆڵکردنی پارتی لەلایەن بارزانییەوەو بەمەش لەدکتۆر شڤانیش رزگاری بوو و هەروەکو کورد دەڵێت بەبەردێك دوو چۆلەکەی کوشت.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم تاوانە گەورەیە, مامۆستا عەبدولحەمید دەروێش بەدرێژی لەکتێبی (اضواء على الحركة الكوردية فى سوريا) لەسەری نووسیوە, کە لەرووداوەکانی (١٩٥٦ ــ ١٩٨٣)و لەلاپەڕە (١٩٣ ــ ٢٠٠) سەبارەت بەقەیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەتورکیاو تیرۆرکردنی سکرتێرەکەی سەعید ئالچی دەڵێت: هەڤالانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەتورکیا بەهەمان ئەندازە بەدەستی ئەو هەڵمەتەوە نالاندیانو لەبەرئەوەی حزب لەوێدا نویێ بوو و ئەزموونی ئەوەی نەبوو بەڕووی

ئەم هەڵمەتەدا بوەستێتەوە, ئەوە کاریگەریی لەسەر جەماوەری حزب هەبوو و یەکێتیی ریزەکانی رێکخستنو فیکریی بەتایبەتی تێکچوو و کادرە پێشکەوتووەکانی, بەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییەوە, پەیوەندیی نهێنییان لەگەڵ تاقمەکەی شڤان, لەپشتی سەری سەرکردایەتی حزبو سکرتێرەکەی سەعید ئاڵچی دروست کرد و شڤان (سەعید قرمزی تۆبراغ)و هەڤاڵەکانی جەکۆو

برووسك لەسەرووی ئەوانەوە بوون بەهۆی شێواندنو تێکدانی پارتەکەو وەشاندنی گورزێکی گورچك بڕ لەبزاوتی کورد لەکوردستانی تورکیاو جیابوونەوەی لەپارتی دیموکراتی کوردستان لەتورکیا راگەیاندو رێبازی مارکس لینینی گرتەبەر.

لەبەر ئەوەی شڤان لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوە پشتگیریی دەکرا, زۆربەی رێکخستنەکانی حزب لەتورکیا هەوادارییان لێی کرد. دوای ئەم گۆڕانکارییە نێگەتیڤانە لەناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەتورکیاو لەژێر فشاری زۆربەی بارودۆخی ناوخۆی نالەباری حزبدا, سەرکردایەتی حزب لەوێ بارودۆخێکی ئالۆزی هەبوو و لەئاکامی ئەوەدا سەعید ئاڵچی لەسەرەتای هاوینی ساڵی ۱۹۷۰داو لەرێگەی نوێنەریان مامە (قەبلان) ئاگاداری کردین کەدەویەوێت دەست لەپۆستی سکرتێری حزب بکێشێتەوەو لەسوریا ببێت بەپەنابەر, بۆ ئەوەی لەگەڵ هەڤاڵانی پارتی دیمکراتی کوردی لەسوریادا بژی, چونکەچیتر نەدەتوانرا دەستو پەنجە لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا نەرم بکرێتو چیتر ناتوانن بەرامبەر ئەو باڵە بوەستنەوە کەبارزانیو سەرکردایەتی شۆڕشی کورد پشتگیرییان دەکرد کەخۆی لەشڤانو تاقمە بێ بارەکەیدا دەبینییەوە. لەنیسانی ۱۹۷۱ داو دوای راگەیاندنی باری نائاسایی لەتورکیادا, سەعید ئاڵچی دەستی لەخەبات هەڵگرتو لەسنوورەوە دزەی کرد بۆ سوریا لەگەڵ یەکێك لەهەڤاڵانی (خەباتگێڕ محەمەد بەکی)و لەنیوەی دووەمی ئایاری

١٩٧١دا هات بۆ قامیشلی و بەهەندێ لەوانەی لەقامیشلی چاوی پێیان کەوت, رایگەیاند کەچاوی بەحەمید دەروێش و هەڤاڵانی حزب دەکەوێت بۆ گفتوگۆ لەسەر چەند مەسەلەیەك و دواتر دەڕوا بۆ کوردستانی عێراق, بۆ ئەوەی لەگەڵ شڤاندا رێکبکەوێت و حزب یەکخات و دواتر دەست لەسەرکردایەتی حزب هەڵدەگرێت بۆ کەسێکی دیکەو دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ سوریا بۆ ئەوەی لەوێ نیشتەجێ ببێت. لەبێ بەختیدا, من لەو کاتە لەدیمەشق بووم و دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخسا چاوم پێی بکەوێت, تاوەکو رای خۆمی بۆ دەرببڕم, بۆ ئەوەی بتوانم لەسەفەرکردنی بۆ عێراق لەو ماوەیەدا پەشیمانی بکەمەوەو پێم وایە خوالێخۆشبوو سەعید ئاڵچی بۆ خۆی هەڵەیەکی مێژوویی ئەنجامداو ژیانی لەسەری داناو بەوەیش پارتی دیموکراتی کوردستانی ـ تورکیا لەبەر یەك هەڵوەشایەوە. کاتێ پەلەی کرد لەسەفەر بۆ عێراق و چاوی بەهەڤاڵانی حزبمان نەکەوت لەقامیشلی و لەسەرووی هەموویانەوە جگەرخوێن کەداوای مانەوەی لێکردو, لەرێگەی ئەو کەسانەوە کەلایان بوون ئاگاداری کردەوە کەحەمید لەماوەی دوو رۆژدا لەدیمەشق دەگەڕێتەوەو پێویستە چاوەڕێ بکات و بەپەلە سەفەر نەکات, بەڵام لەژێر کاریگەریی هەندێ کەس لەسوریا و تورکیادا رووی لەکوردستانی عێراق کرد, لەرێگەی گوندی کەلهی سوریاوەو لەوێوە رووی لەبارەگای عیسا سوار کرد لەگوندی بیزهی سەر بەشارۆچکەی زاخۆ. بەپێی ئەو زانیارییانەی

لەسەرچـاوەی متمانــە پێکــراوەوە لــەکاتی خۆیــدا بەدەســتمان گەیـشتووە, سـەعید ئاڵـچیو محەمـەد بیکـی هـاوڕێی بـەجێبێکی لاندرۆڤـەر لەگـەڵ عوسمـان قـازی بەرپرسـی ناوچـەی زاخـۆ لـەو سەردەمەدا, لـەرۆژانی ٢٥و٢٦ی ئایاردا دراوە بەدەست شڤانەوە, لەنیوەی رێگای زاخـۆو قەمریـە وشـڤانیش هـەردووکیانی زینـدانی کردووە لەگونـدی قەمریـە کـەبارەگای ئەسعەد خۆشـەوەی لێبـوو و نزیکـەی ٧ تـا ٨ رۆژ لەزینداندا ماوەتـەوە, تـاوەکو سـەبارەت بـەو مەسەلەیە راوپرس کراوەو, لەکۆتاییدا رۆژی ٦ی حوزەیران لەگەڵ محەمـەد بیکـیو کەسـێکی دیکـە بـەناوی نـامق کـوژراون کەتـەنیا تاوانی نامق ئەوەبووە کەسەعید ئاڵچی لەژووری زینداندا بینیوەو سـەعیدیش لەراسـتییەکان ئاگـاداری کردۆتـەوەو, بـۆ ئـەوەی ئـەو پیـاوە نهێنیـەکان نـەدرکێنێت, لـەکاتی گەڕانـەوەی بۆ کوردسـتان, کوشــتوویانە کەهەرســێکیان لەلایــەن دکتــۆر شــڤانو جــەکۆی هاوڕێیو برووسکەوە کوژراون, دوای ماوەیەکی کـەم, هـەواڵی ئـەم تاوانـە گەورەیـە بڵاوبـووەوە, ئەگەرچـی هـەوڵی شـاردنەوەی درا, ئەوسا سەرکردایەتی حزبمان ویستی بەراستیی مەسەلەکە بگاتو لەچارەنووسی سەعید ئاڵچیو هاوڕێکەی ئاگاداربن, سەرەڕای ئەو زانیارییـە راسـتانەی لـەو رۆژەدا بەدەسـتمان گەیـشت, کەسـەعید ئاڵــچی لــەناوبراوە, بــەڵام بەرپرســان لەســەرکردایەتی شــۆڕش لەناوچەی زاخۆو بادنیـان نکۆڵییـان لـەوە دەکرد, تەنانـەت هەندێ جـار نکۆڵیـشیان لـەهاتنی سـەعید ئاڵـچی دەکـرد بـۆ کوردسـتانی

عێراق, بەڵام دوای زیادکردنی گوشاری جەماوەری لەسەریان و داواکردنی هێزە سیاسییەکان و بەتایبەتی حزبمان بۆ دۆزینەوەی راستی چارەنووسی, گوتیان کەسەعید هاتووە بۆ لایان و گەڕاوەتەوە بۆ تورکیا لەناوچەی هەکاری و, ئیتر نازانن لەکاتی گەڕانەوەیدا چی بەسەردا هاتووە. لەسەروبەندی راگەیاندنە دژ بەیەکەکانی بەرپرسان لەناو شۆڕشی کورددا, گومانەکان زیاتر بوون و هەواڵی کوژرانی سەعید ئاڵچی زیاتر بڵاوبووەوەو حزبمان لەلایەن خۆیەوە بەیانێکی مێژوویی سەبارەت بەم رووداوە دڵتەزێنە دەرکرد, دوای ئەوەی دڵنیابوو لەراستی تیرۆرکردنی سەعید ئاڵچی و هاوڕێکەی, بۆ ئەوەی گەلەکەمان ئاگاداری ئەو بەیانەبن, لێرەدا دەقەکەی بڵاودەکەینەوە:

## بەیاننامەیەك دەربارەی تیرۆرکردنی سەعید ئاڵچی و هەڤاڵەکانی لەکوردستانی عێراق

### دیموکراتیخوازان و پێشکەوتنخوازە بەئەمەکەکان

### رۆڵە جوامێرەکانی گەلەکەمان

دوای ئەوەی لەچەند لایەنێکی تورکیا, لەنیسانی رابردوودا, باری نائاسایی راگەیەنراو دەسەڵاتە سەربازییەکان بەدڕنرانەترین شێوە پەلاماری ناوچەکەیان دا لەدژی رۆڵەکانی گەلەکەمان و هێزی نیشتمانی و پێشکەوتنخواز لەتورکیاو, لەژێر گوشارو بڵاوبوونەوەی گرتنی سیاسییەکان, زۆر لەکەسایەتییە

پێشکەوتنخوازەکان ناچاربوون خاکی تورکیا بەجێ بهێڵن‌و هەڤاڵ سەعید ئاڵچی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان لەتورکیا یەکێك بوو لەوانەی دەسەلاتی شۆڤینی بەدوایدا دەگەڕا, چونکە کەسایەتییەکی ناودارو ناسراوبوو لەگۆڕەپانی خەباتی نیشتمانی‌و نەتەوایەتیداو, هەڵوێستی جوامێرانەی هەبوو دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی‌و بەکرێگرتە کۆنەپەرستەکەی لەتورکیا بەلام لەنامەردا نەترین کاری تیرۆریستیدا دژی گەلەکەمان, لەیەکێك لەبارەگاکانی پێشمەرگەدا تیرۆرکران.

### دیموکراتنخوازان‌و پێشکەوتنخوازە بەئەمەکەکان

هەڤاڵ ئاڵچی هەروەکو لای گەلەکەمان لەهەموو شوێنێکدا ناسراوە, نموونەیەکی زیندووی قوربانیدان بوو لەنێوان ریزەکانی خەباتگێڕانی گەلی کورد, کەزیاتر لەچەند جار لەبەردەم کۆنەپەرستان‌و تۆرانییەکان‌و تورکەکاندا سەلماندی‌و لەزیندان‌و بەندیخانەدا کەورەبەرزەو گیانی خەباتگێڕیی بەرزی تیادابوو, هەروەها لەناو هەموو لایەنە دیموکراسی‌و نیشتمانی‌و پێشکەوتنخوازەکان لەتورکیا وەکو خەباتگێڕو شۆڕشگێڕێکی چاونەترس‌و دوژمنی سەرسەختی ئیمپریالیزم‌و نەخشەکانی‌و هاوپەیمانییە دوژمنکارییەکانی وەستابووەوە, هەروەها چالاکی زۆری دژی دەسەلاتی دیکتاتۆری‌و سەربازیی فاشیزم هەبوو لەپێناوی بەرپاکردنی دەسەلاتی دیموکراسی‌و پێشکەوتنخواز

لەتوركيا كە لەسايەيدا, گەلی كوردو هەموو كەمايەتییە نەتەوايەتیيەكان, مافی نەتەوايەتيی رەوای خۆيان دەستەبەر بكەن.

**رۆلە خۆڕاگرەكانی گەلەكەمان**

جێگەی داخ و پەژارەيە كەئەم كردەی تيرۆرە لەسەر خاكی شۆڕشی كوردو دەرحەق بەگەورەترين خەباتگێڕی كورد, هەڤال ئاڵچی ئەنجام درا, حزبەكەمان لەكاتێكدا ناڕەزامەندی خۆی بەرامبەر ئەم تاوانە گەورەيە دەردەبڕێت, داوا لەپارتی ديموكراتی كوردستان و سەركردايەتی شۆڕشی كورد لەكوردستانی عێراقی دەكەين پەردە لەسەر نهێنييەكانی ئەو تاوانە هەڵمباڵن و لەرێگەی بەيانێكی گشتگيرەوە, كە بەسەر جەماوەری كورددا بڵاوبكرێتەوە كەگەورەيی تاوانەكە سەرسامی كرد. كۆميتەی ناوەنديی حزبمان ماتەمينی خۆی بۆ پارتی ديموكراتی كوردستان لەتوركيا دەردەبڕێت بەتيرۆركردنی سكرتێرە خەباتگێڕەكەی سەعيد ئاڵچی و هەڤاڵەكانی هەروەها هاوبەشی خەم و پەژارەی كەسوكاری شەهيدان دەبێت.

**سەربەرزی و نەمری بۆ سەعيد ئاڵچی و هەڤالانی**

**سەرشۆڕی بۆ كۆنە پەرستە تيرۆريستەكان**

**١٧/ ی**

**ئابی / ١٩٧١**

**كۆميتەی**

**ناوەندی پارتی ديموكراتی كوردی لەسوريا**

دوای دەرچوونی بەیانی حزبمانو ئەو زانیارییانەی گەیشتن سەبارەت بەکوشتنی سەعید ئاڵچی, لەچەند لایەنی دیکەوە, هەڤاڵانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا داوایان لەسەرکردایەتی شۆڕش لەعێراق کرد, بۆ ئەوەی راستیی چارەنووسی سکرتێری حزبەکەیان روون بکەنەوە. هەندێکیان پەیوەندییان بەحزبمانەوە کرد بۆ پرسیار سەبارەت بەچارەنووسی خەباتگێڕ سەعید ئاڵچیو دەربارەی ئەوەی چ زانیارییەکیان لەسەری هەیە, بۆ مێژوو, دەبێ بەویژدانەوە بڵێین کەهەندێ لەهەڤاڵانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی یەکڕیزیی حزبو دوورخستنەوەی سەعید ئاڵچی لەریزەکانی, هەروەها هەندێکیان هەڵوێستی ناجوامێرانەیان وەرگرت بۆ کوشتنی سکرتێری حزب بەو شێوە دڕندانە. هەمان کات هەندێ لەسەرکردەکانی شایستەی رێزلێنانن, چونکە هەوڵی زۆریان دا بۆ دەرخستنی راستیی تاوانەکەو تاوانبارانو, رۆڵێکی باشیان گێڕا بۆ پەردە هەڵماڵین لەسەر تاوانەکە, تا لەکۆتاییدا تاوانباران بەسزای رەوای خۆیان گەیشتن.

دوای لەسێدارەدانی دکتۆر شڤانو هاورێکەی بەفرمانی بارزانی, چەندین حزبو لایەنی سیاسی ئەم مەسەلەیەیان تاوتۆی کردو رەخنەیان ئاراستەی سەرکردایەتی شۆڕش کرد, سەبارەت بەو بڕیارەو بەشێوەیەکی دیکە ویستیان شڤان لەو تاوانە پاکبکەنەوەو بەوەیش هەڵەیەکی مێژوویی گەورەیان ئەنجامدا, چ

بەئەنقەست بوو‌بێت یان بەنائەنقەست و لەم بوارەدا، بەپێویستی دەزانم بەکورتی باسی ئەم مەسەلەیە بکەم لەم کتێبەدا بۆ روونکردنەوەی لایەنە تەمومژاوییەکانی، کەهەندێ هەوڵیان داو هەوڵی ئەوە دەدەن بەهەڵە ئەو رووداوە راڤە بکەن و راستییەکەی بشێوێنن..

بەڵێ.. سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، بەتایبەتی بەرپرسان لەناوچەی بادینان، هەندێ لەبەرپرسیاریەتی کردەی تیرۆرکردنی سەعید ئاڵچیان لەئەستۆدایە، چونکە ئەو کارە لەیەکێك لەبارەگاکانی سەر بەبارەگای لقی یەك لەناوچەی بادیناندا ئەنجام درا، کەبارەگای ئەسعەد خۆشەوی بوو لەگوندی قەمریەو، ئەوانەی ئەو کارەیان ئەنجامدا (واتە شڤان و هاورێکانی) لەو بارەگایەدابوون و تیایدا چالاکی سیاسی و حزبی خۆیان ئەنجام دەدا، بەکۆمەکی مادی و مەعنەوی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان. هەروەکو دەزانین ئەگەر تیشکی سەوزیان وەرنەگرتایە نەیاندەتوانی ئەو کارە ئەنجام بدەن.

سەرەڕای ئەوەیش کەئەو راستیە سەلمێنرا، کەبەرپرسان لەسەرکردایەتی شۆڕشی کورد لەو کارە تیرۆریستییەدا دەستیان هەبوو، ئەمانە هەموویان راستن، بەڵام ئەو راستیەی کەنکۆڵیی لێناکرێت ئەوەیە کەشڤان و تاقمەکەی بەخواستی خۆیان ئەو کارەیان ئەنجام دا، بۆ ئەوەی گۆڕەپانە سیاسییەکەیان لەکوردستانی تورکیا بۆ چۆڵ ببێت و بۆ خۆیان سەرکردایەتی

حزب بەرێوەببەن لەسەر ئەو کارەو ڕۆژگار زامنی ئەوە دەکات کەلایەنە شاراوەکانی دەربخات.

لەبەر ئەوەی لەنزیکەوە شڤانم دەناسی, پیاوێکی سەرچڵو توندڕەو بوو, ئەوەندە خۆویست بوو ئامادەبوو هەر کارێك ئەنجام بدات چەندە مەترسیدار بێت, تەنانەت تیرۆرکردنی خەباتگێڕە نیشتمانییەکانیش کەبەمێملی خۆیان دەزانی, هەروەکو چۆن سەعید ئاڵچی لەناودا لەژێر دروشمی چەپڕەویی کارتۆنیدا, چونکە چەپڕەوی مارکسی لینینی راستەقینە نەك هەر پەنا ناباتە بەر ئەم تاوانانە کەدژی هەموو دروشمو بەهایەکی چەپڕەوانەیە, بەڵکو رەتیشی دەکاتەوەو لەهەر بارودۆخێکدا دژی دەوەستێتەوە, بەڵام مەخابن مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد چەندین دیاردەی نەشازی لەو جۆرەی بەخۆوە بینیوە کەبۆ شێواندنی رووی راستەقینەو زڕاندنی ناوی شۆڕش ئەنجام دراون, دواتر بەکارهێنانی بۆ مەبەستی سیاسیو بەرژەوەندیی تایبەتو تەسکی حزبایەتی. شڤان بەو بیانووە ئەم تاوانەی ئەنجامدا, گوایا سەعید ئاڵچی پیاوێکی راستڕەو بووە, کەدەبوا لەپێگەی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان لابرێت, بەڵام راستییەکەی لای هەموو خەباتگێڕانی کورد ئاشکرایە کەسەعید ئاڵچی خەباتگێڕێکی پێشکەوتنخوازو خۆڕاگربوو, مشوری بەرژەوەندیی گەلەکەی دەخواردو بەدڵسۆزیو بەپاکی گەلەکەی بەرەو ئازادیو سەربەخۆیی دەبردو, لەبەردەم جەلادەکان لەبەندیخانەکاندا

خۆڕاگربوو و دەستی لەبیروباوەڕی خۆی هەڵنەگرت لەئاکامی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونییەوەو, لەبەرامبەر کوێرەوەریی ژیاندا کۆڵی لەدرێژەدان بەخەبات نەدا, تا دوا هەناسەی.

راستییەکی دیکە کەناکرێ لەبەرچاو نەگیرێت ئەوەیە کەمیتی تورکی لەپشتی تیرۆرکردنی سەعید ئاڵچییەوە بوو و ماوەیەکی زۆربوو بەدوایدا دەگەڕاو بۆ دەرفەت دەگەڕا بۆ ئەوەی لەدەستی رزگاری ببێت, تا ئەوەی بەدەستی خۆفرۆشانی گەلەکەی خۆی تیرۆرکرا..

تیرۆرکردنی خەباتگێڕ سەعید ئاڵچی و هەڤاڵەکەی محەمەد بەکی و, ئەو بەیاننامەیەی حزبمان دەریکرد, لەسەر ئەو تاوانە, فاکتەرێکی دیکەی بۆ ئاڵۆزیی نێوان حزبمان و پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقی زیاتر کردو پەیوەندییەکان بەیەکجاری پچڕان و هیچ جۆرە پەیوەندییەکی رەسمی لەسەر ئاستە جیاجیاکان نەماو کەوتینە تاوانبارکردنی یەکتری و لەسەر ئاستی رێکخستن و راگەیاندن کەوتینە گیانی یەکدی و, تاماوەیەکی زۆر بەو جۆرەماینەوە کە ١٧ ساڵی خایاند, کە لەدیمەشق یەکەمین چاوپێکەوتن لەنێوان ئێمەو بەڕێز مەسعود بارزانیدا لەساڵی ١٩٨٨ ساز کرا, کەئەوە سەرەتای دووبارە پەیوەندیی حزبیی نێوانمان بوو.. لەو سەروبەندەدا, کەدڵنیابووم لەوەی بەم زوانە ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ کوردستانی عێراق و, ئەوسا تەمەنم لە٣٦ ساڵ رەتببوو, ئەوەیش زۆرە بۆ گەنجێك کەسەر بەبنەماڵەیەکی

گوندشین بێت, بۆیە لەساڵی ١٩٧١دا بڕیارمدا ژن بهێنم,و باوکمو دایکمو کەسوکارم زۆریان لێدەکردم بۆ ئەوەی ژن بهێنم, سەرەرای ئەوەی بارودۆخی سیاسی گشتی لەوڵاتدا, تارادەیەکی سەقامگیر بوونێکی رێژەییو ئارامی بەخۆوە دەبینی, ئەوە بوو لەیلای کچی هەڤاڵ حەسەن بەشارم دەست نیشان کرد بۆ ئەوەی ببێت بەهاوسەرم. لە٢ی ئایاری ساڵی ١٩٧٢دا بەرەسمی مارەم بڕیو ئاهەنگیك بەو بۆنەوە لەشارۆچکەی قامیشلی سازدراو کەسوکارو هاورێو دۆستان ئامادەی بوون, دواتر لە٢٩ی ئەیلولی هەمان ساڵدا گواستمەوەو لەگوندەکەماندا شاییم کردو بەمەیش پێم نایە قۆناغێکی نوێ لەژیانم, چونکە ماوەی ١٥ ساڵ زگورتی بووم, ئەم ماڵو ئەو ماڵو ئەم گوندو ئەو گوندم دەکرد بەنهێنی, یان جاروبار لەناو کەسوکاری خۆمدا دەمامەوە, چونکە حەزیان دەکرد جاروبار لەناویاندا بمێنمەوە, ئەمەیش‌وای کرد منو هاوسەرەکەمپێکەوە لەماڵێکی سەربەخۆدا بژین, خانوویەکم گرت لەگەڕەکێکی شەعبی لەشارۆچکەی قامیشلی لەسەر رێگەی گشتیی بەرەو عامودا, لەنزیکی مزگەوتی قاسمو, ئەو خانووە مۆلکی خواڵێخۆشبوو شێخ عزەت مەلا تاهیربوو, خانووەکە لەگڵ دروست کرابوو, کرێی ساڵانەی ٦٠٠ لیرەی سوری بوو. ماوەی یەك ساڵ لەو خانووەدا مامەوەو ئەگەرچی دەنگە دەنگو غەڵبەغەڵبی شەقامە گشتییە کەزۆر بوو, بەڵام بیرەوەریی جوانی بەلامانەوە بەجێ هێشت کە بەبەردەوامی میوان بووم لای دۆستو ئاشناکانم, وای لێهات

پێشوازیم لەمیوان دەکرد لەماڵەکەمدا, وجگەرخوێن لەپێشی پێشەوەیان بوو, کەزۆر جاران لامان دەمایەوە. (اضواء على الحركةالكوردية في سوريا)ی نووسەر عەبدولحەمید دەروێش, ئایاری ٢٠٠٣/ چاپی دووەم, سلێمانی, ل (١٩٣ - ٢٠٠).

**********

**لەگەڵ وڵاتە عەرەبیەکاندا - ل (٣٦٧)**

شۆڕشی ئەیلول هەوڵیدا پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوادا دروست بکاتو سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەڵام لەئاستێکی بایەخداردا نەبوو, بەڵکو وەرزیو پەیوەندییان بەبارودرخەوە هەبوو(..) وڵاتە عەرەبیەکان بەشێوەیەکی گشتی, یارمەتی عێراقیان نەدا بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی گەلی کوردو جگە لەرژێمی سوریا کەسیان دوژمنایەتی شۆڕشیان نەکرد, کەئەویش لیوای یەرموکی نارد بەفەرماندەیی لیوا فەهد شاعیر, بۆ بەشداریی لەشەڕی ١٩٦٣ دا, کەپێشتر ئاماژەمان بۆ کرد. بەڵام لەماوەی چەند مانگێك دوای کۆدەتای بەعسییەکانو بەهۆی هاوکاریی توندوتۆڵ لەنێوان هەردوو رژێمی میسرو عێراق, سوپای میسر لەساڵی (١٩٦٥) دا, سەربازی رەوانەی عێراق کرد (..).

جەلال بەبیانووی ناساغی هاوسەرەکەیەوە لەکوێتەوە دەعوەت کرابوو, داوای کرد رێگەی پێبدرێت سەفەر بۆ دەرەوە بکاتو, لەوێوە سەردانی لوبنانو دواتر میسری کردو لەرێگەی عەزیز

شێخ ڕەزاوە ڕاپۆرت و زانیاری بۆ دەناردین سەبارەت بەو هەوڵانەی لەپێناوی بەرژەوەندیی شۆڕشدا دەیدا.

**********

**بەڵام من دەڵێم**

لەبەر ئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری‌سەفەرەکەی مام جەلال بووم بۆ دەرەوەی وڵات و، سەبارەت بەراو بۆچوونی دەربارەی بنەماڵەی بارزانی و سەدام حوسێن و بەکر ئاگاداربووم، لێرەدا بەپێویستی دەزانم لەچەند خاڵێکدا باسی ئەم بابەتە بکەم کەپێشتر ئامارژەم بۆ کردبوو، لەبەر هەندێ شتی نوێ کەپێشتر ئاماژەم بۆ نەکردبووو گەلی گرنگە.

١ــ لــەناو دڵــی کــادیران و ئەنــدامانی مەکتــەبی سیاســی و پێشمەرگەکان و بەتایبەتی مام جەلال رق و کینەیەکی زۆر هەبوو بەرامبەر بەحزبی بەعس و بەتایبەتی سەدام حوسێن و بەکر. لە ١٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠دا، شەڕ کۆتایی هات لەنێوان بەعس و بارزانیداو لە ٢٤ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠داو بەفرمانی بــارزانی پــەلاماری بارەگــا ســەرەکییەکانی ئەنــدامانی مەکتــەبی سیاسی دراو شەڕی خوێناوی لێکەوتەوە کە لەکۆتاییدا شەڕەکە بەقازانجی تاقمەکەی بارزانی کۆتایی هات.

هەڵوێستی سوپا و ژەنەراڵە سەربازییەکانی عێراق، بەفرمانی سەدام و بەکر، ئەوەبوو تەماشا کەربن و چاودێری شەڕی براکوژی

بکـەن‌و بەچـاوی دوژمنــی ســوودمەندەوە تەماشـای ســەرکەوتنی باڵێك بەسەر باڵەکەی دیکەدا بکەن.

دوای ئــەوە, بــەیانی ١١ی ئــاداری ســاڵی ١٩٧٠ دەرچــوو, نـاوەڕۆکی بەیانەکـە خـۆی لەئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی نـەدا لـەهیچ بەرژەوەندییەکـدا, بۆچـوونی ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی سەبارەت بەم بەیانە, راست دەرچوو کە بەگەمەیـەکی کاتییـان دانـا کە لەخزمەتی بەرژەوەندیی سەدام‌و بارزانیدا دەبێت.

هــەموو هەوڵــەکانی مەکتــەبی سیاســی شکســتی هێنــا, کاتــێ ویـستیان زنجیرەیـەك کۆبوونـەوەی بـەردەوام لەگـەڵ بەعسییەکاندا ئـەنجام بـدەن بـۆ ئـەوەی قەناعـەت بـەوە بکـەن, مەکتـەبی سیاسـی چالاکی سیاسی خۆی بکات, بـەڵام بـێ سـوود بـوو. ئەمـەیش پـاڵی بـەباڵی مەکتـەبی سیاسیەوە نـا بەخواسـتی خۆیـان بـچنەوە ریـزی رێکخـستنەکانی بـارزانی‌و بەپاشـکۆی بـبن, ئـەوەبوو هــەموویان چــوونەوە لای بــارزانی, تــەنیا ژمارەیــەکی کــەمیان نــەبێت کــە بەپەنجەی دەست دەژمێردران وەکو مامۆستا حیلمی عەلی شـەریف کـەبۆ لەنـدەن سـەفەری کـرد بەمەبەسـتی خوێنـدن‌و مامۆسـتا مـەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل کەچووە ریزی بەعسەوە.

٢ـ دوای ئـەوەی زۆربـەی ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی چـوونە ریــزی شــۆڕش بەســەرکردایەتی بــارزانی, بــەیانێکیان دەرکــرد بەهەڵوەشـاندنەوەی پـارتی شۆڕشـگێڕی کوردسـتان‌و رێکـەوتنیان لەگـەڵ بارزانیـدا بـەو شـێوەیە بـوو کەپۆسـتی بـەرزیان هــەبێت

لەڕێکخستنەکانی پارتی و کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی، بەڵام کۆتایی هاتنی کۆنگرەی هەشتەمی حزب و دەرکردنی بەیانی کۆتایی و ئەوەی روویدا، پێچەوانەی ئەوەبوو کە لەگەڵ بارزانیدا لەسەری رێکەوتبوون، چونکە هیچیان لەو پۆستانەدا دانەنران.

لەگەڵ ئەوەیشدا، مام جەلال هەوڵیدا پەیوەندیی لەگەڵ بنەماڵەی بارزانیدا توندوتۆڵ بکات و کۆششی زۆری کرد بۆ بەهێزکردنی شۆڕش و دەستەبەرکردنی سەرکەوتنی کەخێروبێری بۆ هەموان دەبێت .

بۆ نموونە، بەبەردەوامی هانی دەدام هەوڵ بدەم لەپێناوی شۆڕش ئاگاداری بکەنەوە، یان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەو نهێنییایەی ئاگاداریان بووم، چونکە من لەگەڵ رژێمی عێراقدا هاوکاریم دەکردو، خێراو بەپووختەیی بیگەیەنم بەدەستیان.

کاتێ زانیم حکومەتی عێراق دەخوازێت بارزانی تیرۆر بکات، خێرا ئاگادارم کردنەوە، بەڵام بەوردی ئاگاداری نەخشەکە نەبووم کەدەیانەوێت مەلاکان بتەقێننەوە بۆ کوشتنی بارزانی، دواتر بەفرمانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو مام جەلال پەیوەندییەکەم راستەوخۆ بەرەو خودی بارزانی وەرچەرخاو ئەنجاممدا..

هەر سەفەرێکی مام جەلال بۆ بەغدا، ئاگاداریان دەکردمەوەو دەرچووم و چاوم پێ دەکەوت و هەرچی شتی تایبەت بوایە پێم رادەگەیاندو، هەرگیز کەمتەرخەمیم نەدەکرد لەگەیاندنی ئەو هەواڵانەی خزمەتیان بەبەرژەوەندیی گەلی کوردستان دەکرد.

٣ـ نەخشەی حکومەتی بەعس چەقی لەسەر بنەماڵەی بارزانی بەست, بەتایبەتی ئیدریس بارزانی و بەکردەوە هەوڵی تیرۆرکردنیانداو بەلاّم حەمید بەرواری بەرکەوت و تائێستا بەدەستیەوە دەناڵێنێت, چونکە پێشمەرگە بوو لەگەڵ ئیدریس بارزانیدا, دواتریش هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانییان دا, بەلاّم خۆشبەختانە ئەو هەوڵەیش سەری نەگرت .

دواتر بەعس هەوڵی ئەوەیان دا, دزە بکەنە ناو بنەماڵەی بارزانی و خێڵەکانەوەو, بۆناو ریزەکانی پارتی و, سیخوڕو خۆفرۆشان لەناویاندا چاند, ئەوسا سەدام حوسێن لاپەڕەیەکی نوێی لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا هەڵدایەوە, بۆ ئەوەی خۆی پاك بکاتەوە, ئەوەبوو چاوپێکەوتنی لەگەڵ مام جەلالدا کردو بەسێ قۆڵی سەدام حوسێن و مام جەلال و فۆئاد عارف کۆبوونەوە, سەرەتا سەدام حوسێن دەمانچەکەی خۆی بەمام جەلال داو ئەویش دەمانچەکەی مام جەلال ی وەرگرت بۆ دەرخستنی نیازپاکی خۆی و لەسەر ئەوە رێکبکەون کەدژایەتی یەکتری نەکەن و ئاشتی و دۆستی لەنێوانیاندا هەبێت و هاوکاری یەکتری بکەن بۆ خزمەتی کردن بەعیراق هەروەکو جاران.

٤ـ هەڵوێستی مام جەلال: ئەگەرچی هیچ گومانێك نەما لەسەر پەیوەندیی نێوان مام جەلال و بارزانی, بەلاّم شتی کۆنی فەرامۆش کردو, ئامانجی ئەوەبوو خزمەت بەبارزانی و بنەماڵەکەی بکات و بەلایانەوە خۆی خۆشەویست بکات و سەربەرزی کوردستان

ئامانجی, بەڵام هەوڵویستێکی یەکالاکەرەوەی نەبوو, تەنیا ئەوە نەبێت راو بۆچوونو ئایدیۆلۆژیی خۆی خستە روو و بینی کەئەوە باشترە بۆ خۆیو بۆ شۆڕشو بۆ بارزانیو بەغدای بەجێهێشتو بۆ ئەوروپاو رۆیشت, بۆ ئەوەی لەمقومقۆو باسوخواسی دووربکەوێتەوەو خۆیشی سەرسەلامەت بێتو, لەدەرەوە کەوتە جموجۆڵو پەیوەندیی بەسیاسەتمەدارو سەرەکی وڵاتانو سەرکردەکانی حزبەکانەوە کرد, بەتایبەتی عەرەبەکان لەمیسرو سوریاو پڕوپاگەندەی بۆ بنەماڵەی بارزانی دەکردو دژایەتی سەدامی رادەگەیاندو پڕۆپاگەندەی باشی بۆ شۆڕشی کوردستانو بارزانی دەکردو ئەو کارانەی ئەنجامی دا هەمووی باش بوو و کاریگەریی گەورەی هەبوو بۆ شۆڕش, ئەگەرچی بارزانی خۆشی لەمام جەلال نەدەهات بەڵام لەکۆتاییدا ناچاربوو متمانە بەمام جەلال بکاتو هەموو نامەو زانیارییەکانی بۆ مام جەلال دەنارد.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول هەر لەسەرەتاوە, هەوڵی زۆری دا دەنگی خۆی بەئەوروپای رۆژئاواو کیشوەری ئەمریکا بگەیەنێت بەمەبەستی ناساندنی (..).

کاتێ شا لەپشتەوە خەنجەری لەگەڵ کورد دا لەرۆژی ٦ی ئاداری ١٩٧٥, ئیدارەی ئەمریکیش پشتی لەکورد کردو گوێی خۆی لێ کەڕ کرد. تاوانباری گەورە لەو کارەساتەدا, هێزی کیسنجەر بوو, هەر ئەوبوو کەبەرنامەی هەموو شتێکی دارشت

بـەبێ ئاگـاداریی کـۆنگرێس, بـۆ ئـەوەی ئـازاد بێـت لـەراگرتنی هاوکاری, هەر کاتێ خۆی ئارەزووی کرد.

سـەرەکی کۆمـار جیراڵـد فـۆرد, ئەوسـا سـەرۆکێکی لاواز بـوو, بـە(لـەبری سـەرۆك)وەسـف دەکـراو هنـری کیـسنجەری پراگماتیـك بەتەواوی دەستی بەسـەر سیاسـەتی دەرەوەی ئـەمریکادا گرتبـوو, پـێم وایـە ئیـسرائیل پێـشتر ئاگـاداری پیلانـی جـەزائیربوو و ئەگـەر نیازی پاك بوایە, دەیتوانی گوشار بخاتـە سـەر ئێـران و دەست لـەو خیانەتـە هـەڵبگرێت بەرێگـەی بـەکارهێنانی نـۆرێنی خـۆی بـەلای دارێـــژەرانی سیاســـەتی ئـــەمریکاوە (..) لەراســـتیدا ئیـــسرائیل ئامادەی قوربانیدان نەبوو بەکەمترین بەرژەوەندیی خۆی لـەپێناوی بەخشینی یارمەتیی بۆ گەلی کورد کەپێویستی پێی هەبوو.

**لەلاپەڕەی ۳۷۹ دا هاتووە:**

کاتێ لەگەڵ جەلال تاڵەبانی ساڵی ۱۹۹۳ چووین بۆ واشنتۆن, کیـــسنجەر داوای کـــرد بمانبینێـــت و مـــن ئـــەو چـــاوپێکەوتنەم رەتکـــردەوەو دواتـــر پـــێم گـــوت کەئـــەو دوژمنـــی گـــەورەی منـــەو لەچاوپێکەوتنەکەدا هەستی بەوە کرد. بەڵام جەلال سەردانی کـرد, ئـەو ناحـەقی نـەبوو کەسـەردانەکەی رەت نـەکردەوە, چونکە ئەگـەر کیسنجەر نەبوایە ئێستا بارودۆخی جەلال وەها نەدەبوو (..).

**********

**من بۆ خۆم دەڵێم:**

لەو سەردانەی مام جەلال‌و مەسعود بارزانی بۆ ئەمەریکا، بۆ ئەوەی چاویان بەبەرپرسان‌و سیاسەتمەداران بکەوێت لەپێناوی دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ کێشەی عێراق بەگشتی‌و دۆزی کورد بەتایبەتی‌و، ئەوەیان بەلاوە گرنگ بوو، کەچاویان بەهێنری کیسنجەر بکەوێت‌و، دواتر وەڵامی کیسنجەر هاتوە، کەئامادەیە، تەنیا چاوی بەمام جەلال بکەوێت، ئەوەبوو مام جەلال، هۆشیار زێباری لەگەڵ خۆی برد، لەپێناوی بەرژەوەندیی گەلی کوردستاندا.
من سەبارەت بەخۆم لەم کتێبەدا دەقی ئەو وتەیەم هێناوەتەوە کەمەسعود بارزانی گوتوویەتی، سەبارەت بەوەی من گوتم لەسەر ئەو کتێبەی بەم دواییە دەریکردو، ئەوەی لەکتێبەکەیدا هاتووە، دووەرە لەراستیەوەو، لەم بارەوە بەڕێزێك پرسیار ئاراستەی بەڕێز هۆشیار زێباری دەکات کە لەگەڵ مام جەلالدا بوو لەکاتێ سەردانی هینری کیسنجەردا، بۆچی بێ دەنگی هەڵبژراد کاتێ ئەو جیاوازییەت لەوتەکەی بارزانیدا بەدیکرد، دەبوا راستی رابگەیەنێت‌و پێچەوانەکەی بەدرۆبخاتەوە.

**خوێنەری هێژا:** هەڵویستی هینری کیسنجەر لەچاوپێکەوتنی لەگەڵ بەڕێزاندا ئەوەبوو، ئەوە روون بکاتەوە کەبارزانی دەربارەی ئەمریکا گوتبووی، خودی هینری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو، لەسەروبەندی رێکەوتننامەی جەزائیراداو، ئاگاداری ئەو شتانەبوو لەپشتی پەردەوە دەکرا بۆ شکست هێنانی شۆڕشی

کـوردو دەیزانـی کـەبارزانی هـۆی سـەرەکیی شکـستی شۆڕشـی کوردستان بوو.

**لەلاپەرەی ٣٦٨ دا هاتووە:**

لەسـالّی ١٩٧٣دا, عـەزیز شـێخ رەزا بەنوێنـەری شـۆڕش لەبـەیرووت دەستنیـشانی کـراو سەرپەرشـتی پەیوەندییـەکانی لەسەر ئاستی عەرەبی دەکردو, جەلال تالّەبانیش وەکو راوێژکاری بووو فوئاد مەعسووم نوێنەری شۆڕش لەمیسر بوو. (بۆ زانیاریی زیـاتر, سـەبارەت بەچـالاکییان, بڕوانـە ئـەو نامانـەی لەپاشـکۆی ژمارە (٥٥) لەبەشی پاشکۆکاندا تۆمارکراون).

لێرەدا دەمەوێت چەند راپۆرتێك بخەمـەڕوو کەسیانیان بۆ مام جـەلال‌و چـواریان بـۆ دکتـۆر فوئـاد مەعـسوم بلّاوکرانـەوە, بـۆ وەئاگابوون لەدەقی نامەکان بۆ ئاگاداری‌و روونکردنەوە:

**١ ـ نامەی مام جەلال بۆ بارزانی, پاشکۆی ژمارە ( ٥٥ ) شام ١/١/ ١٩٧٥**

بەرێز بارزانی

دوای رێزو سلّاو

هیـوادارم لەخۆشـیدا بێـت, بەبۆنـەی سـالّی نوێـوە پیرۆزبابیـت لێدەکەم‌و هیوادارم سالّی خۆشی‌و تەندروستی بێت بۆ خۆتان‌و بۆ گەلەکەتان.

١ـــ بـەر لەچـەند رۆژێـك چـاوم بەبروسـی کـەوت, پێـشتر دەمناسی. دوای هەوالّ پرسین راسپاردەیەکی بەمنـدا بۆ بـەرێزتان

هـەبوو و داوای لێکـردم بـەزووترین کـات بیگەیـەنم کەپەیوەنـدیی بەهاتنی بریجینێڤەوە هەیە, بەڵام دواتر پەیوەندیی بەمنـەوە کـردو گـوتی, لەبـەر ئـەوەی سـەفەرەکە دواکـەوتووە, ئـەو راسـپاردەیە مەنێرن, بەڵام من بەپێویستم زانی لەو بارەوە, ئاگادارتان بکەمەوە.

راســپاردەکە بریتــی بــوو لــە: (( شــورەوی پێیــان باشــە سـەرکردایەتی کـورد ئـەوە بـزانن, کـەهاتنی بـریجینێڤ لـەپێناوی بەرژەوەنـدیی گـەلانی رۆژ هەڵاتدایـەو, هیـوادارن لـەکاتی بـریجنێڤ بـۆ سـوریاو عێـراق, رێگـە بەنەتەوەپەرسـتەکانی کـورد نـەدرێت کەدژی هاتنەکەی بریجینێڤ کاردانەوەیان هەبێت))

ووتیـان کەشـورەوی بـڕوای تـەواوی بـەوە هەیـە کـەدۆزی کـورد بەشـەڕ چارەسـەر ناکرێـت, بۆیـە ئـەوان و حزبـی شـیوعی عراقـی (لیژنەی مەرکەزی) هەوڵ دەدەن کێشەکە, نـەك بەسـەربازی, بـەڵکۆ بەشێوەیەکی سیاسی چارەسەر بکرێت.

٢ . لەدۆستێکی عەرەبم بیست کەبەکر نەخۆشە (ورەنگـە بـەم زوانــە بمرێــت)و گوایــا پێلانێکــی ســەربازی بەدەســتەوەیە, بــۆ کوشتنی سەدام ولابردنی خۆی و تاقمەکەی لەدەسەلات.

هــەواڵی نەخۆشــیی بــەکر راســتەو نەخۆشــییەکەی کارییــە, هـەروەکو زانیومـە, هـەروەها میـسرو سـوریا ئومێـدی گۆرانکـاریی لەعێراقدا دەکەن, بەجۆرێ کەدۆخەکە لەئێستا باشتر بێت.

٣ ــ چـاوم بــەدکتۆر خــەیرودین حەســیب کــەوت و پێــی راگەیانـدم کەسـادات پێـی وایـە, رەنگـە لەگـەڵ ئیـسرائیلدا شـەڕ

بکەن, بۆیە هەوڵ دەدەن شەڕ لەکوردستاندا رابگرن, بۆ ئەوەی سوپای عێراق بتوانێت بەشداری لەبەرەی رۆژهەلاتیدا بکات.

سادات پێی وایە کەحکومەتی بەغدا ئامادەیە دانوستان لەگەڵ سەرکردایەتی کورددا بکات و ئەوانیش هەمان ئارەزوویان هەیە, بۆیە پێی وایە دەکرێ ئێستا بکەوێتە بەینی بەغداو کوردەکانەوە. هەر جارێ خۆیان دەڵێن, لەم بارەوە قسە لەگەڵ شادا دەکەن:

٤ ـ پەیوەندیی لەنێوان حکومەتی بەغداو تاقمی لیژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعی عێراق بەرەو ئالۆزتر دەڕوات و, پەیوەندیی لەنێوان مۆسکۆو بەغدا باش نییە, بۆیی پێویستە سوود لەم حاڵەتە وەربگیرێت و هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ نانەوەی دووبەرەکی لەنێوانیاندا.

٥ . لەسێدارەدانی شیعەکانی عێراق, بەعسییەکانی بەغدای لەلوبناندا خستۆتە هەڵوێستێکی خراپەوە.

٦ . پێم وایە باشتر وایە بەرەی رۆژئاوا پشت گوێ نەخەین و, هەروەها ئاگاداری رەفتارمان بین, وەکو ئەوەی بەرپرسێك لەنیشتمانەوە نەیەت و لەخۆوە قسە بدرکێنێت, بەڵکۆ جاروبار بەرپرسێك لەنیشتمانەوە بێت, بەمەبەستی سەردانی ناوچە عەرەبییەکە.

رێزی دووبارەم

دڵسۆزتان

جەلال تاڵەبانی

## ٢ـ نامەی دکتۆر فۆئاد مەعسوم

بەڕێز مەسعود بارزانی

سڵاوێکی شۆڕشگێرانە

گەورەم

ئامـاژە بەنامەکـەی پێـشووم بـۆ بـەڕێزتان لـە ١٩/ ٩ کـە بـەدکتۆر کەمال خەیاتدا ناردم.

لەم نامەیەدا ئاماژە بەچەند مەسەلەیەك دەکەم

کاتـێ نـەجیب بابـان هـات بـۆ قـاهیرە ووتـی: دەمـەوێت چـاوم بەبەرپرسە حکومییەکان بکەوێت و بەڕێز مەلا مستەفا ناردوویـەتی بـۆ ئـەوەی ئاگـاداری هەڵویـستی میـسرییەکان ببێـت لـەپێکهێنانی حکومەتێکی عێراقی لەکوردستاندا.

کاتێ پرسیارم لێی کرد، کەئایا نامەی هێناوە بۆ سادات، ووتی نامەیـەکی سـەرزارەکیم پێیـە بـۆی لەبارزانییـەوەو سـەربارەت بەبڕوانامەی خوێندنی ووتی: بەدەستی نەهێناوە، بەهۆی گرنگی و نهێنی ئەرکەکەوە، چونکە کەس بەوە نازانێت و بەتایبەتی جەلال تاڵـەبانی و هەستی بەپـەروایی دەکـرد. ئەگـەر هاوکاریم نەکردایـە، دەبوو بەکـەموکوڕی و ئەرکـە کەگـەڵی گـرنگ بوو و لەگـەڵ وتووێـژ لەگەڵ میـسرییەکاندا دەگونجا، کـە لـەرووی ڕێکخـستنەوە ڕێگـەی پێ نەدراوبوو.

دوای ئـەوەی دڵنیـابووم لـەوەی نـەجیب ناتوانێـت لافـی ئـەوە لێبـدات، ئەگـەر بنەمایـەکی نـەبێت، بڕیـارم دا بەمیـسرییەکانی بناسێنم.

لـەرۆژی ١٨/ ٩ دا، هـەروەکو بـەڕێزتانم ئاگـادار کـردەوە، لەگـەڵ نەجیبـدا، بـەرەو سـەرۆکایەتی کۆمـاری چـووم، لـەوێ چـاومان بەدکتۆر حەمدی کەوت کەباڵی راستی ئەشرەف مەروانی بەرپرسی کاروباری عەرەبی بوو، هەروەها بەعەبدولڕەحمان فەریدو، ووتیـان ئێمە دەخواین ئەم وتانە بەنووسین پێشکەش بکەن و دواتر بۆتـانی دادەڕێـژین و بۆتـانی دەخوێنینـەوە، ئەوسـا وەکـو یاداشـتێك پێشکەش بەسەرۆکی دەکەین.

خاڵەکان ئەمانە بوون:

١ـ بەڕێز بارزانی سڵاوو رێزی ئاراستەی سەرۆك سادات دەکات و هیواداره سەرکەوتوو بێت.

٢ـ بەڕێز بارزانی دەڵێت: دۆزی کورد دەخەمە بەردەستی سـەرۆك سادات وەکو ئەسپاردەیەك بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

٣ـــ نیگـەرانین لەنزیکبوونـەوەی ئێـستای میـسرو عێـراق و سەردانەکانی دکتۆر ئەشرەف مەروان بۆ بەغدادو تـاران، دەترسین ئەم لەیەکنزیکبوونەوەیە لەسەر حیسابی شۆڕش و گەلی کورد بێت.

٤ـ عێـراق وڵاتـانی عـەرەبی بـەوە تاوانبـار دەکـات، کەیارمـەتی نـادەن بـۆ سـەرکوتکردنی شۆڕشـی کـورد. بۆچـی لەسـەر ئاسـتی

کۆمەڵـەی عـەرەبی, یـان لەسـەر دەسـتی وڵاتێکـی عـەرەبیی وەکو میسر, کێشەی کورد چارەسەر ناکەن.

میسرییەکان لەوەڵامدا ووتیان:

یەکـەم: نزیکبوونـەوە لەگـەڵ عێـراق, بـەهیچ شـێوەیەك لەسـەر حیساب و بەرژەوەندیی گەلی کورد نابێت. دکتـۆر ئەشرەف مـەروان سـەردانێکی بەغـدای کـرد, لەسـەروبەندی هەوڵـەکان بـۆ زەمینـە خۆشـکردن بـۆ نزیکبوونـەوە, بـەڵام ئاکـامی نـەبوو. سـەردانی تـارانیش بەمەبەسـتی کاروبـاری کەنـداو بـوو, نـەك بـۆ مەسـەلەی کورد. ئێمە رێز لەگەلی کورد دەگرین و, لەچوارچێوەی عێراقدا, دان بەمافەکانیاندا دەنێین.

دووەم: ئێمـــە ئاگـــاداری ســـەرەك ســـادات, ســـەبارەت بـــەم کۆبوونەوەیـە دەکـەین, سـبەی ئێـوارەو, دوای سـێ چـوار رۆژی دیکە, لەئاکامەکەی ئاگادارتان دەکەینەوە.

لـەرۆژی ٢٢/ ٩دا, سـەردانی سـەرۆکایەتیم کـرد, بەمەبەسـتی وەرگرتنی وەڵامەکە. عەبدولڕەحمان فەرید ووتـی: سـەرۆك داوای کـردووە مەسـەلەکە تـاوتوێ بکرێـت بـۆ دۆزینـەوەی خاڵـەکانی جیـاوازیی لـەنێوان عێـراق و کـورددا و, دواتـر دۆزینـەوە چارەسـەر بۆی.

لەهـــەمان رۆژدا, کـــاك عـــەزیز (مەبەســـتی شـــێخ رەزایـــە) لەبەیرووتـەوە هـات بـۆ قـاهیرە لەگـەڵ مـام جەلالـداو, مـام جـەلال بەتەلـەفۆن قسەی لەگـەڵ عەبـدولڕەحمان فەریـدە کـرد, کەقسەی

لەسەر سەردانەکەی نەجیب دەکرد لەتەلەفۆنەکەدا, رەنگە جەلال گوتبێتی کەنەجیب لەقسەکانیدا راستی نەکردووە, ئەوە گوزارشت لەبۆچوونی شۆڕش ناکات.

بۆ ئێوارە, عەبدولڕەحمان فەریدو سەمیر حیجازی, کەبەرپرسی کاروباری عەرەبی بوون لەسەرۆکایەتی کۆماریدا, سەردانی کاك عەزیزو مام جەلالیان کرد, لەئوتێل شیرۆ, بۆ زانینی راستییەکان, عەبدولڕەحمان فەرید لەقسەکانیدا ووتی کەنەجیب دەڵێت شۆڕش ئامادەیە دانوستان لەگەڵ بەعسی عێراقیدا بکات.

کاك عەزیز ووتی: دانوستان لەگەڵ بەعسدا لەخەیاڵماندا نییەو شۆڕش لەباردۆخێکی خراپدا نییە تاوەکو لەرێگەی دانوستانەوە خۆی رزگار بکات, شۆڕش بەهێزە.

مام جەلال باسی مەسەلەی بەرەو لایەنە باشەکانی کردو هەروەها ئاماژەی بەوەیش کرد کەچۆن دەبێ پێکبێت. لێرەدا کاك نەجیب ووتی, وا تێنەگەن من داوای دانوستانم کردبێت, ئەوە ئەرکی سەرشانی من نییەو, بەسەر زماندا نەهاتووە ناوی دانوستان بهێنم, چەند جارێك ئەوەی دووبارە کردەوە.

سەمیر حیجازی ووتی: دەمانەوێت بەخاڵێك بگەین, چونکە ئێمە لەوتەکانی نەجیب بابان وا حاڵی بووین کەئێوە ئامادەیی دانوستانن لەگەڵ حکومەتی عێراق, ئەگەر هاتو میسر دەستی تیادا بێت.

قسەکانی کاك عەزیزو مام جەلال روون بوون و دەیانوت: دانوستان لەئارادا نییە, نەجیب ووتی: ئەوە لەسەر من حیساب مەکەن, من نەمووت دانوستان, ووتم بارزانی مەسەلەکە دەخاتە بەردەستی سەرەك سادات بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزیتەوە, ئەوە بەمانای دانوستان نییە.

بەڵێنیاندا لەماوەی دوو, یان سێ رۆژدا وەڵاممان بدەنەوە.

سەیر ئەوەیە, کاتێ بۆ یەکەم جار کاك نەجیب چاوی بەدکتۆر حەمدی و فەرید کەوت, باسی دامەزراندنی حکومەتی عێراقییان لەکوردستاندا نەکرد, چاوپێکەوتنەکە ساردوسڕبووو زۆر رەسمی بوو و کاك نەجیب بەروونی و بەوردی مەسەلەکەی نەخستە روو.

لەرۆژی ٢٤/ ٩دا, لەگەڵ کاك نەجیبدا سەردانی سەرۆکایەتی کۆماریمان کرد, بۆ ماڵئاوایی, چونکە بڕیاربوو سەفەر بکات و کاتێ گەڕاینەوە چاومان بەکاك عەزیزو مام جەلال کەوت. پێکەوە سواری ئۆتۆمبیلەکەی مام جەلال بووین کەلای نەجیب بووو لەسەر ئەوە رێکەوتن کەلێی بکرێتەوە. لەرێگا ئەم شانۆگەرییە رووی دا:

جەلال: هەواڵی دانوستانی نێوان عێراقییەکان لەقاهیرەدا بڵاوبۆتەوە, لای کەسایەتییەکی عێراقی بووم, بەمنی ووت: داوایان لێکردم لەسەرکردایەتی, کەدۆزی کورد تاوتۆی بکەم.

نەجیب: گاڵتە دەکەیت.

جەلال: گاڵتەی چی, ئەوە راستە.

نەجیب: ئەو پیاوە کێیە, بۆ ئەوەی بڕۆم بیبینم.
جەلال: بەڵام ئەو نایەوێت تۆ ببینێت. (...).

لەرۆژی ١/١٠/ ١٩٧٤دا, کاک عەزیز گەڕایەوە بۆ بەیروتو, مام جەلالیش گەڕایەوە بۆ دیمەشق لە٤/١٠/دا. رۆژی ٣/١٠ لەگەڵ مام جەلال چووین بۆ لای عەبدولڕەحمان فەرید, کەووتی: تا ئێستا سەرۆك وەڵامی نەداوەتەوە, مەسەلەکە لەژێر توێژینەوەدایە.

بەرێز کاك مەسعود:

لەراستیدا خۆم بەهاوبەش دەزانم لەو کێشەیەدا, چونکە ئەگەر کاك نەجیب چاوی بەتاقمی سەرۆکایەتی نەکەوتایە, ئەوە رووی نەدەداو, ئەو هەوڵەیە نەدەکراو تا ئێستا ئەو پەرواییە ماوە.

ئێستا من چاوەڕوانی فرمانی بەڕێزتانم لەداهاتوودا چۆن هەڵسوکەوت بکەم, دەبێ یەکێك بێت بۆ ئێرە نامەی ئێوەو مەکتەبی سیاسی پێبێتو, هەروەها ئەرکی کاك نەجیب دیاری بکەن. جارێکی دی تکات لێدەکەم, کەسانێك بۆ ئەم ئەرکە هەستیارانە دەستنیشان مەکە کە بەدوای بەرژەوەندەیی تایبەتی خۆیاندا دەگەڕێن.

کاتێ کاك نەجیب هات بۆ ئێرە (ووتی) : داوای پەنابەریی سیاسی لەمیسر دەکەم, بۆ ئەوەی وەکو پەنابەر لەگەڵمدا مامەڵە بکەن, نەك لەپێناوی پارەدا, وەریناگرم, بەڵام بۆ مەبەستی سەفەرو هەندێ دەسکەوتی دیکە, وەکو هێنانی ئۆتۆمبیلو شتی دیکە. پێم ووت ئایا رەزامەندیی بارەگای بارزانیت پێیە, ئایا کاك

مەسعود رێگەی ئەوەی پێداویت, ووتی: ئەوان لارییان نییە. ووتم : ئەوە کارێکی ئاسان نییە, تۆ وەکو نوێنەری بارزانی بێیتو ئێستا داوای پەنابەریی بکەیت, ئەوە ناکرێت. تۆ رەزامەندییەکی نووسراو بێنە, ئێمەیش پەیوەندیت بۆ دەکەین.

لەترسی ئەوەی نەبادا بڕوات بۆ لایانو پەیوەندییان پێوە بکات, پێم ووت: برام, ئەم مەسەلەیە دوابخە بۆ سەردانی داهاتوو, چونکە ئەگەر باسی ئەو مەسەلەیەت کرد, ئەوا ئەرکەکەت شکست دەهێنێتو بەوە رازی بوو.

ئێستا مامەڵەی وەرگرتن لەخوێندنی باڵا لەکۆلیژی یاسای لای ئێمەیە, بۆ نموونە, ئەو وەکو جەلال تاڵەبانی دەیەوێت خوێندکاری ماف بێتو مامەڵەی پەنابەری بۆ بکرێت.

گەورەم:

لەرۆژی ٤/١٠ لەگەڵ مام جەلال چووین بۆ دیمەشق, بەئاگاداری کاک عەزیز, لەپێناوی درێژکردنەوەی مۆڵەتی سەفەرەکەم کە بەسەر چووبوو, هەشت رۆژ ماوە تا کاروبارەکەیم تەواوکرد. هۆی دواکەوتنی نەبوونی پوولی پۆستە بوو, بەڵام هەر چۆنێك بوو توانیم مۆڵەتی سەفەرەکەم بۆ دوو ساڵی دیکە درێژبکەمەوە. ئەم نامەیە لەبەیروتەوە دەنووسم.

دوای نیشتەجێ بوونی لەسوریا, تێبینی ئەوەی کرد کەسورییەکان تەنیا بایەخ بەمام جەلال دەدەنو ئۆتۆمبیلێکی بیجۆی ٤٠٤و دەمانچەیەکیان پێی دا.

سبەنێی ١٠/١٧ لەگەڵ کاک مونزر نەقشبەندی دەگەڕێمەوە بۆ قاهیرە, بەو هیوایەی کارەکانی جێبەجێ بکەم.

هیوادارم لەخۆشیدا بن, هەر بژین.

بۆ ئاگاداری:

سەبارەت بەهاتنی کاک نەجیب بەدرێژی, هاوپێچی ئەم نامەیە, ناردوومە بۆ مەکتەبی سیاسی.

دڵسۆزتان فوئاد مەعسووم عەزیز رەزا

١٦/ ١٠/ ١٩٧٤

**٣ ـ نامەی جەلال تاڵەبانی بۆ بارزانی ـ ( ٧٣٦ ـ ٧٣٧ )**

**بەیرووت ١٩٧٤/٦/٧**

**بەڕێز جەنابی بارزانی**

هیوادارم تەندروست و لەشساغ بیت.

پێرێ شورەوی داوایان کردم لەبەیرووت ئامادەبم, بریماکۆف میوانی عەلی مستەفا جاف بوو و داوای لێکردووە بەزووترین کات من ببینێت, دوای باسوخواس و گازەندەی زۆر, بۆمان دەرکەوت کەشورەوی هیچیان لەدژی تۆ نەنووسیوەو, بەتەمانین هیچ بنووسن و, حەزدەکەن پەیوەندییان لەگەڵ بەڕێزتاندا بەردەوام پێت و, گلەیی ئەوە دەکەن کەرادیۆی کوردستان لەدژیان دەدوێت.

بریماکۆف روونی کردەوە کەباری سەدام دژوارەو سوپاییەکان ئەو بەبەرپرس دەزانن لەپەیوەندیی لەگەڵ ئێوەداو دەیانەوێت سەرزەنشتی ئەو بکرێت و شورەوی ترسی ئەوەی هەیە کەسەدام لابرێت .

بۆیە بریماکۆف دەڵێت: شورەوی دژی شەڕکردنە لەدژی کوردو پشتگیری لەرێگەچارەی سیاسی و دانوستان دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەرییان لەسەر بەغدا هەبێت, پێیان باشە نامەیەکی باش بۆ سەدام رەوانە بکرێت, لەلایەن کوردەوە وەکو دەستپێشخەرییەك بۆ ئاشتی و بەهێزکردنی پێگەی سەدام, کورد تیایدا ئامادەیی دەربڕن, بۆ بڕینی پەیوەندیی لەگەڵ دەرەوە (کۆنەپەرستان و ئیمپریالیزم) دا, بەمەرجێ مافەکانیان وەربگرن بۆ ئەوەی دەرەتانی ئەوە هەبێت کەجڵەوی ئەو سوپاییانە بکرێت کەشەڕخوازن. بریماکۆف دەڵێت شورەوی بێزارن لەو راسترەوانەی دەوروبەری بارزانیان داوەو حەزیان بەوە دەکرد کەکەسانی پێشکەوتنخوازی کورد)و ـ من ـ رۆڵمان لەبزوتنەوەی کورددا هەبێت, بۆ یەکخستنی ئەم راسترەوو خۆفرۆشانە.

روونە کەمن و کاك مستەفا بەدرێژی باسمان کردو رەخنەمان لەشورەوی گرت و ئاگادارمان کردەوە لەهەڵەکانی روسیا و حزبی شیوعی سەر بەمۆسکۆو, بەجدی هەوڵمان دا راستی دۆخەکەی بۆ روون بکەینەوەو پێمان ووت: نەدەبوو مەلا مستەفا بگۆڕنەوە بەبەکرو سەدامو, بۆم روون کردەوە, کەلەو رۆژەوە مەلا مستەفا

لەروسیا بوو, تا ئەمرۆ, ئەو گویٚ رایەڵی ئێوەبوو و چەندین جار پەیوەندیی ئەو لەگەڵ ئەمریکاو ئێران, بەهۆی روسیاوە تێکچووە. یەکێك لەهۆکارەکانی ناکۆکی لەگەڵ ئێمەدا تاقمێك لەحزبی شیوعی بوو, ئیتر چۆن بەو جۆرە چاکەی مەلا مستەفا دەدەنەوە؟

دوای ئەوە, بۆ ئەوەی پەیوەندیی بەردەوام بێت, ئێمەیان بەئەلکسەندەر زایتیسیف ناساند کە لەباڵێوزخانەکەیان لەبەیرووت کاری دەکرد, هەر ئەو پیاوە بوو, کە لەساڵی ١٩٦٣ لەبەغدا, لەکاتی دانوستاندا چاوم پێی کەوتو ساڵح یوسفیشی دەیناسی, لەنامەیەکیدا بۆ من دەڵێت: (لەمۆسکۆوە دەسەڵاتم پێدراوە بۆ ئەوەی پەیوەندیی بەردەوامم بەتۆوە هەبێتو چەند کەسێکی دیکە لەبەرپرسانی پارتیو بزووتنەوەی کوردی, ئەوە لەحاڵەتێکدا, ئەگەر رازی بن بەوەی پەیوەندییان بەمۆسکۆوە هەبێت)و بۆی نووسیم.: ((دەتوانیت لەرێگەی منەوە, هەرچی بەپێویست دەزانی رەوانەی مۆسکۆ بکەیت, لەنامەو قسەی سەرزارەکیو داخوزیی یارمەتیو هەرشتێك کەبایەخی پێدەدەن)).

هەروەها دەڵێت:

(ئەگەر پرسیارو نامە لەمۆسکۆوە بۆ بەرپرسانی پارتیو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەبوو, ئەوا من بۆ خۆم بۆتانی وەردەگرم).

ئەو رێزەی لەبەندەیان نا, رەنگە بۆ ئەوە بووبێت رۆڵێك بەئێمە بدەن لەگەڵ (برا پێشکەوتنخوازەکانی دیکە لەناو بزووتنەوەی

کوردایەتی) دیارە من بەبێ ڕەزامەندیی ئێوە, هیچ ڕۆڵێك ناگێڕم! بەڵام نازانم هەڵوێستی ئەوانی دیکە چۆن دەبێت؟! سەرەڕای ئەوەی ڕەخنەو گازەندەو ناڕەزامەندیی زۆرم هەیە بەرامبەر بەشورەوی, سیاسەتیان بەهەڵە دەزانم.

بەڵام:

١ـ پێم وایە نانەوەی ئاژاوەو جیاوازیی لەنێوان شورەوی‌و بەعسی بەغدادیدا, بەسوودی کوردایەتیە.

٢ـ ئەگەر نەمانتوانی دووریان بخەینەوە لەیەکترتی, باهەر نەبێ بێ لایەن بمێننەوە, یان دوژمنایەتیان کەمتر بێت‌و ئەوەیش باشترە.

٣ـ مانەوەی پەیوەندیتان, ئێوە (بارزانی) لەگەڵ شورەویدا شتێکی باشە.

بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم کەبەڕێزتان نامەیەکم بۆ بنێرن‌و تیایدا گەلێك شت بەدرێژی روون بکەنەوەو بۆ ئێمەی بنێرێت لەبەیرووت بۆ ئەوەی بیاندەینێ, ڕەنگە ئەوە باشتر بێت لەوەی فرمان دەربکەن بۆ ڕاگرتنی پڕوپاگەندەی رادیۆ ـ ڕۆژنامە ـ دژی شورەوی تا ببینین چی ڕوودەدات.

گومانی تیادا نییە ئێوە لەهەر حاڵەتێکدا ئاگاداری مەسەلەکەن‌و باشتر لەئێمە هەڵیدەسەنگێنن بۆیە ئەوەی بینیتان باشترە, تکایە ئاگادارمان بکەنەوە, تاوەکو لەسەر ڕۆشنایی ئەوە هەنگاو بنێین.

تێبینی:

بریماکۆف تکای لێکردین کەئاگاداری بەڕێزتان نەکەین لەم چاوپێکەوتنە، یان کەئەو داوای کردبێت ئەم پێشنیارانەتان پێشکەش بکەین.

هەر بژین دڵسۆزتان

جەلال تاڵەبانی

**٤ـ نامەی جەلال تاڵەبانی ـ ل (٧٣٩ ـ ٧٤٠)**

قاهیره ١٩٧٤/٦/٢٨

هەردوو برای بەڕێزم کاك ئیدریس و کاك مەسعود

سڵاوێکی برایانەی گەرم

هیوادارم کامەران و بەختەوەربن و، من زۆر باشم.

نامەکەتانم بەدەست گەیشت کە لە١٨/ ٦دا ناردبووتان بەکاك حەبیبدا و سوپاستان دەکەم.

١ـ بێ گومان من کەمتەرخەمی ناکەم بەجێبەجێ کردنی داواکەتان و پابەند دەبم ئامۆژگارییەکانتان جێبەجێ بکەم سەبارەت بەبەهێزکردنی پەیوەندیی لەگەڵ عەرەبدا بەگشتی و، لەگەڵ میسرو سوریا بەتایبەتی و، منیش هەست بەوە دەکەم کەپێویستە و سوودی زۆرە و ئێوە بایەخی پێدەدەن و، لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە گەلێ گرنگە و داخوزاییەکانیشمان زۆرن، بۆیە پێویستی بەکات و ئۆقرە گرتن هەیە.

٢ـ كاتێ ئەم جارە كاك حەبیب هات بۆ قاهیرە, هاتنەكەی كتوپڕ بوو و پێشتر ئاگاداریان نەكردمەوە بۆ ئەوەی چاوپێكەوتنی بۆ ساز بكەم.

ئەگەرچی میسریەكان گەڵی سەرقاڵن و سەرەك سادات لەقاهیرە نییە (لەئەسكەندەرییە بوو) و پێشتر ئاگاداری هاتنی نەبوون, بەڵام ئێمە هەستمان بەهەندێ ساردی كرد لەهەڵوێستیان, لەبەر چەند هۆیەك, لەوانە شیمانەی ئەوەی میسرییەكان هێشتا لەوە نەبووبوونەوە مەسەلەكە بەباشی تاوتۆێ بكەن.

بەرپرسێكی گەورە كە لەكاروباری عەرەبیدا كاری دەكرد, ووتی : (ئەمە یەكێكە لەو مەسەلانەی لەكۆبوونەوەكانی, وێرای ئەوەی بەباشی تاوتوێیان نەكردووە, وێرای ئەو هەموو بایەخ پێدانەیان, وێرای ئەوەی بارودۆخەكە ئاماژە بەوە دەكەن كەپەیوەندییان لەگەڵ عێراقدا بەرەو خراپتر دەڕوات, بەڵام وەكو هۆیەك, دەبێ حیسابی ئەوە بكەین كەمیسر لەسەر ئاستی رەسمی دەیەوێت رۆڵی خۆی لەجۆرە هاوكارییەكی رواڵەتیی عەرەبیدا دابین بكات.

لەگەڵ ئەوەیشدا, ئەگەرچی كاك حەبیب نەیتوانی ئەم جارە چاوی بەسادات بكەوێت, بەڵام گۆڕانكاریی بەرچاو هەبوو لەبارودۆخەكەدا, بەوەی رازی بوون لەسەر كردنەوەی نووسینگەیەك لەوێ بەڵام بەبێ ناو یان بەبێ راگەیاندن, شیمانەی ئەوە دەكرێت ئەگەر هاتوو ئەسەد رازی بێت, ئەوا میسریش چەند هەنگاوێك بنێت بەرەو پێشەوە, چونكە میسر ناتوانێت ئەسەد,

لەکاروباری عێراقدا پشت گوێ بخات, یان کارێك بکات کەئەسەد وابزانێت گەلەکۆمەیە لەدژی سوریا.

٣ـ بیستم کەجیاوازیی لەبۆچووندا هەیە لەسەرچەند مەسەلەیەك, وەکو دەستپێکردنەوەی شەڕ لەدژی کوردو, دەڵێت میشێل عەفلەق لەبەغدایە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەناویاندایە.

٤ـ سەبارەت بەهەڵوێستی شورەوی, نامەیەکم بۆ بەڕێز بارزانی نارد, هیوادارم بەدەستی بگات لەگەڵ ڕێزمدا, بەو هیوایەی پێشنیارەکانم پەسەند بکەن.

٥ . تا ماوەیەك لەمیسر دەمێنمەوەو کارەکانم ڕێکخستووە لەسەر بنەمای مانەوە لەقاهیرە بەزستانو لەهاویندا لەگەڵ خێزانەکەم دەچم بۆ قوبرس لەبەر ئەوەی هەرزانتر دەکەوێت.

هەروەها دەمەوێت سەردانی وڵات بکەمەوەو سەردانی ئێوەیش بکەم بۆ ئەوەی لەخزمەتتدابمو هەر شوێنێك دیاری بکەن, چ دیمەشق یان لوبنان یان قاهیرە بێت, من لەوێ دەبم, ئەگەر ویستتان لەوڵاتدا بمێنمەوە, ئەوا من لاریم نییە. لەگەڵ ئەوەیشدا, من لەگەڵ ئەوەدام لەدەرەوە بمێنمەوە, بۆ ئەوەی باشترین خزمەتتان پێشکەش بکەم, بەتایبەتی لەبەر ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ عەرەبدا بایەخی زۆری هەیە.

٦ـ کۆمپانیای چینیو ژمارەیەك لەکەسایەتیی سیاسیو ڕۆژنامەوانەکان داوام لێدەکەن بچم بۆ ئیتالیا, بۆ تاوتوێ کردنی مەسەلەی یارمەتیدانی شۆڕشی کوردستان, بەمەرجێ شۆڕشەکە

دژی ئاینی نەبێت, كاك حەبیب ڕەزامەندیی لەسەر سەفەرەكەم دەربڕی, بۆیە من هەوڵ دەدەم خۆم بۆ ئەو سەفەرە ئامادە بكەم, چونكە ئەو سەفەرە سودی دەبێت و دواتر ئاگادارتان دەكەمەوە.

٧ــ سەبارەت بەباری گوزەرانم, سوپاس بۆ ئەو یارمەتییەی كەوەرمگرت و, سەبارەت بەوەی ئایا ئەو بڕە پارەیە بەشم دەكات یان نەء؟ لەگەڵ كاك عەزیز, لەو بارەوە قسەم كردووە و لەسەر ئەوە ڕێكەوتین كەداواتان لێبكەم بۆم زیاد بكرێت بە ٢٠٠٠ی لیرە لوبنانی, ئەگەر باری داراییمان باش بووو ئەگەر ڕازی بوون لەسەر باشكردنی باری گوزەرانم, ئەوا داواتان لێدەكەم بۆمی بكەن بە ٢ هەزار لیرەی لوبنانی, خۆ ئەگەر بارەكە نەگونجاو بوو, ئەوا من ناچار دەبم خۆم لەگەڵ ئەو بڕە پارەیە رابهێنم كەبۆتان دیاری كردووم. بڕە پارەكە بەو نرخە مەنێرن كەكاك ئیدریس دیاری كردووە بەڵكۆ بەنرخی بازار, ئەوەم هەر بۆ خۆیشی ڕاگەیاند, من سوپاستان دەكەم......لەكۆتاییدا, هیوادارم گەلەكەمان بەسەر دوژمناندا سەربكەوێت و شۆڕشی كوردستان بەشداریی تەواو بكات لەبونیاتانی عێراقی دیموكراتی و ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستانی عێراق دابین بكات.

**هەر سەركەوتووبن و بژین بۆ برای دڵسۆزتان مام جەلال**

**مام جەلال**

**٥ ـ نامەی مام جەلال ـ ل ( ٧٤٠ ـ ٧٤٥ )**

**قاهیرە: ٣١/ ٥/ ١٩٧٤**

**هەر دوو بەڕێز کاك ئیدریس‌و کاك مەسعود**

**سلاوێکی گەرم**

**هیوادارم بەختەوەرو سەرکەوتوو بن, من باشم.**

**نامەکەتانم بەدەست گەیشت, سوپاسی هەستتان دەکەم بەرامبەر بەمن‌و, خۆم بەپێشمەرگەی کوردستان دەزانم بۆ رزگاریی گەلەکەمان لەدوژمن, من ئامادەی هەر ئەرکێکم لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەل‌و نیشتمان‌و, ئەوەی ئەنجامم داوە, بەشێکی کەمە لەئەرکەکانم‌و, لەراستیدا بەکەمی دەزانم, بەلام هیوادارم باشتر کارەکانم رابپەڕێنم.**

**بەڕێزان:**

**دووبارە ئەوە دووپات دەکەمەوە, کەئامادەم هەر ئەرکێك جێبەجێ بکەم, بۆ خزمەتکردن بەگەلەکەم لەململانێیدا بۆ مانەوە لەبەرامبەر دڕندەکانی تکرتیداو, لەپێناوی سەرنگومکردنی دیکتاتۆری‌و بەدیهێنانی دەسەلاتێکی دیموکراسی لەعێراق‌و دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان. هەروەها دووپاتی دەکەمەوە, کەئامادەم بۆ هەر ئەرکێك بخرێتە ئەستۆم, بۆ خزمەتکردنی بەرێبازی یەکێتی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لەگەڵ هێزەکانی گەل لەعێراقدا بەپێی ئەو بڕیارەی کەدراو هەمووماں لەسەر رێکەوتین, بۆ ئەوەی لەپاڵ کاك عەزیزدا**

کاربکـەمو یارمـەتی بـدەم, مـن ئامـادەم ماڵەکـەم بگوێزمـەوە بـۆ بەیرووت یان بۆ شام.

بـۆ ئـەوەی بەباشـترین شـێوە ئەرکـەکانم رابپـەڕێنم, داواکـارم ئەرکەکانم دیاری بکەنو, کاتێ وەڵامی نامەکەم دەدەنەوە, بەوردی بۆمی بنووسـن. جاروبـار نامـەم بـۆ بنێـرنو لـەبارودۆخی ئێـستا ئاگـادارم بکەنـەوە کەهەوڵـەکانمان بـەو ئاقـارەدا دەڕوات کـەبرا عەرەبەکان یارمەتیمان بدەن, هەروەکو دواتر بۆتانی باس دەکەم.

سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای من, پێم وایە بوونی من لەتـەك کاك عـەزیزدا, لەبـەیرووت زۆر پێویستە, هـەروەها بوونم لـەقاهیرە سوودمەندە, بەتایبـەتی ئەگـەر کاك حـەبیب لەئەرکەکـەی لـەقاهیرە سەرکەوتووبووو. هەروەها بوونم لەقاهیرە باشەو, هـەروەها لایـەنی خراپەیشی هەیـە. بـەڵام خراپەکـەی لـەدووری لەبـەیرووتو شامو نیـــشتماندایە لەکاتێکـــدا ئیـــشەکەمان لەبـــەیرووت دا چـــەق دەبەستێت.

قـاهیرە ناوچـەیەکی عـەرەبیو ئـەفریقیی گرنگـەو, بـۆ منـیش باشـترە لـەرووی گوزەرانـەوە, چـونکە شـتومەکی هەرزانـە. ئەگـەر رازی بـوون لەســەر چـوونم بـۆ بــەیرووت (هــەروەکو لەســەری رێکەوتین) دەبێ پێداویستیەکانی ژیـان بۆ هـەموان دابین بکرێت. سەبارەت بـەمن پێویستە گرانیی بـەیرووت لەبەرچاو بگرنو, ئـەم مووچـەیەی بۆتـان رەوانـەکردم, بەشـم ناکـات, دووەم پێویـستم بەپاسەوانییە, سێهەم پێویستم بەئۆتۆمبیلە, ئەگەرچی لەگـەڵ کـاك

حەبیب لەم بارەوە قسەم کردو لەوەدا پشتگیریی کردمو بەڵێنی دا کەئەو داواکارییانە ئاسانن بەڵام من دەمەوێت وەڵامی ئێوە ببیستم.

هاتنی کاك حەبیب سوودی گەورەی هەبوو, بەپێی بۆچوونمو تێگەیشتنم, تەنیا لەپێناوی روون کردنەوەی چەند مەسەلەیەك بۆ کۆمەڵەی نیشتمانی لەسوریا, هەروەها بۆ میسرو بۆ هەندێ لەناسرییە عێراقییەکان لێرە, بەتایبەتی لەگەڵ میسر ئاکامی باش لێکەوتەوە, بەپێی راپۆرتەکەمو مەزەندەکردنی کاك حەبیب کە بەدرێژی بۆتانی باس دەکاتو, لێرە پێیان باشە پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی کوردو میسر باش بێتو, گوتیان لەدوو حاڵەتدا, ئامادەن یارمەتیمان بدەن:

١ــ ئەگەر رێکەوتن هەبوو لەگەڵ نەتەوەییەکانو تەجەموعو ناسرییەکانو پێکهێنانی بەرەیەکی عێراقی دژ بەرژێم.

٢ــ ئەگەر رێکەوتن سەری نەگرت, بەهۆی رازی نەبوونی نەتەوەییەکان, یان هەر هۆیەکی دیکە.

ئەگەر رێکەوتن کرا لەگەڵ نەتەوەییەکانو بەرەی نیشتمانیی عێراقی پێکهات, ئەوا پێم وایە ئەوان ئامادەن یارمەتیمان بدەن لەرووی مادیو مەعنەوییەوە. پێم وایە رووخاندنی حکومەتی بەغدا, بەشێکە لەنەخشەیەکی گەورە, کەرەنگە زۆر لەهێزو لایەنەکان لەسەری رێکەوتبن, لەتارانەوە تا دوورگەی عەرەبیو سوریاو میسر, تا دەگاتە ئەمریکا.

بۆیــه پێویــستە لەســەرمان خێــرا هەڵــسوکەوت بکــەین و گــەلیٚ ئاگادار بین بۆ ئەوەی بەئامانجی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی بگەین, بۆ ئەوەی نەبین بەگەمەی دەستی ئەوانی دیکەو بۆ ئامانجەکانی خۆیان بمانقۆزنەوە, باشکردنی پەیوەندیی لەگەڵ میسر بەتایبەتی و لەگەڵ عەرەب بەگشتی ـ سوودمەندو پێویستە بۆ کوردستان ـ پێویستە بایەخ بەم لایەنە بدرێت و بەپێویستی دەزانم ئەم خاڵانە رەچاو بکرێت.

١ـ پەیوەندیی بەردەوام و هاموشۆ.

٢ــ ناردنی نامە لەلایەن بارزانییەوە, بۆ سادات و ئەسەد بەتایبەتی و, بۆ سەرۆك و پاشاکانی عەرەب بەگشتی.

٣ــ پێویستە زمانی پڕوپاگەندەو راگەیاندن و رادیۆو رۆژنامەکان و راگەیاندنەکانی بارزانی و سەرانی پارتی لەگەڵ رەوتی برایەتی و یەکێتی خەباتی نێوان کوردو عەرەبدا گونجاو بێت.

٤ـ هەوڵی بەردەوام بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی عراقی, کەشۆڕشی کوردستان بکات بەشۆڕشی هەموو عێراق.

٥ــ لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کەئەمریکا و روسیاو عەرەبیش و بەتایبەتی میسر پێی گەیشتن, کەرۆڵی کاریگەو گرنگی لەسیاسەتی جیهاندا هەیەو لەلایەن جیهانەوە رێزی لێدەگیرێت, ئەم راستییەوردە وردە روون دەبێتەوەو بایەخی زیاتر پەیدا دەکات.

٦ـ لەپەیوەندییەکاندا ژیرانە مامەڵە بکرێت لەگەڵ تەجەموعی نیشتمانیداو لەگەڵ هەندێ لەناسرییەکانو نەتەوەییەکان کەتا ئێستا لەواقیعەوە دوورن, پێویستە هەوڵ بدەین بۆ پێهکێنانی بەروو پێویستە بەئەرکێکی نیشتمانی دابنێینو هەوڵ بدەین بۆ بەدیهێنانی, وەکو ئامانجێکی گرنگ.

٧ـ مامەڵەی باش لەگەڵ دیلە عەرەبەکانداو وەشاندنی گورزی گورچك بڕ لەهێزی بەعسو داموەزگاکانیو لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە شۆڕشی کوردستان پەرەی پێ بدرێتو درێژە بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان بدرێت. بۆ بەدیهێنانی ئەمەیش, پێم وایە دەبێ پێشمەرگەو پارتی بەجوانی رۆڵی خۆیان بگێرن. دەبێ بەجوانی پێشمەرگەکان رێکبخرێنو سەرکردەی بەتواناو لێهاتوو دەستنیشان بکرێت. لەم رۆژانەدا هێزی زۆرمان هەیەو دەبێ ئەقلیەتی سەرکردایەتی شۆڕش پەرەی پێ بدرێت.

لەرووی ستراتیژیو تاکتیکیو لەرووی بەرێوەبردنی کاروباری شەڕەوە, دەبێ گەشەپێدان هاوشان بێت لەگەڵ بارودۆخی نوێدا.

پێویستە سەرکردە لاوازەکان بەسەرکردەی باش بگۆڕین لەهێزو بەتالیۆنو لقەکاندا, بەبێ ئەوەی شتی دیکە لەبەرچاو بگیرێت, پێویستە هێزی پێشمەرگە رێکبخرێتو دەستەی ئەرکانی حزب پێکبهێنرێتو گەندەڵی لەناو ببرێتو, دەبێ فەرماندەکان فێری ئەوە بکرێن, چۆن لەشەڕدا, بەتالیۆنێك, یان چەند بەتالیۆنێك بەرێوەدەبەن.

پێویستە فێری بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەك‌و تەکتیکێکی شەڕ بکرێن, پێویستە سوود لەشارەزایی ئەفسەران‌و سەربازەکان وەربگیرێت, بەبێ فەرامۆش کردنی شێوازی شەڕکردنی پێشمەرگەو, هەروەها پێویستە ئەرکەکان, بەپێی لێهاتوویی‌و دڵسۆزی دابەش بکرێت. لەشەڕی مان‌و نەماندا, بواری خزمایەتی‌و کەس کەسێنەو شتی لەو جۆرە نابێتەوە, چونکە هێزو توانایی لاواز دەکات. چەند بوارێکی دیکە هەیە, کەدوورە لەبواری سەربازییەوە, هەندێ پۆستی ئێداری‌و دارایی‌و کاروباری دیبلۆماسی هەیە, دەکرێ بۆ ئەم مەبەستە بقۆزرێتەوە.

پێویستە دەست پێشخەری لەشەڕدا بەدەستی پێشمەرگەوە بێت‌و هێزەکان بەبەردەوامی ئامادەی پەلاماردانی دوژمن بن لەخاڵی لاوازیەوەو پەلاماری مۆڵگەو سەربازگەکان بدرێت لەشەودا, بۆ ئەوەی ئۆقرەیان لێهەڵبگرن‌و, هەوڵبدەن دەست بەسەر ئەو تیپ‌و کۆمەڵە سەربازییانەدا بگیرێت کەلاچەپن, دەبێ جەخت لەسەر ئەو شوێنانە بکرێت کەدەتوانین بەئاسانی هێزەکانی دوژمن تیایدا سەرکوت بکەین.

پێویستە دەست لەئەژنۆ دانەینشین, تا دوژمن هەڵبکوتێتە سەرمان, ئەوسا بەرگری بکەین, بەڵکو دەبێ ئێمە دەست پێشخەر بین.

مەسەلەیەکی دیکە ماوە کەپێشتر لەسەری نووسراوە, ئەویش ئەوەیە کەحزبە کوردستانییەکان پێم وایە باشترین مەحەك بۆ

هەڵسەنگاندنیان ئەوەیە هەڵوێستیان بەرامبەر بەشۆڕش چۆنە، هەر کاتێ پشتگیریی لێکرد، بۆ ئێمە سوودمەندە.

دوو حزب لەتورکیا هەیە.

١ـ پارتی دیموکراتی کوردستان ـ حزبی رەشوان.

٢ ـ پارتی دیوکراتی شۆڕشگێڕی کوردستان ـ حزبی سەعید ئاڵچی.

هەردوو حزبەکە هەڵوێستیان بەرامبەر بەشۆڕش باشە، بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی باش مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین و لەسوریا تاقمی سەلاح بەدرەدین هەڵوێستیان شۆڕشداو بەپێویستی نازانم پشت گوێیان بخەین.

لەکۆتاییدا، رێزم هەیە بۆ بارزانی و داوای لەشساغی بۆ دەکەم.

**بمێنن بۆ برای دڵسۆزتان**

**جەلال تاڵەبانی**

**٦ ـ بارەگای بارزانی بەرێز**

**قاهیرە ١٩٧٤/١/١٨**

بارەگای بارزانی بەرێز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

ئەمەی خوارەوە راپۆرتێکە بەرزی دەکەمەوە بۆ بارەگای بەرێز، لەسەر دیدمان لەسەر ئەوەی لەنێوان میسرو عێراقدا هەیەو، هەڵوێستی میسر لەشۆڕشەکەمان و لەپاڵیدا پێشنیارێکمان هەیە.

میسرو عێراق:

ئەگەرچی پەیوەندیی نهێنی لەنێوان میسرو عێراقدا هەبوو لەکاتی خۆیدا کەمەکتەبی سیاسیمان لێی ئاگادارکردەوە, بەڵام ئێستا ئاشکرابووە.

ئەوەی مشوری ئەو پەیوەندییانە بخوات, هەست بەوە دەکات کرانـەوە هەیـە لەنێوانیانـداو, ئـەوەی وا لەمیـسر دەکـات ئـەم کردنەوەی هەبێت بەرامبەر بەعێراق, ئەمانەن:

١ـ میـسر دەیـەوێت وا لەئـەمریکا بگەیـەنێت کـەنۆرێنی بەسـەر وڵاتـە عەرەبیەکانـدا هەیـەو, دەتوانێـت سـەرکردایەتی بکـاتو, پێویـستە لەسـەر ئـەمریکا پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ میـسردا بتـەو بکـاتو پـشتی پێببەسـتێت بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییـەکانی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٢ـ میسر هەست بەوە دەکات, پەلەی کردەوە لەکرانەوەی بەرووی ئەمریکاداو پێشوازییە بەناوبانگەکەی لەنیکسۆنو, لەو بڕوایەدا بوو کە لەرێگەی سەرۆکەکەیەوە, ئەمریکا بەلای خۆیدا رابکێشێت. دواتـر نیکـسۆن ئـۆغری کـردو دەسـەڵاتی سـەرۆکایەتی بـەجێ هێـشتو فـۆرد شـوێنی گرتـەوەو, دوو خـولی سـەرۆکایەتی لەبەردەمـدا دەبێـت, دوای جەولەکـەی نیکـسۆن تـەواو دەکـات, ئەمەیش بەو مانایە بوو کەپێویست بەدەنگی جولەکەی ئەمریکا بوو, کەواتە دەبوا پەیوەندیی لەگەڵ عەرەبدا پەرێز بکات, دواتر ئـەمریکا رێکەوتننامـەکانی نیکـسۆن ـــ سـادات سـەبارەت

بەیارمەتیدانی میسر بە ٢٥٠ ملیۆن دۆلار هەلپەسێرێت و پێدانی مەفاعیلی ئەتۆمی بۆ میسر ببەستێتەوە بەسەرکەوتنی کۆنگرەی جنێڤ. ئەم یارمەتییانە بەشێوەی پرۆژە دەبوو لەکەناری کەناڵی سویس، ئەگەر کۆنگرەی جنێڤ سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، ئەوە بەو مانایەیە گەشتی نەشەڕ بەردەوامەو ئەمریکا نایەوێت پرۆژەکانی لەوێدا میسر کاردەکات بۆ نزیکبوونە لەعێراق، وەکو هەنگاوێك لەپێناوی سەرخستنی ئەم کۆنگرەیە.

٣ـ هەروەها میسر کەوتە خۆی و کەوتە منەی ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ شورەویدا تێکبدات، بۆ نموونە کاتێ فرۆکەکەی بۆد گۆڕنی بۆ ماوەی نیو سەعات لەئەسوان نیشتەوە، لەسەر ڕێگەی ڕۆیشتنی بۆ سۆمال و، هەروەها لەکاتی گەڕانەوەی بۆ مۆسکۆ، نە سادات و نە بەرپرسە گەورەکانی میسر، پێشوازییان لێی نەکرد، تەنیا پارێزگای ئەسوان لەهاتن و ڕۆیشتنیدا پێشوازی و بەڕێی کرد، وەکو کاردانەوەیەك لەبەرامبەر ئەم هەڵویستەدا، سەردانی وەزیری دەرەوەی میسریان بۆ مۆسکۆ هەڵوەشاندەوە، یان بۆ ماوەی سێ مانگ دوایان خست.

میسر ئێستا هەست بەوە دەکات، لەڕێگەی هەڵوێستی ئەمریکا لەپرۆژەکانی و لەهەڵوێستی دۆستانەو ئاشکرای فۆرد بۆ ئیسرائیل و لەراگەیاندنەکانی بەرپرسە ئیسرائیلیەکان، لەڕێگەی ئەو کێشانەی لەبەردەم کۆنگرەی جنێڤدا بوون ـ کەشیمانەی هەڵگیرسانی شەڕ لەئارادایە . و ئەگەر شەڕ هەڵگیرسا، ئەوا

ئـەمریکا پـشتی ئیسرائیل دەگرێـتو, ولاّتـە ئەوڕپیـەکان نـاتوانن ڕووبـەڕووی ئـەمریکا ببنـەوە, هـیچ شـوێنێك نـەما چـەك بەمیـسر بـدات. جگـە شـورەوی میـسرییەکان پێیـان دابـوو کـەدەبێ پلانێـك دابنرێـت بـۆ گێڕانـەوەی پەیوەنـدیی دۆسـتانە لـەنێوان میـسرو مۆسـکۆدا, بـەبێ ئـەوەی شـکۆی میـسر برینـدار بکرێـت, واتـە ئـەو گەڕانەوەیە, بەو شێوەیە نەبێت کەمیسر پەنابباتـەوە بـەر مۆسـکۆ, بـەڵکۆ هانـدانی شـورەوی بـۆ ئـەوەی بـچن بـەدەم قـاهیرەوە, بۆیـە کرانـەوە بـەڕووی عێراقـدا, جـۆرێ لـەمێملّی شـورەی بـوو بـۆ پڕکردنـەوەی عێـراق, چـونکە ئەگـەر مۆسـکۆ هەسـتی بـەو مێملّێـە بکردایە, ئەوا ئەوە لـەقاهیرە پەسـەند دەکات کەئـەو مێملّێـە سووك بکـاتو, عێـراق بەتـەواوی ڕوو لەمیـسر نـەکات. هـەروەها میـسر لەلایەکی دیکەوە عێراق بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی بکەوێتـە بـەینی خۆیو مۆسکۆوە, هەروەکو چۆن ئەوەیش لەگەڵ عەدەنـدا دەکـات. دیارە کێشەی کورد وای لەعێراق کرد, بەرووی میسردا بکرێتەوە.

**میـسر** ـ هـەر لەسـەردەمی عەبدوناسـرەوە, وا مەزەنـدە دەکـرا, لەلایەن ڕژێمەکانی عێراقەوە, کەپەیوەندیی دۆستانەی هەیە لەگەڵ شۆڕشی کورد, بۆ بەکارهێنانیوەکو وەرەقەیەك بۆ گوشار خستنە سـەر دەسـەلاّتدارانی عێـراق. عێـراق پێـی وایـە میـسر دەتوانێـت, لەڕێگەی نۆرێنی بەسەر سەرکردایەتی کورد گوشار دروست بکات بۆ چاوپۆشی لەهەندێ خواستەکان گـەلی کـورد, لەبەرامبـەر دەسـت کێـشانەوەی عێـراق لەچـەندین خـاڵ لەبەرژەوەنـدەیی میـسر.

هـەروەها میـسر ــ بـەپێی بیرکردنـەوەی دەسـەڵاتەی عێـراق ــ دەتوانێت کاریگەریی لەسەر دەسەڵاتی ئێران هـەبێت, بۆ گۆڕێنی هەڵوێستی لەشۆڕشی کورد.

ئەمـەبوو دیـدی ئێمـە لەبەرامبـەر پەیوەنـدیی میـسرو عێـراق بەکورتی.

میسرو شۆڕشی کورد:

هـەروەکو دیـارە میـسر بەسڵەوە مامەڵـە لەگـەڵ شۆڕشـی کـوردا دەکـات و, نایـەوێت لەبەرامبەریـدا, خـۆی بـەهیچ شـتێکەوە پابەنـد بکـات, بـۆ نموونـە شۆڕشـگێڕ کـاك حـەبیب لێـرە ئاگـاداری کـردین کەمیـسرییەکان رازیـن لەسـەر کردنـەوەی نووسـینگەی حـزب لـەقاهیرەو, مەبەسـتیان لـەوە ـ کـەدواتر دەرکـەوت ـ ئـەوەبوو ئـەم هەواڵـە بڵاوبێتـەوەو بـەر گـویی دەسـەڵاتدارانی عێـراق بکـەوێت و, میـسرییەکان ئـەم پڕوپاگەندەیـە بـەکاردەهێنن بـۆ گوشـار حـستنە سەر بەعسی عێراق, لەکاتی دانیشتندا.

چونگە ئێمە کاتێ شوێنی گونجاومـان بەدەسـت هێنـا, بینیمـان بەشێوەیەکی دیبلۆماسی پاساویان دەهێنایەوە.

وتیان: پێویست ناکات و, ئێوەیش بۆ کاری رێکخستن بەکاری نابـەن و, نـاکرێ ئـەو شـوێنە بکـەن بـەبارەگای کۆبوونـەوەی عێراقییـەکان و رووبەڕووی پەروایمان نەکەنەوە..بەڵام لەراستیدا, ئەگـەر سـەرەتا بـێ دەنـگ دەبـووین و پەنابـەرە عێراقییـەکانمان لەکردنـەوەی نووسـینگەکە ئاگـادار نەکردایەتـەوە, ئـەوا

دەمـــــانکردەوەو, پـــــێم وایـــــە میـــــسرییەکانیش هـــــەڵیان نەدەوەشـاندەوەو, ئەگـەر بـارودۆخی جموجـوڵی گەشـتوگوزار لەهاویندا, ڕێگەی ئەوەی لێگرتین خێرا شوێنی گونجاو دەستەبەر بکـەین, ئـەوە لەراسـتیدا پـارەی تـەواومان نـەبوو بـۆ کردنـەوەی نووسینگەکە.

بەرێز جەلال تاڵەبانی لەگەڵ شۆڕشگێڕ کاك حەبیب و خـەباتگێڕ عـەزیز شـێخ ڕەزادا ڕێکـەوتن کـەبڕی هـەزار جونـەیمان بـدەنێ و لەبـەیرووت بدرێتـەوە, بـەڵام تـەنیا بڕی ٣٥٠ دینـاری لیبیـی واتـە ٥٩٥ جونەیهی میسرییان بەنرخی بازاڕی ڕەش ئامادە کردە کەئەم بڕە پارەیە خانوویەکی پێ دروست ناکرێت.

هەوڵمان دا پەیوەنـدیی بەکاك عـەزیزەوە بکـەین لەبـەیرووت, بـۆ پەیـداکردنی پاشماوەی بڕە پارەکـە, بـەڵام لـەوێ نـەبوو, لـەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا ـ هەروەکو ئاگاداری کردینەوە ـ و کەسێکی دیکەیش لەوێ نەبوو کەدوای کاك عەزیز, پەیوەنـدی پێـوە بکـەین. بەم شێوەیە نووسینگەکە نەکرایـەوە, بەهۆی چەند هۆیەکـەوە کە لەدەسـتەڵاتی ئێمـەدا نـەبوو. ئـەمرۆ ١٨/ ٩/ ١٩٧٤ لەگـەڵ کـاك نـــەجیب بابــان چــاوم بەچــەند بەرپرســێکی میــسری کــەوت کەجەختیان کردەوە لەسەر ئەوەی کە: هیچ ڕێکەوتننامەیـەك نییـە لەنێوان میسرو عێراقدا, تەنیا ئەوە نەبێت کەهەوڵی زەمینە خۆش کـردن بـۆ دانوسـتان هـەبوو و چـاوپێکەوتن لـەنێوان هـەردوولادا

ئـەنجام نـەدرا, تـەنیا ئـەوە نـەبێت کـەدکتور ئەشـرەف مـەروان سەردانی عێراقی کردو نامەیەکی لەساداتەوە بۆ بەکر برد.

هەروەها جەختیان لەسەر ئەوە کرد, کە ەحاڵە لەسەر حیسابی کورد, هیچ جۆرە رێکەوتننامەیەك لەگەڵ عێراقدا مۆر بکرێت.

پێشنیار:

عێراق ـ بێگومان ـ ئێستا چالاکییەکی چروپڕ ئەنجام دەدات بۆ پەیوەنـدیی کـردن بەوڵاتـە عەرەبییەکانـەوەو ئامادەیـە ( بـەپێی بیرۆکەی بەعس) دەست لەزۆر شت هـەڵبگرێت لـەپێناوی تەنگـەتاو کردنی شۆڕشی کوردو, ناچارکردنی ئەو وڵاتانە بۆ ئەوەی دژی ئەم بزووتنەوەیە هەنگاو بنێن, لەرێگەی گوشاری نێودەوڵەتییەوە, وەکـو هەڵوێـستی جـەزائیر کـەگۆڤاری (الحـوادث) کـە لەبـەیرووت دەردەچێت, لـەژمارەی ٦/ ٩/ ١٩٧٤دا پـەردەی لەسـەری هـەڵماڵی, بـەوەی کەیـەکێك لەئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی, یـان لیژنـەی مەرکـەزیی حزبەکـەمان ــ چـونکە ئـەو پۆسـتانە لـەدەرەوە پێگـەی خۆیـان هەیـە ـ بارەگـای لەبـەیرووت یـان قـاهیرە یـان لەدیمەشـقدا بێتو هەستێ بەگەڕان لەنێوان وڵاتـە عەروەبییەکانداو لـەو کـارەدا شـارەزاو پسپۆڕان لـەکاروباری عەرەبیـدا یارمـەتییان بـدەنو بگـەن بەبەرپرسانو یاریـدەدەرانیانو بەوڵاتـە عەرەبییەکانـدا بڵاوببنـەوە بۆ بەدواداچوونی چالاکییە سیاسییە عیراقییـەکانو, کۆبوونـەوەی بـەردەوام هـەبێت بەشـێوەی مانگانـە لـەنێوان ئـەو یاریدەدەرانـەو بـەرپرس لەشـیکردنەوەی رووداوەکـانو گرێـدانیان بەیەکدییـەوەو,

بەرپرسـەکە مانگانـە پەیوەنـدیی بکـات بـەبارەگای بارزانییـەوە بـۆ ئاڵۆڕکردنی راو بۆچوونەکان. پێمان وایە بەیرووت باشترین شوێنە بـۆ ئـەوەی ببێـت بـەبارەگای بەرپرسـەکە, لەبـەر ئـەوەی دەرەتـانی فراوانی تیادایـەو, دوای ئـەویّ قاهیرە شـوێنێکی بەجێبـە, چونکە ئاسوودەیە. هەروەها پێم وایـە دەسـەڵاتدارانی میسر لارییـان لـەوە نییــەو, ئەمــەیش بــەپێی بۆچــوونی ئێمــە هــەنگاوێکی گرنگــە لـەپێناوی پڕوپاگەنـدە کـردن بـۆ شـوڕش‌و بـۆ پووچـوڵکردنەوەی هەندیّ لەپلانەکانی بەعس.

بۆ پێشەوە

فوئاد مەعسووم

١٨/ ٩/ ١٩٧٤

**٧ـ نامەی دکتۆر فوئاد مەعصوم ـ ل ( ٧٥١ ـ ٧٥٣ )**

**برای بەرێزو خەباتگێڕ کاك مەسعود بارزانی**

**سڵاوێکی گەرم**

شاراوە نییە من ماوەی ساڵ‌و نیوێکە لەقاهیرەدام, بۆ خوێنـدنی دکتــوراو, لەلایــەن مەکتــەبی سیاســییەوە راســپێردراوم ئــەو رێکخستنەی خوێندکارانەی ئێوە بەرێوە ببەم, هەروەها دەسـەڵاتی ئـەوەم پێـدراوە پەیوەنـدیی بەدەسـتەڵاتی میـسرەوە بکـەم. دوای ئـاداری ١٩٧٤ هەنـدی پەوەنـدیم کـرد کـەگرنگترینیان پەیوەنـدیی کـردن بـوو بەعەبدولمونعیم نـەجار, باڵیۆزی میسر لـەعێراق, کـەبۆ

ماوەی حەفتەیەك هات بۆ قاهیرەو، پەیوەندیم كرد بەبەشی كاروباری عەرەبی لەسەرۆكایەتی كۆماری‌و، چاوم بەسەمیر حیجازی كەوت كەبەرپرسە لەم بەشەدا.

وە لەبەر تیشكی ئەم راستیيانەی خوارەوەدا.

١ـ كەمیسر گەڵێ بایەخ بەدۆخی سوریا دەدات، كەشكستی ئەركی كیسنجەر لەوێ‌و هەرەس هێنانی كۆنگرەی جنێڤ بەمانای شكستی سیاسەتی میسرە.

٢ـ كەمیسر بەرەو ئەمریكا هەنگاو دەنێت‌و، دژی شورەوی بوەستێتەوەو عێراق بەپێچەوانەوە هەنگاو دەنێت.

٣ـ كەمیسر دەیەوێت ببێت بەو پێگەیەی ئەمریكا پشتی پێ ببەستێت، بۆ پارێزگاریی لەبەرژەوەندییەكانی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٤ـ كەدوژمنایەتییەكی نەریتی هەیە لەنێوان سەركردایەتی میسرو سەركردایەتی حزبی بەعسدا. بۆیە میسر ئامادەیە هاوكاری بكات، بۆ لابردنی حزبی بەعس لەسەر دەسەڵاتی عێراق‌و نەجارو حیجازی هەردووكیان جەختیان لەسەر ئەوە كردەوە كەمیسر ئامادەیە هاوكاری لەگەڵ بارەگای بارزانیدا بكات. دەبێ ئەم هاوكارییە لەسەر بنەمای دەستەبەركردنی بەرژەوەندی هەردوولا، لەنموونەی ئەو بنەمایانە: رێگەوتن لەسەر توخمە عەرەبییە عێراقییەكان كەدەكرێت هاوكارییان لەگەڵدا بكرێت. تەنانەت ئەگەر ئەركەكەی كیسنجەر سەری گرت‌و سوریا رازی بوو

ئامـادەی کـۆنگرەی جنـێڤ بێـت, ئـەوا میـسر ئامادەیـە هاوکـاری بکاتو رەنگە هەلومەرجەکە گونجاوتر بێت.

ئەمە پوختەی ئاکامەکانی پەیوەندییەکانمە لەقاهیرە, دەیخەمە بەرچاوتان بۆ ئەوەی رای خۆتان لەسەری بدەین, خۆ ئەگەر رازی بوویت, ئەوا دەبێ کەسێکی شیاو بنێرن بۆ میسر بۆ بەدواداچوونی ئەم کارەو رێنمایی بەرێز مستەفا بارزانی بەدەستەوە بێت.

برای بەرێزم:

لەمەکتـەبی سیاسـی داوام کـردووە, ئەگـەر لایـەن دەستنیـشان بکـات کەپەیوەنـدی پێـوە بکـەم بـۆ ئاسـانکاری سـەفەرەکەم لەگـەڵ خێزانەکەمدا بۆ کوردستان, بۆ ئەوەی بێمە ریزی شۆڕشەوە.

**رێزو سڵاوم بۆ ئێوەو هەر سەرکەوتووبن**

**دڵسۆزتـان فوئاد مەعسووم**

**********

**خوێنەری هێژا :**

پرسـیارێك هەیـە کـە لەچـەند کـۆرو کۆبوونەوەیەکـدا ئاراسـتەم کـراوە, سـەبارەت بـەوەی بەراشـکاوی لەنووسـینەکانمدا جیـاوازیی لـەنێوان بنەماڵـەی بـارزانیو پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتاندا قایـل دەبم, وەکو دوولاو دوو بۆچوونی جیاواز لەسەریان دەنووسم.

لەبـەرگی سـێهەمی کتێبەکـەم (کـورد, دوژمنـی خـۆی بناسـە) بەدرێژی باسی ئەم مەسەلەیەم کردووە.

ئایدیۆلۆژیی بنەماڵەی بارزانی پشت بەراو بۆچوونی جەماوەر نابەستێت, بەڵکو پشت بەراو بۆچوونی خۆیان دەبەستێتو, تەنیا کاتێ گوێ لەراو بۆچوونی ئەوان دەگرن کە لەخزمەتی بەرژەوەندیی تایبەتی ئەواندا بێتو, دەبێ هەموان, فرمانەکانیان بەتەواوی جێبەجێ بکەنو, دەڵێن (کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو), بەڵام مەخابن بنەماڵەی بارزانی گوێ بەم وتەیە نادەن. بۆ نموونە, کەپێشتر ئاماژەم بەدامەزراندنی بەڕێز عەزیز شێخ رەزای نوێنەری شۆڕش لەبەیرووت کرد, کەسەرپەرشتی پەیوەندییەکانە لەسەر گۆڕەپانی عەرەبیو دامەزراندنی مام جەلال وەکو راوێژکاری, لەگەڵ نوێنەرایەتیی دکتۆر فوئاد مەعسووم بۆ شۆڕش لەمیسر کەئەوە پێویستی بەتوێژینەوەی زیاتر هەبووە, ئەمەو ئەو حەوت راپۆرتەی بەڕێزان مام جەلالو دکتۆر فوئاد مەعسوم کەبڵاوم کردەوە, باشترین بەڵگەن بۆ دڵسۆزیو خۆنەویستیو شۆڕشگێڕیی ئەو دوو بەڕێزە.

لەگەڵ رێزمدا بۆ بەرێز عەزیز شێخ رەزا, بێ مانابوو کەبکرێت بەبەرپرسی ئەو دوو بەرێزە. سەبارەت بەمام جەلال ئەوە جێگەی شانازییە کەعەرەبێکی عێراقی خەڵکی حللە, کاتێ مام جەلال سەردانی شاری حللەی کرد, هاواری کرد: (مام جەلال وەکو چۆن کوردەکانت رزگارکرد, ئێمەیش رزگار بکە)

بەڵام دکتۆر فوئاد مەعسوم, لەپەنجاکاندا سەرپەرشتی رادیۆی کوردی بوو لەقاهیرە. لەشەستەکاندا, بڕوانامەی بەکالۆریۆسی

لـــەقاهیرە بەدەســـتهێناو, لەســـاڵی ١٩٧٠دا بڕوانامـــەی دکتـــۆرای لەقاهیرە وەرگرت. ئەگەرچی یەکێك بووە لەکادیرە سەرەتاییەکانی پـارتی, بـەڵام مەسـعود بـارزانی, بـەڕێز عـەزیز شـێخ ڕەزای کـرد بەبەرپرسی, تـەنیا لەبـەر ئـەوەی کەبـەڕێز عـەزیز بـەبێ سـێ و دوو فرمانەکانی جێبـەجێ دەکردو ئـەو ڕاپۆرتانـەی بۆ دەنارد کـەرازی دەکرد.

بڵاوکردنـــەوەی نامەکـــەی دکتـــۆر فوئـــاد لـــەکۆتایی کتێبەکـــەی مەسـعود بارزانیـدا, گوزارشـت لـەو ڕق و کینەیـە دەکـات کـەکاتی بەســـەردا ڕەتبـــوو بـــوو و یـــەکێك لـــەهۆی ئـــەو ڕقـــەی بـــارزانی, دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕاگەیانـدنی دکتـۆر فوئـاد بـۆ ڕاوبۆچـوونی خـۆی لەسەر ئەوەی بارزانی شۆڕشی بەرەو هەڵدێر بردو, لەبەر ئـەوەی یـەکێك بـوو لەدامەزرێنـەرانی یـەکێتی نیـشتمانی کوردسـتانی و دواتـــر لـــە٤/ ٧/ ١٩٩٢دا, بـــوو بەســـەرەك وەزیرانـــی هـــەرێمی کوردستان, لە٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦یشدا, کاتی بەدیلی کەوتـە بەردەستی بنەماڵەی بارزانی, بەئاشکرا ووتـی هەرچی بکـەن, هـەر دوای بەربوونم دەگەڕێمەوە ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی.

دکتـۆر فوئـاد مەعـسوم ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـی و بەرپرسـی مەکتەبی یەکێتییە لەئـەوروپاو, بەسـەرۆکی دەسـتەی ئامادەکـاریی بـۆ دانـانی دەسـتوور هەڵبـژێردرا کـە ٢٣ کەسـن بـەکۆی دەنگـی ١٩ کەس. ئێستا سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی عیراقەو بەشێوەیەکی شـــەرعی هەڵبـــژێردرا, مەبەســـتی بـــەڕێز مەســـعود بـــارزانی

لەبڵاوكردنەوەی نامەكەی دكتۆر فوئاد, تەنیا بۆ نانەوەی ئاژاوەیە لەنێوان مام جەلال و فوئاد مەعسوم, واتە بەبەردێك دوو چۆلەكە دەكوژێت.

خوێنەری هێژا: سەبارەت بەخۆم من شتی زۆرم لەسەر بنەماڵەی بارزانی بڵاونەكردۆتەوە, خواڵێخۆشبوان شێخ عوسمان و شێخ ئەحمەد بارزانی دژی ئەو سنوور بەزاندنانەی بارزانی دەوەستانەوە و بۆ خۆم بەراپۆرت ئەوانەم دەنارد بۆ بارەگای بارزانی, لەرێگەی برای شۆڕشگێڕ محەمەد مام وەلی كەسوپاس بۆ خوا هێشتا لەژیاندایە و شایەتحاڵی ئەو وتانەی منە. بەڕێز مەسعود بارزانی بەوەیشەوە نەوەستا, بەڵكو تەسجێلێكی نارد بۆ ئەوەی بەدەنگی خۆیان وتەكانیان تۆمار بكەم و بۆ بارزانی بنێرم.

**********

**بەڵام سەبارەت بە پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل - ل ( ٣٧٩ - ٣٨٢ )**

كاتێ لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١دا شۆڕشی ئەیلول بەرپابوو, ئیسرائیل لەبەهای ستراتیژی خۆی سەبارەت بەوان خافڵ نەبوو و بەدەرفەتێكی باشی زانی و پەیوەندییان بەسەركردایەتی شۆڕشەوە كرد و هاوكارییەكی سنووردار یان خستەروو.

سەرقاڵكردنی سوپای عێراق لەبەرژەوەندیی ئیسرائیلدا بوو بەوەی سەرقاڵی شەڕكردن بێت لەگەڵ كوردەكاندا (..). بڕیاری دروستكردنی پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیلدا بڕیارێكی بەكۆی دەنگی سەرانی شۆڕش بوو و یەكەمین پەیوەندیی ئیسرائیل

بەمەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەحوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣دابوو، لەپەیوەندییەکی نهێنی لەنێوان جەلال تاڵەبانیو شەمعون پێریس لەپاریس بەهۆی کامەران بەدرخانەوە. دوای ئەوە شاندێك بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەدو ئەندامێتی عومەر مستەفا دەبابەو بەرێز عەزیز شەمرینی لەرێگەی ئێرانەوە، کەرێگەی کردەوە بۆ گەیشتنی یارمەتیی سنووردار لەئیسرئیلەوە بۆ شۆڕش لەرێگەی خاکی ئێرانەوە (..).

لەوەیش گرنگتر بڕوای بارزانی بوو بەنۆرێنی ئیسرائیل لەئەمریکا کەدەتیوانی پشتگیریی ئەمریکا بۆ شۆڕشی کورد دابین بکات، دوای ئەوەی بەتەواوی ناکام بوو لەرۆڵی شورەوی لەبەرژەوەندیی شۆڕش، یان ئەوەی بتوانێت خزمەتێك بەشۆرش بکات. بەڵام لەراستیدا ئیسرائیلو شای ئێران، سەبارەت بەشۆڕش یەك جۆرە سیاسەتیان پیادە دەکرد (..).

گەلێ لەئەفسەرە ئیسرائیلییەکان کەدەهاتنە ناوچەکانی شۆڕش، لەسەر ئەزموونی خۆیان تیایدا دەیاننووسی، لەوانە کتێبێکی شلۆمۆن کدێمون کەبەر لەسێ ساڵ بڵاوی کردەوەو تیایدا ئاماژە بەشەڕی هەندرێنو ئەوانی دیکە دەکات کەکورد بەشداریی تێدا کردو سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێناو بەجۆرێ قسەیان لەسەر کردووە، هەروەکو بڵێی بەنەخشەو سەرپەرشتی ئەفسەرە ئیسرائیلییەکان بووە (...) پێم وایە ئیسرائیل پێشتر ئاگاداری رێکەوتننامەی جەزائیر بووو ئەگەر مەبەستی بوایە

دەیتوانی گوشار بخاتە سەر شای ئێران بۆ ئەوەی خیانەت لەگەڵ کورد نەکات, لەرێگەی بەکارهێنانی نۆرێنی خۆی بەلای سیاسەتمەدارانی ئەمریکاوە, بەڵام لەو بوارەدا هیچی نەکردو وەکو تەماشاکەر سەیری ئەو گۆڕانکارییەی کرد لەسیاسەتی ئەمریکادا, لەکاتێکدا دەیتوانی, هەر نەبێ پێشوەخت ئاگاداری ئێمەی بکردایە, لەمەترسی ئەو رێکەوتنە. بۆیە من پێم وایە بەرپرسێتی ئیسرائیل لەو کارەساتەی لەساڵی ۱۹۷۵دا بەسەر گەلەکەماندا هات, لەبەرپرسێتی لایەنەکانی دیکە کەمتر نەبوو. لەراستیدا ئیسرائیل ئامادە نەبوو, قوربانی بەبچووکترین بەرژەوەندیی خۆی بدات, لەپێناوی ئەوەی دەستی یارمەتیی دۆستانە بۆ کورد رابکێشێت.

**********

**لێرەدا دەڵێم:**

خوێنەری هێژا: بەدرێژایی مێژوو, گەلی کورد پەناو پشتگیرو دۆستی برا عەرەبەکانیان بوون و, گۆڕستانەکانی ولاتانی عەرەب شایەتحاڵی ئامادەبوونی کوردن, کە لەریزی برا عەرەبەکانیان لەبەرامبەر هێزە ستەمکارو ئێستعمارەکاندا شەهید بوون. لەشەڕی فەلەستین و ئیسرائیلدا فیرقەی دووەم بەفەرماندەیی بەرێز عومەر عەلی بەرەچەڵەك تورکمان, پێشەنگی سوپای عێراق بوو لەشەڕی دژ بەئیسرائیل, رێژەی ۸۵٪ ی سەربازو ئەفسەرەکانی کورد بوون, بەرێز عەبدوڵڵا تۆفیق ئامیر موخابەراتی فیرقە بوو مێژوو

شایەتحاڵی ئازایەتیی ئەم فیرقەیە بوو لەشەڕو کوشتارو ژمارەی قوربانییەکانی کە لەپێناوی رزگارکردنی فەلەستیندا پێشکەشی کردو بەبەردەوامی گەلی کوردستان خۆشەویستی خۆی بۆ برا عەرەبەکانی دەربڕیوە. مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەکتێبەکەیدا باس لەهەستی (لەسەر بەردی یەکتێی کوردو عەرەبدا, ئێستعمار وردو خاش دەبێت) دەکات, بەڵام ئەوانە یەك لایەنە بوون, چونکە لەسەردەمی کۆدەتای عەبدولسلام عارف لەساڵی ١٩٦٣وە تا دوا ویستگەی ستەمو زوڵم کە لەسەدام حوسێندا خۆی بینییەوە, هەر هەموویان لەسەر ئەوە تەبابوون کەگەلی کوردستان لەناوببەن. لەچوار بەرگی کتێبەکەمدا, بەدرێژی باسی ئەو لایەنەم کردووە. ئەوەی ئەمرۆ لەعێراقدا رووی دا, لەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییە, هیوای گەلی کوردستان بوو, بۆیە پێویستە لەسەر گەلانی عەرەب پیرۆزبایی لەگەلی کورد بکەن بۆ ئەوەی ئازادیی خۆی بەدەست بهێنێتو داوای لێبوردنیشی لێبکەن, سەبارەت بەو ستەمەی بەرامبەری کراوە, لەلایەن سەرانی عەرەب لەعێراق لەشیعەو سوننەو, بەتایبەتی لەلایەن عەبدو لسەلام عارفو ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدام حوسێنەوە. هەر لەو کاتەوە کورد داوای فیدراڵی کردووە, بۆ ئەوەی ئاشتی لەنێوان کوردو عەرەبدا بەرقەراربێت, دەبینین گەلانی عەرەب بەنهێنیو بەئەشکرا دژی داوای کورد بۆ سەربەخۆیی رەت دەکەنەوەو نیگەرانی ئەوەن کەکوردستان دەبێت ئەئیسرائیلی دووەم, تەنانەت عەرەبەکان لەعێراقدا بەشیعەوە

سوننەوە, لەخۆپیشاندانەکانیاندا هاوار دەکەن: (لا الە الا اللە.. الاکراد عدو اللە), تەنیا کەسێك لەناو سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەبیدا, موعەمەر قەزافییە, کە بەبەردەوامی داوای ڕەوابوونی دۆزی گەلی کوردی کردووە, تەنانەت حزبە ئیسلامیەکان خوێنی کوردیان حەڵاڵ کردو لەناوبردنیان بەرەوا زانی, ئەویش بەناردنی کەسێکی یەمەنی بۆ ئەوەی کارێکی تیرۆریستانە ئەنجام بداتو گەلی کوردستان لەناوببات. کەئەمەیش وای کرد, گۆرانکاریی بەپلەی ١٨٠ بەسەر ئایدیۆلۆژی کوردا بێتو هانی دام هەڵوێستێکی دوژمنکارانەم هەبێت, ئەگەرچی نەمتوانی بەو هەموو هەوڵانەمەوە ڕێکی بخەم بەپێی حەقو یڕدانو هەستی نیشتمانی کەئیسلام بەپێویستی دەزانێت بۆ بەرگریی لەخاكو لەشەرەف.

دوای ئەو ڕووداوە ترسناکە کە لەشاری هەولێر (١/ی شوباتی ٢٠٠٤/)دا ڕووی دا, دەیان کەس لەئاکامی ئەو کردە تیرۆریستانەوە لەلایەن عەرەبیکی یەمەنییەوە شەهیدبوون, کاریگەریی زۆری لێکردمو هانی دام پەیوەندیی بەباڵیۆزی ئیسرائیلەوە بکەم, لەرێگەی دۆستێکەوە لەبەریتانیا بەگەیاندنی دەنگی گەلی کوردستان بەئیسرائیلییەکانو هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی بۆچوونیان. نەرتێیکی ئیسلامی تەوقە لەگەڵ یەکتریدا دەکەنو بۆ گەردن ئازاییو پاککردنەوەی دڵو دەروون لەنێوان دۆستانو دراوسێو خۆشەویستاندا, کەخەڵکی دوای نوێژی جەژن لەمزگەوتەکان یان لەسەر شەقامەکانو ماڵەکاندا

کۆدەبنەوە, بۆ گەردن ئازایی و, لەکاتی رزگارکردنی کوردستانەوە خەڵکەکە لەمەڵبەندە سەرەکییەکانی حزبە کوردستانییەکاندا کۆدەبوونەوە, بۆ ئەوەی چاویان بەسەرکردە کوردستانییەکان بکەوێت, بەڵام لەکاتی ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییە گەورەیەداو لەکاتی تەوقەکردندا, کەیەکێکە لەنەریتەکانی پێغەمبەر دروودی خودای لەسەر بێت, عەرەبێکی خەڵکی یەمەن, لەژێر کاریگەریی فەتوای پیاوێکی فێڵاویدا, هەستا بەئەنجامدانی کارێکی تیرۆریستییانە بەتەقاندنەوەی خۆی و لەیەکێك لەمەڵبەندەکانی شۆڕشی کوردستانداو, بووە هۆی شەهیدبوونی دەیان کەس. ئەو کەسە کەسەر بەتاقمی ئەنساری ئیسلام بوو, ئەوەی فەرامۆش کردبوو, کەگەلی کوردستان ئەمڕۆ ئەوان یارانی ئیسلامن و خوازیاری یەکبوون و خوداپەرستی, نازانم قارەمانێتی ئوسامە بن لادن کەسەرچاوەی دارایی تیرۆرە لەجیهاندا, لەکوێدایە, کاتێ کەسەدام حوسێن تاوانی دژی بێ تاوانان و چەوساوەکان ئەنجام دەدا, بەشێوەیەکی راستەوخۆ, سەرجەم گەلانی عەرەب هەوڵی ئەوەیان دەدا بزووتنەوەی شۆڕشی کورد پەکبخەن و بیانخەنە پەراوێزەوە, لەکاتێکدا لەهەموو روویەکەوە, ئەوە دەسەلمێنێت کەگەلی کوردستان پاکترین گەلانی ئیسلامین, وەکو خۆرسکێکی مرۆڤایەتی بڕوام بەوە هەیەکە (العین بالعین والسن بالسن والبادی اظلم).

مەبەستم ئەوەیە کەزۆربەی  سەرکردەو پێشەوایانی کورد بەلای پێکهێنانی پەیمانێکی توندوتۆڵدا دەچن لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی ئایندەی کوردستان.

لـەمانگی نیـسانی سـاڵی ٢٠٠٤دا، سـەفەرم کـرد بـۆ بەغـدای پایـەختی عێـراق، لـەوێ چـاوم بەبەرپرسـانی کـەناڵی ئاسمـانی قەتــەرو عەرەبییــەو (MBC . LBC.) کــەوت و کاتــێ چــاوم بەپەیامنێرانی ئەو کەناڵانە کەوت، لەگەڵ هەر یەکێکیاندا بۆ چەند ســەعاتێك باســوخواسمان کــرد، ســەبارەت بــەو بابەتانــەی پەیوەندییان بەکێشەی کوردەوە هەیەو سەبارەت بەرژێمی عێـراق و وڵاتانی عەرەب و ئێسرائیل. بەڵام هـیچ یـەکێك لـەو کەناڵانـە ئامادە نـەبوون راوبۆچوونم بڵاوبکەنـەوە، ئەگەرچـی MBC جـوانتر هاتـە پێشەوە، بەڵام هەڵوێستێکی نەبوو.. تەنانەت راگەیاندنی کوردیش ئەو بابەتەی منیان بڵاونەکردەوە، چونکە گەلێ هەستیار بوو.

بــەر لەســەفەرەکەم بــۆ بەغــدا، پەیوەنــدیم کــرد بەدۆســتێکی خۆشەویست لەلەندەن و، داوام لێکرد پەیوەندیی بکات بەباڵیۆزی ئیسرائیل لەلەندەن و پەیوەندیی بەبەرپرسێکەوە بکات لـەوێ و من بگەیەنێت بەدەوڵەتی ئیسرائیل، لەبەر ئەم هۆیانە.

لەساڵی ١٩٧٠دا، کەسێك پەیوەنـدیی بەمنـەوە کـرد، بۆ ئـەوەی ئاگـادارم بکاتـەوە کەسـێ سیاسـی ئیـسرائیلی لەبەغدان و ئامـادەن هـەر یەکـەیان ٥٠٠ دینـارم بـدەنێ لەگـەڵ دیارییەکـداو بەمـەرجێ بەســـەلامەتی بیانگەیەنمـــە ســـنووری ئێـــران و، دەســـتی

بەعسییەکانیان پێ نەگات, بەحوکمی ئەو نۆرێن و دەسەڵاتەی لەناو سەرکردایەتی حکومەتی عێراقدا هەمبووە.

دوای ئەوەی بەوردی بیرم لێکردەوە, دوو هەست دایانگرتم: تەماعی دونیاو یارمەتیدانی ئەو ئیسرائیلییانە, کەبریتی بوون لە: ئاینی ئیسلام, لەگەڵ هەستی نەتەوایەتی کەسەپاندی بەسەرمدا, رێز لەهەستی دەوڵەتی عەرەبی بگرم کەعێراق بەرێوە دەبات, کە بەهۆیەوە کورد ئۆتۆنومی بەدەستهێنا.. بۆیە بەباشم زانی ئاگاداری نازم گزاز بکەم کەبەرێوەبەری گشتیی ئەمن بوو لەعێراقدا, ئەویش موقەدەم زوهێری سەر بەئەمنی گشتی نارد بۆ گرتنی ئەو کەسەی لەبەیندابوو و دەستگیری کردو ماوەی دوو ساڵ لەزیندان مایەوە.

پەشیمان نەبووم لەو کارەم, بەهۆی ئەوەی بەسەر کورددا هات, دوای گرتنی عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە, پەردە لەسەر هەموو تاوانەکانی دیکتاتۆر سەدام حوسێن هەڵماڵرا, بەدرێژایی مێژووی ٣٥ ساڵ دەسەڵاتی, بەرامبەر بەگەلی عێراق و بەتایبەتی کوردەکان بەهۆی تەعریب و بەبەعس کردن و کردەی ئەنفال و پاکتاوی رەگەزی و زیندەبەچاڵ کردنی دەیان کورد کەگۆڤارو رۆژنامەکان لەسەربانی نووسی و, رادیۆکانی جیهان باسیان کرد.

دەبوا سەرانی وڵاتانی عەرەب و حزبە ئیسلامیەکان, یان لانی کەم سیاسەتمەدارو بەناوبانگانی دژی ئەو کارە نامرۆڤانانە بوەستنەوە کەدەوڵەتێکی عەرەبی بەرامبەر بەگەلی کوردستانی

دەکـات کەرۆڵـەکانی سـەلاحەدین, دووەمـین رزگارکـەری قـودس, دووەم قیبلەی موسڵمانانن, دوای عومەری کوڕی خەتاب, یان هـەر نەبوایە, ناڕەزامەندییان لەکارەکانی سەدام دەربڕیایە.

بـــەڵام پێـــچەوانەکەی دەرچـــوو.. ئـــەوەبوو زۆربـــەی وڵاتـــە عەرەبییـەکان لەگـەڵ حزبـە ئیـسلامییەکاندا لەرێگـەی کەناڵـەکانی راگەیانـــدن و گوشـــارە دەرەکییەکانـــەوە, دژی بزووتنـــەوەی رزگـاریخوازی کوردبـوون و دژی ئیـدارەی کوردسـتانی رزگـارکراو پڕوپاگەنـدەیان دەکـرد, بـەوەی کەدەسـتپێکی کیـانێکی زایـۆنی کوردە لەناوچەکەدا, و ئەوەیان فـەرامۆش کـرد کەئێمـە موسڵمانین, تەنانەت کـار بەلای هەنـدێ لەعەرەبە شیعەکانی سـەر بە (موقتـەدا سەدر) گەیشتە ئـەوەی خۆپیشاندان دژی گـەلی کوردسـتان بکـەن و دروشمـی (لا الـه الاّ اللـه.. الاکـراد عـدو اللـه) بەرزبکەنـەوە.. خـودا لێیـــان خـــۆش نـــەبێت بـــەهۆی بەدبـــەختییان و شـــۆڤینیەتی کوێرانەیانەوە..

ئەوەی لەناوماندا برەوی هەبوو, ئەوەبوو کەرەنگە بتوانم قەناعەت بەدەوڵەتی ئیسرائیل بکەم بۆ یارمەتیدانمان بۆ دامەزراندنی کیانێکی کوردی و رزگاربون لەشۆڤینیەتی عەرەبی و ئێرانی و تورکی, ئەگەرچی هاورێکەم نەیتوانی پەیوەندیی بەئیسرائیلییەکانەوە بکات, لەرێگەی راگەیاندنی جیهانی لەبەغداوە, هەوڵم دا بەڵام لەوەیشدا سەرنەکەوتم. بەلام بڕوام بەوە هەیە کەگەلی کوردستان لەوە گەیشتوون کەپێویستە لەسەرمان

هاوكاری هەر كەسێك بكەین, بەمەرجێك رزگارمان بكاتو, من لێرەدا دووبارە سڵاو دەنێرم بۆ گیانی خوالێخۆشبوو كامەران بەدرخان, كەیەكەم كەس بوو ئەم داوایەی بەرزكردەوە سەبارەت پەیوەندیی كردن بەهەر كەسێكەوە كەرزگارمان بكات..

بۆیە پێویستە لەسەر گەلی كوردستان, هەوڵی جیدی بدەن لەپێناوی برەودان بەكێشەی كوردو لەپێشەوەی هەموو شتێكدا دایبنێن وەكو مافێكی رەوا, بەبێ گوێدان بەتووڕەبوونو سەرزەنشتی دەوڵەتە عەرەبییەكانو حزبە ئیسلامییەكان, كە تا ئەمڕۆ هەڵوێستێكی دۆستانەیان بەرامبەرمان دەرنەبڕیوە.

لێرەدا دەمەوێت دەنگم بەهەموو شوێنێك بگەیەنمو بەهەر كوردێك كەهەستی نیشتمانپەروەری هەیە, لەهەر شوێنێك لەم جیهانەدا, بۆ ئەوەی دەنگمان یەكبخەین سەبارەت بەخواستێك كە لەناخماندا پەیدابووەو لەمێشكماندا بەرجەستەبووە, هەر لەگەڵ یەكەم دڵۆپەی شیری دایكمانەوە كەئەویش بیرۆكەی دەوڵەتی كوردستانە.. بۆچی بیر لەوە ناكەینەوە, رێگەیەك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی دەست لەكاروبارمان وەرنەدەنو بەنهێنی لەلایەن وڵاتانی ئیقلیمییەوە, جگە لەوەی كەبازرگانی بەبەرژەوەندیی كوردستانەوە دەكرێت لەسەر مێزی سیاسەت, بەبێ ئاگاداریی گەلی كوردستان. بۆچی لەگەڵ ئیسرائیلدا یەك ناگرین, بۆ ئەوەی دەستی یارمەتیمان بۆ رابكێشێت بۆ دامەزراندنی كیانێكی كوردی. تەنانەت پێم وایە دەست بخەینە ناو دەستی شەیتانەوە

بـۆ ڕێگـە گـرتن لەگەمـەکردن بەچارەنووسـی کـوردو پێکهێنـانی دەوڵەتی کوردی, کەخەونی نزیکەی ٤٥ ملیۆن کوردە لەجیهاندا!!

## بەشی بیست و دووەم

### شۆڕشی ئەیلول ـ لا پەڕە ( ٣٨٣ ـ ٣٨٤ )

### شۆڕش و دەرەبەگ

پەیوەنـدیی خێڵەکایـەتی بـاڵی کێـشابوو بەسـەر کۆمەڵگـەی کوردستاندا. کاتێ شۆڕشی ئەیلول بەرپابوو نەریتی باو تیایدا ئـەوەبوو دەسـەڵاتی سـەرەك خـێڵ ڕەهـابوو بەسـەر تاکـەکانی خێڵەکەیدا, بەرامبەر ملکەچی کوێرانەی ئەوان, کەس بۆی نییە بیخاتە ژێر پرسیارەوە, سەبارەت بەو بڕیارانەی بەسەر ڕۆڵەکانی خێڵەکەیدا دەیدات, دەبێ پەیڕەوی بکرێت, ئیتر گرنگ نییە بڕیارەکانی ڕاست بن یان هەڵەبن.

ئەو گۆڕانەی شۆڕش لەو پەیوەندییەدا هێنایە ئاراوە بەئاسانی نەهاتە ئاراوە. ئەوە بوو خوێنی زۆری داو هەوڵی بێوچانی دا. یەکەمین ئەرکی شۆڕش ئەوەبوو پەیوەندیی خێڵەکایەتی بگۆڕێت بەپەیوەندیی هاوڵاتی و پابەندبوون بەشۆڕش و بەنیشتمانپەروەر شـوێنی پابەنـدبوون بـەخێڵ و بەدەرەبەگـەوە بگرێتـەوە (..) و سـەقامگیربوونی بـیری نیـشتمانپەروەری لەناخەکانـدا مـژدەی ئەندامانی حزب بووو بەکۆنترۆڵکردنی ناوچەی بەرین لەکوردستان لەلایەن شۆڕشەوە زەمینەی ڕەخساند بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ

دەرەبەگایەتیداو کەمکردنەوەی نۆرێنیان و ئەنجامدانی ریفۆرمی کۆمەلایەتیی بنەڕەتی و، لەهەموویش گرنگتر پیادەکردنی دادو رێگەگرتن لەدەستدرێژیکردنە سەر مافی تاك و چەوساندنەوەی لەلایەن بەگ و شێخ و باپەندبوون بەو سەرۆکانەوە بەپلەی یەکەم پشتی بەپلەی ملکەچییان بۆ یاساکانی شۆڕش دەبەست و کارکردن بەپێی ئەو یاسایانە، لەپەیوەندییان لەگەڵ هەوادارانیانداو لەپلەی دڵسۆزییان و ئاستی نیشتمانپەروەرییان و هاوکارییان لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا.

بەلام ئەوانەی نکۆڵییان لەشۆڕش دەکردو بڕوایان بەپرەنسیپەکانی نەبوو، یان ئەوەی دژایەتی دەکرد، پێگەیان بەناو هەوادارانیاندا دابەزی، بەتایبەتی ئەوانەی چوونە پاڵ دوژمنانی شۆڕشەوەو زەوییەکانیان زەوت کراو دابەشکرا بەسەر جووتیارەکان و بێ دەرەتانەکانیاندا، کەموڵکێکی رەواو حەلال نەبوو بۆیان.

**شۆڕش و تیرۆر- لا پەڕە (٣٨٤)**

دۆستان و دوژمنان لەسەر ئەوە تەبان، کەشۆڕشی کورد شۆڕشێکی پاك بوو و رۆژێ لەرۆژان نەهاتە ئاستی برەودان بەتیرۆرو ئەو کارانەی پێچەوانەی رەوشت و گیانی یاسان (..) سەرەڕای ئەو نەهامەتییەی گەلەکەمان بەدەستیەوە نالاندی، ئەوەی کوردستان گۆڕەپانی شەڕی بەردەوام بوو و ئاسمانی بەشەوو بەرۆژ فڕۆکە تیایدا تەراتێنی دەکرد، لەپاڵ پێشلکاری و

جینۆسـاید کـە لەلایـەن سـوپاو جاشـەوە ئـەنجام دەدرا, ئێمـە هەڵوێستی خۆمان ناگۆڕین لەتیرۆرو بەرامبەر بەو کارە ناڕەوایانە دژە کردارمـان نـەبوو, وەکـو ئـەوەی لەسلێمانی لەسـاڵی ١٩٦٣دا رووی دا, کاتـێ زەعـیم سـدیق مـستەفا ئـامیر لیـوای ٢٠ هەسـتا بەزیندەبەچـاڵ کردنـی ٨٦ کـەس, هـەروەها ئـامیر فـەوج تـەها شەکرچی ٢٩ گەنجی کوردی بەستوونی کارەبادا هەڵواسیو غانم میـسباح ئـەمین ئـامیر لـوای ٢٠ لەسەروچـاوەی نزیکـی بێتواتـە هەسـتا بەپانکردنـەوەی جەسـتەی ٧٢ هـاووڵاتی لـەژێر زنجـیری تانکـــدا. لەســـاڵی ١٩٦٩ لەگونـــدی دوکـــان ٦٧ ژنو منـــداڵ سووتێنران, لەگوندی سوریای مەسیحییەکان ٩٣ لەکچو منداڵو ژنو پیـاو کـوژران, جگـە لـە٤٠ بریـنـدار بەفـەرمانی مـولازم عەبدولکــەریم محەمـــەد جحێـــشی, دوای ئـــەوە دەســـت کـــرا بـەکاولکاریو راگواسـتنی زۆرەملێـی هـەزاران هـاووڵاتی کـوردو چـۆڵکردنی شـوێنەکانیانو ئامـادەکردنی بـۆ نیـشتەجێکردنی عەرەبو دەرکردنی کوردە فەیلییەکان لەساڵی ١٩٧١ دا بەبیانووی ئەوەی رەگەزنامـەیان نـەبوو, کـەزیاتر لـە٢٠ هـەزار کەسیان بەرەو ئێـران دەرکـرانو سـامانیان زەوت کـراو گەنجـەکانیان رەوانـەی بەندیخانەکان کران, هەموو ئەمانە هۆی دژایـەتیی نێوان شۆڕشو رژێم بوون.

دواتر رووداوی گەورەی پاکتـاوی رەگـەزی ئەنجام درا کەتیایـدا ٨ هـەزار بـارزانی لـە٣١ی تـەمموزی ١٩٨٣دا لـەناودرانو دواتـر

هەڵەبجە بەگازی ژاراوی بۆمباران کراو لەئاکامیداو لەماوەی چەند خولەکدا ٥ هەزار کەس لەدانیشتوانەکەی کوژران. هەروەها بەکارهێنانی گازی ژاراوی لەناوچەکانی دیکەو چەندین قوربانی و بێ سەروشوێن کردنی ١٧ هەزار گەنجی فەیلی. دیارە بەوەشەوە نەوەستان، رژێم ئەم تاوانانەی بەتاوانی گەورەتر چڕوپڕتر کرد بەکردەی ئەنفال ناوی دەرکرد کەتیایدا زیاتر لە١٠٠ هەزار مرۆڤ راپێچی شوێنی نادیار کران و تا ئەم کاتەیش بێ سەروشوێنن.

**شۆڕش و خزمەتگوزاریی مەدەنی - لاپەڕە ( ٣٨٦ )**

لەبواری دادوەریدا، نەبوونی ژمارەی تەواو لەیاساناسان کاری شۆڕشی پەك نەخست، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەکارمەندی داد دمەزران کەپێشتر لەفەرمانگەکانی داددا لەکوردستان کاریان کردبوو و سوود لەئەزموونیان وەرگیراو، کوردستان کرا بەچەند ناوچەیەکی دادوەرییەوە. لەهەر ناوچەیەکدا، دادگایەکی مەدەنی و دادگایەکی شەرع کرایەوە کە لەلایەن ئەو دادوەرانەوە بەڕێوە دەچوون کەشۆڕش دایانیدەمەزراند و لەلایەن دادگای ئیستیئنافەوە بەکارەکانیاندا دەچوونەوەو بڕگەکانیان لەلایەن دادگای باڵاوە لەکوردستان ووردبینی دەکرا، کەبارەگاکەی لەناوپردان بوو، کەهەموو ئەو کێشەو کارە دادوەرییانەی رەوانە دەکرا کەپێویستییان بەپیاچوونەوەو بڕیاردانی کۆتایی هەبوو، سەرەڕای کێشە مەدەنییەکان. ئەم دادگایانە سەربەخۆییان هەبوو و شۆڕش رێگەی نەدەدا دەسەڵاتە سەربازی و ئیدارییەکان دەست

لەکاروباری دادگادا وەربدەن‌و, دادگاکان بەپێی یاساکانی عێراق کاریان دەکرد, وێڕای ئەو یاسایانەی شۆڕش دایرشتبوو.

**شۆڕش‌و ریفۆڕمی کۆمەڵایەتی ـ لاپەڕە (٣٨٧)**

کۆمەڵگەی کوردی چەندین دەردی کۆمەلایەتی تیادابوو, کاتێ شۆڕشی ئەیلول بەرپابوو هەوڵی دا زۆرەبان چارەسەر بکات‌و بنبڕیان بکات.

زۆربەی ئەو هەولانەی لەنێوان سالانی ١٩٦١و ١٩٦٤ دا ئەنجام دران, بۆ بەرگریی بوو لەشۆڕشی کوردستان, دواترو دوای ئەوەی ناوچەی زۆری رزگارکراو کەوتە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشەوە, بەپێویست زانرا بایەخ بەکۆمەڵگەو دانیشتوانی بدرێت, ئەوەبوو چەندین بڕیاری گرنگ لەو بارەوە دەرچوو:

١ـ نابێ کچان بەبێ خواستی خۆیان بەشوو بدرێن‌و نابێ گەورەو بچووکیان پێ بکرێت (..) (باوك, مام بان برا لەکاتی ئامادەنەبوونی باوکدا) مافی ئەوەیان بەخۆیان دەدا کچان بفرۆشن یان باوك‌و مام یان برا بیاندەن بەشوو, بۆخۆیان یان پیرەمێردەکان کچی یەکدی مارە ببڕن لەخۆیان (..) یان دوو پیاو کچیان بەکوڕی یەکدی دەدەن (..)

٢ـ فرۆشتنی ژنان: باوك نرخێك بۆ کچەکەی دادەنێت‌و رەنگە گەنجەکە نەتوانێت ئەو بڕە پارەیە دابین بکات کەباوك بۆ کچەکەی دیاری کردووە, کەرووداو رفاندن روودەدات‌و دژمنایەتی لێدەکەوێتەوە (..).

٣ـ کاتێ کچ و کورێك پێکەوە رێکەدەکەون، رەزامەندیی باوکی کوڕە یان کچە وەردەگیرێت، بەشێوەیەکی رەسمی بەئامادەبوونی پیاوماقوڵانی گوندەکە.

**********

**بەڵام من دەڵێم:**

کاتێ مرۆڤ تەماشای رووداوەکانی عێراق دەکات، هەر لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، سەردەمی رووخاندنی رژێمی سەدامی دیکتاتۆر، واتە لەکاتێ لکاندنی کوردستانی باشوور بەدەسەڵاتی پاشایەتییەوە تا رووخاندنی بەعسییەکان، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کەمامەڵەکردن لەگەڵ گەلی کورددا، لەهەموو رژێمەکاندا وەکو یەك وابووە، هەروەکو بڵێی دەوڵەتی نوێی عێراق، ئەگەرچی بۆچوونیان جیاواز بووە، بەڵام لەسەر دەستوور نەگۆڕ بووە، کەئەویش چەوساندنی کوردە هەر لەئەشکەنجەدان و بەعەرەبکردن و راگواستن و کوشتن و گرتن و مەبەست لەم کارانە پاکتاوکردن و نەهێشتنی ناسنامەی کوردە، هەمان حاڵەت لەگەڵ فارس و تورکدا رووی دا، هەروەکو بڵێی هەموو لەسەر ئەوە رێککەوتن کەرێکنەکەون و لەسەر ئەوە رێکەوتوون کورد بچەوسێننەوە و کوردستان بسووتێنن.

ئەمە وای لەگەلی کورد کرد هەر لەجووتیارو ئاغاو توێژەکانی گەل کەیەکبگرن دژی جینۆساید، لەگەڵ هەوڵدانی حکومەتە بەرودواکان وولاتانی ئیقلیمی بۆ نانەوەی ئاژاوە، بەڵام تەمەنیان

کـورت بـوو, تـا سـاڵی ۱۹۹۳ هـیچ جـۆره کێـشەیەکی گـەوره لەکوردسـتاندا, لـەنێوان چـینەکانی کۆمەڵگـەو خێلـەکانو حزبـه سیاسیەکانو بەتایبەتی لەنێوان جووتیارو ئاغادا رووی نەدا.

ئەگەرچـی هـەموو هاووڵاتیـان ئاگـاداری بـاری سیاسـەتی داگیرکردنـی کوردسـتان بـوون, بـەڵام خێزانـه کوردەکـان بەهـەموو چینەکانەوه, شـان بەشـانی یەکدی بەشـداریی شـاییو ماتـەمینی یەکدییان دەکـردو دەرگـای ئاغاکـان لـەو بۆنانـەدا کـراوه بـووه بـۆ هـەمووانو میوانـداریی کردنیـان لەبـەر ئـەوەی توانیویانـه بەباشـی میوانـدارییان بکـەنو پێشوازییان لێبکـەنو گـەلێ جـار مزگـەوت بـۆ ئـەو بۆنانـه بـەکار دەبـرا, بەهـەر حـاڵ خێزانـی کـورد لەسـەختترین چرکه ساتەکانی ژیاندا, وەکو خێزانێك وابوونو بەفەرمانڕەوا ئـەو کەسه دادەنرا که بەتەمەنتر بوو یان یەکێك لەسەرانی خێڵەکان یان پیـاوێکی ئـاینی دادەنـرا, کـەمتر سـکاڵاکان دەگەیـشته دەسـەڵات کـەزۆرجار ئاکـامی دادگـایی کـردن بـەزیانی هـەردوو لای سـکاڵاکەر تـەواو دەبـوو, یـەکێکیان بـەوەی سـزای بەردەکـەوت لەلایـەن رژێمەوەو ئـەوی دیکەبەوەی لـەناو خـەڵکیدا رەزامەنـدیی لەدەسـت دەدا.

ئـەم بارودۆخـه لەزۆربـەی ناوچـەکانی کوردسـتاندا پیـادەکراو لەبەرژەوەنـدیی حزبـه کوردسـتانییه شۆڕشـگێڕەکانو هەنـدێ لەنیـشتمانییه سـەربەخۆکان و پەنابـەره کوردەکـانی چـوار هەرێمەکـەی دیکـەبوو و دیوەخـانی سـەرەك خـێڵو بـەگو تەکیـەو

خانەقاکان بوون بەشوێنی حەوانەوەی هەر کوردێکی جوامێرو مەڵبەندی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی. لێرەدا دەمەوێت ناوی هەندێ لەو بەڕێزانە بهێنم ,وەکو: بنەماڵەی سەید ئەحمەدی خانەقا, شێخ لەتیفی شێخ مەحمود, کاکەزیاد ئاغای کۆیی, داود بەگی جاف, حامید بەگی جاف, حمەڕەشید خانی بانە, مەحمود ئاغا میراودەلی ناوچەی هێرۆ, عەباسی مامەند ئاغای ناوچەی ئاکۆ, وەسمان بەگی شەرەف بەیانی, شێخ عەبدولکەریمی کڕبچنە, شێخ رەشید لۆلانی, خدری ئەحمەد پاشای دزەیی, سەید ئەحمەد ئاغا دزەیی, ساڵح میرانو ..هتد.

هەندێ لەسیاسەتمەدارو کەسایەتیی ناوداری کورد پۆستی وەزاریو بەرپرسێتی گەورەیان لەحکومەت لەسەردەمی پاشایەتیو دواتر لەحکومەتی عەبدولکەریم قاسمدا وەرگرتووەو رۆڵی گەورەیان بینیوە لەیارمەتیدانی گەلی کوردستانداو هەڵوێستی جوامێرانەیان نواندووە, لەوانە: تۆفیق وەهبی بەگ, ماجد مستەفا, ئەحمەد موختار جاف, جەمال بابان, سەعید قەزاز, مەحمود بابان, باباعەلی شێخ مەحمود, مەسعود محەمەد جەلی زادە, فەتاح سەعید شاڵی, عەونی یوسف, فوئاد عارفو ..هتد.

لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨دا بەسەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم, خۆشی عێراقی گرتەوەو هەموو ماڵێکی کورد خۆشحاڵ بوون, بەتایبەتی کاتێ بڵاوکرایەوە کە: (عەرەبو کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا), بەڵام

کاتێ یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی دەرچوو, زۆنێکی گەورەی لەنێوان ئاغاو جووتیاردا دروست کردو تا دەهات گەورەتر دەبووو مەخابن ئەو خۆشییە هێندە درێژەی نەکێشاو, شەڕو ململانێ لەنێوان حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا گەورە بوو, بووە هۆی ئازارێکی گەورە بۆ گەلی کوردستان و کێشەکان تا دەهات گەورەتر دەبوون, تا ئەوەی بۆ هەموو شارو گوندەکانی کوردستان تەشەنەی کردو دوژمنایەتیی لەنێوان ئاغاو جووتیاردا گەورەبوو, دوای رەتبوونی ٣٣ ساڵ کێشەکە لەنێوان حزبی شیوعی و پارتیداو هەروەها لەنێوان جووتیاران و ئاغاو شێخەکاندا گەورەبوو. سوودمەند لەو ململانێیەی نێوان شیوعییەکان و پارتی, ئاغاو شێخ و خاوەن زەوی و زارەکان بوون, کەزۆربەیان هاتنە ناو پارتییەوە بۆ ئەوەی لەژێر چاودێری و پارێزگاریی بارزانیدا بن و, هەندێکیان وڵاتیان بەجێ هێشت و روویان لەدەرەوە کردو هەندێکیان چوونە ناو حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمەوە.

بەڵام شۆڕشی یانزەی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ کەداوای لایەنی حەق و گێڕانەوەی مافی رەوای گەلی کوردستانیان دەکرد, ئەو شۆڕشە یەکریزی کورد دەستەبەر دەکات هەر لەئاغاوە تا جووتیارو روناکبیرو سیاسەتمەدار, ئەوەبوو هەموو چینەکانی کۆمەڵگەی کورد یەکیان گرت بۆ سەرخستنی شۆڕشی کوردستان.

بەڵام سەبارەت بەهەڵوێستی حزبی شیوعی لەشۆڕشی کوردستان, هەڵوێستێکی دوژمنکارانە بوو لەسەرەتادا, بەڵام دوای

کودەتای بەعسییەکانو دەرکردنی بەیانی ژمارە (١٣) کەپاکتاوکردنی شیوعیەکانی بەرەوا دانا, ئەوسا حزبی شیوعی ڕێبازی خۆی گۆڕیو ١٨٠ پلە گۆڕانی بەسەردا هات, بۆ ئەوەی بچنە ریزی شۆڕشی کوردەوە, دوای ئەوەی زۆربەی خاکی کوردستان لەدوژمنە داگیرکەرەکان پاك کرایەوە.

لەم کتێبەی لەبەر دەستدایە, تیایدا سەبارەت بەو بابەتەم نووسیوەو هیوادارم کەمەبەستی پێکابێت..

بارزانی لەژێر دروشمی بەرژەوەندیی گشتیی کوردو کوردستانو لەپێناوی پارێزگاریی لەناوچە ئازادکراوەکان لەدوژمنی داگیرکەرو خۆفرۆشان کەدزەیان کردبووە ناو ریزەکانیەوەو نەتوانن هەڕەشە لەگیانی هاوولاتیی کورد بکەن لەسەر خاکی رزگارکراوی کوردستان. بەم پێیە ئەوەبوو بارزانی پۆستی دا بەوانەی بڕوای تەواوی پێیان هەبوو و ملکەچی فەرمانەکانی بوون, کەلێرەدا دەمەوێت ناوی هەندێ لەو بەڕێزانە بهێنم:

١ـ ئیدریس بارزانی فەرمانەدەی گشتیی هێزی چەکدار.

٢ـ مەسعود بارزانی بەرپرسی دەزگای سیخوڕیی پارتی (پاراستن).

٣ـ ئەسعەد خۆشەوی فەرماندەی گشتیی هەرێمەکان.

٤ـ محەمەد ئەمین میرخان فەرماندەی هێزی ئامادە, کە لەژێر سەرپەرشتی راستەوخۆی

بــــــــــــــــــــارزانی و
هاوکـــاریی بیروخـــی، مـــستەفا
نیرویـــی، عـــەریف باســـین، کـــەکۆ
مێرگەســـوری، حەســـەن شـــەریف
عەبدوڵڵاو مەلا محەمەدئەمین.
٥ ـ عیسا سوار فەرماندەی ناوچەی زاخۆ، کەعەلی
مالو یاریدەدەری بوو.
٦ـ عەلی خەلیل فەرمانی ناوچەی دهۆك، کەفارس
کورماکی یاریدەدەری بوو.
٧ـ حەسۆ میرخان دۆڵەمەڕی فەرماندەی ناوچەی شێخان،
کەحاجی ملۆ، هـورمز مەلـەك
حسکۆ، و عومەر ئاغا دۆڵەمەڕی و
عەبدوڵڵا شێخانی یاریدەدەری بوون.
٨ ـ عەلی شەعبان فەرماندەی گشتیی ناوچەی
خۆشناوەتی.
٩ ـ حەسۆ میرخان فەرماندەی گشتیی ناوچەی
پشدەرو سەنگەسەر.
١٠ـ عەبدولوەهاب ئەتروشی فەرماندەی گشتیی ناوچەی
هەڵەبجەو هەورامان.
ئەم بەڕێزانە بەباشەو بەخراپە ناویان هەبوو.

لەناو ئەوانەدا چەندین سەرکردە هەبوو کەبەرپرسێتی ئیداریی گەورەیان هەبوو, بەتایبەتی ئەوانەی لەناو دەزگای پاراستندا بوون, بەر لەشۆڕش دەستیان کورت بوو و باری بژێوییان لەخوار ئاستی پێویستەوە بوو, بەڵام دوای ئەوەی ئەو پۆستانەیان وەرگرت, دەوڵەمەند بوون, بەتایبەتی بنەماڵەی بارزانی و بون بەدەوڵەمەندانی جیهان و ئەو دەوڵەمەندییەیان, بەهای خوێنی ئەو شەهیدانە بوو کەقوربانییان دا.

لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیی ئەندامانی پاراستن و ئەو سەرکردانە هاوبەش بوو لەگەڵ بەرژەوەندیی بنەماڵەی بارزانی, دەبینین دوای هەرەسی شۆڕش و تا ئەمڕۆ, لەخزمەتی بنەماڵەی بارزانیدا مانەوە, بەبێ ئەوەی هیچ هەڵوێستێك وەربگرن, یان بکەونە ژێر کاریگەریی بانگەوازی ویژدانەوە. پێویستە لەسەر گەلی کورد بەهەموو چینەکانیەوە, مل بدەن و بەبێ ئەم لاو ئەولا, خواستی سەرکردەکانیان دەستەبەر بکەن, کە بەفەرمانی بارزانی دامەزرابوون, بڕیارەکانیان یاسا بوو, چونکە لەلایەن کەسانێکەوە دەردەچوون کەجێگەی متمانەی بارزانی بوون و لەخزمەتیدا بوون. خوا نەکا کەسێ بیتوانیایە سەرپێچی بکات.. ئەوا مەرگ چاوەڕوانی دەکردو ئایندەی خێزانەکەی دەکەوتە مەترسییەوە. ئەوەی بیویستایە سەری سەلامەت بێت, دەبوا گوێڕایەڵی فەرمانەکان و خواستەکانی بارزانی بوایە, ئەگەرچی لەراستیەوە دوور بوونایە.

**ئەندامانی پاراستن**

دەستەبژێرێك بوون لەچینە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵگەو تەنیا محەك بۆ پالاوتنیان، ئەوەبوو كوێرانە هەواداری ئەوبن، ئەوانی تەنیا لەبیری ئەوەدا بوون، خەڵكی ملكەچی فەرمانەكانی ئەو بن. چونكە ئەركی سەرەكییان ئەوەبوو دەسەڵاتی بارزانی، لەهەر پیلانێك بپارێزن كە لەدژیان دەهۆنرایەوە.

**دادوەری**

دادگا لەهەموو ناوچەیەكدا هەبوو، كەدوو جۆر دادگا هەبوو، یەكێكیان بۆ چارەسەركردنی كێشە گشتییەكانی رۆژانەو، دووەم بۆ دەركردنی بڕیار بوو. پاراستن سەرچاوەی ئەو بڕیارانە بوو كەدادوەر رایدەگەیاندو پسپۆڕان جێبەجێیان دەكرد.

لەكوردستان بەدەگمەن خێڵێك یان كەسایەتییەك هەبوو كەبنەماڵەی بارزانی ستەمیان بەرامبەریان نەكردبێت، تەنیا لەبەر ئەوەی كەملیان نەدەداو، تەنانەت ستەمی بارزانی سنووری كوردستانی بەزاندو خۆی گەیاندە پارچەكانی دیكەی كوردستان، وەكو كوشتنی سلێمانی موعینی و سەعید ئالچی..

**ژن و ژنخوازی لەچوارچێوەی دەسەلاتی بارزانیدا**

دوای شۆڕشی ١٩٦١، بیرۆكەكان بەلای كۆمەڵگەی كوردەوە، سەبارەت بەژن و مافەكانی گۆڕانی بەخۆوە بینی، چونكە شۆڕش كاریگەریی هەبوو، لەسەر بەرزكردنەوەی ئاستی رووناكبیری گەلی كوردستان، وای لێهات بۆچوونی كچ و كوڕەكە گرنگی پێدەدرا بۆ

دیاریکردنی چارەنووسی پەیوەندییان. بەڵام بڕیارەکانی بارزانیو بنەماڵەکەی ڕێگەی لەمافی هاووڵاتی بوونی ژنی کورد دەگرت.

بارزانی خۆی خزاند بووە ناو خێزانی کوردەوە, بۆ ئەوەی بڕیاری توند دەربکات دەرحەق بەژن, بۆ ئەوەی ئەم یان ئەو بهێنێت, یان بیانهێنێت بۆ دارودەستەکەی, بەبێ ئەوەی گوێ بەخۆی یان راوبۆچوونی خێزانەکەی بدات, تەنانەت ئەگەر پەیوەندیی بەکەسێکی دیکەوە هەبوایە, یان منداڵی هەبوایە. لەبەرگەکانی کتێبەکەم (کورد, دوژمنی خۆت بناسە)دا, ئاماژەم بەچەند حاڵەتێك کردووە. کەسانێك هەبوون چاونەترسانە بەرووی بارزانیدا دەچوونەوەو رایاندەگەیاند کەرەخنەیان هەیە لەوەی لەمێردەکانیان بەزۆر جیاکراونەتەوە, بۆ ئەوەی شوو بەکەسێکی دیکە بکەنو رووبەڕووی مەرگ بوونەتەوە, لەبەر ئەوەی خودا جوانی پێ بەخشیوە لەبەر ئەوەی دژی خواستی بارزانی دەوەستانەوە.

خوێنەری هێژا, ئەمڕۆ لەسایەی بوونی دەسەڵاتی بارزانیو زەبروزەنگیان بەسەر بەشێکی زۆر لەکوردستانو بۆ وەستان بەرووی کێشەکاندا, کەس ناوێرێت راستییەکان بدرکێنن سەبارەت بەرووداوەکانو, باسی ئەو داستانانە بکەن کە بەهۆی بنەماڵەی بارزانییەوە روودەدەنو هەندێکیان وەکو خەیاڵ وان. بەڵام ئەگەر لیژنەیەکی خاوەن دەسەڵاتی بەرین پێکبهاتایەو توێژینەوەی وردی لەناو خەڵکیدا ئەنجام بدایە, ئەوا شتی سەیر دەردەکەوت

کە نە ئەقڵو نەواقیع پەسەندی نەدەکرد, لەبری ئەوە, دەبێ بپرسین هۆی ئەوە چی بووە کەزۆرێك لەخێڵە کوردییەکان کەرابردووی پاکیان هەبووە, لەناو ریزەکانی شۆڕش چوونەتە ناو ریزەکانی رژێمی بەغداوەو لەناو ریزەکانیاندا چەکیان بەرووی شۆڕشی کورددا بەرزکردۆتەوە.

دەتوانم بڵێم کەبنەماڵەی بارزانی بەردەوام ئەستەنگ بوونەو هەن, لەبەرامبەر بەدەستهێنانی ئازادیدا, بەڵام هەر دەردێك دەرمانی خۆی هەیەو, دەرکەوتنی راستییەکان کاتی خۆیان هەیە..

خوێنەری هێژا: ئەوەی سوودی لەسیاسەتی گەندەڵی بنەماڵەی بارزانی وەردەگرت, حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقو وڵاتانی دەرودراوسێ بوو, واتە دوژمنانی کوردو, ئەوەی زیانی بەردەکەوت گەلی کوردبوو, ئەوانەی بوونە هۆی ئازارو دەردەسەری بۆ کورد زۆربوونو فەرامۆش ناکرێنو مێژوو ناویانی لەهزرەکاندا تۆمار کردووە, وەکو:

عەبدولسەلام عارف, سەدیق مستەفا (زەعیم سدیق), غانم میسباح, مولازم عەبدولکەریم محەمەد جحێش, ئەحمەد حەسەن بەکر, سەدام حوسێن, عەلی کیمیاوی, تەها جەزراوی, تارقو هتد.. مێژوو لەسەرێکەوە رەفتاری بنەماڵەی بارزانی, باڵادەستانی شۆڕشی کوردستان بۆ دەیان ساڵی دواتر لەسەرێکی دیکەوە, لەگەڵ ئەوانەدا پەیوەندیی هەیەو, نابێ ئەوە فەرامۆش بکەین

کەبارزانی رۆڵێکی گەورەی هەبوو بۆ ناساندنی کورد بەجیهان و ڕاگەیاندنی ئەو ستەمانەی لێیان کرابوو, لێرەدا ئەوەیش دەڵێم کەشایستە نییە, بارزانی یان هەر کەسێکی دیکە لەبنەماڵەکەی بخەینە ریزی ئەو تاوانبارانەوە, بەڵام بەوەی دوژمنم سووکایەتیم پێ بکات ئازارم دەدات و ئەگەر دۆستێکم سڵاوم لێ نەکات دەگریم.

هەر جارێ دەڵێن, حەق حەقە, بۆ نموونە ستالین ئەو کەسایەتییە ناودارەی روسیا, یەکێك بوو لەوانەی کۆمۆنیزمیان لەروسیا و بەشێك لەجیهاندا چەسپاندو, دەستی باڵای هەبوو لەرووخاندنی رژێمی هیتلەرو رووخاندنی نازیزم, بەڵام دوای مردنی و هاتنە سەرکاری خرۆشۆف, پەردە لەسەر نهێنییەکانی هەڵماڵڕاو دەرکەوت کەستالین هۆکاری پێشێلکردنی مافی مرۆڤە لەروسیاداو, هەزاران کەسی کوشتووەو هەزارانی رەوانەی بەندیخانە کردو, کاتێ گۆرباچۆف دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت, بڕیاری دەرکرد بەدوورخستنەوەی مەزاری ستالین لەناو گۆڕستانی سەرکردەکانی روسیا, بۆ شوێنێکی گشتی.

**********

**سەرچاوەکانی شۆڕش و دارایی و خەرجییەکانی ـ لاپەڕە (٣٩٥ ـ ٣٩٦)**

سەرەتای شۆڕش, ئەوەی رۆڵەکانی گەل پێشکەشیان دەرکردو ئەوەی ئەندامانی حزب دەیانبەخشی لەئابوونەو ئەوەی بەنهێنی کوردە نیشتمانپەروەرە دەوڵەمەندەکانی پێشکەشیان دەکرد,

ئەگەرچی کەم بوو, بەڵام بەشێك لەپێداویستییەکانی شۆڕشی چەکدارییان دەستەبەر دەکرد (..)

هەروەها شۆڕش یارمەتی لەوڵاتە عەرەبییەکان و ئەوروپییەکانەوە پێ دەگەیشت (..)

بەڵام ئێران یارمەتییەکانی بەردەوام بوو, هەر لەسەرەتای دروستبوونی پەیوەندیمان لەگەڵیدا. بەڵام یارمەتییەکانی لەسەرەتادا, ڕێکوپێك نەبووو هەندەیش نەبوو ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ خزمەتەکانی دیکەدا, بەڵام دەڵێم حکومەتی شا مانگانە ٢٠ ملیۆن تومانی دەدا بەشۆڕش, هەر لەسەرەتای کانونی دووەمی ١٩٧٤وە تا یەکەمی حوزەیرانی ١٩٧٤ بەبێ دابڕان, دواتر بڕە پارەکە بوو بەدوو ئەوەندە, لەیەکەمی تەمووزی ١٩٧٤وە تا یەکەمی ئاداری ١٩٧٥, واتە بڕێکی یەکسان بەدوو ملیۆن دیناری سویسری.

بەم سەرچاوە کەمانەوە, شۆڕش تا ساڵی ١٩٧٤ نەیدەتوانی ژیانی دەیان هەزار پێشمەرگەو کەسوکاریان و دامودەزگاکانی حزب و سەرکردایەتییەکان دابین بکات, ئەوەی لەشەستەکاندا, لەم بوارەدا دەکرا ئەوەبوو بڕە پارەی کەم بەسەر پێشمەرگەدا دابەش دەکرا, دووجار یان سێ جار لەساڵدا لەنێوان ٣ ـ ٥ دینار بۆ هەر پێشمەرگەیەك, لەکاتێکدا نەسریە بەڕێکوپێکی بەسەر سەرکردەکان و بارەگاکانیان سەرف دەکرا, هەروەها خەرجی بۆ چالاکی دەرەکی و ناوخۆو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەکو ڕادیۆو

رۆژنامەو کتێب دابین دەکرد (..) دوای نسکۆکە, لەلای شۆڕشەوەو بڕی سێ ملیۆن دینارو ملیۆن دۆلار مایەوە. دواتر بەشی زۆربەی ئەم پارەیە بۆ پەنابەران خەرج کرا بەر لەسەقامگیربوونیان و ئەوەیش مایەوە تەرخان کرا بۆ شۆڕشی گولان و چالاکیی دەرەکی و کڕینی چەك.

**********

**بەلام من دەلێم:**

لەساڵی ۱۹۷۷دا, کتێبێك لەژێر ناوی (هەڵسەنگاندنی رەوتی شۆڕش و هەرەسهێنانی و ئەو پەندانەی لێی وەرگیرا), لەلایەن دەستەی ئامادەکاریی پارتییەوە دەرچوو و گەلێ لەو نهێنییانەی دەرخست کەپێشتر خەڵکی ئاگاداری نەبوون.

لەکتێبەکەدا هاتووە کەدوای هەرەسهێنانی شۆڕش, بنەماڵەی بارزانی دەستی گرت بەسەر دارایی شۆڕشداو بە۷۰ ملیۆن دۆلارو ٤٥ ملیۆن دینار خەملێنرا. دیارە کەئەو بڕە پارەیە, ئەمڕۆ چەندە زۆرە..؟

## بەشی بیست و سێیەم

### دوارۆژەکانی بارزانی ـ لاپەڕە ( ۳۹۷ )

کاتی دەست کردن بەنووسینی بەرگی سێیەم و دوا بەرگی مێژووی شۆڕشی گەلی کورد بەسەرکردایەتی بارزانی, تاماوەیەك دوودڵ بووم لەوەی خۆم لەدوا قۆناغی بدەم کەئەویش کاریگەری زۆری لەسەر هەبوو و هانی دام بۆ ئەوەی کەخوێنەران ئاگادار

بکەمەوە, بەتایبەتی ئەوانەی بڕوایان بەپەیامەکەی بارزانی و سەرکردایەتییەکەی و لەخەباتدا بەشدارییان لەگەڵیدا کردو, لەنزیکەوە ئاگاداری بووم بەحکومی ئەوەی لەو ماوە خەمناکەدا لەگەڵیدا بووم, بۆ ئەوەی دەرفەتێکی گەورە لەمێژووی گشتیی شۆڕشی ئەیلول لەدەست نەدەمو, لەبەر ئەوەی بەشێکە ناکرێ چاوپۆشی لێبکرێت بەوەی پێشبڕکێکە دەیخوازێت و مەبەستی سەرەکی کتێبەکەمە. دەمەوێت پێشەکییەك بۆ ئەو داستانە دابنێم.

**********

لێرەدا دەڵێم:

خوا دوورمان بخاتەوە لەکەساسی, چونکە بەهەموو جۆرەکانیەوە شتێکی خەمبارەو, بەبەردەوامی کاریگەریی خۆی لەدەموچاودا دەردەخات و شوومترین کەساسی ئەوەیە کەهەمووان بگرێتەوە, ئەگەر هونەرمەندێك بێت بۆ ئەوەی دەموچاوی خەڵکی کوردستان بخوێنێتەوە, ئەوا دەبینێت پەڵەیەکی ئازارە بەناوچەوانی هەموو ئەوانەی لە ١٩٧٤ ـ ١٩٧٥ دا ژیاون, ئەو کارەساتەی کەخەڵکی کوردستان بۆ هەتا هەتایە دەیلێێتەوە.

هەرگیز بەخیاڵدا نەدەهات کەئومێدی گەلی کوردستان و سەرکردەکەی کە لەدڵی هەمواندا شوێنی خۆی کردبووەو و متمانەی جەماوەری بۆ خۆی راکێشا بوو, کەدەست بداتە کارێکی وەها ئەویش راگەیاندنی ئەو شکستە گەورەیە بەسەر مەزنترین شۆڕش لەمێژوی کورددا, کەئومێدی هەموو کورد بوو لەچوار

پارچـــەکەی کوردســـتاندا, تـــەنیا بـــۆ خزمـــەتی بەرژەوەنـــدیی بنەماڵەیـەك بـوو, ئـەمڕۆ دەبیـنین بـەڕێز مەسـعود بـارزانی هـەوڵ دەدات خەڵکەکە بەوتـەی بێ بنـەما لەخشتە ببات, بۆ ئـەوەی ئـەو کارەساتە فەرامۆش بکەن, بەڵام مەحاڵە مەحاڵ.

خـەڵکی چـۆن راگەیانـدنی بـارزانی بـۆ شکـستهێنانی شـۆڕشـی چەکدارانەی کوردستان فەرامۆش دەکەن‌و هەوڵی جێبەجێ کردنی ئەو کارە لەلایەن خۆیەوەو بەیارمەتی داروودەستەکەی.

**********

## رۆیشتنی بارزانی بۆ شنۆ ـ لاپەڕە (۳۹۷)

لـــــە۲۵ی مـــــانگی ئـــــاداری ۱۹۷۵دا, دوای راگەیانـــــدنی رێکەوتننامـەی جـەزائیر بـەدوو حەفتـە, بـارزانی بارەگاکـەی خـۆی لەحاجی عومران بەرەو ئێران بەجێ هێشت, بەرەو نەغـەدە کـەماڵی ئێمەو چەندین پەنابەر لەوێ بوو, لەگەڵ جەنەراڵ مەنسوور پووردا هـات. ئـەوە ناخۆشـترین رۆژ بـوو کـە بەسـەر منـدا هـات‌و بـڕوای تـەواوم هەیـە کەئـەوە ناخۆشـترین رۆژ بـوو بەسـەر هـەموو گـەلی کورددا هات. کاك ئیدریس دوو رۆژ بەر لەباوکی گەیشتە شنۆ, بۆ ئەوەی لەگـەڵ دەسـەڵاتی ئێرانـدا کـار بۆ ئـەوە بکات ئـەو خێزانانـە رزگار بکەن کەبـەفر لەخەزینـە لـەجیهانی دەرەوەیـان دا بڕیبوو, بۆ ئـەوەی بگوێزرێنـەوە بـۆ شـوێنێکی بـاش‌و هـەوڵی زۆرم دا بـۆ رازیکردنی دەسـەڵات بۆ هاوکاریی کردنـی, ئەوەبوو دوو فڕۆکـەی لـەجۆری شـینوکیان نـارد بـۆ گواسـتنەوەی ژن‌و منـداڵ‌و ئەگـەر

فریانــه کەوتنایــە، کەســیان دەرنەدەچــوون. هــەموویان لەنەغــەدە کۆبوونەوە (..) شوێنیان بۆ دیاری کرا لەورمێو سنەو کرماشانو تەنانەت لەئەهوازیش، و ئەو کوردانە لەو شوێنانە نیشتەجێ کران کەدوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر ڕوویان لەئێران کرد.

**********

**منیش دەڵێم:**

دوای ئــەوەی بــارزانی بەتــەواوی دەســتی گــرت بەســەر ســەرکردایەتی پارتیــداو دواتــر بەســەر شۆڕشــی کوردســتان هــەر لەساڵی ١٩٦٤وە، ناوچەی حاجی عومران بوو بەبارەگای سەرەکی بنەماڵەی بارزانیو بەڕێزان مەلا مستەفاو ئیدریسو مەسعود، و تا ساڵی ١٩٧٥ بەتــەواوی دەستیان بەســەر شۆڕشــدا گــرت، چــونکە هــیچ دیکتاتۆرێــك لەجیهانــدا، وەکــو ئــەوان نــەیانتوانی جڵــەوی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. کاتێ ڕێکەوتننامــەی جــەزائیر مۆرکرا، بەفــەرمانێکی بــارزانی هــەرەس بەشــۆڕش هێنــراو دواتــر بنەماڵــەی بــارزانی چــوونە نــاو ئێرانــەوە، لــەژێر چاودێری جەنــەراڵ (پــوور)و لەشارۆچکەی شنۆدا نیشتەجێ بوونو هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیان نــەماو کەوتنــە ژێــر دەســەڵاتی دەزگــای ســاواکەوە، هــەموو ئــەوان لــەپێناوی بەرژەوەنــدیی تایبــەتی ئەوانــدا بــوو، بــۆ پاراســتنی گیانیانو ئەو سامانەی بەدەستیان هێنا بوو.

**********

**هەوڵەکانی هەردوو دەسەڵات بۆ هاندان بۆ گەڕانەوە ـ لاپەڕە (٣٩٨)**

ئۆردوگای کرماشان بەشێوەیەکی تایبەت تەرخان کرا بۆ پێشوازی لەپێشمەرگەکان و دەسەڵات بەجوانی رەفتاری لەگەڵیاندا دەکردو, دیارە هۆکەی ئەوەبوو کەدەسەڵاتدارانی ئێران دەیانویست رزگاریان بێت لەگەورەترین ژمارەی پەنابەران و هاندانیان بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق. دیارە مانەوەی ئەو ژمارە زۆرە کەپشتگیرییان لەبارزانی دەکرد لەتاراوگە, دەسەڵاتدارانی ئێرانی نیگەران کردبوو و جەختکردنی ئەو پەنابەرانە لەسەر مانەوەیان لەئێران وەکو مەتەڵێك وابوو بەلای ئێرانییەکانەوەو هەوڵی زۆریان دا خەڵکەکە هان بدەن بۆ گەڕانەوەو جاروبار بەتوندی و جاروبار بەنەرمی ئەو کارەیان ئەنجام دەدا, بەڵام سوودی نەبوو, کە بەپێچەوانەی باساکانی پەنابەری و رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و بەپێچەوانەی رێکەوتننامەی جەزائیر کاریان دەکرد, ئەوەبوو رێگەیان دەدا بەبەرپرسە عێراقییەکان بەناو ئۆرودوگاکاندا بگەڕێن و هانی عێراقییەکان بدەن بۆ گەڕانەوە (..) ئەو بایەخ پێدانە گەیشتە ئەو ئاستەی خودی سەدام حوسێن جێگری سەرۆك ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەردانی تاران بکات و بەخەت و ئیمزای خۆی نامەیەك بۆ پەنابەران رابگەیەنێت.

**********

**لێرەدا دەڵێم:**

**ئەگەرچی ئەوەم بەدرێژی لەبەرگەکانی کتێبەکەمدا باس کردووە, بەڵام لێرەدا دەمەوێت بەهەندێ روونکردنەوەوە دووبارەی بکەمەوە:**

**١ـ هەردوولا, بنەماڵەی بارزانی و دەسەڵاتی شا لەئێران رێکەوتن بنەماڵەی بارزانی لەئێراندا بپارێزن تا کاتێکی دیاری نەکراو, تەنیا بۆ پاراستنی گیانیان و داوتر پڕوپاگەندەی ئەوەیان کرد کەحکومەتی عێراق رەفتاری خراپ بەکار دەبات لەگەڵ خێزانی ئەو پێشمەرگانەی دەگەڕێنەوە بۆ عێراق و چارەنووسێکی تاریک چاوەڕوانیان دەکات, بەوەیش توانیان ژمارەیەکی زۆر لەوانە لەدەوری خۆیان بهێڵنەوە تا ئەمڕۆ.**

**٢ـ هەندێکیان بەخت یاوەریان بوو, سەفەریان کرد بۆ ئەورووپا, بەڵام مەخابن ژمارەیان کەم بوو, بەڵام هەر چۆنێك بێت لەئایندەدا بەرژەوەندیی گەلی کوردستان بپارێزن و زۆربەیان پێ گەیشتن.**

**٣ـ عێراق زۆربەی سیاسەتمەدارو نیشتمانپەروەرە کوردەکانی ئاراستەکردو کارێکی باشیان کردو لەکاتی چاوکەوتنیان بەدەسەڵاتدارانی عێراق و داوایانکرد چەندین لیژنە پێکبهێنرێت کەجێگەی متمانەبن و رەوانەی ئێران بکرێن بۆ ئەوەی چاویان بەخێزانە کوردەکان بکەوێت بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ خاکی نیشتمان.**

بۆ نموونە، ئەوە پێشنیاری بەڕێزان ساڵح یوسفی، عومەر مستەفا، عەلی عەسکەری، دکتۆر خالد محەمەد سەعید، کەمال محیەدین، دکتۆر کەمال خەیاتو دارا ڕەشید جەودەت بوو، بۆیە دەسەڵاتدارانی عێراق لیژنەیان پێکهێناو سەفەریان بۆ ئێران کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ خێزانی پێشمەرگە گفتوگۆ بکەنو ئاسانکاری بکەن بۆ گەڕانەوەیان لەچەند خاڵێکی سنوورەوەو دیارە زەکیە ئیسماعیل حەقی ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا بۆ ئەو مەبەستە.

لەنێوان ئەوانەی ئەندام بوون لەناو ئەو لیژنانەدا، نەعیم حەدادو برا بچووکەکەم کەمال مامە سادقو لەتاران کەئوتێلێك تەرخان کرابوو، بۆ حەوانەی شاندەکە، بەڕێز مەسعود بارزانی بەنهێنی نامەیەکی بۆ کەمالی برام نارد بەدەستی بەڕێز (..) کەئێستا لەڤیێنا لەنەمسادا دەژی، بەڵام براکەم نامەکەی لیوەرنەگرتو پێی وتبوو کە بەبەڕێز مەسعود بارزانی بڵێت کەگەڕانەوەی ئەو خێزانە کوردانە بۆ خاکی نیشتمان سوودی باشتری دەبێت بۆ ئایندەی گەلی کوردستانو دواتر سەدام بۆ خۆی سەردانی تارانی کردو بۆ ئەم مەبەستە پەیامێکی ئاراستەکرد.

زۆربەی ئەوانەی لەئێراندا مانەوە، تووشی هەڵوێستی قورسو نەهامەتی بوونەوە، چونکە حکومەتی شا هەموویانی بەشارەکانی ئێراندا پەرتەوازە کرد، بۆ ئەوەی لەیەك شوێندا کۆنەبنەوە.

*********

**کۆچی دوایی بارزانی ـ لاپەڕە (٤٢٢)**

لەچواری مانگی ئاداری ١٩٧٩دا, تەرمی بارزانی گەیشتە تاران‌و پێشوازیەکی گەورەی لێکراو کاتێ ویستیان بیبەنەوە بۆ شنۆ, حکومەتی ئەوێ دوو فڕۆکەی لەجۆری شینوك بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کرد. لەپێنجی هەمان مانگدا تەرمی بارزانی لەشنۆ بەخاك سپێردرا لەنزیکی مەزاری شێخ بابۆ لەسەر راسپاردەی خۆی.

هەرگیز ناتوانین ئەو چاکەیەی حکومەتی شۆڕش‌و لەسەروویەوە ئیمام خومەینی‌و بەڕێزان کەریم سەنجابی‌و داریوش فروهەر کەوەزیر بوون لەحکومەتەکەی بەڕێز مەهدی بازرگاندا, فەرامۆش بکەین, هەروەها هەست‌و سۆزی برا کوردەکان لەئێران‌و بەشەکانی دیکەی کوردستان‌و بەتایبەتی پەنابەرە خۆراگرەکان کەلەو بۆنەیەدا نواندیان.

**********

**لێرەدا دەڵێم:**

دوا ئەوەی بارزانی لەساڵی 1958 دا گەیشتە بەغداو لەئوتێلی خەیام دابەزی, دوای ئەوەی سەعاتێك بەسەر گەیشتنیدا بۆ بەغدا رەتبوو, شەرەفی ئەوەم پێ بڕا کەچاوم پێی بکەوێت.

سەرەتا من پێم وابوو فریشتەی ئاسمانەو, بۆ ماوەیەکی زۆر من وەکو لوقمانی کوڕی تەماشا دەکردو منیش لەخزمەتیدا بووم‌و جێگەی متمانەی ئەو بووم, دوای ئەوەی کۆچی دوایی کردو

لەگوندی هەلەج لەئێران لەناوچەی تەرگەوەر بەخاك سپێردرا, دووجار سەردانی مەزارەکەیم کردو خۆم بۆ نەدەگیراو دەگریامو جارێکیان بەرێکەوت بەڕێز مەسعود بارزانیم لەوێ بینی..

خوێنەری هێژا: لەبەرگەکانی کتێبەکەمدا, بەدرێژی باسی ئەو هۆکارەم کرد کەراو بۆچوونم سەبارەت بەبارزانیو بنەماڵەکەی بەتەواوی بگۆڕم, لێرەدا داوا لەسیاسیو کادری حزبیو شۆڕشگێڕان دەکەمو, دەڵێم خوداوەند بەئازادی دەمانهێنێتە دونیاوە, ئیتر بۆچی بەدوای کویلایەتیدا بچینو خزمەتی گەورەپیاوان بکەین, بۆچی نابن بەکۆیلەی خاکی پاکی کوردستان.

### پاشکۆی ژمارە (٥١)

### دەقی رێککەوتننامەی جەزائیر لەنێوان حکومەتی ئێرانو عێراقدا, کەلەساڵی ١٩٧٥دا مۆرکرا

یەکەم: دەقی رێکەوتننامەی جەزائیری ٦ی مارتی (١٩٧٥).

دووەم: رێکەوتننامەی سنوور لەنێوان عێراقو ئێران (١٩٧٥)و پرۆتۆکۆلە پاشکۆکانی کەتایبەتن بەسنووری وشکانیو ئاوی ئاسایشی سنوور.

سێیەم: دەقی نامەکانی نێوان وەزیری دەرەوەی عێراقو ئێران.

یەکەم: دەقی رێکەوتننامەی جەزائیر.

((بەمەبەستی پاراستنی خاكو نەبەزاندنی شكۆمەندیی سنوورو دەستێوەرنەدان لەكاروباری ناوخۆدا, هەردوولا بڕیاریاندا:

١. سنووری وشكانی نێوان هەردوولا دیاری بكرێت, بەپێی پرۆتۆكۆڵی قوستەنتنییەی ساڵی ١٩١٣ زاینیو كۆنووسەكانی لیژنەی دیاریكردنی سنوور لەساڵی ١٩١٤ی زاینیدا.

٢. دیاریكردنی سنووری ئاوی بەپێی قووڵایی (تالۆگ) كەهێڵی ناوەڕاستی ئاوەڕۆی سەرەكی كەشتییەوانییە, لەكاتی دابەزینی ئاستی ئاودا, لەسەرەتای ئەو خاڵەوە كەتیایدا سنوری وشكانی لەشەتولعەرەبەوە تا دەریا دەست پێدەكات.

٣. لەسەر ئەم بنەمایە, هەردوو لایەن ئاسایشو متمانە دەگێڕنەوە بەدرێژایی سنووری هاوبەشی نێوانیانو پابەند دەبن بەوەی سنوورەكان بخەنە ژێر چاودێریی توندەوە, بۆ ئەوەی رێگە بەدزەكردنی كەسانی ئاژاوەگێرو خراپەكار نەدەن.

٤. هەردوولا رێكەوتن لەسەر ئەوەی ئەو رێوشوێنە راستەوخۆیانەی سەرەوە بەیەكەیەك دابنێنو لەیەكدی جیانەكرێنەوەو, بەزاندنی سنووری هەریەكێكیان لەگەڵ گیانی رێكەوتننامەی جەزائیردا یەكنەگرێتەوە. هەردوولا پەیوەندیی بەردەوامیان بەسەرۆك هەواری بۆمدیەنەوە دەبێت, كە لەكاتی پێویستدا یارمەتیی دۆستانەی جەزائیر پێشكەش دەكرێت, لەپێناوی جێبەجێ كردنی ئەم بڕیارەدا. هەردوولا بەرەسمی

رایدەگەیەنن کەدەبێ ناوچەکە لەهەر دەستێوەردانێکی بێگانە بپارێزرێت.

### سەبارەت بەسەرژمێریی گشتی لەعێراقدا

حکومەتی عەبدولکەریم قاسم هەستا بەگۆڕینی ڕێبازی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە, ئەوەبوو لە١١/ ٩/ ١٩٦١ داو بەفەرمانی راستەوخۆ لەزەعیمەوە, سوپای عێراقی هێرشێکی سەرانسەریی گەورەی لەرێگەی وشکانیو ئاسمانەوە کردە سەر کوردستان. فەرمانێکی بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەرکرد بەگشتاندنی کارێکی ترسناك, بەقەدەغەکردنی چالاکیی پارتیو گرتنی لایەنگرانی لەهەر شوێنێکدابنو کوشتنیان.

بۆیە سەرکردایەتی پارتی هەوڵی دا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەو دۆخەی کوردستان, لەوێرانکاری بەهۆی ئەو پەلامارە دڕندانەیە, دوای کۆبوونەوەیەکی خێرای سەرکردایەتی, شۆڕشی چەکداری لە ٢٥/ ١٢/ ١٩٦١دا راگەیەنراو هێزێکی گەورە لەپێشمەرگەی کورد, بەو چەکانەوە کەخۆیان دابینیان کردبوو پێکهێنراو لەژێر دروشمی (یا کوردستان یان نەمان)دا هێزی پێشمەرگە دامەزرا, ئەگەرچی چەکەکانیان لەگەڵ چەکی حکومەتدا, هاوشان نەبووو ئەو ئازایەتییەی هێزی پێشمەرگە نواندی لەکوشتار لەپێناوی ئازادیی کوردستاندا, تەنانەت دوژمنانیش نەیانتوانی نکوڵی لێوە بکەن.

بۆیە دەبینن عەبدولسەلام عارف, ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدام حوسێن هەموویان کەم تەرخەمییان نەکرد لەنانەوەی ئاژاوەو دروستکردنی کێشە بۆ شۆڕشی کوردستان, بەشێوازگەلێك کەکاری شەیتان بوو, هەر لەرۆژی یەکەمی راگەیاندنی کۆدەتای بەعسیەکان سالی ١٩٦٣ کەنالەکانی راگەیاندن هەولیان دا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردو, سیناریۆکە بەردەوام بوو تا توانیان دەست بەسەر دەسەلاتدا بگرن, ئەوسا دروشمەکەیان بەپلەی ١٨٠ گۆڕا, بۆیە سەرانی بەعس کەسی باشتر لەتاوانبار عەبدولسەلام عارفیان دەست نەکەوت بۆ ئەوەی بیکەن بەسەرەکی کۆمار کە بەئاگرو بەئاسن بەرەنگاری گەلی کوردو شۆڕشەکەی بووەوە..

عەبدولسەلام عارف: دیکتاتۆرێکی تاوانبار, لەیەکەم رۆژی دەست بەکاربوونییەوە, بڕیاری (١٣)ی دەرکرد کە بەپێی ئەو بڕیارە, خوێنی شیوعییەکانی حەلاڵ کرد.

لەچەند بەیانێکی سەرکردایەتیدا, کەکەنالەکانی راگەیاندن پرۆپاگەندەی زۆریان بۆ کرد, عەبدولسەلام عارف وڕاوەی زۆری کرد, سەبارەت بەرەچەلەکی گەلی کورد, گوایە عەرەبن, لەبەر ئەوەی لەچیاکاندا ژیاون, دووربوونە لەشارستانی, بۆیە زمانی چیا فێربوون کەپێی دەلێن زمانی کوردی. ئەمەو رەچەلەکی ئەم خێلانەی وەکو دزەیی, جاف, هەمەوەند, زێباری, پشدەر, گۆران,

برادۆست, هەرکی, ڕێکانی لەرەچەڵەکدا عەرەب بوون‌و نەتەوەی کورد لەبنەرەتدا نەبووە.

عەبدولسەلام عارف لەهەوڵیدا بۆ سەرکوت کردنی بزووتنەوەی کوردو رەگەزی کورد, بەدرێژایی تەمەنی دەسەڵاتی خۆی کەمتەرخەمی نەکرد, تا ئەوەبوو خودا تۆڵەی لێسەند, ئەوەبوو لەکاتی سەردانیدا بۆ بەسرە لەئاسماندا فڕۆکەکەی تەقییەوە لەناوچەی زوبێرداو دەڵێن ئەوەی ویستی کورد بسووتێنی, خۆی بوو بەژیلەمۆ.

دوای ئەو, عەبدولڕەحمان عارف بوو بەسەرەکی کۆمارو هەوڵی دەدا بەجددی کێشەی کورد چارەسەربکات, بەڵام بەهۆی نۆرێنی ژەنەراڵەکانەوە نەیتوانی ئەو کارە ئەنجام بدات, هەر لەشۆڕشی چواردەی تەممووزی ساڵی ١٩٥٨وە تا سەردەمی ئەو, عێراق سەرەك کۆمارێکی وەکو ئەوی بەخۆیەوە نەبینی کە بەجدی هەوڵ بۆ چارەسەری کێشەی کورد بدات بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە, بەڵام بەهۆی لاوازییەوە, بواری بۆ بەعسییەکان رەخساند لە١٧/ ٨/ ١٩٦٨دا دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن‌و, ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بەسەرەك کۆمارو ئەرکی عەبدولسەلامی عارفی درێژە پێدا بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کوردو لەدوای ئەو, سەدام حوسێن هاتە سەرکارو درێغی نەکرد لەسەر سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزیی نەتەوەی کورد, بەڵام چارەنووس نیازەکەی پووچەڵ کردەوە.

ئەگەر ماوەی دەسەڵاتی عەبدولسەلام بخرێتە سەر ماوەی دەسەڵاتی سەدام حوسێن, دەکاتە ٣٨ ساڵ کەپڕبوو لەکوێرەوەری‌و سیاسەتی بەعەرەبکردن‌و بەبەعسی کردن‌و ئەنفال‌و کیمیاباران‌و گرتن‌و گۆڕی بەکۆمەڵ‌و شێوازی دڕندانە کەمرۆڤ ناتوانێت بەنووسین گوزارشتیان لێبکات, ئەوە بوو لە٢٤/ ٤/ ١٩٧٤دا, لەماوەی چەند خولەکێکدا, سەدان ماڵ‌و دوکانی روخاندو سەدان کەسی لەمنداڵ‌و پیرو ژن لەبۆمبارانی شارۆچکەی قەلادزێدا کوشت, تەنانەت پەنای بردەبەر بواری ئابووریش لەشەڕیدا لەگەڵ کوردەکان بۆ ئەوەی ناچارەیان بکات خۆیان بەدەستەوە بدەن‌و لەبەردەم ویستی بەعسدا مل کەچ بکەن.

بەبڕیاری (زەوی یاساغ کراو)واتە دەرکردنی گوندو دێهاتەکان کە تا ١٥ کیلۆمەتر دووربوون لەسنووری ئێران‌و تورکیاو دواتر بەراگواستنی دانیشتوانی ٥ هەزار گوندو دروستکردنی ئۆردوگای زۆرەملێ بۆیان کە بەمەش ٦٥٪ی جوتیارانی کوردی کرد بەبەرهەمخۆر, ئەمەیش زەمینەی بۆ دروستکردنی ٥١٥ فەرجی خەفیفەو, ١٠٠ مەفرەزەی سەر بەئەمنی دروستکردو نزیکەی ٢ ملیۆن کورد کوردستانیان بەجێ هێشت بۆ ئەوەی لەناوەڕاست‌و باشووردا بژین, کەتەنیا لەبەغدادا نزیکەی دوو ملیۆن‌و ٢٥٠ هەزار کورد دەژی‌و, نزیکەی ٢,٥ ملیۆن کورد عێراقیان بەجێ‌هێشت‌و ١٠٠ هەزار کورد بەرەو ئێران کۆچیان کرد. بەکورتی ئەوەی کورد بەدەستیەوە نالاندی لەماوەی ٣٨ ساڵدا, لەباس کردن نایەت.

خوێنەری هێژا: لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتی سەدام حوسێن‌و بۆچوونەکانیدا، کۆنترۆڵی بارودۆخەکەی بەتەواوی کردبوو هیچ بوارێکی بۆ کورد نەهێشتەوە بۆ ئەوەی داوای مافی خۆیان بکەن، بەڵام سیاسەتی چەوتی بەرامبەر بەگەل‌و ڕەفتارە سەقەتەکانی بۆ گەلی کوردی سەلماند کەسەرکردەیەکی شۆڤێنییەو، ئەمەیش پێگەی حزبە شۆڕشگێڕە کوردییەکانی بەهێزکردو وای کرد جەماوەر لەدەورایان کۆببنەوە. لەگەڵ گەشەکردنی تەوژمی شۆڕشگێڕانە، ڕۆژ لەداوای ڕۆژ، بەهۆی بەدرەفتاریی سەدام حوسێنی دیکتاتۆرەوە، حزبە کوردستانییەکان گورزی باشیان لەدارودەستەی بەعس دەوەشاند بەجۆرێ کەبەعسییەکان نەیاندەتوانی کۆنترۆڵی تەواوی کوردستان بکەن‌و تەنانەت چیاکانیش لەدژیدا دەوەستانەوەو، هەموو حزبە کوردییەکان کاریگەرییان هەبوو لەوەستانەوە بەرووی سەدام‌و دارودەستەکەیدا، بەتایبەتی یەکێتی نیشتمانی‌و پارتی‌و زەحمەتکێشان‌و پارتی سۆسیالیست، تا ئەوەی ئەو ڕۆژە هاتە گۆڕێ کەریزەکانیان یەکبخەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یەکلاکەرەوەو وەکو بەفری لوتکەی چیاکان لەبەهاردا توایەوەو ٩٩٪ی هێزەکانی سوپای عێراق خۆیان دا بەدەستی هێزەکانی پێشمەرگەوە. کاتی هێزەکانی سوپای ئەمریکاو بەریتانیا، ئابلۆقەیان لەسەر سەدام توندکردو ئەو ڕژێمەی کەماوەی ٢٥ ساڵ درێژەی کێشا، لەماوەی ٢٠ ڕۆژدا توایەوە.

ئەمرۆ زۆربەی لایەنە سیاسییە جهیانییەکان دان بەئاسایش‌و ئارامیی‌و سیستمی دیموکراسیی کوردستاندا دەنێن, ئەمەیش گوزارشتکردنە لەوێناکردنی ئایدۆلۆژیی هاووڵاتیی کورد, دوور لەدەسەڵاتی بێگانە, بۆیە دەبینین کوردستان پڕە لەبێگانەو کەسانی دەرەوەی کوردستان کە بەدوای ئاسایش‌و ئارامیدا دەگەڕێن‌و ئەمڕۆ هیچ مەترسییەك هەڕەشە لەکوردستان ناکات‌و ئەمڕۆ ئەرکی سەرشانی هەموومانە, بەگەورەو بچووکەوە کوردستان بەرەو پێشەوە ببەین.

شاعیری گەورە خوالێخشبوو حاجی قادری کۆیی راستی گوتووە کەدەڵێت:

ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانێ    موحەقەق دایکی حیزە, بابیزانێ

تێبینی: ئەم زانیارییانە بەبەڵگەوە:

سەرژمێری گشتی ساڵی ١٩٧٥

دەفتەر نفوسی ژمارە ٤٣١٣٩ پارێزگای بەغدا, ژمارەی سەرژمێری گشتی ٠٣٢٤ ناو: رەفیق پشدەری

ژمارەی خانوو ٥٥/١/٤٩ ـ گەڕەکی راغیبەخاتوون/ ئەعزەمییە.

ئەگەرچی من لەدایك‌و باوکێکی کوردم, بەڵام نەنووسراوە کەمن کوردم.

کوردستان لەدەسەڵاتی پەرلەماندا, باشترین نموونە بوو بۆ هەڵسەنگاندنی باری رۆشنبیری‌و توانایی ئەم گەلە خەباتگێڕە کە بەقوربانییە زۆرەکانیەوە گەیشتۆتە ئەم قۆناغە لەشارستانی.

## ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەو هەڵبژاردنانەی لەكوردستاندا ئەنجام دەدرێت

دوای هەڵبژاردنەکانو ئاکامەکانی کەتیایدا هەردوو هاوپەیمانە بەهێزو سەرەکییەکە, یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بنەماڵەی بارزانی (پارتی), جڵەوی دەسەڵات لەبەڕێوەبردنی وڵات, لەڕێگەی دەسەڵاتی پەرلەمانەوە لەژێر کۆنترۆڵیاندا بوو, ماوەیەك خەڵکەکە لەو خەونەدا ژیان کەچاوەڕوانیان دەکرد, بەڵام ئەو مانگی هەنگوینییە تەمەنی کورت بوو, ئەوەبوو ململانێی دەسەڵاتخوازایو هەر کەبۆ خۆی شوێنی بەرژەوەندیی گشتی گرتەوەو شەڕی ناوخۆ دەستی پێکردو ژێرخانی کوردستانیان هەڵتەکاندو دەنگی شەقامی کوردییان خەفەکردو, لەماوەی شەڕێ ناوخۆدا, بنەماڵەی بارزانی لەدژی یەکێتی نیشتمانی, پەنای بەهێزەکانی حکومەتی عێراق بەسەرکرایەتی قوسەی سەدام حوسێن برد لە٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦دا. چەندە دڵتەزێن بوو کە لەلایەن بنەماڵەی بارزانییەوە پێشوازیی لێکراو پۆستاڵی بەعسییەکان کەوتە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە کە بەخوێنی سەدان هەزار لەشەهیدانی کوردستان رزگار کرا بوو.

ئێمە هەر لەکۆنەوە پێمان وابووە کەهەڵوێستی مەردانە هەبووە بەڵام.. دەبوا ئەندامانی لیستی زەرد لەپەرلەماندا بۆ مێژوو هەڵوێست بنوێنن, سەبارەت بەو تاوانە گەورەیەی بنەماڵەی بارزانیو, هیچ هەڵوێستێکیان لەبەرامبەریان دەرنەبڕی.. تەنانەت

هەندێ لەئەندامانی لیستی سەوز بەدیلی لەژێر دەستی بنەماڵەی بارزانیدا مانەوەو بۆ پاراستنی گیانی خۆیان, ناچاربوون لەکۆبوونەوەکانی لیستی زەرد لەپەرلەماندا بەشداری بکەن.

دابەشبوونی ئیداری لەکوردستاندا زیانی بەبەرژەوەندیی گەلی کورد گەیاند, بەشێوەیەکی گشتیو تەنیا سوودمەند چوار وڵاتە ئیقلیمییەکەو بنەماڵەی بارزانی بوون کەدوژمنی یەکێتی کوردو ئازادیو سەربەخۆیی بوون.

ئەمڕۆ دوای روخانی رژێمی عێراق, بارودۆخەکە بە١٨٠ پلە گۆڕانی بەسەردا هاتووە, سەبارەت بەحزبە کوردییەکانو هەموان چاوەڕوانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ دەکەن.

مەزەندەی زۆر هەیە لەسەر ئایندەی کوردستانو دوژمنانیش زۆترو کێشمەکێشیش توندترە لەنێوان ویستی نەتەوەی کورد لەپێکهێنانی کیانی کوردیو هیمەتیوڵاتانی ئیقلیمیو دەرودراوسێو, دوژمنانی زۆرمان هەیە بۆ شێواندنی شەقامی کوردیو لەدەستدانی دەرفەتو نەهێشتنی بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی بۆ هەتاهەتایە.

لێرەدا دەمەوێت هەندێ لەو کێشانە بخەمە روو کەرووبەڕووی نەتەوەی کوردو پێکهێنانی کیانی کوردی دەبێتەوە, کەلەم خاڵانەدا چڕیان دەکەمەوە:

١ـ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە کوردییەکە:

کاتێ تەماشای هەواڵو بابەتو چاوپێکەوتنی سیاسیەکانی هەردوو سەرکردەی کورد مام جەلالو بەرێز مەسعود بارزانی دەکەین کاتێ لەپایتەختی عێراق یان لەدەرەوەی وڵاتن، لەخۆشیدا دڵی کورد خەریکە دەفڕێت، لەو راگەیاندنانەی کەخزمەت بەدۆزی کورد دەکات، بەڵام کاتێ چیای حەمرین، سنووری کوردستان رەتدەکەن، دەبینین بەگژی یەکدیدا دەچنەوەو ئەو قەناعەتەیان بەلاوە دروست دەبێت کەهەرگیز رێکناکەونو راستییەکانیش ئەوە دەسەلمێنن. دوای ئەو ماوە دوورودرێژە کەدەبوا رێکبکەونو هەردوو ئیدارەکە یەکبخەنەوە لەپێناوی حزمەتکردن بەبەرژەوەندیی کوردستاندا، بەڵام !!

٢ـ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیا:

وشەی داگیرکەر ئەگەر وەریگێڕدرێتە سەر هەموو زمانەکانی جیهان، هەر گوزارشت لەوە دەکات کەهێزێکی سەرکوتکەر ناوچەیەك داگیر دەکاتو دواتر جڵەوی دەسەڵات تیایدا دەگرێتە دەستو بەکەیفی خۆی هەڵسوکەوت دەکات.

بەڵام حاڵەتەکە لەکوردستاندا ئەمڕۆ گەلێ جیاوازە، چونکە وشەیەك نییە لەفەرهەنگدا پڕ بەپێستی ئەو دەربڕینەی من بێت، چونکە ئێمە رۆڵەکانی گەلی کوردستان پێشوازیی لەم داگیرکردنە دەکەین بەڵام زۆربەی سەرانی وڵاتە عەرەبیو ئیسلامیەکانو وڵاتانی دەرودراوسێو هەندێ لەوڵاتانی دیکە لەجیهاندا، ئەم

پێشوزاییەی ئێمە لەهێزی داگیرکەر بەخۆفرۆش‌و خیانەتی گەورە دادەنێن کەسزاکەی لەسێدارەدانە.

ئێمەی کورد پێمان وایە, ئەو رۆژەی هێزی هاوپەیمانان پێیان نایە خاکی عێراقەوە, رۆژی رزگارکردنی ئێمە بوو و رۆژی لەدایکبوونی نەتەوەکەمانە, هێندەمان بەدەستی دیکتاتۆر سەدام حوسێن‌و دارودەستەکەیەوە چێشت لەماوەی ٣٥ ساڵدا, هەر مەپرسە, تەنانەت سەرانی بەر لەسەدامیش لەو باشتر نەبوون.

پوختەی قۆناغەکانی ئەرکەکانی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی پێنج قۆناغن:

أ . بڕوا بەخوداو بەپێغەمبەر بەقورئان‌و ویژدانی هەر بڕوادارێك کەبڕوای بەوە هەبێت یەکتاپەرستن.

ب ـ رزگاربوون لەمەرگ‌و فەوتان, سەدام ئێمەی لەناو دەبردو هێزی هاوپەیمانان ئێمەیان لەدەستی رزگار کرد.

ج ـ باری ئابووری شایەتحاڵی ئەوەیە کەگوزەرانی هاووڵاتی کورد گەلێ باشتر بووە دوای ئەوەی هێزی هاوپەیمانان هاتوونەتە خاکەکەمانەوە, لەکاتێکدا ئێمە دووەم وڵاتین کەگەورەترین زەخیرەی نەوتمان هەیە لەجیهاندا, لەسەردەمی سەدامدا هەندێکمان لەبرسا دەمردن‌و برسێتی کاری وەهای بەسەرماندا هێنا کەبۆ گێڕانەوە ناشێت.

د ـ خۆشەویستیو برایەتیو یەکێتی ئەرکێکی پێویستە لەسەرمان, دوای ئەو هەموو ئەزموونەی کەدەبێ پەندی لێوەربگرین.

هـ ـ کارکردن بۆ پێکهێنانی کیانو دەوڵەتی گەورەی کورد کەمافێکی رەوامانەو ئێمە مەرجی پێکهێنانی دەوڵەتمان تیادایە.

ئیتر چۆن کورد دڵخۆش نابێت, ئەگەر ئێستای بەدوێنێ بەراورد بکەین.

ئیتر چۆن چەپڵە بۆ داگیرکەر لێنادەین کەجەلادەکانی وەکو سەدامو داروودەستەکەی کۆتو بەندکردووەو, لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن بەزەلیلی دیانبینینو چاوەڕوانی دادگایی کردنی عادیلانە دەکەن.

ماوەتەوە بڵێین: ئایا ئەمریکاو وڵاتانی هاوپەیمان بانگەوازی عەرەبو فارسو تورك پشتگوێ دەخەن, بۆ پێکنەهێنانی دەوڵەتی کوردی بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی گەلی کورد یان نە, بەڵام رێکەوتنەکانی سەرانی کورد, سەبارەت بەم بابەتە هەرچۆنێك بێت, دەمێنێتەوە سەر سەر شەقامی کوردی کەخەبات دەکات لەپێناوی دۆزی کوردو کیانێکی یەکگرتووو هیچ بوارێك بۆ لەدەستچوونی ماف نابێت مادامێك داواکاری هەبێت.

ئەمە وێرای ئەوەی ئێمە رازین بەوەی ئەمریکاو هێزی هاوپەیمانان خاکەکەمان بەجێ نەهێڵن, نەبادا سەرکردەیەکی

عەرەبی یان ڕێکخراوێکی ئیسلامی زاڵ بێتەوە بەسەرماندا, کەوەکو کافر حیسابمان بۆ دەکەن.

١. بەناوی خۆمو بەناوی شەقامی کوردییەوە, پێشوازیی لەسەرکەوتنی سەرەك جۆرج بۆش دەکەم لەهەڵبژاردنەکانیداو لەخوا دەپارێمەوە سەری بخات بۆ خزمەتکردن بەمرۆڤایەتیو گەلی کوردستان.

٢ـ دوای شەڕی چاڵدێران لەساڵی ١٥١٤داو سەرکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی تیایدا, کوردستان لەنێوان عوسمانیو فارسدا (دەوڵەتی سەفەویو دەوڵەتی عوسمانی) بەشکرا.

ئەو لیژنەیەی پێکهاتبوو بۆ تاوتوێکردنی حاڵی دانیشتوانی هەرێمی موسڵ, سەلماندی کەکورد هەزاران ساڵە لەسەر ئەم خاکە دەژینو ئەوان خاوەنی ڕەوای ئەو خاکەن.

سەبارەت بەجوگرافیای کوردستانو سنووری, بەراشکاوی لەیاداشتنامەیەکدا هاتووە کەنهێنییەو لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لەرۆژی ٣١ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ دا دەرچووە, تیایدا روونی کردۆتەوە کەسنووری کوردستان لەرۆژهەڵاتەوە لەرووباری دیجلەوە دەست پێدەکاتو تا پشتی چیای حەمرین کەعەرب لەکورد جیادەکاتەوەو مەبەستی لەعیراق هەردوو هەرێمی بەغداو بەسرە بووە.

١ـ کلدو ئاشوورییەکان:

مێژوو شایەتحاڵی هزری‌و بەرچاو ئەوە دەسەلمێنن کەکوردەکان یەکەم کەس بوون کەنیشتەجێی کوردستان بوون‌و کلدو ئاشوورییەکان دوای ئەوان هاتوون, بەڵام بەتێپەڕبوونی کات ئەم دوو نەتەوەیە هیچ دووبەرەکییەك لەنێوانیاندا نەبوو, بەشایەتی هەمووان, دۆستایەتی‌و خۆشەویستی‌و تەبایی لەنێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا هەبووەو, هەموویان رووبەرووی پێشێلکاریی نامرۆڤانە بوونەتەوە لەلایەن حکومەتە بەرودواکانی عێراقەوە بەبێ جیاوازی. ئەمەو گۆڕانکاریی سیاسی لەعێراقدا هەر لەساڵی ١٩٩٣وە تا ئەمڕۆ, هەمووی باس لەدۆستایەتی‌و تەبایی نێوانیان دەکات‌و هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا پەیدا نەبووە, هەر کەسێ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان هەڵسەنگێنێت دەزانێت کەسنووری ئیدارەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان, مام جەلال بایەخێکی زۆری داوە بەرێزگرتن لەپرەنسیپ‌و رێوڕەسم‌و سرووتی ئەم نەتەوەیەو, هەموو کەس شایەتی ئەوە دەدەن کەهاووڵاتیان لەسلێمانی یەکسانن‌و جیاوازیی تەنیا لەهەڵوێستی جوامێرانە دایە.

٢ـ عەرەب:

یەکەمین بوونی عەرەب لەسەر زەوی کوردستان لەویلایەتی موسڵدا بوو, لەنێوان سەدەی ١٠و ١١ی زاینیدا. بەڵام سەبارەت بەناوچەی کەرکوك, دواتر چەند خێڵێکی عەرەبی وەکو جبورو جەحش‌و عگێدان لەکەناری زێی بچووکدا نیشتەجێ بوون‌و

هەندێ لەهۆزەکانی عوبێد لەناوچەی حەویجە. لێرەدا دەمەوێت دوو خاڵ وەبیر بهێنمەوە:

یەکەم: هاووڵاتی کورد, بەدرێژایی ساڵ لەعێراقدا, هاووڵاتی پلە دووبووە, مافی زەوت کراوەو سووکایەتی پێکراوەو لەهەموو شێتك بێبەری کراوە.

دووەم: رووناکبیرو ئەدیبو سەرەکی خێڵو سەربازو ئەفسەر نەماوە, هەر لەسەردەمی حکومەتی عەبدولکەریم قاسمەوە تا عەبدولسەلامو ئەحمەد حەسەن بەکرو سەدام حوسێن, بەشدارییان لەداگیرکردنی کوردستانو کوشتنی کوردو زەوتکردنی سامانیان نەکردبێتو, هەموو ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی کەدۆزرانەوەو تا ئێستایش بەدوایاندا دەگەڕێن بەعەرەب شیعەو سونی بەتایبەتی خەڵکی حەویجە بەشدارییان تیادا کردووە, تەنیا لەبەر ئەوەیە, هەر لەمنداڵیەوە لەسەر ئەوە گۆش کراون کە بەسەر کوردا باڵادەست بنو دووریان بخەنەوە.

ئەمرۆ دوای ئەوەی باوکەزاناکەیان مرد, بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کوردو زەمینە خۆش بووە بۆ عێراقێکی دیموکراتیو دەنگی کورد زوڵاڵ بووە بۆ داواکاریی مافەکانیان, ئەوە بوو بەشتێکی سروشتی, کەعەرەبەکانی عێراق توڕە بنو دەنگیان بەرزبکەنەوەو ناڕەزامەندیی دەبڕنو داوای گەڕانەوە بۆ سەردەمی سەدام بکەن, کەهەوڵ دەدەم حەواسم کۆبکەمەوە بۆ ئەوەی

هەڵوێستی عەرەبێکی عێراقی ببینم کەدان بەوەدا بنێت بەسەر کوردا دەهات..؟

هیوادارم کورد رابوردوو لەیاد نەکەن‌و لەئایندەدا بەسڵەوە پەیوەندیی لەگەڵ سەرانی عەرەب لەعێراقدا دروست بکەن, من لێرەدا نامەوێت هەڕەشە لەبرا عەرەبەکان بکەم, تەنیا بۆ ئەوەیە بۆ نەوە داهاتووەکانی کوردی روون بکەمەوە, بەبەردەوامی ئاگاداربن.

لێرەدا دەمەوێت بەداخێکی زۆرەوە, باسی هەڵوێستی مام جەلال‌و کاك مەسعود بارزانی بکەم, لەبەر لاوازیی هەڵوێستی سیاسییان بەهۆی ناتەباییانەوە, کەهانی داون کەمتەرخەمی بکەن لەسازش کردن لەگەڵ برا عەرەبەکاندا, لەسەر هەموو ئاستەکان‌و لەهەموو شوێنێك بۆ رازی کردنی راوبۆچوونی عەرەب لەسەر پێکهێنانی کیانی کوردی, کەئەمەیش وای لەکورد کردەوە هەزاران پرسیاری بەلاوە دروست ببێت.

لێرەدا دەمەوێت سەرزەنشتی هەموو عەرەبێکی سیاسی‌و بیرمەندو ئەدیب‌و سەرکردەیەك بکەم کەدەبوا هەموویان روو لەکوردستان بکەن‌و داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکەن, سەبارەت بەوەی لەرابردوودا دەرحەق بەکورد کردوویانە, بۆ ئەوەی زەمینە خۆش بکەن بۆ ئەوەی رابردوو فەرامۆش بکەین کەجەلادەکان دەرحەق بەگەلی کوردستان ئەنجامیان داوە.

دەبوا مام جەلالو کاك مەسعود رای شەقامی کوردییان پشت گوێ نەخستایە, کەداوای جیابوونەوەو دەوڵەتی کوردی دەکات. ئەوانەی داوای فیدراڵی دەکەن رێژەیان ١٥٪ زیاتر نییە, یان لەبەر ئەوەیە لەماناکەی نەگەیشتوون یان بەرژەوەندیی سیاسییان لەگەڵ دوو حزبە زلهێزەکەدا وا دەخوازێت, دواتر ئەگەر هەڵوێستی هەردوو سەرکردە کوردەکە هێندە نەرمە لەکاتێکدا شۆڤێنییەکان هیچ دەسەڵاتێکیان نییە, ئایا هەڵوێستییان چۆن دەبێت, ئەگەر گۆڕانکاریی رووی دا, بەڵام من ئەوە بەبیری هەمواندا دەهێنمەوە کەهەڵبژاردن بووە بەئۆمیدی هەموو کوردەکانو کورد بەرۆژی رزگاربوونی دادەنێت.. بەڵام ئەوەیش دەڵێم, ئایا کەشوهەوای هەڵبژاردن چۆن دەبێت کاتێ لەتەپڵەکان دەدرێت.

٣ـ تورکمان:

یەکێك لەو باشییانەی خودا لەگەڵ کوردا کردوویەتی ئەوەبوو, کەهاووڵاتی باشنو رێز لەبێگانە دەگرنو میوانداری دەکەنو دڵیان باشەو ساویلکەیشن, هەموو ئەوانە وای کردووە, هەر کەسێ چاو بېڕێتە گەلی کوردستانو خێروبێری خاکەکەیو, هەر کەسێ هەوڵی ئەوە دەدات شوێن پێی خۆی تیابکاتەوە.

سەبارەت بەنەتەوەی دۆستی تورکەوە, یەکەم هاتنیان بۆ کوردستان, بەشێوەی تاقمو دەستەبوو کەپەلاماری کوردستانیان دەدا, هەر لەسەردەمی عەباسییەکانەوە کەیەکەم دەستەی تورکمان هاتنە ناو کوردستانەوە, دواتر لەگەڵ هێزی فارسیداو دواتر

لەگەڵ هێزی عوسمانیدا. هەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانیەوە, دوای ئەوەی دەستیان گرت بەسەر کوردستانداو ژمارەیەك لەتورکەکانیان هێناو نیشتەجێی کوردستانیان کردن, لەپێناوی پارێزگاریی لەڕێگای بازرگانیی نێوان بەغداو ئەستەنبوڵ, لەسەر هێڵی مەندەلی, دەلی عەباس, تەقتەق, تازە خورماتوو, داقوق, کەرکوكو تەلەعفەر نیشتەجێ کرانو دواتر ناویان نرا تورکمان. سەبارەت بەرەچەڵەکی تورکمان, ئەمانە هۆزی تورکن, لەسەدەی هەژدەیەمی بەر لەمەسیحەوە بەناوی تورکمان ناسراونو لەتورکمەنستانی رۆژئاواو ئێرانو ئەودیوی قەوقاز دەژینو, تا ئێستا لەگەڵ کوردا بەخۆشیو تەبایی ژیاونو لەگەڵ کوردا ژنو ژن خوازنو خوێنیان تێکەڵ بوە, تا ئێستا دوژمنایەتی لەنێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا دروست نەبووە, تەنیا چەند جارێکی کەم نەبێتو, تا ئێستا پەیوەندیی سیاسییان بەدەزگای سیخوڕیی (میت)ی تورکیاوە هەیە کەناردوونی بۆ ئەوەی ئاژاوەو کێشە بنێنەوە. هەندێ جار حکومەتی عێراق یان ئێران, یان نەهێشتنی ئاسایشو ئارامی لەناوچەکەداو, تورکمانەکان زیاتر لەکوردەکان بەخت یاوەریان نەبووەو, بەدستی حکومەتی عێراقەوە چەوسێنراونەتەوە. بەدرێژایی ٣٥ ساڵ لەدەسەڵاتی دیکتاتۆر سەدام حوسێن ئەوەی بەسەر کوردا هات بەسەر تورکمانیشدا هاتووە لەبەعەرەب کردنو بەبەعسی کردنو گرتنو لەسێدارەدانو زەوتکردنی سامانیانو, من بڕوای تەواوم بەوە هەیە کەبرا

تورکمانەکان هەست بەجیاوازیی گەورە دەکەن لەنێوان دۆستایەتی کوردو عەرەبدا. چونکە لەماوەی ١٢ساڵی رابردوودا, لەکاتی سەربەخۆیی کوردستان, بەر لەرووخانی رژێمی سەدام حوسێنی دیکتاتۆر, برا تورکمانەکان مافی خۆیان لەژێر ئاڵای کوردستاندا دەستەبەرکردووە, بەجۆری کە لەسەردەمی ئاڵای هەموو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەگشتیو حزبی بەعس بەتایبەتی بەدەستان نەهێناوە.

سوپاس بۆ یەزدان, کەهەموو پیلانو نەخشە داڕێژراوەکان پووچەڵ بوونەوە, کەبۆ دروستکردنی ئاژاوەو دووبەرەکی لەنێوان هەردوو نەتەوەی برا, کوردو تورکمان ئەنجام دەدران.

لێرەدا دەمەوێت دوا تێبینی بڵێم, ئەویش ئەوەیە کەژمارەیەکی زۆر لەتورکمانەکان بەهۆی ستەمو زۆرداری دەسەڵاتی سەدامەوە هەڵهاتنو روویان لەتورکیا کرد, بۆ ئەوەی لەوێ داڵدە بدرێن یان بۆ ئەوەی ئاسانکارییان بۆ بکرێت, یان بۆ ئەوەی بڕۆن بۆ هەندەران, بەڵام ئەوەی رووی دا گیان دەهێنێتە لەرزە, چونکە حکومەتی بوڵەند ئەجەوید نزیکەی ١٠٠ تورکمانی دانیشتووی شاری کەرکوی دایەوە بەدەستی حکومەتی دیکتاتۆر سەدام حوسێنەوە, کەیەکسەر فرمانی لەسێدارەدانی بەسەریاندا جێبەجێ کردو خەڵکی کەرکوكو تورکمانەکان هەموویان, ئاگاداری ئەو راستییەن.

ئەمەو لەدووەم كۆبوونەوە لەنێوان ئەجەویدو تاریق عەریز, سەبارەت بەبوونی تورکمان لەعێراقدا, تاریق عەزیز ووتی: لەعێراقدا نەتەیەك نییە بەناوی تورکمان!!

داگیرکردنی کوردستان لەلایەن (فارس - تورك - عەرەب)وە, لەگەڵ هەڵوێستی سەرانی کورد:

دوای شەڕی چاڵدیران لەساڵی ١٥١٤و سەرکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی و ئەنجامدانی یەکەمین دابەشکردنی کوردستان لەنێوان دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانیدا, گەلی کورد خۆشیی بەچاوی خۆی نەبینی.

نزیکەی ٥٠٠ ساڵەو تا ئەمرۆ, فارس و تورك هەرچی لەدەستیان هاتبێت, بەرامبەر بەکورد کردوویانەو تەنانەت شەیتانیش لەعنەتی خودای لێبێت, ئالای سپی هەڵکردو کورد بەباشی ئەوەی زانیوە کەکورد لەئێران و لەتورکیادا, نەك هەر هاوولاتیی پلە دوو, بەڵکو پلە سێیە.

سەبارەت بەویلایەتی موسڵ کەهەموان دەزانن لە١٦ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٥دا لکێنرا بەعێراقەوە, ئەگەرچی لیژنەی سەر بەکۆمەڵەی نەتەوەکان لەراپۆرتێکیدا بڕیاری دا (راستیەکان لەسەر دۆخی دانیشتوان دەگەڕێتەوە بۆ داننان بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد کە لە ٨٥٪ی دانیشتوانی پێکدەهێنن. کوردستانی باشوور.

بەپیلانێکی پێش وەختەوە, لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواو بەتایبەتی بەریتانیا, کوردستانیان دابەش کردو ویلایەتی موسڵیان خستە سەر عێراق‌و دواتر سیاستەتێکی داڕێژراویان دانا لەنێوان بەریتانیاو وڵاتانی ئیقلیمی (ئێران ـ تورکیا ـ سوریا ـ عیراق) بۆ ڕێگەگرتن لەهەر شۆڕشێکی کورد لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا.

دەبینین وڵاتانی ئیقلیمی بەبەردەوامی دوژمنایەتی یەکتریان کردووە, بەڵام لەبەرامبەر کێشەی کوردا ١٠٠٪ لەگەڵ یەکتریدا تەبابوونە, چونکە هەموویان دوژمنی سەرسەختی گەلی کوردستان بوونە, ئەمەیش وای کردووە کوردەکان لەدەوری حزبە کوردییە شۆڕشگێڕەکان کۆببنەوە, بەبێ ئەوەی گوێ بەئاکامی خراپی بدەن, بۆیە وڵاتە ئیقلیمییەکان شکستیان هێنا لەوەی گەلی کوردستان بەلای خۆیاندا رابکێشن, بۆیە دەبینین کوردەکان لەهەموو پارچەکانی کوردستانی گەورەدا هاوکاریی یەکتری دەکەن, بەڵام بەهۆی توندی ململانێکەوەو چەندین فاکتەری دیکە حزبە کوردییەکان پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ وڵاتانی ئیقلیمیدا بەم جۆرەیە:

١ـ پارتی دیموکرایەتی کوردستانی ئێران, نووسینگەی لەعێراق‌و هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق‌و حکومەتی دیکتاتۆری سەدام حوسێندا بوو, بۆ خزمەتکردن بەدۆزی کورد.

٢. یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پەیوەندیی لەگەڵ سوریاو ئێرانو تورکیادا هەبوو, لەپێناوی خزمەتکردن بەدۆزی کورد.

٣. پارتی دیموکراتی کوردستان: پەیوەندیی لەگەڵ سوریاو ئێرانو تورکیا, لەپێناوی خزمەتکردن بەدۆزی کورد.

٤ـ حزبی زەحمەتکێشان: پەیوەندیی هەبوو لەگەڵ ئێرانو سوریا, لەپێناوی خزمەتکردن بەدۆزی کورد.

٥ـ حزبی سۆشسالیست: پەیوەندیی لەگەڵ ئێراندا هەبوو, لەپێناوی خزمەتکردن بەدۆزی کورد.

٦ـ حزبی کرێکارانی کوردستان: پەیوەندیی لەگەڵ سوریادا هەبوو.

بەم شێوەیە بوو پەیوەندیی حزبە سیاسییەکان, هەریەکە بەپێی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی کە لەسەری رێکدەکەوتن.

خوێنەری هێژا: ئەو پەیوەندیو چاوپێکەوتنانەی نێوان حزبە سیاسییەکانو وڵاتە ئیقلیمیەکان, رەهەندی خراپی هەبوو, وەکو نەریتی خۆی, تەنیا باجەکەی دەکەوتە سەر گەل. بۆ نموونە, شۆڕشی ١٩٦١ گەورەترین شۆڕشی چەکداریی بوو کەکورد لەمێژووی خەباتی خۆیدا بینی, بەڵام لەبەر ئەوەی پەیوەندیی گومان لێکراوی نێوان سەرکردەی بزووتنەوەی کوردی ئەو سەردەمەو شای ئێرانو ئەوەی کەبارزانی هەموو کارەکانی دابو بەدەست شاوە, کەبووە هۆی ئەوەی لەساڵی ١٩٧٥ دا شکست بەشۆڕشەکە بێت, لەرێگەی ئەو رێکەوتنەی نێوان شای ئێرانو

سەدام حوسێنی دیکتاتۆرو بەئاگاداریی CIAو دەوڵەتی تورکیا, کەگەل گەورەترین دەرفەتی رزگاربوونی لەدەست دا کەخەونی پێوە دەبینی, جگە لەوەی کەچەندین رەهەندی دیکە وای لەگەلی کورد کرد تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بێت.

شۆڕشی حزبی کرێکارانی کوردستان لەکوردستانی تورکیا بەسەرکردایەتی عەبدوڵڵا ئۆجەلان, ئەو شۆڕشەی کەهەموو رۆڵەکانی کوردستان ئومێدیان پێی هەبوو, بەهۆی توندی شۆڕشەکەوە رەسەن بوونی و هەڵوێستی راستی, بەڵام چۆن دەبێ سەرکردەیەکی کورد پشت بەوڵاتێکی وەکو سوریا ببەستێ و هەموو قورسایی خۆی لەسەر ئەو دەوڵەتە دابنێت کەبەشێك لەگەلی کوردستان لەمافە رەواکانی خۆی بێ بەری دەکات و بەرێکەوتن لەنێوان تورکیاو سوریاو CIA, عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەسوریا لەگەڵ شۆڕشدا دەرکران دواتر بۆ ئیتالیا سەفەری کردو دواتر بۆ نەیرۆبی و ئەوە رووی دا کەرووی دا. دواتر سەرەك وەزیرانی پێشووی تورکیا ئەجەوید رایگەیاند کە(ئەمریکا هەوڵی دا بۆ ئەوەی ئۆجەلان بدات بەدەستی تورکیاوە).

لێرەدا دەڵێم بەبڕواو هیمەتی نیشتمانیی گەلی کوردستان, دەبێ ئەمریکا داوای لێبوردن لەگەلی کوردستان بکات بەهۆی ئەو کردەوەیەوە, ئەگەر دوای چارەکە سەدەیەکیش بووە..

ئەوەیش فەرامۆش ناکەم کەبەڕێز جۆرج بۆش‌و بەڕێز تۆنی بلێر ئەنجامیان دا, بۆ رزگارکردنی بەشێك لەکوردستان لەدەستی دیکتاتۆر سەدام‌و سەقامگیرکردنی ئاشتی‌و ئارامی لەناوچەکەدا.

لێرەدا دەبینین چۆن وڵاتانی ئیقلیمی قسوریان لەهیچ نەکرد سەبارەت بەئازادیی کوردەکان لەم پارچەیەدا.. رق‌و کینە لەجەستەیاندا گەشەی دەکردو هەردەم لەبیری ئەوەدابوون سبەینێ چی روودەدات.

دەبینین دەشڵەژێن‌و هەوڵ دەدەن ئەوەی لەدەستی شەیتان نەیەت ئەوان ئەنجامی بدەن! راستەو بەداخەوە, زۆربەی دەوڵەمەندان‌و قۆنتەراتچییە کوردەکان لەبیری ئەوەدان حیسابی بانقیان‌و سامانیان زیاتر دەکەن, بەڵام ئاخۆ ئیدارەی کوردستان ئاگاداری ئەوەیە کەقۆنتەراتچییە ئێرانی‌و تورکەکان نرخی کەم پێشکەش بکەن‌و تەنیا لەبیری ئەوە دان کەهاووڵاتی کورد دەوڵەمەند نەبێت. ئەگەر وایە بۆچی دەرفەتەکە لەلایەن کوردەوە نەقۆزرێتەوە.

ئەی ئیدارەی ئازیزی کوردستان: ئایا بیر لەوە ناکەنەوە ملیاردێرێکی کورد لەنێوان خاوەن کۆمپاینا کوردییەکاندا دروست ببێت, با دەرفەتەکە بۆ رۆڵەی گەلەکەمان بێت‌و خاوەن سامانەکان چاوپۆشی بەشێ لەقازانجەکانیان بکەن بۆ هەمووان‌و با کۆکردنەوەی پارە لەرێگەی حەڵاڵەوە بێت‌و لەژێر چاودێریی‌و کۆنترۆڵی یاسادا بێت, نەك بەو شێوەیەی, بەداخەوە ئەمڕۆ

دەبینین تا دوێنێ دەستگیڕ بوون و ئەمڕۆ بوون بەخاوەنی ملیۆنەها دۆلار, بەلاّم چۆن, ئێستا هی وا هەیە نیشتمانپەروەری پێشووی خۆی دەفرۆشێت و لەشاخەوە دابەزی لەکاتی راپەڕینەکەی کوردستانداو خاوەنی هیچ نەبوو و ئێستا یەکێکە لەهەرە دەوڵەمەندەکان, بۆ نموونە لەبەرگەکانی کتێبەکەمدا دەڵێم کەمن و بەشایەتی چەند کەسێك, پرسیارم لەمەسعود بارزانی کرد کەگفتوگۆمان دەکرد, سەبارەت بەوەی سامانی چەندە, گوتی: بەخودا جانتاکەم یەك دۆلاریشی تیادا نییە, کەچی ئەمرۆ یەکێکە لەهەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان.

لەسەردەمی پاشایەتی لەبەغدا نووسینگەیەك بەسەرکردایەتی بەڕێز عەبدولجەلیل برتو کرایەوە بۆ باس و توێژینەوەو لێکۆڵینەوە, سەبارەت بە: (ئەمەت لەکوێ بوو) ئەمڕۆ لەژێر سیستمی دیموکراتیدا کەهاتە کوردستانەوە, بۆچی هەوڵی ئەوە نەدەین وەها نووسینگەیەك دابمەرزێنین, گومان لەوەدا نییە هەر دەبێ رۆژی لەرۆژان بکرێتەوە.

خوێنەرانی هێژا: هەموو دەزانین کەشۆڕشی حزبە کوردییەکان رۆڵێکی گرنگیان هەیە بۆ گەیاندنمان بەو قۆناغە کەئێستا ئێمەی تیادایین لەکوردستاندا, راستە هەموو سەرکردە سیاسییەکان و پێشمەرگە قارەمانەکان ئازایەتییان نواندووە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی, بەلاّم بارودۆخەکە گۆڕاوەو کێشەکێش لەتفەنگەوە بووە بەرابردووی پاك و توانایی و هەڵوێست و کەسایەتی و قەڵەم.

هەمووومان دەزانین ٨٥٪ی گەل سەربەخۆن‌و سەر بەهیچ حزبێکی سیاسی نین‌و تەنیا ١٥٪ی گەل سەر بەحزبە سیاسییە کوردستانییەکانن,

بانگی حەق بەم زوانە لەدەرگای هەموو حزبەکان دەدات.. هەڵبژاردنەکان نزیك بووەتەوەو لەسەر حزبە سیاسییەکانە بیر لەوە بکەنەوە ئەرکی خۆیان سووك بکەن‌و گەل بەشدار بکەن لەبڕیارەکانی نەتەوەی کورد.

هەمووومان لەو بڕوایەداین کەهاووڵاتیی کورد, ئەمجارە روو لەسەندووقەکانی دەنگدان دەکەن بۆ هەڵبژاردنی کاندیدی خۆیان, بەڵام بەپێش مەرجەوەو داوای ئەوە دەکات ئەم سیفەتانەی تیادا نەبێت:

١ـ لەناو دەزگا سیخوڕییەکانی عێراقدا ئیشی نەکردبێت‌و لەسەرکوتکردنی خەڵکی کوردستاندا بەشدار نەبوو بێت.

٢ـ لە ٣١ی ئابی ساڵی ١٩٩٦دا بەشداری نەکرد بێت.

٣ـ پەیوەندیی گومان لێکراوی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ (تورکیا, ئێران, سوریاو رژێمی دیکتاتۆر سەدام حوسێندا) نەبێت.

ئەوەی بتوانێت رەزامەندیی گەل بەدەست بهێنێت ئەوا خزمەتی گەل دەکات‌و حەق سەردەکەوێت. لێرەدا بەپێویستی دەزانم بڵێم کەهاووڵاتیی کورد کاتی دەنگدەدان لەرۆژی هەڵبژاردندا بەم زوانە, لیستی ناوە پاڵێوراوەکان هەڵدەسەنگێنێت, بێ گومان هەندێ تیادا رادەمێنێت‌و چاوی بەلیستی پاڵێوراوانی پارتی دەکەوێت

کەتیایدا ناوی ئەو کەسانەی تیادایە کەپێشتر خیانەتی ٣١ی ئابیان جێبەجێکرد بەئاراستەکردنی بنەماڵەی بارزانی لەپێناوی خزمەتکردنی رژێمی سەدامو لێرەدا داوای لێبوردن لەنیشتمانپەروەرەکانیان دەکەم، واتە نەك هەموویان.

دواتر بەشداری لەحزبدا دەکرێت لەبچووکترین ئەندامانیانەوە تا گەورەترین سەرکردە لەو هەڵمەتە نەگریسەدا، ئاخۆ ئەم هاووڵاتییە بڕیاردەدات دەنگی نەدات بەوانەی خیانەتیان لەنیشتمانو گەل کردو رازی بوون بن بەپاشکۆی سەرۆکە کۆنەکانیان، کەپێییان نایە سەرخاکی پایتەختی ئیقلیم (هەولێر) بەسەرکردایەتی قوسەی هەرزەو ناپاك!!

ئەگەر هاووڵاتی بیر لەو لیستە بکاتەوەو بەویژدانەوە کاری لەسەر بکات، ئەوا داهاتووی کورد دابینکراو دەبێت، ئێمە بۆ ماوەیەکی دیکە دەکەوینەوە ژێر ستەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانییەوە.

## *Top secret and lmmediate to (CIA)*

**بۆ بەرێز بەڕێوەبەری (CIA) لەئەمریکا**

**دوای سلاّوو رێز:**

**سەرەتا سلاّوی پاکی کوردستان ئاراستەی سەرکردەو سیاسەتمەدارانی گەورەترین ئیدارەی بەهێزترین دەوڵەت لەعالەم, دەکەم, بۆ بەرێز سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەمریکاو بەرێزان وەزیری دەرەوەو وەزیری بەرگریو بەرپرسی ئاسایش نەتەوەییو ئەندامانی دیکەی ئیدارەی ئەمریکا.**

**ئەی ئەوانەی تەرازووی عەدالەتتان بەدەستێك بەرزکردەوەو, بەدەستێکی دیکە چەکوشێکی پۆلاّیین, بەمەبەستی سەقامگیرکردنی ئاسایشو ئاشتی لەجیهاندا, خودا بکات ئێمەیش لەبەرنامەی ئێوەداییو رزگارمان بکەن.**

**بەترسێکی زۆرەوە, جیهان چاوەڕوانی نۆرێنی ئێوەبوون بەسەر ئێدارەکردنی ولاّتانی ناوچەکە, لەدوا رووداوەکانداو, زەبری گورزتان, لەدوای کارەساتی یانزەی ئەیلول, سیاسەتی توندوتیژیو پارەتان گرتەبەرو بەتوندی مامەڵەتان کرد لەگەڵ ئەوەی بووە هۆی ئەو کارەساتە خوێناویە لەئەمریکاو ترسیان خستە دڵی ئەوانەی تیرۆر بەڕێوە دەبەن وواتان لێیان کرد, بەر لەوەی فیشەکێك بتەقێنن هەزار جار بیری لێبکەنەوەو, جیهان بینی کەچۆن شاو دەسەلاّتداران پشتگیرییان کردنو ٩٠٪ی ولاّتانی جیهان هاتنە ژێر ئالاّکەتانەوە تەنیا چەند حزب وولاّتێك نەبێت**

کەدژی سیاسەتی ئەمریکا وەستانەوەو چاوەڕوانی چەکوشی ئەمریکا دەکەن بەترسەوە.

ئەوەی گەلی کورد بەدەستیەوە ناڵاندی لەستەمو زۆرداریو سووکایەتی پێکردن, بەدەستی ستەمکارانی وڵاتە دەرودراوسێکانەوە, کەخۆیان سەپاندووە بەسەر خاکی کوردستاندا, بەهۆی سیاسەتی پێشووی رۆژئاواوە, هانی دام دوو نامە لە ٧/ ٥/ ٢٠٠٥و لە ٧/ ١٠/ ٢٠٠١دا بۆ کۆڵن پاوڵ بنووسمو باسی بارودۆخی ناوچەکەمانی بۆ بکەم. بەڵام دوای بەڵگەهێنانەوە لەکاتی بەدواداچوونی چۆنیەتی رووداوەکان, بۆم دەرکەوت کەبەڕێز کۆڵن پاوڵ هەرچەندە سۆزی بۆ کورد زۆر بێت بەڵام ناگاتە باسکردنو, خستنەرووی راوبۆچوونەکان, رۆڵی سەرەکی ئێوەی خاوەن دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێ کردنی: CIA یەکە باڵادەستە لەگۆڕینی رژێمەکانو هاوکێشەی باڵانسی هێزەکان لەجیهاندا, بەڵام دەست بەکاربوونی ئێوە کاتێك دەبێت کەکاریگەرییە بەرزەکان لەبەرژەوەندیی ئەمریکادا بێت.

هەر لەشەڕی دووەمی جیهانەوە تا ئەمرۆ, ئەمە رێبازی ئێوەبووە, لەبەرامبەر بەدۆزی کورد, ئەمەیش لەبەر دوو هۆیە:

١- رێبازی سیاسەتتانو بڕیارەکانتان بەبێ سێو دوو, جێبەجێ بکرێت.

٢- ڕێبازی سیاسیی ئێوە, لەسەر خواستو ویستی شەقامی کوردی دانارێژرێت, بەڵکو لەگەڵ ئەوانەدان کە بەزۆرەملێ سواری ملی گەلی کورد بوون, واتە فارسو تورکو عەرەب.

دوای ئەوەی ئەمریکا شوێن پێی خۆی لەم پێگە نوێیەدا قایم کرد, لەپێکهاتەی سیاسیی لەجیهاندا, بوو بەپێشەنگی یەکەمو باری خۆتان قورس کرد, کەئەمەیش پێویستی بەوە هەبوو لەرووی ئاسایشو ئابوورییەوە ١٠٠٪ خۆتان بەهێزبکەنو هەموو دەرگاکان لەبەردەمتاندا ئاوەڵا بوون, بۆ ئەوەی چیتان بوێت ئەنجامی بدەن وەکو ئەوەی فانۆسی ئەفسوناویتان بەدەستەوە بێتو, ئیتر جیهان چاوەڕوانی رووداوی ئەفغانستاننو هەموو لەهەوڵی ئەوەدان ئاگرەسوور لەوان دوور بێتو ئەم پرسیارە ئاراستە دەکرێت: کەی, لەکوێو چۆن رژێمی فلانی گۆڕانی بەسەردا دێت؟ بۆیە پێویستە لەسەر ئیدارەی ئەمریکی نەخشە بۆ سێ خاڵ دابڕێژێت:

١- پاراستنی پێگەی ئەمریکا لەرووی سیاسییەوەو باڵادەستیی خۆی لەجیهاندا.

٢ . پەلەکردن بەپێی توانا, لەسەر بنەمای ڕێبازی سیاسیی ئەمریکا, بۆ گۆڕینو چاکسازیی هەندێ لەرژێمەکان.

٣- ڕێگەگرتن بەپێی تواناو فرتوفێڵ, بۆ ئەوەی رووداوی ١١ی ئەیلول جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە, ئەمەیش دەرفەتێک بوو رەخسا, کەهەموو جارێک دووبارە نابێتەوە.

هەروەها پێویستە لەسەر ئەمریکا بەئەزموونەکانی خۆیدا بچێتەوەو ڕێگا نەدات شکست بهێنێت (ئەم پارچە زەویە کوردستان) ئەزموونێکی ئەمریکیی مۆدرنەو, شتێکی باشەو هەموو کوردێك بەچاوی ڕێزەوە تەماشای دەکات, ئەگەرچی بێ کەموکوڕی نییە.

ئەم زەوییە لاپەڕەیەکی نوێی هەڵدایەوە, لەپەیوەندیی گەڵ کورد بەحکومەتی ئەمریکاوە دوای ئەو رابردووە رەشە کەکورد لەرابردوودا ژیاوە کەئەمەیش دوو خاڵ لەهزری کوردا دەچەسپێنێت:

١ـ ئەمریکا دۆزی کورد فورامۆش ناکات.

٢ـ دەرووی خێر دەکاتەوە بۆ دیاری کردنی دەوڵەتی کوردی, کەسەرکەوتن‌و شکستی بۆ ئەمریکایە بەڵام دوای ڕووداوی ١١ی ئەیلولی ڕەش, بارودۆخێك هاتە ئاراوە کەپەیوەندییان بەبەرژەوەندیی ئەمریکاو بارودۆخی کوردستانەوە هەیە, بڕواناکەم ئەمریکا کەخاوەنی ئیدارەیەکی ژیرە, چارەنووسی گەلێك پشت گوێ بخات کەنزیکەی ٤٥ ملیۆن کەسن‌و تەنیا داوام ئەوەیە کەکێشەی دۆزی کورد چارەسەر بکرێت‌و هیوادارم کەشوێنی بایەخی بەڕێزتان بن, بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستانی گەورە لەلایەن ئەمریکاوە, چونکە هەندێ پرسیار لەهزردا دروست دەبێت, لێرەدا دەمەوێت بیانخەمەڕوو وەڵامیشیان بدەمەوە.

**پرسیاری یەکەم:** رەنگە بپرسن, ئایا ئەمە راوبۆچوونی خودی خۆمە؟ یان داخوازیی شەقامی کوردیە لەهەموو کوردستاندا؟ هەموو بەیاننامەکانی حزبە کوردییەکان لەگەڵ ئەم داواکارییەدا یەکناگرنەوە.

**وەڵام:** چونکە وڵاتانی دەرودراوسێی چواردەوری کوردستان, رێکەوتنی بەردەوامیان هەیە بۆ دژایەتی کردنی گەلی کوردو تواندنەوەی لەناو نەتەوەی عەرەبو فارسو تورکدا, ئەگەرچی رێژەی دوژمنایەتییەکەیان وەکو یەك نییە.

بەرگریی لەخۆو هەوڵدان بۆ رزگاربوون حاڵەتێکی سرووشتییە خۆڕسکانە لەهەر مرۆڤێکدا هەیە, تەنانەت گوڵیش لەسەر لقەکانیدا دڕکی هەیە, بۆ ئەوەی بەرگریی لەخۆی بکات, بۆیە دەبینین هەوڵەکان دووبارە دەبنەوە لەهەڵگیرسانی شۆڕشە کوردییەکاندا, بۆ دەستەبەرکردنی خواستێك ئایا چەندە مشوری دەوڵەتی کوردی دەخۆن, ئەوە خەونی هەموو کوردێکە لەهەر شوێنێك بێت هەر لەسەرتای بوونیەوەو هەموو حزبە کوردییەکانیشە.. خۆ ئەگەر ترسی لەووڵاتانی دەرودراوسێ نەبوایە, بۆ هەموو جیهانی رادەگەیاند.

**پرسیاری دووەم:** لەکەس شاراوە نییە کەژەنەڕاڵەکانی تورکیا نزیکترین دۆستی ئەمریکان لەناوچەکەداو بەپێی فرمانی CIA کاردەکەن, ئەوان وەکو چەکوشی پنتاگۆن وان, پرسیارەکە

ئەوەیە: ڕۆڵی کورد چی دەبێت بۆ ئەوەی شوێنی ئەو هاوپەیمانە بگرنەوە؟

وەڵام: شاراوە نییە لەبەڕێزتان، ماوەی دەسەڵاتی تورکەکان لەدەوڵەتی عوسمانیداو حکومەتە بەروداکان وێنایەکی ئەوتۆیان بۆ کەسی تورك لەهزری جیهاندا نەخشاندووە کەکەسێکی شەڕەنگێزە لەهەموو ڕەفتارەکانیدا، دژایەتیکەرەو دڕەو حەز بەکوشتو کوشتار دەکات، ڕۆڵی ئاشتیخوازانە ناگرێت، کەئەمەیش دژی ڕێبازی ئاشتییە کەئەمریکا لەسەری دەڕوات، ئەگەر پێویستی بەبەکارهێنانی هێزیش بێت لەجیهاندا.

لاپەڕەکانی مێژوو شایەتحاڵی ئەوەن کەکورد هاوپەیمانێکی باش دەبێت. سەرچاوە سرووشتییەکانمان دەوڵەمەندنو بێ ینازمان دەکەنو سوودیش بەئەمریکا دەگەیەنن وێڕای ئەوەی ماوەی زۆری مانەوەمان لەژێر چەوساوەییو ستەمدا، وامان لێدەکات پابەندبین بەبنەماکانی ئاشتیو وەفاداری بەرامبەر بەو کەسەی دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکات، بەتایبەتی ئیدارەی ئەمریکی.

بەکرێگرتەکانی CIAو لاپەڕەکانی مێژوو شایەتحاڵی ئەوەن کەگەلی کورد ـ گەلێکی ڕەسەنو گەلێکەچاکە فەرامۆش ناکاتو کورد هاوڕێیەکی باش دەبێت، خۆزگە لەنزیکەوە گوێت لەراوبۆچوونی شەقامی کوردی دەگرتو ئەگەر ڕاپرسییەك بکرایە

بۆ رۆڵەکانی گەلی کورد, ئەوا رێژەی ٩٢٪ لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیدایە.

**پرسیاری سێیەم:** رۆڵی بەریتانیا بۆ ئەمریکا چی دەبێت, ئەگەر دەوڵەتی کوردی دروست بوو؟

**وەڵام:** سیاسەتمەدارەکانی بەریتانیا نکۆڵی لەوە ناکەن کەدابەشکردنی کوردستان لەسەر دەستی باپیرەکانی ئەوان‌و ئیدارییەکانی دەسەڵاتی بەریتانیابوو لەو سەردەمەداو بۆ بەرژەوەندیی خۆیان, بەڵام بێگومان ئەمڕۆ هەڵوێستیان باشە بەرامبەر یەکخستنەوەی بەشەکان‌و دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بۆ دۆزی کورد.

بەڵام هەڵوێستێکی بەرتیانی هەیە کەلەمپەرە لەبەردەم ویستی‌و خواستی گەلی کوردو رێبازی ئەمریکا. چونکە دوای رووداوی ١١ی رەشی ئەیلول, بەڕێز تۆنی بلێر سەردانی ئێران‌و سوریای کردو دیکتاتۆر سەدام حوسێنی پشت گوێ خست‌و سەردانی تورکیای بەپێویست نەزانی.

سەردانەکەی بۆ ئێران روون‌و ئاشکرابوو, چونکە بەپێی مەزەندەکانی دەزگای سیخوڕیی بەریتانیا, بەڕێز محەمەد خاتەمی, لەداهاتوودا دەسەڵاتی ئێران بەدەستەوە دەگرێت‌و ژێر بەژێر پەیوەندییان باشە, بەڵام سەبارەت بەبەشار ئەسەد, بەپێی ئەوان رێبازو بەرژەوەندیی بەریتانیا لەگەڵ ئەودا تەبایەو هاوپەیمانێکی باشی ئەوروپایەو بەتایبەتی بەریتانیا, کەس لاری

لەپەیوەندیی بەریتانیا بەجیهانەوە نییە, بەڵام دەمەوێت ئەوە وەبیر بهێنمەوە کەدەوڵەتی ئێران هاوپەیمانی هەموو جموجوڵێکی ئیسلامییە, لەهەر شوێنێکدا بێتو, بەم دواییە دەرکەوتووە کەحزبە ئیسلامییەکان لەکوردستانی باشووردا کەبەم دواییە لەژێر ناوی (جند الاسلام) دا پەیدابوون, بەپشتگیریی ئێران دامەزران, هاوپەیمانی داهاتووی بەریتانیا.

**پرسیاری چوارەم:** هەڵوێستی وڵاتە عەرەبییەکان چی دەبێت, بەرامبەر بەپێکهێنانی دەوڵەتی کوردی؟

**وەڵام:** پێم وایە هەڵوێستییان باش نابێتو دژی دەوەستنەوە, چونکە ئەوان پێیان وایە دەوڵەتی کوردی خزمەت بەبەرژەوەندییان ناکاتو وەکو دەوڵەتی ئیسرائیل دەبێت. سەرکردەکانی عەرەب چەندە پەیوەندیشیان بەئەمریکاوە بەهێزبێت, هەر بەدوژمنی گەورەی خۆیانی دەزانن.

**پرسیاری پێنجەم:** هەڵوێستی وڵاتە ئیسلامییە ناعەرەبەکان چۆن دەبێت؟

**وەڵام:** هەموویان دەوڵەتی کوردی بەمەترسییەکی گەورە لەسەر بەرژەوەندیی خۆیان دادەنێن, رێك وەکو ئیسرائیل, چونکە ئەمریکا لەپشتی دروست بوونی ئەم دەوڵەتەوە دەبێتو زۆربەی ئەو حزبە ئیسلامییانەی کەلایەنگری ئێرانن, دژی پێکهێنانی ئەم دەوڵەتەوە دەبن, بەتایبەتی شیعەکانیان.

**پرسیاری شەشەم:** هەڵوێستی ئیسرائیل چۆن دەبێت, بەرامبەر بەم ڕێبازەی ئەمریکا؟

**وەڵام:** بەهۆی توندوتۆڵی پەیوەندیی نێوانیان‌و نێوان حکومەتی تورکیاوەو ئەو بەرژەوەندییە ئابوورییانەی پێکەوەیان دەبەستێتەوە, دیارە هەڵوێستی باش نابێت‌و بەڵام کاتێ بزانێت کەئەوە ویستێکی ئەمریکییەو زیان لەبەرژەوەندییان نادات, ئەوا دڵ بەو ویستە دەدات بەپێکهێنانی دەوڵەتی کوردی‌و گۆڕانکاریی بەسەر هەڵویستیدا دێت.

**پرسیاری حەوتەم:** هەڵوێستی حەوت وڵاتە پیشەسازییەکە بەرامبەر بەدەوڵەتی کوردی لەسایەی ئەمریکادا چۆن دەبێت؟

**وەڵام:** ئەمریکا پێویستی بەهێزو قەناعەت‌و ئۆقرە گرتن دەبێت بۆ وەستانەوە لەدژی هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانە, بەتایبەتی روسیاو چین, لەبەر سێ هۆ:

١. بازاڕی ڕەش لەدەست دەدەن بۆ فرۆشتنی چەك‌و مادەکانی وێرانکاری بەهۆی بوونی ئاژاوەو شۆڕشی چەکداری لەکوردستانماندا, چونکە دوای پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی, ئاشتی باڵ بەسەر ناوچەکەدا دەکێشێت‌و دیاردەی چەك هەڵگرتن قەدەغە دەکرێت.

٢. ئەو وڵاتانە حزب‌و لایەنەکان لەدەست دەدەن, کەبەکاریان دەهێنن لەپیلانە نێودەوڵەتیەکاندا بۆ هەڕەشەکردن لەوڵاتانی

دەرودراوسێ، بەڵام پرۆتۆکۆڵو دەسکەوتی دارایی بەدەست دەهێنن.

٣ـ ئێرەیی پێ بردن، چونکە ئیسرائیلیێکی دیکە (ئەگەر بکرێت ئەو ناوەی لێبنێین) دروست دەبێت، دەوڵەتێکی بەهێزو دەوڵەمەند دژی کاری تیرۆر دەوەستێتەوە. بەڵام لێکچووی ئیسرائیل نابێتو ١٠٠٪ لایەنگری ئەمریکا دەبێت، لەگەڵ بەهێزکردنی لایەنی ئەمریکی دەبێت، زیاتر لەوەی کەهەیە لەبەرامبەر ئەو شەش وڵاتەی دیکە.

**پرسیاری هەشتەم:** ئەمریکا چی لەسەرە پێشکەشی بکات، ئەگەر دەوڵەتی کوردستانی گەورە دروستبوو؟

**وەڵام:** لەسەرەتای پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیدا، بارودۆخی کوردەکان وەکو مندالێکی ساوا دەبێت، پێویستی بەچاودێریو سەرپەرشتیو دڵسۆزی دەبێت، چونکە تا لەشیر دەبڕێتەوەو تا فێری ئەوە دەبێت نان بخواتو ترسی ئەوەی لەسەر نەمێنێت، کەدەتوانێت درێژە بەژیانی خۆی بدات بەبێ ترس، دەبێ دەستگیرۆیی بکرێت.

لەسەرەتادا، ئەم دەوڵەتە پێویستی بەئیدارەی ئەمریکا دەبێت لەرووی سەربازیو داراییو تەکنۆلۆژیو پیشەسازیو کشتوکاڵیو کارگێڕی، تاوەکو لەماوەی دوو ساڵدا خۆی دەچەسپێنێت.

چەندین مەسەلەی وردو گرنگ هەیە, کەپێویستی بەوەیە ڕووبەڕوو لەگەڵ بەرێزتاندا یان لەگەڵ نوێنەرتاندا لەکوردستانی ئازادکراو, یان لەدەرەوەی وڵات بەوردی تاوتوێ بکرێت, بەڵام نابێ چوار وڵاتە ئیقلیمییەکە لەو دانیشتنانەدا بەشداری بکەن. چونکە ئەوسا دەزانیت کەمن بەڵگەی تەوام پێیە, کەئەوان دوژمنی سەرسەختی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردین لەهەر پارچەیەکی کوردستانی گەورەدا, چونکە بەپێی CIA, تورکیا هاوپەیمانی ئێوەیەو لەمەزەندەی دەزگای سیخوڕیی بەریتانیادا, ئێران هاوپەیمانیەتیو لەمەزەندەی KGB دا عیراق هاوپەیمانی روسیایەو لەحسیاباتی رۆژئاوادا, سوریا هاوپەیمانیەتیو سەبارەت بەئێمەیش, ئەو چوار وڵاتە هەر هەموویان دوژمنانن.

دیارە دەبێ پەیوەندیو ڕێکەوتننامە هەبێت لەنێوان ئەمریکاو ژەنەراڵەکانی تورکیادا, لەبەر ئەوەی تورکیا لەخزمەتی CIA دایە, ئەمڕۆ تورکیا نزیکترین هاوپەیمانی ئەمریکایە لەناوچەکەدا.. بەڵام دەبێ بەخۆتاندا بچنەوە لەمەسەلەیەکی گەڵی گرنگدا, ئەویش ئەوەیە کەهەر جارێ ناوی کورد بهێنن سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەکەیان, بەتایبەتی لەکوردستانی باکوور (تورکیا)دا, وەڵامی CIA وەکو وەڵامی ژەنەراڵە تورکەکانە, کەگوایە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا, دروشمی PKK یە, چۆن دەبێ بوونی نزیکەی ٢٣ ملیۆن کورد لەوێ پشت گوێ بخرێت, ئەمە هەڵوێستێکی خراپە لەلایەن ئێوەو لەلایەن حکومەتی

تورکیاوە, وا دەکات کوردەکان لەدەوڕی عەبدوڵڵا ئۆجەلانو PKK کۆببنەوە, دیارە بڵندگۆکانی بڵند ئەجەویدو راپۆرتی ژەنەراڵە تورکەکان کاریگەریی زۆری لەسەر سیاسەتی ئێوە هەیە.

**پرسیاری نۆیەم:** کورد دەتوانێت چی پێشکەش بەو جیهانە بکات کەپشتی دەگرێت, بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی, بەتایبەتی ئەمریکا؟

**وەڵام:** گومانی تیادا نییە پێکهێنانی حکومەتی کوردی کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر بارودۆخی سیاسی لەجیهانداو بەتایبەتی لەرۆژهەڵاتدا, چونکە بالانسی هێزەکان لەناوچەکەدا دەگوڕێت, هەندێ لەو وڵاتانەی سەروەریی یاسا لەجیهاندا پێشێل دەکەن, دروست بوونی حکومەتی کوردی وەکو ماری ترسنۆکیان لێدەکاتو خۆیان دەکەنەوە بەکونەکانیانداو دەرودراوسێ دەپارێزێت لەگاستنیانو سەقامگیریو ئارامی هەمیشەیی لەناوچەکەو لەزۆربەری وڵاتە عەرەبیو ئیسلامییەکان دابین دەکاتو ئەمریکا دەتوانێت پشتی لێبکاتەوە, چونکە ئێران, تورکیا, عێراقو سوریا هەمیشە مۆڵگەی تیرۆربوونەو کۆمەکیان ئاراستە کردووە لەجیهانداو, کێشەکان لەو شوێنانەدا چڕدەبنەوەو لاوازبوونی ئەم وڵاتانە, باری سەرشانی ئەمریکا سووک دەکات, چونکە لەچەند ساڵی رابردوودا, ئەمریکا دەستی یارمەتی بۆ ژەنەراڵەکانی تورکیاو حزبە سیاسییەکان, بەنهێنیو

بەئاشكرا درێژ كردووە, لەرێگەی ئەو باجانەوە كەزۆربەی لەخێزانە ئەمریكییەكان وەردەگیرێت.

خاكی كوردستان دەوڵەمەندە بەسامان‌و سەرچاوەی سروشتی‌و لەو شوێنانی دیكەدا, وڵاتان شەڕیانە لەسەری, وەكو نەوت‌و یۆرانیۆم‌و ئەڵماس‌و مس‌و ئاسن‌و مەڕمەڕو كریستاڵ‌و چەندین كانگای سروشتی دیكە, ئەوەی لێرەدا دەمەوێت روونی بكەمەوە, ئەوەیە, ئێمە بەئارەزووی خۆمان دەكەوینە ژێر فەرمانی ئەو لایەنەوە كەكۆمان بكاتەوەو لەكۆیلایەتی رزگارمان بكات, بەپێی یاسا مرۆڤایەتییەكان‌و ئەوەی سروشت پێی رازی دەبێت, ئەندامانی CIA شانازیی بەهاوپەیمانە شەڕئەنگێزەكەی توركیاوە دەكەن, چونكە ئەوان ئامادەن سەرباز بۆ هەر شوێنێك بنێرن كەئەمریكا پێویستی پێی هەبێت.

منیش دەڵێم, ئێمەش ئامادەین بەماڵ‌و بەگیان ٥٠٠ هەزار جەنگاوەر ئامادە بكەین, پنتاگۆن مەشقیان پێ بكات‌و ئامادە دەبن بۆ هەر كارێكی پێویست‌و تەنگانە, لەپێناوی خزمەتكردن بەمرۆڤایەتی‌و بۆ بەرپەچدانەوەی ستەمكاران‌و پشتگیریی لەبنەماكانی ئاشتی لەجیهاندا.

دووبارە دەڵێین, ئەوەی ٨٠ساڵ لەژێر ستەمی شەڕئەنگێزترین وڵاتاندا ژیابێت, وەكو گەلی كورد, من دەتوانم سوێند بخۆم كەرێز لەئاشتی دەگرێت.

لەکۆتاییدا سلاّوو ریّزم پەسەند بکەن.

خزمەتکاری کوردو

کوردستان

رەفیق پشدەری

٢٣/ ١/ ٢٠٠٢

**تێبینی**

کۆبونەوەیەکی تایبەتم کرد لەگەڵ کەسایەتییەکی ئەمریکی کە لە ئەمریکاوە هاتبوو سەردانم بکات دەربارەی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن(تحلیل و تقییم)ی کوردستانی باشور بە ئامادە بوونی بازیان‌و رەوەزی کورم‌و د.باوان کە لە لاپەرەی ٢٣٥ی بەرگی شەشەمی عەرەبی کورد دوژمنی خۆت بناسە ئامازەم پێکردووە، وە لە وەڵامدا کە پێمراگەیاند چەند راپۆرتێکم ئاراستەی سەرکردەکانی ئەمریکاو بەریتانیا کرد کە دەقی پێکهاتبوو لە ئامادە بوونم لە بەشدار بوونم لە دارشتنی پلانێکی تۆکمە بۆ روخاندی سەددام.. بەداخەوە بەقسەی بەندەو شەقامی کوردیتان نەکردو چاوساغتان دوو سەرکردە کوردیە بوون بۆیە سەرکەوتنتان بەدەست نەهێنا.

*****

***

**